**دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی**
**کوردستان ت. «٢٢٢٩٩٩٢»**

e.mail:mukriani@yahoo.com

- کتێبی ژمارە: «٣٠»
- کتێب: دەرسیم لە مێژووی کوردستاندا
- نووسینی: د. نوری دەرسیمی
- وەرگێڕانی: د. ئەحمەد فەتاح دزەیی
- هونەرکاری : قاسم قادر
- چاپی یەکەم: هەولێر – ٢٠٠١
- ژمارەی سپاردن «٤٢»ی ساڵی ٢٠٠١دراوەتێ.
- چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە/ هەولێر

د. نوری دەرسیمی

# دەرسیم
## لە مێژووی کوردستاندا

د. ئەحمەد فەتاح دزەیی

لە تورکییەوە کردوویە بە کوردی

چاپی یەکەم
هەولێر – 2001

# پێڕست

**بابەت**

- چۆن ئەو کتێبەم دەست کەوت
١١
- پێشەکی نووسەر
١٥
- دەرسیم (دێرسیم)
١٧
- دام و دەزگای ئیداری تورک لە دەرسیم
٣٥
- جەژنەکان
٥٠
- شارەکان
٥٥
- مافی ئافرەت و خێزان
٥٧
- شایی (گۆڤەند)
٥٩
- خواردن و چێشت
٦١
- ناوچەکانی دەرسیم
٦٤
- ناوچەکانی دەرسیمی رۆژئاوا
٦٦
- ژمارەی دانیشتوانی دەرسیم
٨٢

- دەڤەری مەلاتیا
٨٣
- دەڤەری سیواس
٨٦
- دەڤەری ئەرزینجان
٩٣
- ناوچەی رەفاهیە
٩٥
- بنەچەو ئەسڵی دەرسیمیان
٩٦
- دەڤەری دەرسیم لە سەردەمی عوسمانلیدا
١٠١
- کارەساتی دەرویش پاشا
١٠٤
- جووڵانەوەی سەربازی
١٠٥
- جووڵانەوەی سەربازی بۆ سەر دەرسیم
١٠٧
- لە جەنگی جیهانی یەکەمدا
١١٨
- ئەنجامی هاوکاری دەرسیمیان لەگەڵ رووس و ئەرمەندا
١٣٥
- دامەزرانی دام و دەزگای رژێمی تورکیا لە دەرسیم
١٣٩
- شۆڕشی سەربەخۆی کوردان لە کۆچکیری
١٤٢

- بەندەش کوردم
١٥٧
- لەبەر چی لە گفتوگۆ سەرنەکەوتین
١٩٤
- دەرسیم لە شۆڕشی شێخ سەعیددا
١٩٦
- گفتوگۆیەکی مێژوویی
٢١١
- تورکەکان چۆن خۆیان بۆ لەناو بردنی دەرسیم سازو ئامادەکربوو
٢١٤
- شۆڕشەکانی خێڵی کۆچان
٢٢٢
- ناوەڕۆکی لێکۆڵینەوەو پشکنینی گشتی و کاروکردەوەکانی لە دەرسیمدا چییە؟
٢٢٨
- بنکەی نەهێنی لێکۆڵینەوەی گشتی یەکەم
٢٣٣
- جێبەجێ کردنی پیلانەکانی هەیئەتی لێکۆڵینەوەی گشتی لەلایەن فەخری شێتەوە
٢٣٩
- ئەو ڕێگا چارەیەی سەبارەت بە ناسکی کێشەکەوە دامنابوو
٢٤٨
- ئەو گیروگرفتانەی تووشم بوون
٢٦٢
- سەرەنجامی ترسناکی فەخرییە شێتی پارێزگار
٢٦٦
- سەرەنجامی ئیبراهیم نالی لێکۆلەرەوەی ئاسایش
٢٦٩

- سەرەتایی نەخشەی دوا هێرش لە دژی دەرسیم
٢٧٠
- شۆڕشەکانی ئاگری
٢٧١
- کۆمەڵەی خۆیبوونی کورد
٢٧٣
- دەرسیم لە شۆڕشەکانی ئاگریدا
٢٧٥
- دوا خۆسازدانی لەشکری کورد
٢٧٧
- دەسپێکی جووڵانەوەی سەربازی تورک
٢٨٣
- شەڕی دەرسیم
٢٨٨
- کۆمەڵکوژی دەرسیم
٣٠٩
- پەیمانە ترسناکەکان
٣١٣
- شۆڕشی کورد چۆن بەرپابوو؟
٣١٧
- پرسیارێک لەکاربەدەستانی تورک دەکەین
٣٢٧
- بانگەوازێک بۆ لاوان
٣٣٣
- تۆڵە
٣٣٥

# وێنەی بەرگی کتێبەکە

# وێنەی نوری دەرسیمی

# چۆن ئەو کتێبەم دەست کەوت

## پێشەکی وەرگێڕ

خوالێخۆشبوو کاکم عەلی فەتاح دزەیی لە کۆلیجی یاسا لە شام دەیخوێند کە گەڕایەوە کتێبێکی لەسەر دەرسیم بەزمانی تورکی لەگەڵ خۆی هێنابوو، لە ساڵی (١٩٦٠)دا بە دیاری دابوویە دکتۆر عەبدولڕەزاق شەهاب دەباغی نیشتەرگەر لە هەولێر. لە تەممووزی/ ١٩٩٧دا وێنەیەکم لەکتێبی (مەم و زینی ئەحمەدی خانی) لێکۆڵینەوەی عەلی فەتاح دزەیی، بە دیاری پێشکەش بە دکتۆری ناوبراو کرد، لەوکاتەدا چاك بوو ئەویش بەبیری هاتەوە کە کتێبێکی تورکیی هەیە، ڕۆژی پاشتر بۆی ڕەوانە کردم و کتێبەکەش (دەرسیم لە مێژووی کوردستان–دا) بوو کە بە پیتی لاتینیی تورکی نووسراوە. لەڕاستیدا زۆر هەوەسم پێ هات و لە کانگەی دڵەوە سوپاسم کرد، چونکە بەڕاستی دیارییەکی زۆر بە نرخ و بێ هاوتابوو.

(دەرسیم: لەمێژووی کوردستان–دا) لە لایەن شۆڕشگێڕ و مێژوونووس و زانای کورد خوالێخۆشبوو پزیشکی دروستی ئاژەڵ، محەمەد نوری دەرسیمی ناودێر بە بەیتار نوری (٣/ ١٨٩٢–١٩٧٣/٨/٢٢)[1] کە یەکێ بووە لەسەرکردەکانی لەشکری شۆڕشگێڕی کوردستان، بە کوردی نووسراوە و هەر بەخۆشی کردوویە بە تورکی و لە ساڵی (١٩٥٢)دا لە چاپخانەی (العانی) لە (حەلەب) چاپی کردووە و هەر وەکو (گەنجینەی زیوینی مێژووی کوردستان) بە دیاری بۆ هاوڕەگەزانی خۆی بەجێ هێشتووە. بەتایبەتی بۆ ئەو دەربەدەرانەی لە ڕۆژئاوای تورکیان و کوردی نازانن تا سوودی لێ وەربگرن. لەسەرڕینی ئەمەوە ئەمنیش کردمە کوردی، چونکە خوێندەواری ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستان، زمانی تورکی نازانن و پێویستە هەر کوردێك ئەم کتێبە بخوێنێتەوە. ئیدی تێدەگا کە دەرسیم چییە و دوژمن و بێگانان چەندین کارەساتی نا هەمواریان بەسەردا هێناوە.

هەر وەکو لەپێشدا گوتمان دکتۆر دەرسیمی یەکێ بووە لە ئەندازیار و سەرکردەکانی لەشکری شۆڕشگێڕانی کوردستانی باکوور و هاوبەشیی کردووە لە هەموو شۆڕشەکاندا، چونکە خۆی ئەندامی (کۆمەڵەی تەعالی کوردستان) بووەو، دەستێکی باڵای هەبووە لە دامەزراندنی بنکەکانی (کۆمەڵە) لە شارو شارۆچکەکانی کوردستاندا و بۆ ئەمەش هاموشۆی هەموو هۆز و خێڵەکانی کردووە و شارەزایان بووە. ئیدی زۆر بەجوانی لە بابەت شێوەی زمان و ئایین و ڕەوشت و پیشەی هۆزەکانی نووسیوەو لەبارەی جوگرافیای ناوچەکان دواوە و نەخشەی باکووری کوردستانی دیاری کردووەو ناوی سەرکردە،

---

[1] ئەو مێژووە، لە گۆڤاری گولانی عەرەبی، ساڵی یەکەم ژمارە (٨)ی (١٩٩٧/١/٢٥) لە لاپەڕە (٥٢) وەرگێڕاوە.

هۆزەکـان، ناوچـەکان و ئـەوجێگا گرینگانەی شەڕی گەورەیان تێدا کراوەو جێگا پیرۆزەکانی بە رەش نووسـیوەو هـەندێکیانم بەپیـتی لاتیـنی نووسـیوەتەوە، مـن لـەو بـڕوایەدام کـە پیـتی لاتینی لە هەموو شـێوەکانی زمـانی کـوردی دەوەشـێتەوە و لە داهاتووشدا هەر پیتی لاتینی لە نووسینی کوردیدا بەکار دەهێـندرێ. هـەروەها بـەجوانی باسـی شۆڕشـەکانی بـاکووری کوردسـتانی کـردووە و بـە وردی روونی کردۆتەوە وەك:

١- شۆڕشی هۆزی کۆچکری (١٩١٨)

٢- شۆڕشی پیران (١٩٢٥)

٣- شۆڕشی هۆزی کۆچان (١٩٢٧)

٤- شۆڕشی ئاگرین (١٩٢٧)

٥- شۆڕشی دەرسیم (١٩٢٦/١٩٣٦/١٩٣٨)

لێـرەدا دیـارە کـە ژیـلەمۆی ئاگـری شۆڕشـەکانی کۆچـکری، پـیران، کۆچـان، ئاگـرین و دەرسـیم دانەمـرکاوەتەوەو یـەك لـە دوای یـەك دەسـتی پـێ کردووەو تێك هەڵگشاون و درێژەیان پێ دراوە تاکو مانگی (١٩٣٨/١١)و بە کۆتاهاتنی شۆڕشی دەرسیم پەردەی رەشیان بەسەر دادراوە.

لێرەشدا پێویستە بزاندرێ کە دکتۆر نوری دەرسیمی-ی نەمر هەر چاوەڕێی گزنگی ئەو رۆژە بووە کـە هەسـت و دەروونـی رۆڵـە دلێـرەکانی کـورد هوشـیار ببێـتەوەو بـەبێ پشـوودان لـە رێگـای راسـتی کوردایـەتیدا تێبکۆشـن و بـە دەسـت و بـازووی خۆیـان ئاوارەکانی هەندەران رزگار دەکەن و پێك شاد دەبـنەوە لـە کوردستانێکی ئازاد و سەربەخۆدا ئەوجا رۆڵەی کورد دەتوانێ بڵێ تۆڵەی خوێنی باپیرانی لـە دوژمـن کردۆتەوە. شایانی باسە لێرەدا دیاری بکەم کە دکتۆر دەرسیمی، لە زۆر جێگا رۆژ و مانگی بـەپێی مێـژووی زاییـنی و ساڵیشـی بـەپێی مێـژووی کۆچـی نووسیوەو لەبەر هەندێ منیش وەکو خۆی نووسیومەتەوە.

لـە کانگـەی دڵـەوە تکـا دەکـەم کـە لێـم ببوورێ، چونکە تاکە هیوام تەنها ئەوەیە ئەگەر توانیبم گەنجیـنە پیرۆزەکـەی زاخـاو بدەمەوە و بیخەمە بەرچاوی خوێندەواری بەرێز هەروەکو خۆی بە یادگار بۆیانی بەجێهێشتووە، پەرتووکخانەی مێژووی کوردی برازێنێتەوە و سوودی لێ وەربگیرێ.

**هەر بژی کورد و کوردستان**

**دکتۆر ئەحمەد فەتاح دزەیی**

**شارەزای دەردی دڵ و دەروون و ئەلیکترۆ کاردیۆگرافی**

**١/نەورۆز/ ٢٦٩٩ کوردی - ٢١/مارت/ ١٩٩٩ز**

**هەولێر**

## پێشەکیی نووسەر

دەرسیم، لەناوچە هەرە گرنگە مێژووییەکانی کوردستانە. ئەو ناوچەیە سنووری باکووری ڕۆژئاوای کوردستانی پێکهێناوە. پێویستە گەنج و خورتی ئایندەی کورد لە بارەی ئەو ناوچەیە زانیاریی جوگرافیی هەبێ و سەبارەت سامانی سەر زەوی و ژێر زەوی، کە سروشت بەو ناوچەیەی بەخشیوە، ئاگادار بێ. بۆ زانینی چۆنیەتیی ژیانی هاوڕەگەز و ڕەوشی نەتەوەکەی، بە چاکم زانی ئەو نهێنییە بنووسم.

دەرسیم، چەند سەدە لەمەو پێش شەڕی لەگەڵ لەشکری پاشایەکانی عوسمانیدا کردووە لە چیایەکانی کوردستان، تەبای میرنشینەکانی دیکەی کورد بەبێ پەرواو بە ئازادی ژیاوە، مووچەخۆری تورك و ئێران بە هیچ جۆرێك نەیان توانیوە پێ بنێنە ئەو ناوچانە.

سەربەخۆیی دەرسیم تاکو ساڵی (١٩٣٦)ز بەردەوام بووە، لەو مێژووە بەدواوە سێ ساڵ بێوچان لەگەڵ لەشکری بەهێزو توانای ڕژێمەکانی تورکیا، دەرسیم شەڕی بۆ پاراستنی ئازادیی خۆی کردووە.

نووسینەوەی لاپەڕەی شۆڕشەکانی دەرسیم و ئەو کارەساتەی بەسەریدا هاتووە بە ئەرکێکی نەتەوەیی و مرۆڤایەتیی سەرشانی خۆمم زانیوە کە بیخەمە بەر چاوی هەموو کوردێکەوە.

بە کوردی ئەو بەرهەمەم ئامادە کردووە، بەڵام وا بە تورکی بڵاودەکرێتەوە: چونکە بەچکە کوردی لێ قەوماو بە زۆر زمانی خۆی لەبیر براوەتەوە و تەنها تورکی دەزانێ. ئیدی تا لە لاپەڕەیەکی گرنگی مێژووی نەتەوەکەی ئاگاداری بکەمەوەو ئەگەر لە نێوان ڕووداوەکانی مێژووی کوردستاندا، کارەساتەکانی دەرسیمی بخەمە بەرچاو، ئەو کاتە بچووکترین ئەرکی سەرشانی خۆم بەجێ هێناوە.

ئەو ڕێچکەیەی کردوومەتەوە ئەگەر خوێندەواری ناوچەکانی دیکەی کوردستان بیگرنە بەر و هەریەکە ڕووداوەکانی مێژووی ناوچەی خۆی لەبەرگێك کۆبکاتەوە و بە یادگار بۆ نەوەی داهاتووی کورد بەجێ بهێڵدرێ، پێم وایە خزمەتێکی گەورەی مێژووی گشتیی کوردستانی کردووەو دەکرێ.

**پزیشکی دروستی ئاژەڵ**

**محەمەد نوری دەرسیمی**

# دەرسیم (دێرسیم)[1]

بەشێکی زۆری کوردان بە دەرگا دەڵێن (دەر) و بە زیو دەڵێن (سیم)، کەواتە وشەی دەرسیم بەواتای دەرگای زیوین دێ.

لە شەش سەدەی پێش زایندا، مێژووناس و جوگرافیاناسی یۆنانی ناویان لە دەرسیم و دەوروبەری نابوو دەرانیس. دارا لە نووسراوەکانی بێستون دا ناوی لەو ناوچەیە نابوو زوزا و ئەم وشەیە زۆر بە وشەی زازا لە شێوەی (زازا) ی کوردی دەچێ کە لەناوچەی دەرسیمدا وتووێژی پێ دەکرێ.

خێڵی کۆچان کە لە رۆژئاوای دەرسیمن، وشەی دەرسیم بە دەرگای کوردستان لێکدەدانەوە، لەبەر جەنگاوەری، خۆشیان بە پارێزەری دەرگاکە دەزانن. بەلای خەڵکەوە ئەگەر یەکێك گوتی دەرسیم، واتە کوردستان. چونکە ئەگەر لە جێگایەك گەڕانەوە، دەڵێن هاتینەوە کوردستان، ئەگەر یەکێك بۆ دەرسیم بانگ بکەن، دەڵێن وەرنە کوردستان.. کوردستان ببینن.

## شوێنی جوگرافیی دەرسیم

بەپێی دابەشکردنە جوگرافییەکەی موقەدەم روکنی رووسی، پ. ئوریانوف، کوردستانی ناو خاکی تورکیا کراوە بە سێ بەشەوە:

یەکەمیان: کوردستانی– باکوور: چیای ئاگری، چۆلەمێرك، زنجیرە چیای نەمروود، وان و گۆمەکانی رومیە تا دەوروبەری بایەزید دەگرێتەوە.

دووەمیان: کوردستانی– رۆژئاوا: پاشایەتیی موش، ئەرزرۆم و دەرسیم دەگرێتەوە.

سێیەمیان: کوردستانی– باشوور: دیاربەکر و پاشایەتیی مووسڵ دەگرێتەوە. ئەو ناوچەیە بەشی زۆری گۆردیەنی مێژوویی دەگرێتەوە.

---

[1] (دێرسیم)یشی پێدەڵێن. سالآنی (٩٥٤–٩٦٠) کە لە ئەنقەرە بووم، گوێم لە خوالێخۆشبوو پارێزەر عەلی قەرەخان بووە کە لە پێشدا دادوەر بوو لە هەککاری، بەو شێوەیە لاوکی پەسەر دەرسیم–دا دەگوت: لۆ... لۆ... دێرسیمە، خۆش دێرسیمە...هتد. وەرگێڕ

## سنووری جوگرافی

لە رۆژهەلاٌتەوە: ویلایەتەکانی **ئەرزرۆم**، موش، جەبەکچور، لە باکوورەوە **رووباری فورات**، لە رۆژئاواوە: درێژایی رووباری فورات لەگەلٌ **ویلایەتی مەلاتیا**. لە باشوورەوە: **رووباری موراد**، دەورەی دەرسیمیان داوەو بەو ناوچەیە دەلٌێن دەرسیم.

خێلٌەکانی دەرسیم کە لەو دڤەرانە جێنشینن، بە هۆی جۆراو جۆرەوە، هەندێکیان پەرگەندەی جێگای دی بووینە، لە باکوورەوە بۆ **بەیبورت**، لە رۆژ ئاواوە: لە باشووری رووباری **کزل ئێرماك**، لە **چیاکانی کارابەل**، **کوچ– کۆپری**، **ناوچەی کانگال**، تاوەکو **ئاکچەداغ** لە **ویلایەتی مەلاتیا**، درێژ دەبێتەوە و لەو نێوەدا جیٚنشین بووین، لەو جێگایانەدا خاکی گورجی لەگەلٌ سنووری کوردستاندا تێکەلٌ دەبیٚ، لەبەر ئەوە ئەو ناوچانە شایانی لێکۆلٌینەوەن.

بە پێی پێکهاتەی ئیداریی تورك، ویلایەتی **هوزات** مەلٌبەندی ناوچەکەیە، لە رۆژهەلاٌتەوە قەزایەکان ئەمانەن:

**کیغی، مازگرد، نەزمیە، پلومەر، پەری (چارسەنجاك)، پەرتەك، چیمیشکەزەك، ئوڤاجك، کەماه، عەرەپکیر، ئەگین و زارا.**

ئەو ناوچانەی لەسەرەوە نووسراون پێشتر هەبوون.

بەلاٌم بە پێی پێکهاتەی ئیداری ئەم دواییەی تورك، ناوچەی زارا درابووە **ویلایەتی سیواس**، ناوچەی ئەگین و عەرەپکیر، درابوونە ویلایەتی مەلاتیا، هەروەها **کەماه**، پلومەر و کیغی درابوونە **ویلایەتی ئەرزینجان**. ناوچەکانی دیکە کە دەکەونە نێوان رووباری فرات و رووباری موراددەوەو سەر بە ویلایەتی (هوزات)ن، تێکرا بە هەموویان دەلٌێن دەرسیم. بەلاٌم ناوچەی پلومەر و کیغی هەر لەگەلٌ دەرسیمدا بوون و رژێمی تورکیش هەر بە دەرسیمی لە قەلٌەم داون، ئیدی لەبەر ئەوە تورکیا دەرسیمی کردە دوو پارچە بۆ بەرێوەبردن:

**دەرسیمی رۆژهەلاٌت و دەرسیمی رۆژئاوا**

## چیایەکان

بەرزایی چیایەکانی دەرسیم لەنێوان ٢٥٠٠ تا ٣٦٠٠م دایە و شاخەکانی مونزور[١] و مەرجان هەردەم بە بەفر داپۆشراون، ئەوانە بە زنجیرە چیای ئاگرین دادەنرێن. ناوچەکانی کیغی، مەزکەرت، نەزمیە، پلومەر، ئوڤاجك، کەماھ و ئەگین بە تەواوی دەگرنە باوەشەوە. بەم جۆرە دەرسیم دەخاتە نێو دیوارێکی شاخاویی هەرە بەرزەوە. لە مانگی ئەیلوولدا، تێپەڕین بە ناو ئەو شاخانەدا زۆر ترسناکە، ئەگەر رێبوارێك لە ئەرزینجان بەڕێ بکەوێ، ناچار دەبێ بەلانی کەمەوە ٩٠ کیلۆمەتر بەناو چیایەکانی مونزور و مەرجاندا تێبپەڕێ.

ئەو چیایانە لە پلومەرەوە تاکو دەگەنە ئەگین زۆر بەرز و رژدو بە کۆسپەن، جێگای هاتوچۆو رێبازەکانیش لە رۆژئاواوە بۆ رۆژھەڵات ئەمانەن:

١) لە گەلی هاغاچورەوە بۆ سیواس.

٢) لە گەلی کەماھ (زیارەت)ەوە بۆ کەماھ.

٣) لە گەلی نەردیڤان–ەوە بۆ ئەرزینجان.

٤) لە ئاڤاگەر–ەوە تاکو ناوەڕاستی ئەرزینجان.

٥) لە گەلی مەرجان–ەوە بۆ کیسمیکۆر.

٦) لە ماھمونوت–ەوە (شاخەکانی پلومەر و بازگەی تانزی) بۆ ئەرزرۆم.

ئەو گەلی و دەربەندو رێگایانە زۆر رژدو بە کۆسپە و سەختن، تەنها گەلی ماھمونوت نەبێ کەمێك ئاسانترە، لەو ناوەدا لە پێش زایینەوە، رێچکە و جێگای خۆ لێشاردنەوە، لە شاخەکان هەڵکۆڵدراوە و تاکو ئێستاش هەرماون.

گەلی نەردیڤان، رێبازێکی زۆر سەخت و ترسناکە، لە کۆنەوە لە شاخەکاندا پێپلکەی ١٠٠ سەد پایەیی لێهەڵکەندراوە، لەبەر هەندێ پێی دەڵێن نەردیڤان و پێداچوونی ئاسان کردووە. لەو رێچکانە، کەلێنی گەورە لە ناو شاخەکان و هۆدەو ژوور لە تەمۆخان هەڵکۆڵدراون و ئەشکەفتی زۆر گەورەی هەن. نەخش و نووسینی پێشینانیان تێدا نووسراوە. هەروەها گۆڕی پیاو چاك و پیاوی

---

١) لە پێش زاییندا پێیان دەگوت مونسور (Munsur). (د. دەرسیمی)

پێشوویان تێدایه و درێژیی گۆڕەکان(*) شایانی باسن.

چیایەکانی رووتەن و بە هەڵدێرن، لوتکەیان بەرز و رەق و تیژن، رەنگی بەردەکان مۆر و سوورن و هەموو دەمێ بەفراویان بەسەردا دێته خوارێ. لەبەر ئەوە بوونەتە سەرچاوەی جۆگە و رووبارێکی زۆر و بەفرەکە رەنگی سوورە و جۆرە کرمێکی سپیی تێدا دەژی.

چیای وا هەیە لە تۆقەڵەی سەری سەرەوەیدا، زەویی پان و بەرینی تێدایه و پاوانی خۆشی هەیە و پڕی کوڵێك و گوڵی رەنگاورەنگە، بە تایبەتی کوڵیکی جوانی ناو بەفرەکە بە پیاو پێ دەکەنێ. ئاوازی باڵداران و کزە بایەکەی بۆن و بەرامەی خۆشی گوڵەکان دەهێنێ، دەروونی پیاو فێنك دەکاتەوە.

جاریش وایە گڤە گڤی با لە گەلی و دۆڵەکان دەنگ دەداتەوە و پیاو سامی لێدەنیشێ.

**بەرزترین لوتکە شاخەکانی مونزور ئەمانەن:**

**١- زەرانیك، لوتکەی زیارەت، ٣٢٥٠مەترە.**

**٢- لوتکەی گەر (کێوی گەر) ٢٩٠٠مەترە.**

٣- لوتکەی مەرجان ٣١٠٠-٣٤٤٩مەتر بەرزە و نزیکترین رێگا لە دیاربەکرەوە -خەرپوت- هۆزات- ئۆڤاجك- ئەرزینجان تا دەگاتە ئەرزرۆم بەناو ئەو شاخانەدا دەڕوا، بەڵام رێگاکە زۆر سەخت و بە هەڵدێر و کۆسپەیە، لەبەر ئەوە لەکاتی ئەمەوییەکاندا، لە ساڵانی (٨٥٩)ی زاییندا رێگایەکی دیکەیان دەگرتە بەرو هاتن و چوونیان بۆ دەریای رەش پێدا دەکرد کە دوو سێ جار لەو رێگایە دوورتر بوو کە ئەویش رێگای: خەرپوت- مەلاتیا- کەماه- ئەرزینجان- ترابزون- ئەرزرۆم، بوو.

هەموو جێگایەکانی دیکەی دەرسیم، چیاو چۆڵن و بەدارو دارستان داپۆشراون و پاوانێکی زۆریان تێدایه کە گرینگترینیان ئەمانەن:

١- چیای توژیك (تیژیك) ٢٤٠٠م

٢- چیای خدر ٢٤٠٠م

٣- چیای کرکلار ١٨٠٠م

---

(*) مەبەستی ئەوەبووە کە زەلامی ئەو کاتە بەژن و باڵایان درێژ و بەرز بووە- وەرگێڕ

٤– چیایماراوی ١٨٠٠م
٥– چیای مەهمونت ٢٣٤٤م
٦– چیای زەل ودوزگون ٢٤٠٠م
٧– چیای گورگوڕ ٢٧٥٠– ٢٩٥١م
٨– كێوی سپی ١٩٠٠م
٩– كێوی ئەرموستەفا ١٤٠٠م
١٠– كێوی بیلگەش ١٧٠٠م
١١– كێوی ساریسالتك ١٩٠٠م

**چیای توژیك**:

دەكەوێتە باكووری ڕۆژهەلاتی ناوچەی دەرسیمی ڕۆژ ئاواوە، لە كەرخی **ئاغدات و لەرتیك**، لە نزیك و ڕاست بەڕاستی چیایەكانی مونزورە. چیایەكی تیژ و جیٚجێیدارستان و بەشێكیشی رووتەنە، چیایەكی بە هەلٚدێر و سەخت و ترسناكە. لە توقەلٚەی سەرەوەی گۆڕستانێك هەیە، لەناوەڕاستیدا تاكە بەردێكی زۆر گەورە هەیە و لەبنی بەردەكەش قۆلٚتێكی قوولٚ و تاریكی تێدایە، بە دەمە–گرکان دەچیٚ، لەدەورەی قۆلٚتەكە بەردی رەش رەشی لێیە بەوێنەی رەنگی رەژوو، بەوێنەی پۆلٚووە ئاگری بەردی سووتاوی خامۆش.

بێگومان ئێرە چیایەكی سووتاوی كوژاوەیە، چونكە پیاو هەیە گوێی لەدەنگی گەورەی، وەكو دەنگی تۆپ بووە، هەروەها بلٚێسە ئاگری بەرزی لیٚ دیتراوەو بلاٚوبۆتەوە. بەلای ڕۆژهەلاٚت و ڕۆژئاوادا، لەبەر ئەوە ئەو شاخانە تیژ و ڕەقن، بەكوردی ناویان لێندراوە توژیك (تیژك). چەند خێلٚێك بەو چیایە دەلٚێن **سولتان** بەبە، چونكە دەلٚێن جەلالەدین خارەزمی لەسەرەوەی چیایەكە نێژراوە، بەلاٚم دەرسیمییەكان ئەو بۆچوونە پەسند ناكەن و دەلٚێن، ئەو كەسەی لەسەری سەریٚ نێژراوە، سەردارێكی كورد بووە، شاخەكانی توژیك لەگەلٚ شاخەكانی ئیكسوردا تێكەلٚ دەبن و سەرەتای دەربەندێكی زۆر سەخت و ترسناك كە دەربەندی **قۆدیی** پیٚ دەلٚێن، پەیدا دەكەن.

**چیای کرکلار و چیایماراوی**:

زنجیره چیایەکه لەباکووری دەرسیمی رۆژئاوا و لە بەرانبەر شاخەکانی مونزوردا. زۆر لە خێڵەکان دەڵێن گۆڕستانی باپیره گەورەیان ماران بووه، لەبەر ئەوه دەچنه زیارەتی و پێشی دەڵێن کێوی ماران، ئێره هاوینه هەواری خێڵەکانه و دارو دارستان دایپۆشتووه، سەرچاوه ئاوی گۆکرد و ئاسنی تێدا هەیه، ئەو شاخه لەگەڵ شاخەکانی ئەگین-دا تێکەڵ دەبێ، بەرزاییەکەی ٢٢١٠مەتره، هەروەها چیایەکه رادەکشێ تاکو دەگاته چیایەکانی هوستا که بەرزاییەکەی ٢٩٥٠مەتره.

**چیای خدر**:

لە باکووری دەرسیمی رۆژهەڵاتەوەیه، زنجیره شاخێکه، لە شاخەکانی مونزورەوه بۆلای ژووروو دادەکشێ و پاوانێکی زۆری لەسەرەوه هەیه و زۆریش گۆمه ئاوی گۆگردی تێدا هەیه که مەڕ و ماڵاتی تێدا دەشوورێ. ئەو چیایه بەفری زۆر لێدەکەوێ، دەرسیمییەکان کاڵەك (هەدیك) لە پێدەکەن و بەناو بەفردا دەڕۆن، بەو شێوەیه لەناو بەفر رچەو رێگا دەکەنەوه، تاکو مەڕو ماڵاتی پێدا بڕوا.

**چیای مەهمونوت**:

تخووبی دەرسیمی رۆژهەڵات و دەرسیمی رۆژئاوایه. پاوانی گەلێك زۆره، لەگەڵ شاخەکانی مونزوردا دەگاتەوه یەك، دۆڵی سەخت و ترسناکی هەیه، هەروەها لەگەڵ دەربەندی- قودی پشتبەستێکی گەوره و بەرز پەیدا دەکا.

**چیاکانی زەل، راست، گوڕگوڕ**:

لە شاخه هەره بەرزەکانی ناوچەی دەرسیمی رۆژهەڵاتن و گۆڕستانی زۆر کۆن لە سەرەوەیان دەبیندرێ، گەلێك رەق و تیژ و بەکۆسپەن و لەگەڵ چیایەکانی حەیدەران و یووسوفاندا تێکەڵ دەبن و گەلی-ی ترسناکیان تێدایه.

**چیای ئەرموستەفا**:

تاکه چیایەکی باشووری ناوەڕاستی هوزاته و دەکەوێته دەرسیمی رۆژئاوا و سەرلەبەری لێڕەوارو دارستانه. بەلام داربڕین لێره قەدەغەیه، چونکه باپیران

هەموو دارستانێكیان بەناوی سەرۆكێكەوە ناو ناوە، لەبەر ئەوە داربڕینی تێدا قەدەغە كراوە.

**چیاكانی بیلگەش**:

زنجیرە چیایەكە لە نێوان ناوچەی ئۆڤاجك و هوزاتدا، دارستان و پاوانی زۆرە و زەویی چاكی تێدا هەیە، ئەو زنجیرە شاخە لەگەڵ چیایەكانی **سوفكە**، تێكەڵ دەبنەوە و دۆڵەكانی **كاكپەر** دروست دەكەن.

**كێوی سپی**:

ناوچەی پاوانی خێڵە جێنشینەكانی رۆژهەلاّتی هوزاتە، لەو جێگایانەی لەگەڵ شاخەكانی سوفكەدا دەگەنەوە یەك، دۆڵی سەخت و بە هەڵدێر و ترسناك پەیدا دەكەن.

**چیای ساری سالتك**:

ئەو چیایە وێنەی نازك و شاخەكانی بەرزن، لەتۆقەڵەی سەرەوەیدا، گۆڕی پیاوچاكێكی تێدایە كە ناوی سالتك بووە، نەوەی ئەو پیاوە زۆر بوونە و بوونەتە هۆزێك، لەناو كوردانـدا بە رەوشتی پاك ناسراون و زۆر خێڵی دیكەش دەچنە زیارەتی گۆڕی سالتك. خێڵی ساری سالتك لە دامێنی ئەو چیایە، لە دێی **قەرەجە** دادەنیشن. ئەو چیایە لە راست بە راستی دارستانەكانی بیلگیشدا، گەلێ بەكۆسپە و هەڵدێری هەیە.

**چیایەكانی سوور**، **پەرتەك و نینیك**:

ئەو چیایانە، بە چیای بەرز دادەندرێن.

## ڕووبار و زێیەكان

لەهەر لایەكی دەرسیم، كانیاوو سەروچاوەی ئاو هەیە. ئاوەكەی سووك و سارد و پاكە، لە خواردنەوەی مگێزی پیاو دەكاتەوە، چوار دەورەی كانییەكان، هەموو دارستانن و هەزار و یەك جۆرە گوڵێكی رەنگا و ڕەنگیان تێدا هەیە و هەر بەپیاو پێدەكەنن، مرۆ بەس بە دیتنیان مەست دەبێ. خوڕەی ئاو كە لەگەڵ ئاوازی

بـاڵداراندا تێکـەڵ دەبـێ، دڵـی پیـاو دێنێـتە جـۆش، بەو جۆرە جۆگەلەکان تێکەڵ دەبنەوە و ڕووباری گەورە گەورە دروست دەکەن.

کانییـەکانی ناوەڕاسـتی **کەرەجە** و **ئین** و **دەور** وبەرەکەی ئەگەر بڵێم خۆشتر و جوانتریـن هاویـنە هەوارن لە ئاسیای بچوکدا زێدە ڕۆییم نەکردووە، هەروەها ئاوی باخچەکانی **تارنوتی**، **پەهامی** و **دەروێش جەمالی** نزیکە هۆزات زۆر جوانن.

**ڕووباری فورات** (**ئاوی ڕەش**):

جوگرافیناسە کۆنەکان پێیان دەگوت **ئارسانیاس**، بەلاّم لە ناوەخۆ پێی دەڵێن **ئـەرازانی**. لـە نـزیك شاری ئەرزرۆم لە شاخەکانی نزیك **کزل کلیسە** و **حەسەن کەلە** دەردەچـێ و لەگـەڵ ئـەو جۆگـە ئاوانـەی لە شاخەکانی ناوچەی **مەمەخاتون**–ەوە رادێـن، تێـك دەکەنـەوە، ئـەوجا بـە ناوچەی پلومەردا دەڕوا بەباکووری ڕۆژهەلاّتی دەرسـیمدا دەخشـێ و بەگەلی **سانسادا** دەڕوا و بەشێك لە زەوی و زاری خێڵـەکانی **کەچـەلاّن** و **بەلـەبان** ئاو دەدا. بە کەناری شاخەکانی مونزور و دەڤەرەکانی خێڵـی **کولابیـان** و **کوچـیکان** دادەڕوا و بـە گـەلی کـەماه دا دەچـێتە خـوارێ و سـنووری ڕۆژئـاوای دەرسـیم دیـاری دەکـا. هـەروەها بـە گـەلی ئـەگین دا دەچـێ و لـە پێش چـیایەکانی **هوسـتابەلی** بـە ناوچەی **چیمیشکەزەك** دا ڕەتدەبێ و لە باشووری ڕۆژ ئاوای دەرسیم لە نزیك **مەعدەنی گەبان** لەگەڵ ڕووباری **مورادا** تێك دەکاتەوە.

پردەکانی سەر زێی فورات ئەمانەن:

پردی **پلومەر**، سەنسا، ئەرزینجان، عەجەم ئوغلێو، کەماه، ئەگین

هـەروەها چەند بنکەیەکی هاتن و چوونی بەلەم و گەمی لە سەر ڕووباری فورات هەن کە ئەمانەن:

لە عەرەبکیر، لە چیمیشکەزەك، لە مەعدەنی گەبان.

لــەو ڕاســت و کەرخانــە، خــەتی ئاســنی شــەمەندەفەری نێــوان: (ســیواس– دیڤریگی– ئەرزەروم) ڕاست بە ڕاستی ڕووباری فورات دەڕوا.

**ڕووباری موراد**:

هـەندێ چـاوگەی ئـەو ڕووبـارە لـە چـیایەکانی **ئـەرجیش** و بەشـێکی دیکـەی کانییـەکانی لـە شـاخەکانی **کەرەکلیسـە** و **پاسـن** هـەڵدەقوڵێن. لـە پـاش ئـاودانی

دەڤـەرەکانی: بتـلیس، مـوش، جەبەکچـوڕ و بەشـێ لـە دێهـاتی ناوچـەی پـالوش ئـاودەدا و لـە ناوچـەی چارسـەنجاق لەگـەڵ رووبـاری کیغـی کـە لـە باخچـەکانی بێنگول–ەوە رادێـن و لەگـەڵ رووباری مونزور لە خالّی کورد یەملیك تێکەڵی یەك دەبـنەوە، ئـەوجا بـە ناوچـەی پەرتەك–دا دەڕوا و دەڤەری خێڵەکانی کەرەبال و کورمەشـان لەگەڵ ناوچەی ئەشکینی ئاشوان ئاو دەدا و لە نزیك مەعدنی گەبان لە رووباری فورات دەکاتەوە.

پـردی پـالوێ لەسـەر رووبـاری مورادە و بنکەکانی تێپەڕ بوونی گەمیش لەسەر زێی موراد ئەوانەن:

زەرتەریج، کورد یەملیك، پەرتەك، ئاشڤان.

دەرسیمییەکان لە جۆرە دارێك کە پێی دەڵێن ئەپات، کەڵەك دروست دەکەن و پێـی لـەزێ دەپەڕنـەوە. لەسـالّی ١٩٣٧ دا لـە نـزیك پەرتـەك لەسـەر ئـەو زێیـە، پـردێکی سەربازی دروست کرابوو، لەکاتی ئاو زۆربووندا، لە بەهاران هاتن و چوون بەگـەمی لـەزێی فـورات و زێـی موراد زۆر ترسناکە. هەردوو زێی فورات و موراد کە تێکـەڵ دەبـنەوە، دەبـنە زێیـەکی گـەورە ئیـتر پێـی دەڵێـن فـورات، ئـەوجا بەناو چـیایەکانی کوردسـتاندا شـۆڕ دەبێـتەوە خـوارێ و زۆر تیـژو خـۆش دەڕوا و لەڕێگاشـدا زۆر تاڤگـە، دروست دەکا تاکو دەگاتە ئاقاری سووریە و عیراق. بەهیچ شێوەیەك پەڕینەوە لەو زێیەدا دروست نییە.

زێـی فـورات لەچیایەکان، دەربـاز دەبـێ و نـابێ، بەرینایی دەگاتە (١٠٠–١٢٠) مەتـرو لەسـەرەخۆ دەڕوا، درێژیـی فـورات لەسـەرەوە تـاوەکو کۆتـایی (٢٨٠٠) کیـلۆمەترە و لەکۆنـەوە نـاوی ئەو زێیە بورات یان بوراتو بووە، واتە لافاو لەپاشدا ئێرانی و یۆنانییەکان پێیان گوتووە فراد و ئیدی بەناوی ئەفراتس بڵاوبۆتەوە.

**رووباری مونزور (موزور):**

سەرچـاوەی ئـەو رووبارە، دامێنی شاخەکانی موزورە، لە نزیك گوندی زەرانیك لـەناوەندی بـەردێکی رەقـی چوارچمکی کە رووبەرەکەی (٢م$^{٢}$) دەبێ هەڵدەقوڵێ. ئاوەکـەی سـارد و سـپی وەك چـوری شـیر وایـەو بـە جۆگەلەیـەکدا دێتە خوارێ و لەگـەڵ ئـاوی جۆگەلـە کانییـەکانی دیکـە کە لەبنی سارداوێکی (١٠م$^{٢}$)ی چوارچمك

دێنە دەرێ، تێکەڵ دەبێ. (هەروەکو دەگێڕنەوە ئەو ساردواوە کاتی خۆی لەلایەن سەردارێکی کوردی ناوجەمشید بەکردن دراوە).

ئەو جۆگەلانەی لەسەرەوە باسمان کردن، کە دێنە خوارێ لە ڕێگای خۆیاندا دوومەتر و پێنج مەتر، لێکدی دوور، جۆگەلە ئاو، (٤٠) کانی دیکەیان دێتەوە سەر، بەم جۆرە رووباری مونزور پەیدا دەبێ و بەشی زۆری دەشتی ئوڤاجکی (٤٠ ) کیلۆمەتر درێژ و (٢٠) کیلۆمەتر بەرین ئاو دەدا و لەگەڵ ئەو رووبارانەی لەگەلی مەرجان و گەلی **هە**غاچورەوە رادێن، تێك دەکەنەوەو بەناو شاخ و دارستانەکاندا دەڕۆن، لەناوچەی **هالڤوری ڤانك**، تاڤگەیەکی گەورە پەیدا دەکا و لەشارۆچکەی تورشچیك لەگەڵ رووباری **پەرچیك و پاهی**، کە لەشاخەکانی پلومەر و نەزمیەوە رادێن تێکەڵ دەبێ، لێرەدا زەوی و زاری زۆر گوندان بەراو دەکاو لەناوچەی چارسەنجاق، رووبارەکانی پەری و کیغی دێتەوە سەرو لەگەڵ زێی موراد تێکەڵ دەبێ.

**سەروچاوەی ئاوی مونزور**:

لێرەدا بە وێنەیەکی گشتی سامێکی وای هەیە لەسەر پیاو، کەهەست بە گەورەیی یەزدان بکا. لەخۆیەوە دەروونی گەرم دادێ، وادەبێ دەست بە گریان دەکا، بە پێویستی دەزانێ کڕنۆش بۆ سروشت ببا، فیشقەی ئاوی دامێن شاخە بەرزەکان لە لوتکەی کێوەکاندا دەنگ دەداتەوە، سێبەری دارە گەورەکان بەری ئاسمانی شین دەگرێ، شایەدی تەمەنی سەدساڵەیان بۆ دەدا. سەربڕینی ئاژەڵ و مالأت، لە سەروچاوەی رووبارەکان، خۆ نیشاندانێکی ئاسایی بێ هاوتای سروشتە.

خێڵەکان کە لەسەروچاوەی کانییەکان کۆدەبنەوە، هەست بەگەورەیی خودا دەکەن، دوژمنداری لەبیر دەکەن و بەچاوی برایەتییەوە دەنۆڕنە یەك، ناوبژیوان بڕیاردەدا، لەگەڵ یەك پێکبێنەوە، بڕیارەکە یەکجارەکییە، دووبارە بوونەوەی بۆ نییە و یەکدی لەباوەش دەگرن و ماچ دەکەن، لەگەڵ یەکدی دەخۆن و دەخۆنەوە، بەم شێوەیە لەسەر ئەو کانییانە سەختترین دوژمنداری کۆتایی پێدێ، هەموو کەسێ مل کەچە بۆ هەر جۆرە بڕیارێك، توانای رەخنە گرتنی نییە،

ئـاوی مونـزور زۆر روون و سارده، ماسییەکانی ناودێرن، رووباری مونزور لەبەهارا، بـوارو رێگـا نـادا و لـەپێش مەرکـەزەکانی **پیـلور** و **زەرانیك** پردیان لەسەر دروست کراوە.

**چیرۆکی رووباری مونزور:**

بـەپێی بـاوەڕی هـەندێ لـە خێـڵـەکان، رووبـاری مونـزور بـەناوی چیای مونزور کـراوە، چـونکە سەرچـاوەکانی لەو چیایانە هەڵدەقوڵێن، هەندێکیش لە خێڵەکان دەڵێـن، یـەکێك لـە میرەکـانی کوردسـتان، عـەگیدێگ بـووە لـە دێـی **کـەداك** نـاوی **جەمشـید** بـووە، دەچـێتە شـەڕ، مجێـزی دەچـێتە خواردنـی حـەلوا کـە بەدەستی خێـزانەکەیەوە کـرابێ، لەوکاتـەدا شوانێکی هەبووە، ناوی مونزور بووە، شوانەکە، هەسـتێکی دەروونـی دەکـا، کـە مـیر لەشەڕێ مەیلی حەلوای کردووە، لەبەر ئەوە دەچـێتە لای خـانم و دەڵـێ کـە مـیر مگێزی چۆتە حەلوا، خاتوونیش واتێدەگا کە شـوانە بەخۆی هەوەسی چۆتە حەلوا خواردن، لەگەڵ ئەوەشدا حەلوای بۆ دروست دەکـا و لـەناو قـاپێکی دادەنـێ و دەیداتـە دەسـت لـەپاش چـەند کـاتێ شوانەکە، دەگەڕێـتەوە لای خـانم و پێـی دەڵـێ کـە حەلواکـەی داوەتە میر، خاتوون کە لێی دەپرسـێ ئـەدی قاپەکـە کوانـێ..؟ دەڵـێ لـەلای مـیر ماوەتـەوە، ئیـدی خـانم واتێگەیشـتبوو کـە مونـزور درۆیـەکی رێکخسـتووە، بـەڵام کـە جەمشـید لەشـەڕێ دەگەڕێتەوە بەو خەڵکەی کە بۆ پێشوازی کردنی چووبوون گوتبوو، پێش ئەوەی بێـنە پێشـوازیی مـن، بـڕۆنە دیدەنیـی مونـزوری شـوان، ئـەوجا رووداوەکـەیان بۆ دەگێڕێـتەوە، قاپەکەشـیان نیشـان دەدا و خەڵکەکـەش کەوتـنە دوای شـوانەکە نەبادا خۆی بزربکا، مونزور لەبەر پەلە کردن جامە شیرەکەی دەستی، لێ دەڕژێ، بـەو شـێوەیە هـەر جێگایـەك پشکە شیرێکی لێڕژابوو کانییە ئاوێکی لێدەرببوو، لە دواییـدا شـوانە دەچـێتە نـاو بـەردێکی گـەورە و خـۆی بزردەکا، لەناو بەردەکەش کانییـە ئاوێکی گەورە فیشقە دەکا و دەر دەبێ. ئیتر لەبەر ئەو هۆیە بە شاخەکان و رووبارەکـە دەڵێـن: مونـزور و لەبـەر رێزگـرتن لەمونـزور، ئـەو گونـدەی لەنزیکی سەرچـاوەی رووبارەکەیـە پێـی دەڵێـن زیـارەت، بـەپێی بۆچوون و بڕوای باپیرانی پێشـینمان، **ئـەناهیدی** خواوەنـدی ئاو بە دایك داندراوە، ئەو ئاوەی لە چاوگەکانی

مونزور دێتە دەرێ، شیرە و لە سینگی دایکە ئەناهید دێتە خوارێ.

لەگەڵ ئاوخواردنەوە لەو چاوگانە، هۆزەکان لەنێوان خۆیان بەڵێن دەدەن کە هەر جۆرە ناکۆکییەك لەنێوانیاندا نامێنێ و کەس بە پێچەوانە ناجووڵێتەوە هەروەکو ئەوەی شیری دایکی بخواتەوە و پەیمان بدا بە پێچەوانە نەجووڵێتەوە، بەو جۆرە هەموو دوژمندارییەك کۆتایی پێدێ.

**رووباری مەرجان:**

ئەو چاوگانەی لە شاخەکانی مەرجان ئاویان لەبەر دەڕوا، جۆگەلەکانیان تێکەڵاوی یەکدی دەبن و رووباری مەرجانیان لێ پەیدا دەبێ و بەگەلی مەرجان–دا دێنە خوارێ بەرەو باشوور و لەنزیك **چاکپەری** لەگەڵ رووباری مونزور تێکەڵ دەبن، ئاوی رووباری مەرجان خۆشە و بەماسی ئەو رووبارە دەڵێن مەرجان کە هەر بەناوی رووبارەکەوە هەڵدراوە.

**رووباری هەغاچور:**

ئاوی ئەو رووبارە، لە رۆژئاوای شاخەکانی مونزور و لەشاخەکانی **هەغاچور** دەردەبێ و کۆدەبێتەوە، بە دەڤەرەکانی خێڵی **کوچان و شەمکاندا** دەڕواو، بە دێهاتی **ئۆڤاجیکدا** تێدەپەڕێ و لە رووباری مونزور دەکاتەوە.

**کەندو شیوی دەیرمەن:**

ئەو ئاوەی لە دارستانەکانی دەیرمەنی دەرەوە کۆدەبێتەوە، وەکو چۆم و رووبارێکی لێدێ و بە گەلی عەلی تێدەپەڕێ و لەنزیك ناوەڕاستی ناوچەی چیمیشکەزەك لەزێی فورات دەکاتەوە.

**رووباری پەرچیك (پاڵ):**

ئاوی ئەو رووبارە لە شاخەکانی دەرسیمی رۆژهەڵاتەوە هەڵدەقوڵێ و لە رووبارە ناسراوەکانە و لە رووباری موراد دەکاتەوە.

**رووباری سونکەت:**

ئاوی ئەو رووبارە لە دۆڵەکانی هۆزات کۆدەبێتەوە، تەنها لەڕاست بەڕاستی بەستی ئەلازیز– هۆزات بەهاوین رێگا دەدا و پیاو دەتوانێ لێی بپەڕێتەوە.

# دۆڵ و گەلییەکان

**دۆڵە گرنگەکان ئەمانەن:**

**١– دەربەندی قوتو (قۆدی)**

**٢– گەلی عەلی**

**دەربەندی قۆدی:**

لەگوندی ئیکسورەوە دەست پیّدەکا، لەباشوورەوە بۆ باکوور دادەکشیّ، دەربەندێکی زۆر سەختە، پیاو پێی ناکریّ بەسواری پێیدا بڕوا، چونکە زۆر قووڵە و لە شاخی رك و رەق پێك هاتووە، زۆر بەرز و بە هەڵدێرە، ئەشکەفتی زۆری تێدا هەیە و خێڵەکانی:

**دەمەنان، حەیدەران، کالان، یووسوفان،** لە راست و چەپی ئەو گەلییە دادەنیشن و کاتی تەنگاویش خۆیان لە ئەشکەفتەکانی ئەو گەلییە دەشارنەوە.

هێزەکانی رژێمی تورکیا هیچ کاتێك نەیانتوانیوە بچنە ناو دەربەندی قۆدییەوە، چونکە جێگایەکی زۆر سەختە، لەبەر ئەوە جاری واهەبووە بۆ ترساندنی خەڵکەکە بە فڕۆکە بۆمبابارانیان کردووە، بەڵام زۆریش سوودی نەبووە. هەروەها خێڵەکان سامانی دەغڵ و دان، بۆ رۆژی پێویست– لە ئەشکەفتەکان دەشێرنەوە. لە زۆر ئەشکەفتاندا کانیی ئاو هەیە و ئەو دەڤەرانە باخچەی جوان جوانیان تێدا هەیە، لە کەلەنە شاخان، جێگای خۆلێشاردنەوەی مرۆڤی کۆنی تێدا هەیە. هەروەها گۆڕستانی تاك و بەکۆمەڵی تێدا هەیە و جێگای پاسەوانی و کێشکچیی کۆنی تێدا دیارە.

هەروەکو رۆژهەڵات ناسی یۆنانی، **زینوفون** لە بەرهەمەکەیدا بەناوی **(ڕێبازی دە هەزاران)** دەڵێ:

کوردەکان بە بەرد خلۆر کردنەوە، رێڕەوی دوژمنیان لێرەدا قەدەغە کردووە، دەبێ لەو جێگایە بەرز و بە هەڵدێرە شەڕیان کردبێ، ئەو گەلییە، هەتاکو سنووری ناوچەکانی مەزگەرت و نەزمیە دادەکشێ.

**گەلی عەلی**:

لە دەرسیمی رۆژئاوا، لەناوچەی چیمیشکەزەکە و جێگەی خۆ شاردنەوەی خێڵەکانی: **کۆچان، شەمکان، رەسیکان**–ە.

ئەو خێڵانەی سەرەوە، لەکاتی تەنگانەدا، خۆیان لەناو ئەو گەلییە دەشێرنەوە، کە لەدەربەندی قۆدی بچووکترە، جێگایەکی سەخت و عاسێیە، رێبازی ترسناکی تێدا هەیە، ئەشکەفتی وای تێدا هەیە، کە هۆدەو ژووری تێدایە و کانیی ئاوی لەناو دەربووە، واپێدەچێ مرۆڤی دەوری بەردین لێرەدا ژیابێ.

گەلیە پلە دووەکانی دەرسیم، لەدەرسیمی رۆژئاوا ئەمانەن:

**هەغاچور، ساگمان، ئولوکەلە، دەرەلی، مەرجان، دەیرمەن دەرە، هالڤۆری، دەرە ئاری، ئیکسۆر، سۆفکە، کەکپەڕ، میهسۆر، ئین.**

هەروا گەلییەکانی دەرسیمی رۆژهەلاتیش ئەمانەن:

**چیهەك، هەچ، پاه، کزلکلیسە، مارهۆ، زەل.**

## چەم و لێڕەوار

سەرجەم ناوچەکانی دەرسیم بە چەم و دارستان داپۆشراون و چەمە ناودێرەکانیش ئەمانەن:

١– زارکاڤیت

٢– دەیریمەن دەرە

٣– هالڤوری ڤانك

٤– بەلگەش

٥– کاکپەر و میهسۆر

٦– سوفکە

ئەو لێڕەوارو دارستانانە، دارو دەوەنیان زۆرە، رێگایان تێدا نییە، پیاو پێیدا بڕوا، زەوییەکانیش لەشاخ و بەرد پێکهاتوون، لێرە پیاو تووشی گەلە دڕندەی وەك گورگ و کەمتیار و تورگ دەبێ، دارستانەکە بەزۆری لەداری چڕو پڕ پێکهاتووەو ئەو جێگایەی داریشی کەم بێ، تووشت بەتووشی کێوی و کەروێشك و ڕێوی دەبێ، هەرچەند، دەڵێن راوە رێوی گوناهە، بەلام دەرسیمییەکان راوە رێوی

زۆر دەکەن و کەوڵەکەشی دەنێرنە دەرەوە.

**دارستانەکانی زارکاڤیت:**

چــەمەکانی زارکــاڤیت، لــەباکووری رۆژئــاوای ناوچــەی مەزگــەرت و زێــدی خێڵەکانی کورەیشـان و یووسـوفان دان، ئەو چەمانە بۆلای باکوور دەکشێن تاکو لەگـەڵ چـەمی هالڤۆری ڤانك تێکەڵ دەبن و رووباری مونزور بەنێوان هەردووکیاندا دەڕوا و لێکیان جودا دەکاتەوە.

**دارستانەکانی هالڤۆری ڤانك:**

دەڤەرەکانی هۆزی ئەباسانی ژووروو و هۆزی کرغان بەخۆوە دەگرێت و تاوەکو چیای پیریك دادەکشێن.

**دارستانەکانی دەیرمەن دەرە:**

بــاکووری دەڤــەرەکانی ناوچــەی چیمیشــکەزەك دادەپۆشــن بــۆ رۆژهــەڵات هەڵدەکشـێن و لەگـەڵ چـەمەکانی کاکـپەڕو و میهسـۆر و بەلگـەش بـۆ بـاکووری رۆژهەڵات و لەگەڵ چەمەکانی سۆفکە تێکەڵ دەبن.

لەسـەر پەلکـە داری چەمەکان جۆرە خوناوێك دەکەوێ پێی دەڵێن گەزۆ، کۆی دەکەنـەوە، وەکـو فتیـلەی لێدەکـەن و وشـکی دەکەنـەوەو بـۆ دروسـت کـردنی شیرنایەتی بەکاری دێنن.

## کشتوکاڵ و ئابووری

لـە دەڤـەرە شـاخاوییەکانی دەرسـیمدا سـاڵی وا هەیـە بەرهەمی دەغڵ و دان، بەشـی پێویسـتی خەڵکەکـە ناکـا، لەبـەر کـەمیی زەوی و زاری چـاندن، نـاکۆکی لەسـەر زەوی و زارو ناگـزووری و کـەم و کورتیـی ژیـان لـەنێوان خێڵـەکاندا پەیدا دەبـێ، لەناوچە شاخاوییەکانی دەرسیمدا، زەوییەکان لەسەر کەس تاپۆ نەکراون، بـەڵام هەرکەسـە بـە سەربەسـتی سەرپەرشـتیی زەوییەکـەی خـۆی دەکـا، کـە لـە باپیرانـەوە بـۆی ماوەتـەوە، ئەگەرچـی لـەتاپۆ بـەناوی نەکراوە، لەبەر هەندێ زۆر جـاریش نـاکۆکی لـە نێـوان خـەڵکدا لەسـەر سنوورەکان پەیدا دەبێ و جاری واش

دەبێ ناکۆکییەکە گەورە دەبێ و شەڕ دەکەوێتە نێوان هۆزەکانەوە. لەکاتی خۆیدا لەنێوان هۆزی شێخ حەسەنان و سەیدان لەسەر تخووبی زەوی، دوژمنداری پەیدا ببوو، نێزیکەی ٦٠ شەست ساڵ درێژەی کێشا، بەسەدان زەلامیان لە یەکتر کوشت، وای لێهات ئەوەندە زەوییەی ناکۆکیی لەسەر پەیدا بوو، جێگای ناشتنی کوژراوەکانی لێ نەدەبۆوە کە تێیدا بیانشێرنەوە.

لەو ناوچە شاخاوییانەدا هەرچەندە زەوی چاندن کەمە، بەڵام بە بڕشت و بەرهەمی باشە و ساڵی وا هەیە یەك و پەنجا بەرهەمی دەبێ، بەڵام بڕیاری ناوەنجی، یەك و بیست دەبێ. دەرسیمییەکان هەوڵ دەدەن سوود لە زەوییەکانی دەشتی ئەرزینجان و ئەلازیز وەربگرن، بەڵام ڕژێمی تورکیا بەهیچ جۆرێك ڕێگای پێنەداون، دەرسیمییەکان بە زۆری گەنم دەچێنن، بەڵام جۆ-ش دوو هەندەی گەنم بەرهەمی دەبێ.

لەناوچەی پارێزگای هۆزات-دا، زەوی و زاری چاندن زۆرە، بەرهەمەکەشی، بەشی نزیکەی لەسەدا هەشتای پێویستی خەڵکەکە دەکا، بڕیاریشی نزیکەی یەکوپازدەیە. زەوییەکانی دەڤەری پەرتەك بەراون و بەرهەمیان باشە، دەورووبەری زێیەکانی فورات و موراد زۆر بەبەرهەمن، بەتایبەتی خێڵی کەرەبال لەناوچەی ئەشکینی بەچاندنی چەڵتووکی برنج ناسراوە. هەروەها ناوچەکانی:

مەزگەرت، نەزمیە، پلومەر، چارسەنجاق، کیغی لە دەڤەرە کشتوکاڵییەکانن.

ناوچەی ئۆڤاجیك لەبەر رووباری مونزور زۆر بەبەرهەمە، بە تایبەتی جۆرە (دەرە)یەکی لێ دەچێندرێ کەپێی دەڵێن گاریس و زۆر بەناوبانگ و ناودێرە.

هەروا بنێشتی ناوچەی ئۆڤاجیك بەناوبانگە، لێرەدا جۆرە گیایەك شین دەبێ کە پێی دەڵێن کەنگەر لەمانگی تەموز و ئابدا کەنگەرەکە دەبڕن و شیرەکەی لەسەر بەردان کۆدەکەنەوە و دەیکەنە فتیلە و پێی دەڵێن بنێشت، هەروەها لە ئۆڤاجیك گیای سیریشك شین دەبێو لەڕەگی ئەو گیایە چرێش دروست دەکرێ. پەلکی ئەو گیایە پێی دەڵێن گوللیك لەگەڵ ماستاوی پاڵێوراو کە پێی دەڵێن دۆ (تۆراك) تێکەڵ دەکرێ و بۆ خواردن بەکاردێ، لە سەرەتای بەهار تاکو کۆتایی پایز بەتایبەتی لەکاتی هاوینەدا زۆر بۆ خواردن بەکاردێ. لەچیایەکانی مونزور زۆر

گیای رەنگا و ڕەنگ و بۆن خۆش هەن، لەساڵی ١٩١٣ دا چەند زانایەکی ئەمریکی لەگەڵ بنەماڵەیەکی ساری سالتك بە ناوی مەلاخدر لە ئەستەنبووڵەوە هاتبوونە دەرسیم، لەپاش لێکۆڵینەوەی گیایەکان ویستبوویان کارگە دابمەزرێنن بۆ بەرهەمهێنانی گیایەکانی ئەو دەوروبەرە، بەڵام لەبەر ناکۆکیی ناو خێڵەکان رێك نەکەوتن.

لەزۆر جێگای مەزگەرت، پەرتەك، چارسەنجاق و هۆزات، تووتن دەچێندرێ، ئەو تووتنەی لەو نێوە پێدەگا پێی دەڵێن **دانە بۆران** و ناودێرە بە بۆن خۆشی و زۆر دڵگیرە، زەوییەکانی ئەو ناوچەیە (٥٪)یان بەناوی خاوەنەکانیانەوەیە لێرەدا گەنمەشامی (دەرە)ش بەرهەمی زۆر باشە.

هەنگوینی دەرسیم تام و مژی زۆر خۆشە، مێشەهەنگوین بە شێوەی ئاسایی بەخێو دەکرێ، بەڵام مێشی واش هەیە لە کەلێنە شاخان، لە ئەشکەفتان، یان لەسەر داری گەورە شانە دادەنێ و هەنگوینی چاك دەکا، ئەوجا ئەستوکە هەنگوینی ئەو مێشە کێوییە لەتام و بۆدا هاوتای نییە، سێری کێوی بەشی پێویستی خەڵك دەکا و بەڕوو بەرهەمی زۆرە لەدارستانەکانی دەرسیم.

**ماڵات (ئاژەڵ):**

ماڵاتی ماڵی لە (٦٠٪)ی بزن و لە (٤٠٪)ی مەڕە، خێڵەکانی **کورمەشان و شکاکان** هەموویان ئەو جۆرە مەڕە بەخێو دەکەن کە دەست بدا بۆ شیر و خوری و گۆشت، سەگی شوانان بۆ پاسکردنی مێگەلان ناودێرن.

لەهەموو جێیەکدا چێل، مەڕ، بزن، ئەسپ، کەر، هێستر گەلەك زۆرە، بزن زستانان بە پەلکە چلو بەخێو دەکرێ، لەبەر هەندێ زۆر خۆڕاگرو بە تینە، نەخۆشیی ماڵات هەروەکو نەبێ وایە، دەرسیمی نازانێ دکتۆری دروستی ئاژەڵ چییە، چونکە رژێمی تورکیا هیچ دکتۆری دروستی ئاژەڵی بۆ ئەو دەڤەرانە رەوانە نەکردووە، چارەسەرکردنی نەخۆشی **هیشتیك** لەگامێش، چیرۆکی خۆی هەیە و ئەویش بەم جۆرەیە:

نانی بەڕۆن دەکەن و دەچنە ئەوجێگایەی نەخۆشییەکەی تێدا بڵاوبۆتەوە و بەسەر خەڵکەکەی دابەش دەکەن و لەبەر خودا دەپاڕێنەوە، یەکێك تەقەیەك دەکا

و هـاوار دەكـا و دەڵـێ لـە **هیست** واتە لێیدا، ڕۆژی پاشتر ئەو گامێشانەی نەخۆش نـەبووبن، دەیـان گۆزنـەوە جێگایـەكی پـاك، بـەو شـێوەیە چـارەی نەخۆشـییەكە دەكـەن، ئەسـپەكانی دەرسـیم میـنای ئەسـپی كـوردی، گچـكە و تێـك چـەقیو و بەتینن. باوو باپیرانی كوردان (Met- Mar) بەسواری باپیری ئەو ئەسپانە، لەكاتی خۆیدا شەڕیان لەگەڵ یۆنانییان كردووە.

**هاوردەو نێردراوەكان**:

دەرسـیم، ئەوكەرسـتە و بەرهەمانـەی بۆ شارەكانی دیكەیان دەنێرێ ئەمانەن: دار، رەژوو، موو، خوری، كەوڵ، هەنگوین، رۆن، پەنیر، جۆ، تووتن، سیری كێوی، بـەڕوو، گوێـز، بادەمچـە، گیسـك، بـزن، بـەرخ، مـەڕ، لەگەڵ كەوڵە رێویو تورگ و گورگیـش دەنێرنە ولأتە دراوسێیەكان، هەروا كەرەستەی دروستكراو (دەستكرد)ی وەكو، جەواڵ، خرار، جاجم، چارشەو و مافووریش دەنێرنە دەرێ.

لەبەرانـبەردا گـەنم، قومـاش، جـلك، بـەرگ، چـەك و تەرەقە (فیشەك) لە ولأتە دراوسـێیەكان و لـە شـارەكانی دیكـە دەهێـنن، زۆر جـاران چەرچـی گـەڕۆك دێـنە دەرسـیم، وردەواڵە دەفرۆشن یان بەڕۆن و كەرستەی دیكەی دەگۆڕنەوە، بێگومان سەنگی كیلۆی رەسمی لە لایان نییە، ئەگەر بلێین بەردێك سەنگایی (١٥٠) درهەمە، دیارە لەسەد درهەم پتر نییە.

ئـەو خوێیەی لە خوێدانكی **سەلامەتی لەكەماه** و لە خوێدانكی **جابول** لە **پلومەر** پێش زسـتان دابـێ دەگوازنـەوەو لـە جێگای باش تەقەت و دادەكرێ. بە تایبەتی بنێشـت لە ئۆڤاجك رەوانە دەكرێ، هەروەها تووتنەكانی **دانابوران** و **پیلڤانك** كە لە كەرستە گرنگەكانن بۆ شارەكانی دیكە رەوانە دەكرێن.

**كانزاكان**:

سـامانی ژێـر زەمیـنی ناوچـەی دەرسـیم زۆر گـرنگە. چونكە، لە زۆر جێگا، لە ئاقـاری دەرسـیم بۆنـی پـەتـرۆل دەكـرێ و لەسـەر زۆر ئـاوی ئەو دەڤەرانە پـەترۆڵ لەبـەر هـەتاو بـریقە دەداتـەوە و دەبیـندرێ. لـە زۆر جێگاشـدا هەر لەسەر زەمین: ئاسـن، مـس، زیـو، رەژوو، گۆگـرد و مـز دەبیندرێ. ئەو مەعدەنانە سامانێكی ژێر زەمینی زۆر گرنگن و تاكو ئێستاكەش هیچ یەكێكیان نەهێندراونەتە بەرهەم.

له هالڤۆری ڤانك زۆر له كۆنەوه كوورەی بەكارهاتوو بۆ بەرهەمهێنانی زێڕ هەیه و قەڵایچییەكان زێڕی خۆڵاوی دەتاوێننەوه و دەیكەنه كولیچەی زێڕین و له ئەلازیز بـه كووره‌چـییه‌كان دەفرۆشـنه‌وه بـۆ پـاك كـردنه‌وه. هـه‌روه‌ها لـه چیای ماراوی، كانیـاوی گۆگـرد و ئاسـن هه‌یـه، دەرسـیمی ئـه‌و خۆڵه‌ی كه گۆگرد و مسی تێدایه، بەهۆی ئاگردانی قەڵایچی، دەتوێننەوەو، گولله و باروودی لێ دروست دەكەن.

## دامودەزگای ئیداری تورك له دەرسیم

هـوزات لـه ناوه‌ڕاسـتی پارێـزگای دەرسـیم—دایـه‌و والی یـان پارێـزگاری لێ دادەنیشـێ و لـه (قـه‌زا) ناوچه‌كانیشـدا هەریه‌كـه قایمقـام و داواكـاری گشـتی و دادوه‌رێكی لێدادەنیشێ. كارگێڕی بچووك بەشێكیان له خەڵكی شارەكەن و هێزی ئاسایش لەچەند پۆلیسێك (جەندرمه) پێكهاتووه.

رژێمـی توركیـا هیـچ لـه خـه‌می خەڵكی دەرسیمدا نییه، بارێكی گرانی بەرانبەر دانیشـتوانی ناوچـه‌كان هەڵـنه‌گرتووه‌و، هـه‌ر لەبـه‌ر ئه‌وه‌شـه دەرسیمی خۆیان به قەرداری رژێمی توركیا نازانن.

رژێمـی توركیا هەمیشه به چاوی زڕ منداڵ تەماشای دەرسیمییان دەكا و لەبەر ئەوه جێی خۆیەتی كه ئەوانیش سەرباز نەدەنه لەشكری توركیا.

پارێـزگار و قایمقـام و فەرمانـبەره داردەستەكان، لەو كەسانه هەڵدەبژێرن كه زمـانی كـوردی بـزانن و شارەزای ئاكارو رەوشتی كوردان بن، تا بەهۆی پارەدان و بەرتیـلەوه ناكۆكی لەنێوان خەڵكەكه و لەنێوان خێڵەكاندا پەیدا بكەن، تا یەكدی نەگرن و نەتوانن ئاگری شۆڕشێكی كوردی هەڵبگیرسێنن.

رژێمـی توركیا زۆر بایەخی به تەرخانكردنی پارەی نهێنی (موخەسەسات) دەدا بـۆ رازی كـردنی هـه‌ندێ لـه سـه‌رۆك خێـڵه‌كان و بەشـی زۆری پارەكـه‌ش چۆته و دەچـێته باخـەڵی قایمقامەكانـەوه. هـه‌ركاتێ نـاڕەزایی كـوردان به دەربكەوتبایه، قایمقام: بەناوی بێ دەستەڵاتی دەردەكرا. لەجێگایاندا، سەرۆك خێڵەكان دەكرانه قایمقـام، تـا خێـڵه‌كان هێـور دەبوونـه‌وه، ئـه‌وجا قایمقـامی توركیـان دووبـاره بۆ رەوانـه دەكـردنەوه، شـاری هـوزات زۆر جار كراوەته پارێزگا یان ویلایەت، هەموو

دەمێ پارێزگار هەر سەرکردەیەکی سەربازی بووە.

لە هەر ناوچەیەك دەزگایەکی تەلەگراف هەبوو، بەڵام ئەو کاربەدەستانەی بەکاریان دەهێنا، بەگشتی سیخوڕ بوون و لە دژی خەڵکەکە بەکاریان دەهێنا، لەبەر ئەوە زۆر جار خەڵك تێلەکانیان لەڕێگای نێوان شارەکاندا دەبڕی.

## دامەزرانی ناوەخۆی خێڵەکان

لەنێوان خێڵەکاندا هەرکەسە لەژێر فەرمانی سەرۆکی هۆزەکەی خۆیەتی و سەرۆکی هەر هۆزێك لە بنەماڵەیەکی ناسراوی خێڵەکەیە. لەپاش ئەویش دووەم سەرۆك خێڵ هەیە کە بەسەرکردەی لەشکر دادەنرێ و فەرمانی شەڕکردن لەوەوە وەردەگیرێ.

هەر کەسێکی خێڵەکە ساڵی جارێك دەچێتە دیدەنیی سەرۆکی خۆی و شانی ماچ دەکا و سەر و ماڵ و ناموسی سەرۆکی خۆی زۆر بە پاك دەزانێ. کاتێ دەچێتە دیدەنی، ئەوە لە بیر ناکا کە لەگەڵ خۆیدا دیارییەکی بۆ ببا، چەند ڕۆژێ لەوێ دەمێنێتەوە، کە دەگەڕێتەوە ماڵی خۆی، سەرۆکی خێڵەکە دیارییەکی پێشکەش دەکا، هەرچەندە بچووك بێ هەر بە دەسکەوتێکی پیرۆزی دەزانێ و لەماڵەوە هەڵیدەگرێ و ساڵێ چەند جار دەریدێنێ و بە مناڵەکانی خۆی پیشان دەدا. ئەمەش دەبێتە هۆی یادکردنەوەی سەرۆکە بەڕێزەکەی، خۆ ئەگەر خەڵاتەکە خواردن بێ ئەوە بەسەر مناڵەکانیدا دەبەخشێتەوەو بەو شێوەیە ئەو خۆشەویستییە لە دەروونی هەرکەسێك جێگیر بووە، بەهێز و توانای هیچ ئەزموونێك لەشوێنی خۆی ناجووڵێ، چونکە ئەو پەیوەندییەی لەنێوان خێڵەکاندا هەیە، ئاکارو ڕەوشتێکی باپیرانە و بەهێزترین داوە لەنێوانیاندا و بەهیچ جۆرێك ناپسێ.

لەدەرەوەی ڕەسمیاتدا هیچ جیاوازییەك لەنێوان سەرۆك و خەڵکەکەدا نییە، ئەگەر یەکێك سەرۆکی خێڵەکەی خۆی بدوێنێ، بانگی ڕیزا دەکا (ڕیزۆ)، دەڵێتە سولەیمانی (سیلو)، هەروەها حەسەن دەکاتە(حەسۆ)یان بە (لولو) بانگی دەکا. سەرۆك لەوجۆرە گازکردن و دواندنە هیچ پەست نابێ.

ئەگـەر یـەکێکی بێگانـە لـەلایان میـوان بـێ، زۆر بەڕێـزەوە بەسەرۆکەکە دەڵێ (ریـزا ئاغـا)یان (سەید ریزا)، بەڵام وشەیەکی ناشیرین چییە بەکار ناهێنن. سەرۆك لـەدیوانی خۆیـدا ڕێـز لەهەر کەسێ دەگرێ و خواردن لەسەر سفرەی ئەو دەخوا و دەتوانـێ لـەلای سـەرەوە دابنیشـێ، چـونکە سەرۆك خۆی بە گەورە پیشان نادا و لێـرەدا ڕێزگـرتن پـەیوەندی بـە ڕەوشـتی نەتەوایـەتی و ئاگردانی باوکانەوە هەیە. دیـوان و مـاڵـی سەرۆك هۆز، دیوان و ماڵـی هەموو کەسێکی خێڵـەکەیە، چونکە بە پاشمـاوەی هـەبوونی بـاپیرە گـەورەی خێـڵـەکە دادەنرێ و سەرۆك خێڵـەکەش بە پارێزەری ئەو بنەماڵـەیە داندراوە.

لـە بابـەت جل و بەرگەوە لەگەڵ هیچ کەسێکی خێڵەکە جیاوازیی نییە تەنها لە هـەندێ دیتـنی ڕەسمیـی نێـوان خێـڵـەکاندا نـەبێ. ئەگـەر سـەرۆکی هۆزێك بمرێ، کوڕەکـەی لـەجێگای دادەنیشـێ، واش دەبـێ هاوسـەرەکەی لـەجێگایدا دەبێـتە سـەرۆکی هۆزەکـە. لـە سـاڵـی (١٣٢٧)دا کـەکو ئاغـا سەرۆکی خێڵـی فەرهادان لە کارەسـاتی دەرسـیم، گیانی خۆی بە کوردستان سپارد و خاتوون ئانەی هاوسەری کـە تەمەنی (٣٠) ساڵ بوو سەرۆکایەتیی خێڵـی فەرهادانی کرد و زۆر بە دەسەڵات بوو لە ڕاست ڕژێمی تورکیا.

## قوتابخانەکان

لەناوەڕاسـتی شـار و ناوچـەکاندا، قوتابخانەیـەکی سـێ پـۆلی (سـنفی) هەیـە. لەناوەڕاسـتی هۆزاتـدا قوتابخانـەکی نـاوەندیی سـێ (سـنفی) هەیـە. مامۆسـتاکان تورکـن و بـە تورکی دەرس دەڵێنەوە، خێڵـەکان منالـی خۆیان نانێرنە قوتابخانە، چـونکە نایانـەوێ منداڵەکانیان فێـری تورکـی بکـەن، بـەڵام دەیانـەوێ بـە زمـانی کـوردی بخوێـنن، لـە هـەموو ناوچـەکانی ئوڤـاجك، نەزمیـە، چارسـنجاق و پـاه، قوتابخانـەی سـەرەتایی نییـە، هیـوای تورك لە دامەزراندنی قوتابخانان ئەوەیە کە هەسـتی نەتەوایـەتی لـە بـیر قوتابیـانی کـورد بـباتەوە و بیروبـاوەڕی تورکایـەتی بڵاوبکاتـەوە. ئەگەرچـی دەرسیمییەکان لە قوتابخانەکانی تورکیا، بەزمانی تورکی دەخوێـنن بـەڵام بەرانـبەر بە گشت کردەوەی تورکان، هەوڵـیان داوە خۆیان فێری

خوێندن و نووسینی کوردی بکەن و زۆریش خەباتیان بۆ بڵاوکردنەوەی هەستی نەتەوایەتیی کوردی کردووە.

لە سەردەمی سولتان حەمیددا: کوڕانی سەرۆك خێڵەکان، لە قوتابخانەی خێلاّن کە لە ئەستەنبوڵ کرابۆوە، چوار ساڵ دەیانخوێندو ئەوجا بە پلەی یاریدەدەری سەرۆك رەوانەی کوردستانیان دەکردنەوەو دەبوونە یاریدەدەری سەرۆك خێڵەکان، بەلاّم لەپاش (مەشرووتیەت)[1] رژێمی تورکیا هەستی کردبوو کە ئەفسەرەکانی کورد بیروباوەڕی کوردایەتییان هەیە، هەموویان بلاّوەپێکردن و ڕەوانەی جێگای تریان کردن.

بۆ نموونە چەند جۆرە کردەوەیەکی رژێمی تورکیا لەو بابەتە دەژمێرین:

لە سەرەتای جەنگی یەکەمی جیهانیدا یوزباشی[2]، شەوکەت مەلا خدر لە خێڵی ساری سالتك رەوانەی بایەزید کرابۆوە و، بەنامەردی کوشتبوویان و یوزباشی، حەیدەری ئامۆزای رایکردبووە دەرسیم و لەشەڕی دوایی دەرسیمدا لە هۆزات گیرابوو، لەگەڵ کاروانی نەمرانی کوردستاندا گوللە باران کرا، هەروەها بین باشی[3]، حەیدەر: لە خێڵی کەرەباڵ، لە شۆڕشی شێخ سەعید–دا هیچ شتێکی نەکردبوو، سەرەڕای ئەوەش لە سێدارە درا، یووسف جەمیلی ئامۆزای رایکردبووە دەرسیم و لەکارەساتی شۆڕشی دەرسیمدا ئەویش درایە بەر تفەنگان و سەرلەشکر ئەحمەد رامیز و یوزباشی، عەلی نیازی برای خانەنشین کرابوون و بەبێ هیچ هۆیەك دەرمان خوارد کران. خدری قایمقام، خانەنشین کرابوو، لە پاشدا عەبدولاّ پاشا ئەلب دوغان، بردبوویەوە لای خۆی، بەلاّم لەسەرینی رووداوەکانی دەرسیمەوە، لە خەرپوت لەخەفەتان بەسکی دابوو، لە ساڵی ١٩٣٨ دا بەشێکی دیکەش لە رۆشنبیرانی دەرسیم، چونکە بەکوردی لە دایك ببوون و دەیانگوت کوردین، هەندێکیان لەناو بردبوون و ئەوانی دیکەش دەربەدەر بوون. ئەو روشنبیرانەش کە بەساغی مابوونەوە، ئەوانە بوون کە توانیبوویان خۆیان بگەیەننە دەرەوەی وڵات.

---

[1] مەشروتیەت: بەیاننامەی دامەزراندنی کۆماری تورکیا و روخاندنی رژێمی پاشایەتی. وەرگێڕ

[2] یوزباشی: پلەیەکی سوپایی تورکییە، بە عەرەبی (رئیس)ی پێ دەڵێن. وەرگێڕ

[3] بین باشی: پلەیەکی سوپایی تورکییە، بە عەرەبی (مقدم)ی پێ دەڵێن.

# کێشەی زمان

دەرسیمی بە کۆنترین شێوەی زمانی زازا (Zaza) گفتوگۆ دەکەن، بەشێك لە هۆزەکان بە شێوەی **کرمانجی (Kurmanci)** وتووێژ دەکەن و شێوەی (زازا)یش دەزانن. شێوەی زازایی کە لەدەرسیمدا قسەی پێدەکرێ، کوردییەکی بێ گەرد و جیاوازی لەگەڵ شێوەی زازایی گشتیدا هەیە کە قسەی پێدەکرێ، شێوەی دەرسیم هیچ وشەیەکی بێگانەی تێدا نییە و زۆریش لە شێوەی کوردی خوراسان نزیکە.

دەرسیمی، زوبانی **ئاری** (Ary)ی کۆنیان پاراستووە، بۆ نموونە: **مادەکان** بە ولاتی دایك دەڵێن ما (Ma) و بە پیاو (مرۆڤ) دەڵێن موردەم و بە مارەیی و پێشکەش، مار (Mar) و بە بەرزاتی، باریس دەڵێن، هەروەها زازای دەرسیمی بە دایك دەڵێن ما (Ma)، وەکو ئاری–ی کۆن وشەکانی دیکەش بەکار دێنن. بۆ هاندان و ئازاو رەشیدی، ژن بە پیاوی خۆی دەڵێ مێر، یان پیاو خۆی هەڵدەکێشێ و دەڵێ ئەزمێرم (Az Mrm)، یان باسی تۆ دەکا و دەڵێ تو مێری ئەو وشانە لە زمانی میدیشدا بەکار دێن و (٥٠٪)ی وشەکانی شێوەی زازا لە زمانی ئاری کۆن ماوەنەتەوە.

مێژوونـاس، **جوستە** لە نووسراوە کۆنەکاندا لەسەر بەردێك وشەی (زازا)ی خوێندبۆوە، باوەڕی وایە کە مەبەست لەو وشەیە، زمانی کوردی بووە، هەروەها مێژووناسی رووس، **گرییڤ** لە بارەی میدەکانەوە دەڵێ: **(ئەوانە باپیرەی کوردانن، لەناو نەتەوەکانی ئێراندا بە پلەی یەکەم دێن و پێش ئێرانییەکان خوێندن و نووسینی ئاشوورییان زانیوە، رەگەزی کوردان، مید– واتە مارەکان، (Med-yani-Marakan) وێنە و نووسینی بزمارییان لەسەر بەردان هەڵکەندووە. ئێرانییەکان (فارس) کە دەستیان بەسەر میدەکاندا گرت، نووسینی کوردی گرۆس (Gros)یان بۆخۆیان برد).**

ئەوجا لەبەر ئەوەیە شێوەی (زازا) کە دەرسیمی گفتوگۆی پێ دەکەن، زمانی کۆنی باپیرانیانە (ئاری و میدەکان) کە تا ئەورۆ بۆیان ماوەتەوە.

## کێشەی ئایینی

سەرلەبەری کوردەکانی دەرسیم عەلەوینە و سەیدەکان خۆیان وا پێشان دەدەن کە ئەحکامی ئیلاهی لەناو خەڵکەکە بڵاودەکەنەوە. بەڵام لەگەڵ هەموو هەوڵدانێکیان، بنەڕەتی ئایینی ئارییان پێ تێك نەچووە و نەگۆڕدراوە.

لە سەردەمی ئیمپراتۆرەکانی ڕۆما و بێزانسدا، بەشی زۆری کوردستان، بەسەدان ساڵ لە ژێر دەسەڵاتی ڕۆما و یۆناندا بووە. هەرچەندە پاشای ئەرمەنی، **تریدار (Tridar) و گریگۆری (Gregoire)** پەهلەوی ئازاری خەڵکیان دابوو و بەکۆمەڵ کوشتبوونیان، لەگەڵ ئەوەشدا ئاینی مەسیحی نەچووبووە ناو دەرسیم و لەو جێگایەی کە بڵاویش بووبێتەوە، لەگەڵ ئایینی ئاری تێکەڵ بووە و تواوەتەوە، لەگەڵ فتووحاتی عەرەبیدا، ئایینی ئەو نەتەوەش لە ئایینی مەسیحی زێتر زیانی پێ نەبەخشیوە. نەتەوەی کورد توانیویەتی ئەو ئایینە نوێیەش لەگەڵ ئایینی باپیرە ئارییەکانیدا تێکەڵ بکا و بتوێنێتەوە. ئەو توانەوەیەش بە ناوی تەریقەتی (عەلەوی) خۆی پیشان دەدا و تەنها وەکو پەلکی دەرەوە ماوەتەوە، کوردەکان پابەندن بە ڕەوشتی پیرۆزی باپیرانیانەوە و یادگارە پیرۆزەکانی زانستی خۆیان پاراستووە.

لەم بابەتەوە مێژوونووسی تورك، (عەلی کەمال) لە بەرهەمەکەی (**مێژووی ئەرزینجان**)دا دەڵێ (سەیرە و شایانی باسە سەیدەکان بە سەدان ساڵ لەمەوپێش نوشتە بۆ کوردەکانی دەرسیم دەکەن، هەرچەندە نوشتەکە بە زمانی تورکییە، بەڵام عەلەویاتی هیچ بەسەر نەتەوایەتیدا زاڵ نەبووە). وا دەردەکەوێ کە عەلەویاتی لە دەرسیم هەر بە سادەیی ماوەتەوە. لە ساڵی (٩٠)ی کۆچیدا لەشکرانی (عەرەب– ئیسلامی) شاڵاویان بۆ باکوور و ڕۆژهەڵات هێناو بەو جۆرە لە ڕۆژهەڵاتی ئەنەدۆڵدا کۆتاییان بە دەسەڵاتی نەتەوەکانی عێراق و ئێران هێنا، لە دواییدا لە ساڵی (٦٦٩)ی زایینی–دا کوردەکانی دەوروبەری دەرسیم، لە پاش ڕۆمەکان کەوتنە ژێر دەسەڵاتی عەرەبەکان، بەڵام دەرسیم بەرەنگاری دەسەڵاتی عەرەبان ببوونەوەو بەئایینی ئیسلام ڕازی نەببوون و هەر لەسەر دینی زەردەشتی–ی خۆیان مابوونەوە.

تاکو ئەو سەردەمانەی دوایی لە ناو ئافرەتانی کوردی دەرسیمدا ئەو مقامەی شینیٚ(شیوەن) دەگوترا:

**Hürmüzgân ruman** (reviyan)
**Atran kujan.**
**Hoşan sureve gevre gevregân,**
**Zorkeri arep kırdine xabur,**
**Gehane pale peşe şari Zor.**
**Jinu kenikan ve dıl beşiran,**
**Merdi azad tılen jerui hevinan.**
**Kevişti Zerdeşt maye beydest.**
**Bizika na kıt Hürmüz ve hiç kes.**

**شیوەنی کوردی** Krte agıtı [1]:

---

(1) بە داخەوە نەمتوانی ئەو هەڵبەستەی کە بە شێوەی (زازا) نووسراوە و لە بارەی شیوەنی کۆن گۆتراوە، بکەمە کرمانجی. بەلاّم هەڵبەستی (لاوژە) کە لە خوارێ نووسیومەتەوە لە دەشتی (هەولێر) زۆر بلاّوەو و دایکە جەرگبڕاوەکان، بەسەر (لاوژە)ی کوژراویاندا هەلگوتووەو یەکێك دەلّێ و ئەوانی دیکەش دەگێڕنەوە و لە فۆلکلۆری کوردەواریدا جێگای خۆی هەیە–وەرگێڕ.

| | |
|---|---|
| (لاوژە) لە کەندێ دا | لاوژۆکەم لاوە |
| تاژی لە رستی دا | لاوژۆکەم لاوە |
| نێچیر لە گولّمی دا | لاوژۆکەم لاوە |
| دیاری خۆت بەکێ دا...؟ | لاوژۆکەم لاوە |
| لاوژە لەسەر شووریێ | لاوژۆکەم لاوە |
| بەندە بە کچە پووریێ | لاوژۆکەم لاوە |
| دێ دەنگی تەمبووریێ | لاوژۆکەم لاوە |
| دوژمن هات لە دووریێ | لاوژۆکەم لاوە |
| لاوژە لەسەر بانێ | لاوژۆکەم لاوە |
| بۆی بکوتن دەرمانێ | لاوژۆکەم لاوە |
| تیمارکەن برینانی | لاوژۆکەم لاوە |
| چاك بێ تا بەیانی | لاوژۆکەم لاوە |
| لاوژە لێرە و لەوێ | لاوژۆکەم لاوە |
| بالیف کورکی کەوێ | لاوژۆکەم لاوە |

بەلای دەرسیمییانەوە نەوەیەکی بەڕێزی ئیمامی عەلی، ئیمام جەعفەری سادق، بۆچـوونی عەلـەویاتی دامـەزراندووەو لـە سـەدەی یازدەمیـنی زاییـندا مەزهـەبی جەعفـەری[٢] لـە عەرەبسـتانەوە بۆ کوردستانی خۆراسان و ئێران هاتووە، لەنێوان خێڵەکانی کوردی خۆراساندا بە توندی بڵاوبۆتەوە، لە پاشدا لەکاتی شەڕی نێوان عەباسـی و ئەمەویدا سەرداری گەورەی کورد (ئەبا موسلیمی خۆراسانی) لە ساڵی (٨٠٠)ی زاییـندا ئەمەوییەکانی وەدەرناوە، بەڵام لە پاشدا ئەویش لە کۆشکی ئەبو جەعفـەری مەنسـووردا کـوژراوە، ئـەوجا ئـەو سـەیدانەی هاوکارییـان لەگـەڵ ئـەو سـەرداره کـوردە دەکـرد، لـە ترسـی ئـازاری عـەرەبان روویـان کردۆتە ناوچەکانی کوردسـتان و لەگـەڵ خەلیفـەکانی تەریقـەت و چـەند سۆفییەکی کوردا هاوکارییان کـردووە، بەوجۆرە لەگەڵ ئەو رووداوانەدا، مەزهەبی عەلەوی بەفراوانی دەستی بە بڵاوبوونـەوە کردووە، لەو کاتەدا دیسان چەند هۆزێکی کورد و خەلیفەی سەیدیش هـەبوون کـە پێکەوە، لە خۆراسانەوە لەساڵی (٧٠٠)ی کۆچی، هاتبوونە دەرسیم، ئەو هۆزانەش ئەمانەن:

شـێخ حەسـەنان، کورەیشان، هورمەکان، ئزۆلان، سادیان، کارسانان، میللان، باماسوران.

ئـەو خێڵانەی لەسەرەوە باسمان کردن، لە خۆراسانەوە کۆچیان بۆ ناوچەکانی دەرسـیم کـردبوو و خەلیفـەکانیان: کورەیـش و باماسـۆر بـوون، کـە لە خۆراسانڕا هاتـبوون و هـەر بەگشـتی بـە شـێوەی زازایـی قسـەیان کـردووە، لەبەر ئەوە تاکو ئێسـتاش عەلـەویاتیی گولبەنگیـنی بە شێوەی زازایی کۆن بڵاودەکەنەوە و لەبنڕا

---

لەکێ دەنوی شەوێ...؟ لاوژۆکەم لاوە

دایکەت دێتە ئەوێ لاوژۆکەم لاوە

[٢] بناغەی ئەو مەزهەبە ئەوەیە:

أ– لەسـەر ئـایین و ڕەوشـت دامـەزراوە، ئـەو کەسـانەی خـاوەن چـاکەو و دیـندارن، سـەرۆك و خاوەنـەکانی مەزهەبەکـە، (عەلەوی و ئەهلی بەیت)ن ئەو ڕێگایەی ئەوان گرتویانە، ڕێگای راستییە.

ب – سـەرۆکی ئاییـنی ئـەو کەسـەیە کە خزمەتی ئایینەکە دەکا، ئەو کەسانەی مافی خۆیان بە پێش مافی خەڵك دەخەن، نابنە سەرۆك– نوری دەرسیمی.

زمانی تورکی نازانن.

ئـەو خێڵانـەی لـە خۆراسانەوە لەگەڵ خەلیفەکان هاتبوونە دەرسیم، دەستیان بـە بڵاوکـردنەوەی ڕێـبازی عەلـەوی کـردبوو و ئـەبا موسلیمی خوراسانی بە ئەهلی کەرامــەت دەزانــن و کتێبەکەشــیان ئەزبــەر کــردووەو دەور دەکەنــەوە. لەگــەڵ ئەوەشدا لـە سـاڵی (٦٨٠)ی کۆچـیدا، حاجی بەکتاش وەلی نەوەی ئیمام ریزا کە لەنـەوەی هەشـتەمینی حـەزرەتی عـەلی بـووە لـە ترسـی ئەمەوییـەکان هەڵاتـبوو، هاتـبووە ناوەڕاسـتی ئەنەدۆڵ و لە ڕێگای خۆی بە ئەرزینجاندا تێپەڕی بوو، چەند خەلیفەیـەکی خـۆی رەوانە کردبووە دەرسیم و پرۆپاگەندەی عەلەویاتییان بەناوی بەکتاشی لە دەرسیم بڵاوکردەوە.

لـە سـاڵی ٧٣٧ی کۆچی‌دا **حاجی بەکتاش وەلی** لە ئەنەدۆڵ کۆچی دوایی کرد، خەلیفـەکانی لـە دەرسـیم نـەختێ سـارد بوونـەوە لـە بڵاوکردنەوەی ئایینەکەیدا و ئاییـنی بەکتاشـی لـە دەرسـیم وەکـو چـیرۆك و سـەربردەی لێهاتـبوو ، ئەو نەوەو نەتیژانـەی لـەو خەلیفانـە بـە پاشـکەوتن، لـە دەرسـیم پێیـان دەڵێـن **سـەید واتـە ئەفەندی (Efendi).**

مەزهـەبی **شـیعە**[1] **(Şia)**، مەزهـەبی ڕەسمیـی ئیمـپراتۆریای سـەفەوی بـوو، نەختێ لەناو کوردەکانی دەرسیمدا بڵاوببۆوە، ئەویش هەر بەناوی عەلەویاتییەوە، لێرەشـدا کـوردی دەرسیمی کە لەسەر ئایینی زەردەشت بوون، لەلایەکەوە بەهۆی سـۆفییەکانی خێـڵـەکانی کوردی عەلەویی زازا کە لەخۆراسانەوە هاتبوون، ڕێبازی عەلەوی و لەلایەکی دیکەوە بە ئاگاداری خەلیفەکانی حاجی بەکتاش وەلی، ڕێبازی بەکتاشـی، و بەرانـبەر بە سۆفییەکانی سەفەوی– مەیلی شیعەگەرێتییان هەبووە، بـەوجۆرە چـەند مەزهـەب و ڕێـبازێکیان بۆخۆیـان پـەیدا کـرد و لەساڵی (٧٣٦)ی کۆچـیدا خەلیفـەکانی کـوردی خۆراسـانی لە دەرسیم، **کورەیش و باماسۆر** لەلایەن **عەلائـەدین سـەلجووقی** و لەپاشـدا لەلایـەن **سـوڵتان ئۆرخـان و سولـتان مورادەوە** نیشـانەی خەلیفایـەتییان پـێدرا، بـەوجۆرە خێڵـەکانی دەرسیم بەتایبەتی **لۆلان و**

[1] شـیعە، (ئایین) نییە، بەڵکو مەزهەبێکی ئایینی ئیسلامە، ڕەنگورووێکی سیاسیی پێوەیە کە لەو کەسانە پێك هاتووە کە پێغەمـبەر و ئەهـلی بەیـتیان خـۆش دەوێ و لـەپاش کۆچـی دوایـی پێغەمـبەر دەیانەویسـت خەلیفایـەتی بدرێـتە ئـیمام (عەلی).(د.دەرسیمی).

چـارەك بـبوونە دەروێشـی ئـەو خەلیفانــە و، بەكتاشـی و شـیعەگەری پـتر لــە عەلـەویاتیی خۆراسـان پـەرەی گـرت. بەم شێوەیە ئەو كێشەیە هەتاكو كاتی **یاوز سـولّتان سـەلیم** بـەردەوام بـوو، بـەو كوردانـەی خـاوەنی ئـەو رێـبازەیان دەگـوت **سەرسـوور– قزلّ باش،** لەبەر ئەوە رێبازی شیعە لە رێبازی ئێرانی نزیك بوو، گوایا ئەوانـە لایەنگـری سەفەوییەكانن، سولّتان سەلیم، جگە لە چیانشینەكانی دەرسیم كوردێكـی زۆری لەناوبـردبوو، لـە پاشـدا چـونكە خـۆی بە پاشای ئیسلام دەزانی، سیاسـەتی لێبوردنی بـەكار هێناو سەربەخۆیی كوردستان و ئایینی كوردەكانی بە راست زانی.

بـۆ جیٚبـەجیٚ كـردنی كۆمەڵیٚ نەخشەی سیاسی بەپشتیوان و فێڵـی ئیجتیهاد، مەزهـەب و تەریقـەت نـاكۆكیی لـەنێوان یـەك رەگـەز و كـوردی عەلـەوی و كـوردی سـوننی پـەیدا بـوو، ئـەو گیروگرفـتە زۆر سەدەی خایاندو ناكۆكی لەنێوان هەردوو لادا بـەردەوام بـوو، ئـەو ركابەرییـە گەیشـتبووە رادەیـەكی وا كـە مـەلای كـوردی سـوننە، رێگـای نـەدەدا كچـە كوردێكـی سـوننی، مێرد بە كوڕێكی كوردی عەلەوی بكـا. هـەروەها گۆشـتی گیسـك، بـەرخی دەسـتكوژی پیـاوێكی عەلـەوی بـە مردار دادەنـا و مـەلا و شـێخەكانی سـوننە بەو جۆرە بڕیارو فتوایان دەدا. ئەو ناكۆكییە مەزهەبییـە ببووە هـۆی تێكدانی یەكێتیی نەتەوایەتی، رژێمی توركیا نەك هەر ئەو ناكۆكییـەی پێخۆشـبوو، بـەڵكو هـەوڵی دەدا پتر پەرەی پێبداو، بیگەینێتە شەڕ و كوشـتن و یـەكدی بڕاندنەوەی بە كۆمەڵ، تا بەم شێوەیە پەرتە بە نەتەوەی كورد بكـا، بـەڵام چـاك بـوو هـەم كـوردی سـوننە و هەم كوردی عەلەوی بەردەوام بوون لەسـەر پاراسـتنی زمـانی باپیرانیـان كە تاكە پەرچەمی پیرۆزی داوی كوردایەتییە لەنێوان هەردوو لادا كە تا هەنوكە ماوەتەوە.

شـێخەكانی كـوردی سـوننە، كوردەكـانی عەلـەوی بـەبیٚ مەزهـەب لـە قەڵـەم دەدەن، بۆ كەمایەتی پێیان دەڵێن **رافزی، قزلّ باش، عەلەوی،** هەر لەبەر ئەوەشە بـە دروسـتیان دەزانــی كـە ماڵیـان تـاڵان بكـریٚ، بكوژرێـن و لـەناو بـبردرێن. دەرسیمییەكانیش خۆیان كوردی خوێن پاك و باوو باپیرانیان رەوشتی (ئاری)یان پاراستووە، لەبەر ئەوە بە گرژی بەرانبەر بە خراپە و گفت و لفتی مەلاكانی سوننە

رادەوەستانەوە. بەداخەوە لەبەر دووبەرەکیی مەزهەبی و ئایینی، هەردەم لەنێوان کوردانـدا نـاکۆکی هەبووە، چونکە هەندێ لە کوردان لایەنگیری ئەمەوییەکان بوون و بەرهەڵستیی ئـەبا موسـلیمی خوراسـانییان دەکـرد، بـەوجۆرە چینێك لایانگیری ئەمەوییەکان لە خێڵەکانی کوردی سوننە[1] هاتبوونە چیایەکانی بینگول، ئیتر ئەو نـاکۆکی و دووبەرەکییـە لـە نێـوان سـوننی و عەلـەوی بـەردەوام بـوو، مەلایەکانی سـوننە زۆر بوخـتانیان لەڕاست مەزهـەبی عەلـەوی دەکرد تا رادەیەك رۆشنبیرانی کـورد پێیـان بـاوڕ دەکـردن، ئەگەرچـی لـە کاتی بەدیهێنانی رێو رەسمی ئایینیدا پێویسـتە کـچ و ئافـرەت ئامـادە نـەبن، بـەڵام مـەلای سـوننە بڵاویـان کردبۆوە کە سـەیدەکان لـەو کاتـە چـرا دەکوژێنـنـەوە، ئیـدی ژن و پیـاو تێکـەڵ دەبـن و تێـك بـەردەبن. لەبـەر ئـەوە عەلەوییـەکان زۆر لـەو درۆیانـە پەسـت و دڵـگیر ببوون. بۆ ئـەوەی ئـەو بەرهەمـەم لـە رێگـای خـۆی لانـەدا، لێـرەدا باسی ئایین و تەریقەت و ڕەوشـت و چـیرۆکی کـوردی دەرسـیم و سـەیدەکان ناکـەم، چـونکە لـە کتێـبێکی دیکـەمدا بـە نـاوی (**تەریقـەتی سـەیدەکانی دەرسـیم و بەدیهێـنانی رێو رەسمـی ئاییـنەکانیان**) درێـژە بەباسـکردنی تەریقـەت و بەدیهێـنانی رێـبازی سـەیدەکانی دەرسـیم دراوە. **حـاجی بەکتاشـی وەلی**، سۆفییەکی عـەرەب بـوو لەبەر ئازاردانی سیاسی بە کوردستاندا رەت ببوو، چووبووە ئەنادۆڵ وەهەر وەکو لە پێشدا گوتمان ئـەو پیـاوە چەند خەلیفەیەکی خۆی –ئەوانەش هەر کوردبوون– رەوانەی دەرسیم کردبوو، کە ئەمانە بوون:

**١- ئاغوجانان**:

ئـەوە خێـڵێکە بـاپیرە گـەورەیان نـاوی **ئاغوجـان (Agucan)** بـووە، هۆزێکی بەکتاشـییە بەکـرمانجی دەئـاخڤن و دەرسـیمی پێیـان دەڵێـن (**سـەید و مورشید**)، نـەوەکانی ئەو هۆزە چەك هەڵناگرن، سەیدایەتی لە بابەوە بۆ منداڵ دەمێنێتەوە، ئـەو کەسـەی لەگـەڵ ئەوانەیـە پێیـان دەڵێـن **تـالیب– مورید** و جێگای ئامۆژگاریی سەیدەکانی هەر هۆزێك لەوانی دیکە جودایە.

---

[1] ئەمەوییـەکان سیاسـەتی سـوننی و شیعییان بەکار دەهێنا بۆ ئەوەی دەست بەسەر کۆمەڵگەی ئیسلامیدا بگرن– نوری دەرسیمی.

**٢- دەرویش جەمالان**:

خێلێکە باپیرەیان ناوی دەروێش جەمال بووە، لەمیرەکانی ساغمانی کورد بووە، زمانی ئەو خێلە زازایە و زمانی تورکی نازانن، دەرسیمییەکان پێیان دەڵێن **سەید– رەهبەر**، سەیدەکان بە ئاگاداری خێڵەکان ناکۆکی لەنێوان هۆزەکان چارەسەر دەکەن.

**٣- ساری سالتك**:

وشەی سار لە زمانی (مید – مار) بە چیا دەگوترێ، باپیرە گەورەی ئەو هۆزەی ساری– سالتك، ناوی سالتك بووە، گۆڕەکەشی لە چیای سار بووە، لەبەر ئەوە بە چیاکەش دەڵێن (ساری– سالتك)، واتە چیای سالتکی. لێرەدا پێویستە بزانین کە وشەی سار پەیوەندی بە زەردی تورکییەوە نییە.

کوردەکان بە نەوەی ئەو هۆزە دەڵێن **سەید**. شێوەی زازایی بە راست و دروستی دەزانن و خۆیان بە کورد دادەنێن، چەك **هەڵناگرن** و یاریدەی ماڵی لە خێلەکانی دیکە وەردەگرن، **هەستی** کوردایەتییان **هەیە** میر ئەلای[1] خالد، کە ئەندامێکی **کۆمەڵەی تەعالی کوردستان بووە** (Krdistan Teali Cemiyeti)، یەکێ بووە لە رۆلەکانی ئەو خێلە، **هەروەها** مەلا خدر لەکاتی جەنگی بەلقاندا **هاتە** ئەستەنبۆڵ و **کۆمەڵەی خۆشەویستانی کوردستان** ( Krdistan Mhibban Cemiyeti)ی دانابوو، **هەست** و بیروباوەڕی کوردایەتیی بڵاودەکردەوە، کوردەکانی ئەستەنبۆڵ بەتێکڕایی **هاوکارییان** لەگەڵ ئەو کۆمەڵەیەدا دەکرد. خۆم نووسەری گشتیی ئەو کۆمەڵەیە بووم، کوردەکانی ئەمەریکاش پەسندیان دەکرد، لەو کاتە فەیلەسووف، ریزا تۆفیق[2] کەکاربەدەستێك بووە سەری لە بنکەی کۆمەڵەکە لە جغال ئۆغلو دەداو چالاکیی کۆمەڵەکەی دەدیت. **هیوای** کۆمەڵەکە ئەوەبوو خزمەتی کورد بکا و چەند لقێکی لە دەرسیم کردبۆوە، ریزا تۆفیق خۆی بە دۆستی کورد نیشان دەدا و بەڵێنی دابوو کە **هەوڵ** بۆ پێشکەوتنی کوردستان بدا، بەڵام راپۆرتێکی بە نهێنی دابووە وەزارەتی ناوەخۆی تورکیا. بەم جۆرە

---

[1] روتبەکی سەربازییە وەکو ئامیر لیوا. پێشی دەڵێن (ئەلبای= زەعیم)– وەرگێر.

[2] ئەوکاتە سیخوڕ (جاسوس) بووە لە ئاسایشی تورکی– وەرگێر.

دەرگای کۆمەڵەکە پێوەدرا، ئیدی مەلا خدر بۆ دەرسیم دوور خرایەوە. هەروەها **میر ئەلای خالید و حەسەنی برای و عەلی پاشای ئەرزینجانی لە خێڵی دەروێش جەمال و شێخ ئیبراهیم پلومەری لەگەڵ وەزنەداری مالیەی ئەستەنبۆڵ، خەلیل دیڤریگی**، ئەوانەی لەسەرەوە ناومان هێنان هەر هەموویان بەپێی راپۆرتی ڕیزا تەوفیق- ی سیخوڕی تورك لەپاش قەدەغە کردنی کۆمەڵەی خۆشەویستانی کوردستان گیران. ئەوجا خێڵەکانی دەرسیم ناڕەزایی خۆیان بۆ **بابی عالی**[1] ( Babiali) ڕەوانە کردبوو، گیراوەکان بەردرابوون و پارە و کەرستەی کۆمەڵە پێوەدراوەکە درابووە **کۆمەڵەی ویلایەتی رۆژهەلاتی ( Vilayet Şarkiyei Cemiyet)** کە بە تەگبیری **کۆمەڵەی ئیتحادو تەرەقی ( Ittihat ve Terakki Cemiyeti)** دامەزرابوو.

پاشان **مەلا خدر** لە دەرسیم و **سەید قاسم**- ی برای لە ئەرزینجان خەباتیان لە پێناوی مافی نەتەوایەتیی کوردا دەکرد و ژیانی خۆیان پێشکەش کێشەی کورد کرد. **سەید سەیفەدین-ی کوڕیشی**، لەکارەساتی دوایی دەرسیمدا درابووە بەر رستەی تفەنگان و ئیتر وابزانم ئەو نموونانەی نیشاندران لە بنەماڵەی سەیدەکان، هەست و هۆشی کوردایەتیی ئەوانی روون کردۆتەوە.

## ڕەوشتی ئایینی و ئەخلاقی

دەرسیمییەکان، ئارییەکانی کۆن ئاسا، لەگەڵ بیرو بڕوای خۆیاندا کە پەرستنی سروشت و سەرکەوتنی دوایی بۆ راستییە، راست مابوونەوە، هەندێ لە رەوشتی خۆیان پاراستبوو، هەروەها بڕوایان بە دامەزراندن و جووڵانەوەی زەمینی هەبووە بۆ وێنە: چوار شت هەن کە رەهەندو درێژە بەشتە دروستکراوەکانی جیهان دەدەن: **ئاگر، ئاڤ، خاك و هەوا** کە هەوێنی مرۆڤایەتی و وێنە و رووداوەکان لەو چوارشتە پێکهاتوون، ئەوانە بە پیرۆز داندراون و ڕێز لەهەریەکێك لەوانە گیراوەو دەگیرێ.

**ئاگر:** پاکترین شتە، هەموو جۆرە خراپە و پیسییەك لەناو دەبا، هەر خێزانێك

---

[1] مەبەست پاشای عوسمانییە.

ئاگری تێدا بسووتێ، دیاره ژیان و مانەوەی بەردەوامە و ئاگردان کوژانەوەش لەناوچوون و توانەوەی ئەو خێزانە رادەگەیەنێ، هەروەها بۆ پاراستنی لەش رێز لەئاو و خاك و هەوا دەگیرێ، چونکە لەش پێویستیبە پاکی هەیە، پاکیش یەکێکە لە ئەستوونەکانی ئایین.

مرۆڤ لەهەموو کات و جێگایەکدا دەبێ خودا **(Khoda)** و هیوا و توانای خودایی لەدڵی خۆی رابگرێ و نیازی چاکە و دڵی پاك رابگرێ، پێش هەموو شتێ راست و ڕاستگۆ بێ و هیچ قەردار نەبێ، ئەوانە بەلای هەر دەرسیمییەکەوە، ئەرکێکی ئایینی و ئەخلاقییە.

بە رەوشت و رێبازی دەرسیم، خودا (Khuda) پەرستن تەنها بە چەند کردەوەو مەراسیمێکی ئاشکرا پێك نایێ، دەبێ پیاو هەوڵ بدا لە دەروونەوە پیاو چاك و خاوێن بێ، چاکە بکا و کردەوەکانی لە لایەن خوداوە راست بن. بەڵام ئەوکەسەی خراپە و گوناه دەکا، بە چەند خەڵات و سەدەقە و بەلاگێڕەوەیەك دەرناچێ، بۆ ئەوەی لێی ببوردرێ، دەبێ لە دەروونی خۆیدا هەست بە پەشیمانی و کردەوەی چاك بکا.

مەرجە بەرزەکانی بڕوا (عەقیدە)ی زەردەشت هێشتا لە باخچە بەرزەکانی دەرسیم هەر دەژین. باوەڕ بە سەرکەوتنی چاکە و ژێرکەوتنی خراپە و تاریکی هەر هەیە. دەرسیم، ئایینی پاکی خۆی بەهەموو توانایەکەوە پاراستووە. لەو روونکردنەوەیەدا بۆمان دەردەکەوێ کە: دەرسیمییەکان لەژێر وێنەی عەلەوی-بەکتاشی و شیعی نەك هەر مەرجەکانی دین و ئایینی زەردەشتیان پاراستووە، بەڵکو بە بەدیهێنانی مەراسیمی سەردان کردنی **کیشتم** kiştim خواوەندی خراپە، ئەهریمەن (Ahrimen) تا ئێستاش هەر ماوە، ئەو مەراسیمەش لە جێگایەکی تایبەتیدا روون کراوەتەوە.

## سەردان و جەژنەکان

بێجگە لەمەسەلەی تەریقەت، هەموو خێڵەکانی دەرسیم جارجار رێ و رەسمی ئایینی خۆیان جێبەجێ دەکەن، هەروەك شەوانی هەینی، لە ئاگردانێکی گەورەی

ژوورێکدا ئاگرێکی گـەورە هەڵدەکـەن و دەورەی لێدەدەن، ناوی خودا (Khuda) دێـنن و داوای لێـبوردنی لێدەکـەن، بەسـتـەی ئاییـنی بـە کـوردی دەخوێـنـەوە و لەخودا دەپاڕێنەوە کە لەخۆیان و خێزانیان و دۆست و خۆشەویستانیان خۆش بێ و لەخـراپە بیانـپارێزێ، زۆر جـار لەگـەڵ ئـەو نیـاز خواسـتنە دەگـریێن و وادەبـێ خۆیـان داوێـنە نـاو ئاگـرەکە و هـاواری یـەزدان دەکـەن و پەنگـرە ئاگر داوێنە ناو دەمیـان تـا دەبێـتە رەژوو، ئـەوجا فـرێی دەدەن، ئەوانـەی ئـەو کـارە دەبینن پڕ بـەدەنگ هـاوار دەکـەن (خـودێ– خـودێ) (Khude- Khude) و ئاوازیـان دەگاتە تـاقی ئاسمـان و سـاز و تەنـبوور لێـدەدرێ و پێـنج شـەش کەس بە ئەڵقە **سەما** (**Sema**) دەکەن، لە پاشدا لەلایەن بەتەمەنترین کەسەوە دوعا دەخوێندرێ، داوای لێـبوردن لـەخودا دەکـرێ و خـواردن ریـز دەکـرێ، لـەپاش نـانخواردن دووبـارە دەپاڕێـنەوە و ئیـنجا پەرتـە بـە کۆبوونەوەکە دەکرێ.ڕێز لەو جێگایانە دەگرن کە مەراسـیمی دیـنیی تێدا دەخوێندرێـتەوە و ئاگـری تێـدا دەکرێـتەوە، هـەر هـەموو پاڕانەوە و خوێندنەوە و بەستەیەکی ئایینی لەو جۆرە جێگایانە، بە زمانی کوردی دەگوترێ و دەگوترێتەوە.

پیشـەی هـەر دەرسـیمییەك ئەوەیـە، ئێـواران کـە دەچـێتە نـاو نوێن و جێگای خـۆی، یـان بـەیانیان کـە لەخـەو هەڵدەستێ یان لەکاتی خۆ شوشتندا داوای چاك لـەخوا بکـا. دەرسـیمی زوو لـە خـەو هەڵدەستن و بەرانبەر بە تیشکی هەتاو کە لە کەلێـنی شاخە بەرزەکانەوە بەدەر دەکەوێ، دەجووڵێنەوە و خوا دەپەرستن و بە هـەتاویش دەڵێـن **رونـاهی خـودێ** (Ronahi- Khude). سـوێند خـواردن پیشـەی دەرسـیمییان نییە، بەڵام پەیمانی گەورە بە سوێند دەبەسترێ، دەرسیمی: لەقسە و کـردەوەی خۆی راستە و چەوتی خۆی، بەڕاستی روون دەکاتەوە، ئەگەر سوێند بەناوی خودا بخوا، باری خراپەی خۆی هەڵدەگرێ.

## زیارەت (سەردان)ی جێگای پیرۆز

ئاگردانی خانەدانان، جێگای دانیشتنی گەورە پیاوان، لوتکە شاخە بەرزەکان، گۆڕسـتانی وەلییـان، ئـەو جێگایـەی کـە مێرخاسـیو رەشـیدیی تێـدا روویـداوە،

بەرهەمەکانی کە لە باوو باپیران بەجێ ماون، جێگای کۆبوونەوەی **کۆمەڵ (Kom)** بۆ بڕیار دان و چارەسەرکردنی دوژمنداری و جێگای کوژرانی پیاوی رەشید و ئازا لەشەڕدا لەگەڵ لەشکری تورك، سەرجەمی ئەوانە بە جێگای **پیرۆز (Ziyaret)** دەزانن و لەو جێگایانەدا هەموو جۆرە وتووێژێك بەکوردی دەکەن و بەلاگێڕ (قوربانی) سەردەبڕن و هەندێ جاریش زیاتر پەنا بۆ خوا دەبەن و نیازیش لەخۆ دەگرن.

## جەژنەکان

بەپێی ساڵنامەی رۆژهەلاتی، سێ رۆژی یەکەم لەمانگی کانوونی یەکەم، دەرسیمی بەرۆژوو دەبن و پاشان دەست بە سەیران و خۆشی دەکەن و تەقەی خۆشی دەکەن، ئەوە مەزنترین و بەرزترین جەژنە، چونکە بۆ زەردەشت دەگەڕێتەوە.

### جەژنی خدر ئیلیاس:

خدر ئیلیاس دووەمین جەژنە و لە کۆتایی مانگی کانوونی دووەمدا سێ رۆژ لەدوای یەك بەرۆژوو دەبن. لەو سێ رۆژەدا هەندێ لە کچەکان ئاو ناخۆنەوە، چونکە بڕوایان وایە (ئەگەر لەخەویدا کامە لاو ئاو بداتە کامە کچ ئەوا لە داهاتوودا دەیخوازێ و دەبنە هاوسەری یەك) لەپاش بەرۆژوو بوون، قاویت لە ئاردی گەنمی برژاو دەکەن و لە ماڵێ لە بەرزترین جێگای دادەنێن و مۆمی لەدەورە پێ دەکەن، ئەو شەوە چاوەڕێی نیشانەیەکی بەڕێز خدر[1] دەکەن. رۆژی پاشتر قاویتەکە دەکەنە ناو رۆن و هەنگوین دەیکولێنن، بە سەر دراوسێیەکانیاندا دەبەخشنەوەو سفرە رادێخن و دەبێتە سەیران و خۆشی.

### جەژنی نەورۆز:

سێیەمین جەژنە، لەبەهاردا دەکرێ، سەردان و سەیران دەکرێن، گۆرانی و سروود دەخوێندرێنەوە، ئەو جەژنە نیشانەی زاڵبوونی گەرمی و رووناکییە بەسەر ئەهریمەن (Ahrimen) و مردندا. ئەم جەژنە، جەژنی بەراستیی نەتەوەی کوردە.

---

[1] مەبەستی خدری زیندەیە–وەرگێڕ.

**جەژنی سەربڕان** (**قوربان**):

چوارەمین جەژنە و لێرەدا ئاژەڵ دەکوژرێتەوە و دەکرێتە خێر، خواردن دەبەخشنەوە و سەردانی گۆڕستانان دەکەن.

**برایەتی Kevra**:[1]

بێجگە لەخزمایەتی، پەیمانێ لەنێوان ماڵبات و خێزانی رۆمەکان **(Roma)** دەبەسترا و پێیان دەگوت **کوریا (Kuria)** کە بە رەزامەندیی هەردوولا بوو، چاکە و خراپەی بۆ هەردوولا وەك یەك وابوو، کە ئەوە بەشێوەی کرمانجی پێی دەڵێن **کریڤ (Kiriv)** و بەشێوەی (زازا)ش پێی دەڵێن **کەڤرە (Kevra)**. شایانی باسە ئەو وشەیە لەناوەرۆك و وێژەوە هەر بە لاتینییەکە دەچێ. هەر خێزانێك کیڤرەیەکی هەیە و پەیمانەکەشی زۆر پیرۆزە. هەر یەکێ بە پێچەوانە بجوولێتەوە گوناهێکی گەورەیە و کەمایەتیی کردووە، کیڤرە وەکو برایەتییەکی پیرۆزە، ئەو خێزانانەی پەیمانی کەڤرە لەنێوانیاندا هەیە، ژن لەیەکدی ناخوازن و دروست نییە، پێویستە هەر لایەك رێزی لایەکەی دی بگرێ و بیپارێزێ، هەر منداڵێ بە دەستنیشانی دایك و باوکی، یەکێ بە کەڤرە کە دوژمنی خۆی نەبێ پەسند دەکا، کەڤرە بەپێی توانای خۆی **نیشانێ (Nişan)** پێشکێش بە منداڵەکە دەکا و لەکاتی سوننەت کردنی منداڵەکە، بانگی کەڤرە دەکرێ ئەویش منداڵەکە بۆ سوننەت کردن لەکۆشی خۆی دادەنێ و برادەرایەتیی کەڤرە تاکو مردنە.

زۆر جار لەنێوان خێڵەکاندا ناکۆکی پەیدا دەبێ و تەنها بە بەستنی پەیمانی کەڤرە چارە دەکرێ. لە بەستنی پەیمانی کەڤرەدا (١٢) قرۆش دەکرێتە خەڵات، بەڵام دوازدە بەرخ، مەڕ، بزن، گامێش، ئەسپ، مافوور، یا گوندێ بەپێی توانا دەکرێتە خەڵات.

---

[1] شایانی باسە لێرەدا بەدەر دەکەوێ کە داب و پیشەی کیڤرە (کریڤ) ، پیشەیەکی زۆر کۆنە لە کوردەواریدا. لەنێوان تیرەکانی زازا و برا ئێزیدییەکاندا، تا ئێستا هەر ماوە– وەرگێڕ

## خانەدان و ئاگردان ((وەجاخ))

هـەموو دەرسـیمییەك نانـبدەو میوانـدارن (خانەخوێیـە). هـەندێ خێـزان هەن: دەرگایـان بـۆ هـەموو کەسـێك کـراوەتەوەو سـفرەیان بـۆ هەموو کەسێك راخراوەو دروسـتە، ئیتر بەوجۆرە ئەگەر خێزانێ لەکۆنەوە بەمیوان و میواندرای لێڕا هاتبێ، پێـی دەڵێـن (خانـەدان)، نـانی خانـەدان و دیوانەکـەی ڕێزی لێدەگیرێ و بە پیرۆز دادەنـدرێ، گەورەی هەر هۆزێك دەبێ خانەدان بێ و پێی دەڵێن ڕۆڵەی خانەدان و وادەزانن خانەدانایەتی هەر بەردەوام دەبێ و کوێر نابێتەوە.

## ناکۆکیی خوێن (خوێنداری)

دەرسـیمی لـە کـار و کـردەوەی نـاو خۆیاندا، دەستەلاتێکی ئیداری ناوخۆییان هەیـە.لـە بـەر چـەند هۆیـەك لـە نێوانیـاندا، بەتایـبەتی لەسـەر زەوی و تخـووب وسـنوورەکان، دوژمـنداریی خوێـناوی پـەیدا دەبێ. لەو گێروگرفتانە چەند سەرۆك خێـلێکی بـێ لایەن یا هەندێ لە سەیدەکان لە نیازی هەردوولایان دەکۆڵنەوە، کە ئـەوە پێی دەڵێن **سوڕی (Surre)**[1]، جێگایەکی بێ لایەن تەرخان دەکەن و ڕۆژی کۆبوونـەوە کـە دیـاری دەکـەن، هـەردوو لای خـاوەن داوا لەگـەڵ نوێنەرانی خێڵە بێلایەنـەکان و قـازی (حەکـەم) کـۆ دەبـنەوە و دادگـا دەسـت پـێ دەکـا. ئـەو کۆبوونەوەیـە پێـی دەڵێـن کـۆم **(Kom)**. کـاری ئـەو کۆمانـە وەکـو کـردەوەی **کۆمیۆنـاتی (Komunat)**ی ڕۆمانەکانـە و لـە کۆمەڵـەی خێـڵەکان پێکهـاتووە. کۆمـەکان گـوێ لـەداوا و کـردەوەی هـەردوولا دەگـرن و نیشان و بینەر، پرسیار و وەلامیـان لەگـەڵ دەکـرێ. ئـەوجا ئـەندامانی کۆمەکـە بەنهێنی گفتوگۆ دەکەن، وا دەبـێ بـڕیارەکە چـەند ڕۆژێك بـەدوا دەخـرێ، لـە بـڕیارەکاندا پێویستی و قەرزی هـەردوولا بـە وردی ڕوون دەکرێـتەوە و ئـەو بـڕیارەی کە دەدرێ هیچ کەسێ بۆی نییەو ناتوانێ بەرهەڵستی بکات و یەکجارەکییە.

**تۆڵـەی (Diyet)** خوێـنی کوژراوەکـان، پـارە یـان زەوییـە، بۆئـەوەی کارەکـە دووبـارە نەبێـتەوە، جـاری واهەیـە بـڕیارەکە بـە پـەیمانێکی کەڤـرە دەبەسـترێ.

---

[1] ئەو و شەیە لەبابەت ناوەرۆك و وێژەوە هەر بە وشەی سوریت (Surete)ی فرەنسی دەچێ–نووسەر

بڕیارەکانی کۆم بەناوی جێگایەکەوە کە لێی دەکرێ هەڵدەدرێ، وادەبێ لەو جێگایە بۆ یادگار بەردێك دەچەقێنن. کۆبوونەوەی کۆم بەزۆری لەسەر کانییان، لە دیوەخانان، هەروەها لە باخچە بەرزەکاندا دەبەسترێ. ئەو تەرزە جێگایانە کە برایەتیی تێدا پێکهاتووە، بەجێگای پیرۆز دادەنرێ.

## دوژمنداری و شەڕی ناوەخۆ

لەگەڵ زۆربوونی ژمارەی خەڵکدا، پێویستی ژیان پتر بووە، گیروگرفت و شەڕ کردن لەنێوان خێڵەکاندا لەسەر موڵك و زەوی و زار پەیدا دەبێ، مووچەخۆرەکانی رژێمی تورکیا لە دەرسیم تەنها خەریکی ناکۆکی پەیدا کردنن، لە نێوان خێڵەکانی کوردا، لەبەر ئەوە دەرسیم بۆتە گۆڕەپانی شەڕ و لێکدان لەنێوان برایەکاندا. رژێمی تورکیا نیازی لەم سیاسەتە چەوتە ئەوەیە کە یەکگرتنی خێڵەکانی کورد تێك بدا و نەتەوەی کورد بەبێ خوێندن و زانست بێڵێتەوە، بە ماددی و مەعنەوی لەژێر چەپۆکی خۆی بیچەمێنێتەوە. بۆ ئەمەش چەند سەرۆك خێڵی نەزان بەرامبەر ئەوانی دیکە بەپارە هان دەدەن و کردەوەی خراپیان لەدژی دراوسێیەکانی خۆیان پێدەکەن، ئەو کردەوە خراپانە بەسەر شانی دەرسیمییان دادەبڕن، بەم شێوەیە کاربەدەست و مووچەخۆرانی تورك ناوی دەرسیم بە ناوچەی یاخیبوو لەقەڵەم دەدەن و فەرمانی بە کۆمەڵ کوشتنیان بۆ دەردەکەن.

دەرسیم چەند سەدە لەمەوبەر لەبارەی دامەزرانی جوگرافیی ناوچەکانییەوە کاری لەسەر رەوشتی هەرکەسێکی دانیشتوان کردووە. دەرسیمی سوورن لەسەر سەربەخۆیی و ئازادیی خۆیان و وڵاتەکەیان، هەروەها بەهێز و توانا و ماف وەرگر و ئازان، ئەو رەوشتە کەسایەتییە لەژێر دەسەڵاتی رژێمیکی باش بوایە ! بێگومان پیاوی گەورە و زانا لە دەرسیمییان هەڵدەکەوت، بەڵام رژێمی تورکیا هەر خەریکی تێکدان وڕاوەڕووت بووە، لەبەر ئەوە پیاوی یاخیبوو لەبەر بێگوزەرانی خۆی لە نێو شاخەکاندا بەدەردەکەوێت، کە ئەوەش کاردانەوەو هۆی پێچەوانە و خراپەی رژێمەکە بووە، رژێمی تورکیا، دەرسیمی پارچەپارچە کرد، لەگەڵ یەکدی بەشەڕو دەمەقاڵێ دەهێنان، بەڵام خەڵکەکە شارەزای تورکان بوونە و تێگەیشتوون و

چاویان کراوەتەوە، دەست لەبەر رژێمی تورکیا راست دەکەنەوە، ئەوجا بە تەورداس دەمکوتیان دەکردن و هەزاران بەڵگە هەن کە رژێمی (عوسمانی– تورك) لەڕاست کوردەکان، بەتایبەتی سەبارەت دەرسیمییان خراپترین، دڕندەترین و خوێنرێژترین رژێم بووە لە جیهاندا تاکو ئێستا.

## جل و بەرگ

دەرسیمییەکان جۆرە **کلاوێك (Kollik)** لەخوری دروست دەکەن کە خڕۆکییە و **پوشی (Puşi)** لە ئارموشی رەش یان سوور لەدەورە دەئاڵێنن و لەسەریان دەنێن. لە مووی مەرەز کە پێی دەڵێن **کر–Kir** جۆرە قوماشێك دروست دەکەن و دەیکەنە شەپك (Şapik)[(١)] چ بە قۆڵ یان بێ قۆڵ، هەروەها جۆرە **پانتۆڵێك (شاڵ– Şal)ی**[(٢)] لێ دروست دەکەن و (شاڵ و شەپك)ی **بەراسۆر (Barasor) ناودێرە**. رۆژانی زستان، کاڵەك لە پێستی گامێش دروست دەکەن و لەپێی دەکەن، ئافرەت پێچەی ئارموش لەسەر دەئاڵێنێ و پوولەکەی زێڕی لێدەدووریێ، سەڵتەی بەسورمە لەبەر دەکا و زۆر بەناز خۆی نیشان دەدا. خەڵك بەزۆری لێهاتوو و چاوکاڵ یان چاو رەش، ناوقەد باریك و سینەپان و نێوچەوان کراوە و دەنگ گڕو نێرن.

لەساڵی (١٩١٣) دا زانایەکی ئینگلیزی (ولیام ورفیلد) (Wilyem Worfild) کە بەدەرسیمدا تێدەپەڕێ، بەم شێوەیە باسی خەڵکەکەی کردووە: ((**خەڵکی ئێرە ناوشان پان و تێکچەقیوو ئەندام ناسکن. روانینیان بە بروسك دەچێ، بەڵام دڵنەرمی و گەورەیی پیشان دەدا، بە هەنگاوی رێك دەڕۆن و دەمەتەقەیان پێخۆشە، بەجارێك لە رەگەز و تیرەی تۆرانی و سامی جیاوازن. نموونەی تیرەی ئاریی بێهاوتا، ئەو کوردانەی باکوورن. ئەوانە لەبابەت ئەندام و باڵا بەرزییەوە زۆر**

---

(١) چۆخەڵ (Cokhel)– وەرگێڕ

(٢) رانك (Ranik) هەڵبڕین و دروینی شاڵ و شەپك زۆر جیاوازە لەگەڵ هەڵبڕین و دروینی(ڕانك و چۆخەڵ) ، هەروەها جۆرە بەرگێکی دیکەی کوردی هەیە و لە قوماش دروست دەکرێ و پێی دەڵێن (کورتەك و شەرواڵ)، ئەویش هەڵبڕین و دوورینی تایبەتی خۆی هەیە. وەرگێڕ

شایانی باسە کری چاك لە ناوچەکانی (شەقلاوە و رانیە دەکرێ، بەڵام کری (زاخۆ) زۆر پەسندە.–وەرگێڕ

بەتیرەی سکۆتلەندییەکانی ئێمە دەچن. سەریان گەورە، مێشکیان زیندووە، خوێندنیان بزانیبایە هەم لە مەیدانی سەربازی و هەم لە زیرەکایەتیدا رێکترین تێکۆشەر دەبوون)).

لەنێوکوردەواری دەرسیمدا سمێڵ تراشین داب و پیشە نییە، سمێڵی درێژ و باریك لەسەر رووی ئەسمەر، وێنەی پیاوەتی دەبەخشێ، رۆنینی تیژ و شیرین لە رۆنینی شێران دەکا و ڕدێنی درێژی پیرە مێردان جوانییەکی نوورانی بەسەر روویاندا دەبەخشێ.

## شارەکان

خانووەکان لەبەرد دروست کراون و لەژوورێك و دیوانێك پێکهاتوون، لەهەندێ جێگا دوو نهۆمن بەو جێگانە دەڵێن قۆناغ (Konak). لەکاتی هاویندا ژیانی ژێر رەشماڵ و چادر و پێویستییەکانی ئێجگار رێکوپێکە، لەناو چادرەکان (ڕەشماڵ)[1] ناوبڕە هەیە و هەر بەشێ بۆ جۆرە کارێك دەگونجێ و بۆ هەر جۆرە سانەوەیەك دەبەخشێ.

لەنزیك چادرەکاندا ژوورێك هەیە پێیدەڵێن هۆڵ (Hol) لە لکەدار و پەلکە چلو دروست دەکرێ، کە بەتایبەتی بۆ ژووری نانخواردن بەکاردێ، ئەگەر خانو یان چادریش بێ بەڕاستی پاك و خاوێنیی پێوە دیارە.

## دروستی لەش

دەرسیمی بەزۆری لەشیان ناسکە و نەخۆشی (میکرۆبی) لەناویاندا نییە، تەمەنیان درێژە، زۆریان لە (١٢٠) ساڵ تێپەڕیون، ددانیان ساغە و بەپێی دابی ژیانیان لەشیان بەهێزبووە، زۆر لەهەوای پاك غار دەدەن و رادەکەن و دەڕۆن، کاتی خۆیان بە جۆرە یارییەك رادەبوێرن کە پێی دەڵێن چڕ(IR)[2]: ئەو یارییە

---

[1] لەمووی بزن دروست دەکرێ. –وەرگێڕ

[2] هەروەکو یاریی قاشوانێیە کە لە دێهاتی دەشتی هەولێر دەکرا و هەتاکو دەوروبەری ساڵی (١٩٤٠)یش هەر مابوو" جاحێڵی گوند لە گۆڕەپانێك کۆ دەبوونەوە و دەبوونە دوو کۆمەڵە و هەر کۆمەڵەیەك لە لای خۆی قۆرتێکی لێدەدا و پێیان دەگوت (غەنە). تۆپێکی لە دار دروست کراو پێی دەگوترا (گۆ) و لە ناوەڕاست دادەندرا و هەرکەسە بە دار

هەر بە یاریی تۆپی پێ دەچێ، لەبەرئەوە سنگ و بۆڕیی سییەکانیان ساغ و بەرینن، مێشکیان توانای تێگەیشتنی هەیە، لەگەڵ دەرەوەی خۆیاندا هیچ تێکەڵاوی و ژن و ژنخوازییان نەبووە. لەبەر ئەوە رەوشتیان نەگۆڕاوە، جاری واهەیە تووڕەدەبن بەڵام دڵپاکن، لەبەر ئەوەی لەنێو شاخی بەفراوی دەژین، فێری سەرما بوونە و نەخۆشیی سەرمابوون لەنێوان دەرسیمییاندا کەمە، لەو ناوچەدا دکتۆری خوێندەوارو خاوەن شەهادە نییە، برین پێچ و دکتۆری (میللی) هەن، دەرمانیش لە پەلکە دار و کوڵێلك و گوڵ و تۆ و رەگی گیا و پالاٚفتنی ئاوەکانیان دروست دەکرێ، لەهەندێ جێگا لەچوونە لای کۆلکە دکتۆران زێتر دەچنە لای سەید و ئاگردان و سەردانی گۆڕستانان دەکەن، زۆری وا هەن ئاژەڵ دەکوژنەوە و بەخێر بەسەر دراوسێیاندا دەبەخشنەوەو لەخودا و پێغەمبەر دەپاڕێنەوە، بەم جۆرە چارەی نەخۆشەکەیان دەکەن یان لە هەندێ گۆڕستان خوری دێنن **گوایا تفەڕکە (Tebarik)** لەناو ئاو دەیتاوێننەوە و لەباتی دەرمان دەرخواردی نەخۆشەکەی دەدەن. نەخۆشی **تاولەرز (Malaria)** زۆر کەمە لەنێوان دەرسیمییاندا، ئەگەر هەشبێ هەنگوین و کەرەیان دەرخوارد دەدەن و بەئاوی پەلکە داری پاڵێوراو دەیشۆن، بەم جۆرە چارەی دەکەن یاخود لەهیکەوە لەناو ئاوی ساردی هەڵدێنن و جاری واش هەیە سەیدێك داوێك لەقۆڵی نەخۆشەکە بۆ چارەکردنی دەبەستێ چونکە بڕوایان بە چارەکردنی (روحی) هەیە. نەخۆشیی وەرەم **(Verem)** زۆر کەمە، ئەگەر یەکێ ئەو نەخۆشییەی هەبوو، (٤٠) چل رۆژ لەناو هەوێزە مەڕی لەئەشکەفتان دەینوێنن، چونکە وادەزانن بۆنی کەڕەکیفەی ( Kuf) ژێر هەوێزەکە بۆ چارەسەرکردنی ئەو نەخۆشییە سوودی هەیە. هەر لەسەر ئەو بڕوایە یەك– دوو مانگ ئەوجۆرە نەخۆشە، بەشەو لەهەوێزە مەڕ دەنوێ لەناو ئەشکەفتانداو بە رۆژیش دەیان بەنە سەر چیایەکان بۆ وەرگرتنی هەوای پاك و خاوێن، ئەگەر سەرنج بدەن پەنسلین (Penicilline) لە کەڕەکیفە (Kuf) وەردەگیرێ. لەبەر ئەوەیە دەرسیمییەکان بە تاقی کردنەوە، بەکارهێنانی هەوێزی

(قاشو)ی دەستی هەوڵی دەدا لە گۆیەکە بدا و بیهاوێتە ناو (غەنە)ی لایەنی دیکە. ئەوجا ئەو یارییە (چڕ = قاشوانێ)یە هەر بە یاریی (هۆکی) دەچێ کە ئێستاکەش لە ئەمەریکا دەکرێ. –وەرگێڕ

ماڵات بە جۆرە چارەسەرکردنێکی ئەو نەخۆشییانە دەزانن.

## مافی ئافرەت و خێزان

لەناو دەرسیمییاندا پیاو هەیە دوو سێ ژنی هێناوە، بەڵام بەزۆری، هەر یەکە. ئافرەت زۆر ڕێزی لێدەگیرێ بەتایبەتی لە ناکۆکی و شەڕکردنی نێوان خێڵەکاندا ئەگەر ئافرەت بچێتە ناوبژی، لەسەر دەستی ئافرەت پێك دێن و مەسلەتی دەکەن، چونکە هەردوو لایان ڕێزی ئافرەت زۆر دەگرن.

ئەگەر پیاوێك لەدوو ژن زیاتری هێنا، سێیەمین ژن لەژێر فەرمانی دووەمیاندا دەبێ و دووەمیان لەژێر فەرمانی یەکەمیاندا دەبێ و بەو ژنە دەڵێن ژنی گەورە واتە (گەورەی ماڵ).

پیاو کە ژن دەخوازێ، پێشینی کە کالین (**Kalin**)ی پێ دەڵێن، هەندێك پارە دەداتە کچەکە، ماڵی کچەکەش بەپێی توانا پێویستییەکانی کچەکە ئامادە دەکەن (ژن هێنان لەگەڵ ژیانی پیاوە و جودابوونەوەی بۆ نییە)[1]، ژنی خراپ لەماڵێ

---

[1] بەراستی (دکتۆر دەرسیمی)، کێشەی خێزان و خێزانداری، لە کوردستانی باکووردا باش روون کردۆتەوە و دەڵێ (ژن هێنان لەگەڵ تەمەنی پیاو دایە و تەلاقدانی بۆ نییە).

بەڵام لە (دەشتی هەولێر)، ئەو کێشەیە زۆر گرنگە، چونکە و ابووە، بووەتە هۆی دەست لێکبەردان و تێك چوونی خێزان، بە تایبەتی دەمەقاڵێی نێوان بووك و خەسوو، لێرەدا کارێکی دژوار دەکا، هەر وەکو لە فولکلۆری دەشتی هەولێر گوتراوە– وەرگێڕ:

دەبینن بووك و خەسوو ... بەشەڕ دێن و دوو بە دوو

لە پاشملە و بەرە و روو ... شەڕ و شۆڕ و تێك هەردان

دەبینی بووکی سارێ ... دەری دەکەن لە مارێ

بە تای سۆل و بەڕمارێ ... بێ ئاوێنە و بێ کلدان

کورم ژنت تەراق دە ... لەبۆت دینم هەتا دە

لە گەوران و بەگزادە ... دەکەنە خەنە بەندان

ئەوجا ئەگەر سەر بدەینە ئەو پارچە هەڵبەستەی لە سەرێ نووسراوە:

تاوانی تەلاقدان و تێك چوونی خێزانەکە دەکەوێتە سەر شانی خەسوو (ئافرەت). بەڵام دەبێ بزانین کە پیاو لەو تاوانە بێ بەش نییە، بەڵکو زۆر جار بەشی هەرە زۆری لەسەر شانی ئەوە. لەبەر هەندێ، پێویستە پیاو ڕێزی خێزانی خۆی بگرێ و سەرپەرشتی خێزانداری پێ بکرێ. بە هەموو لایەکیان هەوڵ بدەن خێزانداریيەکیچاك و پاك بەرێوە ببەن، چونکە دەبێتە هۆی پێشکەوتنی نەتەوەی کورد.

شایانی باسە لەم سەردەمەدا بە چاوێکی نزم و ناشرین تەماشای پیشەی (ژن بەژن)ی و گەورە بە گچکە (بنپشك)

دەردەکرێ و کەس رووی نادانێ، تاکو دەگەڕێتەوە سەر رێگای راست، ئەوجا مێردەکەی دەیباتەوە مالّی خۆی، پێویستە ئافرەت رێزی مێردی خۆی بگرێ و دلّی رازی بکا، بۆ چارەکردنی ناکۆکیی نێوان ژن و مێرد دادگای پێناوێ، مێردەکە لەهەرجۆرە کارێکی خێزانی، پرس بەژنی خۆی دەکا. خۆ ئەگەر رێزی نەگرێ، ژنەکە لەلایەن گەورە کەسی خۆیەوە بێزاریی خۆی دەردەخا، ئەگەر بێو پیاوەکە راست نەبێ و بەهەڵە چووبێ، بۆ یەکەمجار ئامۆژگاری دەکرێ، دووەمجار پێی دەڵێن کە پێویستە رێز لەژنی خۆی بگرێ، ئەوجا ئەگەر پیاوەکە جاری سێیەم تاوانبار بوو، ئەوا لە ئاگردانی خێڵی خۆی دەردەکرێ و هیچ خێڵی تریش وەری ناگرێ.

ئەگەر بێتو ژن تاوانێ بکا، یان بەخراپی بجووڵێتەوە لەلایەن مێرد، برا یان خزمەکی خۆیەوە بەبێ پرسیار و وەلاّم لەکۆڵ دەکرێتەوە (واتە دەکوژرێ)، خەتاباری ماددی و مەعنەویی تێدانییە. چونکە لەدەرسیم یەکەم خودا، دووەم ناموس، سێیەم ترسی بڕیاری خێڵەکەی هەیە، هەر پیاوەك یان هەر ژنێك ئەگەر بێناموس بوو هیچ خێڵێك رایناگرێ و بڕیاری مردنی بۆ دراوە.

ئافرەت لە پیاو راناکا، ژیانی خۆیان بە پاکی دەبەنەسەر، بەمشێوەیە، ئەو سەربەخۆییەی ژن و هاوبەشیی لەگەڵ پیاودا ژیانێکی رێك و پێکی بەدی هێناوە لە دەرسیم.

ئافرەتان بەچەك و بێچەك بەشداری شەڕ دەکەن و سەر پەرشتیی برینداران دەکەن. دەرسیمی تەنها ژن لە ئەرمەنییەکان دەخوازن و لەهیچ تیرەیەکی دیکە ژن ناخوازن.

---

و لە یەك ژن زیاتر هێنان دەکرێ و بەرەو رەشبوونەوە دەچن.

## شایی (گۆڤەند)

لەکاتی بووك گواستنەوەدا، ئاژەڵ، کاوڕ، گیسك دەکوژرێتەوە، سینی دادەندرێ، خواردنی لەسەر ریز دەکرێ، بەوجۆرە شایی (Govend) دەست پێدەکا، لەسبەینێ تاکو ئێوارێ شایی رەش بەڵەك، ژن و پیاو پێکەوە چۆپەیی و سێپێیی دەکەن و هەڵدەپەڕن، دەیکەنە بەزم و سەیران وەکو پیشەی باپیران، ناوەناوە تەقەش دەکرێ، سوارسوارانێ لەسەر پشتی ئەسپ و تەڕادانێ دەکەن و ڕۆژی پاشتر (٤٠٠ –٥٠٠) سوار زەلام و پیادە بەڕێ دەکەون بۆ دێیەکەی ماڵی کچەکەی (بووك)ی لێیە. لەبەر ماڵان وەك پیشەیە، چەند تەقەیەك دەکرێ، کە گەیشتنە گوند لەو جێگایە دادەبەزن، کە لەپێشدا بۆ حەسانەوە تەرخان کراوە، هەموو خەرجییەك لەلایەن ماڵی بووکێ دەکرێ، بۆی هەیە دراوسێیەکانیش یاریدەیان بدەن، ڕۆژی دوایی کچەکە (بووك) سواری پشتی ئەسپ دەکرێ، چەکدارەکان لەگەڵی بەڕێ دەکەون، پیرێژنێکی (بەربووك) خزمی بووکێ، بەسواری لەگەڵ بووکێ، دەچێ، بارگەی بووکیش لەیەك دوو ولاَخ باردەکرێ و بەگەڵی دەخەن، لەڕێگا دەکەنە سەیران و خۆشی، بەزۆری ئەو بەزمە شەوانی یەکشەم یان شەوانی پێنجشەم دەکرێ، ئەوجا کەشەو راکشا برادەرێکی کوڕەکە (برازاوا) کوڕەکە (زاوا) لەگەڵ خۆی دەبا تاکو دەگەنە بەر دەرکی ژووری بووکێ، ئەوجا زاوا رەوانەی ژوورەکە دەکا، لە ژووریش پیرێژنێکی خزمی بووك و پیرێژنێکی خزمی زاوا هەردوو (بەربووك) بەخێرهاتن و پێشوازیی لێدەکەن و بووك و زاوا بەیەك دەناسێنن، بە زمانی کوردی دوعای چاکیان بۆ دەکەن و فێریان دەکەن کە رێزی یەکدی و دایك و باوکان و گەورە و خێڵەکانیان بگرن و ئەوجا دەچنە دەرێ، کە هەواڵی بە (زاوا) بوونی کوڕەکە وەرگیرا، چەند تەقەیەك دەکرێ و ڕۆژی پاشتر کۆتایی بەشاییەکە دێ و دەبێتە خەلاَت بەخشینەوە، وەکو چەفیە و گۆریە و قوماشی ئاوریشم و پارە و کاوڕ، بەپێی توانا بەسەر مێوانان دابەش دەکرێ.

شایانی باسە کە بووك بەسواری گەیشتە بەر دەرگای ماڵی زاوا[1] لەوێ

---

[1] لە گۆڤەندی ژن گواستنەوەی دەشتی (هەولێر) لە سەردەمێکدا لەو کاتەی کە (کەژاوە)ی بووکێ دەگاتە پێش ماڵی زاوا.

رادەوەستێ و دانابەزێ، زاوا و برازاوا دەست لەناو دەست بەسەریان دەکەون، چەفیە و دەسڕۆك لەدەستی چەپە و دەمی خۆی دەگرێ و بەدەستی راستی سێوێك سێ جار بادەدا و هەڵ دەداتە سەر بووکێ، لەپاش ئەوەی سەبەتەیەك ترێ، تەڕە یان پارەی خوردە بەسەر بووکێدا بڵاودەکاتەوە، ئەوجا ئەو گەنجانەی لەوێ راوەستاون بە پەلە دەچن میوەکە یان پارەکە کۆدەکەنەوە، ئەو کەسەی سێوەکەی بەدەست بکەوێ، بڕوای وا دەبێ کە پێش هاوڕێکانی دیکەی ژن دێنێ. لەوکاتەدا کە (زاوا و برازاوا) پێکەوە دەڕۆن و خۆیان بزر دەکەن، بووك هێشتا چاوەڕێ دەکا، دانابەزێ، تاوەکو خەزووری دێ" دێیەك، باخچەك، چەند چێڵ یان چەند مەڕێکی پێشکەش دەکا، ئەوجا لەسواری ئەسپ دادەبەزێ، بەوجۆرە چەند کاوڕی لەپێش دەکوژرێتەوە.

لەپاش حەفتەیەك زاوا دەبەنە لای دایك و باوکی دەستیان ماچ دەکا، چەند ساتێ بەپێوە رادەوەستێ بەبێ ئیزندان، ناتوانێ دابنیشێ، پازدە رۆژ لەپاش

---

ئاوازی (بەربووك)ێ لەگەڵ فیقەی زوڕنا و رمبەی دۆڵێ تێکەڵ دەبێ:

هاتینەوە، هاتینەوە — بووکمان هیناو هاتینەوە
جێگای راخەن بسێتەوە — شیوی تێکەن ساردبیتەوە

بەخێر بێتن بەسەر چاوا — بەزم و سەیرە تا رۆژئاوا
لێك پیرۆز بن بووك و زاوا — (خوا) پێی بەخشێ کۆرپەی ساوا

لەو دەمەی کە بووك لە زینێ دادەبەزێ: شیرناتی (شەکرۆکە)ی بەسەردا دەکرێ و (پیرێژنێك) لەوانەی کە پێشوازی دەکەن. مقامی بووکانە بە ئاواز دەڵێ و دەبێتە چەپڵە رێزان و پێچە (شای)یەکی لە دەستی زاوای دەکا. و بەستەکەش لە خوارێ نووسراوە:

بووکانە بووکانە بووکێ — بووکمان گەلەك جوانە بووکێ
ئەورۆکە مێوانە بووکێ — تێر دەکەین دیلانە بووکێ
بارگەی زۆر گرانە بووکێ — جێی لەسەر چاوانە بووکێ
دانێن ناسکە نانە بووکێ — خواردنی گەورانە بووکێ

لێرەدا سواری دوو بووکێ دادەبەزن و لەبن رەشماڵێ دەسێنەوە و (کفتەی بووکێ) دەخۆن و یەکێکیان دەڵێ (دۆر دڕا دەنگی بڕا). ئەوجا نۆرەی خەلات بەخشینە و هەرکەسە پەرتەی دەکا و بەزمەکە کۆتایی پێ دێ. فۆلکۆری ژن گواستنەوە لەکوردەواری (نێزیك و دوور) لە هەر لایەکی کوردستاندا هەر وەکو یەکە. –وەرگێڕ

بووك گواستنەوە زاوا و برازاوا لەلایەن خەڵكی هۆزەكەیانەوە ڕێزیان لێدەگیرێ و چێشت دەكرێ و بیست ڕۆژ لە دێهاتی هۆزەكەدا دەیان گێڕن. داب و دەستووری ژن گواستنەوە بەو جۆرە كۆتایی پێ‌دێ.

## خواردن و چێشت

خواردن زۆر سادەیە و بە ئاسانی دروست دەكرێ، لەهەر خواردن و چێشتێك ڕۆنی سادە زۆر بەكاردێ. بەناوبانگترین خواردن: گۆشتی تكەیە لەگەڵ كۆشتی بەربەسێری برژاو، (گۆشت لەسەر پشتی سێڵی نان دادەنێن و دەیبرژێنن، هەروەكو برژاندنی نانی تیری).

هەروەها خواردنە گرنگەكان: كەرە، پەنیری نوێ، سەرتوو، هەنگوین، ماست و ماستاو جۆرە خواردنی تایبەتین، زۆر جۆرە گیای خۆڕسك لەباتی سەوزە بەكاردەهێنرێ وەكو كاردی (Kollik). پونگ، گێبەرخۆڵە، كەنگر لەسەوزە گرنگەكانن، هەروەها تۆڵەكەش لەباتی سەوزە دەكرێتە چێشت و لە پەلكی ناردانك (Nardank) كە جۆرە گیایەكە، خۆشاوی بەتامی لێدروست دەكرێ، هەروەها دۆی (Payezdev) لەماستی هەژاو دروست دەكەن و تامی زۆر خۆشە، لەزستاندا زۆر راوە كۆتر دەكەن و گۆشتی باڵداریش خواردنێكی دیكەی گرنگە لەلای دەرسیمییان، بەڵام راوە كەروێشك ناكەن و گۆشتی ناخۆن، چونكە نینۆكی تاكە و كەرتە، زۆریش ترسنۆكە لەبەر ئەوە لە پیشەی (ئاری)دا راوكردنی ئەوجۆرە ماڵاتە دروست نییە، هیچ پەیوەندیی بەرێباز و دینەوە نییە.

خواردنێكی دیكە هەیە پێی دەڵێن زەرافەت (Zerafet) یان بابكو (Babko) ئەوە خواردنی خێڵەكانی شوانەوێڵەن، ئەو خواردنە بەو جۆرە دەكرێ" ئەنگوتكە هەویرێكی گەورە لەبن ئاگر دادەنێن تاكو جوان دەبرژێ، پاشان لە ئاگرەكە دەری دێنن و پەلكەكەی كە هیشك بووە دادەكەلن، ناوەكەی دەكۆڵن، بە ماستاو چەوری دەكەن و ڕۆنی تێ‌هەڵدەسوون، ناوەكەی كە دەرهاتووە، دوو بارە تێدەكەنەوە، سیر و دۆی تیری تێدەكەن و جوان بە ڕۆن چەور دەكرێ، بەو جۆرە وەكو دۆڵمە لە پەراسووی بەرخ دروست بكەن، وا دەكرێ.

خواردنێکی دیکەش هەیە کە، دۆی کولاّو دەپارزنن و ، لەبەر هەتاوێ، پارچە پارچە وەکو فتیلە وشکی دەکەنەوە و پێی دەڵێن **کەشك جورتان** (Cortan)، زستانێ لەئاوی دەتاوێننەوە لەگەڵ نان وەك پێخۆر دەیخۆن، بەتاییەتی لەکاتی شەڕ کردندا جۆرە خواردنێکی زۆر بەکەڵکە.

## بەخت

هەرکەسێ رووداوێکی گەورەی لەدەست رووبدا و بچێتە هەر جێیەك یان هەر ماڵێك، خانەخوێ لەسەریەتی جێگای بداتێ و پێویستە بیپارێزێ، ئیتر ئەو مافە لەشێوەی زازای دەرسیمی پێی دەڵێن **بەخت** (Bahkt). هەر کەسەك ئەومافە بەکار نەهێنێ **بەبێ بەخت** (Be Bakht) لەقەڵەم دەدرێ، لەبەر ئەوە بەخت گرنگترین مەسەلەی شەرەفە.

لەساڵی (١٩١٥– ١٩١٦) دا خۆم[1] ئاگادارم کە گشت ئەرمەنییەکانی شارەکانی دەوروبەری دەرسیم، کە رایانکردبووە دەرسیم، لەگەڵ ئەوانەی دەرسیمییەکان دەربازیان کردبوون، ژمارەیان دەگەیشتە (٣٦٠٠٠) کەس، کاتێکی زۆر لە دەرسیم مانەوە و پارێزران تاوەکو لەشکری رووس گەیشتە ئەرزینجان و داگیری کرد. ئەوجا بەهاوکاری دەرسیمییەکان چوونەلای لەشکری رووس و دەرباز بوون.

ساغر کوڕی سابیت، والی ئەرزینجان، دەرسیمی دانابوو بە گرنگترین جێگا و نەواێ کە ئەرمەنیەکانی لێ داڵدە درابوو، بە تایبەتی بۆ گەمە پێکردن ناوی لەناوچەی ئەغزونیك نابوو پاریس، چونکە ئەرمەنەکانیان داڵدە دابوو هەروەها لە ناوچەی ئەغزونیك جێگایەك دابین کرابوو بۆ خواردن و نوستنی منداڵە هەتیوەکانی ئەرمەنییان.

زۆریش لە ئەرمەنییەکان نەچووبوونە لای رووسەکان و لە دەرسیم مابوونەوە، لەپاش کۆتایی جەنگی یەکەمدا چوونە سووریا، ئەستەمبۆڵ، بەشێکی زۆریشیان رۆیشتنە ئەمەریکا، بەڕاستی دەرسیم چەند سەدەیەك لەمەوبەر ببووە لانەی

---

[1] لێرەدا دکتۆر نوری روونی کردۆتەوە کە بەڕاستی تورکەکان فەرمانی بەکۆمەڵ کوشتنی ئەرمەنییەکانیان دابوو، لەبەر هەندێ رایانکردبووە دەرسیم و نەتەوەی کورد بەهیچ جۆرێ لەو تاوانانەدا بەشدار نەبووە– نووسەر

پیاوی لێقەوماوی سیاسی، لەبەر ئەوە خەڵکی دەرسیم مافی بەختی خۆی بەرانبەر بەو لێقەوماوانە بەسەر بەرزی و مەردانە بەکار هێناوەو بەجێ گەیاندووە.

رژێمی تورکیا زۆر هەولّی دەدا لێقەوماوەکان لە دەرسیمییان وەربگرێتەوە، بەڵام نەیتوانی چ بەچاك یان بەخراپ یەك تاکە کەس لە ولاّتی ئەو شێرانە دەربێنێ.

لە ساڵی (١٨٩٥– ١٨٩٧) دا هەندێ چەتەی ئەرمەنی سوودیان لە بەختی دەرسیمییان بەرانبەر لەشکری سوڵتانی تورك وەرگرتبوو، ناودێرەکانی ئەو کۆمەڵە چەتەیە، (١٨) هەژدە کەس بوون. سەرۆکیان **روپەن شیشمانیان** (Rupen Sismanian) بوو کە خەڵکی دێی گەرنی سەر بەناوچەی کەماه بوو.

لێکۆڵەرەوەی ئەنەدۆڵ، شاکر پاشا، لە ئەرزینجان جێنیشین بوو، هەزار لیرە زێڕی بۆ سەید ئیبراهیم باوکی سەید ریزا رەوانە کردبوو، کە روپین و هاوڕێیەکانی بداتەوە دەست رژێمی تورکیا، بەڵام داخوازییەکەی رەت کرابۆوە، چونکە سەید ئیبراهیم بەختی خۆی بە ملیۆنێك لیرە نەدەگۆڕییەوە.

ئەگەر شاکر پاشا هێزی لەشکر بەکاربێنێ، ئەوا سەید ئیبراهیم بەرگری دەکا و بەم جۆرە وەڵامی دابۆوە، ئەوجا لەسەر خواستی روپەن (**Rupen**) و بە یارمەتیی سەید ریزا لەدێی کەسمەکورڕا بۆ ڤانکا، لەوێشەوە بۆ سنووری رووسیا رەوانە کرابوونەوە، بەوجۆرە لەدەست رژێمی تورکیا رزگاریان ببوو، بەم هۆیەوە روپەن شیرێکی بە یادگاری پێشکەش بە سەید ریزا کردبوو، هەتاکو ئەو دواییەش هەر لەلای سەید رەزا مابۆوە، لەپاش دەربازبوونی روپەن بۆ رووسیا بە یارمەتیی براکەی هاتبۆوە ئەرزینجان و لەساڵی (١٩٠٣)دا گیراو لە سێدارەدرا، دەرسیمی زۆر پەست و دڵگیر ببوون لە ئەنجامی ئەو بێ بەختییەی برایەکەی.

## ناوچەکانی دەرسیم

وەك ئاماژەمان بۆ کرد دەرسیم دوو پارچەیە:
١- دەرسیمی ڕۆژئاوا
٢- دەرسیمی ڕۆژهەلأت

١- دەرسیمی ڕۆژئاوا: لەمەڵبەندی شاری هوزات و قەزایەکانی چیمشکەزەك، پەرتەك، ئۆڤاجك و کەماه پێك هاتووە.

٢- دەرسیمی ڕۆژهەلأت: قەزایەکانی مەزگەرت، کیغی، چارسەنجاق (پەری)، نەزمیە و ناوچەی پلومەر دەگرێتەوە.

لەگەڵ کەمێ ڕوونکردنەوەی هەریەك لەو ناوچانە، بەچاکم زانی هەندێ لەبارەی خەرپوتەوە بدوێم، چونکە بەم دواییە بە پارێزگای ئەلازیزی دەرسیمەوە بەسترایەوە.

**خەرپوت**:

خەرپوت لە باشووری ناوچەی دەرسیمەوەیە، بیست کیلۆمەتر لە ڕووباری مورادەوە دوورە، گردۆلکە و هەوراز و نشێوەکانی زنجیرە چیای سوور، دەوریان داوە، هەروەها لە ڕۆژهەلأتەوە: شاری بێنگول، لەباکوورەوە: دەرسیم و لە ڕۆژئاواوە: مەلاتیا و لەلای باشوورەوە: سنووری دەگاتەوە سەر سنووری دیاربەکر. قەلأتی **حوسەین زیاد** یەکێکە لەقەلأتە بەناوبانگ و ناودێرەکانی خەرپوت. **چیای بەفرین** ساڵێ دوزادە مانگ بەفری لەسەر دەمێنێ و پێویستیی بەفری ولأتەکە لە هاویناندا دابین دەکا. باخ و باخچە و کانیاوەکانی خەرپوت زۆر جوانن.

خەرپوت سەردەمێ کرابووە مەڵبەندی قەزاو (٥)کیلۆمەتر گۆزرابۆوە لای باشوور و لەسەر پارچە زەوییەکی ڕاست دامەزرابوو و پێیان دەگوت **مەزرەعە** (Mezraa)، ناویان لەو شارە نوێیە نابوو (مأمورە تولئەزین)، لەو دواییەدا کە عەبدوڵا پاشا ئەلپ دۆغان بوو بە سەرکردەی لەشکری تورك لە ناوچەکانی دەرسیمدا، ئەو ناوەی کردە ئەلعەزیز (ئەلازین) (Elaziz) و خەرپوت کرایە شارۆچکە و لەدواییدا کردیانە بنکەی پۆلیس. بەو جۆرە شارەکە بووە کاولگە و دانیشتوانەکەی بۆ

مەڵبەندی شاری ئەلازیز هەڵکشان. لەبەر ئەوە ناوچەی دەرسیم جێگایەکی ترسناکە بەلای ڕژێمی تورکانەوە، بنکەی سەرۆکایەتیی لەشکر لە ئەلازیز دامەزرێندراوەو بەو دواییەش بنکەی فڕۆکەی سەربازیشی تێدا کراوەتەوە.

دانیشتوانی ئەلازیز خۆیان بە کورد دەزانن، لە ساڵی (١٩٢٦–١٩٣٠)دا بەپێی یاسای نیشتەجێکردن لە دەرسیم دە هەزار کەسیان گواستەوە ئەلازیز، هەروەها لە شارەکانی پالو، کیغی و بیتلیس چینێکی دیکە کۆچیان بۆ ئەلازیز کرد. خێزانەکانی دانیشتوانی ئەلازیز وەکو: (چوتەلی، ئیسپیر، رەژووکەر، حاجی خدر، جۆفرۆش، پەمۆچی)بە رەگەز کوردن. هەرچەندە دانیشتوانی ئەلازیز خۆیان بەکورد دەزانن و زۆریشیان زمانی تورکی نازانن، بەڵام لە ترسی ڕژێمی تورکان بەناچاری دەڵێن ئێمە تورکین، ئەگەرچی رەنگ و ڕوو و ڕەوشت و پیشەیان بە کوردی رەسەن دەچێ، لێرەدا پێویستە بڵێم کە زۆر لە ئەندامانی **(کۆمەڵەی تەعالی کوردستان)** لە ئەستەنبۆڵ و بەشی زۆری دامەزرێنەری کۆمەڵەی قوتابیانی کورد **(هێڤی) Hêvi** لە گەنجەکانی خەرپوت بوون و ئەمەیش لەلای هەموانەوە دیارە.

بەڕێزەوە دەڵێم بەشی زۆری قوتابیانی کورد لە قوتابخانەی سوڵتانی بە زمانی تورکی خوێندوویانە، بەڵام گیانی خۆیان لە پێناوی مافی نەتەوایەتیی کوردا بەخشیوە. خەرپوت شارێکی کوردنشینی شیرینە، پیاوی وڵاتپەروەرو زانا و ڕۆشنبیر و شاعیر و ئەدیبی زۆر پێ ڕاگەیاندووە.

بەداخەوە دەستەڵاتی زۆرداری تورکیا هەرچی لەدەست هاتووە، هەوڵی داوە بۆ لەناوبردنی زانست لە کوردستاندا، لەبەر ئەوە بڕیاری پێوەدانی کۆلیجەکانی ئەمەریکی و ئینگلیزی و ئەڵمانیی دابوو لەو ناوچانەدا.

**خێڵەکانی سەر بەناوچەی ئەلازیز ئەمانەن:**

**خێڵەکانی کوردی زازای پالو، خێڵەکانی زازای مەعدەنی، خێڵەکانی ئیزۆلان، خێڵەکانی پیران، خێڵەکانی دەلیکان، خێڵەکانی بزن رەش، خێڵەکانی چەلیکان، خێڵی بیرمەز(بەرمەز).**

## ناوچەکانی دەرسیمی رۆژئاوا

**هۆزات**:

هـۆزات[1]: سەنتەری پارێزگای دەرسیمە و سەرلەبەری دانیشتوانەکەی کوردن، ئێـرە پێشـی دەلێـن دەرسـیم. لەڕۆژهەلاّتـەوە: ناوچـەی مەزگـەرت، لەباکوورەوە: ئۆڤـاجك، لە رۆژئاواوە: چیمیشکەزەك و لەباشوورەوە: ناوچەی پەرتەك دەورەیان لێـداوە، لـە سـالّی (١٢٩٧) کۆچـیدا رژێمـی تورکیـا کـردبوویە پارێـزگا، بـەلاّم لـە سـەردەمی مەشـرووتیەت[2] دا کـرایەوە بـە لیـوا و بـە پارێـزگای ئەلازیـزەوە بەسـترایەوە، هـەروەها: کێـوی سـپی، سۆفکە، ساری سالتك و زنجیرە شاخەکانی هۆزان لەگەلّ (گەلی ئین) دەورەیان داوە.

**شارۆچکەکانی سەربەهۆزات ئەمانەن:**

ئەموتکە، سین، کەرمەل، سۆڤگە، کاراغلان.

هـەتاکو سـالّەکانی (١٩٣٨) هیـچ کـاتێ رژێمی تورکیا نەیتوانیوە فەرمانبەرانی خۆی بنێرێتە ئەو شارۆچکانەی لەسەرەوە ناویان هاتووە.

**خێلّەکانی سەر بە هۆزات ئەمانەن[3]:**

| ناوی خێلـەکان | شێوەیزمان(دیالێکت) |
|---|---|
| عەباسان (ژێرین) | زازا |
| کرگان، میرۆسان | زازا |
| فەرهەدان (ژێرین) | زازا |
| زەنگان | زازا |
| لەچینان | زازا |
| کەرەبالان (ژێرین) | زازا |
| فندان | زازا |
| کەرەبالان (ژوورین) | زازا |
| فەرهەدان (ژوورین) | زازا |

---

(١) چوار سەدە لەمەوبەر بەم دەڤەرەیان دەگوت هوزنا (Hozna) –نووسەر

(٢) بەیاننامەی دامەزراندنی کۆماری تورکیا و ڕووخانی پاشایەتیی عوسمانی– نووسەر

(٣) بەوخێلاّنە دەلێن هۆزەکانی شێخ حەسەنان. (نووسەر)

| | |
|---|---|
| عەباسان (ژوورین) | زازا |

**خێڵەکانی دیکەی سەر بەهۆزات- یش ئەمانەن:**

| | |
|---|---|
| بەختیاران | زازا |
| مستان | زازا |
| هۆشان | زازا |
| دەریکان | زازا |
| شێرتکان | زازا |
| روتان | زازا |
| دەروێش جەمالان | زازا |
| سارسالتکان | زازا |
| ئاغوجانان | کرمانجی |
| تیتەنیکان | کرمانجی |

**کەنیسەیەکی رۆمانی لە دێی ئەرگان-ی سەربەهۆزات هەیە.**

**چمیشکەزەك**:

ناوچەی چمیشکەزەك لە(٧٠) کیلۆمەتری رۆژئاوای باشووری هۆزاتەوەیە. شارێکی زۆر کۆنی میرایەتیی کوردستانە. لە باکوورەوە، ئەگین، لەباشوورەوە: ناوچەی پەرتەك و لە رۆژئاواوە: رووباری موراد تخووبی ئەو شارەیان دیاری کردووە. شارۆچکەکانی چمیشکەزەك ئەمانەن:

کالە، تەکیە و کاکپەر.

دانیشتوانی ئەو شارۆچکانە هەر هەموو کوردن، هیچ کاتێ رژێمی تورکان نەیتوانیوە فەرمانبەری خۆی بنێرێتە ئەو شارۆچکانە.

ناوەڕاستی شاری چمیشکەزەك، گەلی و دەربەندێکی گەورەی تێدایە و دەورو بەریشی دارستان و لێڕەوارەو زنجیرە شاخەکانی **هۆزان** و **کرکلار** دەورەی ئەو شارەیان گرتووە.

**خێڵەکانی چمیشکەزەك ئەمانەن:**

| ناوی خێڵەکە | شێوەی زمان(دیالێکت) |
|---|---|
| خێڵی کۆچان | زازا |
| خێڵی شەمکان | زازا |
| خێڵی رەسیکان | زازا |
| خێڵی کورمەشان | کرمانجی |
| خێڵی فەرهەدان | زازا |
| خێڵی نەنیکان | زازا |
| خێڵی زەکەران | زازا |
| خێڵی شەکاکان | کرمانجی |

**ئۆڤاجك**:[1]

لەساڵی (١٣٣٠) کۆچیدا لە (٥٠) کیلۆمەتری باکووری **هۆزات**، ناوچەیەك بەناوی ئۆڤاجك دامەزرا کەلە رۆژهەلآتەوە: پلومەر، لەباکوورەوە: شاخەکانی مونزور، لەلای رۆژئاواوە: ئەگین (مەلاتیا) دەورەیان گرتووە، کاتێ ئەوناوچەیە دامەزرا، **ساغر سابیت زادەی کەماهی** پارێزگاری دەرسیم بووە، بە ئاگاداریی خێڵەکانی ئەو دەوروبەرە لە گوندی پولو، بنکەی رژێمی تورکیای دامەزراندو شارۆچکەکانی **مەرجان، میهسۆر و چرپازن**ــی، لەگەڵ ئەو ناوچەیە داو فەرمانبەرانی لە خەڵکی ناوچەکە دامەزراندو مەحمود ئاغای سەرۆکی خێڵی **ئەرسلانانی کردە قایمقام** چونکە کۆمەڵەی (ئیتیحادو تەرەقی) زۆر رێزی لێدەگرت. **هە**رچەندە لەساڵی (١٣٣٢) کۆچیدا خێڵەکان نیزام و رێکوپێکی ئەو ناوچەیان تێکدابوو، بەلآم لەساڵی (١٩٢٤)ز دا دووبارە بە رەزامەندیی خێڵەکان ناوچەکە دامەزرایەوەو مەڵبەندەکەی گوازرایەوە گوندی **زەرانیك و مونزور قاسم، سەرۆکی خێڵی مەقسوودان کرایە قایمقام**. لە پاشدا قایمقامێکی تورکی، ناو فەهمی لەگەڵ چەند فەرمانبەرێکی تورکی بۆ رەوانە کراو لەبەر ئەوەی زۆر کردەوەی ناڕێك رووی دابوو، خێڵەکان، قایمقام و فەرمانبەرانی تورکیان دەرکردو، تاکو ساڵی (١٩٣٨) دەزگای ناوچەی

---

[1] بە کوردی دەڵێن (دەشت) یان دەشتۆکە– وەرگێر.

ئۆڤـاجك تێکـدراو ناوچـەی ئۆڤـاجك لەژێـر دەسـەڵاتی هـۆزی کـەوان دایـە و واش پێدەچـێ، ئـەو هـۆزە لـە خێـڵـی کـەوانی خوراسـان، جـودا بووبێـتەوە و هاتبێـتە دەرسـیم و جێنشـین بووبـێ، لەناوچـەی ئۆڤـاجك سـاڵانە، (٥-٦) مەتـر بەفری لێ دەکەوێ، هەروەها ساڵێ شەش مانگ بەفر داپۆشتووە.

لەو سەردەمەی کە رژێم دەستەڵاتی هەبووە لە ئۆڤاجك، پۆستە بەپشتی زەلام رەوانـە دەکرا. باشـووری ئۆڤـاجك پێـی دەڵێن بەلکیش، دارستانی زۆرە و پاوانی جوانـی لێیەو لەژێر دەستەڵاتی خێڵـی مەقسوودان-دایە، پێدەچێ وشەی بەلکیش لەوشـەی (مـەلکیش) وەرگیرابـێ، کـەناوی شارۆچـکەیەکی میرایـەتیی کـوردی چیمیشکەزەکە. ناوچەی ئۆڤاجك هەرهەمووی کوردن و ناوی خێڵەکانیش ئەمانەن:

**هۆزی کال**:[١]

| ناوی خێڵەکان | شێوەی زمان |
| --- | --- |
| خێڵی کەچەلان | زازا |
| خێڵی بالان | زازا |
| خێڵی بریمان | زازا |
| خێڵی عەباسیان | زازا |
| خێڵی کولیکان | زازا |
| خێڵی سەیدکەمالان | زازا |

**هۆزی کەو**KEV [٢] **تیرەی کەو**:

| | |
| --- | --- |
| خێڵی ئەرسلانان | زازا |
| خێڵی مەقسوودان | زازا |
| خێڵی پەزکەوران | زازا |
| خێڵی بەیتان | زازا |
| خێڵی هۆلیکان | زازا |

---

[١] ئەو شەش هۆزە پێیان دەڵێن تیرەی کالان (Kalan) (نووسەر)

[٢] ئەو (٥) خێڵە، هۆزی کەویان پێ دەڵێن- نووسەر

**هۆزی کۆچ** [1] (Hoze KOC)

| ناوی خێڵەکان | شێوەی زمانیان |
|---|---|
| خێڵی کۆجان | زازا |
| خێڵی شەمکان | زازا |
| خێڵی رەسیکان | زازا |
| خێڵی نەنیکان | زازا |
| خێڵی ئاشوران | کرمانجی |
| خێڵی دیمان | کرمانجی |

**پەرتەك**:

پەرتەکی کۆن و پەرتەکی نوێ یەکێکە لە ناوچەکانی دەرسیم، لەڕۆژهەڵاتەوە: مەزکەرت، لە باکوورەوە: هۆزات و لەڕۆژئاواوە: ناوچەکانی چیمیشکەزەك و لەباشوورەوە بە رووباری فورات دەورە دراوە، پەرتەکی نوێ لە دامێنی شاخەکانی **سوور** (Kizil) و **مەرجیمەك** (Mercimek)ەوەیەو بە کانی و باخ و باخچەی زۆر جوان ناسراوە.

قەڵاتی پەرتەك لەسەر لوتکەی شاخێکی بەرز و رِك و رِەقەن و زاڵ بەسەر کەناری زێی فورات دامەزراوە.

**هەروەها** لەژێر قەڵاکەشدا کۆنە مزگەوت و منارە و دوکان هەن و لێرەدا هەر حەفت رۆژان، جارێك بازارِ دادەندرێ.

لەسەردەمی **یاوز سوڵتان سەلیم**-**دا** لە ساڵی (٩٢١)ی کۆچیدا لەژێر چاودێریی **مەلائیدریسی بتلیسیدا** دیاربەکر نۆزدە ناوچە بووە، لەوانە دەیان لەژێر دەستەڵاتی رژێمی تورکیا بوونە و نۆیانیش لەژێر دەستەڵاتی رەسەنی میرەکانی کورد-دا بوون و سەربە دەوڵەتی عوسمانی بووینە، لەو نۆ ناوچەیە یەکەمیان پەرتەك بووە، دووەمیان ساغمان بووە، کە لەداهاتوودا باسی لێوەدەکەین.

---

[1] ئەو (٤) خێڵە، هۆزی کۆچان-یان پێ دەڵێن- نووسەر

ئەو(١٥) خێڵە بەیەکەوە هۆزی (سەیدان) پێك دێنن- نووسەر

بەوجۆرە دەردەکەوێ کە کۆنە پەرتەك، ناوچەیەکی شاخاویی کوردنشین بووە و ئەو کۆنە شوێنەوارانەی تێدا ماوەتەوە کە بێگومان لە کوردەکان بەجێماون و بەڕاستی سەربەخۆ بووینە.

**خێڵەکانی ناوچەی پەرتەك ئەمانەن:**

| ناو | شێوەی زمان |
|---|---|
| ١) خێڵی پیلڤانکان | کرمانجی |
| ٢) خێڵی کەشکە هۆران | کرمانجی |
| ٣) خێڵی میرزان | کرمانجی |
| ٤) خێڵی خەلیفان | کرمانجی |
| ٥) خێڵی پیران | کرمانجی |
| ٦) خێڵی سورکیجان | کرمانجی |
| ٧) خێڵی شەکاکان | کرمانجی |
| ٨) خێڵی کورمەشان | کرمانجی |

**ئەم سێ شارۆچکەیەش سەر بە پەرتەك– ن:**

١) ساغمان

٢) چارسەنجاق (قەرەچۆر)

٣) جەلەدۆر

جار جارە سەرۆکی خێڵەکانی کورد لەو ناوچانە بوونەتە کارگێڕ، دەنا بەزۆری بێ کارگێڕ ماونەتەوە، ئەوجا بە پێویستی دەزانین بەپێی گرنگی باسیان لێوە بکەین:

## ساغمان

بە گەورەیی کاولگە و پاشماوەی گۆڕستانی ئەم شارە، ئەوە بەدەر دەکەوێ کە ئەم شارە لە رابردوودا شارێکی زۆر گەورە بووە. قەلاَکەی لەسەر لوتکەی شاخێکی زۆر بەرز و ڕك دامەزراوەو دەنواڕێتە سەر گەلی و دەربەندێکی سەیرو بە هەڵدێر، مزگەفتەکەی لە چینی رەنگاورەنگ[1] (کاشی موزایك) دروست کراوە و

[1] چینی رەنگاورەنگ=Renkli:

**ناسراوە.**

**ساغمان لەسەر شاخێکی بەرز و ڕك دامەزراوە، لەبەر ئەوە تەنها ڕێگای بزنە کێوی هەیە کە مرۆڤ پێیدا بڕوا. دۆڵەکانی دەوروبەری شارەکە زۆر بەهەڵدێر و ترسناکن.**

**لە ژوورێکی کۆن، لە ناو مزگەفتەکە چوار تا پێنج گۆڕی تێدایە. دێیەکی گەورەش لە باکووری ڕۆژئاوای ساغمان هەیە، ئەم گوندە پێی دەڵێن دەرسیمی ساغمان.**

**لەساڵی (٩٢١) کۆچیدا ئەو ناوچانە لە ژێر دەستەڵاتی هەر نۆ میری کورد–دا بوون کە دووەمیان ئەو شارە بووە.**

**شاری ساغمان کۆنە و بەجارێ تێکچووە، قەڵا و بناغەکەی بەسەریەکدا رووخاون. دانیشتوانی شارەکە بۆ ناو باخ و باخچەکانی باکوور و ڕۆژئاوای شارەکە کشاونەتەوە، گەڕەکیان لەو جێگایانە دروستکردووە.**

**لەشاری ساغمان چەند گەنجێکی کورد پێگەیشتوون کە گیانیان لە پێناوی مافی نەتەوایەتیدا بەخشیوە.**

**خێڵەکانی ساغمان ئەمانەن:**

| ناو | شێوەی زمان |
|---|---|
| خێڵی عەباسان | زازا |
| خێڵی فەرهادان | زازا |
| خێڵی دەروێش جەمالان | زازا |
| خێڵی هولیکان | زازا |
| خێڵی پلۆڤەنکان | کرمانجی |

---

لە سەردەمی پێشیدا قوڕی تایبەت دەگیراوە و چوارچمك و سێقولینچك بە پێی پێویست دەکرا شەپکە (قالب)ی تەنك و لە سەر ڕووێکی وێنەی باڵدار و گوڵی ڕەنگاورەنگی جوانی، بە جۆرە ڕەنگێ کە پێی دەڵێن (مورەکەب چینی) دەکرا و لە ناو کوورەی تایبەتدا دەبرژاندرا و بەم جۆرە ڕەنگەکە جێگر دەبێ و ناچێتەوە، هەر وەکو کاشی دیواری ئێستاکە ئەویش لە زۆر جێگا لەبۆ نەخشی جوان و مەبەستی پاك بەکار دەهێندرا –وەرگێڕ

## چار سنجاق

گەورە پیاوانی ئەو ناوچەیە : کوڕانی حاجی ئیسحاق پاشا زادە: **ئەرسەلان، شەریف و ئوسمان بەگ**. ئەحمەد ئوسمان بەگزادە زەوییەکانی خۆی فرۆشتە کوردان و چووە ئەستەنبۆڵ. یومنی شەریف بەگزادە، لە شۆڕشی شێخ سەعیددا ڕەوانەی قۆنیە کرا. بەلاّم بەدری ئەرسەلاّن زادە لە دێی ئیملیکی کوردی دەست بەسەرکرا. هەروەها ئەحمەدیش لە گەورە پیاوانی ئەو ناوچەیەیەو، نوێنەرێکی کۆن بوو، بە فەرمانی سەربازی ڕەوانەی دەرسیم کراو لە ڕێگا کت و پڕ مرد.

ئەو گەورە پیاوانەی ساڵەها لە چارسەنجاق دەسەلاّتیان هەبووە، لەکاتی نادر شاه–دا لە خوراسان شاربەدەر کرابوون. هەندێ کەس دەڵێن قەرەچۆل و هەندێ دەڵێن بزن ڕەش بووینە، چەندین کەس دەڵێن لە ڕەسەنی گەورە پیاوانی میرەکانی کوردانی پەرتەك و ساغمان بووین. کاربەدەستانی ڕژێمی تورکیا ئەو گەورە پیاوانەی لەیەك هان دەدا و بەهۆی ئەوانەوە نەیدەهێشت خێڵەکانی دەرسیم بەرانبەر تورکان شۆڕش بکەن.

ئەو پیاوانە چەکداریان لە خێڵەکانی:

**دیمەنان، پیلڤەنك و سوران**. بە پارە بەکرێ دەگرت و ناکۆکیی نێوان دێهاتەکانی خۆیان بەهۆی ئەو چەکدارانەوە چارە دەکرد، وا دەبوو دوژمنداریی گەورە دەکەوتە نێوان هۆزە چەکدارەکان و چەندین ساڵ درێژەی دەکێشا.

ڕژێمی تورکیاش، لەباتی ئەوەی کە کوشتاری نێوان خێڵەکان رابگرێ بە پێچەوانەوە، پتر ئاگرەکەی خۆش دەکرد. هەر چ خراپەیەکی لە دەست دەهات، بۆ لاواز کردنی دەرسیم دەیکرد. ئیتر ڕژێمی تورکیا لە سەر ئەو ڕەوشتە نا هەموارە دەڕۆیشت، تاوەکو ساڵی (١٩٣٧)ی ئەوجا دوا گورزی خۆی بۆ کوشتنی دەرسیم تەرخان کرد.

ناوچەی چارسەنجاق لە ڕۆژهەلاّتەوە: ڕووباری مونزور و ڕووباری پەری، لە باشوورەوە: ڕووباری فورات. هەروەها ناوچەی پەرتەك لە باکوور و ڕۆژئاوایەوە سنووریان بۆ داناوە و بە سامانترین جێگایە لە دەرسیم، بەتایبەتی بەرهەمی تووتن و پەمۆی چارسەنجاق زۆر ناودێرن.

**جەلەدور**:

کەنارەکانی زێی فورات، ڕۆژئاوای ناوچەی پەرتەك دەگرنەوە. خێڵەکانی شکاك و کورمەش لەو ناوچەیەدا جێنشینن و خاوەن مێگەلە (مەڕ)ن. ئێرە زستانە هەواری مەڕ و ماڵاتی (ئاژەڵ)ی دەرسیمییانە.

**پلومەر** (**کوزیجان**):

ناوچەی پلومەر لە ڕۆژهەڵاتەوە: کیغی، لە باشوورەوە: مەزگەرت لەلای ڕۆژئاواوە: نەزمیە و ئۆڤاجك و لە لای باکوورەوە: سنووری پارێزگای ئەرزینجان دەوریان داوە، جەربەزەو ڕەشید و سادەترین خێڵەکانی دەرسیم لێرەدا نیشتەجێنە.جێگایەکی زۆر شاخاوی و بەکەند و کۆسپ و دارستانە، لێرەدا خێڵەکان بە سەربەستی ژیاون. ڕژێمی تورکیا هیچ کاتێ بەسەریاندا زاڵ نەبووە.

بەکۆ ئاغای سەرۆکی هۆزی **کەچەڵان** لەو جێگایەدا و لەناوەڕاستی **دەنزیك و ئەشکەرەکدا** چەند ساڵ لە دژی ڕژێمی تورکیا خەباتی کردووە و دەستی بەسەر ناوچەکانی ویلایەتی ئەرزەرۆم و ئەرزینجاندا گرتووە و باوکی بەکۆش ، خلیل ئاغا لەکاتی خۆی پارێزگاری ئەرزینجان بووە و بەگشتی دەستی بەسەر ئەو جێگایانە دا گرتووە و خستوونیەتە ژێر دەستەڵاتی کوردستان و، دێهاتەکانی باشووری ئەرزینجان، نزیکی کەناری زێی فوراتی بەناوی خێڵەکانی خۆیەوە کردبوو.

لەو ناوچەیەدا ئەگەرچی سێ شارۆچکە هەن:

**دەشت، دەنزیغ و شەتەری**، بەڵام هیچ کاتێ مووچەخۆری تورك لەوشارۆچکانەدا کاریان نەکردووە. زۆر کەس هەیە بە پلومەر دەڵێ کوزیجان، لەو ناوەڕاستە شاخی بە دوکەڵ[1] و کەندی بە هەڵدێر و گەلی—ی بە کۆسپەی ڕەق و ترسناك هەڵکەوتوون.

دەربەندی قوتووی دەرسیمی بەناوبانگ بە ناو شاخە سەیر و بەرزەکانی ئەو ناوچەیەدا دەڕوا و ناسراوترین شاخەکانی ئەمانەن:

**چیای باغر ٣٣٠٠م، چیای قەرەجەقەلە ٣١٠٠م**، چیای بوکر٣١٥٠، چیای چەغەلان ٢٧٥٠، چیای هێل ٣٢٠٠م.

---

[1] بەو چیایانە دەڵێن (چیای دوکەڵدار) بە تورکی بە (دومانلی داغلاڕ) بەناوبانگە —وەرگێڕ

**خێڵەکانی پلومەر کە لەو دەڤەرانە دەژین ئەمانەن:**

| ناو | شێوەی زمان |
|---|---|
| خێڵی کەچەلان | زازا |
| خێڵی عەباسان | زازا |
| خێڵی ئاریلان | زازا |
| خێڵی چارەکان | زازا |
| خێڵی کەمان | زازا |
| خێڵی کورەیشان | زازا |
| خێڵی باما سۆران | زازا |
| خێڵی بالان | زازا |
| خێڵی بالابان[١] | زازا |
| خێڵی لۆلان | زازا |
| خێڵی سیسان | زازا |
| خێڵی شێخ مەحمەدان | زازا |
| خێڵی شادان | کرمانج |

ئەو هۆزانە بەبتوونی نیشتەجێن، خێڵی **کەچەلان** نەبێ ئەوانی دیکە هەموو لەژێر دەسەڵاتی **شاە حوسێن دان**، سەرۆکی خێڵی چارەکان، شاە حوسێن کە یەکێکە لە پیاوە بەناوەکانی دەرسیم، بەچاکی دەزانم نەختێکی لەبارەوە بدوێم.

**شاە حوسێن بەگ**:

دەوڵەمەندترین کەس بووە لەدەرسیم، زۆر جار چێشتی بۆ هەموو سەرباز و ئەفسەری (ئەرزینجان– ئەرزرۆم) کردووە و هەر یەکە مووچەی مانگێکی پێبەخشیون، بەپێی بۆچوونی نووسەرانی تورک لەماڵی شاە حوسێن بەگ–دا گۆڕی پیاو چاکێکی پیرۆز هەبووە، بەناوی **سەرسپی (Kale Spi)**، کوردەکان هەردەم زیارەتی ئەو چاکەیان کردووەو دیاریی زۆریشیان بۆ بەجێ هێشتووە، بەم شێوەیە ئەو پارە زۆرەی کۆکردۆتەوە و دەوڵەمەند بووە. لەگەڵ ئەوەشدا خاوەن

---

[١] چوارسەدە پێش زایین ئەو دەڤەرەی ئەو خێڵەی تێدا بووە پێیان دەگوت بالابیتن. (د.دەرسیمی)

زەوی بـووە و هـەموو بەرهـەمی کارگـەی خوێی **هوڤەیر**، ماڵـی خۆی بووە. ئەوجا لەبـەر چـاوتێری و سـەر بڵـندی، دەرسیمی ناویان لێ نابوو (شاه) و رژێمی تورکیا کـردبوویە قایمقـامی پـلومەر بـە درێژایـی تەمـەنی، هـەروەها لەبـەر بـەژن کورتیی دیسـان دەرسـیمی ناویـان لێ نـابوو قوتـە **کلـیمۆ(Kilmo)**، دیوانەکەی لە دامێنی چـیای بۆکـر بـوو، ئـەو جێگایـەش پێیـان دەگـوت سـاباتی ئاغـا، **شـەنیی ئاغایـە (Seniye-Agaye)**. لەو جێگایەدا دەرسیمی رابواردن و سەیرانیان دەکرد.

کوڕەکـانی: لەوانـە حـەیدەر لەشـاربەدەری گیـانی خـۆی لەدەسـت–دا، بـەڵام موسـتەفا و حەسـەن بـەهاندانی تورکـان لەگەڵ لەشکری رووس تووشی شەڕ بوون کـە گەڕانـەوە لـەباتی خـەڵات کـردنیان رژێمـی تورکیـا شـاربەدەری کـردن، بـەڵام کچـەکەی مێـردی بـە خـزمەتکارێکی خـۆی کـە نـاوی **مـەمی ئیلیاس** بوو، کردبوو فەرمانـڕەوایی خێـڵەکەی بەدەسـتەوە گرتـبوو، بـەڵام خزمەکانی لەناویان بردو لە کۆڵیان کردەوە.

**مەزگەرت**:

وا پێدەچـێ نـاوی مەزگـەرت لـەناوی میرایـەتیی **مەجیـنگەرت**–ەوە وەرگیرابێ کەلەکۆنـەوە لـەم نـاوەدا هـەبووە، لـە رۆژهەڵاتـەوە پلومەر لە باکوورەوە: نەزمیە (قـزل– کلیسـە) و لـە باشـوورەوە: ناوچـەکانی پەرتـەك و لـە رۆژئاواوە: بەشاری هـۆزات–ەوە چـوار دەورە دراوە، شـارێکی زۆر کۆنـە و لەسـەر چـیایەکانی زەل–دوزگـون دروسـت کـراوە، لەڕۆژهـەڵاتی مەڵـبەندی شـاری مەزگـەرتدا بـاخێکی زۆر ناسـراو هەیـە، لەهەرچـوار دەورەی باخچـەکە کـانیی دەرمانـاوی تێدایـە، لـەلای باشـووری ئـەو باخـەش سـێ قـەڵات هـەن کـە پێیـان دەڵێـن **قـزل– دیـربان** و زۆر بەناوبانگن.

دانیشتوانی ئەو شارە نەوەی خێڵەکانی:

**شـات، ئیـزۆل و هـیرام**–ن. بنەچـەکەی ئەو خێڵانەی لەسەرەوە ناویان هاتووە دەچێتەوە سەر کوردان. شارۆچکەکانی سەر بە ناوچەی مەزگەرت ئەمانەن:

**تورشمەك، پاه و موهوندی.**

تـروشمەك: کەوتۆتـە سـەر کـەناری رووباری مونزورو زۆر جێگایەکی خۆش و بە

مێـرگ و سـەوزاییە، عـەلی گـاه سـەرۆکی خێـڵـی کورەیشـان هەمیشە لە تورشمەك کارگێڕی تایبەتی بووە.

سەر لەشکری تورکان، عەبدوڵا پاشا، گوندی مەمیکانی لەو ناوچەیەدا کردبووە مەڵبەندی رژێمـی دەرسـیم. بـۆ یەکـەم جـار لـە سـاڵی (١٩٣٨) دا نـاوی ناوچەی دەرسیمی گۆڕی و کردە **(تونجەلی) (Tunc- Eli)**.

**پاه:** شارۆچکەی **پاه** جێگایەکی شاخاوی و زۆر بە کەند و کۆسپەیە، دەکەوێتە باکووری دەڤەرەکەوە، **تەموری** سەرۆکی خێڵی **سۆران** هەموو دەمێ لێرەدا کارگێڕ بووە.

شارۆچـکەی موهونـدی دەکەوێـتە باشـووری رۆژهــەڵاتی دەڤەرەکـەوەو زۆر جێگایـەکی بەسـامانە و سـەرۆکی خێـڵـی **شـادان** کـە نـاوی **نـەجیب ئاغا** بووە، بە درێژایی تەمەنی لێرەدا کارگێڕ بووە.

**خێڵەکانی مەزگەرت ئەمانەن:**

| ناو | شێوەی زمان |
|---|---|
| خێڵی باما سوران | زازا |
| خێڵی هۆرمەکان | کرمانجی |
| خێڵی کولیکان | کرمانجی |
| خێڵی ساندەلان | کرمانجی |
| خێڵی هیران | کرمانجی |
| خێڵی کەتان | کرمانجی |
| خێڵی بامیران | کرمانجی |
| خێڵی باتان | کرمانجی |
| خێڵی ئالان | کرمانجی |
| خێڵی کەریمان | کرمانجی |
| خێڵی گولان | کرمانجی |
| خێڵی گۆتان | کرمانجی |
| خێڵی زولفان | کرمانجی |

| | |
|---|---|
| خێڵی دیمەنان | زازا |
| خێڵی موران | زازا |
| خێڵی بالیکان | زازا |
| خێڵی گێرتان | زازا |
| خێڵی مستکان | زازا |
| خێڵی یوسوفان | زازا |
| خێڵی گەڤران | زازا |
| خێڵی میلان | کرمانجی |
| خێڵی شێخ بازان | کرمانجی |
| خێڵی ئیسۆلان | کرمانجی |
| خێڵی شادان | کرمانجی |
| خێڵی سۆران | زازا |
| خێڵی کورەیشان | زازا |
| خێڵی شەیخان | زازا |
| خێڵی کودان | زازا |
| خێڵی هامان | زازا |
| خێڵی شێخ مەحمەدان | زازا |

**قزل کلیسە (نەزمیە)** :

نەزمیـە لەچوار لاوە ئـەو ناوچانە دەورەیان گرتووە. لە ڕۆژهەڵاتەوە: پلومەر، لـەباکوورەوە: شـاری ئەرزیـنجان، لـە باشـوورەوە: ناوچـەی مەزگـەرت و ناوچـەی ئۆڤـاجیك دەکەوێـتە لای ڕۆژئـاوای ئـەو ناوچەیە و بەتەواوی دارستان و لێرەوارە. سـاڵێ حـەفت مـانگ زسـتانە و (٦) مەتـرە بەفـری لێدەبارێ. قەڵاتێکی سەردەمی ڕۆمـەکانی تێـدا ماوەتـەوە و تـاکو ساڵی (١٩٣٨) ڕژێمی تورکیا نەیتوانیوە بچێتە ئـەو ناوچـەیە. کـوردەواری ئێـرەش بـەردەوام لەسـەر ڕەوشت و پیشەی کوردینی خۆیان بەردەوام بوونەو بەسەربەستی لێرەدا ژیاون.

**خێڵەکانی نەزمیە ئەمانەن:**

| ناو | شێوەی زمان |
|---|---|
| خێڵی شەمدینان | زازا |
| خێڵی پوریکان | زازا |
| خێڵی پەرچیکان | زازا |
| خێڵی خورشیدان | زازا |
| خێڵی کورەیشان | زازا |
| خێڵی حەیدەران | زازا |
| خێڵی ئارەلان | زازا |
| خێڵی قارسانان | زازا |
| خێڵی لۆلان | زازا |
| خێڵی شێخ مەحمەدان | زازا |
| خێڵی ئالان | زازا |
| خێڵی هۆرماکان | کرمانجی |
| خێڵی ماسکان | کرمانجی |
| خێڵی کومسوران | کرمانجی |

**پەری**:

ناوچەی پەری دەکەوێتە نێوان ناوچەکانی پەرتەك و مەزگەرتەوە، چاکترین ناوچەی دەرسیمە لەرووی بە پیتیی زەوییەکانیەوە، هەروەها دێهاتە ناودێرەکانی ئەمانەن:

**ئەیوالك، ماسەداریچ، بالیشێر، هاریسیك، هەجەر، زەری.**

لەکاتی شۆڕشی شێخ سەعیددا، گرتنی پردی زەر لەلایەن لەشکری تورکانەوە بووە هۆی کۆسپێکی گەورە لە پێش جووڵانەوەی شۆڕشگێڕانی کورد لە ناوچەکەدا.

خێڵەکانی لێرەدا جیٚنشینن ئەمانەن:

## خێڵی قەرەچور و خێڵی بزن ڕەش (قەرەکەچی)

**کیغی**:

کیغی ناوچەیەکی زۆر گرنگ و پان و راستاییە، ڕووبەرەکەی(٣١٧٤٧) کیلۆمەتری چوارگۆشەیە. زۆر کەس هەن دەڵێن کیغی بە وڵاتی شاخاوی ناودێرە، پاوانی جوان لە سەر چیایەکانی کیغی هەن، بۆ بەخێوکردنی ماڵات شایانی باسن، ئەو پاوانە خۆشانە هەواری مێگەلە مەڕی هەر لایەکی کوردستان. لە باکووری ئەو ناوچەیە ئەرزروم– پلومەر و لە ڕۆژهەڵاتەوە: خنس و لە ڕۆژئاوا: مەزگەرت و لەلای باشوورەوە لەگەڵ ناوچەی پالۆ تخووبیان دەگاتەوە سەریەك و سەرجەم دانیشتوانی مەڵبەندی ناوچەکە کوردن.

بەپێی سەرژمێری ڕژێمی تورکیا لەساڵی (١٩٣١) زایینیدا خێڵەکانی سەر بەو ناوچەیە، ژمارەیان (٣١٤٩٢) کەس بووە، بەڵام ڕاستییەکەی زۆر لەو ژمارەیە پترە و بەشی زۆری دانیشتوانی ئێرە کوردن، ئەو بێگانانەی لە کۆنەوە لێرەدا ژیاون، ئەوانیش بوونەتە کورد و لەو بابەتە چاکترین بەڵگە لاپەڕە نووسراوەکانی بیرەوەریی مێژوویی سەردارێکی ڕۆمایە کەناوی کیگا بووە، بەڵام نووسەری تورك، عەلی کەمال لە بەرهەمەکەی خۆیدا(مێژووی ئەرزینجان) ژمارەی کوردانی لەم ناوچەیەدا شێواندووە و تێکەڵی کردووە.

چیایەکانی ناوچەی کیغی ئەمانەن، کە لەناوەڕاستی ناوچەکەدان:

١) **چیای چاڤڕەش، چیای بۆغە (گا)و چیای شەیتان**

ئەو شاخانە وەکو گوتمان دەکەونە ناوەڕاستی ناوچەی کیغییەوە، بەڵام چیای بێنگول بەتەواوی سنووری باکووری بۆ دادەنێ و شاخەکانی بێنگول بەرزاییان ( ٣٦٥٠م) مەترە و ڕووبەرەکەیان (٣٠٠٠) کیلۆمەتری چوارگۆشەیە، ئەو چیایانە کولێك و گوڵی زۆر جوان و بۆن خۆشیان تێدا هەیە، لەبەر ئەوە پێی دەڵێن بێنگول (بێن – گول) (**Ben- Gul**). واتە کێوەکانی کولێك و گوڵی بۆندارن.

**خێڵەکانی ناوچەی کیغی:**

| ناو | شێوەی زمان |
| --- | --- |
| خێڵی زمەیکان | کرمانجی |
| خێڵی شاڤاتان | کرمانجی |
| خێڵی سادیکان | کرمانجی |
| خێڵی شەڤاکان | کرمانجی |
| خێڵی شەتەران | کرمانجی |
| خێڵی پۆریکان | زازا |
| خێڵی ماسکان | زازا |
| خێڵی مەقسوودان | زازا |
| خێڵی لەرتیگان | زازا |
| خێڵی کورەیشان | زازا |
| خێڵی کوبەتان | کرمانجی |
| خێڵی کومسوران | کرمانجی |
| خێڵی قارسەنان | کرمانجی |
| خێڵی ئیزۆلان | کرمانجی |
| خێڵی هۆرمەکان | کرمانجی |
| خێڵی جانبەگان | کرمانجی |
| خێڵی بامەسوران | زازا |
| خێڵی چەکان | زازا |
| خێڵی چارەکان | زازا |
| خێڵی گوتان | زازا |

# ژمارەی دانیشتوانی دەرسیم

بەپێی سەرژمێری گشتیی رژێمی تورکیا لەساڵی (١٩٢٧) زاییـنیدا، ژمارەی دانیشتوانی دەرسیم (٢٧٠) هەزار زیاتر بووە، ئەو ژمارەیە تایبەتە بە پارێزگای هوزات و ناوچەکانی پەرتەك، چارسەنجاق، مەزگەرت، نەزمیە، ئۆڤاجك، چیمیشکەزەك، چونکە هەموو دەمێ سەرژمێری لە دەرسیم نەکراوە. ئەو ژمارەیەی دیاریکراوە تەنها خێڵەکانی نزیك ناوچەکان دەگرێتەوە.

لە راپۆرتی رۆژنامەنووسە تورکەکاندا کە لەو ناوچەیەدا بووینە، دەردەکەوێ، تاکو دوای کۆتاییهێنان بە بزووتنەوەی سەربازی لە ساڵی (١٩٣٨) لە دەرسیمدا هیچ سەرژمێرییەك نەکراوە، بێجگە لە ئەو (٢٧٠) هەزارەی رژێمی تورکیا دیاریکردووە، خێڵەساتی ناوچەکانی کیغی، پلومەر لەگەڵ ئەرزینجان، کەماه، کوروچای، رەفاهیە، کۆچکیری، دیڤریگی و هاڤیك (کوچیهار) لەگەڵ سەرژماردندا نەبووینەو تا ئێستاش هەر لە جێگای خۆیانن. لەپاش شۆڕشی شێخ سەعیدی نەمر، ئەرکانی عامەی تورکی و شوعبەی سجلی نهێنیی گشتیی وەزارەتی ناوخۆ بە پێویستیان زانیبوو سەرژمێرییەك لە ویلایەتەکانی رۆژهەلاتدا بکەن، واتە بۆ دانیشوانی کوردستان بەمەرجێ ژمارەی کورد و تورك لەیەك جیاواز بێ و هەر یەکە بەتەنها بنووسرێ.

زۆریش راستە کە فەرمانبەرانی تورك هەوڵیان دەدا کوردەکان بە کەمترین و تورکەکان بە زۆرترین بنووسن.

هەروەها لەناو خێڵەکانی دەوروبەری ئەرزینجاندا سەرژماردن نەکراوەو فەرمانبەران بە مەزەندە نووسیویانە و ڕەوانەی وەزارەتی ناوەخۆیان کردووە.

لەساڵی (١٩٣٢) دا عەلی کەمال والی ئەرزینجان لە کتێبەکەی (مێژووی ئەرزینجان)دا، ئەو سەرژمێرییەی تێدا روون کردۆتەوە و لە ئەنجامدا ژمارەیەکی زۆر لە کوردان بە تورك نووسراون تا ژمارەی تورکانی پێ زۆر بکەن، هەروەها لە سجلی رەسمی بەشێکی زۆر لە کوردان بە تورك نووسراون و پێش ئەوەی کوردەکان رەخنەی لێبگرن، مێژوونووسەکانی تورك بەرهەڵستیی ئەم جۆرە کارانەیان کردبوو.

بەپێی روونکردنەوەی سەرژمێریی عەلی کەمال لە (مێژووی ئەرزینجان)دا:

| ناوچە | کورد | تورك |
|---|---|---|
| ئەرزینجان | ١٣٧٣٥ | ٣٥٢٠٨ |
| رەفاهیە | ٤٤٩٠ | ١٢٠٧٣ |
| کەماه | ٦١٧٠ | ١٧٢٢١ |
| کورۆچای | ٢٤٩٥ | ٩٤٦١ |
| پلومەر | ١١٣٥٠ | ١٢٢٤ |
| کیغی | ٢٨٣٩٥ | ٢٩٠٣ |
| | ٦٦٦٣٥ | ٧٨٠٩٠ |

ئەو ژمارەیە تەنها لەبابەت خێڵەکانی دەرسیمەوەیە. هەرچی ژمارەی هۆزاتە بە ٢٧٠٠٠٠ کەس نیشاندراوە.

کۆی گشتی سەرژمێری خێڵەکان و هۆزات دەکاتە ٣٣٦٦٣٥، ئەگەر سەرژمێری خێڵەکانی دەرسیم و دانیشتوانی شارەکانی:

کۆچکیری، هاڤیك، دیڤریگی و ئەرەپگیری بخەینە سەر کە بەپێی روونکردنەوەی رەسمیی رژێمی تورکیا لە کۆتایی ساڵی (١٩٣٨) دا دەڵێ لە دەرسیم ٢/١ ملیۆن کورد هەیە، بەڵام بەپێی لێکۆڵینەوەی تایبەتی خۆم، لەم ژمارەیەی پیشان دراوە، کورد گەلێ پتر بووە.

کاتی ئەوەش هاتووە بڵێم و زانیاری لەبابەت کۆچ کردنی بەکۆمەڵی هەندێ دەرسیمییەکان بدەم، لەبەر چەند هۆیەك بۆ ناوچەکانی (ئەرزینجان، سیواس و ئەرەپگیر) و تێیدا جێنشین بن.

## دەڤەری مەلاتیا

**خێڵی ئاتمە**:

ئەو خێڵە لەناوەڕاستی ناوچەی ئەرەپگیردا جێنشینە کە لەپێشدا سەربە

دەرسیم و ئەلازیز بوو، بەڵام ئێستاکە بە مەلاتیاوە بەستراوەتەوە و لە چیایەکانی: یـەما، پەرچیکان و ئەرەپگیر، دادەنیشن. ئەو چیایانە هەردەم شین و زۆر بە دارو دارسـتانن، کـەند و شـیوی ناسـکیان تێدایـە و پاوانیان زۆرە. مەڵبەندی خێڵەکان شارۆچـکەی شوتیك–ە. ناوچەی ئەرەپگیر لە ژێر دەستەڵاتی ئەو خێڵە دایە. ئەو خێـڵە لـە (١٢) دوازدە تـیرە پێکهـاتووە. سـەرۆکەکانی ئـەو خێـڵە: موسـتەفا و خلوسـی کوڕانـی بەتـتال–ن. ئەمانـە لـە شۆڕشـی شێخ سەعیدی نەمردا لەساڵی ( ١٩٢٥) دا بـۆ ناوچـەکانی رۆژئـاوای تورکیـا شـار بـەدەر کـران و لـەکاتی لێبوردنی گشـتی گەڕانـەوە جێگـای خۆیـان و لەسـاڵی (١٩٣٨)دا لەکارەسـاتی دەرسـیمدا، دووبارە راپێچرانەوە ناوچەکانی رۆژئاوا.

بـاوو بـاپیرانی خێـڵی ئاتمـە بـە بنەچـەو پشـت خۆیـان بـە دەرسیمی دەزانن، لەگـەڵ خێـڵی دیـریژان تێکـەڵ دەبـنەوە کـە بـە درێژایـی چـیای (یەما)دادەکشیٚ، تـاوەکو دەوروبەری ویلایەتی مەلاتیا دادەپۆشیٚ و لەگەڵ خێڵەکانی ئیزول و پیران تێکەڵ دەبن، کە لەنێوان شارەکانی مەلاتیا – ئەلازیز جیٚنیشنن و سەرۆکی خێڵی دیرێژان موستەفای کوڕی شاترە.

لەخێـڵی ئاتمـە:چـەند خێڵێك جودا بوونەتەوە و کۆچیان بۆ شارەکانی **ئەنتەب، مـەراش، کیـلیس** کـردووە و لەو شارانەدا جیٚنشین بووینە و تا ئێستاش رەوشت و پیشەی کوردی– عەلەوییان پاراستووە.

**هـەروەها** خێـڵە کۆچـەرەکانی **سینەمەللی** و **ئـەلهاس**–یـش لـە خێڵی ئاتمەوە دابڕاون و کەوتوونەتەوە.

لەبـەر ئـەوەی سەرۆکەکانی خێڵی ئاتمە خوێندەواربوون، دەستەڵاتێکی زۆریان لـەناو خێـڵەکاندا هـەبوو و ڕژێمـی تورکیا دەیکردنە قایمقامی ناوچەی ئەرەپگیر و کارگێـڕی شارۆچـکەی شـوتیك، هـەروەها دەکـرانە ئـەندامی ئەنجومـەنی کارگێڕی ویلایـەت. شـاعیری نـاودار خوالێخۆشـبوو دکـتۆر عـەبدولا جـەودەت و پسـپۆری میکـرۆبی لەناو میللەتان ناسراو، عوسمان نوری رۆڵەی بەرزی کورد، لە ئەرەپگیر لەدایك بوون و لە هەناوی ئەم نەتەوەیەدا هاتوونەتە دەرەوە.

بـەپێی زێـدی ئـەو خێـڵەی تێدا جێنشین بووە و چۆنیەتی ژیانی، هێزو توانای

بەدەنیان گەلیٚ زیاد بووە. هەمیشە ئامادەن بۆ خەبات کردن لە پێناوی مافی نیشتماندا.

ناوچەی **ئەرگاڤون**، بەشێکە لە ئەرەپگیر و سەر بە دەرسیمە و خەلکەکەی کوردی– عەلەوین. هەر لەو جێگایەدا گەنجێکی ناو **تەسلیم بەگ**، خەلکی گوندی **شێخ حەسەنی**، محەمەدی نوێنەری شاری مەلاتیای بە ئاشکرا بە دەمانچە کوشت، چونکە بە خراپی قسەی لەسەر کوردان دەکرد. لەبەر ئەوە دادگای– سزا لەشاری مەلاتیا بە قورسی بەندی کردبوو. بەلاَم دەرسیمییەکان نارەزا بوون ئەو کەسە دەستگیر بکریٚ، ئەگەر یەکێك بکوژیٚ کە دژی نەتەوەی کورد بەخراپە دوا بیٚ. لەبەر هەندیٚ موستەفا کەمال بڕیاری ئازادکردنی ئەو گەنجە سەربەرزەی بەناچارییەوە مۆرکردبوو.

خێڵەکانی ئاکچەداغ: ئەو هۆزانە لە رۆژئاوای شاری مەلاتیادا دەژین و بەداب و دەستوور دەرسیمین و هەر خۆیان دەلێن لە دەرسیم جودا بووینەتەوە و ئەوانەش بیست و پێنج تیرەیەکن کە ناودێرەکانیان ئەمانەن:

**بەکران، هارون، بالان.**

سەرۆکی ئەو هۆزانە مونزور قاسم بوو، محەمەد عەلی مونزور هەردەم لەدژی رژێمی تورکیا لە خەباتدا بووە، بەلاَم لەجەنگی جیهانی یەکەمدا بەفێلیٚ دەست گیرکراو، لەشاری ئەلازیز لە سێدارە درا، خێڵەکانی ئاتمە و ئاکچەداغ بە کرمانجی دەدوێن و لەگەلیٚ ئەو خێڵە کوردانەی لە دەڤەرەکانی ئەو شارانەی خواریٚ نیشتەجێنە وەکو:

**ئورفە، ئەنتەب و بەسنی** سنووریان دەگاتەوە سەریەك. هەروەها هۆزی گاو کە (٣٠٠٠) سیٚ هەزار خێزان دەبیٚ هەر لە رەسەنی خێڵی بەسنییە.

سەرۆکەکانی ئەو خێڵە: **دەروێش و عەلی قەهرەمان ئاغا** زادەن لە دێیەکانی موغارە و پیشنیك دادەنیشن.

ئەو خێلاَنەی لەسەرەوە ناومان هێنان هەستی نەتەوایەتییان زۆر بەرزە و پیاوی ئازاو رەشید و جەنگاوەرن.

## دەڤەری سیواس

**١ : خێڵەکانی کۆچکیری**[1]:

خێڵەکانی کۆچکیری لە دێهاتی شارۆچکەکانی:

**ئومـرانیە، کەرەجـە وێـران، بولوجـان و بەیپیـنار**، جێنشـینن کـە ژمارەیـان بەسـەریەکەوە سێ سەد گوندێك دەبێ سەر بەناوچەی زاران و بەشاری سیواسەوە بەستراونەتەوە.

دانیشـتوانی هـەر هـەموویان کـوردن، ئەگەرچـی کۆچکیری جێگایەکی باشە بۆ کـردنە قـەزا، بـەڵام لەبـەر ئەوەی خەڵکی مەڵبەندەکە هەموو کوردن، زارا بەناوچە (قـەزا) دانـدراوە. جێگایـەکی شـاخاوی و بـە دارستانە. زنجیرە شاخەکانی بەگ و **ماراوی** زۆر گرنگن.

خێـڵی کۆچـکیری لەڕۆژهــەڵاتی ناوچــەکانی نێـوان زاراو دیڤـریکی و هــەموو دێهاتەکانی ناوچەکانی شاری ئەرزینجاندا هەن وەکو:

رەفاهیـە، کـەرجانیش، سوشـەهری، کوڕوچـای. واتـە دێهـاتی ئـەو ناوچـانەی سـەرەوە هەر هەموو کۆچکیرین، رەوشت و دابی دانیشتوانی سەنتەری ناوچەکانی لەسـەرەوە باسمان لێوە کردوون، هەر هەمان رەوشت و پیشەی خێڵەکانی دیکەیە کـە لـەلای رۆژهەڵاتـەوە تـاکو ویلایـەتی ئەرزیـنجان، کوڕوچـای– کـەماه و تـاکو تخووبــی دەرســیم لەباشــوورەوە تــاکو دەگاتــە خێــڵی ئاتمــەی ئــەرەپگیری، لـەباکوورەوە دەگاتـەوە سـنووری **سوشـەهری –شـەبین قـەرە هیسـار**. خێڵەکانی کۆچـکیری دەڵێـن لـە دەرسـیم جـودا بووینـەتەوە و چـەند سـەدەیەك لەمەو پێش هاتووینـەتە ئـەو راسـتانە و لێـرەدا ژیـاوین، دایکیان لە رەسەنی شێخ حەسەنانە، رەوشــتیان بەڕاســتی بــە دەرســیمییان دەچــێ و هاموشــۆی خۆیــان لەگــەڵ دەرسـیمییاندا هەمیشـە پاراسـتووە. شـێوە زمانیـان کـرمانجییە و (١٢) دوازدە تیرەی گەورەیان هەیە کە ناودێرەکانیان ئەمانەن:

**هـۆزی بـادیلان سـارۆ، هۆزی بار، هۆزی گەروا، هۆزی ئیبۆ، هۆزی بالو و هۆزی**

---

[1] ئـەو نـاوە نـاوەرۆکێکی نییـە. پێدەچـێ لە وشەی (کۆچەر)ەوە هاتبێ، چونکە ئەو هۆزە کۆچەر بووە، لە کاتی خۆیدا ناویان لێناوە کۆچ کری (Koc Kri)یان کۆچ کردی (Koc Krdi)، یەکەمیان زۆر نیزیکە لە راستی. وەرگێڕ

زازا.

لەگەڵ کۆچکیرییەکانی کۆندا کە زمانیان کرمانجییە بە مەزەندەی چەند لێکۆڵەرێکی کورد سەرژمێری خێڵەکان (١٠–٢٠) هەزار خێزان دەبن، بەڵام بەپێی لێکۆڵینەوەی خۆم لەو دەڤەرانە تاکو کارەساتەکانی کۆچکیری لەساڵی (١٩٢١) دا ژمارەی دانیشتوانی ئەو ناوە (٣٠) هەزار خێزانێك دەبوو.

پێدەچێ کۆچکیرییەکان لەکاتی **سوڵتان سەلیمی یەکەمدا** شاربەدەر کرابن و هاتبنە ئەو ناوە و جێنشین بووینە، بەڵام هیچ کاتێ ملیان بۆ دەوڵەتی عوسمانی کەچ نەکردووە، هەردەم چەك هەڵگر و جەنگاوەر بووینە و خێڵەکانی کۆچکیری هەر هەموویان خاوەن ماڵاتن و لە دەرسیمییان پتر خوێندەواریان هەیە و هەر لە خۆیانەوە زیرەك و نیشتمانپەروەرن.

سەرۆکی خێڵەکە، عەلی شان و حەیدەر کوڕانی مستەفا پاشان، لە هۆزی ئیبۆن و لەناوەڕاستی گەرو– دەری دادەنیشن.

**٢- خێڵی کورمەشان:**

خێڵی کورمەشان لە ویلایەتی سیواس و ناوچەی هافیك لە دامێنی چیاکانی **ماراوی و کەرەبێل** جێنشینن و گوندە گەورەکانیان ئەمانەن:

یالنجاك، کەباللی و ئەیمیر.

جوان ئاغا سەرۆکی خێڵەکە بوو، لەکارەساتی شۆڕشی کۆچکیریدا گیانی خۆی لەپێناوی مافی نەتەوایەتیدا بەخشی، ئەوانە عەلەوین و بە کرمانجی دەئاخڤن، لەخێڵی کورمەشانی دەرسیم جیابوونەتەوەو رووباری سوور بە باشووری ناوچەی هافیك (کۆچ هیسار)دا دەڕوا و هەندێ لە زەوییەکانی ئەو خێڵە ئاو دەدا.

پێشمەرگەی کوردی ناودار، حەسەن حوسەین لەو خێڵەیە و خەڵکی گوندی بەردە– سپییە.

خێڵی کورمەشان لەڕۆژهەڵاتەوە: کۆچکیری و لە باشوورەوە: لەگەڵ خێڵی چارەکان تێکەڵ دەبێ.

**٣- خێڵی گینیان:**

ئـەو هـۆزەش هـەر بنەچـەکەو ئەسـڵیان لە دەرسیمەوە هاتووە، لە دەوروبەری شارۆچـکەی بەیپـنار و لەتەنیشـتی لای باشـووری چـیای کەرەبیل جێنشینەو سەر بەناوچەی زارایە و بە ویلایەتی سیواس بەستراوەتەوە.

لـەباکوور و ڕۆژئـاواوە لەگـەڵ خێـڵی کورمەشان تێکەڵ دەبێتەوە. ئەو جێگایە بەگشـتی دارو دارسـتانە، خـاوەن مێگەلـە بـزن و دەولـەمـەندن، شـێوەی زمانیـان زازاییە و زۆر ڕەشید و جەنگاوەرن.

بـەلاَم بەداخـەوە مـوراد پاشـای سـەرۆکی ئـەو خێـڵە لـە دژی نەتـەوەی کورد هاوکاریی تورکانی دەکرد، لەبەر هەندێ پێشمەرگە کوردەکان تۆڵەیان لێکردەوە و لەناویان برد.

**٤- خێڵی چارەکان:**

خێـڵی چـارەکان لەڕۆژهـەلاَتی خێـڵی گینیان و لە جێگایەکی شاخاوی و بەدارو دەوەنـدا جـێ نشـینن، ئـەو جێگایـەی ئـەو خێـڵەی تێـدا بلاَوبۆتـەوە نەخـتێکی دەچـێتەوە نـاو خـاکی ناوچـەی دیڤریگی، گوندی ناوەڕاستی ئەو هۆزە، زەیڤەیە. سەرۆکی خێڵەکە ناوی مورادە و پیاوێکی خوێندەوار و ڕۆشنبیرە.

لەسـنووری بـاکوور و ڕۆژئـاواوە لەگـەڵ خێـڵەکانی گینیان و کورمەشان، لەلای ڕۆژهەلاَتـەوە خێـڵی کۆچـکیری، و لـەلای باشـوورووەوە هـەروەکو لە داهاتوودا لێی دەدوێـین لەگـەڵ خێـڵەکانی شـادیان و جانـبەگان تێکـەڵ دەبێـتەوە، ئـەوجا وا بەدەردەکـەوێ کـە ئەوناوچـە فـراوانەی کە خێڵەکانی کورد تێیدا جێنشین بووینە، خۆشـیان دەڵێـن لـە خێـڵی چـارەکانی دەرسیمەوە هاتوون و لە کوزیجان کۆچیان کـردووە و لـەو شـوێنانە جێنشـین بوویـنە. شـێوەی زمانیـان زازاییـە. لـەناو ئـەو خێـڵەدا دێیـەکی تورکـی عەلـەوی هەیە پێی دەڵێن ئیتکران، بەلاَم خەڵکەکەی لە کۆنەوە لەژێر دەستەلاَتی خێڵەکەدان.

**٥- خێڵی شادیان:**

خێـڵی شـادیان لـە کـەرخی ڕۆژهـەلاَتی بـاکووری ناوچـەی کـەنگال جێنشـینە، لەسـنووری باکوورەوە خێڵی گینیان و چارەکان، لە ڕۆژهەلاَتەوە لەگەڵ خێڵەکانی جانـبەگان تێکـەڵ دەبـێ و تـاکو چـیاکانی یـەما دادەکشـێن، لەوێش لەگەڵ خێڵی

پەرچیکان تێکەڵ دەبنەوەو بۆلای باشوور دادەکشێن تا دەگاتە ناوچەی حەکیم خان لە شاری مەلاتیا.

گوندی ئەیمیر لە ناوەڕاستی خێڵەکەیە، سەرۆکی خێڵەکە پیاوێکی زۆر شەرابخۆر بوو، هەرچەندە بادەی بەتاڵ دەکرد بە زمانی کوردی تانی لەخۆی دەدا و دەینەڕاند و دەیگوت:

(لۆ ئەز ئەلۆمە ئەلۆ)[1] ئەو پیاوە لەتەمەنی (٩٥) ساڵی و لە ساڵی ١٩١٩دا کۆچی دوایی کردووەو محەمەد عەلی کوڕی لەجێگای بووە سەرۆکی خێڵەکە. ئەو خێڵە عەلەوییە و ڕەوشت و پیشەی بە دەرسیمییان دەچێ و خۆشیان دەڵێن لە خێڵی شادیانی دەرسیمی کەوتوونەتەوە، یانی رەسەنیان لە دەرسیمەوە هاتووە، ناودێرن بە مێگەلە مەڕ و ئەسپی چاك، شێوەی زمانیان کرمانجییە.

گوندی هەرە گەورەی خێڵی شادیان پێی دەڵێن کۆچ کوپری و دەکەوێتە سەر دووڕیانی ڕێگای (سیواس– ئەرزرۆم) و (سیواس– مەلاتیا).

لێرەدا پێویستە بڵێین خێڵەکانی **گینیان، کورمەشان، چەرەك و شادیان** لەگەڵ یەك تێکەڵ دەبنەوە و لەلای رۆژئاوا تاوەکو دامێنەکانی چیای **تەجەر** دادەکشێن.

**٦- خێڵی جانبەگان**:

خێڵی جانبەگان بەشێکی لەناوچەی **کەنگالـ**و بەشێکی دیکەی لەناوچەی **دیڤریگییە**، شارۆچکەکانی **یەللیجە و تەکیە** کەوتوونەتە ناوەڕاستی ئەو خێڵەوە. خەتی ڕێگای شەمەندەفەری سیواس– ئەرزرۆم بەناو جێگانشینی ئەو خێڵەدا تێدەپەڕێ.

ئەو جێگایە نەختێ کەند و کۆسپەی تێدا هەیە، ڕێبازی ئایینیی خێڵەکە عەلەوییە و شێوەی زمانیشیان، کرمانجییە، سەرۆکی خێڵەکە، ناوی حوسەین داود بوو. وا دەگێڕنەوە لەکاتی سوڵتان سەلیمدا لە خێڵی میللانیی دەرسیمی جودا بوونەتەوەو هاتوونەتە ئەو دەڤەرانەو جێنشین بووین.

خێڵی جانبەگان لە باشوورەوە لەگەڵ خێڵی شادیان، لە باکوور و ڕۆژئاواوە لەگەڵ خێڵی گینیان و چارەکان، لەلای رۆژهەڵاتەوە لەگەڵ خێڵەکانی کۆچکیری و

[1] کوڕە –ئەمن –ئازامە –ئازا: دیارە مەبەستی ئەوە کە هەر چەندە بخواتەوە سەرخۆش نابێ. –وەرگێڕ

پەرچیکان تێکەڵ دەبێتەوە و تخووبیان لەسەریەکە، لەو کەرخانەدا هەندێ گوندی تورکی– عەلەوی هەن، لەو راستەی کەپێی دەڵێن **چەمی شەیخی**، جێنشینن و رەوشتی کوردی عەلەوییان هەیە و زۆریشیان بە کوردی گفتوگۆ دەکەن.

دێیە گرنگەکانی ئەو هۆزە ئەمانەن:

**چامۆ، مەمۆ ئاغا، چاکر ئاغا، شاهێن، ئیغدەلی، سوگوتلو، ئومرانلی.**

دانیشتوانی ئەو گوندانەی لە سەرەوە ناویان هاتووە، سەرلەبەر کوردن.

بەلاّم ئەو گوندانەی لەخوارێ ناویان هاتووە هەموویان عەلەوینە، هەندێکیان تورکن و ئەوانی دیکەش کوردن، ناوی گوندەکان ئەمانەن:

**کەباکچولیکی، باش وێرەن، گونەش، تەکیە، هوڤیك، دۆمورجە، کەکلیك پنار، ئالنز سوغوت، ئەشکە، خدر لك، مامەش، زەرك، کەڤاك، داولباز، ئەنزەها و توغوت.**

تورکەکانی عەلەوی هاو مەزهەبی کوردەکانن و ژن و ژنخوازی لەنێوانیاندا هەیە، بەلاّم لەگەڵ تورکی سوننە، هاموشۆیان نییە و پێیان دەڵێن یەزید، لەناوچەی جانبەگان گوندی تورکی– سوننی نییە، دانیشتوانی ناوچەکە بەشدارییان لە شۆڕشی کۆچکیریدا کردووە و بەسەر و ماڵ خۆیان لە پێناوی داخوازیی مافەکانی کوردستاندا بەخت کردووە.

لەلایەن نووسەری ئەو دێڕانەوە کاتێ کە لەو ناوچەیە دامەزرا زۆر لە دانیشتوانی ئێرە بە تورکی قسەیان دەکرد و بە راستی بەشدارییان لەو کۆمەڵەیەدا کرد و داخوازیی مافی نەتەوەی کوردیان پەسند کرد و سووربوون لەسەر کوردایەتی.

**عەزیز ئەسپی** سەرکردەیەکی پێشمەرگەی ئەو ناوچەیە بوو و تورکی– عەلەوی بوو، خەڵکی دێی بلدرجن و سەر بەناوچەی کوروچای بوو، (٨) ساڵ بیّوچان لە دژی لەشکری رژێمی تورکیا لە شارەکانی:

**سیواس، ئەرزینجان، دەرسیم و ئەلازیز**، لە ریزی پێشمەرگەی کوردستاندا خەباتی کرد و بە هاوڕێیەکانی ئەویان دەگوت چەتەی **عەزیز ئەسپی کوردی** و زۆر بە جەرگەوە لەسەر لوتکەی شاخەکان و لە ژێر ئالاّی کوردستاندا خەباتی دەکرد،

لەساڵی (١٩٢٠) دا لەگەڵ نووسەری ئەو دێڕانە لە بەندیخانەی ناوچەی دیڤریگی دەستبەسەر بوو، وەکو شێر لە بەندیخانە هەڵات و دەربازبوو، دووبارە دەستی بە خەباتی چەکداری کردەوە لە دژی لەشکری نوورەدین پاشا و بەشداری شۆڕشی کۆچکیری کرد. لە پاشدا چووبووە دەرسیم، لەوێش شەش ساڵ لەگەڵ لەشکری تورکان شەڕی کرد، لەساڵی (١٩٢٦) دا بەشداری خەباتی خێڵەکانی کۆچانی کرد، بەداخەوە لەکاتێکدا عەزیز ئەسپی لەگەڵ مەفرەزەیەکی تورك شەڕی دەکرد و لەسەر گردی کۆزلجە گەمارۆی تورکانی دابوو، خەریك بوو دەست بەسەریان بکا، خۆ فرۆشان، حەیدەری سەرۆکی خێڵی شەمکان و ئەیوب سەرۆکی خێڵی بالان لە پشتەوە بەشداری شەڕ و یاریدەی لەشکری تورکیان دا، بەم جۆرە عەزیز برینداركراو گیانی پاکی بە خاکی کوردستان سپارد. هەر بەم جۆرەش مەفرەزەکەی تورك رزگاری بوو. خۆفرۆشەکانیش بەرانبەر بەو کردەوە ناڕێکەی کردبوویان، **عەلی جەمالی** والی ئەلازیز، خەڵاتی کردن.

لەو رووداوانەی کە لەسەرەوە باسم کردن وا دەردەکەوێ کە گوندەکانی عەلەوی بە تورکی قسە دەکەن، بەڵام هەستی کوردایەتییان هەیە، خێڵی جانبەگان ئەسپی جوانیان هەیە و بەسواری و تەڕادانێ ناودێرن و چیایەکانی دومورجە و یەلیجە دادەکشێن تا دەگەنەوە چیای یەما و خێڵەکانی ئەو دەوروبەرە.

**کوڕوچای**[1]

لە ناوچەی کوڕوچایدا ئەو خێڵانە هەن:

خێڵی بەرازی، خێڵی هۆرمەکان، خڵی کۆچکیر، خێڵی کۆزیجان، خێڵی رەسوللەر و خێڵی شادیان کە کرمانجی قسان دەکەن و لەو گوندانە دادەنیشن:

**کامهۆ، شۆراك، چیچەکالی، مەزرەحان، مەکتەمە، بازکی، کۆناك، گاور یوردو، مادەندەرە، گەزگە، خالیدلەر، رەسوللەر، ئەیویك، کالکانلی، چەرگەدیغی، کابوللەر، دیارلەر و کۆچکیری کەون.**

---

[1] بە تورکی بە شیوو کەندێکی ئاوی بەردەوام نەبێ و وردە بەردی تێدابێ دەڵێن (کوروچای) واتە (بەستی وشك). وەك بەستۆڕە. –وەرگێڕ

**کەماخ:**

لـە رۆژهەلاتـەوە: شاری ئەرزینجان و لە باکوورەوە: ناوچەی رەفاهیە و لە رۆژ ئـاواوە: کورچـای و ئـەگین و لە باشوورەوە: ناوچەی ئۆڤاجك دەورەیان گرتووە.

پیاوماقوولانی ناوچـەی کـەماخ کوڕانـی سـاغرن، ئەمانە لەلای تورکان دەلێن ئێمە تورکـین و لـەلای کوردانیـش دەلێـن ئێمە کوردین. لە ناویاندا سابیت ناوێك نەختێ دەسـتەلاتی پـەیدا کردبوو،چـونکە سـەر بـە پـارتی (ئیـتحاد و تـەرەقی) بوو، جار جـارە دەکرا بە پارێزگاری دەرسیم. لە بەر ئەوە لە دەرسیم کارگێڕێکی باش بوو، لـە سـالی (١٩١٤) دا کـرا بـە والی–ی ئەلازیـز تاکو کۆتایی جەنگی جیهانی یەکەم. زۆر هەولـی دابوو کە نەهێلـی دەرسیمییەکان شۆڕش لە دژی رژێمی تورکیا بکەن.

خێلەکانی ناوچەی کەماخ ئەمانەن:

**خێلی گولاپ، خێلی چۆلاك، خێلی ئەرسەلان، خێلی شادیان، خێلی تەهسوران، خێلی پەزگەوران.**

ئەو خێلانەی سەرەوە، لەو گوندانە دەژین کە لەخوارێ ناویان هاتووەو سەر بە دەرسیمن و خەلکی کەماخ لەژێر دەستەلاتی ئەواندان:

**بـەفلار، پەرچـەنچ، سـورەك، ئـەردۆش، مـەزرە، جـەمۆلار، چـابۆلار، سـەلامەر، مەرەکـلەر، گـەدەك، گامـاریك، هۆپـەریك، چـالکلار، ئەلیۆشە، ئەلداشی، هۆگوت، تورتـان، تافـتەغیز، کـارنی، سـەزمەت، نەزار ئۆغلو، مەیدانلی، تامغی، تەغن کار، کۆسـەلەر، کۆنیـك، ئیـزان سـور، ئیراتۆس، دەرە تامغی، دەری سۆران، براستیك، ئیۆشتا، هەردیف، هۆگۆس، بابۆ، تەرکیلۆە، سینگی، هەرپیغی.**

قـەلا کـەماخ: قـایمترین و گـرنگترین قەلایـە لـە دەرسـیم و لـە کوردستاندا، ئەو قەلایـە لـەکاتی خـۆی پەرستگای کورد و ئەرمەنییان بووە، بەناو پەرستگەی ئانی دروسـت کـراوە، لەپاشدا قەیسەرەکان کردوویانەتە سەنگەر بۆ خۆپاراستن لەکاتی شـەڕدا، بـەلام لـەکاتی **حەسەنە درێژی**، بەرگری و گەمارۆدانی تیمۆری پـێکردبوو، لەپاشـدا کەوتـبووە ژێـر دەسـتی شـاه ئیسـماعیل–ی سـەفەوی. کارگەی –خوێی کەماخ لەکۆنەوە بنکەی دابین کردنی خوێی هەموو کوردستان بووە.

**بە کورتی:**

لـە دەرسـیمەوە دەسـت پیٚدەکـا و هـەموو ناوچـەکانی: کـەماه، کورِچـای، رەفاهیـە، سوشـەهری، زارا، دیڤـرگی، کانگال و هاڤیك کە لە بەشی هەرە زۆریاندا خێڵەکانی کوردیان تێدا جێنشینە دەگرێتەوە، ئەو جێگایەی خێڵەکانی تێدا دەژین هەتاکو رووباری سوور دادەکشیٚ، چەند گوندێك هەن لەنێوان ئەو خێڵانە عەلەوینە و بـەتورکی قسان دەکەن، بەلاّم لەرووی هەستی نەتەوایەتی و پیشەیانەوە خۆیان بـەکورد دادەنێـن. چـونکە بەپێی بۆچوونی خۆم ئەمانە زمانی دایکیان لیٚ قەدەغە کـراوە کـە قسـەی پیٚ بکەن، کە ئەویش زمانی کوردی بووە، هەروەها لە رووباری سـوورەوە تـاکو دوورپـانی سـیواس– مـەلاتیا و تاکو چیایەکانی تەجەر لەوێشەوە تـاکو رۆژهـەلاّت و بـاکووری ناوچـەکانی، لەناوەڕاسـتی ئـەو شارانەی خواریٚ نزیك دەبێتەوە وەکو:

**دەلیك تاش، مەماش، کانگال، حەکیم خان و مەلاتیا.**

ئـەو جێگایانـە هـەروەکو باسمـان لیٚ کـردن خێڵـەسـاتی کـوردی تێـدا دەژی و رەوشت و پیشەیان هەروەکو رەوشت و پیشەی دەرسیمییەکانە.

## دەڤەری ئەرزینجان

**١ - خێڵی کورەیشان:**

خێـڵێکی گەورەیـە و ڕۆژهــەلاّتی بـاکووری ئەرزیـنجانی داگـرتووە، رێگـای ئـەرزرۆم– ترابـزون جێنشـینی ئـەو خێڵـە لـە دەڤـەری کـەلکیت– بەیـبورت جودا دەکاتـەوە، دێـی دێـوە– پیـل گونـدی هـەرە گـەورەی ئـەو دەڤەرەیـە و سەرۆکی خێـڵەکەش مەمـەد عەلی چاوشە، ئەو خێڵـەش بە بنەچەکەو رەسەن دەرسیمییە و بەشـێوە زمـانی زازایی دەپەیڤن و رەوشتیان لەگەلٚ رەوشتی دەرسیمییەکان یەکە و گوندەکانیان ئەمانەن:

**چـامودەرە، حەیـرانی، ئەکـرەك، سـەمەك ، کەهــنوت، باشـکۆی، زۆرۆن، کومەگۆلۆ، ئەپاغ، کوریشلی، ساریکایە، گول لەر، چاموچیك.**

**٢- خێڵی پیلڤانکان:**

خێڵی پیلڤانکان لەخێڵی پیلڤانکی دەرسیمی جودا بۆتەوەو لە چیایەکانی باکووری ئەرزینجان و لە راست شەقامی ئەرزینجان– ترابزون جێنشینن و گوندەکانیان ئەمانەن:

**دێوە کوروسو، باش کۆی، ئۆدە باشی و بیوك کۆی و شێوە زمانیان کرمانجییە و سەرۆکی خێڵەکەش ناوی عەلی چاوش بووە.**

**٣- خێڵی بالآبان:**[1]

خێڵی بالآبان: خێڵێکی گەورەیە و لەرۆژهەلاّتی ئەرزینجان و لەسەر خەتی رێگای ئەرزرۆم دادەنیشن، هەستی نەتەوایەتییان هەیە و زۆر رۆشنبیریان پێگەیاندووە، سەرۆکی ئەو خێڵە گولّ ئاغای کوڕی خەلیل ئاغایە.

گولّ ئاغا بە قسەی وەهیب پاشا لەدژی لەشکری رووس شەڕی کردبوو، بەلاّم لەشکری تورك لەشەڕدا شکاو پاشەکشەی کرد، خێڵی گولّ ئاغای لە مەیدانی جەنگدا بەجیّهێشتبوو، ئەوجا گولّ ئاغا خۆی و خێڵەکەی کشاوە چیایەکانی مونزور و لەوێشەوە بۆ دەرسیم. لەپاش گرتنی ئەرزینجان بەپێی بڕیاری وەهیب پاشا، ناوچەی ئاشوان درایە خێڵی بالآبان تاوەکو تێدا جێنشین بن، بەلاّم لەبەر ئەوەی لەگەلّ ژیانی ئەو دەڤەرە رێك نەکەوتن، کۆچیان بۆ دەڤەری ئاکچەداغ لە مەلاتیا کرد، لەدواییدا کە رووسیا لە ئەرزینجان دەرچوو بەجێی هێشت، خێڵەکانیش گەڕانەوە ئەرزینجان و گوندەکانی خۆیان ئاوەدان کردەوە.

کاتیّ گەڕانەوە، گولّ ئاغا کۆچی دوایی کردبوو، لەناو خێڵەکەیدا وا بلآوکرابۆوە، کە کاربەدەستانی تورك لە ئەرزینجان، ژەهر خواردیان کردووە.

شێوەی زوبانی خێڵی بالابان زازایە و ئایینیان وەکو ئایینی دەرسیمە ئێستاکەش سەرۆکی خێڵەکە قەنبەری کوڕی گولّ ئاغایە.

گولّ ئاغا هەستی نیشتمانیی هەبوو، لەپێناوی مافی نەتەوایەتیدا بە نهێنی رێکخراوی پێشمەرگەی کوردی دروست دەکرد، ئەو کاتەی جەنگی جیهانی یەکەم کە خۆم لە ئەرزینجان بووم و ناسی بووم، ناوی گولّ ئاغا بەرێز و سوپاسەوە یاد

---

[1] دەڤەری ئەو خێڵەی تێدا جێنشین بووە، چوار چەرخ پێش زایین پێیان دەگوت بالآبیتین (Balabitin). (نووسەر)

دەکەم، چونکە ولاتپەروەرێکی بەنرخ بوو.

گوندەکانی خێڵی بالابان ئەمانەن:

**کیشتم، بولانک، کەرەجەلار، سەلەپور، ساری کایە، کۆمە گیلمەز، سەنسا، هینزۆری، دێی هیزۆری لەناوەڕاستی مەڵبەندی خێڵەکە دایەو لەدەڤەرەکانی** شاری ئەرزینجان بێ لە خێڵی بالآبان، زۆر خێڵی دیکەی تێدا دەژی هەروەکو ئەو هۆزانە:

**خێڵی دەروێش جەمالان، خێڵی هۆرمەکان، خێڵی شێخ محەمەدان، خێڵی کاریکان، خێڵی زیلان، خێڵی بەلان، خێڵی سیسان، خێڵی روتان، خێڵی هامیکان، خێڵی بۆدیکان، خێڵی باماسۆران، خێڵی ئەلان، خێڵی دیمان، خێڵی کەمان، خێڵی لۆلان، خێڵی کەچەلان، خێڵی کورمەشان، خێڵی ئاریلان، خێڵی شادیان، خێڵی گولابان، خێڵی عەباسیان، خێڵی ئاشوران.**

ئەو دوو هۆزەی دواییش هەر لە خێڵەکانی دەرسیمی جودا بوونەتەوەو لە لێواری رووباری فورات جێنشین بوونە.

## ناوچەی رەفاهیە

ناوچەی رەفاهیە لە رۆژهەلاتەوە لەگەڵ ئەرزینجان و لەباکوورەوە کەلکیت و لە رۆژئاواوە کۆچکیری و لەلای باشوورەوە تخووبی لەگەڵ کەماه دەگاتەوە سەر یەک.

لە رۆژهەلات و ڕۆژئاوای ناوچەی رەفاهیە، بەدرێژایی گەلی چارداکلی خێڵی شادیانی لێیە کە (٣٥٠٠) خێزانێك دەبێ و نزیکەی دەهەزار کەسێکە.

لە سەرەتای رێکخستنی شەڕی نەتەوەییدا موستەفا کەمال کە بەگەلی چارداکلی–دا تێپەڕی بوو، ئەوکاتە لە ئەرزینجانەوە گەڕابۆوە سیواس، لەخێڵی شادیان دەترسا نەبادا پەلاماری بدەن. لەبەر هەندێ زۆر ئاگاداری خۆی بوو لە رێگاو لە قسەکانی خۆشی هەروای راگەیاندبوو.

شێوەی زمانی ئەو هۆزە، کرمانجییە و لە رەسەنی خێڵی شادیانی دەرسیمی رۆژهەلاتە و سەرۆکی هۆزەکەش ناوی **کیرمو یوسف** بوو. وەهیب پاشا کردبوویە رەهبەری خۆی تاوەکو جەنگی جیهانی یەکەم کۆتایی پێهات هەر لەجێگای خۆیدا

مابۆوه.

## بنەچەو ئەسڵی دەرسیمییان

بۆ ئـەوەی بنەچەکەو رەسەنی کوردی دەرسیمی کە لکێکی گەورەی نەتەوەی کـوردە دیـاری بکـرێ، پێویسـتە چۆنیەتیی هەبوون و پێشکەوتنی کوردایەتی دیار بکـرێ. دروسـت بـوون و پێشـکەوتنی کەسـایەتیی نەتـەوەی کـورد لـە نێـوان چوارچیوەی یاساکانی سروشتدا بزاندرێ.

چوار هەزار ساڵ لە پێش زاییندا لە چیا بەرزەکانی رۆژهەلاّتی ئاسیای بچووکدا سوپارییەکان دەولّەتیان دامەزراند، سەردەمێك دەستەلاّتیان گەیشتبووە کەنداوی ئێـران و پاشمـاوەی میراتییـان هـەر مـاوە. دیسـان هـەر لـەو ناوەڕاسـتەدا، میدانییەکان، دەولّەتیان دامەزراندبوو پاشماوەی ئەوانیش ماون.

لـە مۆرفۆلۆجـی پاشمـاوەی بەرهەمـەکانی ئـەو نەتەوانـە بـەدەر دەکـەوێ کـە پاشمـاوەی زۆر گـرنگیان بـۆ شـێوە زمـانی کـوردی بـەجێ هێشتووە، هەروەها لە ئـەنجامی تێکـەڵ بوونـی شەپۆلی رەگەزی ئاری–ی نوێ کە لە باشوور و ڕۆژئاواوە هاتـبوون و لـە ئـەنجامی لێکۆلّێـنەوەی مێژوویـدا بەدەردەکـەوێ کە لە باشووری دەولّـەتی بیـئانە– ئورارتـۆ خێـلّەکانی خـەلدیای چـیایی، بـناغەی ولاّتـی کوردیان دامەزراندبوو.

هەروەکو پرۆفسۆر لیرخ Lerche بۆی دەچێ:

(کوردەکـان نەتەوەیـەکن پاشمـاوەی رەگـەزی گـەورەیان لـە هەلّدیـئایەکان وەرگـرتووە، کـە رەگـەزێکی ئێـرانییە. هەلدیـئای سـێ هەزار ساڵ لە پێش زاییندا بابـلیان داگـیر کردبوو، لەبەر ئەوەی ئەو کاتە دەسەلاّتیان بەسەر عێراقدا دەڕۆیی سـوودێکی زۆریـان بـە پێشـکەوتنی دەولّـەتی ئاشـوور بەخشـی بـوو، بـەپێی لێکۆلّێـنەوەی نـوێ، تیرەیـەکی زۆر ناسـك و جـوان لـە ئەنجامی ئەو تێکەڵ بوونە لەنێوان هۆزەکانی کورددا پەیدا بووە).

مێژوو ئەو رەگەزە ئێرانییانەی بە ئێمە ناساندووە کە ئەمانەن:

**ئیـلام، سـۆمەر، مید (مـار)، بـەکتریالی، هەیاسـە (ئەرمـەنی)، فـارس، بـەر بەپێی** بۆچـوونی ئـەو نووسـراوانەی کەوتونەتـە دەست کە بەشێوەی زمانی ئەو رەگەزانە

نووسراونەتەوە، ئێستاکە روون بۆتەوە کە:

زمانی ئەگەمەن (فارسی کون)، زمانی ئاڤێستا (زەند) هەبوون و لەو دووانەش بە زمانی (زەند) خوا پەرستن نووسراوەو بە زمانی بەکتریالی دادەندرێن.

فارسی کۆن کە گوتمان: زمانی کوزوارشی بەهلەوییە، هەروەها زمانی های، زمانی هەیاسەی کۆنە و بێگانەش پێی دەڵێن ئەرمەنی.

هەندێ لەنووسراوەکانی پاشای فارس، ئاسور و بابل بەجێ مابوون، بەودواییە روون بۆتەوە کە بەشێوەی زمانی کوردی کۆن نووسراونەتەوەو زمانی مید (مار) هەرچەندە گۆڕانکاریی مێژوویی بەسەردا هاتووە، بەڵام لەبابەت وتووێژ و وێنەوە هەروەکو شێوەکانی زمانی کوردیی ئێستایە.

ئەگەر چ لەبابەت زمانەوە بێ یان لەبابەت وەتەنی ئەسڵییەوە بێ، ئەوا تاکە جێگری میدەکان بەتەنها نەتەوەی کوردە و خۆ ئەگەر وڵاتی مێژوویی میدەکان دیاری بکرێ ئەوا جێگای کوردان بەدەردەکەوێ.

ئێران دەکەوێتە رۆژهەڵاتی خاکی دەوڵەتی کۆنی ئاسوری و لە دوو بەشان پێکهاتووە، بەشێکی شاخاوییە و بەشەکەی دیکەشی دەشتاییە. گۆمی ورمێ لەناو بەشی شاخاویدایە و زنجیرە شاخەکانی ئەلبورز بەدرێژایی کەناری دەریای خەزەر و زنجیرە شاخەکانی زاگرۆس لە راست بە راستی رووباری دجلە لە باکوورەوە بۆ باکووری رۆژهەڵات و لە باشوورەوە بۆ باشووری رۆژهەڵات، دیوارێکی شاخاویی بەرزی سروشتی پەیدا دەکا، ئەوجا ئەو جێگایەی بە زنجیرە شاخەکان دەورە دراوە پێی دەڵێن باکووری ئێران کە وڵاتی میدەکان بووە.

میدەکان لەساڵی (٢٨٠٠)ی پێش زایین لەو وڵاتەدا ژیاون، هاموشۆی رەگەزەکانی دراوسێی خۆیان کردووە، یەك لە کاربەدەستانی میدی، **دایاکو** چەند هۆزێکی میدی کۆکردبۆوە و دەوڵەتێکی دامەزراندبوو، لەسەردەمی فراوەرتی پاشای مید-دا دەستی بەسەر باشووری وڵاتی فارسدا گرت، لەپاش ئەویش گیاکسەر بووە پاشا و دەوڵەتی ئاشووری داگیر کردو بەو شێوەیە سنوورەکانی وڵاتی خۆی فراوان کرد، هەر لەدەریای هندەوە تاوەکو دەریای سپی و لە رووباری ئینتوس-ەوە تاوەکو رووباری خالیس (کیزل ئیرماك) دەگرێتەوە مەملەکەتێکی

گەورەی میدی تێدا دامەزراند کە زۆر رەگەزی دیکە لەسەر خاکی ئەو دەوڵەتە دەژیان و ببوون بە مید.

لە ساڵەکانی (٥٥٩–٥٥٢)ی پێش زاییندا، فارسەکان دەوڵەتی میدیان رووخاند، بەڵام هەبوونی تایبەتی نەتەوەی مید دامەزرابوو، شێوەی زمانەکەی، دەقی خۆی وەرگرتبوو، هەرچەندە هەبوونی سیاسی نەمابوو، بەڵام هەبوونی نەتەوایەتی گەیشتبووە ئەو رادەیەی کە بتوانێ خۆی بپارێزێ و بەردەوام بێ لە ژیاندا.

ئەگەر وایە دەتوانین بپرسین:

بۆچی ئێستاکە کەس لەناوی مێد ناگا؟

ولاّتی (مید)ی چی لێهات؟

بۆ زمانی (مید) لەبیر کرا؟

نەخێر: ئەورۆکە ئەو نەتەوەی بەناوی کورد ناسراوە، رۆڵەی تاقانەی نەتەوەی میدی کۆنە، چونکە ولاّتی مید بەچەند چەرخ لەژێر چەپۆکی داگیرکەران ئەودەست و ئەم دەستی پێکراوە، بەڵام هەر ئەو نەتەوە (مید)یە بەناوی کوردەوە لە شاخە بەرزەکان و باخچە جوانەکانی ولاّتی خۆیدا، هەبوونی خۆی پاراستووەو تاوەکو ئێستاش هەر ماوە.

ناوی کورد لەناوی ویلایەتی میدیاوە وەرگیراوە و بە درێژایی زەمانە جێگای مید و میدیای گرتۆتەوە. بۆ راستیی ئەو وتارەم چەند رووداوێکی مێژوویی دەژمێرم:

لە نووسراوەکانی ئاشووریدا ناوی کورد یان کوردۆ هاتووە کە شەڕیان لەگەڵدا کردوون، بێ گومان لێرەدا بەدەر دەکەوێ کە تیرەیەکی میدی بووینە.

مێژووناسەکانی ئەرمەنی: وشەکانی گۆردیان، گۆردویك، مار (مید)، کوردیان بەیەك ناوەرۆك بەکار دەهێنا. هەروەها مێژووناسەکانی چەرخی سێزدەهەم: ڤارتان و گیراگۆس کانتزاگیتزی بۆ یەکەم جار لەباتی بڵێن مار وشەی کوردیان بەکار هێنا.

لەساڵی (١٣١٦)دا هیتوم نووسیویەتی:

(مارەکان: کە ئەمانە بەشێوەی گشتی پێیان دەڵێن کورد) بەم شێوەیە پیشانیدابوو کە مارەکان کورد بووینە و بۆ دیاری کردنی سنووری مارستان[1] واتە تخوبی میدییەکان روون دەکاتەوە و دەڵێ:

(لەوێدا دوو میرایەتی هەبووە و بە دانیشتوانی یەکێکیان دەڵێن سەراگینوس و ئەوی دیکەش گۆرتوالەی کوردی پێدەڵێن.

پاش ئەوەی کە روونمان کردەوە، کوردەکان نەوەی مید بووینە، با بێینەوە سەر کوردەکانی زازای دەرسیم:

لەنووسینەکانی بێستونی دارای یەکەم لەساڵی (٥٢٢–٤٨٥)ی پێش زایینىدا باسی ناوچەی زوزا کراوە و ئێستاکەش جێگایەك هەیە لە کوردستاندا بەناوی زۆزان کە هەر خۆیەتی، مێژووناسەکان لەو بڕوایەدان کە لە (جەزیرێ) دا جێگایەك بەو ناوە هەیە، هەروەها دەکرێ بڕیار بدرێ کە وشەی زوزا لەگەڵ وشەی زازا یەکن. بەو جۆرە دارا لە نووسراوەکەیدا روونی کردۆتەوە کە زوزا لە میدیا (مارستان) بووە. ئەوجا دەتوانین بڵێین کە کوردی زازای دەرسیم نەوەی بێ گەرد و پاشماوەی میدەکانن. شێوەی زمانی زازای دەرسیم، بەردەوامی زمانی (مار) بووە، چونکە دەرسیمی زۆر تێکەڵ نەبووینە لەگەڵ بێگانە و زۆر پاك و بێگەرد ماونەتەوە، ئیدی ئەو کەسانەی کوردزانی دەکەن و دەیانەوێ لەشێوەی زوبانی (مار) بکۆڵنەوە، ئەوە بۆ ئەو مەبەستە دەرسیم چاکترین جێگایە.

سەردەمێ سنوورەکانی مید دەگەیشتنە زێی خالیس و (زوزا–زازای) دەرسیمی، دانیشتوانەکەی ئەو ناوەڕاستەیان کردبووە مید. بە رووخانی میدیا، خەڵکی ئەو دەڤەرانە جێگای خۆیان بەرنەدا و بەرگرییان لە هەر جۆرە شەپۆلێکی بێگانە دەکرد.

لەکاتی دیکرانی گەورە سەرکردەی پاشایەتیی ئەرتاکسیاسی ئەرمەنستان، زۆر لە ویلایەتەکانی میدی و دەرسیمیش کەوتبوونە ژێر دەستەڵاتی ئەو پاشایەو لەپاش تێکچوونی خانەدانی ئەرتاکسیاش، دەرسیم هەر لەگەڵ ئەرمەنستان مابۆوەو ملکەچی رۆمەکان نەبوو.

---

[1] کوردستان – وەرگێڕ

لەپاش ئەوەی کە ئایینی مەسیحی لە ئەرمەنستان بە رەسمی بڵاوبۆوە، دەرسیمی پشتگیرییان لە ئاینی نوێ نەکرد و هەر لەسەر داب و رەوشت و پیشەی ئاینی خۆیان مابوونەوە و لە جەنگی نێوان ئەرمەنی و ساسانی (ئێرانی)دا، دەرسیم بەڕاستی هەر لەگەڵ ئەرمەنی پەهلەوی مابۆوە.

کە بیزانسەکان دەوڵەتی ئەرمەنیان رووخاند، ئەو کەسانەی لە دەرسیم دەست بەسەر کران، شار بەدەریان کردن بۆ تراکیا، لەپاشدا کرابوون بە سەرباز و شەڕی بولغاریان پێ دەکردن، لەگەڵ ئەوەشدا رێگایان نەدەدا دەستەڵاتی بیزانس درێژە بدا لە وڵاتەکەیان.

لە ساڵی (١٠٩٣)زاییندا کە سەلجوك، بیزانسی شکاند، گەورە پیاوانی کورد لەشارەکانی خوارێ ملکەچی سەلجوکەکان بوون:

**شاری ڤان، شاری دیاربەکر، شاری بتلیس، شاری موش، شاری ساسون و شاری بێنگوڵ.**

بەڵام دەرسیمی هیچ کاتێ مل کەچ نەبوون و لە ساڵی (١٢٢٤)ی زاییندا کە مەغۆلەکان هێرشیان بردە سەر دەوڵەتەکانی خاریزم و سەلجوك، دەرسیمی رێگای شاخەکانیان لە مەغۆلەکان گرتبوو.

سەردەمی مەغۆلەکان، ئەنەدۆڵ داگیرکرا، هۆلاکۆ پەشموتای کوڕی کردبووە والی–ی سیواس و فەرمانی پێدا بوو کە هێرش بۆ سەر دەرسیم ببا، بۆ ماوەی دوو مانگ شەڕ لەنێوان هەردوولادا بەردەوام بوو، لەنزیك کزل کلیسە لەشکری مەغۆلی شکا، هەروەها دەرسیمی لەگەڵ ئێلخانییەکان جێگری مەغۆلەکان و لەگەڵ ئاك–کۆیونلو شەڕێکی زۆریان کردووە، توانیویانە بوونی خۆیان بپارێزن.

## دەڤەری دەرسیم لە سەردەمی عوسمانلیدا

### جوولانەوەی سەربازی و داگیرکاری

لـە هـەموو سـەردەمێکی عوسمـانیدا، دەرسـیم سـەربەخۆ بـووە، میرنشـینیی بەگـەکانی کـوردی لـە پلەیەکی بەرزدا پاراستووە و سەرکەوتوو بووە، هەمیشە بە ئامـانجی سەربەخۆیی لەدژی رژێمی تورکان، راپەڕین و داگیرکردن بەردەوام بووە. بـۆ ئـەوەی لە بنەڕەتی جوولانەوە و داواکردنی مافی نەتەوایەتیی دەرسیم بگەین، پێویستە چاو بەمێژووی کۆنی دەرسیمدا بخشێنین.

لەکاتی پاشایەتیی مەڕسپییاندا، والی–ی ئەو رژێمە لە ئەرزینجان دەستدرێژیی دەکردە سـەر ئـازادیی دەرسـیم، لەبـەر هـەندێ دەرسیمی لەساڵی (١٣٢٨)زاییندا کوشـتیان و بەهۆی ئەو گورزەی دەرسیمی لەکار بەدەستانی مەڕسپییان وەشاند، ئازادیی خۆیان چەسپاند و تاکو کۆتایی سەدەی چواردەمین سەربەخۆیی تەواویان دابین کردبوو.

کـە تـیمورلەنگ دەوڵـەتی مەڕسـپی و مـەڕڕەش[1]ی تێکـداو کۆتـایی پـێ هێنا، یوسـف– رەش سـەرۆکی مەڕڕەشـەکانی بـەدیل گرتـبوو، ئـەوجا لە باشووری زێی فـورات بـەرەو رۆژئـاوا هەڵکشـا، بـەڵام دەرسـیمی رێگایـان نـەدا لەشـکری تـیمور تێپەڕێ، لـەپاش رووخـانی تـیمور دەرسـیمییەکان دووبـارە کەوتنەوە شەڕ کردن لەگەڵ مەڕ سپی و عوسمانییەکان و هەردەم ئازادیی خۆیان دەپاراست.

لـەکاتی دامـەزراندنی پاشـایەتیی سـەفەوییەکاندا، مەزهـەبی شـیعی بەئاسـانی لـەنێوان دەرسـیمییاندا بڵاوبـۆوە، رێـزیان لەشـا ئیسـماعیل سـەفەوی دەگرت، بۆ ئەوەی لە جوولانەوەی سەربازیدا، یارمەتیی شا بدەن، قەڵاتی کەماهیان بۆ بەجێ هێشـت تا بیکاتە بنکەی سەربازیی خۆی بەمەرجێ دان بەسەربەخۆیی دەرسیم–دا بنێ.

لـە سـاڵی (١٥١٤)دا سـوڵتان سـەلیم، لەشـکری شـا ئیسـماعیلی دەرکرد، بەڵام دەرسیمی رێگایان لە لەشکری عوسمانی گرت و نەیان هێشت بچێتە ناو دەرسیم–

---

[1] دوو هـۆز بووینـە، لـە تورکسـتان–ڕا هاتـبوونە کوردسـتانی بـاکوور و لە گەڵ کوردان ژیابوون و دەوڵەتیان دامەزراندبوو، پێیان دەگوتن: (ئاک کۆینلو) مەڕسپی و (کەرە کۆینلو) مەڕڕەش.

ەوە، هەروەها قەڵاتی (کەماە) کە بنکەیەکی سەربازیی سەخت بوو کەوتەوە دەستە خۆیان.

بۆ ئەوەی سوڵتان سەلیم، کوردستان بخاتە ژێر دەستەڵاتی عوسمانییەوە، نیازی وابوو هێزی سەربازی بەکاربێنێ، لەبەر هەندێ محەمەد بەسمێڵ پاشای بە پارێزگاری سنووری کوردستان– ئێران دامەزراند بەوالی لەشاری ئەرزینجان. بەم جۆرە شەڕ بەردەوام بوو لەنێوان مەڕسپییان کە ڕێبازیان سوننی بووە، لەگەڵ لەشکرانی عوسمانی لەلایەك و کوردەکانیش لەلایەکەی دیکەوە بە تەنها لەمەیدانی جەنگ دابوون.

سوڵتان سەلیم هەر چەندە دەیەویست بە ناوی ئایینەوە شەڕ بکا، بەڵام نیازی وابوو شا ئیسماعیل لەناو ببا، چونکە وەکو خۆی تورك بوو، ئامانجی دیکەشی ئەوەبوو ڕێبازی شیعی لەناو بباو ڕێبازی سوننی لە ئێراندا بڵاوبکاتەوە و نەتەوەکانی ئێرانی بە تەختی پاشایەتیی عوسمانی ببەستێتەوە و بیانکاتە تورك، بۆ راستی قسەکەم: لەپاش داگیر کردنی میسر نازناوی خەلیفەی ئیسلامی وەرگرت و گەیشتە پلەی هەرە بەرزی ئیسلامەتی، ئەوجا بە شێوەیەکی نەرم کۆمەڵەی ئیسلامی دەلاواندەوە، بەتایبەتی شیعەکان، بۆ ئەوەی بە تەختی رژێمی عوسمانییان ببەستێتەوە و بیانخاتە ژێر دەستەڵاتی خۆیەوە.

هەروەکو لە پێشدا باسمان کردووە، سوڵتان سەلیم لەشەڕەکانیدا بەناوی مەزهەب، چل[1] هەزار کوردی شیعەی بێخەتا و بێ چەکی کوشت، بەڵام کە زانی ناتوانێ بەهێزی سەربازی دەست بەسەر کوردستاندا بگرێ، ئەوجا پەنای بردە بەر مەلا ئیدریس بتلیسی–ی کورد، ئەو پیاوە زۆر بەلێنی بە کوردان دابوو، بۆیانی روونکردبۆوە کە سەربەخۆیی بۆ کوردان پەسند نییە، بەو شێوەیە (پەیمان[2])ێکی لەگەڵ کوردان مۆرکردبوو، بەڵام دەرسیمییەکان لەناوەرۆکی پەیمانەکە گەیشتبوون و بەشدارییان تێدا نەکردبوو، هەروەها کە سوڵتان سەلیم بۆ میسر بەڕێ کەوت، زۆربەی زۆری لەشکرەکەی لەگەنجانی کوردستان پێك هێنابوو، بەڵام

---

(1) لەژێر پەردەی ئیسلامەتی ئەو کارەساتەی نایەوە.

(2) چۆن پەیمان دەدرێ کە ئازادی بۆ نەتەوەی کورد دروست نییە، لەکاتێکدا هەموو نەتەوەیەك مافی سەربەخۆیی هەیە! – وەرگێڕ

دەرسیمی بەشداریی ئەو لەشکرەشیان نەکرد.

ئیدریس بتلیسی ناکۆکیی خستە نێوان کوردەکان و، محەمەد پاشا بەسمێلّ سوودی لەو هەلە وەرگرت و هێرشی بردبووە سەر قەلاّی کەماهـ و بەو جۆرە نیشانەی ئازادیی کوردستان کەلەسەر شاخێکی بەرز دروست کرابوو، کەوتە ژێر دەستی تورکانەوە.

تورکەکان هەروەکو پیشەی خۆیان، هەرچی شوێنەوارێکی کورد لەقەلاّتی کەماهـ-دا هەبوو، هەرچی نووسراوی سەر دیوارەکانی قەلاّتەکە لەبابەت مێژووی کوردەوە هەبوون تێکداو رەش کردەوە، بەم شێوەیە، لەسالّی (٩٢١) کۆچیدا (کەماهـ) کەوتە ژێر دەستی تورکان، پاسەوانەکانی قەلاّ کە بە تەگبیری ئیدریس بتلیسی چەکیان دانا و هەر هەمووییان، رژێمی تورکیا لەسێدارەی دابوون، دانیشتوانی کەماهـ بە ناچاری چین بەچین کۆچیان دەکردو دەچوونە دەرسیم.

یاوز سولّتان سەلیم بەپێی ئەو پەیمانەی لەگەلّ میرەکانی کورداندا کردبووی، دانی نابوو بە میرایەتیی کورد بەوێنەی کۆنفەدراسیونێك کە بە تاجی عوسمانییەوە بەند بوون، هەرچەندە دەرسیمی لەپەیمانەکەدا بەشدار نەبیوون و خۆیان لە تورکان دەپاراست، بەلاّم سولّتان سەلیم بەباشی دەزانی لەو کاتەدا گێچەلّ بەدەرسیمییان نەکا.

شەڕ تا سەردەمی سولّتان سولەیمانی قانوونی و تاسالّی (١٥٤٠)زایین راگیراو لەو مێژووەدا کاتی خۆسازدانەوەی عوسمانی، قایمقام و پارێزگار و والی لە دەرسیمییان دیاری دەکران. هەر لەو کاتەشدا دەرسیم دەستەلاّتی رژێمی تورکیای نەدەناسی و سەربەخۆیی میرایەتیی کوردی دەپاراست.

هەرچەندە لە (١٦٣٥)ی زاییندا سولّتان مورادی چارەم نیازی وابوو میرایەتیی کوردان لەناو بباو هێرشێکی سەربازی تا شاری ئەرزرۆم کردبوو، بەلاّم نەگەیشتبووە ناو دەرسیم، و تاکە زەرەری ئەو پاشایە ئەوەبوو تەنها خێلّەکانی کوردی نزیك دەرسیمی، ئاوارەی جێگای دیکە کردن.

وا لەبەر چاوە کە رژێمی تورکیا هەمیشە تەگبیری بۆ خۆپاراستنی خۆی دەکرد، نەبادا خێلّەکانی کورد پەلاماری بدەن، لەبەر ئەوە بەکۆمەلّ سیخوڕی

بـەناوی والی– قومـاندان ڕەوانـە دەکردە کوردستان، تاکو لەناو خێڵەکاندا کێشەو لێکدان پـەیدا بکـەن، جـار و بـاریش کـە بـۆی گونجابایـە هێـزی سـەربازی بـەکار دەهێنا.

هەرچــی دەرســیمییەکانن، ئــەوانیش ئەگــەر بۆیــان بگونجابایــە پــەلاماری ناوچــەکانی تورکیــان دەدا، تــەنها بــۆ سەربەســتی ناوەخۆیــان هــەوڵیان دەدا. هەرچـەندە ڕێگـاو شـوێنیان بـۆ دادەنـدرا، بەڵام نەیان دەتوانی لەگەڵ کوردەکانی جێگـای دیکـە ڕێـك بکـەون و شۆڕشـێکی گـەورەی کـورد بـەرپا بکـەن، هـەروایان دەزانـی هیـچ کـاتێ هێـزەکانی تورکیـا دەسـتەڵاتیان بەسـەر دەرسـیمدا ناشـکێ، هـەروەها نەیانخسـتبووە بەرچـاوی خۆیـان وەك چۆن لەو ساڵانەی دوای (١٩٣٧–١٩٣٨)زاییـندا دەکەونــە بــەر هەڵمــەتێکی ســەربازی و پــەلامارێکی بــەردەوامی لەشــکرێکی ســازو چــەکدار، چــونکە بەســەر زۆر جووڵانــەوەی ســەربازیدا سـەرکەوتبوون، ئیتر هەر بەو چاوە تەماشای کارەساتەکەی ئەو دواییەیان دەکرد، لەبـەر هـەندێ یـەکدییان نەدەگرت و خۆیان تەرخان نەدەکرد لەبەرانبەر هەرجۆرە جووڵانەوەیـەکی سـەربازی لـە داهـاتوودا، ئێسـتاکە کـاتی ئـەوە هـاتووە بەکورتی باسـی چـەند جووڵانەوەیـەکی سـەربازی عوسمـانی لـەدژی دەرسـیم و داواکـانی سەربەخۆیی دەرسیم بکەین.

## کارەساتی دەروێش پاشا

(١٢٧٨- ١٢٨٢ کۆچی)

دەرســیمییەکان زۆر بەگەرمییــەوە داوایــان لــە ڕژێمــی تورکیــا دەکــرد کــە داخوازییـەکانیان بـۆ جێبـەجێ بکـا. لەسـەرینی ئەمـەوە سـەرکردەی سـەربازی ئەرزینجان، محەمەد دەروێش پاشا، بۆ سەر دەرسیم بەڕێکەوت. شەڕێکی زۆر کرا و لەبـەر سـەرمای زسـتانە، لەشـکری تـورك بەناچـاری دەسـتی بە پاشەکشە کرد، ئەگەرچـی لـە سـاڵانی دووەم و سـێیەمدا چـەند هێرشـێکی دیکـەی کـردە سـەر دەرسیم، ئـەوانیش هـەر بەشکسـتی دەروێـش پاشا کۆتاییان پێهات و خێڵەکانی دەرسـیمی هاوکاریی یەکدییان دەکردو، دەستکەوتێکی سەربازی زۆریان بەدەست هێنا.

## جووڵانەوەی سەربازی

## سەمیح پاشا، ئیسماعیل پاشای کورد و موختار ئەحمەد پاشا

## (١٢٩٣- ١٢٩٤ کۆچی)

لە جەنگی رووسی– عوسمانی ساڵی (١٢٩٣کۆچی/١٨٧٧ز)دا، کە لەشکری عوسمانی دەستی کرد بە پاشەکشە، رژێمی تورکیا داوای لە دەرسیمییان کرد کە یاریدەی بدەن و بەڵێنیشی پێدان کە چەك و فیشەکیان پێبدا، بەڵام دەرسیمی داوای مافی نەتەوایەتییان دەکرد و رژێمی تورکیا بەو مەرجە رازی نەدەبوو. دووبارە سەمیح پاشا داوای لە دەرسیمییەکان کرد کە هاوکاریی بکەن لە دژی لەشکری رووس، لەبەر ئەوەی کە دەرسیمی لەپێشدا دەیانەویست مافی خۆیان بچەسپێنن، نەچوونە ناو شەڕەکەوە.

هەر لەوکاتەدا سولەیمان ئاغا لەدەرسیم فەرمانڕەوابوو، دوازدە هەزار چەکداری رێك و کەرستە دروستی لەخێڵەکانی کورد هەبوو و ملی بۆ دەستەڵاتی رژێمی تورکیا کەچ نەکردو بە پێنج هەزار چەکدارەوە پەلاماری لەشکری تورکی دا، هەروەها پێنج قەڵای پارێزراو لەدەستی کوردان–دا بوو کە سەر بە ناوچەی دەرسیم بوون، شاه حوسەینی قایمقامی کۆزیجان سەرۆکی پاسەوانی یەك لەو قەڵایانە بوو، لەسەرینی ئەمەوە سەمیح پاشا نووسراوی بۆ شاه حوسەین رەوانە کرد کە دەهەزار چەکدار لە دەرسیمییان بنێرێ بۆ یاریدەی لە شەڕی رووسەکان، بەڵام لەبەر ئەوەی کوردەکان دراوسێی رووسیا بوون و لەگەڵ تورکان نەدەگونجان، شاه حوسێن داواکەی سەمیح پاشای جێبەجێ نەکردو رەتکردەوە و بنکەی سەربازیی ناوچەی مەزگەرت و هۆزاتیان سووتاند، ئەوجا بۆ ئەوەی هێرش بکەنە سەر دەرسیم لەساڵی (١٢٩٤ی کۆچیدا)(١٨٧٨ز)دا ئیسماعیل پاشای کورد رەوانەی سەر دەرسیم کرا، لە پێشدا داوای لە خێڵی بەختیاری نزیکی هۆزات کرد کە بێتە ژێر فەرمانی رژێم، هەرچی خێڵی بەختیار گەمارۆی هۆزاتی دابوو، ئیسماعیل پاشا چەند خێڵێکی کوردی بەفێڵ رازی کرد کە هاوکاری لەگەڵ دوازدە تابووری[1] سەربازی بکەن، بەوجۆرە گەمارۆیەکەی سەر

[1] تابوور= فەوج –وەرگێڕ

هۆزاتـی شـکاندبوو، ئیـدی بـەو سەرکەوتنە دەنازی و هێرشی کردبووە سەر خێڵی بەختـیار، بـەڵام لەشـکری تورکیـا شـکاو چـەند کەسـێکیش کوژرا و زۆریش بەدیل گیرابـوون، ئـەوەی مابوونـەوەش پـەرت و بڵاوبوونەوە. لەپاش تێکشکان و گۆڕانی ئیسـماعیل پاشـای کـوردی، موخـتار ئەحمەد پاشا هاتبووە جێگای، بەڵام ئەویش لەدەست کوردان سەری بە ئەنجامی برادەرەکەی گەیشت.

دەرسـیمی دەیانەویسـت ناوچـەی شـاری ئەرزرۆم تادەگاتە سنووری کەلکیت- بایـپورت بخەنـە بندەسـت خۆیان، لەبەر ئەوەی دەستەیەك بە سەرۆکایەتیی عەلی شەفیق پاشا رەوانەی دەرسیم کرابوو بۆ ترساندنی خەڵکەکە، بەڵام ئەو دەستەیە لەلایـەن دەرسـیمییانەوە چـەك کران و بەدیل گیران. لەبەر هەندێ عەلی شەفیق بە بەهانەی خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات لە لەشکر دەرکرا.

رژێمـی ئەسـتەنبۆڵ تێگەیشـتبوو کـە دەرسـیم لەبەرانـبەر بەکارهێـنانی هێـزی سـەربازیدا سـەر دانانەوێـنێ، لەبـەر ئـەوە موشـیر زەکـی پاشای لەساڵی (١٣٠٩ی کۆچـی/١٨٩١ی ز)دا رەوانـەی ئـەو ناوچەیە کردبوو، بۆ ئەوەی دڵـی دانیشتوان بە نەرمی رازی بکا.

زەکـی پاشـا لـەو بـارەوە لەگـەڵ سـەرۆکی خێـڵەکان گفـتوگۆی دەکرد، چەند مـنداڵێکی ئەمانەی رەوانەی ئەستەنبۆڵ کرد کە لە قوتابخانەی خێڵەکان بخوێنن. ئـەم قوتابخانەیە، بۆ ئەو ئامانجە دامەزرابوو کە دوای خوێندن تەواوکردن بە پلەی یـاریدەدەری سـەرۆك لەژێـر چـاودێریی رژێـم دادەمـەزران، هـەروەها خـەڵکی بـۆ دەرسیمییان رەوانە دەکرد و لەگەڵیان رووی خۆشبوو، دەرسیمی بەو جۆرە چەند سـاڵێك بـەبێ شـەڕکردن رایـان بـوارد. دەرسـیمی نیازیـان وابـوو لەنـەرمی و بـێ دەنگیـی رژێمـی تورکیا سوود وەربگرن، هەوڵیان دەدا ناوچەی دەستەڵاتی خۆیان فـراوان بکـەن، دەوروبـەری شـاری ئەلازیز و مەلاتیا بخەنە ژێر دەستی خۆیانەوە، بـەم جـۆرە تـادوای سـاڵی (١٣٢٣ی کۆچـی/١٩٠٤ی زایـین) دەرسـیمی کۆسـپێکی گەورەیان خستە پێش دەستەڵاتی رژێمی تورکان لە کوردستاندا.

## جوولانەوەی سەربازی بۆ سەر دەرسیم

(١٣٢٣ی کۆچی)

سـەرۆکی خێـڵی کورەیشـان، عەلی چاوش، تاوەکو ناوەڕاستی ساڵی (١٣٢٣)ی کۆچی هەر لە پەلاماردانی ناوچەکانی ژێر دەستەلاتی رژێمی تورکیا بەردەوام بوو. لێـرەدا بەهێـزێکی چـوار هـەزار چـەکدارییەوە بـەرەو ئەلازیـز و لەگەڵ خێڵەکانی ، رەسـیك و شـەمکان بۆسـەر کـەماه و چیمیشـکەزەك بـەڕێ کەوتـبوون، سـەرۆکی لەشکری تورك نەشئەت پاشا لە خەرپوت، ئامیرلیوا خالسی لەگەڵ حەفت تابووری سـەربازی رەوانـە کـرد، لەپێشـدا خالیسـی پەلاماری خێڵی شەمکانی دابوو، لەبەر ئـەوەی خێـلـەکان کشـابوونەوە تەغـەر و گـەلیی عـەلی و خۆیـان دامەزراندبوو، لە بۆسـە–دا بـوون بـۆ بەرەنگاربوونـەوەی لەشـکری تورکیا، تابوورەکانی دوژمن کە گەیشـتنە گـەلی(دەیـرمەن– دەرەی) تووشـی رووداوێکـی زۆر ئـاڵۆز بوون، چونکە ناوچـەکە زۆر بەکۆسپە و ڕەق و شاخاوی بوو. لەبەر ئەوەی جەنگاوەری کورد زۆر بـە ئاسـانی گـەمارۆیان دان و لـەناویان بـردن، بریندار و دیلەکانیش لەگەڵ لاشەی سـەرۆکی لەشـکرەکە ئـامیر لیـوا خالیسـی رەوانەی هۆزات کرابوونەوە، بەو جۆرە لەشکری نەشئەت پاشا لە کوشندەی زستاندا پاشەکشەی بۆ شاری ئەلازیز کرد.

## جوولانەوەی سەربازی

(١٣٢٤ی کۆچی)

گـرنگترین جوولانـەوەی سـەربازی بۆسـەر دەرسـیم ئـەو جوولانەوەیـە بوو، کە نەشـئەت پاشـا لەسـاڵی (١٣٢٣)ی کۆچـیدا دەسـتی پـێکـرد، ئاژاوەیـەکی زۆری خسـتبووە نێـوان دەرسـیمییان. لەسـەرەتای نیسـانی (١٣٢٤)ی کۆچـیدا ئیـدارە ئیـبراهیم ئاغـا سـەرۆکی خێڵی کۆچان بۆ ئەوەی پەیمانێك لەگەڵ خێڵەکانی کوردا ببەسـتێ پێـش هـەموویان چـووبووە مـاڵی سەرۆکی خێڵی کەرەبال، محەمەد ئاغا کـوڕی کـانگو، مەسـڵەتی لەگـەڵدا کـردبوو، چونکە لەکۆنەوە دوژمنداریيان هەبوو، هـەروەها خێـلـەکانی دیکـەی دەرسـیم هـەموویان بەشداریی پەیمانەکەیان کردبوو. بـەو جـۆرە هـەموو خێـلـەکان بـە تێکـڕایی شۆڕشـێکی گـەورەیان سـاز دا. ئـەو

پەیمانـەی نێـوان خێـڵەکان بـە هـۆی کـەکو ئاغای کوڕی عەلی شێرئاغای سەرۆکی خێڵی فەرهادانەوە پێك هات.

چـەند سـەربازێك لـە هـۆزات جێگـیر بـبوون، پێـش هـەموو شـتێ خـواردن و کەرەستەی شەڕی ئەمانە لەنێوان **هۆزات و ئاوی سارد** بوو، دەستی بەسەردا گیرا، هێزی پۆلیس لە **شەڤاك** چەك كرا و فەرمانبەری تورك هەر هەموویان دەركران و لە جێگایان فەرمانبەری كورد دامەزران، بەهۆی ئەو سەركەوتنانەوە هەموو خێڵەكانی دیكە هاتنە نێو پەیمانەكەوە. بنكەی سەربازی ناوەڕاستی **كەكپەر** لەژێر چاودێریی خێـڵی لاچـینان بەشـكاوییەوە چـەك كـران و ڕەوانـەی هـۆزات كـرانەوە. خـەتی تەلگرافی هـۆزات– ئوڤـاجك و هۆزات– ئەلازیز بڕا. ڕێگایەكانی پەڕینەوە، لەزێی فـورات كە لەشاری پەرتەك هەبوون هەر هەموو خرانە ژێر دەست و خۆیان تەرخان دەكـرد بـۆ هێرش بردنە سەر ئەلازیز. هەموو خێڵەكانی كورد لێكڕا هەڵسابوونەوە وردە پـەلاماری خێـڵە توركییـەكانی نـزیكی خۆیـان دەدا. بـەوجۆرە بـەكو ئاغـای ناودێـر، سـەرۆكی خێـڵی كەچـەلان، ناوەڕاسـتی ناوچـەی پـلومەری خسـتە ژێـر دەستەڵاتی خۆیەوە.

ئـەو ڕووداوانـە كاربەدەستانی سوڵتانیان ترساندبوو، هەروەها دەرسیمییەكان، لـەنێوان خۆیـاندا جۆشـیان گرتـبوو، وا دەزاندرا كە پەنجەیەكی بێگانە لەجێبەجێ كـردنی ئـەو كارانـەدا هـەبێ. ئەگەرچـی چـەند لایەنێكی كورد نەبێ، هیچ ڕژێمێكی بێگانـە دەسـتی یارمـەتیی بـۆ نەتـەوەی كـورد درێـژ نەكـرد بـوو لـە لایـەن هیـچ بێگانەیەكەوە فێر نەكرابوون كە لەدژی ڕژێمی توركیا شەڕ بكەن.

لەوكاتە ترسناكەدا بەپێی فەرمانی ڕژێمی سوڵتانی:

تـابووری هەشـتەمی سەربازی لە ئەرزینجانەوە لەگەڵ لیوای سوارەی (٢٦)هەم لـە كـەماه و لیـوای تۆپچـی پیـادەی (٢٥)هـەم بـە گـەلی مـەرجاندا بـۆ پـلومەر ڕەوانەكران.

هەروەها تابوورەكانی یاریدەدەر لەو شارانەی خوارێ:

**كەلكیت، بەیبورت، ترابزون، ئەرزڕۆم، كەرەهیسار و حەمیدیە.**

لـەكۆچ هیسـاری: هـەموو تابوورەكانی (یاریدەدەر) داوا كرابوون كە بگەڕێنەوە

بۆ ناو لەشکر و چەك هەڵبگرنەوە. ئەوجا ئەو هەموو هێزانەی لەسەرەوە دیاریمان کردن، بەتێکڕایی هێرشیان بردە سەر خێڵەکانی ئوڤاجك و پلۆمەر لە کێوەکانی مونزور. ئەو هێزانە لەسەرەتای حوزەیراندا لەلای باکوورەوە بەسەرکردایەتیی عاتیف پاشا هاتن. ئەو تابوورانەی لە دیاریەکرەوە دەهاتن لەگەڵ لەشکری نەشئەت پاشا هەموویان بوونە (٢٢) تابووری سەربازی هەروەکو لە مێژووی جەنگی تورکدا نووسراوە، لەشاری ئەلازیزەوە بەڕێ کەوتبوون بۆ بەرەکانی جەنگ، ئەوجا رژێم لەنێوان خێڵەکاندا بلاّوی دەکردەوە کە ئەو هەموو لەشکرەی رەوانە کردووە، تەنها بۆ هەڵمەت بردنە سەر خێڵەکانی دەرسیمی ڕۆژ ئاوایە لەبەر ئەوە لە دەرسیمی ڕۆژ هەلاّتدا تەنها خێڵی کەچەلاّن نەبێ، هۆزەکانی دیکە بەشدارییان لەو شەڕانەدا نەکردبوو.

خێڵەکانی دەرسیمی ڕۆژئاوا هەر هەموویان پەیمانیان دابوو هەتاکو دوا هەناسەیان لە دژی لەشکری تورکیای داگیرکەر شەڕبکەن و خێزانەکانیان بردە ناو شاخەکان و خۆشیان لە خەتی پێشەوەی شەڕدا لەسەنگەران دامەزراند.

لەپێشدا هۆزەکانی فەرهادان و کەرەبال و کۆچان، دەستوەکەرییەکی باشیان لەناوچەکانی **بەرگینی و سورپیان و جەوزلك**–دا کرد، هەروەها بە درێژایی ڕێگای **پەرتەك و هۆزات** گەرمەی شەڕ بوو، **کەکۆ ئاغای کوڕی قارەمان ئاغا** لەو شەڕەدا سەرکردەی لەشکری کورد بوو مێرخاسییەکی زۆری پیشان دا و هێزەکانی تورك بەهەموو توانایانەوە، چوار ڕۆژان شەڕیان پێکراو نەگەیشتنە هۆزات و بەرامبەر بەو هەموو لەشکرو قۆشەنەی تورك، ڕۆڵەکانی کورد سەریان دانەنەواند. ئەوجا سەربازی تورك بە ناچاری ملی کەچ کرد و چین بەچین چەکی دادەنا. لەشکری تورك تێکچوو پەرت و بلاّوبۆوە، ئەوەی چەکی فڕێ نەدابوو، بەرەو ئەلازیز دەگەڕایەوە. لەوکاتدا کەکو ئاغاش وەکو مێگەلە مەڕ، سەربازی تورکی بە پێشە خۆیدابوو چەکی دەکردن. سەربازێك گوتی من تفەنگی خۆم دەدەمە دەست ئاغا و تفەنگەکەی بۆ کەکو ئاغا درێژ کرد و دەستی پێدا هێناو کەکو بەسەختی بریندار بوو گیانی خۆی بە کوردستان سپارد و لە کانگەی دەروونی نەتەوەی کوردەوە ناشترا.

لەناوچـوونی کـەکو ئاغـا بەو شێوەیە کارەساتێکی زۆر گەورە بوو بۆ نەتەوەی کـورد، لەبــەر ئەمــە لــەپاش حەفـتەیەك لێکـدان، خێـڵەکان دەسـتیان کـرد بـە پاشەکشە و بۆ دواوە گەڕانەوە.

ئـەوجا لەشـکری تورك توانی بچێتە ناو شاری هۆزات و ئەو سەربازەی لە کەکو ئاغای دابوو خەڵات کرا و پلەی سەردەستەی پیٚ درا.

کـەکو ئاغـا بەیـەك هەفـتە شـەڕکردن ناوی زۆر بە ئازایی لە دەڤەرەکانی نێوان هۆزات– ئەلازیزدا دەرچوو.

لەوکاتـەی نەشـئەت پاشا گەیشتە ناو شاری هۆزات، سەرۆکی خێڵی کەرەباڵ و سـەرۆکی خێـڵی بەخـتیار، پـەنایان بـردە بـەر نەشـئەت پاشا و هاوکارییان لەگەڵ لەشـکری تورکـدا کردو کەوتبوونە پێش لەشکر و ڕێگایان پیشان دەدان، بەوجۆرە لـەپازدەی حوزەیرانەوە بە (٣١) ڕۆژان لەشکر گەیشتە چیای توژیك کەتاکو ساڵی (١٩٣٨)ز تاکـە سـەربازێکی تـورك چـییە، پێـی بـەو نـاوە نەکەوتبوو کە گرنگترین دەڤـەری دەرسـیمی ڕۆژئاوایـە و گوندەکـەی سـەید ڕەزا، ئاغدات کە لە بناری ئەو شـاخەیە، کرا بە بنکەی سەرکردایەتیی سەربازی لەشکری تورك، بەو شێوەیە لە ( ٧/ تـەمووزی/ ١٣٢٤) کۆچی دا سی و پێنج تابووری سەربازی نیزامی و یاریدەدەر لەگـەڵ لیوایەکی سەربازی سوارەی خێڵی جەبرانی لەدژی شۆڕشگێڕانی دەرسیمی ڕۆژئـاوا لەشەڕدا بوون. بەڵام مێژووی شەڕی تورك دوور لە ڕاستی ئەمانەی پیشان داوە !

(٢٦) تابووری پیادە و (١) یەك لیوای سەربازی سوارەی خێڵی جەبرانی و دوو تابووری چیایی و دەستەیەك تۆپی چیایی (١٥) تۆپ.

خێـڵەکان هـەر بەگشـتی مـاڵ و خێـزانیان بـردبووە نـاو شاخەکان و زۆریشیان بۆناو هۆزەکانی دەرسیمی ڕۆژهەڵات چووبوون.

لەشـکر لەبـنکەی سـەرۆکایەتی بەدوور کەوتبۆوە، لە ڕاست و چەپ و لەدوایدا، شۆڕشـگێڕانی کـورد لێـیـان دەدا و دەستیان بەسەر خواردن و کەرستەی سەربازی دا دەگرت. سەرباز برسی بوو، دەستی کرد بە گۆڕینەوەی چەك و تەرەقە بەنان و ماسـت لەگـەڵ هۆزەکـانی دانیشـتووی ئـەوان دەڤـەران. هـەروەها جەنگاوەرەکان

دەستیان بەسەر چەکی قورس کە لەدوای لەشکرەوە دەهات دادەگرت. بێجگە لە ئەوەش نەخۆشیی تیفۆس لەناو لەشکردا بڵاوبۆوە.

جەنگاوەری هۆزەکانی کەچەلان و لۆلان و بالان بەسەرکردایەتیی بەکۆ ئاغا بەرەو پلومەر دەچوون و لە دەڤەرەکانی دەنزی و هەرسێ تووشی شەڕێکی دژوار هاتن لەگەڵ تورکاندا. شەڕەکە، دەرسیمی رۆژهەڵاتیشی گرتەوە، هۆزەکانی حەیدەران و دەمەنان گەیشتنە هاواری شۆڕشگێڕانی کورد و لەشاخەکانی ئەشکەرەکدا زەرەرێکی زۆریان لە لەشکری تورک دابوو، بەڵام لەبەر هێزەکانی تورک کە لەلای ترابزونەوە هاتبوون، شۆڕشگێڕەکان کشابوونەوە ناو شاخەکانی حەیدەران و لەبەر سەختیی جێگایەکە، لەشکری تورک نەیدەتوانی هەڵمەتیان بباتە سەر.

لەو سەردەمەدا هۆزەکانی ئوڤاجك لەو راستەی کە پێی دەڵێن قشڵە رێگای لە لەشکری تورك گرتبوو کە لەلای کەماھ- ڕا دەهاتن. بنەوانی جۆگەی ئاویان تێکداو لەو کەرخدا هێزەکانی کورد دەستیان بەسەر رێگای هوزات- ئۆڤاجك-دا گرت، بەوجۆرە لەشکری تورك رێگای کشانەوەی لێگیرا و لەبەر هەندێ تووشی گێروگرفتێکی سەخت و نالەبار هات.

لەبەر ئەو کارە ترسناکە نەشئەت پاشا بەناچارییەوە داوای شەڕ راگرتنی لەسەرۆك خێڵەکان کردو بەڵێنی پێ دابوون کە داخوازیی کوردان جێبەجی بکاو چەند سەیدێك کەوتنە نێوان هەردوولا و تکایان لەخێڵەکان کرد چیدیکە پەلاماری لەشکر نەدەن، بەمەرجێ رژێم تۆڵەو قەرەبووی زەرەرەکانیان بداتەوە. لەبەر ئەوە پێش هەموو کەسێك نوری کوڕی خەلیل ئاغای سەرۆکی هۆزی کەچەلان (کالان) غاریدا بۆ تۆڵە وەرگرتن.

نوری چووە لای نەشئەت پاشاو لەگەڵی پێك هاتەوە و لەسەر بەڵێنی نەشئەت پاشا، سەرۆکی خێڵی شەمکان و سەرۆکی خێڵی ڕەسیکان و لەگەڵ ئیدارە ئیبراهیمی سەرۆکی خێڵی کۆچان و دیاب ئاغای سەرۆکی خێڵی فەرهادان، نوری هەر هەموویانی لەگەڵ خۆی بردنە بنکەی سەربازی بۆ لای نەشئەت پاشا، بەهۆی ئەو پیاوانەوە نەشئەت پاشا نیازی ئەوەبوو دەرگای خۆی بۆ سەید رەزا و

سـەرۆکەکانی دیکـەی کـورد بکاتـەوە بـەڵکو دەچـنە لای، ئەگەرچـی بـەهۆی بڵاوکـردنەوەی بـەیانی مەشـروتیەت و گوایـا خوێـنرژتن قەدەغەکـراوە و چـیدیکە شـەڕکردن دروسـت نییـە، بـەڵام سـەید رەزا و سـەرۆکەکانی ئوڤـاجك وەڵامیـان دابـۆوە، کەناچـنە لای نەشـئەت پاشـا تـاکو دوا تـنۆکەی خوێـن، ئـازادیی خۆیـان دەپارێـزن. هـەر لەبـەر ئـەوەش دیـاب ئاغـا نەگەڕایەوە لای، لەشکر زۆر پەریشان بـوو، بـە پێشـڕەویی ئـەو ئاغایانـەی لـەلای مابوونـەوە لەشکر لە چیای ئاغداتەوە پاشەکشـەی کـرد، تـاوەکو نزیکی ئوڤاجك، ئەوجا لەباتی چاکەی ئاغاکان بداتەوە کـە لـەلای لەشـکر مابوونـەوە و پێشڕەوییان کردبوو بۆ لەشکر کێشانەوە، لەپێش هـەموویان عـەلی ئاغـا درایـە بـەر رسـتەی تفـەنگان. ئەوانی دیکەشیان لەگەڵە خۆ بـردبووە هـۆزات، نەخۆشـیی تیفـۆس چـارەی نەدەکـرا، لەشکر کشایەوە ئەلازیز، ئـەوجا لەپاش چوار رۆژان نەشئەت پاشا هەر بەو نەخۆشییە سەری نایەوە و مرد، سـەرۆك خێڵـە گێلەکان کە لە بنکەی سەربازی مابوونەوە و چاوەڕێی خەڵات کردن بـوون، بەدەستبەسـەری رەوانـەی ئەلازیـز و لەوێشـەوە بـۆ بەندیخانـەی دیاربەکـر رەوانە کران و دوایە باسی لێکۆڵینەوە و دادگایی کردنیان دەکەین.

**لە تخووبی شەڕی ئەرزینجانەوە:**

شـێرە کوڕانی خێڵەکانی ئوڤاجك راوی لەشکری شکاوی تورکیان دەنا کەبەرەو ئەرزیـنجان پاشەکشەی دەکرد، سەربازەکان زۆر ماندوو، رووت، برسی و پەریشان بـبوون، نەخۆشـی لـەناویاندا بڵاوببۆوە، لەهەر لایەکەوە تابوورەکان چەکیان فڕێ دەدا و هەڵدەهاتن یان خۆیان دەدا دەست کوردانەوە.

**ئـاتیف پاشا** بەناچـاری لەشـکری لەشـاری پـلومەر کۆکـردەوە، چونکە لەشکر دەسـتی بەسەرکێشـی کرد و فەرمانی بەجێ نەدەگەیاند و تابوورەکانی یاریدەدەر گۆڕینیان دەویست.

سەرلەشـکری چـوارەم بەناچـاری داوای لـە وەزارەتـی جەنگ کرد لەبارەی ئەو سـەربازانەی کـە خـزمەتی رەسمییـان تـەواو کـردبوو، هـەروەها لـەبارەی بـەڕێ کـردنەوەی سـەربازەکانی یـاریدەدەر. لەسـەر ئـەو داوایـە رژێـم لە (١٣) ئەیلوولدا دەسـتی بـە (تەسـریح)کـردنی تابوورەکـانی یاریدەر (ئیحتیات) کرد، کوردیش زۆر

بەخۆشییەوە سەیری دەکرد کەچۆن لەشکری تورك شپرزە بووە.

سەربازی تورك چەك و فیشەکی خۆی دەدایە دەرسیمییان و دەکشاوە بۆ ئەرزینجان یان ئەرزرۆم، بەوجۆرە لەگەڵ بەسەرکەوتنی دەرسیمییاندا، شەڕ کۆتایی پیٚهات.

لەشکرانی کوردی لەسەنگەرەکانی خۆیان چەقی بوون و داوایان لە رژێمی تورکیا دەکرد کەئەو کوردانەی لەزینداندان، بەر بدرێن.. ئەگەرنا هێرشی گەورە بۆسەر رژێم دەکەن. لەبەر ئەو هۆیانە دیاب ئاغا سەرۆکی خێڵی فەرهادان بەرگی خۆی گۆڕی بوو، لە دەرسیمەوە چوبووە ترابزون و ناڕەزایی بەتەلەفون بۆ ئەستەنبۆڵ بەرێکرد سەبارەت بە هێرش و پەلاماری سەربازی بۆ سەر دەرسیم، بەلاّم لەئەستەنبولڵ داوایان کردبوو کەخۆی بچیٚ، ئەوجا خۆی چووە ئەستەنبۆڵ و گفتوگۆی  لەگەڵ وەزارەتی ناوخۆ و وەزارەتی دەرەوە کرد بۆئەوەی لێکۆڵینەوەی یاسایی لەگەڵ سەرۆکەکانی لەشکردا بکریٚ لە بارەی کارەساتەکانی دەرسیم، بەلاّم لەبەر بەیان کردنی مەشرووتیەت هیچی بۆنەکرا و بەدەست بەسەری رەوانەکرایەوە دیاربەکر، رژێمی عوسمانی لەدوای ئەو هەموو لەشکرەی رەوانەی دەرسیمی کردبوو، پارەیەکی زۆریشی لیٚ سەرف کردبوو، تەنها رووڕەشیی بۆ مابۆوە، لەبەر ئەوە بۆ لێکۆڵینەوە لەجێگای خۆی فەریق عەلی پاشا و موستەفا بەگ ئەندامی ئەنجومەنی شوورا لەلایەن رژێمەوە بۆ رۆژهەلاّت رەوانە کران و عەلی پاشا پێش هەموو شتیٚ هاتبووە شاری هۆزات و ڕوونی کردبۆوە کە جوولاّنەوەی سەربازی رێز نەگرتن بووە لە هاوولاّتییان. ئیتر هەروەکو لە کۆنەوە پیشەیانە بۆ خافلاّندنی دەرسیمییان ئەوجارەش بەلێنیدا کە هەروەکو لە (مەشرووتیەت)دا بەیان کراوە، داخوازییەکانی دەرسیمییان بەجیٚ دەگەیەنیٚ و بەوجۆرە دلّی کوردانی رازی کردبوو. لە تەشرینی یەکەمی (١٣٢٤) کۆچی ١٩٠٥ز گەڕایەوە ئەستەنبۆڵ.

بەلاّم ئەو کوردانەی دەست بەسەر کرابوون:

**نوری:** لە بەندیخانەی دیاربەکردا مردبوو. **ئیدارە ئیبراهیم:** لە بەندیخانەی قەلاّتی دیاربەکر خۆی فڕێدابووە خواریٚ و هەلاّتبوو گەیشتبۆوە ناو خێڵەکانی

**خۆی. دیاب ئاغا و جەمشید ئاغا:** لەگەڵ بەیانی (مەشرووتیەت)دا بەردرابوون و ئازاد کرابوون، گەڕابوونەوە لای خێڵەکانی خۆیان.

لەبەر ئەوە لە مێژووی ئازادیخوازی کورددا، جووڵانەوەی سەربازیی نەشئەت پاشا بە ناڕەوایی ناسراو بە سەرکەوتنی کوردیش کۆتایی پێهات.

دەرسیمی ئەوجۆرە شتانەیان بەدەست کەوتبوو لە کۆتایی شەڕەکاندا:

بیست هەزار تفەنگی ماوزەر، دوازدە تۆپی گەورە، سێسەد هێستری باری، پێنج سەد ئەسپی سواری، لەگەڵ هەموو کەرستەو تەرەقەی لەشکری شکاوی تورک.

## رووداوی ئیبراهیم پاشا

### ١٣٢٥ی کۆچی

لەکۆتایی ساڵی (١٣٢٤) کۆچی-دا فەریق عەلی پاشا لە دەرسیمەوە گەڕایەوە ئەستەنبۆڵ و هۆی شکانی لەشکری نەشئەت پاشای بۆ رژێم و وەزارەتی جەنگ روون کردەوە و بەپێی زانیاریی خۆی داوای لەرژێم کردبوو کە دووبارە لەشکر بۆ سەرکوتکردنەوەی دەرسیم بنێردرێتەوە، کەواتە پێویستە کوردان لەناو ببەن.

لەبەر ئەو داخوازییە، حکوومەتی مەشرووتیەت بۆ لەناوبردنی دەرسیم لەگەڵ سەرۆکی لەشکری چوارەم و والی-ی ئەلازیز، کەوتنە تەگبیر کردن، دەرسیمییەکان ئاگایان لە تەگبیرەکانی رژێم هەبوو کەچۆن خەریکە خۆی بۆ هێرش کردنە سەریان ئامادە دەکا. هەروەها لە ئەنجومەنی نوێنەرانی تورکیادا لێکۆڵینەوە لەبارەی سەرکوتکردنەوەی دەرسیم بەردەوام بوو.

لە (١٥/ مارت/ ١٣٢٥) کۆچیدا ئیبراهیم پاشا بەسەرکردەی لەشکری چوارەم داندرا و نەخشەی لەناوبردنی دەرسیمی درابووە دەست، دەڵێن ئەو ئیبراهیم پاشایە کوڕی نورەدین پاشا بووە و ناسراوە بە دوژمنی کورد و سەرکردەی لەشکری تورک بووە لەکاتی شۆڕشی کۆچکیریدا.

شۆڕشگێڕانی کورد وریا بوون و لەفێڵی تورکان گەیشتبوون، زوو دەستیان بە تێکدانی ئەو جێگایانە کرد کە لەشکری تورک لە داهاتوودا دەیەویست بنکەی سەربازییان لێ دابنێ، لەبەر ئەوە خێڵەکانی ئوقاجك پەلاماری ناوچەکانی کەماهە

و ئەرزینجان و، ئەو جێگایانەیان دا کە گوندی تورکانیان تێدابوو، ڕەنگە بنکەی سەربازییان تێدا دابندرێ.

کوردەکان تەگبیریان کردبوو کە بەرەنگاری لەشکری دوژمن ببنەوە، ئەگەرچی ئیبراهیم پاشا دەیویست بە لەشکرێکی ڕێك و کەرستە تەواوەوە هێرش بباتە سەر کوردان. لە بارەگای سەربازیی گشتی فەرمانی یاریدەدانی وەرگرتبوو و لەشکرەکەشی لەوهێزانەی خوارێ پێك هاتبوو:

نۆ تابووری ڕێك و کەرستە دروستی زانا، دوو دەستە تۆپی قورس، یەك لیوای سوارە، یەك تاقمی بانگەواز (موخابەرە)، تابووری حەفتەم و هەشتەمی نیشانچی لە ئەرزینجان لەگەڵ دوو تابووری دیکەش، پێنج تابووری دیکە: لەشارەکانی ئەرزرۆم، موش، نەزمیە و هۆزات، بۆ جووڵانەوە تەرخانکرابوون.

لە (٣٠/ حوزەیران/ ١٣٢٥)کۆچیدا فەرمان درایە تابووری سەربازی شاری کیغی کە بۆ شاری پلومەر بەڕێ بکەوێ، هەروەها، ئەو تابوورانەی لە دیاربەکر و خەرپوتیش بوون، بۆ دەرسیم بەڕێ بکەون، لەگەڵ ئەوەشدا ئیبراهیم پاشا لە (٢٠ / تەموزی/ ١٣٢٥) کۆچیدا بەگشت هێزەکانییەوە کە لەسەرەوە باسمان کردن، زاناو کەرستە دروست، بەرەو **سوڵتان سەیدی** بۆ دەرسیم بەڕێ کەوت بەگەلی مەرجاندا بەناو شاخەکانی مونزوردا تێپەڕی و بەهۆی سەرۆکایەتیی سەربازیی هۆزات لەنێوان خێڵەکاندا بڵاوی کردەوە کە ئەو جووڵانەوە سەربازییە تەنها لە دژی خێڵەکانی ئوڤاجکە و پەلاماری هیچ خێڵێکی دیکە نادات، بڵاوکردنەوەی بەڵێنەکانی ئیبراهیم پاشا تەنها بۆ ئەوەبوو کە یەکێتی لەنێوان خێڵەکانی کورددا تێك بدا.

ئیبراهیم پاشا پێش هەموو شتێ بە گەلی مەرجاندا تێپەڕی و هیچ کۆسپێکی نەکەوتە پێش و لە (٢٢/ تەموزی/ ١٣٢٥)ی کۆچیدا لەجێگایەکدا کە پێی دەڵێن **هۆپیك** کە سەر بە ئوڤاجك ـ ە، بنکەی سەرکردایەتیی خۆی دامەزراند، لەپێش هەموو شتێ هەولیدا چەکی خێڵەکان کۆ بکاتەوە، بەڵام چەکدارەکانی خێڵی **ئاسیان و بەیتان** بنکەی سەربازیی خەتی پێشەوەیان هەڵگرت و لەناویان برد، بەوشێوەیە وەڵامی ئیبراهیم پاشایان دابۆوە.

دێهـاتی ئۆڤـاجك سـەر لەبـەر چـۆڵ کـرا، خەڵکەکـە لـەناو دارسـتان و دۆڵ و کێوەکـان بڵاوبوونـەوە، هێـزە گـەورەکانی کـورد چـوار دەورەی بـنکەی سـەرکردایەتیی سـەربازییان گەمارۆدا، لەبەر ئەوەی هیچ ڕێگای دیکە نەبوو لەگەڵ مـەرجان، کـەخواردن و چـەك و کەرەسـتەی پێدابچـێ بۆ لەشکری تورك، هەروەها خێـڵەکانی مەقسـودان و شـەمیکان و ڕەسـیکان لەگـەڵ چەند خێڵی دیکە لەڕێگای نێوان هۆزات– ئۆڤاجك سەنگەری بەرگرییان دامەزراندبوو، بەم جۆرە شۆڕشگێڕان دەسـتیان بەسـەر ڕێگایەکـەدا گـرت و هیـچ جـۆرە خواردەمـەنی و کەرسـتەیەك نەدەگەیشتە لەشکر و ئەو هێزانەی لە دیاربەکرو خەرپوتیشەوە دەهاتن، ئەوانیش نەدەگەیشتنە هاواری لەشکری ئیبراهیم پاشا.

لەشکری تورك (١٥) ڕۆژ بەبێ خواردن مایەوە و ئیبراهیم پاشا بۆ ئەوەی خۆی لـەو کارەسـاتە دەرباز بکا بەدرۆ ڕێگای رازی کردنی کوردەکانی گرتە بەر، هەر بۆ ئـەو مەبەسـتە پـەنای بـردە بەر سەید قاسم و سەید ئیبراهیمی باوکی سەید ڕەزا، لەگەڵ ئەو پیاوانە، چەند سەرۆك خێڵێکی بێلایەنی بانگ کرد و چێشتی بۆ کردن و چـەند وتەیـەك خوێـندرابۆوە، کـە گوایـا داخوازییـەکانی دەرسـیمییان بـەجێ دەگەیـەنن. دەرسـیمییەکانیش بـۆ ئـەوەی ئیـبراهیم پاشـا لـە لێکۆڵێـنەوە و شـەرمەزاری لەلایـەن ڕژێمـی ئەستەنبۆڵ دەرباز بکەن، چەند سەد تفەنگی خراپ و بێکـەڵکیان دایـە ئیـبراهیم پاشـا کە گوایا خێڵەکانی ئوڤاجك فەرمانی پاشا بەجێ دەگەیـەنن و چـەکیان دانـاوە، بـەو جـۆرە لەشـکری ئیـبراهیم پاشـا لـە (١٥/ ئاغسـتوس/ ١٣٢٥)کۆچـیدا لـە دەرسـیم کشـایەوە بەرەو ئەرزینجان و لەباشووری پـلومەر و لەنـزیك پانجەراسـی بـنکەی سـەرکردایەتیی سـەربازی دامـەزراند و هەولێشـی دەدا خێـڵەکانی ئـەو ناوچـەیە رازی بکـات" وەکـو خێـڵی حـەیدەران و دیمـەنان، لەبـەر ئـەوەش چێشـتی بـۆ سـەرۆکەکانی ئـەو خێلانـەش کردبوو. بەڵام تـەنها سـەرۆکەکانی خێـڵی حـەیدەران چـوبوونە سـەر ئـەو زیافەتـەو پاشـا (٢٠٠) هێسـتری لەشـکری تورکـی و چـەند خـەڵاتی دیکەشی بە خێڵی حەیدەران بەخشی بوو.

لـە (٢٨/ ئاغسـتوس/ ١٣٢٥) کۆچـیدا، لەشکر گەڕایەوە ئەرزینجان و لەوکاتەدا

تاهیر پاشا کوڕی ساغری خەلْکی کەماھ، پێش ئەوەی ببیەنە ئەرزینجان، بۆ لێکۆلْینەوە و بیدەنە دادگا کە گوایا خێلْەکانی دەرسیم و ئۆڤاجك لە دژی رژێم هان دەدا لە کەماھ لە بەندیخانە خۆی کوشتبوو، بەو جۆرە کۆتایی بەم فەسلە دەهێنن و سەرۆکەکانی لەشکر کە هەلْمەتی سەربازییان بۆ سەر دەرسیم دەبرد لەوکاتەدا فەریقی یەکەم فەخرەدین و ئامیر لیوا بەسری بوون.

لە سەردەمی مەشرووتیەتدا، **کۆمەلْەی ئیتیحاد و تەرەقی**، دەستی بەسەر تورکیا-دا گرت و یەك لە نیازەکانی لەبنهێنانی رەگەزی کەمە نەتەوەکان بوو، هەروەکو حوسەین جاهید یالچی لە رۆژنامەی تانین-دا بلاْوی کردبۆوە، کە ئەو بڕیارە کوردەکان، بەتایبەتی دەرسیمییەکان دەگرێتەوە، لەبەر ئەوە سەید رەزا زوو لە نەخشە دۆزەخییەکەی تورکان گەیشت و لەدژی رژێمی تورکیا دەستی کردە چالاکی و شۆڕشی بەرپاکرد.

## سەرنەکەوتنی پیلانی لەبنهێنانی رەگەزی کوردان

**(١٣٢٨ی کۆچی)**

ساغر سابیتی خەلْکی کەماھ لەوکاتە والی-ی هۆزات بوو، بەلاْم سەید رەزا دانی بە دەستەلاْتی ئەو والییە نەدەناو بۆ ئەوەی پیلان و نەخشەکانی ئیتحاد و تەرەقی پووچەلْ بکاتەوە کە دەیەویست لەناوچەکانی ئەلازیز و ئەرزینجان جێبەجێ بکرێ، جوولاْنەوەکی نەتەوەیی هێنایە کایەوە.

هەرچی والی سابیت بوو بۆ بەدیهێنانی نەخشەکانی ئیتحاد و تەرەقی هێزی پۆلیسی هۆزات و چەند چەکدارێکی لە خێلْەکانی کورد کۆکردەوە و هەلْمەتی بردە سەر سەید رەزا، ئەویش لە دەرسیمی رۆژئاوا دەستی بە شۆڕش کرد، بەلاْم چەند خێلْێکی دەرسیمی رۆژهەلاْتیش بەشداریی شۆڕشەکە بوون و چەند شەڕێك رووی دا، لەشکری دوژمن شکاو سەرۆکی لەشکرەکە، **خدر مل رەش** بەدیل گیرا، بەلاْم سەید رەزا ئازادی کردو بەری دا.

لەوکاتەدا پارتی ئیتحاد و تەرەقی دەستەلاْتی بەدەستەوە نەماو والی ساغر سابیت، لە دەرسیم دەرچوو و **پارتی حوریەت و ئیئتیلاف** لە تورکیا هاتە

سـەرحوکم، میدحـەت بـەدرخان پاشا زادە کـرایە والی-ی دەرسـیم و بـووە هـۆی هێوربوونـەوەو دامـەزرانی خێـڵەکانی کـورد، چـونکە هـەموو لایـەك رێـزی ئـەو بنەماڵەیان دەزانی و شەڕ لەهەموو لایەکەوە راوەستا.

## لە جەنگی جیهانی یەکەمدا

### هەوڵ و تەقەلای چەلەبی جەمالەدین ئەفەندی

### بۆ تێوەگلاندنی دەرسیمییان لە شەڕو وەلی کیشتم

### (١٣٣٠)ی کۆچی

لـە شـەڕی یەکـەمی جیهـاندا دەرسـیم بەشـداریی شـەڕی نەدەکـرد، رژێمـی عوسمـانی نـەیدەتوانی بـەزۆر سـەرباز لە دەرسیم وەربگرێ یان رەوانەی سنووری شـەڕیان بکـا. شەڕو لێکدان پەرەی سەند، بەشێ لە کوردستان کەوتە ژێر دەستی لەشکری رووس و بەشێکی دیکەش بووە مەیدانی سەربازو لەشکری تورکان. بەڵام دەرسـیمییەکان، ولاتـی خۆیـان لـە هـەردوو لەشـکری بێگانە پاراست، هەر چەندە رژێمـی عوسمـانی هـەولێ دەدا، بەهـەر بـارێك بـێ، دەرسـیم بخاتـە نـاو کـوورەی شەڕەوە.

لەبـەهاری (١٣٣١)ی کۆچـی (١٩١٥)ی زاییـنیدا وەزیـری جەنگ، ئەنوەر پاشا، لەگـەڵ لیوایەکی حەمیدییەی کورد و چەند دەستە سەربازێك لەچیایەکانی ئەلڵلاً و ئەکبەر تووشـی زریـانی بەفر هاتن و زۆریان لەبن بەفردا خنکان و شوێن بزربوون، بـەم جـۆرە چـەند لاوێکـی کـوردی لـەناو بـردو بەسـەر شۆڕی گەڕایەوە. لەهاوینی سـاڵی (١٩١٥)ی زاییـنیدا رووسـەکان پـەلاماری ئـەرزڕوم دەدەن، ئـەنوەر پاشـا بـەهۆی والی سـاغر سـابیت-ەوە، سـەرۆك خێـڵەکان بـانگ دەکا، بەڵام دەرسیمی وەڵامی نادەنەوە و ناچنە لای.

ئـەوجا کـە تەلعـەت پاشـا و ئـەنوەر پاشـا گەیشـتنە ئەلازیز، هەندێ لەسەرۆك خێـڵەکانی دەرسـیمی رۆژئـاوای مەکـرۆ و فێڵـباز و سیاسی وەکو محەمەد کانگۆ و مەچـۆ زەیـنۆی خۆپـەرسـت لەسـەر داواکـانی والی سـاغر چوبوونە ئەلازیز و لەگەڵ وەزیـری جـەنگ، ئـەنوەر پاشـا و سـەرۆك وەزیـران، تەلعەت پاشا گفتوگۆیان کرد بـوو، بـەناوی دەرسـیمی رۆژئـاواوە لەگـەڵ پاشایەکانی تورکیا قسەیان کرد بوو و

ئـەوانیش ویسـتبوویان دەرسـیمییەکان لەشکرێکی گەورە کۆ بکەنەوە و بەشداریی جەنگ لە دژی رووسان بکەن.

سەبارەت ئەو داخوازییەی تورکان محەمەد کانگۆ وەڵامی دابۆوە و گوتبووی:

(پاشـام دەرسـیمی هـەر هـەموو عەلەویـنە و جەمالـەدین چـەڵەبی، یەکێکـە لە رۆڵـەکانی حـاجی بـەکتاش و رێزی لێ دەگرن، فەرمانتان بفەرمووبایە کە رەوانەی جیهـادی بکـەن، دەرسـیمی بەگشـتی بەشداری جەنگ دەکەن و ئێمەش شەرمەزار نابین، هەروەها گوتبووی ئێمە بۆ شەڕ کردن لەجیاتی خێڵـەکانمان ناتوانین بەڵێن بدەیـن، قسـەی ئێمە لەسەر خێڵەکانی دەرسیم بەتایبەتی لەسەر سەید رەزا ناڕوا، تـەنها خۆمـان بـە دەسـتە و فـەرمان بفەرموون داخوازییەکانتان بەجێ بگەیەنین). لەبـەر ئـەوە پاشـایەکانی تـورك ئـەو گفـتوگۆیەیان زۆر پـێخـۆش بوو و خەڵاتێکی باشیان دابووە ئاغاکان.

لـەدوای چەند رۆژێك **جەمالەدین چەلەبی** بەهەرا و هۆریاوە لە **کرشەهر** دەرچوو بـەرەو شـاری سـیواس بـەڕێ کـەوت، لێـرە چـەند لیوایـەکی سەربازی دروستی لە عەلەوییـەکان لـەدەور کۆبـبوونەوە، هـەروەها ئەفسـەری فەخـری بۆ دانان، ئەوجا چووە لای مورشیدی سەیدایەتی لە دەرسیم، **سەید عەزیز ئەغوجانی** کە لە گوندی **یالـنجاك**ـی ناوچـەی هـافیك دادەنیشـت، لەگـەڵ خـۆی بـردە سەردانی خێڵەکانی کۆچـکیری، لەبەر ئەوەی عەلی شێر ئەفەندی لەپێناوی کوردایەتیدا پەنای بردبووە بـەر رووسـیا، رژێمی تورکیا بەچاوێکی خراپ تەماشای خەڵکی کۆچکیری دەکرد، بەتایـبەتی سـەرۆکەکانیان لەژێـر چـاودێریی سـیخوڕی تورکـدا بـوون. بـۆ شێخیان روون کـردەوە ئەگـەر بێـتو دەرسـیمی بچـنە شـەڕی رووسـان ئەوا کۆچکیری بەرە بەرە سەربەخۆ دەچنە شەڕەکە و بەو جۆرە بۆ ئەرزینجانیان رەوانە کردبوو.

مـن لـەوکاتی لـە ئەرزیـنجان ئەفسـەر بووم، عەلی رەزا بەرپرسی لێکۆڵـینەوەی ئاسایشــی نەتــەوەیی (ئەمــنی قــەومی) لــە ئەرزیــنجان، مــنی کــردە یــاریدەری موستەشـاری جەمالـەدین چـەلەبی و لەبـەر دەرگـای چـەلەبی ئەفەندی عارەبانەی سـوڵتانی راوەسـتابوو، پاسـەوانی تایـبەتی و هـاوڕێ و دەزگایەکی بەهەرا و هوریا لەسـەرۆك لەشکران دەورەیان گرتبوو، لەناو ئەوکەسانەی سەردانیان دەکرد چەند

سەرکردەیەك لە ئەفسەرانی ئەلەمان دیاربوون.

چەلەبی ئەفەندی بەردەوام بوو لە کۆبوونەوەی سیاسی و سەید عەزیز لەو گەڕەکانەی کە عەلەویی تێدا جێنشین بوون، دەستی کردبوو بە بڵاوکردنەوەی رێبازی پەنجە– رێگا[1] و خەڵکی فێری نیشانەی (پەنجەی ئەل ئەبا)[2] دەکرد و هەندێ لە خەڵکەکە نیشانەی سەید عەزیزیان رالێبوو، بەڵام زۆریشیان وەریان نەدەگرت، ئەوجا ئەو نیشانانە چین، بەو نزیکانە لەو بەرهەمەمدا کە بەناوی سەیدەکانی دەرسیمەوە بڵاوی دەکەمەوە روونی دەکەمەوە.

لەوکاتەدا چەلەبی بانگی منی کرد و پێی گوتم: (هەروەکو زانیومە لەو گوندەی پێی دەڵێن کیشتم، وەلیەك هەیە پێی دەڵێن مار و کوردەکان ئەو وەلییە دەپەرستن، لەبەر هەندێ من بەسەرکردەی سەربازیم گوتووە، بەیانی دەستەیەك سەرباز دەدرێتە تۆ، هەروەها سەید عەزیزیش لەگەڵ ئێوە دێ ، لەپەلاماردانی کوردەکان دەیپارێزن، هەروەکو بیستوومە ماری ناوبراو لەپارچە داری زێتر هیچی دیکە نییە، ئیتر عەزیز ئەو پارچە دارەی ناوی تەریقەتە، دەسووتێنێ).

ئەوجا وەڵامی داخوازییەکەم داوە و گوتم: بەداخەوە ئەو ئەرکەی فەرمووتان نایخەمە سەر شانی خۆم، چونکە پێم ناکرێ، لەمنی پرسی لەبەرچی.؟ ئەوجا ئەوەی بەچاوی خۆم دیتبووم بەم شێوەیە بۆم، روون کردەوە:

## وەلی کیشتیم

(گەورەم: کوردەکان لەم دەڤەرانەدا هەمووساڵێ لە کۆتایی مانگی کانوونی دووەمدا سێ رۆژەی خدر بە رۆژوو دەبن، ساڵی رابردوو سەرۆك خێڵی بالابان، گوڵ ئاغا لە دێیەکەی خۆیدا، **هینزۆری**، چێشتی بۆ کردبووم، لەپاشدا منی بردە گوندی کیشتیم کە لە گوندەکەی ئەوەوە نێزیکە، چونکە هەموو ساڵێ هەر لەو کژەدا بەهەزاران کەس لەدێهات و خێڵەکانی کوردەواریدا لە ماڵی وەلی– مار کۆدەبنەوە و ئێمەش بەم شێوەیە چووینە جێگای ئەو کۆبوونەوەیە. دیتم لە

---

[1] جۆرە تەریقەتێ بووە لە رێبازی عەلەوی. –وەرگێڕ

[2] نیشانەیەك بووە لە رێبازی عەلەوی. –وەرگێڕ

ژوورێکی زۆر گەورە کۆنە کۆڵەگەیەکی[1] گەورە چەقاوە، دارێك پارچە قوماشێکی کەسکی لێ لوولدرابوو، بە کۆڵەگەکەوە هەڵواسرابوو، سەری دارەکە رووت بوو لە وێنەی (سەری– مار) بوو، ئیتر ئەوە بوو هەرکەسە (کیشتم– مار)یان دەگوت. (ولی– کیشتیم)و ژوورەکەی، جێگای یەك– دوو هەزار کەس دەبۆوە، ئەو خەڵکەی لەو جێگایە کۆببوونەوە، لەلایەکەوە دەنووزانەوە و لە خودا دەپاڕانەوە، لەلایەکی تریشەوە بەڕێزەوە پەنایان بۆ مار دەبرد هەرهەموویان تێکڕا بەجۆشەوە دەگریان. منیش لەو کاتە ترسناکەدا خۆم پێڕانەگیرا، بەناچارییەوە بەشداریی گریانەکەم کرد، ئەوجا یەکێکی گۆجەی پشت چەماوە لەو خێزانەی کە سەرپەرشتیی کۆبوونەوەکەی دەکرد، بۆ مار دەرهێنان هاتە ناوەڕاستی ژوورەکە و لەنزیك ئەستوندەکەوە گوتی یا ئەللا و ماری دەرهێنا. بە کووڕە کووڕ مارەکەی بۆ خەڵکەکە درێژ دەکرد، تا بیانترسێنێ و لە گوناهان بگەڕێنەوە. مارەکەش جار هەبوو درێژ دەبوو، واش دەبوو کورت دەبۆوە یان پێچی دەخواردو خۆی لە پیاوەکە دەئاڵاند و خلۆری دەکردەوە و پیاوەکە زیڕەی لەدەست مارەکە دەهات و خەڵکەکە تێکڕا بەجۆشەوە دەگریان، منیش لەو کاتە ترسناکەدا لەهۆش خۆم چووم، تەنها تروسکەی ئاگری تاریکە شەوم لەبەر چاو بوو، دەستی گوڵ ئاغام گرت و بەو جۆرە چەند کاتێك تێپەڕی، ئەوجا بەسەدان کاوڕ کوژراوە و ماریش دووبارە لە جێگای خۆی داندرایەوە و گەلێك لەخودا پاڕانەوە، منیش رۆژی پاشتر لە گوڵ ئاغا جودا بوومەوە و گەڕامەوە ئەرزینجان، ئیتر وا دەردەکەوێ ئەگەر بێو کیشتیم– مار بشکێنن یان بسووتێنن، دەبێتە هۆی تووڕە بوونی خێڵەکان و هەر بۆن– دژی لەمن دەکەن و لەبەر ئەوە تکایە بمبوورن، لەوانەشە شەڕێکی گەورە بقەومێ)).

چەلەبی ئەفەندی نەختێ داما و گوتی لەگەڵ سەید عەزیز قسە دەکا و ئینجا وەڵام دەداتەوە:

رۆژی پاشتر بۆ چوونە دێی کیشتم وازی لە من هێنا، خێڵەکان لە گفتوگۆی من

---

[1] لە ژووری زۆر گەورە،کاریتە داری گەورە دەدرێتە بەر بانی ژوورەکە کە پێی دەڵێن کۆڵەگە، ئەوەی دەدرێتە بەر (رەشماڵ و خێوەت) پێی دەڵێن، ئەستوندە –وەرگێڕ

و چەلەبی ئاگادار بوون، واشیان زانیبوو کە بەهاندانی سەید عەزیز فەرمانەکە دراوە، لەبەر هەندێ ڕێزو حورمەتی چەڵەبی لەناویاندا کەم ببۆوە، لەلایەکی دیکەشەوە دەرسیمی تێگەیشتبوون کەوا لەشکری رووس لەباودایەو نەیان دەویست رووسەکان لە خۆیان تووڕە بکەن، لەبەر ئەوە داوای لێبوردنیان لەچەڵەبی دەکرد.

سەرۆکی گشتیی لەشکری تورك زۆر تەمای بەوە بوو کە دەرسیم بچێتە ناو کوورەی جەنگەوە، چونکە ئەو لەشکرەی لێرە دادەمەزرێ لەوانەیە تەرازووی جەنگەکە بگۆڕێ. ئیتر هەر بەو مەبەستە چەڵەبی رەوانەی رۆژهەڵات کرابوو، هەروەکو سەرلەشکرێکی گەورە دەسەڵاتێکی باڵای پێدرابوو.

لەناو لەشکر و لەشارەکانی ئەرزینجان و ئەلازیزدا، درۆ بەسەر دەرسیمدا دەباری، چونکە دەیانەویست شەڕەکە بکەنە شەڕێکی ئایینی، بۆیە داوایان دەکرد کە دەرسیم بەشداری لە شەڕدا بکاو بچێتە جیهادی پیرۆز، لەبەر هەندێ پێویستە گوێ لەقسەی چەلەبی ئەفەندی بگرن و لەسەری بڕۆن.

سەید رەزا گوتبووی: چەڵەبی با بفەرموێ بچێتە ناو خێڵەکانی دەرسیم، بەڵام رەوڕەوەی سوڵتانی بەکەلێکی رێگای شاخاویی دەرسیم نەدەهات، هەروەها چەڵەبی نەیدەتوانی بەسواری وڵاخ بەڕێ بکەوێ. لەبەر هەندێ چەند نووسراوێك بەناوی چەلەبییەوە بۆ دەرسیم رەوانە کرا کە بێنە ئەرزینجان و نووسراوەکانیش بە زمانی تورکی نووسرابوون و لەدەرسیم کەس نەبوو زمانی تورکی بنووسێ و بخوێنێتەوە، ئەوە لەوێ راوەستێ،  کە هەر تاکە کەسێك نەبوو تورکی بزانێ. لەو کاتەدا بەکو ئاغا یەکێ لە سەرۆکەکانی خێڵی کالانی دەرسیمی رۆژهەڵات کە چەند ساڵە لە دژی رژێمی تورکان راوەستابوو، چووبووە گوندی کەسمە کۆر لە ئەرزینجان، بۆ ئەوەی چەلەبی ببینێ، لەبەر هەندێ سدقی-ی نووسەری تایبەتی چەلەبی ومن دیاری کراین، کە بچین لەگەڵ بەکو ئاغادا گفتوگۆ بکەین ئەوجا بۆ ئەو مەبەستە چوینە دێی کەسمەکور.

## چالاكیی بەكو ئاغای لە رابردوودا

**بەكو ئاغا** سەرۆكی خێڵی كالان و مامی عەلی ئاغای مونزور ئاغا زادەی خەزوورمە. لە دێیەكانی **دەنزیغ و ئەشهیرەك** ـ ی سەر بەناوچەی **پلومەر** دادەنیشێ. دانیشتوانی دێهاتەكە وەكو ناوچەیەكی سەربەخۆ دەژین، بەچەكەوە دەچووە ناو شاران و پێویستی هۆزەكەی خۆی پێك دەهێنا.

چالاكییەكانی بەكو ئاغا لە ساڵانی ١٣١٥ و ١٣١٦و ١٣١٧ی كۆچیدا زۆر پەرەیان ساندبوو، لە شارەكانی ئەرزینجان و ئەرزرۆم بڵاوبۆوە تاوەكو دەگەیشتە ترابزون، هەمیشە پێشمەرگە ناودێرەكانی لەگەڵیدا بوون كوڕانی گوڵینگدار بوون.

لەساڵی (١٣١٨) كۆچیدا دیپلۆماسییەكی رووس بە رێگای ئەرزڕۆمدا دێتە توركیا و بەكۆ ئاغا دەستبەسەری دەكا، ئیدی رژێمی توركیا بەرانبەر بە رووسیا زۆر شەرمەزار ببوو، ناكۆكی لەنێوان هەردوو رژێماندا گەیشتە رادەیەكی وا هاكا شتێكی گەورە لە نێوانیاندا رووبدا.

بەكۆ ئاغا، قونسڵە رووسەكەی بەرهەڵدا كرد بەرانبەر چەند داخوازییەكی نیشتمانی كە رژێمی عوسمانی بۆی جێبەجێ بكا، بەو جۆرە رەوانەی توركیای كردبۆوە، بەكۆ ئاغا بە مردنی خۆی مرد، بەڵام بەناوبانگترین كوڕەكانی گوڵینگدار، ئیسماعیل بوو ئەویش لەساڵی (١٣٢٦) كۆچیدا لەلایەن **پۆهۆ محەمەد** لەخێڵی چارەكان لەدێی كیشتیم بە تەگبیری رژێمی عوسمانی كوژراو، ئیتر بەوجۆرە ئەو رۆڵە كوردە ئازایانە ناویان لە ناوچەكانی دەرسیم و دەوروبەریدا رۆیشتبوو. بەكۆ ئاغا هەموو رەوشتێكی كوردانەی بەسەر و سیماوە دیار بوو، بەژن درێژ و ئەبرۆ پڕ و سمێڵ سپی و گەورە، باسك لوولدراو، سینگ پان و ردێن ماش و برنج بوو، شیرێكی بەناو قەدیەوە شۆڕكردبۆوە گەورەیی پێ دەبەخشی و لەناوچەكانی ئەرزروم و ئەرزینجان، **بەقەد سمكۆی**[1] بەناوبانگ ناوی دەركردبوو و ناسرابوو، بە دەنگێكی نێر و ڕێزەوە سڵاوی لێ كردین لەپاشان ئەو قسانەی بە شێوەی–زازا كرد و گوتی:

(هاتووم بەناوی دەرسیمی رۆژهەڵات–ەوە بەخێر هاتنی چەلەبی ئەفەندی

---

[1] پێدەچێ نیازی (سمكۆی شكاك) بێ. –وەرگێڕ

بکەم. بەختم ڕێگا نادا هەروەکو دەمەوێ بێمە ناو شاری ئەرزینجان، چەلەبی خۆی دەزانێ کە تورکەکان مزگەوتیشیان بەتاڵ کردووە و کردویانەتە جێگای ڕەوانەکردنی کەرەستەی سەربازی، بەمە دەردەکەوێ کە ڕێز لە ئایین ناگرن، چونکە سەید عەزیز ڕەوشتی خێڵەکانی تێکداوە، بێگومان ئەویش بە ئاگاداریی چەلەبی وای کردووە. لەبەر ئەوە ئەگەر چەلەبی ئەفەندی بەناوی چارەکردنی (ئایینی و تەریقەتەوە بۆ ئەو ناوچەیە هاتبێ دەڵێم بەداخەوە، خۆ ئەگەر بۆ جەنگ هاتووە با لەئایین بگەڕێ، با سەید عەزیز بنێرێتەوە سیواس و سواری ئەسپی تێکۆشان (جهاد) بێ و خێڵەکان ڕازی بکاو داخوازیی نیشتمانی بە تورکان بسەلمێنێ و بەڵێن بدرێ کە ڕژێمی تورکیا مافی نیشتمانی کورد بدا و لەلایەن برادەر و پارێزەری خۆیەوە بەتایبەتی لەلایەن ڕژێمی ئەڵمانیاوە مۆر بکرێ، ئەوجا دەرسیم بەشداری لەو جەنگە دەکا، کە لە شەڕیش بەسەرکەوتین، سەیدەکان کۆ بکرێنەوە و لەبارەی هەر جۆرە ڕەوشتێکی ئایینی و سەربەخۆیی بڕیار بدەن، ئێمەی خێڵەکان وەکو بەرخ و مەڕ مل کەچ دەکەین، بۆ هەر بڕیارێکی دەدرێ، ئەگەر چەلەبی ئەفەندی ئەو گفتەی من وەرنەگرێ، لە ئێستاوە دەڵێم بەداخەوە سەرناکەوێ).

گوتی:

لەدوای ئەو قسانە، لە بەکۆ ئاغا جودا بووینەوە و گەڕاینەوە ئەرزینجان، ئەوەی گوێم لێ بوو لەبۆ چەلەبیم گێڕایەوە، ئەوجا لێی پرسیم داخوازیی نیشتمانیی دەرسیمییان چییە و سەر بەکامە تەریقەتن..؟ وەڵامی پێویستم دایەوە و ئەوجا لەگەڵم دوا.

حاجی بەکتاش- ی- وەلی-ی باپیرم، لەکاتی خۆیدا ساڵەها لەمەوبەر، چەند کەسێکی ناردبووە دەرسیم بۆ ئەوەی ڕێگاو شوێنی ئایینی بۆ خەڵکەکە ڕوون بکەنەوە، ئەمانە بە پێی فەرمانی باپیرم لەناو خەڵکەکەدا دەجووڵانەوە، هەوڵیان دەدا خێڵەکانی دەرسیم لەبارەی تەریقەتەوە سەر بەحاجی بەکتاشی وەلی بن. بەڵام ئەمانە کە مردن، منداڵەکانیان باپیرمیان لەبیر کردو هەر هەموو بوونە کورد، هەروەها دینەکەیان بەپێی ڕەوشتی خۆیان دروست کرد.

بەوجۆرە بەپێی رەوشتی ئایینی خۆیان دەئاژوا، لەتەکیەی حاجی بەکتاش لە کرشەهر باخچەیەکمان هەیە و من ساڵێ جارێك دەتوانم بچمە ناو ئەو باخچەیە، ئەوجارە کە چووم باپیرم لەخەون دیت و بەمنی گوت هەورێکی رەش و تاریك بەسەر سەری دەروێشەکانەوەیە بەتایبەتی دەرسیمییەکان، فەرمانت پێ دەکەم برۆ رێگای راستیان پیشان بدە، لەوانەیە لە داهاتوودا رژێم خراپەیان دەرهەق بکا. بەڵام ئەگەر بەشداری لە جەنگدا بکەن ئەوا نزیکە لەو شەڕە رزگاریان ببێ، ئیتر من لەبەر ئەو فەرمانە لەجێگای خۆمەوە بۆ ئێرە هاتووم و گوتیشی:

(ئێستاکە هەوڵ بدەین دەرسیمییان بنێرین، بەشداری لە جەنگ بکەن و لە خراپەی داهاتوودا رزگاریان بکەین، هەم هەندێ سەید و دەدەکان لەرێگا دەرچووین و رێگای راستیان بۆ روون بکەینەوە، لەبەر ئەوە من لەگەڵ ئەو یەك دوو لیوایەی دەروێشان کە لەگەڵمدان هەتاکو نزیك خەتی شەڕەکە دەچم، بەپێی فەرمانی باپیرم، داوا لەوانیش دەکەم، ئێوەش بۆیان بنووسن و هەتاکو ئەوێش برۆن).

چەلەبی ئەفەندی ئەوەشی خستە سەر وتووێژەکەی سەرەوە و گوتی:

(داخوازییەکانی مافی نیشتمانیی کورد بەهاندانی بێگانە هەڵدەسوورێن، کوردەکان هەر شتێ داوا بکەن پێویستە بیخەنە پاش کۆتایی جەنگەوە، ئەوجا داوای بکەن):

گوتیشی کە سەید عەزیزی رەوانە کردۆتەوە شاری سیواس و لەپاش دەمێ چەلەبی ئەفەندی لەگەڵ لەشکری دەروێشان بەرەو ئەرزینجان بەرێ کەوت.

هەمیشە دەرسیمییەکان هان دەدران بۆ چوونە ناو شەڕەکەوە، بەڵام زۆر لەسەرەخۆبوون، بە مەکرۆیی دەجووڵانەوە و چاوەڕێی لەشکری رووس و تورکیان دەکرد.

چەلەبی گەیشتبووە ئەرزینجان، شەڕ بە توندی بەردەوام بوو، لەشکری تورك دەستی بە پاشەکشە کردبوو، دەرسیمییەکانیش هان دەدران بۆ چوونە ناو شەڕەکەوە، بەڵام خۆیان راگرتبوو، دەرسیمی لەلایەکەوە خۆیان لە سەنگەران نابوو تا نەهێڵن لەشکری رووس بێتە ناو دەرسیمەوە، لەلایەکی دیکەوە خۆیان

تـەرخان دەكـرد بـۆ پـەلامار دانـی لەشكری شكاوی تورك بەڵكو كەرستە و چەك و تەرەقـەیان بەدەسـت كـەوێ. هـەر لـەو كاتـە چـینە جـەنگاوەرێك پەلاماری شاری ئەلازیزیان دا.

دانیشـتوانی ئـەرزرۆم لەگـەڵ خاوو خێزانی سەرباز و سەركردەی لەشكران هەر بەگشـتی كشـابوونەوە ئەرزیـنجان و بەراسـتی بـبووە رۆژی حەشر و ژن و منالّ بە پەریشانی لەكۆلاّنان كەوتبوون تاكە یەك ژوور نەبوو خۆیان تێدا بپەستن.

لـە ١٤/ شـوبات/ ١٩١٦دا ئـەرزرۆم كەوتە دەست رووسەكان، چەلەبی ئەفەندی بـە بروسـكە ئاگـاداری كردمەوە، كە جێگایەكی بۆ تەرخان بكەم لە ئەرزینجان، بە ناچـاری لەبـەر پەرێشـانیی خـۆی و دارو دەسـتەكەی لـەدیوانی خۆمـدا جێگـام بۆ تەرخان كردن و بۆ ئێمەشی روون كردەوە كەچییان بەسەر هاتووە.

سـەركردەی لەشـكر، مـەحمود كـامیل پاشـا دەرچوو، وەهیب پاشا، چووبووە جێگـای ئـەو و لەبـەر ئـەوەی چـەلەبی لەبـەر نەخۆشـی پێویسـتی بە گەڕانەوە بۆ سـیواس هـەبوو، وەهیـب پاشـای راسـپارد بـوو كە بە پلەی سەرۆك من بنێرێتەوە دەرسیم، بۆ ئەوەی خێڵـەكان بلاوێنمەوە و ئاژاوە نەكەن.

ئیـدی لـە ١٩١٦/٣/١٥ی زایینیدا بۆ سیواس بەرێ كەوتم و ئەوكاتەی لێی جودا بوومەوە گوتی:

(دەچـییە دەرسـیم، حـاجی بەكتاشـی بـاپیرم هەرگیز یاریدەر و پشت و پەنای ئێـوە بێـت، لـە ئێـوە زۆر رازیمـە، سـلاّو لـە دەرسـیم بكە و زۆر پێم خۆش بوو كە نـەهاتن و بەشـداریی شـەڕیان نەكـرد، ئـەو وتانـەی من بە نهێنی بگرە و تەنها بەو سـەرۆكانە بـڵێ كـە پێیـان بـاوەڕ دەكـەی. دیسان لە ناچارییەوە ئێوە دەنێرمەوە دەرسـیم. لەسـیواس زۆر نامێـنم و دەچـمەوە تەكیـە لـەخودام تەڵبـە كـە هـەموو داخوازییـەكانیان جێبـەجێ بـبێ و بـۆ بـەڕێ كـردنی هـەتاكو گەلی چارداكی لەگەڵ چەلەبی ئەفەندی چووم و لەوێ لێك دابڕاین.

بـەوجۆرە دەرسـیمییەكان بەشـداریی جـەنگیان نەكـرد و گەورەتـرین نوێـنەری تەریقـەتی بەكتاشـی، چـەلەبی۔ یـش گەڕایـەوە شارۆچـكەی بەكـتاش و گەڕانیشی بـەناو خێـڵـەكاندا هیچ سوودێكی نەبوو، بەو جۆرە روون بۆوە كە درۆ و دەلەسە و

پـڕوپاگەندەی عەلـەوی– بەکتاشـی هیـچ زەرەرێکـی لەسـەر پاراسـتنی ڕەوشـتی نیشتمانیی کوردەکانی دەرسیم نەبوو.

## ڕووداوی شەوکەتە شێتی گەلاتەیی

کەوتن و گرتنی ئەرزرۆم و بەردەوامیی پەلاماری لەشکری ڕووس و پاشەکشەی لەشـکری تورکـان، هـەروەها گەڕانـەوەی چـەلەبی ئەفـەندی، بووە هۆی پشێوی و هەلـکولانێکی گەورە بەتایبەتی لە نێوان خێڵەکانی دەرسیمی ڕۆژهەڵاتدا:

**خێـڵی دیمـنان، خێـڵی حـەیدەران، خێڵی کورەیشان، خێڵی کەرسان، خێڵی ئالان، خێڵی شەیخان، خێڵی سوران، خێڵی یوسوفان، خێڵی پیلۆڤانك.**

ئـەو خێڵانەی لەسەرەوە ناویان نووسراوە لە ٣٠/ مارت/ ١٣٣٢ کۆچیدا، لەگەڵ دە هـەزار چـەکدار هـەندێکیان بۆ ناوچەکانی مەزگەرت و نەزمیە و ئەوانی دیکەش بـۆ **هـۆزات– پەرتـەك** هەلـمـەتیان بـرد و بەتەواوی شارەکانیان خستە ژێر دەستی خۆیانـەوە، هـەروەها فەرمانـبەرانی تورکیـان دەرکرد و بەرەو شاری ئەلازیز بەڕێ کـەوتن. بەم شێوەیە هەموو ناوچەکان دەستیان بەسەردا گیرا، بۆ ئەوەی کێشەی کوردستان بە ئاشکرا چارە بکەن و بەزەبری بازوو وەری بگرن.

لـەکاتی ئـەو جووڵانەوەیـەدا چ دێهـاتێکی لە ناوچەی چار سەنجاکدا لایەنگیری تورکان بوون بە تەواوی تالان کران و گەورەکانیان هەڵاتنە ئەلازیز.

جووڵانـەوەی سـەربازی: بەسـەرۆکایەتیی کوڕانـی حەیدەری، **پاشا ئاغا، فندك ئاغـا و سـەید عـەلی کورەیشـانی** بـوو. ئـەوجا سـەرۆکی لەشـکری سێیەم کەبینی ئیشـەکە ئـالۆز بـووە. ئەلازیزی کردە بنکەی لەشکری یازدەمین و **ئەحمەد عیزەت** پاشا کرایە سەرکردەی لەشکری دووەم. لەوکاتە ڕژێمی تورکیا، زیا جەمیل پاشای دیاربەکـری–ی کـردبووە پارێـزگاری هۆزات و داوای لێکردبوو کە نەهێڵـێ لەشکری خێـڵەکانی دیکـە بچنە ناو شارەکەوە، هەروەها زیا چێشتی بۆ سەید ڕەزا کردبوو، پێشـی گوتـبوو کـە دەتوانێ داخوازییەکانی نیشتمانیی کورد بخاتە بەردەم ڕژێمی ڕووس و تورکیـا و ڕژێمـی تورکیا، زیای ناردبووە هۆزات، بۆ ئەوەی شۆڕشی کورد رابگــرێ و دەســتەڵاتێکی زۆری پێدابــوو، ئــەویش ســەبارەت بــە، بەدیهێــنانی

داخوازییەکانی مافی نەتەوایەتیی کورد بەڵێنی بەسەید رەزا دابوو و سەید رەزاش پێی باوەڕ کردبوو.

لەوکاتـەدا وەهیـب پاشـای سـەرکردەی لەشـکر، مـنی ویستبوو، کەچوومە لای پێی گوتم کە بەپێی داوای چەلەبی ئەفەندی و بۆ دابین کردنی ئاسایش لە دەرسیم و نەچـوونی خێـڵەکان بـۆ ناو شار تا بنکەی رژێم داگیر نەکەن، بەڵێنی دا بەناوی لەشـکرەوە لـەپاش کۆتایی هاتنی جەنگ، مافی نیشتمانیی کورد جێبەجێ بکرێ، لـەوەش زیاتـر گوتـی: (بـۆ دابەشـکردنی ئـەو پارەیـەی بـە نهێـنی بـۆ سـەرۆکی خێـڵەکان تـەرخان کـراوە بـە پێویسـتی دەزانـن بـە فـەرمانی سـەرکردایەتی بـۆ دەرسـیم بـەڕێ بکـەوم). پاشا لەبابەت ئەو ئەرکەی بەمنی سپارد، رووني كردەوە كـە سـەرکردایەتیی لەشکری دووەمی ئاگادار کردووە لەو بارەوە، هەروەها گوتی: (وازم لە یاریدەی دەرسیمییان هێناوەو هیچ نەبێ با پەلامارمان نەدەن)!.

– بـەخۆم دەسـتەیەکی سـەربازیم لـە گـەڵدا بـوو، بـەرەو چـیایەکانی **کـەماهـ– ئـەگین** و **هوسـتا** هاتمـە ناوچـەی **چیمیشـکەزەك** و لـەو رێگایـەدا شەوێ لە گوندی **تەککـە** مامەوە. خێڵەکانیش لە جووڵانەوەی من ئاگاداربوون، رۆژی پاشتر لە دێی **تەککـە** بـەڕێ کەوتم بەرەو **هۆزات** کە گەیشتمە ناوچەی **قەڵاتی– بڵند**، چەکدارانی خێـڵی کۆچـان دەورەیـان لێدام و دەست بەسەر کرام، سەرۆکی خێڵەکە، **حوسێن ئاغا** لێی پرسیم کە بۆچی هاتوومەتە دەرسیم و کێوە دەچم، لە پاش تێگەیاندنی، هەرچـەندە مـنی دەناسـی و داوی کیڤرە لە نێوانماندا هەبوو، چەکی کردم و چەند مـلیۆنێ پـارەی پێـم بـوو کەبەڵێـنی دامێ نەیبا، بردو ئەو (٦٥) کەسەی لەگەڵمدا بـوون، ئەوانیشـی چەك کرد و ئێمەیان بەڕێ کرد، کەچوومە هۆزات بۆ سەید رەزام روون کـردەوە، گـەلێ تکایان لە خێڵی کۆچان کرد، کە چەکەکانمان بدەنەوە بەڵام رێزی ئێمەیان نەگرت.

ئـەوجا لـە هـۆزات پارێـزگار زیـا و سـەید رەزام دیت، لە پاشدا چوومە ئەلازیز، لـەوێش واڵـی سـابت سـاغرم دیت و لەبابەت دەرسیمییان تێم گەیاندن، ئەوجا والی سـابت، بەڵێـنی شـەرەفی دامێ ئەگەر بێتو دەرسیمی دابنیشن و پەلاماری رژێمی تورکـان نەدەن هەر داخوازییەکی بە راستییان هەبێ، هەوڵ دەدا لەلای رژێم بۆیان

جێبەجێ بکا. هەر کە گەڕامەوە لەشکری خێڵەکان دەورەی ڕۆژهەڵاتی هۆزاتیان گرتبوو، خەبەرم بۆ ڕەوانە کردن کە ئاژاوە نەکەن، چونکە کاتی ئەوە هاتووە داخوازییەکانی نیشتمانیی کورد بە تەرزێکی ڕاست داوا بکەن. بەرانبەر بەوە وەڵامیان دامەوە کە لە هۆزات دەربچم، دەنا بە پێچەوانەوە لەگەڵ خێڵەکانی ناو هۆزات منیش لەناو دەبەن، لەبەر ئەو هۆیە باوکم لە هێڵی شەڕ بوو، هاتەوە لای من لە هۆزات.

زیا جەمیل پاشای پارێزگار بەتەما بوو باوکم دەست بەسەر بکا، بەڵام لەبەر خاتری من ڕێگای پێدا بگەڕێتەوە هێڵی جەنگ. پارێزگار، زیا لەو پارەی نەهێنییەی کە تەرخان کرابوو دەیدایە دەرسیمییان و ئەو خێڵانەی پاراستن لەگەڵ سەید ڕەزا بوون، بەڵام لەپاش ئەوەی کە تێگەیشتن داوای ئازادیی نیشتمان دەکەن، وەهیب پاشا بروسکەی بۆدەرسیم ڕەوانە کرد، کە پارەی نەهێنی تەرخان کراو رابگرن و چیدیکە نەیبەخشنەوە، گوتیشی هێزەکانی سەرکردەی فرقەی (١٣)ی **چەناک– کەلەی** شەوکەت گەلاتەیی بۆ دەرسیم بەڕێکەوتوون. هەروەها فەرمانی دابوو کە منیش بگەڕێمەوە ناو لەشکر و خێڵەکانیش لەو کارانە ئاگادار کرابوون و بەرەو ئەلازیز لە چیایەکانی پەرتەك دامەزرا بوون، بۆ بەرەنگاربوونەوەی دوژمن و لەشکری میرلیوا شەوکەت گەیشتبووە ئەلازیز، هەروەها ئەرکی سەرکردایەتیی لەشکری یازدەمی خستبووە سەر شانی خۆی و لەگەڵ فرقەکانی چەرکەس و بە بەشداریی سەرۆکەکانی خێڵی چوار سەنجاق، ئەو هێزانە گشتیان پێکەوە بەڕێ کەوتبوون.

لە (٢٣/ نیسان/ ١٣٣٢) کۆچیدا، پەلاماری ناوچەکانی **چار سەنجاق و پەرتەکیان دا.** لەبەر ئەوە لەگەڵ خێڵی **پیلڤانکی** شەڕێکی دژوار ڕووی دا، شەوکەت دانیشتوانی دێیەکانی پەرتەکی لە گوندەکان دەرکرد و تاڵانی کردن و فەرمانی بە کۆمەڵ کوشتنی بۆ دەرکردن، زۆریش لە دێیەکانی پیلڤانکی تێکدران. هەر بەم شێوەیە ماڵی باوکم تالان کراو تێکدرا لەبەر ئەو کردەوانەی شەوکەت بەڕاستی باوکم و ئەو کەسانەی بە قسەی تورکانیان باوەڕ نەدەکرد، مافی خۆیان بوو. باوکم و ئەو کەسانەی کە سەربەخۆیی وڵاتیان دەویست لە تورکە نامەردەکان

گەیشتبوون کە لەکاتی شکستیدا چین بەچین سەبارەت سەربەخۆیی کوردستان بەلێن دەدەن، بەلام هەر کاتێ لە تەنگاوە دەرچوون هەموو هیوایان ئەوەیە کوردان لەناو ببەن.

دەرسیمییەکان لە رەوشت و ئاکاری شەوکەت و زیا گەیشتبوون، لەبەر ئەوە بۆ راگرتنی پەلاماری سەربازی بۆ سەر خێلەکان ناڕەزاییان بۆ لەشکر و شاری ئەلازیز رەوانە کردبوو، ئەگەرنا لەشکری خێلەکان پێکەوە هێرش دەکەنە سەر بنکەکانی رژێم.

ئەندامانی پارتی **(ئیتحاد و تەرەقی)** دەستەلاتی رژێمی تورکیان کەوتە دەست، هەروەکو ئەرمەنیان لەناو بردن، دەیانەویست کوردەکانیش لەکۆڵ بکەنەوە و لەژێر کەلاوەی رووخاوی رژێمی عوسمانیدا بیان نێژن. ئەو تەگبیرانەی دەکران بۆ لەناو بردنی هیوای دامەزرانی کوردستانێکی سەربەخۆ بوو کە لەلای کوردان ئەندازەی بۆ داندرابوو.

خراپەی تورکان بەهۆی کردەوە ناڕەوایەکانی شەوکەت، چاوی کوردانی کردبۆوە، کوردەکان یەکدییان گرتەوە و لەشکریان رەوانە کرد بۆ یاریدەی ئەو خێلانەی لەدژی دوژمن لە هێلی شەڕدا بوون، فرقەکانی شەوکەت پەرێشان بوون و دەستەلاتیان نەمابوو، کردەوە خراپەکانیان خستبووە سەر شانی فرقەکانی چەرکەس. بەم شێوەیە شەوکەت دەیویست خۆی لە کارەساتە خراپەکە رزگار بکا. لەبەر خەتابار و رووڕەش بوونی چەرکەسان، کوردەکان زۆر لێیان تووڕە و دڵگیر ببوون، هێرشێکی گەورەیان بردە سەر فرقەکانی سوارەی چەرکەس کە لە چیایەکانی **نیسك**–**دا** جێنشین ببوون، بەشی زۆریان لەناو بردن و ئەمانەی مابوونەوە بە ناچاری بەرەو ئەلازیز گەڕابوونەوە.

پاشان شۆڕش لە گشت ناوچەکانی دەرسیم دەستی پێ کرد و شەوکەت بە بروسکە فەرمانی دابوو کە لەشکر بکشێتەوە، بەلام بنکەی تەلگراف فەرمانەکەی بە سەید رەزا و گشت خێلەکان راگەیاندبوو، تابووری پۆلیسی گەڕۆك کە لە جوولانەوەکە بەشدار ببوو، هەروا ئەو سەربازانەی لە نەزمیە کشابوونەوە، لەگەڵ فرقەکانی شەوکەت و لەشکری دووەم تێکەڵ ببوون.

لەلایەکی دیکەوە زیا خێڵەکانی ئاگادار کردەوە کە ڕژێم تۆڵەی ئەو گوندانەی تێکدرابوون دەداتەوە بۆ ئەوەی خەڵکەکە هێورببنەوەو دابمەزرێن، هەر لەو کاتەشدا والی ئەلازیز سابیت بەچاکی دەزانی کەمن بچمە ژێر فەرمانی لەشکری دووەم و بۆ سەرپەرشتی کردن لە دەرسیم بمێنمەوە، بەڵام وەهیب پاشا ڕازی نەبوو، بڕیاری دا کە لەژێر فەرمانی سێیەم لێکۆڵەرەوەدابم و لەناوەڕاستی کەنگاڵ و لە سیواس کار بکەم، لەبەر ئەوە بڕیاری دا لە دەرسیم بمێنمەوە، ئەگەرچی منیش بە بەهانەی نەخۆشییەوە نەمدەویست لەدەرسیم دەر بچم.

سەرکردەی لەشکری دووەم، ئەحمەد عیزەت پاشا دەرسیمییەکانی دەلاواندەوە. زیافەتی بۆ سەرۆك خێڵەکان لە بنکەی لەشکر کرد، بەڵام دەرسیمی بۆ زیافەتەکە نەچوون. والی سابیت و زیا پەنایان بردە بەر خێڵەکان کە بچنە میوانییان، لەبەر ئەوە کۆمەڵێ لە سەرۆك خێڵەکان هەڵبژێردران، چوونە ناوچەی ئەلازیز و لەوێشەوە بۆ گازیك کە بنکەی لەشکری تێدا بوو. منیش لەگەڵ ئەو دەستەیەدا بووم، کە ئەحمەد عیزەت پاشا لەسەر شێوەی خێلایەتی چێشتی بۆ دروست کردبوون. لەو چێشتەدا ئەحمەد عیزەت پاشا بەدەستی خۆی پارووی خورادن و دۆلمە و گۆشت بەرخی لە دەمی سەرۆك خێڵەکان و ئاغایەکان دەنا.

بەڕاستی ئەو بەخێرهاتن و دۆستایەتییە بووە هۆی لەخشتەبردنی نوێنەری خێڵەکان، چونکە لەکاتی چێشتەکەدا ئەحمەد عیزەت پاشا دەستی بە قسان کرد:

دەرسیمی هەر جۆرە داخوازییەکیان هەبێ لە پاش کۆتایی جەنگدا بۆیان جێبەجێ دەکرێ. هەروەها هەر دێهاتێکی لەشکری ئامیر لیوا شەوکەت تێکی داوە، ڕژێمی ئەستەنبۆڵ بڕیاری داوە، چاك بکرێتەوە و هەر کەل و پەلێکی ماڵی کە تالآنیان کردووە تولەی بدرێتەوە و ئیشوکاری دەرسیمییان لەلایەن پارێزگار و والی جێبەجێ دەکرێ. لەهەر جۆرە باج و سەربازییەك لێبوردراون، هەروەها گوتی: با سوپاسی یەزدان بکەین کە لەو شەڕە جیهانییەدا هەزاران کەسی تێدا گرفتار بووە، بەڵام دەرسیمی لێی ڕزگار بوون، هەر لەوکاتەدا داوای لە ئێمە کرد، کە بچینە زیارەتی سەرکردەی بارەگای سەربازیی عیسمەت بەگ و ئەویش ببینین.

ئەوجا هەموومان پێکەوە چووینە لای سەرکردەی بارەگای سەربازیی عیسمەت بەگ و بۆ ئەوەی لە وتووێژی ئێمە بگا، سەری خۆی نزم دەکرد و هەستی خۆی رادەگرت، وا دەرکەوت کە گوێی گران (کەڕ) بێ، وا بزانم ئەو پیاوە ئێستاکە عیسمەت پاشای سەرۆکی کۆماری تورکیایە. نەختێ قسەی چاکی کرد و گوتی خۆشی خێڵەکییە و خەڵکی شامە.

دەستەی نوێنەران لە بنکەی سەربازیی ناوبراو خەڵاتیان وەرنەگرت، تەنها داوای چەکیان کرد، ئەوجا عیزەت پاشا فەرمانی دا کە تفەنگی ماوزەریان بدرێتێ و پێیانی گوت:

(ئەمانە نەك بەرانبەر دۆستەکانتان، بەڵکو بەرانبەر بە دوژمنانمان بەکاری بێنن..) لەپاش ئەو گفتوگۆیە نوێنەری هەڵبژێردراوی خێڵەکان گەڕانەوە دەرسیم.

لە ٢٥/ مایس/ ١٩١٦دا رووسەکان بە هێزێکی زۆر گەورەوە لە مەیدانی **کەران (تەرجان)** ڕا هەڵمەتیان کردە سەر ناوچەکانی **حەمە خاتون**. ئەحمەد عیزەت پاشا بۆ ئەوەی دەرسیمییان چەواشە بکات خێڵەکانی **کاریر و هورمەکی لەناوچەی کیغی و خێڵەکانی چاریکان و کورەیشان لەناوچەی پلومەر** لەگەڵ لەشکری کازم پاشا هەر هەموویانی پێکەوە رەوانەی سنووری شەڕی رووس کرد.

ئەو جوڵانەوەیە بووە هۆی تاڵان کردن و سووتاندنی دێهاتی کوردان لەو ناوچەیەدا، لەبەر ئەوەی سەرۆکی خێڵی چاریکان: موستەفا و حەسەن بە پەرێشانی بۆ دەرسیمی رۆژئاوا و خێڵەکانی هورمەکان و کاریر هەروەها بە ناچاری هەڵاتنە ناوچەکانی شاری مەلاتیا. لەو شەڕانەدا لە ناوچەی شەمدینان، حەیدەر گیانی خۆی بە خاکی کوردستان سپارد و یەکێك بوو لە پیاوە ئازایەکانی خێڵی کورەیشان، هەر لەبەر رەشیدی **دورسنی** برای، ئەو پارچە شیعرەی خوارێی بەشێوەی زازا بەسەردا هەڵبەستوە کە دەڵێ:

*Şemdino, Şemdina habe şemdino,*
*Durs vano bra şa Hayder, sere kho vadare*
*Tic biya şirine !fank erzino,*
*Şa Hayder vano, bra Durso, perode, ma perodime*
*Ba devletra, mare par vecino,*
*Durs vano, bra, pare tırki perskennay*
*Fincana kafadi jaro ne şimino.*
*Pane, pane, pane, şa Hayder pane !*
*Milis taburan miande,*
*Ze zereci neri, buvane,*
*Drbetyane tobı goni şonna,*
*Bra, deho kemer şane.*
*Şemdino, şemdino, habe yalle !*
*Mar vano, meyle lace mın bere seka vialle !*
*Bıko dorme to yar u ağyaro kano !*
*De hore gran, gran bınalle*
*Pane, pane... İlh.*
*Şemdino, şemdino, habe kâre !*
*Durs vano, bra mın vadare seka feare (piare)*
*Maye vano, na dne, ça e ? şarire bia, mal u mılke*
*Lace mın-a bia vare.*
*Pane, pane... İlh.*

بـەپێی نەخشـە دانـانی ئەحمـەد عیـزەت پاشـا، دەرسـیمییەکان لـە رووی رووسـەکان هەڵگەڕانـەوە و هـەڵکولاَن و بەرگـرییەکی زۆر روویـدا، لەشکری رووس وازی لـە چـوونە نـاو دەرسـیم هێنـا، چونکە ڕێگایان زۆر سەخت بوو. شاخەکانی مونـزور بـبوونە تخـووب لـەنێوان لەشـکری رووس و دەرسـیم. بـەلاَم لەسـەرەتای تـەموزی (١٩١٦)دا لەلایـەك لـە **مەمـە خاتون و کەندی سەنساوە** بۆ کەماه و لەلای دیکـەوە لە کەلکیت بایبورتەوە تاکو دەگاتە گەلی چار داکی هەوڵیان دەدا بکەوێتە دەستیان تاوەکو زاڵ بن بەسەر ڕێگای ترابزۆندا.

هـەروەها دووەمین لەشکری رووس لە هێڵی ئەلازیزەوە بەرەو ناوچەی کیغی و شـاخەکانی **پەلان دوکەن** لەگەڵ مەیدانی **کەرانیان** سەر لەبەر کەوتە بندەست. بەم جـۆرە دەرسـیم لـەنێوان هـەردوو لەشـکری رووس: لەشـکری دووەم و لەشـکری سـێیەم، لـە داگـیر کـردن دەربـازی بـبوو، هـەروەها خۆشـیان ئامـادە کـردبوو بـۆ بەرگـری کـردن لەدەسـتدرێژی کـردنی هـەر هێـزێکی تورکیـی یـان رووس بـۆ سەر دەرسیم.

فـرقەکانی مـیر لیوا شەوکەت زۆر خراپەیان دەرهەق بە دەرسیم کردبوو، لەبەر ئـەوە دەرسـیمی رۆژهـەلاَت و رۆژئـاوا هـەردووك لایـان دڵگیربوون و چاوەڕێ بوون ئەگـەر بگونجـێ تۆڵـەی خۆیـان بکەنەوە، لەبەر ئەوە بەزووترین کات دەستیان بە هێرش کردن کرد بۆسەر لەشکری شەوکەتی تاوانبار.

لە ٢٥/ حوزەیران/ ١٩١٦دا رووسەکان بەهێزێکی گەورەوە هێرشیان کردە سەر ئەرزینـجان ، دەرسـیمییەکان لـەو هێرشـەی رووسـان ئاگـادار بـوون، بـەلاَم تـەنها خۆیـان دەپاراست، لەبەر هەندێ وەهیب پاشا وەکو ئەحمەد عیزەت پاشا ئەویش هـەوڵی دەدا کـوردان بنێرێـتە نـاو شـەڕەکەوە لـە دژی لەشـکری رووس، هەر بەو نیـازە گـوڵ ئاغـای سـەرۆکی خێڵی بالابانی لەخشتە برد و لەگەڵ خێڵەکەی خۆی ناردییـە بـەرەی شـەڕ لەدژی لەشکری رووس. لەپاش یەك حەفتە شەڕ کردن، گوڵ ئاغـا بریـندار بـوو، خـۆی و خێـڵەکەی، بـەپێش لەشکری شکاوی تورکیا کەوتن و گەڕانـەوە شـاری ئەرزیـنجان، لێرەدا چاوەڕێی ئەوە بوو کە وەهیب پاشا یاریدەی بدا، بەلاَم کە لەوەهیب پاشا نائومێد بوو و تێگەیشت هیچی بۆ ناکا، لە

٥/تەموزی/ ١٩١٦دا رایکردە دەرسیم و خۆی لەدەست تورکان دەرباز کرد.

بنکەی سەربازیی سەرکردایەتیی لەشکری سێیەمی تورک لە **پەتەریچەوە**، بۆ شاری ئەرزینجان و لەوێشەوە بەهەڵاتن بۆ ناوچەی **سوشەهر** پاشەکشەی کرد.

بەو شێوەیە رووسەکان لە باکووری ئەرزینجان شۆڕ بوونەوە و بەگەڵی **چارداکی**دا هاتبوونە خوارێ و لە ١١ی تەموزی ١٩١٦دا ئەرزینجانیان داگیر کرد.

دەرسیمییەکان ناخۆشی زۆریان لەدەست فێڵی تورکان دیتبوو و دەیانەویست تۆڵەی خۆیان لە تورکان بکەنەوە، لەبەر ئەو هۆیە چەکدارانی خێڵی **ئۆڤاجك و گولاپی دەرسیمی**، لەگەڵ **کەماه**–دا رێگەی گەڕانەوەیان لە فرقەی (٢٨–٣٦)ی تورك بڕی و هەردوو لەشکر بەتەواوی بەدیل گیران و ئەفسەرەکان لەناوچوون و سەربازیش پاك لەپاك چەك کران و کەرستەی سەربازییان لێ وەرگیرا، ئینجا ئازاد کران.

## ئەنجامی هاوکاری دەرسیمییان
### لەگەڵ رووس و ئەرمەندا

سەرکردەیەکی لەشکری ئەرمەنییان، **موراد پاشای گۆڤدینی** لەگەڵ سەرۆکی لەشکری رووس، **(لاهوف)** هاتبووە شاری ئەرزینجان، داوای لە دەرسیمییان دەکرد کە برا ئەرمەنییەکانیان لە دەرکردن و تاڵان و بەکۆمەڵ کوشتن پاراستبوو، لەگەڵ ئەرمەنییان دەستی یەك بگرن و لە دژی لەشکری تورك شەڕبکەن لەبەر هەندێ:

**موستەفا وەفا کوردی** خەڵکی دێی کۆروك لە ویلایەتی ئەلازیز، لە هێڵی جەنگی **ئەرزینجانەوە** لەگەڵ تابوورێکی سەربازی خۆی، وەڵامی داخوازی جەنراڵی رووسی دایەوەو چووە هاوکاریی رووسان.

لەوکاتەدا عەلی شێری کۆچکیری هاتبووە ئەرزینجان، سەبارەت بە دامەزراندنی دەزگاکانی کوردستان لەگەڵ رووسەکان گفتوگۆی دەکرد، هەروەها لەگەڵ چەند ئەفسەرێکی رووس گەڕابۆوە کۆچکیری.

لێرەدا سەرۆکەکانی کورد: عەلی شان و حەیدەریان دیتبوو، خەریك بوون لەبارەی رێك کەوتن بڕیار بدەن و رێگای چالاکیی خۆیان دەست نیشان بکەن.

لەوکاتە وەهیب پاشا سەرۆکی لەشکری سێیەمی تورک، عەلی شان و حەیدەر دەباتە ناو لەشکرو لە ژێر چاودێری دایان دەنێ. بەم جۆرە پەیوەندییان لەگەڵ دەرسیمدا نامێنێ.

عەلی شێر نیازی وابوو لەشکری کۆچکیری و لەشکری دەرسیم پێکەوە، لەشکری تورک بۆ ناوچەکانی سیواس دەربکەن، ئەوجا سەربەخۆیی و ئازادیی کوردستان رابگەیەنن، بەلاَم لەم کاتەدا، سەرۆکەکانی کورد لەناو لەشکری تورکاندا دەست بەسەر بوون و چەند سەربازێکی تورك لەناو دەرسیم و کوردستان هێشتا هەر مابوون، ئیتر ئەوە بووە هۆی دواکەوتنی بڕیارەکانی عەلی شێر و جووڵانەوەی لەشکری رووس بەرەو شاری سیواس. ئەوجا عەلی شێر بەناوی نوێنەری کوردەوە لە ئەرزینجان چاوەڕێی کۆتایی پێهاتنی رووداوەکانی دەکرد.

لەو کاتەدا رۆژهەلاَت و باشووری زێی فورات کە سەر بەدەرسیم بوو لە ژێر دەستی کوردان-دا بوو، دەرسیمی هەمیشە لەگەڵ ئەرمەنییاندا تەبا بوون، لە پاش گرتنی ئەرزینجان لەلایەن رووسەکانەوە (٢٢٠) چەکداری ئەرمەنی بەیاریدەی خێڵەکانی دەرسیمی لە ئەرزینجانەوە بە چیای مونزوردا بۆ ئۆڤاجك لەوێشەوە بۆ ناو خێڵەکانی کۆچان دەرباز کرابوون، ئەو دەستە سەربازە رووسە- ئەرمەنییەی لەگەڵ خێڵەکانی کۆچ و شەمکاندا بە نەهێنی گفتوگۆیان کردبوو، بڕیاری خۆیان سەبارەت چالاکییەکانی داهاتوو، دابوو کە پێکەوە لە دژی تورکان ئەنجامی بدەن، ئەوجا گەڕانەوە ئەرزینجان، لەبەر ئەوە رژێمی تورکیا زۆر شێوا بوو، خۆی لە کوردان دەپاراست، خێڵی ئۆڤاجك فەرمانبەرانی تورکیای لە ناوچەی پلور دەرکرد، رژێمێکی کوردی سەربەخۆی لە ئەرزینجان دامەزراندو دێهاتەکانی دەورو بەری ئەرزینجانی خستە ژێر دەستەلاَتی خۆیەوە. بەو جۆرە لە تورکان جودا بوونەوە. دەرسیمییەکان لەگەڵ سەرلەشکری رووس، لاهوف و سەر لەشکری ئەرمەنی، موراد پاشا پەیمانیان بەست، کە رۆژهەلاَت و باشووری زێی فورات لەگەڵ رۆژ هەلاَت و رۆژئاوای دەرسیم بەتایبەتی ناوچەی ئۆڤاجك بە یەکەو پارچەیەکی سیاسی بناسرێن و لە ژێر دەستەلاَتی کوردستانی سەربەخۆ دابن و بەپێی ئەو پەیمانە رووسەکان دەست درێژی نەکەنە سەر ئەو جێیانەی دیاری

کـراون و، بۆ ئەوەی ناوچەکانی کورد و ئەرمەنیش لەیەك جودا بکرێنەوە بڕیار درا نوێنەری ئەرمـەنی **کۆرپـۆس** لـە گونـدی **گێر لەڤیك** بۆ وتووێژ کردن لە ناوەڕاستی خێڵی ئەباساندا دابنیشێ.

بـەم جـۆرە بەڕاستی دەرسیم، دەستەڵاتی ڕژێمی تورکیای لەسەر شانی خۆی لادابـوو، خـۆی ئـازاد کـردبوو. بەداخـەوە تیـپەکانی حەمیدیـە کـە لـە کوردەکـانی باشـوور پێکهاتـبوون، لـە کۆنـەوە لەگـەڵ تورکـاندا هاوکار بوون و شەڕیان لەگەڵ ئەرمـەن و رووسـەکاندا دەکـرد و خۆیـان و مـاڵ و خێـزانیان لـە پێـناوی تورکـاندا لەدەسـت دا. ئـەو لەشـکرەی کـە بـەناوی حەمیدیـە لـە چەکدارانی کوردی باشوور پێکهاتـبوو، شـەڕی بـراکوژییان لـەبۆ تورکـان دەکـرد، لەسـەرینی ئەمەوە تووشی کارەسـات هـاتن و خێڵەکانیش بۆ ناوەڕاستی ئەنەدۆڵ، دەربەدەر بوون بێ ئەوەی ڕژێمـی تورکیـا بیانژییێـنێ و چ خـراپیش بـوو لەگـەڵیان کـرد، چـونکە کورد بوون. یـاریدەدەری نورەدیـن پاشـا: بـەتالآن کـردنی مـاڵی ئـەو دەربەدەرانـە دەستی بە تـیجارەت کـرد، هـەروەها یـاریدەری عـەلی ئیحسـان پاشـا، چەرکەس بوو، ئەویش تـاڵانێکی زۆری بەدەسـت کـەوت و بەچـاوی خـۆم دیـتم (١٨) هـەژدە سـندووقی گـەورەی پـڕ شـتی بە نرخی لەدەستکەوتووی تاڵانی کوردستان، لە پشتی وڵاخان بـار کـردبوو، ڕەوانـەی دەربەندی گەورەی **ئیزمید** کرد، لەبەر ئەوەش لێرەدا باسم لێکرد، بۆ ئەو کەسانەی کە بڕوایان بە دۆستایەتی و پاراستنی تورکان هەیە.

لـە پێـش کۆتـایی سـاڵی (١٩١٧)ی زاییـندا بـەهۆی رووخـانی ڕژێمـی رووسیای قەیسـەرییەوە[١] لەشکری رووس لەهەر لایەکەوە دەستی بە کشانەوە کرد لە هێڵی شـەڕ بەتایبەتی لـە ئەرزینجان، لەبەر ئەوە لەشکرانی ئەرمەنیش گۆڕینیان بەسەر دا هـات و لـەکانوونی سـاڵی (١٩١٨)دا جەنـرال لاهـوف شـاری ئەرزیـنجانی بـەجێ هێشـت، بـەڵام مـوراد پاشـا سـەر لەشـکری ئەرمەن مایەوەو نیازی وابوو بە چاکی لەگـەڵ کوردانـدا پێـك بـێ، بـەڵام لەگـەڵ عەلی شێر ئەفەندی لەسەر چەند خاڵێکی گرنگ ڕێك نەکەوت.

بـەپێی بۆچـوونی بەیانـنامەی عـەلی شـێر ئەفـەندی، مـوراد پاشـا تـەنها بـۆ

---

[١] شۆڕشی ئوکتۆبەر لە رووسیا لە ساڵی ١٩١٧دا بەرپا بوو، بووە هۆی رووخانی ڕژێمی قەیسەر–وەرگێڕ

ئەرمەنستانی گەورە نەخشەی کێشابوو، بەباشی نەدەزانی کە باسی ئازادی و سەربەخۆیی کوردستان بکرێ. لەلایەکی دیکەوە موراد پاشا هەوڵی دەدا کە لەگەڵ خێڵەکانی دەرسیمی ڕۆژهەڵاتدا پێك بێ وەکو:

**سەرۆکەکانی خێڵی کەچەلان و ولاش زاواکەی من، ئاغا بەگ، حوسێن سەید عەلی ئاغای سەرۆکی خێڵی ئەباسان، سەرۆکەکانی خێڵی لۆلان، محەمەد عەلی و کەکۆ یوسف ئاغا ئەوانە بۆ گفتوگۆ کردن وەك نوێنەری کورد بانگی ئەرزینجان کرابوون.**

لێرەدا موراد پاشا نیازی وابوو کۆمەڵەی ئەرمەنی هەموو کەرەستە و پێویستییەکی سەربازی، دابین بکا بەمەرجێ هێزە گرنگەکان لەژێر سەر کردایەتیی خۆی لە دەرسیم دابمەزرێن و هەر خۆی ئازادییی و سەربەخۆیی ئەرمەنستان– کوردستان رابگەیەنێ و کاروباری دەوڵەتیش هەر لەدەستە خۆی بێ. هەر بەم جۆرە چەند مەرجێکی دیکەی گرانی داواکرد، کە بووە هۆی پێکنەهاتن لەگەڵ کوردەکان و گەڕانەوە بۆ دەرسیم.

لەو کاتەدا وەهیب پاشا بۆ لاواندنەوەی کوردان رایگەیاند کە عەلی شێر، لەکاتی خۆی پەنای بردبووە بەر رووسیا، ئێستاکە فەرمانی لێبوردنی بۆ دەرکردووەو لەگەڵ سەرۆك خێڵەکانی ئۆڤاجك لە بنکەی لەشکری سوشەهر چێشتی بۆ کردوون.

بەم جۆرە سەرۆکەکانی خێڵی کۆچکیری عەلی شان و حەیدەر کە لەژێر چاودێریدا بوون لە بنکەی لەشکر ئەوانیش بەردران. بەڵام عەلی شێر باوەڕی بە بەڵێنی وەهیب پاشا نەدەکردو گەڕایەوە ناوچەی ئۆڤاجك و لەوێ مایەوە. بۆ منیش داوێ داندرابۆوە: پێش هەموو شتێ خرامە ژێر فەرمانی لێکۆڵەرەوەی ئاسایش لە کەنگال، لێرەدا لێکۆڵەرەوەی ئاسایش، عەبدولڕەحمان دەستی بە پرسیاران لێ کردم و لەبەر ئەو هۆیانەی خوارێ منی بە خەتابار دانا:

بە پێچەوانەی فەرمانی سەرلەشکر زۆر لە دەرسیم ماومەتەوەو گوایا دەرسیمییان بۆ شۆڕش کردن لە دژی رژێم هان دەدەم.

واتە دەرسیمییان بۆ داواکردنی مافی نیشتمانی و ئازادی و سەربەخۆیی

کوردستان هان دەدەم، بەڵام هەم خێڵەکانی دەرسیم و هەم وەهیب پاشا، داوای بەردانی منیان کردبوو، هەر لەبەر ئەوە منیان بەرداو سەبارەت بە بەربوونی من، جێگری کارگێڕی ئاسایش، یوزباشی یوسوف لە خێڵی ئیزولانی کورد، دەستێکی باڵای لە رزگار بوونمدا هەبوو، لەبەر ئەو هۆیانەی باسمان لێ کرد، رژێمی تورکیا مانەوەی منی لە جێیەکی وەکو کەنگال و لە ناو خێڵەکانی کوردا زۆر بە گرنگ دەزانی. هەر لەبەر ئەو هۆیە رەوانەی ژێر فەرمانی لێکۆڵەرەوەی ئاسایشی ناوچەی گیرەسون کرام.

## دامەزرانی داو و دەزگای رژێمی تورکیا لە دەرسیم
## (١٣٣٤ کۆچی)

وەك لە پێشدا باسمان کرد سەربازانی رووس دەکشانەوەو ئەرزینجانیان چۆڵ کردو لە هێڵەکانی شەڕی ئەرزرۆم– ئەرزینجان–دا تەنها لەشکری ئەرمەن مابۆوە. ئیدی وەهیب پاشا بەیاریدەی خێڵەکانی ئۆڤاجك نەختێ گێچەڵی بە ئەرمەنەکان دەکرد. لەبەر ئەوەی مەرجەکانی موراد پاشای گۆڤدینی لەگەڵ دەرسیمییان زۆر گران و سەخت بوون، هەوڵدانەکەی بێ سوود بوو، چونکە دەبوایە مەرجی وا دابنێن کە بۆ هەردوولا: کورد و ئەرمەن سوودی نەتەوایەتیی هەبێ. لەگەڵ ئەوەشدا موراد پاشا پەلاماری دێهاتی کوردانی دەدا و بە خراپە لەراست کوردان دەدوا.

لەسۆنگەی ئەمەوە شۆڕشگێڕانی کورد هێزێکی گرنگیان بۆ پاراستنی کوردەکان رەوانەی ئەرزینجان کرد و خۆیان لە سەنگەرەکانی هێڵی جەنگ دامەزراند. بێگومان تورکەکان زۆر بەو کارانە دڵخۆش بوون و بەیارمەتی چەند هێزێکی چەکداری کورد، هێزی ئەرمەنیان دوور خستەوەو لەناوچە نزیکەکان دەریان کردن.

بەڵام ئەرمەنەکان کەزانییان لەشکری تورکیا خۆی بۆ پەلامارو هێرش کردن ساز دەکا، ئەرزینجانیان چۆڵ کردو ئەو دێهاتە کوردانەی لەو دەوروبەرە بوون تاڵان کرد و دانیشتوانەکانیان لەناو برد. ئەو کردەوەیەی ئەرمەنییان، کوردەکانی

زۆر لە دوژمن نزیك خستەوە[1].

هێزەکانی تورکیا شپرزەو لاواز ببوون، دەستیان بەخۆ ڕێکخستنەوە کردبوو لە دژی هێـزی ئەرمەنـەکان. لەوکاتـە عـەلی ئیحسـان پاشای سەرۆکی لەشکری نۆیەم لەناوچەی پالو بوو، ئەفسەرێکی ناو حەسەن لوتفی بۆ دەرسیمی ڕۆژهەلآت ڕەوانە کـرد و ئەفســەرێکی نـاو خـالدی ڕەوانـەی دەرسـیمی ڕۆژئـاوا کـرد، بـۆ ئـەوەی دەرسـیمییان بـە پـارە ڕازی بکـەن و لـەجێگای خۆیـاندا لەشـکر دابمەزرێـنن و بەشـداری لـە جـەنگدا بکـەن، و بۆ دەرباز کردنی ئەرزینجان– ئەرزروم و بەشداری کردن لەگەڵ لەشکری کازمە ڕەش پاشادا. هێزێکی گرنگ لە دەرسیمییان کە وایان دەزانـی هێزەکانی ئەرمەن بە لاوازی ماونەتەوە، لە پێشدا زۆر پەلاماری تورکانیان دابوو، ئێستاکە دەیانەوێ دڵـی ڕژێمی عوسمانی ڕازی بکەن و پارەیەکی زۆریشیان بـۆ تـەرخان کـرابوو، لەبـەر ئـەوە زۆریـان لـە لەشـکرانی خێـڵەکایەتی (لەشـکری بەکـرێگیراو) دامـەزران، بـەلآم سـەید ڕەزا بەو هەنگاوە ڕازی نەبوو، پێی خۆشبوو کوردەکـان بـێ لایـەن بمێنـنەوە و بەو شێوەیە زۆر خێڵی دەرسیم بەشدارییان لەو کارە ناڕەوایەدا نەکرد.

لەبـەر ئـەوە سـەر لەشکر خالید هەوڵی دەدا سەید ڕەزا لە خشتە ببا، بەلآم کە بـۆی نەگونجا، چەند پیاوێکی دەرسیمی بۆ ئەرزینجان ڕەوانە کرد، کە لەگەڵ پیاو مـاقووڵانی کـورددا لە ئەرزینجان بچنە لای سەید ڕەزا، بەڵکو ڕازی ببێ و بەشداری شـەڕ بکـا، ئـەوجا پیـاو مـاقووڵانی ئەرزینجان بە تەگبیری خالید بە سەید ڕەزایان گوت، ئەگەر بەیەك حەفتە لەشکری کوردان لە دەرسیمەوە نەگاتە ئەرزینجان ئەوا ئەرمـەن، کوردەکـان لـەناو دەبەن. بەو جۆرە سەید ڕەزا باوەڕی پێکردن و لەگەڵ لەشـکری دەرسـیم بەڕێ کەوت بۆ هاوکاری کردن لەگەڵ کوردی ئەرزینجاندا. بەلآم سەید ڕەزا و دەرسیمی تـەنها نیازیان وابوو کوردەکان ڕزگار بکەن نەك دوژمندارییی ئەرمـەنییان بکـەن، بـەڵکو زۆر خێـڵی ڕۆژهـەلآت و ڕۆژئـاوای دەرسـیم لەگـەڵ ئـەو جووڵانەوەیـەدا نـەبوون، بـەلآم سـەید ڕەزا لەگـەڵ چـەند خێـڵێکی ئۆڤـاجك بـە

---

[1] کەچـی لـە دوایـیدا ئـەم ڕاستییە گۆڕاو تا ئێستا بۆ بەرژەوندیی خۆیان تورکیا و وڵآتانی ئەوروپا، کورد تاوانبار دەکەن و دەڵێن ئەرمەنیان بە کۆمەڵ کوشتووە.

شـاخەكانی مونزوردا تێپەڕین وله(١٣/ شوبات/ ١٣٣٤)ی كۆچیدا ناوەندی ناوچەی شاری ئەرزینجانیان بەشەڕكردن خستە ژێر دەستەڵاتی خۆیانەوە.

لـەدوای داگـیر كـردنی ئەرزیـنجان، سـەید رەزا بـەرەو ئـەرزرۆم بـەڕێ كـەوت و سـەرۆك لەشـكری ناسـراو بـە خـالیدە شـێت لەگـەڵ سەید رەزا–دا بوو، گوتبوویە سـەید رەزا گـەورەم پێویسـتە لـە پێـش كازمـە رەش، ئێمـە بچـینە نـاو شـاری ئەرزرۆمـەوە، بـەو جـۆرە لەشكری سەید رەزا پێش هەموو كەسێكی دیكە گەیشتە نـاو ئـەرزروم، لەپاشـدا ئەرزرومی بۆ لەشكری كازمە رەش بەجێ هێشت كە بەرەو بەیبورت چوون و خۆشی بە لەشكرەوە گەڕایەوە دەرسیم.

بـەم جۆرە توركەكان سوودیان لە ناكۆكیی نێوان كورد و ئەرمەنەكان وەرگرت، كـە ئـەو ڕووداوانـە دەنووسمـەوە، بەداخـەوە لـە كانگـەی دەروونمـەوە هەسـت بە ئازارێكی زۆر دەكەم و هیوادارم روشنبیرانی كورد و ئەرمەن لەداهاتوودا لەم جۆرە كارەساتانە، خۆیان بپارێزن.

## رەوانە كردنی میر لیوا خالید بەگی كوردی بۆ دەرسیم

## (١٣٣٥كۆچی)

لەشـكری رووس و ئەرمـەن، شـارەكانی ئەرزیـنجان و ئەرزرومیان بەجێ هێشت بەڵام لەناوچەكانی دەرسیمدا، لەچەند جێگایەك لەناوەخۆیاندا ناكۆكی پەیدا ببوو، خێڵەكانی ئۆڤاجك كە تێ گەیشتن هەڵخەڵەتاون لەبەر هەندێ پەلاماری ناوچەكانی توركیان دەدا.

ئـەوجا رژێمی توركیا بەفێڵ خالد جەبرانی سەركردەی لەشكری خێڵی جەبرانی كـوردی، رەوانــەی ئــەو ناوچــەیە كـردو دەرســیمی هەڵوێســتیان بەرانـبەر بــە سـەركردەی لەشـكرەكە بـاش بـوو و بـەبێ هیـچ گیروگرفت و ڕووداوێك لەشكرەكە گەیشـتە ئۆڤـاجك، توركـەكان سـوودیان لـەوەش وەرگـرت كـە هێزەكانیان بەهۆی سـەركردەی لەشـكرێكی كـوردەوە گەیشتنە ناوچەكانی ئۆڤاجك و هیچ شتێ رووی نـەدا. ئەوجا دەستی بە دامەزراندنی فەرمانبەرانی تورك كرد لەناوەڕاستی ناوچەی ئۆڤـاجك. بـەڵام لـەپاش رێكخسـتنی ناوچـەكە، توركـەكان مانـەوەی هێـزی خالید بـەگیان لەناوچـەكەدا بەزیاد دەزانی، لەسەرینی ئەمەوە لەگەڵ لەشكری تێكەڵكراو

کشایەوە پاشەوە، بەو جۆرە ناوچەی ئۆڤاجك کەوتە ژێر دەستەڵاتی رژێم و قایمقامی لێ دانرا.

## شۆڕشی سەربەخۆیی کوردان لە کۆچکیری

**(١٣٣٧ کۆچی)**

لە پاش گفتوگۆکردن و ئاگربەس هاتمە ئەستەنبۆڵ و کوڕی موستەفا پاشای کۆچکیریش هاتبووە ئەوێ و هەردووکمان ئەندامی **کۆمەڵەی تەعالی کورد**[1] بووین و لە پێناوی مافی نەتەوایەتیی کورددا تێدەکۆشاین. لەو کاتەدا سەرۆکی **کۆمەڵەی تەعالی کوردستان**، **سەید عەبدولقادر سەید تەها** سەرۆکی ئەنجومەنی شوورای دەوڵەت بوو، هەستی نەتەوەیی گەنجی کورد جۆشی گرتبوو، گەنجەکان لە کۆبونەوەیەکی گەورەدا داوایان کردبوو کە سەربەخۆیی و ئازادیی کوردستان رابگەیەندرێ و لێرە بەدواوە یەك تاکە هێزی بێگانە لە ناو کوردستاندا نەمێنێ.

بەڵام سەرۆکی ئەنجومەن، سەید عەبدولقادر ئەو بۆ چوونەی پەسند نەدەکردو دەیگوت لە نیشانە و دروشمی کوردایەتی ناوەشێتەوە لەکاتی[2] نزمیی تورکان گورزیان لێ بوەشێنین، ئێستاکە پێویستە یاریدەیان بدەین.

هەروا سەید عەبدولقادر بۆ ئەوەی لاوی کورد رازی بکات، دەیگوت لە بنەڕەتەوە رژێمی تورکیا رازی بووە کە کوردستانێکی سەربەخۆ و ئازاد دابمەزرێ بەمەرجێ لەباری ئیدارییەوە پەیوەندیی بە پاشایەتیی عوسمانییەوە هەبێ، هەروەها لە بیریشی نەکردبوو کە بڵێ ئەگەر هاتو رژێم فێڵی لێ کردین ئەوا نەتەوەی کورد دەتوانێ بەهێزی بازووی خۆی، مافی نەتەوایەتیی خۆی وەربگرێ.

لەدوای ئەو قسانە پێمانی راگەیاند کە لاوی کورد لە ناو کوردستاندا بڵاوببنەوەو لەچوار چێوەی نەخشەی کۆمەڵەدا خۆیان رێك بخەن، هەروەها گوتی هیچ رازی نابین بەقسەی: (سەرۆك کۆماری ئەمەریکا ولسون کە دەڵێ

---

[1] ئەوە یەکەم کۆمەڵەی کوردیی سیاسی بووە کە لە ئەستانە ساڵی (١٩٠٨) دامەزراوە. بۆ زیاتر زانین بڕوانە: زنار سلوپی قەدری جەمیل پاشا، فی سبیل کوردستان ص ٤١–٣٢٥ و عبدالستار طاهر شریف: الجمعیات و الاحزاب الکوردیه ص ١٩–٢٩. د. اسماعیل شکر

[2] بۆ وەرگرتنی مافی نەتەوایەتی پێویستە سوود لە هەموو دەرفەتێك وەربگیرێ.

ئەرمەنستانێکی گەورە کە زۆربەی شارەکانی کوردستان بگرێتەوە دابمەزرێ، تاوەکو دەگاتە رووباری کزل ئێرماك (خالیس)ی و دەشی گوت دەبێ بەپێی پەیمانی سیڤەر سەربەخۆیی و ئازادیی کوردستان بپارێزرێ).

ئەوەی جێگای سەرنجە سەید عەبدولقادر هیچ کاتێ لەیادی نەبووە کە (کوردستان– ئەرمەنستان)ێکی سەربەخۆ لە چوار چێوەیەکدا بە وێنەی فەدەراسیون دابمەزرێ و هیچ لێی نزیك نەدەبۆوە، بێجگە لە ئەوەی کە داوای کوردستانێکی سەربەخۆشی نەدەکرد، بەڵام نیازی وابوو ویلایەتێکی کوردی وەکو ویلایەتەکانی دیکەی تورکیا سەر بە دەوڵەتی عوسمانی دابمەزرێ، ئیتر ئەو جۆرە کوردستانەی کە سەید عەبدولقادر دەیویست زۆر لاستیکی بوو، چونکە لەو کاتەدا سیاسییەکانی عوسمانی تووشی نسکۆ هاتبوون، دەیان گوت کوردستانی ئازاد لە ویلایەتێکی دەوڵەتی عوسمانی زێتر نییە، کەواتە سەید عەبدولقادر چ بەزانین و چ بە نەزانین لەناوجەرگەی کۆمەڵەی تەعالی–ی کوردستاندا پێناوی بۆ رژێمی تورکیا دەکرد.

لەبەر هەندێ هەردەم لە کۆبوونەوەکاندا دوو بەرەکی پەیدا دەبوو چونکە نیازی زۆربەی زۆری لاوی کورد لەگەڵ هەڵوێستەکانی سەید عەبدولقادر–دا جیاوازیی هەبوو.

کۆمەڵە بە سەرۆکایەتیی سەید عەبدولقادر و ئەندامەکان کۆبۆوە، بەتایبەتی کارگێڕی پۆلیسی ئەستەنبۆڵ ئامیر لیوا خەلیل دەرسیمی، بەشدار بوو لەو کۆبونەوەیەداو بڕیار درا کە هەندێ لە لاوەکان بچنە شارەکانی کوردی رۆژهەڵات و خۆیان رێك بخەن و لەهەر لایەکەوە لقی کۆمەڵە دابمەزرێنن. تا هاوکاری لە نێوان دەرسیم، سیواس، کۆچکیری پتەو ببێ، لەو کاتەدا ئەفسەرێکی دەرسیمی ئێستاکە ــ ناوەکەی ناهێنم ــ لە ئەستەنبۆڵ بوو، بە قایمقامی ناوچەی ئەگین دیاریکراو منیش بۆ ئەوەی لەناو خێڵەکان دابمێنم:

دیاریکرام بە دکتۆری دروستی ئاژەڵ لە ناوچەی زارا، دیڤریگی، کەنگال بەڵام سەبارەت ئەفسەری ناو براو، وەزارەتی جەنگ رازی نەبوو بیکەنە قایمقام و منیش لەمانگی تشرینی یەکەم لە ساڵی (١٩١٨)زایینـدا، لە ئەستەنبۆڵ بە رێکەوتم و

چوومە ناوەڕاستی ناوچەی کۆچکیرییەوە.

لەوکاتــەدا عــەلی شــان بــەگ کــوڕی موســتەفا پاشــای کۆچــکیری کارگێــڕی شارۆچــکەی ئومـرانییە بـوو لـە پێـش هـەموو شـتێك بـڕیاردرا عەلی شێری، میرزای مسـتەفا پاشـای سـەرۆکی خێـڵی کۆچـکیری بـۆ دەرسـیم ڕەوانـە بکرێ و دەست بەدامــەزراندنی چــەکدارانی شۆڕشــی کــورد بکــات، لەوکاتــەدا چــەند ئەفســەر و ســەربازێکی فرەنسـی لـە سـیواس دیترابوون، کە بەهۆیەوە لاوانی کورد سەربەخۆ جۆشیان گرتبوو، داوای ئازادییان دەکرد.

لـە نێـوان ناوچـەکانی زارا، دیڤـرگی، کەنگال و هافیکدا هاتن و چوونم دەکرد و هەروەها لە هەریەك لەو شارۆچکانەی خوارێ:

ئومـرانییە، بەیپـنار، جـەلالی، سـنجان، هـامو، زمـارە، لـە دۆمورجەی–دا، لقی کۆمەڵـەی تـەعالی–ی کوردستانمان کردەوەو لەناو خەڵکەکە زۆر بە گەرمی کارمان دەکـردو زۆریـش پێـش کەوتـبووین، هـەر لەوکاتـە عـەلی شـێر زۆر چـالاك بوو و لە دەرسـیم و کاروباری کۆمەڵەی ڕێك دەخست، لەلایەکی دیکەوە لە ئەیلوولی، ١٩١٦ زایـنی، ١٣٣٥ کۆچـیدا موسـتەفا کـەمال پاشـا داوای یـاریدەی بـۆ ڕێکخسـتنی لەشکری خۆی لە پیاوە گەورەکانی ئەرزینجان دەکرد.

موسـتەفا کـەمال پاشـا بەڵێـنی یـاریدەدانی خـۆی، لـە براگەورە و شێخەکانی کـورد وەرگرتـبوو، لـەو کاتـەی بـە ئەرزیـنجان تێپەڕبوو، لـە بابـەت دامەزراندن و ڕێکخسـتنی چـەکدارانی کـورد لـە دەرسـیم و کۆچـکیری ئاگـادار کـرابۆوە، لەبـەر ئەوەش زۆر بەوریایی بە گەلی چارداکی–دا بەرەو زارا و سیواس تێپەڕیبوو، چونکە لـە خـۆی دەترسـا نـەبادا کوردەکـان پەلاماری بدەن و بەیارمەتیی ڕەشید پاشای والی–ی سیواس، من و دۆستەکانی منی بانگ کردە سیواس. بەڵام تەنها عەلی شان بـەگ چـووە ئـەو مێوانداریـیە و لـە قوتابخانـەی سـوڵتانی، مستەفا کەمالی دیتبوو (هـەر چـەندە زانیـبووی کـە ئێمە بۆچی تێدەکۆشین، بەڵام داوای لێ کردبوو کە لە خۆمانی گوێ لێ بێ کە ئێمە چمان دەوێ)

لەبـەر ئـەوە عـەلی شـان بـەگ پێی گوتبوو: (بەپێی بەندەکانی ویلسنی سەرۆك کۆمـاری ئەمـەریکا، لـە شـارەکانی ڕۆژهـەڵاتی کوردستاندا تاوەکو ڕووباری سوو–

**کزل– ئیرماك** له سیواس، ئەرمەنستانێکی گەورەی تێدا دابمەزرێنن و چاو له مافی نیشتمانی کوردان بپۆشن! هەر بۆیە ئێمەش هەوڵ ئەدەین بە پێی زۆریی سەرژمێری له ناوچەکانی کورددا ئیدارەیەکی سەربەخۆ دابمەزرێنین که پەیوەندیی هەبێ بە سوڵتانی عوسمانییەوە).

موستەفا کەمال وەڵامی دابۆوەو گوتی: (بڕیارەکانی ویلسن بەرامبەر بە هەڵوێست و نیازی نەتەوەکانی رۆژهەڵاتی بوونە پارچە **پەڕۆیەکی** دڕاو و فڕێ دران هەر لەو کاتە داوای لێ کرد بە نوێنەرایەتیی دەرسیم یاریدەی بدات و گوتی: (هەر وەکو بیستوومانە سەرۆکی شوورای دەوڵەت لە ئەستەنبوڵ سەید عەبدولقادر ئاگادارە کەوا خۆمان رێك دەخەین و بنکەی چەکداری دادەمەزرێنین، بەڵام بە داخەوە بۆتە دارێك بە دەستی رژێمی فەرید پاشاو وەك منداڵە ئینگلیزێکی لێهاتوو) هەروەها بەردەوام بوو لە قسەکانی و گوتی: (بروسکەیەکی لە کازمە رەش پاشاوە وەرگرتووە کە سیخوڕی ئینگلیزی، نوئێل دێتە مەلاتیا و لەگەڵ هەندێ لە نەوەکانی بەدرخان و جەمیل پاشا کە لەلایەن رژێمی فەرید پاشاوە رەوانە کراون، کۆبوونەوە لەگەڵ والی–ی ئەلازیز دەکەن و هەوڵ دەدەن بەڵکو خێڵەکانی کورد کۆ بکەنەوەو هێرش ببەنە سەر ئەو کۆنگرەیەی لە شاری سیواس دەکرێ) ئەوەشی بە عەلی شان بەگ گوتبوو.

مستەفا کەمال پاش قسەگوتن بە فەرید پاشا و سەید عەبدولقادر ئەوجا گوتی: (کوردستان لەگەڵ رژێمی فەرید پاشادا ناگونجێ، چونکە خۆی لە کۆنگرەی ئەرزرۆمدا هەموو دانیشتوانی کوردستان بەڵێنیان پێ داوە کە یاریدەی بدەن و لەبەر ئەم هۆیە عەلی شان بەگ بە نوێنەری دەرسیم داندراوە).

لەپاش ئەو گفتوگۆیە لەیەك دابڕان، بەڵام هەموو ئەو قسانەی موستەفا کەمال لە راستی بە دوور بوون، چونکە لەپاش شەڕی جیهانی یەکەمدا، هەروەکو سەرۆك کۆماری ئەمەریکی ویلسن پشتیوانی لە ئەرمەنییان دەکرد، ئەوانیش نیازیان وابوو هەر لە ئەدەنەوە تاکو دەگاتە قەفقاسیا لەسەر پارچە زەمینێکی پان و بەرین دەوڵەتی ئەرمەنستان[1] دابمەزرێنن، ئەو پارچە زەمینەش بەزۆری خاکی

[1] لەکاتی خۆی سەرۆك کۆماری ئەمەریکا (ویلسون) نیازی وابووە دەوڵەتێکی ئەرمەنی لەسەر خاکی کوردستان

کوردستان دەگرێتەوەو دەیکەن بە ئەرمەنستان. لەبەر ئەوەش لە کۆنگرەی مەسلەتی پاریس بڕیار درا ئەفسەرێکی ئینگلیزی ناو نوئێل بۆ کوردستان رەوانە بکرێ و لەجێگای خۆی لێکۆلینەوە لەنێوان کورد و ئەرمەندا بکا. لەبەر ئەو هۆیە: لە (ئەیلوولی ١٩١٩)دا نوئێل لە راستی بیرەجیك هاتبووە ناو کوردستان. بەو جۆرە کورد و ئەرمەنی دیتبوون، لە تۆماری سەر ژمێری هەردوو لای کۆلێبۆوە، هەولی دەدا بگاتە ژمارەی راستیی هەردوو لایان، بەلام کە گەیشتبووە شاری مەلاتیا، هێزی چەکداری موستەفا کەمال رێگەیان پێ نەدابوو، لەبەر ئەوە گەڕابۆوە پاریس.

ئیتر ئەوەیە سیخوڕەکەی موستەفا کەمال پاشا و ناوی ئەفسەرەکەی ئینگلیز، نوئێل کە لەلایەن کۆنگرەی ئاسایشی نێودەولەتانەوە بەتایبەتی بۆ چارەکردنی گیروگرفتی نێوان کورد و ئەرمەن رەوانە کرابوو و هیچ پەیوەندییەکی بە سیخوڕییەوە نەبوو.

لەوکاتەدا لەگەل کۆمەلەی تەعالی-ی کوردستان لە ئەستەنبول پەیوەندیمان بڕا، ئیتر ناچار بووین هەر لەجێوە خۆمان بۆ هەر چالاکییەك تەرخان بکەین و لە ڕێگای مافی نەتەوایەتیدا تێبکۆشین.

عەلی شان بە نوێنەری ناوچەی سیواس دیاریکرابوو، لەوکاتەدا لەلایەك رێبازی

---

دابمەزرێنێ، لەبەر هەندێ شاعیری مەزن حاجی قادری کۆیی لە دیوانەکەیدا کە لەلایەن زانا و شارەزای کوردی خوالێخۆش بوو گیوی موکریانییەوە چاپکراوە لەسەرەتای لاپەڕەی پەنجادا، بەو شیعرەی خوارێ هەستی دەروونی خۆی بەدەرخستووە:

خاکی جەزیر و بۆتان یانی ولاتی کوردان
سەد حەیف وسەد مەخابن دەیکەن بە ئەرمەنستان

وە لە جێگایەکی دیکەش هانا دەباتە بەر گەورە و سەرکردەکانی کوردو دەلێ:

کوا والی سەنەندوج بەگزادەیی رەواندز
کوا حاکمانی بابان میری جەزیر وبۆتان

هەروەها لە کۆتایی شیعرەکەدا گەنجی کورد ئاگادار دەکاتەوە لەو رۆژە رەشەی چاوەڕێی کورد وکوردستان دەکا بەو شێوەیە تانی لێ دەدا و دەلێ:

حاجی کەسێکە بێ کەس بۆ ئێوە قوڕ دەپێوێ
گوێ لێ دەکەن زەریفە نایکەن بەلا خۆتان

دیوانی حاجی قادری کویی، چاپخانەی کوردستان،هەولێر ١٩٥٢، ل ٥٠ -وەرگێڕ

نەتەوەی تورك و لەلایەكی دیكەشەوە موستەفا كەمال زۆر بە وەستایی فێڵی لە كوردان دەكردو ئەویش ڕێبازی دژ بە نەتەوەی كورد بوو، بەو جۆرە هەندێ لە كوردەكان بە پارە یان بە پایە لە خشتە چووبوون و یاریدەی موستەفا كەمالیان دەدا.

لەبەر ئەوەی پەیوەندیمان لەگەڵ كۆمەڵەدا نەمابوو لەهەموو ناوچەكانی كوردستاندا هەوڵمان دەدا بەپێی پێویستیی نەتەوەیی دەستەی چەكداران لە دەرسیم دابمەزرێنین و رەوانەی لای پێشمەرگەكانیان بكەین لە شاخەكان و لەناو سەنگەراندا بەرەنگاری دوژمن ببنەوە.

لەوكاتە ترسناكەدا عەلی شان لە ئەندامیەتیی نوێنەری شاری سیواس كشایەوەو منیش بەیارمەتیی پۆستەچیی كورد، **كوڕی ئەیان بەگ** و خەڵكی ناوچەی دیڤریگی، خەبەرم بۆ سیواس رەوانە كرد كە لە رژێمی موستەفا كەمال بەشداری ناكەم، چونكە بە ڕاستی زۆر ئومێدمان بە لەشكری خۆمان هەبوو لە دەرسیم.

لەبەر هەندە پێداویستیی پێشمەرگایەتی چوومە دەرسیم، باوكم و سەید رەزام لە دەرسیم دیت، بۆیانم روون كردەوە كە پێویستە هاوكاری لەگەڵ عەلی شێردا بكەن. خێلەكانی ناوچەی ئۆڤاجك بەڵێنیان بە ئێمە دا كە هاوكاریمان دەكەن و ئەوجا گەڕامەوە كۆچكیری.

لەو كاتەدا دەرسیم هەر دەكولاَ و جۆشی گرتبوو، داوای لە رژێمی ئەنقەرە دەكرد كە دان بە مافی نیشتمانی كورد بنێ، ئەگەرچی نوێنەرە[1] نەزانەكانی كورد، بە رێنوێنی و پەندی رژێمی ئەنقەرە بروسكەیان بۆ (**كۆمەڵەی مەسلەتی دەوڵەتانی گەورە**) كرد بەناوی نەتەوەی كوردەوە كە نایەوێ لە رژێمی توركیا جودا بێتەوە. !

لێرەدا روون دەبێتەوە كە نوێنەرانی كورد لە ئەنجومەنی ئەنقەرە چاویان لە هەبوونی خۆیان و مافی نیشتمانی كورد پۆشیبوو، بەنامەردانە گورزێكی ناڕەوایان

---

[1] لە ئەنجومەنی گەورەی نەتەوەیی ئەنقەرەدا (٧٢) نوێنەری كورد هەبوون، هەر گشتیان هاوكارییان لەگەڵ موستەفا كەمال–دا دەكرد. نووسەر

لە ئازادیی نیشتمانیی نەتەوەی کورد دا، ئەوجا بۆ بەتاڵ کردنەوەی ئەو کێشەیە، بە درێژی بەیانێکمان بەناوی دەرسیمییان و بە یاریدەی کۆمەڵەی تەعالی–ی کوردستان بۆ نوێنەرانی نەتەوە یەکگرتووەکان رەوانەکرد و تێیدا دەڵێین بەپێی فەرمانی رژێمی ئەنقەرە ئەو بروسکە رەوانە کراوەو ئێمە بە درۆی دەخەینەوەو کوردستانێکی ئازاد و سەربەخۆمان دەوێ، بەوجۆرە بۆ نەتەوە یەکگرتووەکانمان رەوانە کرد.

کە لە دەرسیم گەڕامەوە ناوچەی کەنگاڵ، زارا بیستم کە موراد پاشا سەرۆکی خێڵی گینیان دوو زمانیی لەلای قایمقامی زارا لە ئێمە کردووە کە خەریکی دامەزراندنی لەشکری پێشمەرگەین و ئەویش ئاگاداری والی–ی کردبۆوە سەبارەت ئەو کێشەیە، لەبەر ئەو هۆیەی سەرەوە قایمقام چەند پرسیارێکی لێ کردم، کە گوایا لەدژی دەستەی سەرۆکایەتیی موستەفا کەمالم، لەبەر ئەوە زۆر باوەڕمان بە موراد پاشا نەما، چونکە ئەویش یەکێ بوو لەنێوان رێکخراوانی پێشمەرگەی کوردستاندا، بەناچاری دروشمی ناپاکیمان خستە سەر، چونکە جێگای باوەڕ نەبوو و دانیشتوانی خێڵەکەی موراد هەرگیز لێی رازی نەبوون و جوێنیان پێی دەدا لەبەر ئەو دووزمانییەی لەلای قایمقامی زارای کردبوو، لەبەر ئەوە هەردەم گەفیان دەکرد کە بچن سیواس بگرن.

لەنێوان ئەو خێڵانەی بەشدار بوون لەگەڵ لەشکرانی نەتەوەیی کورد، زۆر چەکداری دێهاتی عەلەوی کە بە تورکی قسەیان دەکرد، هەبوون و تفاق و کەرەستەشیان دروست بوو، لەسەرەتایساڵی (١٣٣٦– ١٩١٧ز) کۆچیدا، لەناوچەی کانگال و لە شارۆچکەی یەللیجە و لە تەککەی حوسێن ئەتالی کۆبوونەوەیەکی گرنگم بەرپا کرد، خێڵەکانی جانبەگان و کورەیشان و گشت خێڵە کوردەکانی ئەو دەوروبەرە کۆبوونەوەو ئەو کەسانەی لە کۆبوونەوەکەدا بوون هەر گشتیان بەلێنیان داو سوێندیان خوارد: کە بەپێی پەیمانی سیڤەر بۆ دامەزراندنی کوردستانێکی سەربەخۆ، لە ناوچەکانی:

شاری دیار بەکر، شاری ڤان یان وان، شاری بتلیس، شاری ئەلازیز، شاری دەرسیم و کۆچکیری دەستیان داوەتە چەك، چەك دانانێن تا دوا تنۆکەی خوێن و

بۆ بەدیهێنانی ئەو مەبەستە تێدەکۆشن.

لەو پەیمانەدا بڕیار درا کە لەناوچە نزیکەکانەوە کەرەستەی سەربازی و چەك و تەرەقـە کۆبکرێـتەوە، بـەپێی ئـەو هەواڵانـەی لە دەرسیمەوە، دەهاتن (٤٥) هەزار کـەس بـە چـەك و کەرەسـتەوە لـە دەرسـیمی ڕۆژئـاوا ئامـادەن بـۆ بـەڕێ کەوتن، هەروەها لەشکری دەرسیمی ڕۆژهەڵاتیش ئامادەیە بۆ بەگەڕ کەوتن.

بێجگـە لـەو لەشـکرانەی کۆمەڵـەی تـەعالی–ی کوردسـتان لەهـەموو ناوچەکانی کوردنشـیندا دایمـەزراندبوو و لەناوچـەی شـاری ئەلازیز کۆدەبنەوە بۆ جووڵانەوەو بەرێ کەوتن بۆ جێگای دیاری کراو.

لـە ڕۆژهـەڵات و بـاکووری شـاری سـیواس لەشـکرانی کـورد کـە بـە ڕاسـتی باڵادەست بوون، گەفیان لە ناوچە تورکنشینەکان دەکرد.

لــە تــەموزی ١٩١٧ زاییــنی و ١٣٣٦ی کۆچــیدا دەســتەیەك پێشــمەرگە بــە سـەرۆکایەتیی **مستۆ** لـە ناوچـەی زارا پەلاماری بنکەی پۆلیسی **گولفا عەلی تورکی** داو هـەر هـەموویان بـەدیل گرتن. لەبەر ئەوە ڕژێمی تورکیا هیچ شتێکی سەربازیی لـەبۆ ناوچـەکانی سـیواس، ئەرزیـنجان، کانگـال و زارا ڕەوانـە نەدەکـرد، چـونکە هـەردەم لەوانە بوو هێزەکانی کورد دەستی بەسەر دا بگرن. لە ئابی ساڵی (١٣٣٩)ی کۆچـیدا، **پاشـو** کارگێـڕی کۆنـی پۆلیـس و سـەرۆکی خێـڵی شـادانی ناوچـەی ڕەفاهیـە دەسـتی بـە جووڵانـەوە کـرد و پـەلاماری لەشکری تورکیای دا و دەستی بەسەر چەك و کەرەستەی سەربازی کە ڕژێم بۆ **کوڕوچای** ڕەوانە کردبوو، گرتبوو، سەربازەکانیشـی بـەدیل گرتـبوو، هـەروەها پاشـان ناوەڕاستی ناوچەی ڕەفاهیەی داگیر کـردو ڕایگـەیاند کـە خۆی سەرۆکی هێزەکانی کوردە لە ناوچەی ڕەفاهیە و دەوروبەریدا.

لـەو کاتـە ترسـناکەدا والی–ی شـاری سیواس، پەیوەندیی بە ڕژێمی ئەنقەرەوە کـرد بـۆ ئـەوەی لـە جێوە، خۆیان ڕێکبخەن و لەشکرانی خۆیان بەهێز بکەن، هەر بـەو هۆیـەوە سـەرۆکی خێـڵی کۆچـکیری عـەلی شـان[1] کـرا بەجێگـری قایمقـامی

---

[1] بۆ ئەوەی بەپارە وبە پایە دڵی سەرکردەکانی کورد، لەوان عەلی شان ڕازی بکا–وەرگێڕ

ناوچـەی رەفاهیــە و براکەشـی، حــەیدەر[٢] بــە کارگێـڕی شارۆچـکەی ئومــرانیە دیاریکـرا، ئـەوجا بـەپێی بـارودۆخی گشـتی بـە پێویسـتمان دەزانـی کـە دووبـارە بچـمەوە دەرسـیم، بــەلأم هــەندێ لــە بـرادەران بــە باشـیان دەزانــی کــە بــە جووڵانەوەیـەکی سیاسـی، سـەربەخۆیی کوردسـتان رابگەیەنین. هیوامان وابوو کە لەشـکرەکانمان زۆر بـە هێـز بـن و ئـەو پێشـمەرگانەی لـە دەرسیم ئامادەبوون، لە کـاتی پێویسـتدا بـە هانامانـەوە بێـن، لـە پاشـدا بـڕیار درا کە عەلی شان بەگ هەر بـەخۆی بچێتە دەرسیم و لەوێوە بەپێی نەخشەی پێویست دەست بە جووڵانەوەی سەربازی بکا لەدژی رژێمی تورکیا.

لەوکاتـەی ئێمـە ئـەو فەرمانانـەمان پـێ گەیشـت لە (٢٠/تشرین/١٣٣٦)کۆچی/ ١٩١٧ زاییـنیدا، هێـزێکی پێشـمەرگە رێگای لە لەشکری تورکیا گرت کە لەناوچەی **گیرەسونەوە** بۆ ناوچەی **ئەگین** دەچوو و لە دەڤەرەکانی **کامهۆ** و سەر بەناوچەی **کوڕوچـای**. بــەوجۆرە هــەموو ســەربازەکان بــەدیل گـیران و چــەك و کەرســتەی سەربازی بووە دەست کەوتی کوردان. ئەوجا عەلی شان بەو بەهانەیەی کە جێگری قایمقـامی ناوچـەی رەفاهیەیـە لەگـەڵ سەد چەکداری خۆی، بە رێگای کوڕوچای-کـەماه-دا دەچـێتە ناوچـەی ئۆڤـاجك لـە دەرسیم، لێرەدا خێڵەکان زۆر بە گەرمی پێشـوازی لــە عــەلی شـان دەکـەن و بەخۆشـی وەریدەگـرنەوە، چـونکە کانگـەی دامـەزراندنی لەشـکری کـورد لـە ئۆڤـاجك بـوو، کوردەکـانی ئۆڤـاجك عەلی شانیان دەناسـی و دەیانـزانی کوردپــەروەرە. بــەو بۆنــەی کــە هاتــبووە لایــان دووبــارە بەلێـنیان نـوێ کـردەوەو سـوێندیان تـازە کـردبۆوە کـە لـە رێگـای سـەربەخۆیی کوردستاندا هەمیشە ژیانیان لەسەر دەست دەبێ.

هــەر لــەو کاتــەدا عــەلی شان لەگەڵ سەرۆك خێڵەکان دەچێتە ناوچەی هۆزات و لەگەڵ خێڵەکانی هۆزات و چیمیشکەزەك گفتوگۆ دەکەن و بڕیار دەدەن کە دەست بـەکاربن لـە رێگـای مـافی نیشـتمانی و ئـازادیی کوردسـتاندا، لـەو کاتـەدا بـەپێی نووسـین و بڕوانامەی رێکخەری لەشکری کورد، عەلی شێر (٤٥) هەزار پێشمەرگەی کــورد بەچــەك و کەرەســتەی دروســتەوە لــە دەرسـیمی رۆژئــاوا ئامــادەبوون،

[٢] بۆ ئەوەی بە پارە وبە پایە دڵی سەرکردەکانی کورد، لەوان حەیدەر رازی بکا-وەرگێڕ

لەدەرسیمی رۆژهەڵاتیشەوە، لەکاتی پێویستدا هێزێکی چاك دەگاتە هاوارمان.
ئیدی نیشتمانپەروەرانی کورد بڕیاریان دا هەر هەنوکە نەتەوەی کورد بەیەك جار رابێ و دەست بەشۆڕش بکاو عەلی شانیان دڵنیا کردبۆوە کە لەو پەیمانە پەشیمان نابنەوەو بەپێی رەوشتی سەیدەکانی دەرسیم و بەنیازی پەیمانی **زولفەقاری مورتەزای**، سێویان[1] کەرت کردبوو و خواردبوو، ئەگەرچی سەید رەزا لەگەڵ ئەو پەیمانەدا نەبوو، بەڵام بە ڕاستی هاوکاریی خێڵەکانی ئۆڤاجکی دەکرد.

لە ئەنجامی پەیمانەکەی هۆزاتدا: بە پێویست زاندرابوو چەند پرسیارێ لە رژێمی ئەنقەرە بکرێ و وەڵامیشی لێ داوا بکرێ هەر وەکو:

١– روون کردنەوەی رازی بوونی رژێمی موستەفا کەمال بە بڕیاری سەربەخۆیی کوردستان، هەروەکو چۆن رژێمی سوڵتانی عوسمانی بەڵێنی دابوو بە ئازادیی ناوچەکانی کوردستان.

٢– بەپەلە وەڵام دانەوەی موستەفا کەمال لەبارەی بڕوانامەی رژێمەکەی بەرانبەر بەسەربەخۆیی دەزگای رێکخراوی کوردستان.

٣– بەپەلە هەموو گیراوەکانی کورد لە زیندانەکانی: ئەلازیز، مەلاتیا، سیواس و ئەرزینجان ئازاد بکرێن.

٤– فەرمانبەرانی تورك، لەو جێگایانە بکشێنەوە کە بەشی زۆری دانیشتوانی کوردن.

٥– هەروەکو زاندراوە هێزەکانی سەربازی کە بۆ ناوچەی کۆچکیری رەوانە کراون، بەپەلە بکێشنەوە دواوە.

ئەو پرسیارانەی لەسەرەوە نووسراون لە (١٥/ تشرینی٢ / ١٣٣٦)ی کۆچیدا لە رژێمی ئەنقەرە کران.

ئەوجا خوالێخۆشبوو باوکم ئیبراهیم ئەفەندی ئەو تێبینییەی نووسی کە لەکاتی خۆیدا مەچۆ ئاغای سەرۆکی خێڵی ئەباسان چۆن مەرجەکانی سەرەوەی بە پارێزگاری دەرسیم راگەیاندووەو چۆن قسەی لەگەڵ کردووە.

---

[1] جۆرە سوێندخواردن وپەیمانێکە، پیشەی کوردەواریی دەرسیمییە (سوێندی بە شیری ئیمامی عەلی دەخۆن و سێوێك پارچە پارچە دەکەن و هەریەکە پارچەیەکی لێ دەخوا و بەو شێوەیە پەیمان لە ناوەخۆیاندا دەبەستن) کە هاوکاری لەگەڵ یەکدیدا دەکەن.

(ئـەو داخوازییانەمان بە (٢٤) کات ژمێر، نەگەڕێتەوە بەو پەنجانە، پەنجەکانی بـۆ درێژ دەکا، چاوەکانت دەر دێنم. بەو شێوەیە گەڤی لە پارێزگار کردبوو، لەبەر ئـەو هۆیـە پارێـزگاریش هــەر ئـەو شــەوە هەڵاتــبوو چــووبووە شــاری ئەلازیـز و لەوێشـەوە رووداوەکـەی بـۆ رژێمـی ئەنقـەرە روون کـردبۆوە، لەبەر ئەوەی رژێمی تورکیـا لـە ئەنقـەرە زۆر بەو کارە ترسناکە سەخڵەت ببوو. ئەوجا سیاسەتکارانی تورك دەستیان بە فێڵبازی کرد و لە ئەلازیزەوە دەستەیەك نوێنەریان بۆ دەرسیم رەوانـە کـرد و لـەجیاتی رژێمـی تورکیا بەڵێنیان دابوو کە مافی نیشتمانی کوردان بەجێ دەگەینن، بەڵام کوردەکان رازی نەبوون و دەستەی نوێنەرانیان دەرکردبوو، بـەهۆی ویلایـەتی ئەلازیـزەوە ئـەو بروسـکەیەی لـە خـوارێ نووسـراوە بـۆ رژێمـی ئەنقەرە رەوانە کرا:

**بەیارمـەتیی ویلایـەتی ئەلازیز بۆ سەرۆکایەتیی کۆمەڵەی گەورەی نەتەوەیی لە ئەنقەرە**

(بـەپێی پەیمانی سیڤەر، پێویستە کوردستانێکی سەربەخۆ لە شارەکانی دیار بەکـر، ئەلازیـز، ڤـان و بتـلیس دابمەزرێ و بەزووترین کات ئەو مەبەستە جێبەجێ بکرێ. بە پێچەوانەوە ئەو مافە بەهێزی چەکداری وەردەگرین).

**ئیمزا**

**سەرۆکەکانی خێڵەساتی دەرسیمی رۆژئاوا**

**(٢٥/ تشرین٢/ ١٣٣٦)ی کۆچی**

تێبینی[١]:

ئەوەش دەقی بروسکەکەیە بە زمانی تورکی:

**Elaziz vilayeti vasıtasıyle**

**Ankara Byk Millet Meclisi Riyasetine**

Sevre Muahadesi mucibince, Diyarbekir, Elaziz, Van ve Bitlis vilayetlerinde Mstekil bir krdistan teşekl etmesi lazım geliyor, binaenaleh bu teşkil edilmelidir, aksi takirde bu hakkı silah kuvvetile almağa mecbur kalacagımızı beyan cyleriz.

---

[١] ) دەقی ئەو بروسکەیەم لەبەر گرنگی و سەنگایی مێژوویی بەتورکی نووسییەوە–وەرگێڕ

Imza

Garbi Dersim Aşair

Ruesası

25 Teşrin Sani 1336

بەلاّم رژێمی تورکیا لە ئەنقەرە وەلاّمی ئەو بروسکەیەی بەنووسین نەدایەوە، تەنها بەرێگای والی–ی ئەلازیز بەلێنی دا کە داواکانمان بۆ جیٚبەجیٚ دەکا، لەلایەکی دیکەشەوە لە کۆکردنەوەی لەشکر لە سیواس، دیاربوو کە نیازی رژێمی تورکیا بەرانبەر بە کوردان باش نییە. سالٚ بەرەوپیری زستانێکی سارد دەچوو، بەفر لوتکەی شاخەکانی دەرسیمی گرتبوو، یارمەتیی سەربازی بۆ کۆچکیری رەوانە نەدەکراو جوولاٚنەوەی سەربازی راوەستابوو هەروەکو دەرسیمی ئاگاداری ئێمەیان دەکرد، بەلٚکو لە کۆتایی بەهاردا ئەگەر رێگایەکان بکرێنەوەو بەفر رێگا بدا، ئەو وەختە ئەگەر شۆرش دەست پیٚ بکاتەوە خێلٚەکانی **پەرچیکان** کە لە شاخەکانی:

**چیای درێژان**، **چیای ئاتمە**، **چیای دیڤریگی**، جێنیش بوون، هەموویان سەر بە ناوچەی ئەرەبگیر و شاری مەلاتیا بوون، هەموو تێکرا بەلێنیان بە ئێمە دا کە بەشداری لە شۆرشی نیشتمانیی کورددا دەکەن.

نەخشەی ئێمە لە شۆرشەکەدا ئەوەبوو:

پێش هەموو شتیٚ بەیاننامەی ئازادیی کوردستان لە دەرسیم دەرکراو ئالاّی کوردستان لەسەر شاری هۆزات بەرز کرایەوە. هێزەکانی لەشکری پێشمەرگەی نەتەوەی کورد لە راست بە راستی شاری ئەرزینجان، ئەلازیز و مەلاتیا و بەرەو شاری سیواس بەریٚ دەکەوتن و داوایان لە رژێمی ئەنقەرە دەکرد کە بە رەسمی دان بە ئازادیی کوردستان بنیٚ و بەم جۆرە تورکیا رازی دەبوو، چونکە داواکەمان بە هێزی پێشمەرگەی نەتەوەی کورد دەپارێزرا. لە پاش دابین کردنی هەنگاوی یەکەم بە چاکی، ئەوجا هەموو کوردستان یاریدەی ئێمەیان دەداو هاوکارییان لەگەلٚدا کردین. چونکە رزگاریی نەتەوەیی و شکاندن و فرێدانی ملوانکەی بێگانەیی کە لە گەردنمانە، هیواو ئومێدی هەموو کوردێکی ئازادە.

بۆ بەدیهێنانی ئەو نەخشەیە: پێویستبوو ئێمە چاوەڕوانی بەهاری داهاتوو بکەین، ئەگەرچی ڕژێمی تورکیا ئاگاداری چالاکیی ئێمە بوون. لەبەر ئەوە بەناوی چەسپاندنی ئاسایش دەستە سەربازیان دەنارده کۆچکیری، بەڵام لەراستیدا بۆ چاودێریی جووڵانەوەی هێزەکانی ئێمە بوون. تورکەکان لە لایەك بە ڕێگای سەربازی و لە لایەکی دیکەوە بە فێڵبازی هەوڵیان دەدا کوردان لەناو ببەن. مەچۆئاغا و دیاب ئاغا کران بە نوێنەری دەرسیم و لە هەموو لایەکی کوردستانەوە بڵاوکراوە کە نوێنەرانی کورد دەچنە ئەنقەرە و سەبارەت بە داخوازییەکانی مافی نیشتمانیی نەتەوەیی کورد گفتوگۆ دەکرێ و بڕیاری لەسەر دەدرێ و بەگشتی جێ بەجێ دەکرێ. بە تایبەتی والی—ی ئەلازیز کە چووبووە ناوچەی پەرتەك بە ناوی موستەفا کەمالەوە روونی کردبۆوە و مەچۆ ئاغای دەرسیمی—ی لە خشتە بردبوو و لەگەڵ خۆی بردبوویە ئەلازیز، لەوێشەوە بۆ ئەنقەرەو گەیاندبوویە موستەفا کەمال. دیاب ئاغاش کە مەچۆ ئاغای بەو شێوەیە دیت، پشتی لە مافی نیشتمانیی خۆی کردو، چووە دوای پارەوپایە و کەوتە دوای موستەفا کەمال و بەو جۆرە چەند کوردی دیکەی لە خشتە بردبوو وەکو: موستەفا دەرسیمی—ی سەرۆکی لقی سەربازیی ئەنقەرە. ئەحمەد رامیز کانگۆ دەرسیمی، سەرۆك لەشکری خانەنشین، لە خێڵی کەرەبال و دانیشتووی ناوچەی ئەزیزیە و سەر بە شاری سیواس. ئەفسەرێکی کورد، حەسەن خەیری بە نوێنەری دەرسیم دەست نیشانی کردن و بە پەلە لە نێوان ناوچەکانی دەرسیمدا بڵاوی کردەوە. بەو جۆرە بووە هۆی دواخستنی هەڵگیرساندنی ئاگری شۆڕشی کورد لە دەرسیم.لەبەر هەندێ خەڵکی دەرسیم گشتیان پەست و دڵگیر بوون، لەو جۆرە نوێنەرانە کە لە پێناوی پارەو پایە، پشتیان لە مافی ڕەوای نیشتمانیی کورد کرد، بەڵام زۆر بە گرانیش لە بن ئەو ئەرکەی سەر شانیان دەرچووبوون.

دەرسیم بە ڕاستی ئازاد بوو چونکە سەید رەزا بەناوی کوردستانەوە دەسەڵاتی گرتبووە دەستە خۆی و سەر پەرشتیی دەکرد. لە کۆبوونەوەکاندا بۆ خەڵکەکەی ڕوون کردبۆوە، کەوا، نوێنەرانی کورد لەگەڵ ڕژێمی ئەنقەرە دەستی خۆیان تێکەڵ کردووەو تەنها نیازیان پارەو پایەو پشتیان لەمافی نیشتمانیی کورد

و کوردستان کردووه.

هەرچەندە نوێنەرانی کورد نامەیان دەنووسی بۆ سەید ڕەزا، گوایا لەگەڵ ڕژێمی موستەفا کەمالدا پێك هاتوون بۆ ئەوەی، مافی نیشتمانی بە خۆشی لە تورکان وەربگرن. بەڵام پاکانەیان بۆ کردەوە خراپەکەی خۆیان دەکرد، چونکە ئاگایان لەخۆیان نەبوو چۆن کەوتبوونە داوی فێڵبازیی تورکانەوە.

موستەفا کەمال هەر بەو جۆرەش دەیویست عەلی شان بخاتە ژێر دەستی خۆی و بەرێگای نوێنەرانی دەرسیم، دەینارده دوای کە بەناوی نوێنەری سیواسەوە بچێتە ئەنقەرە. خۆ ئەگەر دەشیەوێ بە هەر پلەیەکی فەرمانبەر دەڵێ دایدەمەزرێنێ، بەس لە دەرسیم بێتە دەرێ و بە پێی ئارەزووی نوێنەرانی کوردی دەرسیمی، پارێزگارێکی کورد ڕەوانەی دەرسیم دەکا.

لەبەر ئەوە عەلی شان وەڵامی داوە کە لەو کاتەدا لەبەر نەخۆشی ناتوانێ بەڕێ بکەوێ و هەر لەو سەردەمەدا سەید ڕەزا بە هێزێکی پێشمەرگەی گەورەوە، دەرسیمی داگیر کردو بروسکەی بۆ موستەفا کەمال ڕەوانە کردبوو تێیدا گوتبووی:

((ئەو کەسانەی بەناوی دەرسیمەوە کراونەتە نوێنەر و لە ئەنقەرە دادەنیشن، بە هیچ جۆرێ مافی ئەوەیان نییە نوێنەراتیی دەرسیم بکەن. چونکە دەرسیم مافی ئازادیی نیشتمانی دەوێ و ئەو داخوازییەش پێویستە ڕژێمی ئەنقەرە بەڕاستی بزانێ و بەڕەسمی دانی پێدا بنێ و رایبگەیەنێ. ئەوجا کوردستان دەتوانێ بە شێوەی کۆنفەدەراسیۆن لەگەڵ ڕژێمی تورکیادا گفتوگۆ بکا)). بەو جۆرە ئەو داخوازییانەی دەرسیمییان، بووە هۆی تێبینی لە لایەن نوێنەرانی کوردەوە لە ئەنقەرە.

لەو کاتە من بە بەهانەی خوا لێخۆشبووی باوکمەوە، بەردەوام لە هاتن و چووندا بووم بۆ لای سەید ڕەزا و پڕۆپاگەندەیەکی زۆرم لەنێوان خێڵەکانی زارا – کانگال و ناوچەی دیڤریگیدا دەکرد، بۆ ئەوەی لەسەر داخوازی کردنی مافی نیشتمانیی کورد سوور بن.

لەو کاتەدا موستەفا کەمال، سەبارەت بە من نووسراوێکی نهێنیی لە

ئەستەنبولڵ پێ گەیشتبوو، ئەویش ناردبوویە لای ڕەشید پاشای والی–ی سیواس، هەروەها فەرمانی گرتنی منیشی دابوو. لەو نووسراوەدا گوایا بەیاریدەی **کۆمەڵەی تەعالی–ی کوردستان** لە ئەستەنبۆڵ چەکم داوەتە (١٢٠٠) کرێکاری کورد کەلە کارگەی –**بالیی** کاریان دەکرد. لەبەر ئەوە بە کوردێکی خراپ ناسرابووم چونکە لە ناوچەی سیواس و دەرسیم بۆ ئازادیی کورد هەوڵم دەدا و لە دژی لەشکری تورکیا دەجووڵامەوە.

لەبەر هەندێ ڕەشید پاشا فەرمانی گرتنی منی ڕەوانەی لای قایمقامی دیڤریگی کردبوو، منیش لەو کردەوانە ئاگادار بووم، لەبەر ئەوە فەرمانبەرایەتیی خۆم بەجێ هێشت و بە ئاشکرا چوومە ڕیزی شۆڕشگێڕانی پێشمەرگەی کوردستانەوە.

سەرکەوتنی هێزەکانی کورد لە دەرسیم، هەموو خێڵەکانی ناوچەی سیواسی بەمنیشەوە بە جارێکی هێنابوونە جۆش و لە هەر لایەکەوە ڕۆڵەی کورد بەخۆی سەردار بوو.

بۆ ئەوەی دەستەلاتی کورد شێوەیەکی ڕاست وەربگرێ، خەڵکیش پێویستی هەبوو خۆی دابمەزرێنێ و بە پەلە خۆی ڕێك دەخست، لەو کاتەدا خێڵی **جانبەگان** لەناوچەکانی سیواس، کانگال و دیڤریگی لە ڕێگای نێوشاخەکانی **دومورجە** دەستی بەسەر پۆستەی تورکیدا گرت و کارگێڕی پۆستە **موستەفا ئەیان** کە لە تورکەکانی دیڤریگی بوو لەناوبردرا و لە ڕۆژی (٢٠/ کانوونی ١/ ١٣٣٦) کۆچی ١٩١٧ زاییندا. لەوکاتە من لە ناوەڕاستی ناوچەی دیڤریگی بووم. ڕژێم لە من بەهەنجەت بوو، لەبەر ئەوە هەر ئەو دەمە بەناوی ئەو ڕووداوەوە منیان دەست بەسەر کرد. لە لێپرسینەوەشدا گوایا من جوێنم بە کوڕی ئەیانی کارگێڕی پۆستە تورکە کوژراوەکە داوە ئیتر بەو فێڵە **سندمیان**[1] خستە پێم، هەر وەك پیشەی تورك خۆیان، زۆر ڕۆڵەی کوردی دیکەی وەك من خرابوونە زیندانەکە و بە سانایی تێگەیشتین کە نیازیان لەگەڵ ئێمە خراپە، لەبەر ئەوە بڕیارمان دا دیواری زیندانەکە کون بکەین، ئەو شەوەی بەتەمابووین هەڵبێین، لەو کاتەدا نووسەری

---

[1] پارچە زنجیرەکە (٧٠)سم درێژدەبێ و هەر دوو سەرەکەی ئالقە ئاسنی پێوەیە، بەتایبەتی شەوان لە هەردوو دەستی ئەسپ دەکرێ بۆ ئەوەی ئەگەر بەر ببێ نەتوانێ هەڵبێ – وەرگێڕ

دادگا موستەفا کارگێڕی پۆلیس و قایمقام لێمان بە ژووریٚ کەوتن. لە زیندان بە ناوی لێکۆڵینەوە، فەلاقە[٢] یان لە ملی ئێمە، رۆڵەکانی کورد کرد، بەڵام سووچی خۆمان بوو کە خەبەری کون کردنی دیوارەکە گەیشتبووە دەریٚ، چونکە تورکێکی خەڵکی دیڤریگی لەگەڵ ئێمە گیرا بوو، هەر ئەویش ئاگاداری کردەوەی ئێمە بوو، ئاگاداری پۆلیسی کردبۆوە کە دیوارمان کون کردووە.

بەو هۆیەوە زنجیریان لە ملی ئێمە کرد کە زۆر دڵم پیٚ دەگوشرا، لەوانەیە ئەو کاتە لە مەڕ مافی نیشتمانیی کوردەوە زۆر بە ناشیرینییەوە دوابم، لەبەر هەندیٚ، نووسەری دادگا موستەفا لە من نزیك کەوتەوەو بە خۆشەویستییەکی لە دەروونەوە، منی لە باوەشی خۆی گرت و ئەمنی ماچ کرد. هەروەها لە بن گوێم بە نزمی گوتی بەندەش کوردم، ئیتر بەسەر سوڕمانەوە گویٚ بیستی بووم و هەستی دەروونی ئەو کوردە دڵسۆزە وای لێکردم تەریق ببمەوە.

## بەندەش کوردم

خۆزیا ئەو قسەیە هەمیشە، لە دەروونی هەموو کوردێکدا دەنگی دابایەوە، کە تاکو ئێستا خزمەتی ڕژێمی ئەو تورکە دەکا کە فەرمانی لەناو بردنی نەتەوەی کوردی داوە..!

دەرسیم لە گیرانی من ئاگادار کراو، سەید رەزا داوای لە موستەفا کەمال کردبوو یان بەرم بدا، یاخود بە هێزێکی گەورەوە هەڵمەت دەباتە سەر شاری سیواس. لەبەر ئەوەی موستەفا کەمال بروسکەی بۆ ڕەشیدی والی—ی سیواس رەوانە کرد کە بە پەلە بەرم بدا. ئیتر بۆ ئەوەی بیخاتە شێوەیەکی رەسمییەوە، بە بڕیاری ئەنجومەنی سیواس بە پەلە ئازاد کرام.

ڕەشیدی والی—ی سیواس، بە زۆری منی بۆ سیواس بانگ کرد و چێشتی بۆ کردبووم. لەو کاتەدا ڕۆژنامەی تورکی، یەرلی کە لە سیواس دەردەچوو ناوی منی بە سەرۆکی چەتەی جیهانگری کورد بلاْودەکردەوە.

لەبەر ئەو هۆیانە والی رشید بە ناوی موستەفا کەمالەوە بانگی منی کردو

---

[٢] جۆرە ئالقەیەکی بە زنجیرە وەك خەناوکە وایە، بە تایبەتی لە ملیدیلان دەکریٚ – وەرگێڕ

فەرمانێکی لە ئەستەنبۆڵێ پێ گەیشت بوو بۆ منی روون کردەوەو پێمی گوت کە دامەزراندنی لەشکری کورد لەم کاتەدا پێویست ناکا. وادیارە دەیانەوێ کە من هەوڵ بدەم، دەرسیمییان ڕازی بکەم کە لەگەڵ ڕژێمی تورکاندا نیازیان باش بێ و هاوکاری بکەن.

والی: بۆ ئەوەی من پتر لە خشتەببا، نەخشەیەکی دەرهێناو لەسەر نەخشەکە خاکی سوڵتانی عوسمانی، بە من پیشان دا و گوتی: ((**وەزیری دەرەوەی ئینگلیز بۆید کۆرك گوتوویەتی کە تورکیا لە نەخشەی جیهاندا ماکێکی ڕەشەو پێویستە ئەو ماکە بە چەقۆ بڕنین و فڕێی دەین.**)) ئەوجا سەری خۆشی لەگەڵ ئەو قسانە باداو گوتی پێویستە لەو کاتە ناسکەدا ئێمەش یاریدەی رژێم بدەین، تاوەکو لە دەست بێگانە ڕزگارمان دەبێ، بێ گومان هەینێکە رژێمی تورکیا مافی نیشتمانیی کورد دەدا. ئیتر بەو جۆرە والی بە فێڵ و نەزاکەت قسەکانی خۆی تەواوکرد.

بەو جۆرە هەوڵی دەدا پێم بکێشێتەوەو بمخاتە داوی خۆیەوە، چونکە فێڵبازێکی بێ هاوتا بوو، هەر لەبەر ئەو هۆیەوە، بە فەرمانی موستەفا کەمال و بەپێی یاسای جێنشین کردنی خێڵەکان، گوندێك بەمن دەدرێ و بۆ یاریدەدەری کارگێڕی دامەزراندن بەڕێوەبەری– ئیسکان دەنووسرێ کە گوندەکە بەناوی منەوە بکرێ، دێیەکەش ناوی سولەیمانیە بوو لە کوڕانی **فەرتەللی** بۆ خەزینە گەڕابۆوە، لە ناوچەی **کۆچهیسار** و لە شاری سیواس بوو.

بەو شێوەیە والی ڕەشید بروسکەی بەناوی منەوە بۆ موستەفا کەمال کرد کە سوپاسی دەکەم سەبارەت بە بەربوونم و بۆ ئەو گوندەی خەڵاتی منی کردووە. بە مەرجێ بە دەرسیمییان ڕا بگەیەنم کە چۆن لە لایەن سەرۆك کۆماری تورکیاوە ڕێزم لێ گیراوە.

((ئەوجا بەو شێوەیە دێی سولەیمانیە لە بنکەی تاپۆ بەناوی منەوە نووسرا، بەڵام ئەو بەرتیلە هەنگاوێك منی لە ڕێگای ئامانجی نیشتمانی لانەدا. چونکە دەمزانی ڕۆڵەی هەر نەتەوەیەك ئەگەر بێتو خاوەنی وڵاتی خۆی نەبێ هەر کات دوژمن دەتوانێ قۆچانی لێ وەربگرێتەوە)).

گوندەکە لە ناو خێڵی کورمەشان بوو لەبەر ئەوەی دەمتوانی بە هاوکاریی

دانیشتوانی خێڵەکە پتر لە ناوچەکان بگەڕێم و تێبکۆشم و فرمێسکی خۆشیمان لە چاوان دەباری کە دەمان دیت هێزەکانی لەشکری پێشمەرگەی کوردستان لە رۆژهەلأت و باکووری شاری سیواس بە سەربەستی دەجوولأنەوەو ناوچەکەیان خستبووە ژێر دەستەلأتی خۆیانەوە. هەموو دەم دەمانتوانی بە ئاسانی پێشمەرگە کۆبکەینەوەو ڕێکیان بخەین، بەلکو ئەو کوردانەی لەو ناوانەدا زۆر لەمەو پێش لێرە جێنیشببوون و ببوونە تورك، ئێستاکە هەر بەخۆو بەچەکەوە بەشداری لە ڕیزەکانی لەشکرانی پێشمەرگەی کوردستاندا دەکەن.

سەرلەشکری کۆچکیری، سەرۆك صادق لە ناو لەشکری تورکیا هاتبووە ڕیزی پێشمەرگایەتی، ئیتر سەرپەرشتیی سەربازی و جوولأنەوەی هێزەکانی ئەو ناوچەیە بە فەرمانی ئەو دەکراو هاتن و چوون لە نێوان دەرسیم و خێڵەکاندا بە ئاگاداری و سەرپەرشتیی من دەکرا. بەم جۆرە کاروباری گشتی هەروەکو دەمانەویست ڕاستە ڕێ ببوو. ئەوجا چاوەڕێی بەهار بووین بەلکو شاخە بەرزەکانی دەرسیم ڕێگامان بدەن و بەئاواتی گزەنگی ئەو ڕۆژە بووین کە تێیدا مافە ڕەوا هەرە بەرزەکانی نیشتمانیی کورد بە دەست و بازووی خۆمان و بە زەبری چەك وەربگرین.

سروودی پێشمەرگەی کورد لە گشتی دێهات و ماڵەکاندا بلأوببۆوە، کیژ و کوڕ تێکڕا لە خۆشیی سەربەستی و ئازادی، گۆرانییان دەگوت، وشەکان وەك ئاوی زەمزەم لە لێوانیان دەهاتنە دەرێ. بەو جۆرە ئاوازی خوێندنی سروودی کوردی لەگەڵ هەر هێرشێکی چەکدارانی ئێمە دەیان کرد بۆ سەر سوپاکانی تورك و ناوچەکانیان، دەنگی لە لوتکەی شاخە بەرزەکانی کوردستان دەداوەو پیاو پێی سەر بەرز دەبوو.

لەو کاتەدا لەشکری پۆلیسی شاری سیواس، فەرمانی پێ درابوو کە بۆ ناوچەی زارا بەڕێبکەوێ، بەلأم عەگیدی کورد، حوسەین ئاغا لەگەڵ چەکدارانی خێلی شادان لە جێگایەکدا کە پێی دەڵێن کایەو لە نزیك شارۆچکەی کەرەجە ئورەن، لەشکری پۆلیسیان گەمارۆ داو هەر هەموویان بە دیل گیران و چەك و کەرستەی سەربازییان بە دەست کەوت و پۆلیسەکانیان سەربەست کرد. ئیتر ئەو ڕووداوە

بووه هۆی ترسێکی زۆر گەورە لە سیواس. لەبەر ئەوەی سەرکردەی لەشکری سیواس هەندێ لە هێزەکانی خۆی رەوانەی ناوچەی زارا کرد.

لێرەشدا دەڵێم ئەمینی سەرۆکی ئەندازیارانی سیواس لەگەڵ ڕۆشنبیرێکی کورد ــ ناوی ناهێنم ــ لە کەناری شاری سیواس پێکەوە کۆ بووینەوە. بۆ یاریدەدان بۆ بەدەست هێنانی مافی نیشتمانی ئاگاداری منیان کردەوە لە بابەت وشە نەهێنییەکانی موستەفا کەمال کە بۆ والی ڕەشیدی ڕەوانە کردبوو، زۆریش پێویست بوو ئێمە ڕێزی ئەو گەنجانە بگرین، کە بە یارمەتیی ئەوانە زانیارییەکی زۆرمان لە بابەت هێزەکان و کردەوەکانی دوژمن بۆ دەهات.

لەبەر ئەوەی کە وەك بەڕێوەبەرو کادیری جووڵانەوەی لەشکری بەرگریی کورد ناسرا بووم، نەم دەتوانی بچمە ناو شاری سیواسەوە، بەڵام لە ناوچەکانی کانگال، کۆچ هیسار، دیڤریگی–دا پێویست بوو بچمە سەرکردایەتیی لەشکر.

لە جەنگی جیهانی یەکەمدا عەزیز کوردی بتلیسی بە دەربەدەری لە سیواس جێنشین ببوو. بە پێی ئەو فەرمانەی لە ڕژێمی تورکیا وەری گرتبوو، هاتبووە ناوچەی جەلالی و هەوڵی دەدا جووڵانەوەی پێشمەرگەکانی کورد تێك بدا. ئیدی بۆ ئەمە دەستەیەك چەکدار بۆسەرکوت کردنەوەی ئەو بەدبەختە ڕەوانە کرا، ئەویش کە زانیبووی چاودێریی دەکەن هەڵات و چووبووە سیواس و دەرباز ببوو. لە پاش ئەوەی بۆمان ڕوون بۆوە کە دوژمن هەموو جۆرە ڕێگایەکی خراپە دەگرێتە بەر. ئەوجا چەکدارانی ئێمەش دەستیان کرد بە پەلامار دانی لەشکری دوژمن. لەبەر هەندێ ڕژێمی سیواس داوای یاریدەی سەربازیی لە ئەنقەرە کردبوو.

لەسەر ئەو داوایە سەر لەشکر خالیس مەلاتیایی لە (١٨/ کانوونی ١ / ١٣٣٧) کۆچی/ ١٩١٨ زایینیدا فرقەی شەشی سوارە کەلە سیواس چاوەڕێ بوو لەگەڵ چەند تفەنگێکی خۆش – ئاوێژ و چەند تۆپێکەوە بە ناوی ئەرزینجان، ڕەوانەی ناوچەی زارا کرد، بەڵام ئەو لەشکرە هەر گشتی لە ڕێگا بە دیل گیراو چ چەك و کەرەستەی سەربازیش بووە دەست کەوتی هێزەکانی کورد.

ئەوجا رژێم بە هاوکاریی حەیدەر ئاغا کارگێڕی شارۆچکەی ئۆمرانیە هەوڵی دا چەك و کەرستەی سەربازی لەشکرە شکاوەکە وەربگرێتەوە، بەڵام هیچ سوودی

نـەبوو لەبـەر ئـەوە، حەیدەر ئاغا لە کارگێڕی دەرکراو سەر لەشکر خالیس لە (١٥ /شـوبات / ١٣٣٣) کۆچـیدا فـەرمانی داگـیر کـردنی ئومـرانیەی دا. بـەو شـێوەیە خـالیس دەسـتی بەسـەر ئۆمـرانیە–دا گـرت و رایگـەیاند کە پاش حەسانەوەیەکی کـەم بەرەو شاری ئەرزینجان دەڕوا. بەڵام ئێمە دەمانزانی کە خالیس فێڵێکی لەبن سـەرە لەبـەر ئـەوە بـە پەلە ئاگاداری دەرسیم کرایەوە، ئەوانیش وەڵامی ئێمەیان داوە کـە بـە پێـی توانـا خۆمان ڕابگرین، چونکە جووڵانەوەی سەربازی لە بەهاریێ دەست پێ دەکاو ئێستاکە بەفر ڕێگای جووڵانەوەی لەشکر نادا.

بە ڕاستی خێڵەکانیکۆچکیری دانەدەکاسان، چونکە لەو بڕوایەدا بوون، کە هەر خۆیـان بەتەنیا دەتوانن ئازادی و مافی نیشتمانیی کورد وەربگرن، لەبەر ئەوە زۆر بـە پەلـە بـوون، بـۆ ئـەوەی سـەر لەشکر خالیس بتوانێ لە ئۆمرانیە دەست بەکار بکـا، بـە پێـی فـەرمانی نەهێـنی کەلـە موسـتەفا کەمالـەوە هاتبوو، داوای کردبوو سـەرۆکی خێـڵەکان کـۆ بکاتـەوە وەکـو: **حـەیدەر، عیـزەت، مەحمود، عەزەمەت، محەمـەد و تـاکی** و ئاگاداریـان بکاتـەوە سـەبارەت بـەدی هێنانی مافی نیشتمانیی کوردەوە. ئەگەر چی لەلای ئێمەش ئاشکرابوو کە هەر هەموو بەڵێنەکانیان درۆیەو ڕاستییان تێدانییە. بەڵام ئێمەش پێویستیمان  بە چاوەڕێکردنی بەهار هەبوو تاکو بتوانین دەست بە پەلاماردانی دوژمن بکەین.

لەشـکری تـورك بەنـزیك بوونـەوەی بـەهار نەخشـەی خـۆی بـە پێش دەخست، وەکـو دڕنـدە ددانـی خـۆی لێمـان دەقرساندو پەردەی شەرمی لەسەر چاوی خۆی لادابـوو، لـەو بارەشـەوە ئاگـاداری ئێمـەیان کـردبوو، لـە پێـش هـەموو شـتێ پێشـمەرگەکانی کورد بە بێ مەرج و پەیمان چەك دانێن، یاخود هەموو دێهاتەکانی کورد کوێر دەکەنەوە، بەم جۆرە تورکان گەفیان لێ دەکردین.

یـەك لـە دوای یـەك کۆبوونـەوە دەکـراو کوردەکـان زۆر بە پەلە بوون و داوایان دەکـرد کـە دەسـت بە جێ لەشکری کورد هێرش بباتە سەر دوژمن، ولە (٤/مارت/ ١٣٣٧) کۆچـیدا خالیسـی سەر لەشکری تورك چەند لاوێکی کوردی لە شارۆچکەی ئومرانیە دەست بەسەر کردو لە ژێرچاودێریی دەستەیەك سەربازی خۆی، ڕەوانەی ناوچـەی زارای کـردبوون، بـەو شـێوەیە ئـازایی خـۆی نیشـانی خەڵکەکـە دابـوو،

لەبەرئـەوەی هێـزەکانی ئێمـە، لـە جێگایـەکدا کـە پێی دەڵێن یازی حاجی دەستە سـەربازە تورکەکـەیان گـەمارۆ داو، هـەر هـەموویان بـە دیـل گیران و چەك کران و کوردەکانیش ئازاد کران.

ئـەوجا فـەرمانێکی توندیـان بـۆ سـەر لەشـکر، خـالیس ڕەوانەکرد ئەویش: یان ئەوەتە خۆی و لەشکرەکەی بە بێ مەرج و پەیمان چەك دابنێن یان خۆی بەرپرس دەبـێ لـە هـەر ڕووداوێکی ڕوویدا، بەڵام خالیس شەرمی بە چەك دانان هەبوو و بۆ دڵنیایی کـوردان گوتـبووی، کـە لەلایـەن ڕژێمـی ئەنقـەرەوە هیـچ لـە دژی کوردان نـەدواوەو دەیـەوێ لەشـکری خـۆی بـۆ ناوچـەکانی زارا، سـیواس بگۆزێـتەوە بـە مەرجێ کوردەکان ڕێگای بدەن.

هێـزەکانی کوردیش بە چاکیان زانی وەڵامی درۆیەکانی بدەنەوە ولە (٦/مارت/ ١٣٣٧) کۆچـیدا چـواردەوری شارۆچـکەی ئومـرانیەیان گـرت و گـەمارۆیان دا و لە پـاش شـەڕێکی دژوار: لەشـکری تـورك بـە ناچـاری چـەکی دانـاو، لەلایـەن دیوانی جەنگیی سەربازیی کوردەوە، سەر لەشکر خالیس تاوانبار کراو بڕیاری مردنی دراو بـەم جۆرە لە ناوەڕاستی ئومرانیەدا، خالیس درایە بەر گولله و بڕیارەکە جێبەجێ کـرا. ئـەوجا لـەپاش ئـەو سـەرکەوتنە پرشـەنگدارەی کـە بـەدیهات لـە دژی تورکـان:((ئـاڵای کوردسـتان لەسـەر بـنکەی پۆلیسـی ناوەڕاسـتی ئومـرانیە بەرزکـرایەوە)). لە ئەنجامی لێکۆڵینەوە بۆمان بەدەرکەوت کە کەرستەی لەشکری شـکاوی تـورك هـەر بـە گشـتی کەوتۆتـە ژێـر دەسـتی هێزەکانی کوردەوە. لەگەڵ هـەموو تفـەنگی خـۆش–ئـاوێژ و تـۆپ و تەرەقـەو، زیاتر لە هەزار ئەسپ و هەموو هێستری بار هەڵگری لەشکری دوژمن.

ئـەوجا دەسـتەیەکی سـەربازی کورد لە ئومرانیە دامەزرا، پسوولەی ڕێ پێدانی دایـە هـەموو سـەرباز و ئەفسەرێکی تورك و بەڕێیان کردنەوە بۆماڵی خۆیان. بەڵام ئەفسـەرەکانی کـورد و چـەرکەس ئەوانـەی لەگەڵ لەشکری دوژمندا بوون ڕێگەیان پێ درا ئەوەی دەیەوێ بچێتە ڕێزی لەشکرانی پێشمەرگەی کوردستانەوە.

ئـەنجامی ئـەو شـەڕانەی سەرەوە لە هەموو تورکیا بڵاوبۆوە و ڕژێمی ئەنقەرە زۆر پێـی تێکچـوو بـوو نـاوی نـابوو بە ((ئاژاوەی کوردی کۆچکیری)) و بایەخێکی

تایبەتیی پێ دابوو.

خێڵی کورمەشان لە ئومرانیەوە بەرەو ناوچەی **هافیك** دەچوو بە سەرۆکایەتی: سەید عەزیز و ئەفسەرە هەڵبژاردە کوردەکان وەکو **زالم حەسەنی** برای بەڵام لە دەڤەری **کانگاڵدا** خێڵەکانی:

**چارەك**، **گینی**، **زازا**، **جانبەك**، **شادیان**، **ڕەش – بگیریان** لەناوە خۆیان ڕاگەیاند و سنووری هێڵی جەنگیان دامەزراندو چوونە ناو سەنگەران. موراد پاشای سەرۆکی خێڵی گینیان، ئەفەندی برازای لەگەڵ چەند جوامێرێکدا هەناردبووە ئومرانیە و پاکانەی کردبوو کە بیبوورن و بەڵێنی دابوو کەلەمەو پاش لەگەڵ داواکردنی مافی نیشتمانی ڕاست دەبێ و هەر لەبەر ئەو هۆیەش هێڵی شەڕی **کانگال – سیواسی** بە دەست خۆیەوە گرتبوو گوایا بە ڕاستی جێبەجێی دەکا.

هەموو لەشکرانی کورد لە هێڵەکانی شەڕدا سازو ئامادەبوون: هێزەکانی عیزەتی کوڕی عەلی شان بەگ، لە (٢/مارت/ ١٣٣٧) کۆچیدا دەستەیەك پۆلیسی شاری دیڤریکیان بەدیل گرت کەلە ناوچەی دیڤریگی بۆ شارۆچکەی **هامو** دەچوون.

شەڕی ئومرانیە زۆر دژوار بوو، پێویستی بە چارەکردن هەبوو، لەبەر هەندێ ئاگاداری خێڵەکانی: دەرسیم، ئەرزینجان و مەلاتیا کرایەوە کە بگەنە هاوار، بەڵام لەبەر بەفر و سەرما بە پەلە فریا نەدەکەوتن، لەبەر ئەوە نیازیان وابوو داوای یارمەتی لە فەرەنسییەکان بکەن، چونکە گەیشتبوونە شارەکانی **ئورفە** و **ئەینتاب**، بەڵام گەنجی[1] کورد ئەو داوایەی بەنزم دەزانی و لەبەر ئەوە هەموو لایەك پێکەوە بڕیاریان دا کە تەنیاو سەربەخۆ شەڕ بکەن.

مەحمود عەلی شان بەگ، سەرۆکایەتیی هێڵی شەڕی دیڤریگی خستبووە سەر شانی خۆی، بەڵام **عەزەمەت و عەشقی** لە هێڵی شەڕی باکوور بوون. ژن و منداڵی کورد خواردن و تەرەقەیان بۆ جەنگاوەران دەبرد، بەڵکو هەندێ لە ئافرەتەکانیش چەکیان هەڵگرتبوو شەڕیان دەکرد. ئەو جۆرە جەنگاوەرییە وێنەیەکی زیندووە لە مێژووی کورددا، کە دەتوانێ بە بێ وچان شەڕ بکا لە ڕێگای مافی نیشتمانیی

---

[1] پێویستە لە کاتی تەنگاوەدا هەموو جۆرە یارمەتییەك لە هەر کەسێ بێ وەربگیرێ. – وەرگێڕ

خۆیداو ئەو ناوچانەی لە خوارێ نووسراون بە خۆمان رزگارمان کردبوون:

**کانگال، هافیك (کۆچ هیسار)، دیڤریگی، زارا، رەفاهیە، کوڕوچای و کەماه.**

ئەو ناوچانەی لەسەرەوە نووسراون، گشتیان لە ژێر دەستەلآتی خۆماندا بوون، تاکو دەگاتە تخووبی دەرسیم و کوردەکانی ئەو ناوچانە سەرانسەر لە شۆڕش-دا بوون، بۆ بەدی هێنانی مافی نیشتمانی تێدەکۆشان و لەو کاتەدا ڕژێمی تورکیا سەرۆکی دادگا، شەفیق بتلیسی بۆ کۆچکیری ڕەوانە کردبوو.

لە (٨/مارت/ ١٣٣٧) کۆچیدا توانیمان لەخێڵەکانی ئۆڤاجیك، هێزێکی (٢٥٠٠) چەکداری بنێرین بۆ ئەوەی بە ئامانجی خۆمان بگەین، عەگیدەکانی ئەو هێزە هەموویان کارك و گۆرەوییان: بە شێوەی زازا (هەدیك و لەکان) لە پێی خۆیان کردو بە شاخەکانی مونزوری پڕ بەفر دا تێپەڕی بوون و چووبوونە کەماه. هێزەکە بەو جۆرە دەستیان بەسەر کەماهدا گرتبوو، قایمقام و کارگێڕی پۆلیسیان بە دیل گرت، هەروەها دیوانی ڕژێم و دیوانی پیاو خراپانیان لە کەماه تێکداو سووتاند. ئەوجا پردی شەیتان لەسەر زێی فورات چاك دەکەنەوەو دەپەڕنەوە ناوچەی کوڕوچای و قایمقامی ئەوێش بە دیل دەگرن و لەگەڵ **مەحمود شاهسوار** و چەند پیاوێکی خراپ، هەموویان دەبەنە شارۆچکەی ئومرانیە و دەیان دەنە دادگا.

سەرکردەی هێزەکانی دەرسیم ئەوانە بوون:

**برا ئیبراهیم: سەرۆکی خێڵی پەزگاور، پۆلیس منزور: سەرۆکی خێڵی مەقسوودان، موستەفا: کارگێڕی کۆنی شارۆچکەی چرپازن، مەحمود: سەرۆکی خێڵی ئەرسلانان و عەلی شێر ئەو هێزەی کورد کە لە سەرەوە باسمان کرد، ناوچەکانی رەفاهیە و دیڤریگی بە شارۆچکەوە لەگەڵ ناوچەی هافیك (کۆچ هیسار) و شارۆچکەی جەلالی** رزگار کردبوو ئەو بروسکەیەی خوارەوەشی بۆ ڕژێمی ئەنقەرە ڕەوانە کردبوو:

((بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی گەورەی میللەت لە ئەنقەرە: تەنها زارا نەبێ، بەشی زۆری دانیشتوانی ئەو جێگایانەی خوارێ کوردن، وەکو ناوچەکانی: **کۆچکیری، دیڤریگی، رەفاهیە، کوڕوچای و ناوچەکانی کەماه.** ئەوانە ویلایەتێکی چاکیان لێ دروست دەکرێ، بە مەرجێ والی کورد بێ و فەرمانبەرانی کوردیش

**دابندرێن و دەست نیشان بکرێن)).**

**(١١/مارت/١٣٣٧) کۆچی**

**سەرۆکی خێڵی کۆچکیری — لە سەیدەکان**

**موحمەمەدو تاقی — عەلی شێر[١]**

**لە سەرۆکەکانی خێڵەکانی دەرسیم**

**موستەفا، سەید خان، موحەمەد، مونزور**

**تێبینی[٢]: دەقە تورکییەکەی ئەو بروسکەیە، ئەوەیە کە لە خوارەوە نووسراوە:**

Ankara Byk Millet Meclisi Riyasetine: Nefsi Zara haric olmak zre ekseriyet azimesi ktlerle meskn olan kockiri kazasıyla Divrigi, Refahiye, Kuruay ve Kemah kazalarının mmtaz bir vilayet haline ifrağ ve teşkiliyle yerli krtlerden bir valinin tayinini, memurin adliye ve mlkiyenin yine vezifeleri başında bulunmasını dileriz.

11-mart- 1337 H.

Ko kiri aşireti reisi

Sadatten

Muhammet ve Taki — Ali Şer

Dersim aşiretleri reislerinden

Mustafa, Seidhan, Muhammet, Munzur

**لە پێشدا گوتمان کە ڕژێمی تورکیا هەر کاتێ تووشی نسکۆ هاتبێ، پەنای بردۆتە بەر فێڵبازی، لەبەر هەندێ لە سیواس، ڕژێم دەستەیەك نوێنەری بەسەرۆکایەتیی شەفیق بتلیسیی بەناوی دەستەی ئامۆژگاری (هەیئەتی**

---

[١] خاوەنی سروودی کۆچکیری و سروودی دەرسیمە – وەرگێڕ

[٢] دەقی بروسکەکە وەك خۆی بەتورکی نووسیمانەوە لەبەر سەنگایی مێژووی.

نەسیحەت) بۆ ڕۆژهەلأت ڕەوانە کرد، تاوەکو گفتوگۆ لەگەڵ سەرۆکی خێڵەکانی کورد بکا لە بارەی دابین کردنی مافی نەتەوایەتیی کوردەوە، لە (١٥/مارت/١٣٣٧) کۆچیدا ئەو دەستەیە گەیشتە دیوانی حەیدەربەگ لە دێی **گەرودەری** و داوای کردبوو لەگەڵ سەرۆکی خێڵەکان ئاخافتن بکا و ڕازییان بکا بەرانبەر بە ڕژێمی تورکیا.

شەفیق[٢] خۆی کورد بوو، گوایا بۆ ئازادیی نیشتمان هەوڵ دەداو هەموو جۆرە دەستەلأتێکی لە ڕژێمی تورکیا بۆ چارەکردنی کێشەی کورد پێدراوە. هەر لەبەر هەندێ هاتبوو گفتوگۆ لەگەڵ سەرۆکەکان بکا. چونکە دەستەلأتی ئەوەی هەیە لە جیاتی ڕژێم هەموو داخوازی نیشتمانیی کورد بە دی بهێنێ. ئەوها پەردەی درۆیانی لەسەر ڕووی خۆی لاداو دەپاڕایەوە تاوەکو گفتوگۆ لە نێوانیان کۆتایی پێ دێ، لەشکری کورد هێرش نەباتە سەر بنکەکانی تورکان. بە داخەوە ئەو دۆلأبەی شەفیق دایمەزراندبوو، دیسان سوودی زۆر بۆ تورکان هەبوو لە پێش هەموویان حەیدەری ناوبراو لەگەڵ چەند گێلە پیاوێکی دیکەی کورد، کە باوەڕیان پێ کردو لەگەڵ تورکاندا بە چاکە پێك هاتن، ئەگەر چی:

سەرکردەی لەشکر، نوردین پاشا بەردەوام بوو لە کۆکردنەوەو ڕێکخستنی لەشکری خۆی و ڕۆژنامەکانیش هەر وایان دەنووسی و بلأو دەکردەوە. لە (١٢/مارت/١٣٣٧) کۆچیدا (٥٣)یەمین فەوجی سوارە لە شاری **یۆزگات** بەڕێ کەوت بۆ سیواس و لە (١٤/مارت / ١٣٣٧) کۆچیدا تابوورە هێرشبەرەکانی فرقەی پێنجەم لە ئەماسیە و لە مەرزیفوونە و دوو تابووری لیوای دەیەم ئەوانە هەموویان لەگەڵ تۆپی چیایی، هاتبوونە سیواس.

هەروا بروسکەیان بۆ لەشکری ناوەڕاست ڕەوانە کردبوو کە دەسەلأتێکی زۆری لە ئەنجومەنی وەزیران لە (١٣/مارت/١٣٣٧) کۆچی وەرگرتوە، ئەوجا هەر بەو هۆیەوە لە (١٤/مارت/١٣٣٧) کۆچیدا ڕەش – بگیری[١] لە شارەکانی ڕۆژ هەلأتی تورکیا ڕاگەیاند و بانگی تەمەنی (١٣٠٨ – ١٣٣٠) کۆچی کرد بۆ چەك هەڵگرتن.

---

[٢] ئەگەر ڕژێمی تورکیا مافی نیشتمانیی کوردی بە تەنها بدابایە دەست (شەفیق) ئەدی بۆچی نەیدەدا خاوەنی خۆی کە نەتەوەی کوردە بە گشتی. – وەرگێڕ

[١] ڕەش بگیر:–نەفیر عام (بە عەرەبی)و سەفەر –بەرلك (بە تورکی) – وەرگێڕ

بێجگـە لـەو تەگـبیرانەش: هـەر هـەموو هێـزەکانی پۆلیـس خرانە ژێر فەرمانی لقی سـەربازیی سیواسـەوە. (٥٤) مـین لیوای سوارە لە سیواس چووە **هافیك** و لیوای (٣٢)ی سـوارە لـە **توقـات** بـۆ **سـیواس** بـە ڕێ کەوتـبوو، لەگـەڵ ئـەو هـەموو تەگبیرانەشـدا پۆلیـس و هێـزی خێڵە بەکرێگیراوەکان لە ئەرزینجانەوە بۆ ڕەفاهیە ڕەوانـە کـران. ئـەوجا کـە خـۆی بە چاکی چەسپاند، لە (١٥/مارت/١٣٣٧) کۆچیدا بەیاننامەی دامەزراندنی دادگای سەربازی دەرکرد. لە لایەکی دیکەشەوە بۆ ئەوەی ئـەو کارانـەی سەربازی بە بێ گرێ جێ بەجێ ببن. دەستەی ئامۆژگاری (هەیئەتی نەسـیحەت) بـە سـەرۆکایەتیی شـەفیق[٢] لـە دیوانی حەیدەری، سەرۆك خێڵەکانی کوردی دەلاواندەوەو هێشتان هەر بەڵێنی پێ دەدات.

باشمان بۆ دەرکەوتبوو کە کارەساتێکی دژواری وەك دۆزەخ بۆ نەتەوەی کورد بەڕێوەیـە لەبـەر ئەو هۆیە ئەو بەیاننامەیەی خوارەوەم بۆ دەستەی ئامۆژگاری کە بە سەرۆکایەتیی شەفیق بوو، ڕەوانەکرد:

((بەناوی ڕژێمی ئەنقەرەوە گفتوگۆ دەکەن و لەئازادیی کوردستان دەکۆڵنەوە و وەری دەگـرن، لـە لایـەکی دیکەشـەوە لەشـکری ناوەڕاسـتی ڕژێم وا بەرانبەر بە کۆچـکیری خـۆی سـازو دروسـت دەکـا، لەبـەر ئـەوەی ئەگەر خاوەنی دەستەڵاتی ڕژێمـن..؟ هەقـە پێـش هـەموو شـتێك جووڵانەوەی سەربازی ڕابگرن کە تەنها بەم جۆرە دەتوانن پاکانە بۆخۆتان بکەن، بە پێچەوانەوە خەریك بوونی ئێوە تەنها بۆ لاوانـدەوەی ئێمەیـەو بـاوەڕ بـە قسەو بەڵێنی ئێوە ناکەین)). ئەندامانی نوێنەرانی کـورد کـە گفـتوگۆیان لەگـەڵ دەسـتەی ئامۆژگاری تورك دەکرد بەهۆی بەیانەکەی ئێمـەوە ناکۆکییـەکی زۆریان لەنێواندا پەیدا ببوو، تەنها حەیدەر پێی ڕازی نەبوو، بـەڵام ئەوانـەی بـە دڵیـان بوو، زۆریان کۆبوونەوەیان بە جێ هێشت و لەوانەیە بەو نیازە بووبن کە دەستەی ئامۆژگاری دەست بە سەر بکەن. بە پێچەوانەوە حەیدەر هیـوای وابـوو کـە دەسـتەی ئامۆژگـاری دڵـنیابکاتەوەو جـارێ باسـی ئـازادیی کوردستان نەکرێ تاکو جووڵانەوەی لەشکری ڕژێم ڕادەگیرێ.

---

[٢] شـەفیق لـە دیوانی حەیدەری تەڵەی بۆ سەرۆك خێڵەکانی کورد دانابۆوە و بە باشی تووشی نسکۆی کردن و وایان لێهات واز لە مافی نیشتمانی خۆیان بێنن و بەس ڕژێم لێیان ڕازی بێ..! –وەرگێڕ

بەڵام حەیدەر بەو هیوایە بوو، کە تاکو لەشکری کورد لە دەرسیمەوە دەگاتە جێ، ئەوسا داوای ئازادیی کوردستان بکاتەوە، لێرەدا دەردەکەوێ کە حەیدەر لە نیازی خۆیدا دۆڕاندبووی، چونکە لەشکری ڕژێم بە هەنجەتی گفتوگۆ کردن لەگەڵ سەرۆکی خێڵەکان ڕێگاو شوێنی خۆی دادەمەزراندو هەروەها هێرشەکانی ڕژێم ناوچەکانی دەرسیم ــ یشیان دەگرتەوە، ئەگەر بێتو لە دەرسیم جووڵانەوەیەکی سەبازیی گشتی بکرێ. چونکە ڕژێمی تورکیا لە خڕبوونەوەی لەشکری دەرسیم و خۆسازدان بۆ خەبات کردن ئاگادار بوو.

لەو کاتەدا والی–ی سیواس بەرێگای والی–ی ئەلازیزەوە بروسکەیەکی بۆ سەرۆك خێڵەکانی دەرسیم ڕەوانەکرد، تیایدا داوای لێکردن کە بۆی روون بکەنەوە داخوا بەردەوام دەبن لە شۆڕشی خۆیاندا یانە نا...؟ ئەوجا سەرۆکی خێڵەکانی دەرسیم وەڵامیان هەر بەهەمان ڕێگا بۆ والیی سیواس و بۆ ڕژێمی ئەنقەرە ڕەوانە دەکەنەوەو تێیدا دەڵێن:

**(( لەبەر ئەوەی کە ئێمە دەزانین، ڕژێمی تورکیا نیازی وایە نەتەوەی کوردیش ئاوارە بکا، هەروەکو چی لەگەڵ ئەرمەنییان کرد بە تەمایە ئاواش لە ئێمە بکا، بۆیە شۆڕش بەردەوام دەبێ و خۆ پاراستن بە پێویست دەزانین)).**

ئیتر بەو جۆرەی وەڵامی والیی سیواس و ڕژێمی ئەنقەرەیان دابۆوە.

ڕژێمی تورکیا باش دەیزانی ئەگەر بێو **عەلی شان** لە دەرسیم بمێنێ و لەشکر خۆی ساز بدا، ئەوا کۆسپێکی گەورەی دەکەوێتە پێش، چونکە هەر هێرشێك ببەنە سەر بنکەی سەربازی ئەوا ڕژێم ناچار دەبێ کە بەشێکی لەشکری خۆی لە هێڵی جەنگی یۆنان بکێشێتەوە کوردستان.

خۆ ئەگەر بێتو شۆڕشی کورد، بەسەرکەوتن کۆتایی پێ بێت و لە خاکی تورکیا جودا ببێتەوە، ئەوا ڕژێمی ئەنقەرە خۆی پێ ڕاناگیرێ و دەڕووخێ، بۆیە ڕژێم، دەستەی ئامۆژگاریی ڕەوانەی کۆچکیری کردەوە کە سەرۆك خێڵەکان دڵنیا بکاتەوە تا لەو کاتە ناسکەدا هێرش نەکەنە سەر ڕژێم و دەستەی سەرکردایەتیی تورکیا (هەیئەتی ئەرکانی تورکی)، فرقەی چواردەی سوارە لیوای سێزدەی سوارەی ڕەوانەی سیواس کردو هەروەها چەند هێزی دیکەی بۆ پاراستنی ئەلازیز

و ئەرزینجان ڕەوانە کردبوو. بەم شێوەیە باکوور ڕۆژهەڵاتی کوردستانی خستە ژێر چاودێریی سوپاکانی خۆیەوە.

لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت کە ڕژێم هێزەکانی خۆی سازدابوونەوەو ئامادەی کردبوون، ئێمەش ئەگەر بمانەویستبا بە ئامانجی نیشتمانیمان بگەین، دەبوایە پێش هەموو شتێك لە ناوە خۆماندا یەکگرتووبین. بەڵام بە داخەوە حەیدەر بە درۆیەکانی دەستەی ئامۆژگاریی باوڕ کردبوو، لەبەر هەندێ بووە کۆسپ لە پێش جەنگاوەرانی کورد لە گرتنی شاری سیواس و هێرش بردنە سەر ڕژێمی ئەنقەرە.

بە داخەوە، لەو کاتەدا لە ئەنجومەنی گەورەی تورك لە ئەنقەرە باسی هێرشی لەشکری تورکیا بۆ سەر ناوچەکانی کۆچکیری دەکرا و کۆمەڵە پیاوێکی هەڵەپاس، بە ناوی نوێنەرایەتیی کوردەوە (کە بە هیچ جۆرێ نوێنەری کورد نەبووینە)، بۆ ئەوەی خۆیان خۆشەویست بکەن، لە لای موستەفا کەمال دەنگیان بۆ ئەو هێرشە سەربازییە بەرز دەکردەوە و دەیان گوت ڕازینە، ئەگەر چی دەشیان زانی بۆ لەناو بردنی نەتەوەی کوردە. بەڵام لەناو هەڵەپاسەکانی کورددا تەنها ڕۆشنبیرو نوێنەری ئەرزروم، **حوسێن عەونی سەرۆکی خێڵی شادان**، ئەو هێرشە سەربازییەی پەسند نەکرد چونکە دەیزانی کە نەتەوەی کورد لە ناو دەبات. ئەوجا موستەفا کەمال گوتبووی: ((لەشکر لە بۆ شەڕ ناچێتە کۆچکیری، بەڵکو بۆ ئەوە دەچێ کە نەهێڵێ شتێکی گرنگ ڕوو بدات بۆ پێکهاتن و دامەزراندن دەچێت)). بەو شێوەیە فەرمانی لەناو بردنی کۆچکیری لە پەرلەمانی تورکیا وەرگرتبوو. هەر ئەوکاتە نورەدین پاشا بە پەلە بۆ سیواس بەڕێ کەوت.

دەستەی ئامۆژگاری هێشتا لە دیوانی حەیدەردا، سەرۆك خێڵەکانی تەفرە دەداو بەڕێ کەوتنی لەشکری ڕژێمی بۆ سەر کۆچکیری بە درۆ دەخستەوە کەچی لەشکر گەیشتە سیواس و دەستەی ئامۆژگاری هیچ فێڵێك و درۆیەکی پێنەما، جگە لەوەی بچێتە پێش لەشکر و نەهێڵێ هێرش بباتە سەر کۆچکیری و مافی نیشتمانیی کوردیش بچەسپێنێ، بێ گومان ئەوانەشیان پێ نەکرا، ئەوجا دەستەی ئامۆژگاری بە یاریدەی حەیدەر بە ڕێکەوت چووە سیواس.

لەم کاتەدا ڕێگاکانی سیواس، کانگال، مەلاتیا و ئەلازیز هەروەها ناوچەکانی

سیواس و زاراش کەوتبوونە ژێر دەستەڵاتی هێزەکانی تورك و لەم جێگایانەدا هاتن وچوون قەدەغە کرابوو.

ئەو پردانەی سەر زێی فورات و موراد کە دەکەوتنە، نێوان شارەکانی: **دەرسیم، ئەلازیز، ئەرەبگیر، مەلاتیا، ئەگین و کەماه هەموو گیرابوون** و دەستەو پەلی سەربازی لەسەر ڕێگای هاتن و چوون داندرابوون. گەمییەکانیش درابوونە دەست هێزەکان و ڕاگیرکرابوون.

**لە دەڤەرەکانی دەرسیم و ئەرزینجاندا:** تێپەڕین بەو ناوچانەدا، بەناو شاخەکانی مونزور، بەفراوی سەر بە دووکەڵ[1] زۆر ناخۆش بوو، چونکە ئاوێکی زۆر لە رووبارو کەند و بەستەکان هەڵدەقولاً و لەهەر لایەکەوە کانی و زەنەکەو ئاوی لەبەر دەڕوا. لەکاتی زستاندا بارانیش بەردەوام دەبارێ، بۆیە ڕێگاکان دەگیرێن ئینجا لەگەڵ ئەو هەموو کۆسپانەی کە سروشت دروستی کردبوون: ((شەڕ بە توندی دەستی پێ کرد کە بۆ کوردان شەڕی مردن و ژین بوو، هەر کەسێك دەستی چەکی بگرتبایە، پیاو، ژن، کچ و کوڕ لە کوورەی جەنگدا بوون و شەڕیان دەکرد)).

ئینجا دەستەی ئامۆژگاری کە لە سەرەوە باسمان کردووە لە سیواس بەیاننامەیان بڵاوکردەوەو بانگی حەیدەریان کرد کە خۆی بداتە دەست ڕژێم و ئەو بەڵێنانەی بە کوردان دراون، جێبەجێ دەکەن. لە لایەکی دیکەوە داوایان لە خەڵکەکە دەکرد کە باوەڕ بە بەیتار محەمەد نوری دەرسیمی، نووسەری ئەو دێڕانە و عەلی شێری کۆچکیری نەکەن و گوێیان لێ ڕانەگرن.

ئینجا حەیدەر گەیشتە ئەو بڕوایە کە هەموو بەڵێن و قسەی تورکان درۆ دەرچوون، لەسەرینی ئەمەوە بە هەموو هێزێکەوە هاتبووە مەیدانی شەڕو لە خەتەکانی:

**سیواس، هافیك و زارا و خەتی سیواس ــ کانگال** شەڕێکی دژواری دەکردو سەید عەزیزیش بەخۆی لەو شەڕانەدا بەشداریی دەکرد. لێرەدا دەڵێن، لە سنووری

---

[1] بە چیای مونزور دەڵێن سەر بە(دووکەڵ) چونکە گرمەی گەورە گەورەی لێ بیستراوە و دووکەڵی لەسەر دیتراوە و شوێنی دۆزەخی سروشتی بورکانی تێدا ماوە، هەروەکو لە جێگای دیکەدا باس کراوە. – وەرگێڕ

شەڕی هافیك، ڕاست بە ڕاستی شاری سیواس هێزەکەی عەزیز بەگی کورد هاوکاریی لەشکری دوژمنی دەکرد، لە دژی پێشمەرگەی خێڵی کورمەشان، بەرانبەر بەو کردەوە خراپەی عەزیز بەگ، کوردەکانی عەلەوی هەر چەند بە تورکی وتووێژیان دەکرد، بەڵام بە خۆو بەچەکەوە لە ڕێزەکانی جەنگاوەرانی ئێمەو لە پێناوی مافی نیشتمانیدا هەمیشە لە خەباتدا بوون.

سەنگایی شەڕ لە پێشدا لە خەتی سیواس، ڕووباری سوور (کزل ئیرماك) بوو، بەڵام لە باکووری ڕۆژهەڵاتەوە چەتەکانی تۆپاڵ عوسمان گیرەسونی و هێزی پۆلیسی شەیران، لە (٢٠/مارت/١٣٣٧) کۆچیدا لە ڕەفاهیەوە هێڵی شەڕیان بۆ کۆچکیری کردەوە.

ئەو چەتانە بەربەر ئاسا هەروەکو سەگی ڕاو (تاژی)، هەر دێیەکیان دەگرت، دەکەوتنە گیانی خێزان و منداڵانی کوردو بە نامرۆڤانە دەجووڵانەوە. چەتەکان (بەربەر) لە لازەکان[1] پێك هاتبوون. هەروەکو دڕندان کۆرپەی ساوایان دەگرتن و پرچیان رادەکێشان و تۆپانێیان پێ دەکردن و دەیان دانە بەر ڕستەی تفەنگان.

لەبەر ئەم هۆیە هێزەکانی کورد، لە ڕۆژهەڵاتی باکوورەوە هێرشیان بردە سەر چەتە لازەکان، ئەو دڕندانەی لە پیستی مرۆڤدابوون، زۆر بە ئازایی هێزەکانی بەکۆ کۆچکیری، لە (٢٥/مارت/١٣٣٧) کۆچیدا هەموو چەتە لازەکانی تۆپال عوسمانیان گەمارۆ دا، لە جێگایەکدا کە پێی دەڵێن: **بنی بەردی لە ناوچەی ڕەفاهیە**. بەڵام تابووری دووی لیوای یازدەی سەربازی لەگەڵ چەند دەستە سەربازێکی دیکە چووبوونە هاواری لازەکان و بەو جۆرە تۆپال عوسمان لە مردن ڕزگاری بوو بوو.

عەگیدەکانی کۆچکیری بە تەنها مابوونەوەو بە بێ وچان شەڕی مان و نەمانیان لەگەڵ ئەو دوژمنە دڕندانەدا دەکرد، گۆڕەپانی جەنگ وەك ڕۆژی هەڵسانەوە[1] وابوو، باران وەکوو سوولاوکە دەهاتە خوارێ و کوردەکانیش هەر بە ئارەزووی سەرکەوتن لە گەرمەی شەڕدا بوون، چەند دڕندەیەکی لازی تۆپال عوسمان

---

[1] لاز: کەماتییەکە لە تورکیا، لە هەموو شۆڕشەکانی کوردا، هەمیشە لە دژی مافی نیشتمانیی کوردان وەستابوون و هاوکارییان لەگەڵ تورکاندا دەکرد.

[1] (ڕۆژی حەشرێ).

کەوتنە ژێر دەستی هێزەکانمان و لە ناویان بردن.

ئـەو خێڵانـەی لـەلای دەرسـیمەوە دەهـاتن، بـۆ پاراسـتنی خەتی گەڕانەوەمان چـەند دەستە پێشمەرگەیەکیان لەسەر پردەکانی **ئیلچ و شەیتان** بەجێ هێشتبوو، ئەو لەشکرانەی لە ئەگین و ئەرزینجان دەهاتن، هەر هەموویان لە ناو بردن و لەبەر چـەند گیروگرفـتێك، ناوچەی کەماه بەو دواییە کەوتە ژێر دەستی خێڵی ئۆڤاجك و بـەم شـێوەیە خـەتی پاشەکشەمان مسۆگەر کرد، لەو کاتەشدا هێزەکانی مەحمود بـەگ شارۆچـکەی زمـارەی سـەر بەناوچـەی دیڤـریگیان داگـیر کردبوو و لە **ڕێبازی دۆستان و ڕێبازی لوردوندا**، ڕێگایان لە هێزەکانی پۆلیسی دیڤریگی گرت کە بۆیان لەمـەکۆ دانشـتبوون و هـەر هەموویان لەناو بردن، بە هاوکاری جەنگاوەرانی خێڵی کانگـال هێرشیان بردبووە سەر شارۆچکەی سینجانی لە ناوچەی دیڤریگی، لە (٣٠ /مـارت/١٣٣٧) کۆچـیدا، هـەموو بـنکەی پۆلیس و سەربازی تورکیا لە شارۆچکەی **سینجان** بـە تەواوی بە دیل گیرابوون، بە چەك و کەرستەی سەربازییەوە، کەوتنە دەستی جەنگاوەرانی کوردەوە.

بـەڵام لەبەر چەند هۆیەکی ئاسایی نەچوونە ناو شاری دیڤریگییەوە، بەم جۆرە بـە تـەواوی لەگـەڵ خێـڵەکانی **درێـژان و ئاتمـە** گەیشـتنەوە یەك. لێرەدا دەستەی پۆلیسـی شارۆچـکەی ئـەرەپگیر کـە بۆ دیڤریگی بەڕێکەوتبوو، ئێمەش گەمارۆمان دان و هـەموومان بـە دیـل گـرتن. لیـوای یـازدە لـە بایبورت لەگەڵ چەند دەستەی چـیایی، کـە بـۆ ئەرزینجان دەچوون، لە لای باکوورەوە، شەڕێکی دژواریان لەگەڵ جەنگاوەرەکانی **فیلیك عەلی و پاشا بەگ** کردبوو.

لـەو سـەر دەمـەدا **حـاجی ئاغـای کـوردی کانگالی** کە ئەندامی پارتی (ئیتحاد و تـەرەقی تورکـی) بـوو، هـەروەکو ڕێگاو شوێنێ کە ڕژێمی تورکیا بۆی دانا بوو، بە نەهێـنی چـووبووە چـیایەکانی ماراوی، موراد پاشای دیتبوو، داوای لە موراد پاشا کـردبوو بـە هـەر جـۆرێ بـێ دەبـێ شەڕ ڕابگرێ. ئەوجا تەگبیری خۆیان دەکەن و دەگەڕێنەوە **شارۆچکەی بایپینار**.

لـەو کاتەدا سەرۆکەکانی سنووری جەنگ، **سەید عەزیز و زالم چاوش و براکەی حوسـێن چـاوش لـە ناوچـەی جـەلالی** دەبن، ئیـدی مـوراد پاشا بەبیانووی دابەش

کردنی خواردن و تەرەقە لە دیوانی خۆی خواردنی بۆ دروست کردبوون، ئەو جەنگاوەرە کوردە پاکانە کە دەچنە لای، بە تەڵەی موراد پاشاوە دەبن کە بە تایبەتی خۆی بۆ ئەوان دانوساندبوو، چەکەکانیان لە ژووری میواناندا دادەنێن و دەیانبەنە ژوورێکی دیکەو هەر نیوکات ژمێرێکی پێ ناچێ، چل زەلامی چەکداریان لێ بە ژووریێ دەکەوێ و قۆڵ بەستیان دەکەن و بەندیان دەکەن. موراد پاشا نووسراوێك بۆ سەر لەشکری دوژمن دەنووسێ و تێیدا دەڵێ: (کە لە کۆنەوە خزمەتی ڕژێمی تورکیای کردووەو ئێستاکەش ئامادەیە یاریدەی لەشکر بداو ئەوەش پێشەکی هاوکارییانە لەگەڵیاندا و لە دژی نەتەوەی کورد ڕاوەستاوەو هەر فەرمانێکی هەشی بێ، جێ بەجێی دەکا).

کاتێ ئەو کارەساتەم بیست بە پەلە چوومە دیوانی موراد پاشا، داوای بەردانی گیراوەکانم لێ کرد. بەڵام موراد داوای لە ئێمە کرد، بچینە ژووری نانخواردن و خۆشی ڕۆیشت، لەو کاتەدا **ئەفەندی برازای موراد پاشا** لەمن نزیك بۆوە، لە سەرەخۆ چرپاندییە گوێم و گوتی: ((ئەویش لەو کارەساتەی موراد کردوویەتی پەستە، لە پاش ئەو قسانە هەر بە شێوەی زازا، گوتی نوری بەگ دەستەکانت ماچ دەکەم، ئێستاکە ئەو پیاوە دڕندەیە تۆش وەکو زاڵم چاوش دەگرێ، تکا دەکەم بە بێ ڕاوەستان لێرە بڕۆ)).

ئەو قسانەی ئەفەندی، منی ڕزگار کرد، چونکە تێگەیشتم کە موراد تەڵەی بۆ منیش ناوەتەوە، لە پێشدا گوتبووم ئەم شەوە دەمێنمەوە، چونکە بە هیوای ڕازی کردنی موراد بووم کە بەریان بدا، ئەویش کە زانی، من شەوێ لە لای دەمێنمەوە، تەگبیری خۆی بەرانبەر بەئێمە بە دواخست و چۆوە ماڵێ و بەخزمەتکارەکەی خۆی گوتبوو کە ئێمە لە دیوەخانەکەدا چاوەڕێ بکەین لە ژووری میوانان، ئەوجا لەو ژوورەدا گوێم لە دەنگی زاڵم چاوش بوو، هاواری دەکرد بژی کوردستان، بمرێ خۆفرۆشان و زۆریش لە دانیشتوانی دێیەکە کۆببوونەوەو ناڕازیبوون لەو کارەساتەی موراد کردبووی و بە ڕاستی کێشەکە بەرەوخراپی دەچوو، لەبەر هەندێ پاسەوانەکانمان بە ئازایی، وڵاخەکانیان هێناو سوار بووین و بە پەلە لە دیوانی موراد پاشا دەرکەوتین.

ئەوجا نیازمان وابوو بە هێزێکی گەورەوە هێرش بکەینە سەر شارۆچکەی **بەیپینار** و گیراوەکان بە زۆر لە دەست موراد ڕزگار بکەین. بە داخەوە: هەر ئەو شەوە موراد، بە خۆی و دووسەد چەکدارەوە، گیراوەکان دەباتە ناوەڕاستی ناوچەی کانگال و دەیان داتە دەست ڕژێمی تورکیا و ئەو بەچکە کوردانە، هەر ئەو کاتە ڕەوانەی شاری سیواس کران و لە پاش (٢٤) کاتژمێر، لە دادگای جەنگ بڕیاری مردنیان بۆ دەرچوو. لەبەر هەندێ ئەو ڕۆڵە کوردە عەگیدانە، هەتا هەتایێ لە کانگەی دەروونی هەموو کوردێکی بە ناموس و وڵاتپەروەردا دەژین و لەکاتێکدا بە سەر سێدارە دەکەوتن پڕ بە دەم هاواریان دەکرد: (**بژی‌کوردستان – بژی کۆمەڵەی تەعالی–ی کوردستان – بمرێ نوردین پاشا**) هەروەها سروودی نەتەوەیی کوردیان دەخوێندەوە، بە شێوەیەکی وا بەرەو پیری مەرگ دەچوون کەلە بەچکە شێری کورد بوەشێتەوە.

لەگەڵ ئەو کارەساتەی مورادی نامەرد کردبووی، بەشێکی زۆر لە خێڵەکەی، هەر بەردەوام بوون لە شۆڕش و هێزێکی گەورەش بە سەرۆکایەتیی **جغز محەمەد عەلی** چووبوونە کۆچکیری و لە پاشدا لە دەرسیم بەشدارییان لە شۆڕشی کورد کرد.

نورەدین پاشا هێرشی بردە سەر خێڵی کورمەشان، گوندەکانی تالآن کردو خانووەکانی هەموو سەراو بن کردو تێکیدان. دانیشتوانی دێهاتەکانیشی ئەوانەی بە دیل گیرابوون، دایە بەر لوولەی تفەنگان. سەرۆکی خێڵی کورمەشان **گوزەل ئاغا ئەیمەری** سەرکردەی هێڵی شەڕ بوو لە پاش ئازایاتییەکی زۆر، گیانی خۆی بە کوردستان بەخشی و سەرۆکەکانی دیکەش **سەید عەزیز** و **زالم چاوش** هەروەکوو لە پێشدا باسمان کردن، زۆر بە نامەردانە دەستگیر کران و لە ناویان بردبوون، بۆیە هێزەکانی خێڵی کورمەشان لە ڕاست بە ڕاستی هافیك بەرەو رۆژهەلآت کشانەوە. بەشێك کە بەرەو کۆچکیری و زارا دەچوون، بەشەکەی دیکەش بەرەو **کانگال** و **دیڤریگی** دەچوون و بۆ ناو خێڵەکانی **شادان** و **جانبەگان** کشانەوە.

موراد پاشا لە دوای شکانی لەشکری کورمەشان، سەید عەزیزی بردە دیوانی حاجی ئاغای کانگالی، لەوێوەشەوە ڕەوانەی سیواس کرا و درایە دادگای

سەربازیی جەنگ، بەڵام لەبەر ئەوەی کوردەکانی سیواس و دەرسیم زۆر ڕێزیان لێ دەگرت و بروسکەیەکی زۆری ناڕەزاییان بۆ ڕژێمی (ئەنقەرە) ڕەوانە کردبوو، لەبەر هەندێ دادگای سەربازیی جەنگ فەرمانی لەسێدارەدانی سەید عەزیزی پێ نەدرابوو. بێجگە لەوەش هێزیی ئاگری دەرسیمی ناودێر، ڕێگای نێوان ئەرزروم– کەماهی گرت و خەتی گەڕانەوەی خۆمانی پتەوتر کرد.

شەڕ بە هەموو سەنگاییەوە کەوتبووە ناوچەکانی کۆچکیری و ئومرانیە هەندێ لە هێزەکانمان لەنزیك زارا لەگەڵ لەشکری دوژمن تێکگیرابوون و سەر لەشکری سنووری جەنگی ئومرانیە، عەزەمەت بەگ لەو شەڕەدا خوێنی خۆی بە کوردستان بەخشی.

لەوکاتەدا چەتەکانی تۆپال عوسمان لەگەڵ پۆلیسەکانی **شابین– کەرەهیسار** دیوانی حەیدەریان تێکداو بەردی گۆڕستانی باوو باپیریان دەرهێناو چ سووکایەتی و کەمییەك نەمابوو، نەیکەن.

هەر لەو کاتانەدا هێزەکانی مونزور قاسم لەگەڵ هێزەکانی خێڵی بەیتان چووبوونە ناوچەی کەماه و لێرەدا لەشکری خێڵەکانی شارۆچکەی کەماریك لەگەڵیان تێکەڵ ببوون و هەموویان پێکەوە، ڕێگایان لە هێزەکانی تورك گرتبوو کە لە ئەرزینجانەوە دەچوونە کۆچکیری و ڕاگیریان کردبوون، هەروەها خێڵی **ئاشوران** بە هاندانی سەید رەزای دەرسیمی، پەلاماری شاری ئەرزینجانی داو شەڕی لە لای ڕۆژهەڵاتەوە دەکرد. بەڵام لە باشوور و ڕۆژئاواوە: هێزەکانمان بە بێ یاریدە مابوونەوە. لەشکری دوژمن توانیبووی دابڕ دابڕیان بکات و بیانکاتە چەند پارچەیەکەوە.

لەو سەردەمەدا سەرۆکەکانی هێڵی شەڕی خێلەکان، سابیت و بەحری خوێنی خۆیان بە کوردستان بەخشی و بڕیار درابوو ژن و منداڵ لە گۆڕەپانی شەڕ دا ڕەوانەی ناوچەکانی دەرسیم بکرێن. ئەوجا حەیدەر لەگەڵ هێزێکی دوو هەزار چەکداری لە (٢٤/نیسان/١٣٣٧) کۆچیدا لە ڕاست بە ڕاستی ئەرزینجان و پلومەر بەرەو باکووری ڕۆژهەڵاتەوە بۆ دەرسیم بەڕێ کەوت. ئیدی ناوەڕاستی ئەرزینجان زۆری پێ سەخڵەت بوو کەوتە مەترسییەکی گەورەوە. لەوکاتە هێزەکانی حەیدەر

بـەرەو ڕۆژهـەڵات دەچـوون، لەشـکری دوژمـن بەدوایانـەوە بـوون، لـە بـاکووری ئەرزینجانەوە گەیشتنە ناوخێڵی کورەیشان.

حـەیدەر نیـازی وابـوو بـە نـاو خێـڵەکانی کورەیشـان و بـەلابان دابـڕوا و بـە ڕێـبازەکانی **پـلومەر، مەمـەخاتون**–دا تێپـەڕێ و خێـزان و مـناڵان بگەیەنێـتە دەرسـیم، ئـەوجا لەگـەڵ ئـەو لەشـکرەی لـە دەرسـیم وەری دەگـرێ، بگەڕێـتەوە کۆچـکیری. بـەڵام کـە لەشـکری حـەیدەر گەیشـتە سـنووری خێـڵی کورەیشـان: سـەرۆکی ئـەو خێڵە، **کورپاشو** لە جیاتی دەستی یارمەتییان بۆ درێژ بکا، چونکە دەسـتکەوتی لـە لایـەن ڕژێمـی تورکیـاوە هـەبوو، لەگـەڵ چـەند هەزار چەکدارێکی خـۆی چـووبووە پێش حەیدەر و ئاگاداری کردبۆوە کە ڕێگای پێ نادا بۆ دەرسیم تێپەڕێ، ئەگەر نەگەڕێتەوە دواوە ئەوا شەڕی لەگەڵ دەکا.

ئەگەرچـی حـەیدەر هیـچ چـاوەڕێی کـارێکی وا نەبوو، بەڵام بە ناچاری وەڵامی **کـۆر پاشـۆی** داوەو گوتـی: ((مـن نامەوێ لەگەڵ هاوڕەگەزی خۆم شەڕی براکوژی بکـەم و تفـەنگ لـە یەکدی بگرین، بۆیە دەگەڕێمەوە ناوچەکەی خۆم و لە دەڤەری خۆمـدا شـەڕ لەگـەڵ ڕژێمـی تورکیا دەکەم تا دەکوژرێم لە پێناوی مافی نیشتمانی وڵاتەکـەمدا)). ئیـنجا بە ناچاری لەگەڵ کاروانەکەی کشاوەو بەڕێی خۆیدا گەڕاوەو تووشـی شـەڕ هاتـەوە لەگەڵ هێزەکانی تورکیا کە بە دوایانەوە بوون، لەبەر ئەوە دووبارە خۆی گەیاندەوە ڕەوەزە شاخەکانی کۆچکیری.

ئیتر بۆ ئەوەی ڕێگای چوونە دەرسیم بۆ حەیدەر دابین بکرێ، هێزەکانی سەید عەباسـی دەرسـیمی، ڕێگـەوبانی **هۆگوسـی** لـە ناوچـەی کـەماهی گـرت، هـەروەها زەینـەلی بـرازای سـەید ڕەزا ڕێگـەوبانی **ئەرکـەگانی** لـە ئەرزیـنجان داگیرکـرد، بـۆ تێپەڕیـنی حـەیدەر کە پێیدا بچێتە دەرسیم. بەڵام حەیدەر وازی لەچوونە دەرسیم هێنابوو و شەڕێکی دژوارو دۆزەخ ئاسا لەهەر لایەکی کۆچکیری بەردەوام بوو.

لەگـەڵ ئەوەشـدا بـاران کەلێـنی نـەدەدا، لەشـکری کـورد پـەرێشـان بـوو بـوو چـەتەکانی تۆپـال عوسمـان، هـەر گوندێکـی دەیانگـرت دەم و دەسـت دەیـان سووتاندو لاوەکانیان دەکوشت، پیرەکانیش، ئاوارەی ڕۆژئاوای تورکیا دەکران. بە سـەرکۆتی و بـەپێ خاوسـی بـەڕێ دەکران. کۆرپە و خێزانی بێچارە بۆ ناو شاخ و

دۆڵ و ئەشکەفتەکان هەڵدەهاتن و لە ترسان خۆیان دەشاردەوە. بەو شێوەیە بە سەدان ڕۆڵەی کورد لەوانە عەلی کورم لە کاتی ئەو شەڕە سەختەی نیشتمانیدا لەناوچوون.

بەم جۆرە دانیشتوانی کۆچکیری گیانی ڕۆڵە دلێرەکانی خۆی دەکردە قوربانی لە پێناوی مافی نیشتمانی کورد-دا، ئەگەر چی سەرۆکە خۆفرۆشەکانی خێڵی کورەیشان، دەچوونە ئەرزینجان و بەرانبەر بەو هاوکارییەی کردبوویان، داوای بەخشیشیان لە ڕژێمی تورکیا دەکرد.

لە لایەکی دیکەوە چەند کەسێکی بێ شەرم بەناوی نوێنەرایەتیی دەرسیم لە پەرلەمانی تورکیا دا لە سەر کورسی دادەنیشتن و بەبێ شەرمی، بەناوی خێڵەکانیانەوە، بروسکەیان بۆ ئەنقەرە دەکرد و کۆچکیریان بەیاخی بوو دادەنا و هاوکارییان لەگەڵ ڕژێمی تورکیادا دەکرد و لە بارەی ئازادیی کوردستانەوە هیچ داخوازییەکیان نەبوو. بەم شێوەیە ئەو ناپیاوانە، ناموس و شەرەفی ڕەگەزی خۆیان دایە دەستی دوژمنی خۆیان.

هەروەها لەخێڵەکانی ئەرەپگیر و مەلاتیاش هیچ یاریدەیەك ڕەچاو نەدەکرا. ئەگەر چی لە پێشدا لەگەڵ کۆچکیری تەگبیری خۆیان کردبوو، بەڵێنی یاریدەیان پێ دابوون.

لێرەدا سرودی شاعیری کورد، عەلی شێری کۆچکیری، کە بە کوردی ڕێکی خستووەو لەسەر لوتکەی بەرزی شاخەکان و گۆڕەپانی جەنگ و لە نێوان گرمەی تۆپ و تەقەی تفەنگدا دەنگی دەداوە کە لە خوارەوە دەقە وەرگێڕاوەکەی بە تورکی نووسراوەتەوە[1]:

**سرووودی کۆچکیری**

کۆچکیری دەستی کرد بە جەنگ
لە ڕۆژهەلآت و ڕۆژئاوا بوو بە دەنگ

[1] سرووودی کۆچکیری: سرووودی شۆڕشگێڕانی کوردستان بووە، لە ساڵەکانی (١٩٣٠-١٩٣٨)ی زاییندا و لەکاتی خەباتی چەکداری **کۆچکیری**، پیران، **ئاگری و دەرسیم**-دا خوێندراوەتەوە. - وەرگێڕ

لەشکری تورکی بە تۆپ و تفەنگ
خۆی نەگرت لەبەر زەبر و زەنگ
دلۆ: هاوار هاوار هاوار
چیان کرت و بەرف و دومان[1]
مەڕا بشێن شاهی مەردان
ئەو دەرمانا هەموو دەردان
هۆزی (ئۆڤاجیکی) دلێر
دەپارێزی ولاتی شێر
نەگەیشت هاوکار و مێر
(هۆزات) تەنهایە لە (سپێر)[2]
دلۆ: هاوار هاوار هاوار
هێزی جەنگاوەری کوردان
شکاندی لەشکری بەربەران
خوێن دەبەخشین بۆ نیشتمان
دەردەکەین تورك و مەغولان
دلۆ: هاوار هاوار هاوار
پەیمانیان بە سێو[3] گرتووە
بە شیری مورتەزای[4] بەستووە
لە پاشدا بروسکەیان ناردووە
خۆ دوژمنمان دەرکردووە
دلۆ: هاوار هاوار هاوار

---

[1] ئەو پارچە هۆنراوەیە بە شێوەی (زازا)یە و هەر وەکو خۆی ماوەتەوەو دووبارەش کراوەتەوە تەنها وشەی (دومان) نەبێ و ئەویش بە (دووکەڵ) دەڵێن و هۆنراوەکە لە تورکییەوە کراوەتەوە کوردی.

[2] سپیر (Spare)وشەکی ئنگلیزییە یانی سەنگەر.

[3] سەرۆکی هۆزەکانی دەرسیمی پیشەیان بوو لەکاتی تەنگاوەدا لە جێگایەکی پیرۆز وەکو سەروچاوەی رووباری مونزور کۆدەبوونەوە و سێوەکیان کووز دەکرد و هەر یەکە کووزێکی لێ دەخوارد. ئەوە پەیمانێ بوو کەهاوکاری یەکدی دەکەن.

[4] سوێندیان بە شیری‌ئیمامی عەلی دەخوارد کە دەست بەکار بن لە ڕاست دوژمندا. ئەوجا پەیمانەکە پتەوتر دەبێ. – وەرگێڕ

چـــيان كـــرت و بـــەرف و دومـــــان
مــــەڕا بشـــــێن شـــــاهی مـــــەردان
ئـــــەو دەرمانــــــا هــــــەموو دەردان
(عەلی شێر)

لـەو سـەردەمەدا سـەید رەزاو خێـڵەكانی رۆژهـەڵاتی دەرسـیم، بروسكەیان بۆ ڕژێمـی ئەنقەرە ڕەوانە دەكرد لە بارەی ئەو كارەساتانەی لە ناوچەكانی كۆچكیری كـرابوون و پەرلـەمانی توركیـا ئاگادار كرابۆوەو گفتوگۆیەكی زۆریش لە پەرلەمانی توركیا روویدابوو.

لـەم گفـتوگۆیەدا نوێـنەری ئـەرزروم حسـێن عـەونی، زۆر بـە گـەرمی لـە دژی كـردەوەكانی لەشـكر دوابـوو كـە چـۆن دڕندانـە هەڵمەتی بردۆتە سەر دانیشتوانی ناوچـەكانی كۆچـكیری و چـۆن تـاڵانی كـردوون و دێهاتـەكانی سووتاندووەو تێكی داون. دیسان لە پەرلەماندا باسی چەتە لازەكانی تۆپاڵ عوسمانی كردبوو كە چۆن وەك سـەگی هـاری دەم بـەخوێن شـاڵاویان بـۆ بەچـكە كـوردان بـردووەو نوێـنەرە كوردەكـانی نـاو پەرلـەمان بەرانـبەر بەو كارەساتانەی لە دژی كۆچكیری كرابوون، ئاگادار كردبۆوە.

هـەر بـەو شـێوەیە حەسـەن خەیـری لەگـەڵ چـەند نوێـنەرێكی دیكەی كورد لە پەرلـەمانی توركیـا دا لە دژی كردەوەی چەتە لازەكانی تۆپـاڵ عوسمان دوابوون و هاوكارییان لەگەڵ نوێنەری ئەرزەرۆم، حوسێن عەونی كردبوو. ئیدی لە پەرلەماندا بـڕیار درابـوو كە دەستەیەك لە نوێنەر و سەربازان بنێرنە كۆچكیری بۆ لێكۆڵینەوە لـە جێگـای خـۆی و ئەنجامەكەیشی بگەیەننەوە پەرلەمان، چونكە تەنها یەك ڕێگا بە لەشكر دەدرێ ئەویش چەند دامەزرانێكی كە بە خۆشییەوە پێك بێنێ.

ئەگـەر چـی ڕژێمـی توركیـا چـەند بەیانـنامەیەكی ڕەسمیـی بڵاوكردەوە، بەڵام لەشـكرەكە هـەر بەردەوام بوو لە گرتن و كوشتنی كوردان و خاوو خێزانی حەیدەر هـەر هـەموویان گیرابـوون و ڕەوانـەی سـیواس كـرابوون، مـوراد پاشـا هاوكـاریی دوژمنی دەكردو جەنگاوەری خێڵەكانی كورمەشان، جانبەگان، شەیدان ئەوانەی بە

ناچاری دەست بەسەر کرابوون، گشتیان دابوونە بەر ڕستەی تفەنگان، ئەوانەی مابوونەوە، بەردەوام بوون لە شەڕکردن بە هاوکاریی شۆڕشگێڕانی کۆچکیری.

نورەدین پاشا. بۆ ئەوەی حەیدەر دەست گیر بکا چەند پیاوێکی ماقووڵی سیواسی، بۆ ناوچەی زارا ڕەوانە کرد و لە گۆڕەپانی جەنگدا حەیدەریان دیت و لەگەڵ خۆیان بردبوویانە بنکەی سەربازی: ((لەگەڵ هەزار جەنگاوەری خۆیی چەکیان داناو، ئەوجا چوارسەد کەس ڕەوانەی زیندانی سیواس کرابوون، ئەو شەش سەد جەنگاوەرەی ماشبوونەوە بە فێڵی ڕەوانە کردنیان بۆ ناوچەکانی ڕۆژئاوا هەر هەموویان لە ناوبردبوون)).

لە پاش ئەو کارەساتە دڵتەزێنەی کە ڕووی دا هێزەکانی دەرسیمی ئەوانەی لە کۆچکیری بوون لەگەڵ مەحموودی مامی حەیدەر بەلەشکرەوە گەڕابوونەوە دەرسیم و تخووبی بەرگرییان دامەزراند بوو.

ئەوجا عەلی شێر و سەرکردەی هێزەکانی خێڵەکان وەکو: **نوری، سەبری، جغز محەمەد عەلی، تەربازلی مەمۆ، عەزیز ئەسپی، دلۆ، پاشۆ، عەباس** هەر بە شەڕ کردن بە **چیایەکانی: دیڤریگی، کوڕوچای، ئەرەپگیر**–دا هەڵگەڕابوون و چووبوونە دەرسیم. لێرەدا بۆ ئەوەی دوژمن ڕێگای ڕۆژهەلاَت لە ئێمە بگرێ، تابووری (٥٣)ی سوارەو جەندرمەکانی: **ئەرزینجان، بایبورت، کەلکیت، کەماە** شەڕێکی سەخت و دژواریان لەگەڵدا کردین. هەر بە شەڕ کردن لە دەراوەکانی زێی فورات و پردی ئیلچ پەڕینەوەو خۆمان گەیاندەوە دەرسیم.

ئەوجا سەرۆک هێزەکانی کورد، کە گەیشتبوونە دەرسیم، یاریدەیان لە خێڵەکانی ئۆڤاجك وەرگرت و دووبارە گەڕابوونەوە دواوەو گەمارۆی ناوچەی کەماە–یان دابوو. لەو شەڕەدا تۆپال عوسمان سەر لەشکری لازەکان بریندار کرابوو و ڕەوانەی ناوچەی گیرەسون کرا. هەروەکوو زانیبوومان ئەو پیاوە سەردەمێ کاری نەهێنی دەکرد، بە فەرمانی موستەفا کەمال لە کوشتنی شوکری نوێنەری ترابزۆن بەشداری کردبوو و ئەندامی دەستەی تەرەقیپەروەر بوو. لەبەر ئەوە هاوڕێیەکانی دەستەی ناوبراو لە کووچەکانی ئەنقەرە سەریان ورد کردبوو و لاشەیان فڕێدابوو، بەو جۆرە تۆپال عوسمان ناوی ڕەش بۆوە.

هەر كارێكی لە سەربازێكی مەرد نەدەوەشاوە نورەدین پاشا دەیكرد، لە كوشتن و خوێن فڕكردنی كوردان تێر نەدەبوو، ئەو سەربازە نامەردە هەرگیز دەیگوت: ((**لە توركیا ئەوەی دەیگۆت (زۆ)[1] لە ناومان بردن و ئەوەی دەشڵێ (لۆ)[2] خۆم لە ڕەگەوە دەریان دەینم**)).

ئەمەش دەقی گوفتەكەی نوردین پاشا[3] یە بە توركی كە لە خوارەوە نووسراوەتەوە:

**((Turkiyede Zo diyenleri imha ettik Lo diyenleri de ben kokunden temizleyeceğim))**

نورەدین پاشا دوژمنی مرۆڤایەتی و كورد بوو، هەر چەندە لە دژی كوردان هیوای زۆر نەگەیشتبووە جێ، بەڵام جەنرال عەبدوڵا ئەلب دوغان پلەی بەرز بوو لە ناو لەشكری توركیا–داو زەرەرێكی زۆری لە ناوچەكانی دەرسیم دا، هەر وەكو ئەویش، بە دوژمنی كورد ناسرابوو.

بنكەی ناوەڕاستی لەشكر گەڕابۆوە شاری سیواس و شاری كۆچكیری درابووە ژێر دەستەڵاتی مەدەنی و لەژێر چاودێریی سەربازیدا بوو. لەو كاتەدا بنكەی سەركردایەتیی لەشكر ئەو بەیاننامەیەی خوارەوەی بڵاودەكردەوە:

**(( لە سەرۆكەكانی كۆچكیرییەوە: عەزەمەت و برایەكانی، بەحری و سابیت بەگ لەگەڵ فیلیك عەلی و هامۆ لە زارا و عەزیز، تاقی، حەیدەر بەگ و هاوڕێكانی، پەهلەوان لەگەڵ حوسێن و ئاشوری، هەروەها (١٥٩) چەكداری دیكە و چینێكی دیكەش كە (١١٣) كەس بوون بە مردوویەتی و(١١٣)ش بە بریندارى دەست بە سەركراون. هەر لەو كاتەدا (٢٠٠٠) دوو هەزار تفەنگ لەگەڵ (٢١٨) بارگین (بار–هەڵگر) و (٢١٧) هەڵاتووی سەربازی دەست بەسەركران)).**

وا دیارە لە بڵاوكردنەوەو ڕاگەیاندنی سەربازیدا هۆی شەڕ و زەرەری سەربازی

---

[1] نیازی نەتەوەی (ئەرمەنی) بوو كە دەوڵەتی عوسمانی لە ناوی بردن. – وەرگێڕ

[2] نیازی كوردەكانە كە خۆی دەیەوێ لە ڕەگەوە دەریان بێنێ و بە كۆمەڵ بیانكوژێ و ئاوارەیان بكا. – وەرگێڕ

[3] دەقی گوفتەكەی سەركردەی لەشكری توركی (نوردین پاشا) بە توركی نووسیومەتەوە، چونكە دۆكیومێنتێكی مێژوویییە و پێویستە خوێنەری بەڕێز لێیوورد بێتەوە و تێبگا بە كۆمەڵ كوشتنی (ئەرمەنییان) تەنها ڕژێمی توركی ئەو كاتە لێی بەرپرسە و هەر خۆی تاوانبار بووە و نەتەوەی كورد هیچ دەستی تێدا نەبووە –وەرگێڕ

لەشـکری تورکیـا شـاردراوتەوەو بلاٌونەکـراوەتەوە، لەبـەر هـەندێ ئەگـەر ئـەو نووسـراوانەی لـە ئەنجومەنی مێژووی جەنگی تورکیا بە دەستمان کەوتوون: روون بکەینەوە ئەوجا گرنگیی شەڕەکە بەدەر دەکەوێ:

**سەرکردەی لەشکرەکان**

**یەکەم: سەرکردەکانی تورك:**

أ– سەرکردە پلە یەکەکانی لەشکری تورك.

نوردین پاشا: سەرکردەی گشتیی لەشکری تورکیا.

ب– سەرکردە پلە دووەکانی لەشکری تورکیا.

١– زیا: سەرکردەی فرقەی سوارەی (١٤).

٢– فەخری: سەرکردەی لیوای سوارەی (١٣).

٣– ئەدهەم: سەرکردەی لیوای سوارەی (٢٧).

٤– مەحمود: سەرکردەی لێکۆڵەرایەتیی ئەرزینجان.

٥– عەبدولاٌ: سەرکردەی لێکۆڵەرایەتیی ئەرزینجان.

٦– عوسمان ئاغا: سەرکردەی لیوای گیرەسون.

**دووەم: سەرکردەکانی کورد**

ا– سەرکردە پلەی یەکەکانی هێزەکانی کورد:

سەرۆکەکانی کۆچکیری ئەوانەی خوارەوە بوون:

١– حەیدەر

٢– مەحمود

٣– عەلی شان

٤– تاقی

٥– عەزمەت

٦– رەفعەتە کۆر

٧– زالم چاوش

ب– سەرکردە پلە دووەکانی هێزەکانی کورد:

١– عەلی شان بەگزادە

٢- مەحمود بەگ
٣- بەیتار نوری*
٤- فیلیك عەلی
٥- عەزەمەت بەك
٦- پولیس مونزور
٧- خالید دەرمانساز

**هەروەها سەرۆکەکانی هۆزەکانی ئۆڤاجك.**

**لیستەی لەشکرەکانی تورکیا کە لە (١٤/مارت/١٣٣٧) کۆچیدا لەو شارانەی لەخوارەوە نووسراون ئامادەی هەڵمەت بردن بوون بۆ سەر دەرسیم:**

| جێگای ئامادەبوونیان | ناوو نیشانی لەشکرەکان* |
|---|---|
| ١- لە سیواس | 54. At.P.F.SV.A. |
| لە سیواس | 54. At P.P.F.6.SV.A. |
| لە سیواس | Ja. SV.A. |
| لە سیواس | 308-330 Ihtiyat Efradi |
| ٢- لە بنکەی جەنگ | ١٤. SV. F. |
| لە بنکەی جەنگ | 13 .SV. L |
| ٣- لە بنکەی یوزگات | 53 .SV.A. |
| لە بنکەی یوزگات | 5. F.H.T.B. |
| ٤- لە بنکەی ئەماسیا | 5. F.A 10- T2 |
| ٥- لە بنکەی مەرزیفون | 5.F.Ku.C. B.T2 |
| ٦- لە بنکەی تۆقات | 32 .SV .A. |
| لە بنکەی تۆقات | 11.A. 2 T |
| ٧- لە بنکەی ئەرزینجان | J.A |

* نووسەری مێژووی دەرسیم مافی خۆیەتی ئەگەر بڵێن خاوەنی گەنجینەی زیوینی کوردستانە.
* ناوونیشانی لەشکرەکانی تورکی بە ژمارە و پیتی لاتینی نووسراون و بە دەقی خۆی نووسراوەتەوە.

| | |
|---|---|
| لـــــه بـــــنكەی ئەرزیـــــنجان (لیـــــوای یاریدەدەری بەکرێگیراو) | Milis A. Ihtiyat Efradi |
| ٨- لە بنكەی بایبورت | 11. P.A. 2 T |
| ٩- لە بنكەی گیرەسون | 11.P.A. 2K. BT |
| ١٠- لە بنكەی شابین قەرەهیسار | 1. SV.A. |
| لە بنكەی شابین قەرەهیسار | 1. J.A. |
| لە بنكەی چیمیشكەزەك | 1.P.A.1T. |
| لە بنكەی چیمیشكەزەك | 1.P.A. 2M.T. |
| ١٢- لە بنكەی ئەرەپگیر | 2. As. B. |
| ١٣- لە بنكەی ئەگین | 2. As. B. |

**لیستی هێزەکانی کورد کە لە (١٤/مارت/١٣٣٧) کۆچی /١٩١٨ زاینیدا ئامادەی بەرەنگار بوونەوەی دوژمن بوون:**

**ناوو ژمارەی هێزەکان:**

٥٠٠ چەکدار: هێزەکانی دەرسیم بە سەرکردایەتیی نوری، عەلی شێر[1]، مونزور و ئیبراهیم لە ئومرانیە.

٣٠٠ چەکدار: هێزەکانی دەرسیم بەسەرکردایەتیی نوری، عەلی شێر، مونزور لە دیڤریگی.

٢٠٠ چەکدار: هێزەکانی دەرسیم لە شاخەکانی تەرکیبۆگی کەماهی لە کۆچکیری.

٣٠٠ چەکدار: هێزەکانی دەرسیم لە ڕێبازی ئەرکیگانی کەماهی بنكەی سەرکردایەتیی دەرسیم لە کۆچگیری.

٤٠٠ چەکدار: هێزەکانی دەرسیم بەسەرکردایەتیی مونزور قاسم لە پردەکانی ئیلیج و شەیتان لەسەر ڕووباری فورات.

٣٠٠ چەکدار: هێزەکانی دەرسیم بە سەرکردایەتیی سەید عەباس لە شاخەکانی هۆگۆس.

---

[1] خاوەنی سروودی کۆچکیری - وەرگێڕ

١٥٠ چەكدار: هێزەكانی دەرسیم بە سەركردایەتی زەینەل لە ڕووی شەڕی كەماه.
٣٠٠ چەكدار: هێزەكانی كۆچكیری بە سەركردایەتیی عەلی شان بەگزادە و مەحمود و نوری لە گوندی توزلە و شاخەكانی چام.
١٥٠ چەكدار: هێزەكانی كۆچكیری بە سەركردایەتیی عەلی شان و مەحمود و نوری لە نزیك گوندی ئیبۆڕەش.
٨٥ چەكدار: هێزەكانی كۆچكیری بەسەركردایەتیی فیلیك عەلی لە شاخەكانی باغلەمە.
١٥٠٠ چەكدرا: هێزەكانی كۆچكیری بە سەركردایەتیی حەیدەر، عەزەمەت و تاقی لە دەڤەرەكانی گەرودەرو بەردەڕەشی.
٥٠٠ چەكدار: هێزەكانی كورمەشان بەسەركردایەتیی گوزەل ئاغا لە ڕووی شەڕی هافیك.
١٥٠٠ چەكدار: هێزی خێڵەكانی كانگال بە سەركردایەتیی زالم چاوش لە شاخەكانی كانگال و دیڤریگی.
٦١٨٥ چەكدار، ژمارەی سەرجەم هێزەكانی كورد.

((لێرەدا پێویستە بزانین كە سەرۆك سادق-ی كورد، سەرپەرشتی شۆڕشی دەكرد و بە درێژایی (١٨٠) كم بە پانایی (٨٠) كم، كە خاكەكەی نزیكەی (١٥٠٠٠ كم$^{2}$) كیلۆمەترە، لە خاكی كوردستان لە ژێر دەستەڵاتی خۆیدا بوو، كەواتە ئازاد كرابوو، ئەوجا دیتمان شۆڕشی كۆچكیری چۆن كوژایەوەو ڕۆیشت و ماكێكی ڕەشی لەمێژووی كوردستاندا بە جیٚ هێشت)).

لە سیواس (٤٠٠) سەد كەس دەست بەسەر هەبوون و ڕەوانە كران بۆ دادگای سەربازی[1] و لە ئەنقەرەش دەستەی لێكۆڵەرەوە هاتبوون و لە لێكۆڵینەوە:

حەیدەرو برادەرەكانی لە دادگای ـ سەربازی ڕایان گەیاند كە جووڵانەوەكەی كورد، شۆڕش بووە لە پێناوی ئازادیی كوردستاندا و محەمەد نوری دەرسیمی و عەلی شێری سەرپەرشتی شۆڕشەكەی كۆچكیریان كردووە. هەروەها ڕایان گەیاندبوو كە دەستەی ئامۆژگاری هەر چەندە بەڵێنی بە حەیدەر دابوو، بەڵام نەی

(١) (مەحكەمەی عەسكەری) – وەرگێڕ

گەیاندبووە سەر، لەبەر ئەوەی بە ناچاری تووشی شەڕ بوون و خۆیان پاراستووە. بەلاّم گیراوەکانی دیکە زۆر لە قسەکانی پەست و دلّگیر بوون و لەبەر ئەوەی حەیدەر وەلاّمی دابوونەوەو گوتبووی: ((محەمەد نوری دەرسیمی و عەلی شێر ئێستاکە بەسەربەستی لە دەرسیم دەگەڕێن و منیش بۆ ڕزگار کردنی ئێوەو خۆمان وەهام گوتووە)) بەو شێوەیەی کێشەکەی بڕیبۆوە.

ڕاپۆرتی دەستەی ئامۆژگاری حەیدەری پاراستبوو، بەلاّم عەلی شێر کۆچکیری و بەیتار نوری دەرسیمی تاوانبارکردبوو، لەبەر هەندێ بڕیاری دادگای سەربازی ئەوە بوو سەبارەت بە سەرکردەکانی کورد:

١- حەیدەر و سەید عەزیز و پازدە برادەری دیکە پێشملە[1] بڕیاری لەسەر دانیان درا.

٢- عەلی شێر کۆچکیری، بەیتار نوری دەرسیمی، مەحمود موستەفا پاشا، تەربازلی مەمۆ، دبۆ، سەبری و (٩٥) جەنگاوەری دیکە لە پاشملە[2] بڕیاری لەسەردانیان درا.

٣- گیراوەکانی دیکە: پازدە، دە، پێنج سالّ، بە پێی تاوانەکانیان بڕیاری زیندانییان بۆ بڕینەوە. بەم شێوەیە، لە٤٠٠ کەس (١١٠) کەسێك بە بێ تاوان بڕیاریان لە سەردرا و بۆ ناوچەکانی ڕۆژئاوای تورکیا دەربەدەرکران.

ئەو بڕیارانەی لەسەرەوە باسمان کردن لەگەلّ ڕاپۆرتی دەستەی لێکۆلّینەوە (هەیئەتی تەحقیق) بۆ ئەنجومەنی گەورەی نەتەوەیی لە ئەنقەرە ڕەوانە کرابوو، بەلاّم لە دەرسیم، لە هەر لایەکەوە بروسکەیان بۆ ئەنجومەنی گەورەی نەتەوەیی لە ئەنقەرە دەکرد، داوای بەردان و ئازاد کردنی گیراوەکانی سیواسیان دەکرد.لەو کاتەدا کوردەکان بۆ ئەوەی داواکانی خۆیان بچەسپێنن، لەگەلّ هێزەکانی دەرسیم و کۆچکیری ڕاست بەراستی شارەکانی: ئەرزینجان، کەماه و ئەگین، دەستیان پێ کردبوو، کە هێرشی گەورە بکەنە سەر ناوچەکانی زارا و دیڤریگی. لەبەر ئەوەی هەموو دەم هاتن و چوون نەدەکرا لە ڕێگایەکانی:

---

[1] پێشملە: ئامادەبوون لە دادگا - وەرگێڕ

[2] پاشملە: ئامادەنەبوون لە دادگا - وەرگێڕ

١– زارا ــ ئەرزروم.
٢– سیواس ــ کانگال ــ دیڤریگی.
٣– هــەروەها لــە ـــ دومورجــە ــ کێوەکانی ماراوی، هەروەها لە کەنارەکانی (باپینار ــ زارا) دا بەردەوام پۆلیس و پێشمەرگە تێك دەگیران.

لــەو ســەردەمەدا موســتەفا کــەمال، کاری زۆر نالەبار بوو. داوای لە ئەنجومەنی گــەورەی نەتەوەیی لە ئەنقەرە کرد کەگیراوەکان سەربەست بکاو تەنها: عەلی شێر و بەیــتار نــوری نــەبێ و دادگــای ســەربازی لــە ســیواس هەڵــبگیرێ، لەبــەر ئەمــە ناوچەکانی سیواس و کۆچگیری ئاگادار کران و گیراوەکانی سەربەست کران، تەنها حــەیدەر نەچــێتەوە کۆچــکیری و لــە ســیواس بــژی و ســەید عەزیــز لەشارۆچــکەی جەلالی لە ژێر چاودێریی جەندرمەدا بێ.

ئــەو گیراوانــەی ئــازاد کــرابوون، بــە چــەند مــەرجێ بــەردران کــە لــە کۆچــکیری دابنیشن، بەڵام ئەو کۆچکیرییانەی لە درەسیم بوون، لێبوردنەکە نەی دەگرتنەوە.

پێشــمەرگەکانی کۆچــکیری، پــەلاماری ڕژێمیــان دەدا، ڕژێمیــش توانــای نــەبوو هێــرش بکاتــە ســەر دەرســیم و ئــاڵای کوردســتان لە سەر ئاغدات دەشەکایەوە کە جێگــای ســەید ڕەزا بــوو. هــەر دەم پــەلاماری لەشــکری تــورك دەدراو ڕژێــم زۆر پەشــۆکا بــوو لەبــەر ئــەوە ئەنجومەنی گەورەی نەتەوەیی لە ئەنقەرە بڕیاری دابوو کــە چــەند نوێــنەرێکی دەرســیمی بــە نــاوی دەســتەی ئامۆژگارییــەوە (هەیــئەتی نەسیحەت) لەگەڵ حاجی عوسمان فەوزی– نوێنەری ئەرزینجان بچنە دەرسیم.

دیــاب ئاغــا نوێــنەری دەرســیم، دەیگــوت لەگــەڵ موســتەفا کــەمال بــرادەرە و هەمیشــە وێــنەی پێکــەوە گیراوی لەگەڵ ئەو پیشان دەدا، دەڵێ جارێکی موستەفا کــەمال لێــی پرسیبوو: ((ئەگەر بێو لە ئەنقەرە دەربچم و بێمە دەرسیم، بۆ ئەوەی شۆڕشــەکەمان بەســەربخەین، چــیای بــەرز و ئەشــکەفتی گەورەشتان هەیە؟)) ئەو قســانەی بــۆ ئێمــە دەگێــڕاوە، بۆیــە ئــەو پرســیارەی کــردبوو، چــونکە لــەو کاتــە یۆنانییــەکان گەیشــتبوونە بەر دەرگای ئەنقەرە و ئەو پرسیارانەی موستەفا کەمال لــەو کاتــەدا کــە لــە دیــاب ئاغــای کردبوون، شتێکی گرنگیان دەشاردەوە و شتیان لەپشتەوە هەبوو.

لـه لایـەك لەشـكری یۆنـانی دەهاتـە پێـش و لەلایەكەی دیكەوە دەرسیم داوای ئـازادیی كوردسـتانی دەكـرد. ڕژێمـی توركیا زۆر شپرزە ببوو ئەنجومەنی گەورەی نەتـەوەیی توركیـا بەناچـاری دووبـارە بـڕیاری لێبوردنی كوردانی دەركرد. دیسان ئـەم بـڕیارەش عـەلی شـێر كۆچـكیری و بەیتار نوری دەرسیمی نەدەگرتەوە، بەڵام عـەلی شـان و بـرادەرەكانی دەگـرتەوە. لـەو دەمـەدا موسـتەفا كـەمال بە بروسكە گفـتوگۆی لەگـەڵ سـەید رەزا دەكـردو لێـی دەپـاڕاوە كـە بەئاسـایی دابنیشـن و نوێـنەری ئەرزیـنجان حـاجی عوسمـان فـوزی هاتـبووە ئەرزیـنجان، داوای دەكـرد لەگەڵ سەید رەزا و عەلی شان گفتوگۆ بكا.

ئـەوجا سـەید رەزا لەسـەر داخوازیـی عـەلی شـان، هـەردووكیان پێكەوە لەگەڵ هێـزێكی هـەزار چـەكداری لـە ئۆڤاجكـەوە، چـووبوونە گونـدی كیسـمیكور لـە ئەرزینجان، چونكە موفتی حاجی عوسمان فەوزی نوێنەری ئەرزینجان، لەگەڵ والی عـەلی رەزا و چـەند پیـاو مـاقووڵێكی دیكـە لـە دێیەكـەی چاوەڕێیان دەكردن، بۆ دانانی ڕێگاو چارەیەكی ئاسایی.

لێـرەدا مەرجـەكانی سـەید رەزا، بیسـت و چـوار مـەرج بـوون، بـۆ مـنی بـەجێ هێشـت كـە بۆیـان ڕوون بكەمـەوە. مـنیش بـۆ دانیشـتوانەكەم خوێندەوە، ئەوجا والیـی ئەرزیـنجان عـەلی رەزا بـە قسـەهات و گوتی:(( ئەو مەرجانەی ئێوە دەڵێن، تـەنها لـە نێـوان دوو دەوڵـەتاندا گفـتوگۆی لەسەر دەكرێ، چونكە كێشەیەكی زۆر ناسـكە)). لێـرەدا پێویسـتە، ناوچـەی دەرسیم وا دابندرێ كە پەیوەندی بە ڕژێمی توركیاوە هەیە، ئەوجا وتووێژ بكرێ.

لەبەرئـەوە نوێنەری كوردان تووڕە بوون و دەنگیان بەرز كردەوەو گوتیان ئیتر ئێمە لەگەڵ توركان ڕێك ناكەوین. ئێمە دەمانەوێ، ڕژێمی توركیا قەرەبوو و تۆڵەی ڕووداوەكـانی كۆچـكیری بداتـەوەو پارێـزگاری كـورد دیـاری بكـرێ و قوتابخانـەی كـوردی بكرێتەوە و بە زمانی كوردی بخوێندرێ، هەر چەندە بە ناوی دەرسیمییان پێگیریمان كرد، بەڵام عەلی شان ئەو داوایانەی بە بێ سوود دەزانی.

دەسـتەی ئامۆژگـاری توركیـا، داوای لەعەلی شان دەكرد كە لە دەرسیم بچێتە دەرێ، بەڵێنیشـی پـێ دابـوو كـە تۆڵـەی تالان كردن و تێكدانی دێهاتی كۆچكیری

بداتــەوەو ئــەو جێگایــەی ســەرژمێری کــوردی تێــدا پــترە، قایمقــام و فەرمانبەرانی کوردی تێدا دەست نیشان بکەن.

والی عەلی رەزا بەڵێنی دا کە بەشی زۆری داواکانمان بۆ ڕژێمی ئەنقەرە بنووسێ و هــەوڵ بــدا کــە بــە ئەنقەرە بسەلمێنێ لە بابەت بەدیهێنانی مەرجەکان. هەروەها پیاومــاقووڵانی تورکیــای ئەرزیــنجانیش رازی بــوون بــە بەڵێــنەکەی والی بــەناوی دانیشــتوانی شــارەکەوە، لــە لایــەکی دیکەشــەوە حــاجی فــەوزی بــە پێــی ئــەو دەســەڵاتەی لــە موســتەفا کەمالــەوە پێی درابوو، بەڵێنی پێ داین کە هەوڵ بدا لە لای ئەنجومــەنی گــەورەی نەتــەوەیی لــە ئەنقــەرە داخوازییــەکانی ئێمــە بــە جــێ بگەێنن، هەروەها تکاشی دەکرد کەعەلی شان، لە دەرسیم دەربچێ و لە ئەرزینجان جێنشین ببێ.

لێرەدا مەبەست و نیــازی دەســتەی ئامۆژگاری ئەوە بوو شارەکانی سیواس و ئەرزیــنجان لــە ژێــر دەســتەلاتی ڕژێمدا بوون هێوربببنەوە کە بە ئاسانی دابنیشن و هیچ گێروگرفتێکیان تێدا ڕوو نەدا، ئەوجا وتووێژەکە بۆ ڕۆژی پاشتر ماوە و سەید رەزا چــووبووە دێیەکیــنزیك و عەلی شان و موفتی لەگوندی کیسمیکور مابوونەوە. ڕۆژی پاشــتر ســەید رەزا گــەڕابۆوە، لای حــاجی فــەوزی و عــەلی شان، بەڵام ئەوان هــەر ئــەو شــەوە بۆ ئەرزینجان بەڕێ کەوتبوون. لەبەر ئەم هۆیە سەید رەزا لەگەڵ هاوڕێکــانی خێــڵەکەی خــۆی بــە دڵشکاوی لە (١٥/حوزەیران/١٣٣٧ کۆچی)١٩١٨ز گەڕابوونەوە دەرسیم و وازیان لە مەسلەتی کردن هێنا.

ڕژێمــی ئەنقــەرە: گەڕانــەوەی عــەلی شــانی بــۆ ئەرزیــنجان زۆر پــێ خــۆش بوو، خێــزان و مــندالّی لــە ســیواس بــوون و ڕەوانەی ئەرزینجان کرانەوە، لە پاش چەند ڕۆژێك عەلی شان و حەیدەر ڕەوانەی کۆچکێری کرابوون.

ئــەوجا بــا بێینەســەر بەڵێــنەکانی دەستەی ئامۆژگاری کە بە ئێمەیان دابوو، بە داخوازییەکانمان ڕازی ببوون:

موفــتی فــەوزی لــە ئەنقــەرە نامەیــەکی بــۆ سەید رەزا نووسیبوو، کە تێیدا ڕای دەگەیــەنێ کــە داخوازییــەکانمان جێــبەجێ دەکــرێن و عــەلی شــان و حــەیدەر دەگەڕێنەوە کۆچکێری و فەرمان دراوە هەردووك بە قایمقامی رەفاهیە و کوڕوچای

دابمـەزرێن و ئیدی ئەو بڕیارە بەسەرکردایەتیی لەشکری ناوەڕاست، نورەدین پاشا ڕاگەیاندراوە.

((نامـەی موفـتـی فـەوزی بـۆ گـەورە پیـاوانی ئەرزیـنجان ئـەوە بـوو: والیـی ئەرزیـنجان عـەلی رەزا، داوای لـە رژێمـی ئەنقـەرە کردووە کە داواکانیان بە گشتی جێبەجێ بکـا، بـۆ ئـەوەی هاوولاتیـان بـە خۆشـی و ئاسایی بژین، بەلام نورەدین پاشـا بــە داخوازییەکــەی والی عــەلی رەزا ڕازی نــەبووە، چـونکە خــۆی لــە کارەسـاتەکانی کۆچـکیری بەرپـرس بـووە، لەبـەر هـەندێ نـاکۆکی لـە نێـوان هـەردووکیاندا پـەیدابوو، والی عەلی رەزا[1] داوای کرد لە دەستەی ئامۆژگاری بچێتە دەرێ، هـەر چـەندە داواکـەی پەسـند نەکـرا، بەلام لەسەر داوای خۆی جێ گۆڕکێ کـرا بـۆ ویلایـەتی ئولـتی و لـە ئەرزیـنجان دەرچوو هەروەکو زانیتم)) بەو شێوەیە ئاگاداری کردن.

لە پاشان عەلی رەزا بووە والیی دیاربەکر، هەروەها بووە والیی ئەلازیز و روونی کـردەوە کـە لـە پێـناوی مـرۆڤایەتیدا تێدەکۆشـێ و بـە داخـەوە تێگەیشـت بـوو کـەناتوانێ ئامـانجی خـۆی بـۆ پیـاو خـراپان ڕوون بکاتــەوە، بەناچـاری وازی لەفەرمانـڕەوایی هێـنا، کـە رژێمـی ئەنقـەرە، لەشکری یۆنانی شکاند، عەلی شان و حـەیدەری بـانگ کـردەوە ئەسـتەنبوڵ و، لـەوێ دەسـت بەسەر کران تا لە ساڵی ( ١٩٣١)زاییـنیدا بەبەر لێبوردنی گشتی کەوتن، بەلام هەر چەندە ڕێگایان پێ درابوو بگەڕێـنەوە کۆچـکیری: کەوتـنە بـەر کارەسـاتێکی دڵ تــەزێن و دژواری وا کــە قایمقامی زارا بە دەستی خۆی بۆی هۆناندبوونەوە، ئەویش ئەوە بوو:

بـە تەگبیری شوکری، قایمقامی زارا، نارنجۆکیان هاویشتبووە ژوورەکەی عەلی شـان و حـەیدەر لە شارۆچکەی ئومرانیە کە لەوێ دەست بەسەر بوون، بەو شێوە دڵتەزێـنە عەلی شان پارچە پارچە ببوو، حەیدەریش بە سەختی بریندار بوو. لەناو چـوونی ڕۆشـنبیرێکی کورد بەم شێوەیە برینێکی گەورەی لە دەروونی دانیشتوانی کۆچکیری و دەرسیم بەجێ هێشت.

---

[1] لێرەدا دەردەکـەوێ والی عەلی رەزا هەستی مرۆڤایەتیی هەبووە لەبەر ئەوەی بە پێی توانا هەوڵی داوە، ئازاری نەتەوەی کورد کەم بکاتەوە – وەرگێڕ

ئەو کەسەی بە ئاشکرا بەرهەڵستیی جووڵانەوەو شۆڕشی کۆچکیری دەکرد، موراد پاشای سەرۆکی خێڵی گینیان بوو، ئەوجا کاتی تۆڵە لێ ساندنەوەو سزادانی هاتبۆوە:

موراد پاشا لە ناوچەکانی: **سیواس، زارا، دیڤریگی و کانگال** ناوێکی زۆری پەیدا کرد، بەبێ وچان بۆ ڕژێمی تورکیا کاری دەکرد، زۆر درۆ و بوختانی لە ڕاست شۆڕشی کۆچکیری کردبوو، لەدادگای سەربازیدا دانیشتوانی دێهاتی خێڵەکەی خۆی وەکو کۆیلە لێ کردبوو، هیچ کەسێ لە ماڵ و خێزانی خۆی ئەمین نەبوو، بە ڕاوەڕووت و دەست درێژیکردن، بۆ سەر سەرو سامانی خەڵك، پارەیەکی زۆری کۆکردبۆوە، بێجگە لەوەی کە ڕژێمی تورکیا پارەو پوولێکی زۆری پێ دەبەخشی.

لە ڕێبازی خێڵەکان و لە ناو باخچەکاندا، چەند سابات و دیوانی دروست کردبوو، کردبوویە جێگای ڕابواردنی فەرمانبەرانی تورکان. وردو درشت دەهاتنە هاوینە هەوارەکانی موراد پاشا، بە کەیف و سەفا، چەند ڕۆژ ڕایان دەبوارد و خەلاّتیشی دەکردن، ئەوجا دەگەڕانەوە جێگای خۆیان.

موراد پاشا بە ڕوو ڕەشییەوە چووە ناو مێژووی کوردەوە، چونکە کەسێکی خۆشی نەویستبا، دەیکوشت، یان دەیدایە دەست ڕژێمی تورکیا، یان دەیخستە ناو زیندان و خێزانی ئەو ماڵە پێشمەرگانەی بەبێ خاوەن لەناوچەی زارا مابوونەوە، دەدایە دەستی تورکان و دەستدرێژییان دەکردە سەر ناموسیان، هەروەها دەبووە هۆی ئەوەش کە ئەو بەربەرانە هەستی دڕندایەتیی خۆیان بەو ئافرەتە بێ چارانە دابمرکێننەوە.

لەسۆنگەی ئەمەوە لە ساڵی (١٩٢٦)زاییندا دەستەیەك پێشمەرگەی چالاك  بە سەرۆکایەتیی **جغز محەمەد عەلی** دامەزرا و ڕەوانەی شاری سیواس کراو تاوەکو پرسیارو وەلاّم لەگەڵ ئەو روو رەشەدا بکات.

موراد لە هەوارێکەوە بچووبایە هەوارێکی دیکە، تەگبیری چۆنیەتیی ڕێگای خۆی دەکردو هەموو دەمێ دوو سەد چەکدارێکی لەگەڵ خۆی بۆ پاراستنی خۆی دەگێڕا.

لەبەر هەندێ سەد پێشمەرگەی بژاردەو ئازاو ڕەشیدو کەرستە دروست چوو بوون، گوندەکەیان گەمارۆ دابوو، چونکە دەیانزانی ئەوکاتە لەوێ نییە، بۆی لە مەکۆ دانیشت بوون. عەگیدێك بەناوی حەیدەر لەگەڵ چوار پێشمەرگەی دیکە، بەرگی جەندرمەی تورکانیان لەبەر کردبوو، لەگەڵ تاریك و ڕوونی بەیانی چووبوونە ناوەڕاستی گوندی مەرکەز و لە دیوانی موراد و بە پیاوەکانی ئەویان گوتبوو: ئێمە لە زارا ڕا هاتووین و نامەمان بۆ پاشا هێناوەو خۆمان دەیدەینە دەستی و زەرفێکیان پێشان دابوون، بە سەر مێردەوان کەوتبوون و چووبوونە ئەو ژوورەی موڕادی لێ بوو، بۆ ساندنی تۆڵەی خوێنی ڕژاوی کورد و بەماك بوونی شەرەفی کوردو پیسکردنی ناموسی کورد کە موراد ئەو قەلآفەتە زیندووانەی بەرانبەری خۆی دیت، شێوابوو، ئەوجا شێرە کوردەکان پێیان گوتبوو: (( هەی دوژمنی کوردی خۆ فرۆش، هاتووین پرسیار و وەلآمت لێ بکەین)). هەر دەم و دەست بە گوللە مێشکی دەپرژێنن و دەیکوژن و لەگەڵ تەقەی تفەنگ، پێشمەرگەکانی دیکە لە مەکۆ دەرچووبوون و دیوانەکەیان گرتبوو، پیاوەکان و دانیشتوانی گوندەکەش زانیبوویان کە موراد بە ئەنجامی خۆی گەیشت، هەندە لە کردەوەکانی بێزار ببوون کە کەس لە سەری بە دەنگ نەهاتبوو.

کە دەستە پێشمەرگەکە گەڕایەوە دەرسیم لە ڕێگا لەگەڵ هێزەکانی تورکیا: سیواس، زارا، دیڤریگی و هاڤیك، هەروەها لەگەڵ هێزەکانی:

ئەرزینجان و کەماه و کوڕوچای کە هاتبوونە سەر ڕێگایان شەڕێکی دژواریان کردبوو، سەربازانی تورك شکابوون و پێشمەرگەش دوو بەلاگێڕی دابوو، ئەوانی دیکە بە سەربەرزی گەڕابوونەوە دەرسیم.

ئەوجا بەو شێوەیەی لە سەرەوە باس کرا، شۆڕشی ئازادیی کوردستان لە کۆچکیری لە سالی ١٩٢٠زاینیدا دەستی پێ کرد و لە سالی (١٩٢٦)زاییندا بە کوشتنی موراد پاشا کۆتایی پێهات، بەلآم بە پێویستی دەزانم ڕووداوێك، لەو کاتەدا رووی دا لە خوارێ روون بکەمەوە:

**سەید رەزا لە سالی (١٩٢٤)زاینیدا هۆزاتی گەمارۆدا،** هەروەها لە سالی ( ١٩٢٤)ز دا موستەفا کەمال، فرەیدون فیکری –ی رەوانەی هۆزات کرد بەناوی

ئـەندامی پارتی گەل پڕوپاگەندە بکات بۆ هەڵبژاردنی بە نوێنەر، فرەیدون فیکری، ئـامۆزای لوتفـی فیکری–ی یاساناسی ناودێر بوو لە نێونەتەوان و خەڵکی دەرسیم بـوو، هەرچـەندە خـۆی کـوردی دەرسـیم بوو، بەڵام ناودێر بوو بە تورکچێتی، هەر لـەو ڕێگایـەش دەسـتباری لەگـەڵ موسـتەفا کـەمالدا دەگـرت و هاوکـاریی لەگـەڵ دەکرد، لەبەر ئەوە سەید ڕەزا ڕێگای پێ نەدا ببێتە نوێنەری دەرسیم.

لەو کاتەدا حەسەن خەیری نوێنەری دەرسیم و ئەندامی پارتی تەرەقی پەروەر لە دەست موستەفا کەمال رای کردو پەنای هێنابووە بەر سەید ڕەزا لە دەرسیم.

سـەید ڕەزا زۆر جـار بروسـکە بـۆ موسـتەفا کەمال دەکا. لە بروسکەیەکدا پێی دەڵـێ کـە ڕۆژێ دەبـێ فـرەیدون فیکـری وەکـو موستەفا ساغری هەوڵی کوشتنت دەدا، لەبـەر ئـەوە موسـتەفا کـەمال وەڵامی دابۆوە، کە فرەیدون فیکری پیاوێکی باشـەو نیشـمانپەروەرە، بـەڵام ڕایسـپاردبوو کـە بەیتار نوری و حەسەن خەیری لە دەرسیم دەربکا، چونکە پیاوی خراپن.

دەرسیمی هەمیشە داوایان دەکرد کە حەسەن خەیری بکەنە نوێنەری دەرسیم، لەبـەر ئـەوەی سـەید ڕەزا لەگـەڵ یەك ــ دوو هەزار چەکدار، شاری هۆزاتی گەمارۆ دابوو، ڕژێمی ئەنقەرە زۆر پەشۆکا بوو. لەبەر ئەوە حەسەن خەیری لە دژی پارتی موستەفا کەمال بوو، لە لایەن ڕژێمی ئەو کاتەوە پەسەند نەدەکرا بکرێتە نوێنەری دەرسـیم، ڕاسـتییەکەش ئـەوەی دەکـرا لـە دامەزراندن و دانانێك زیاتر نەبوو، هەر چـەندە بـەناوی هەڵـبژاردن پێـك دەهـات، چـونکە والیـی هۆزات مەزبەتەیەکی ڕێك دەخسـت و دەیگـوت فـلان دەرچـووە لـە هەڵـبژاردن. خێـڵەکانیش زانیـبوویان کە فەرەیدون فیکری بەو جۆرە دەبێتە نوێنەر، لەبەرهەندێ گەمارۆی هۆزاتیان دابوو، لەگەڵ پۆلیسی هۆزات لێکیان دابوو، فرەیدون فیکری لەو شەڕەدا بریندار کرا.

ئـەوجا تابوورەكـانی سـەربازی كـە لـە ئەلازیـز بۆ هاوكاری هاتبوون، لە هۆزات دەربازیان كردو ڕەوانەی ئەلازیزیان كردەوە، بەو جۆرە لە كوژران رزگاری ببوو.
سـەید ڕەزا نیـازی وابـوو هـۆزات بگـرێ، بەڵام سەرۆكی جەندرمەی هۆزاتی ناو یـەحیا، كـورد بـوو، چـووبووە دیدەنیـی سـەید ڕەزا لـە گونـدی مـەزرا، دێـی عەلی عەونی، ئیتر بەو شێوەیە سەید ڕەزا وازی لە داگیركردنی هۆزات هێنابوو.

## لەبەرچی لە گفتوگۆ سەر نەكەوتین..؟

لـە كـاتی بەدەركەوتـنی شـۆفینیزمی توركیـایی رژێمـە یـەك لە دوای یەكەكان، نـاوەرۆكی سیاسـەتیان ئـەوە بووە: دانیشتوانی شارەكانی ڕۆژهەڵات بكەنە تورك، یـان لـە ڕەگـەوە دەریـان بێـنن و لـەكۆڵیان بكەنـەوە. ڕۆشـنبیرەكانی كـورد لـەو نیـازەی توركـان گەیشـتبوون. لەبـەر ئـەوە بـۆ پاراستنی هەبوونی خۆیان و مافی نەتەوایـەتیی كـورد، پێویسـت بـوو ڕێكخستنی كۆمەڵایەتی و سیاسی دابمەزرێنن و بـە ناچـاری بەرهەڵسـتیی توركچـێتی بكـەن. ئیـنجا گـرنگترین ڕێكخسـتن لـە نـاو كوردسـتاندا: **دامـەزراندنی كۆمەڵـەی تـەعالی-ی كوردسـتان بـوو،** ئـەو كۆمەڵەیـە لەگـەڵ كـوردە ڕۆشـنبیرەكانی دیكـە بـە ڕاسـتی هەسـتیان كـردبوو، كەوا كۆماری توركیـا، لە پاش دامەزراندنی، نیازی وایە، نەتەوەی كورد بكوژێ و لە ناوی بەرێ، ئیـدی بـە ناچـاری لـە كوردسـتاندا دەسـتیان بـە دامـەزراندنی دەستەی ڕێكخراوی (پێشـمەرگەی - بەرگـری) كرد بەو جۆرە بۆمان ڕوون بۆتەوە كە چۆن دامەزران و جوولانـەوەی پێشـمەرگە لە كۆچكێری یەكێ بوو لە ڕێكخستنی بەرگریی نەتەوەیی لە كوردستان.
كـە شۆڕشـی كـورد دەسـتی پـێ كرد ((كۆمەڵەی تەعالیی كوردستان)) دەستی كـرد بـە توانـەوە، چـونكە چـەند ئـەندامێك دانیشـتن و وازیان هێنا، هەندێكیش لە ئەستەنبوڵ هەڵاتن بۆ دەرەوەی وڵات و نەیان دەتوانی بەشداری لە شۆڕش بكەن، لەبەر ئەوە لە ژێر بارێكی گراندا بووین و لە لایەكی دیكەوە:
أ-بـە پێـی نەخشـەی دەوڵـەتانی یەكگـرتوو كـە ئامادەیـان كـردبوو لـە سیڤەر بۆ دامـەزراندنی كوردسـتانێكی سـەربەخۆ، نەتەوەی كورد زۆری پێ خۆش بوو، بەڵام

بۆ راست کردنەوەی باری نەتەوەی کوردی دابەشکراوی چەند ساڵە کە لە ژێر ستەمی بێگانە دەناڵێنێ: نەتەوە یەکگرتووەکان خۆیان بە بێگانە داناو هیچ یاریدەیان نەدا.

ب– دامەزرانی ژیانی نەتەوەی کورد، کە بەشی زۆری بە شێوەی خێڵەکایەتییە. لەبەر ئەوە دوژمنداریی نێوان خێڵەکان وای لێ کردبوون کە نەدەگەیشتنە یەك و یەکێتیی پێویستیان بۆ شۆڕشی رزگاری پێ دابین نەدەکراو دەستگایەکی یاساییان پێ دانەدەمەزرا کە بە گشتی لە سەری برۆن و رژێمێ لە ناوەخۆیاندا رێك بخەن و دابمەزرێنن.

جـ– کۆمەڵەی رۆشنبیرانی کورد نەگەیشتبووە ئەو رادەیە کە بتوانێ کێشەی نێوان ئاین و هەستی نەتەوایەتی لەناو ببا لە نێوان نەتەوەی کورددا.

بێجگە لە ئەو هۆیانەی کە لە سەرەوە باسمان لێ کردن، چەند هۆیەکی دیکەش هەبوون وەکو:

أ. ژمارەی هێزەکانی دوژمن گەلێ زۆرتر بوو لە ژمارەی هێزەکانی ئێمە.

ب. لەشکری دوژمن نوێترین چەك و کەرستەی سەربازیی لە دژی هێزەکانی کورد بەکار دەهێنا.

ج. هێزەکانی دوژمن یەك گرتووبوون، چونکە لە ژێر فەرمانی رژێم شەڕیان دەکرد.

لێرەدا دەشێ ئەو پرسیارە بکرێ! ئەگەر سەرکردەکانی کورد دەیانزانی ئەو هۆیانە هەن: ئەدی بۆچی پێش کارەساتی کۆچکیری ڕووبدا، ئەو ئەرکە گرانەیان خستە سەر شانی خۆیان؟

بەڵێ ئەو پرسیارەی لە گوێیەکانم دەزرینگێتەوە و لە دەروونم دەنگدەداتەوە ئەوەیە و هەر خۆیەتی.

لێرەدا دەتوانین بڵێین: هیوا و ئومێدێکی گەورەو، ئایینێکی بەتین و نیازێکی پاك و راست، بووە هۆی رێگا خۆشکردن، بۆ بەرپابوونی شۆڕشی کورد و کارەساتەکەی کۆچکیری.

بە داخەوە کۆچکیری لە گۆڕەپانی جەنگدا کەوت و خوێنی بەخشی، بەڵام ئاسۆیەکی خوێناویی بۆ رۆڵەی کورد بەجێ هێشتووە کە تێیدا هەڵبستێتەوەو

داوای ئازادی و سەربەخۆیی بکا.

کۆچکیری هەنگاوی یەکەمی شۆڕشی ڕزگاریی کوردستان بوو، گۆڕەپانێکی شۆڕشمان دۆڕاند، بەلأم مەسەلەکە کۆتایی پێ نەهاتووەو نەتەوەی کورد لە داهاتوودا هەر سەردەکەوێ و مافی خۆی وەردەگرێ.

## دەرسیم لە شۆڕشی شێخ سەعید دا

لە ساڵی (١٩٢٥) زایینیدا لە کوردستان، شۆڕشی شێخ سەعید بەرپابوو، ئینجا پێش باسی ڕەوشتی دەرسیمییان بکەین لەو کاتەدا، نەختێ بەکورتی لە بارەی مێژووی ئەو شۆڕشە دەدوێین کە بێگومان سوودێکی دەبێ.

بە ئامانجی پاراستنی مافەکانی نەتەوەی کورد لە ساڵی (١٩٢٢)ز دا بە سەرۆکایەتیی ئامیر لیوا خالید بەگ و نوێنەری بتلیس، یوسوف زیا و بە بەشداریی زۆر ئەفسەری کورد، پارتێکی سیاسی لەشاری ئەرزرۆم دامەزرا بە ناوی **کۆمەڵەی سەربەخۆیی کورد،** هیوای ئەفسەرو ڕۆشنبیران لەو پارتەی کە بە شدارییان تێدا کردبوو ئەوە بوو: (کە ڕێکخراوێك پێك بێنن هەموو کوردستان بە گشتی بگرێتەوە)
.

کۆمەڵەی سەربەخۆیی کورد لەو شارانەی خوارێ لقی کردبۆوە و خۆی دادەمەزراندو دەستی کردبوو بە چالاکی و خەباتێکی گەرمی بەرێوە دەبرد:-

١- شاری بتلیس

٢- شاری دەراهینی

٣- شاری ئەلازیز

٤- شاری دیاربەکر

٥- شاری ئورفە

٦- شاری سیرت

هەروەها لەزۆر ناوچە و جێگای دیکەشدا لقی دیکەی ڕێکخستبوو. لەو کاتەدا، لەو جێگایانەی باسمان کردن، فرقەیەکی سەربازیی تورکیا تەرخان کرابوو، بۆ لەناو بردنی جووڵانەوەی نەستووری و سەرکردەی لەشکرەکەش ئیحسان نوری

بوو، هەروەها لەناو لەشکرەکەشدا چەند ئەفسەری دیکەی کورد هەبوون وەکو:
١- راسم وانلی
٢-خورشید
٣- تۆفیق
٤- جەمیل
٥- رەزا
ئەو ئەفسەرانەی لە سەرەوە ناویان نووسراوە بە پێی فەرمانێك کە لە کۆمەڵەی سەربەخۆیی کوردەوە وەریان دەگرت، هەر کەسە لەو جێگایەی لێ بوون دەستەی پێشمەرگایەتی دابمەزرێنن و داوا لە کوردەکان بکەن، هاوکارییان بکەن و یەکدی بگرن.
ئەو خۆ رێکخستنە لەبەر ئەوەش بوو چونکە تورکەکان هەردەم دوژمنداریی کوردیان دەکردو رێزی ئایین و رەوشت و پیشەی کوردیان نەدەگرت. لەبەر ئەم هۆیە، کوردەکان لە هەر لایەکی کوردستانەوە بە تایبەتی رۆشنبیرەکان خۆیان ئامادە دەکرد بۆ شۆڕش و بە ئامانجی دابین کردنی مافی نەتەوایەتی و دامەزراندنی کوردستانێکی سەربەخۆ و ئازاد خەباتیان دەکرد.
ئامیر لیوا خالید بەگ پیاوێکی سەربەرز، زیندوو، رەهبەر، ولاتپەروەر و رۆشنبیر بوو. تەگبیرو ڕای سوودی زۆر بوو لە ناو کوردان، لەبەر ئەوە شێخەکانیش بەشدارییان کردبوو لەو کۆمەڵانەی دامەزرابوون بە تایبەتی:
شێخ سەعید، شێخ عەبدولا مەلکانی، شێخەکانی چان و شێخ شەریف پالوی و چەندانێکی دیکەش لە شێخەکان هاوکاریی کۆمەڵەیان دەکرد. یوسف زیای بتلیسی لە پایزی ١٩٢٤ لە ئەنقەرەوە، چووبووە ئەستەنبۆڵ و لەگەڵ پارتی تەرەقیپەروەر گفتوگۆی کردبوو لە دژی موستەفا کەمال. هەروەها لەگەڵ هەندێ لایەنی دیکەش. ئینجا گەڕابۆوە ئەرزرۆم و لێرەدا بروسکەیەکی نەهێنی کرد بۆ رەزای برای کە ئەفسەر بوو لە ناو لەشکری سەربازی تورکیا لە ناوچەی هیزان. بە داخەوە رەزا و ئەو ئەفسەرە برادەرانەی لەگەڵی بوون لە فرقەکەدا نەیانزانی بوو نیاز لەو بروسکەیە چی بووە، هەروا تێگەیشت بوون، کە نیشانەی شۆڕشە و لەبەر

ئەوە هەموو ئەفسەرە کوردەکانی ناو فرقەکە لەگەڵ تابوورەکانی سەربازی کورد، بەسەرکردایەتیی ئیحسان نوری ئاڵای شۆڕش هەڵدەگرن و بە چیا دەکەون، ئینجا لەبەرئەوە لە پێش کاتی خۆی دەستیان بە شۆڕش کرد،رژێم زوو لێیان هوشیار بۆوە و بەسەرنەکەوتن.

لەبەرئەوەی یوسوف زیا بروسکەی لە ئەرزرۆم، بۆ رەزای برای رەوانە کردبوو لە ناوچەی هیزان، رژێم سەرە پەتکێکی بە دەستکەوت و لەبەر هەندێ، یوسف زیای دەست بەسەر کردو لە (١٩٢٤/١٢/١٠) ز دا رەوانەی دادگای سەربازی کردبوو لە بتلیس بۆ لێکۆڵینەوە، هەروەها حاجی مووسا موتکانی لەگەڵ چەند کەسێکی دیکەی بتلیسی، لە (١٩٢٤/١٢/٢٠) ز داو لەگەڵ ئامیرلیوا خالید بەگی، هەموویان پێکرا درابوونە دادگای سەربازی لە بتلیس. وجێگری والیی بتلیس، سەرکردەی لەشکر، پێشەکی رێگای فێڵی گرتبووە بەرو حاجی مووسا بەگی سەربەست کردبوو، چەند کەسی دیکەشی بەردابوو، بەو شێوەیە دانیشتوانی ناوچەکانی موش، بتلیس و هیزانی دڵنیا کردبوو.

لە دادگای سەربازی بە پێویستیان زانی بوو کە لێکۆڵینەوە لەگەڵ شێخ سەعید و خالید بەگی هەسەنانی بکەن، بەڵام هەر چەندە داوایان دەکردن، ئەوان ئامادە نەدەبوون.

ئینجا لەبەر ئەوە خالید بەگی هەسەنانی لە پێش هەموو شتێ هێزێکی گەورەی کۆکردبۆوە، نیازی وابوو بۆ سەر بتلیس بخشێ و(دەست بەسەرەکان) سەر بەست بکا. لەو کاتەدا: کەرەم زەرکانی و کامیل جەبرانی لە گوندی کانی رەش و لە گۆڕەپانی بەفراوی-دا کۆبوونەوەیەکی ساز دەدەن و چاوەڕێی فەرمانی ئامیر لیوا خالیدی دەست بەسەر دەکەن کە رێگایان بدا لە زیندانەکە رزگاری بکەن، بەڵام ئامیر لیوا خالید بەگ، بە راستی نەدەزانی کە ئەو هێزانە هێرش بکەنە سەر بتلیس بۆ رزگار کردنی ئەو لە زینداندا.

بێینە لای شێخ سەعید: کە دیتبووی ناگونجێ لە گوندەکەی خۆی سولحاندا کە سەر بەناوچەی (خنس) بوو درێژە بە شۆڕش بدا، نیازی وابوو بچێتە ناو خێڵەکانی گەنج و دەراهێن لە ناوچەی زارا، چونکە تەریقەتی نەقشبەندی لەناو

ئەوانـە، زۆر بڵاوببۆوە بە تایبەتی لە نێوان خێڵەکانی ناوچەی زارا لەبەر هەندێ لە (١٩٢٤/١٢/٣٠)دا لـە شـاری خـنس چـووە ناوچـەی شوشار و لە (١٩٢٥/١/١٢)ز دا چـووە ناوچـەی چەباکچـور و لـە (١٩٢٥/١/١٥)ز دا گەیشـتە ناوەڕاسـتی شـاری دەراهیـنی. هــەروەکو گوتمــان لــە ناوچــەی زارادا تەریقــەتی نەقشـبەندی زۆر بڵاوبـبۆوە، هـەروەها دانیشـتوانی ئـەو ناوچـەش زۆر لەکۆنـەوە رکیـان لـە رژێمـی تورکیـا دەبێـتەوە، ئیتر لەبەر ئەوە زۆریان سەربەخۆ لەگەڵ کاروانی شێخ سەعید کەوتبوون.

ئیـنجا شـێخ سـەعید لـەو سـووڕانەوەیە، چووبووە ناوچەی لیجە و شارۆچکەی هـانی و ناوەڕاسـتی شـاری دیاربەکـر (٣٠) کیلومەترەش، درێژەی بە ڕێپێوانەکەی دابوو، تاکوو گەیشتبووە گوندی پیران.

رژێمـی تورکیـا: پـێ بـە پـێ چـاودێریی جووڵانەوەی شێخی دەکرد. بۆ ئەوەی رێگـا بـە شـێخ نـەدا هیـچ هێـزێ کـۆ بکاتـەوە. نـەك لـە گونـدی پـیران سـەر بەرز بکاتـەوە. ئامـانجی ئـەوە بوو هەر لە جێگای خۆی بیخنکێنێ و لە کۆڵی بکاتەوە. ئینجا کۆمەڵەیەك پۆلیسی رەوانە کرد بۆ (گوندی پیران) و داوای چەند کوردێکی[1] دەکرد کـە لەگـەڵ شـێخ-دا بـوون، دەسـت بەسەریان بکاو بیانگرێ. هەر چەندە شـێخ سـەعید نیـازی شـەڕکردنی نـەبوو، چـونکە بـە خۆ نەکەوتبوو، لەبەر هەندێ تکـای لـە سـەرۆکی پۆلیـس کـرد و گوتـبووی نـابێ کـەس ئازاری ئەو کوردانە بدا، نـەوەکو کـارێکی خـراپ روو دەدا. بـەڵام سـەرۆکی پۆلیـس فـەرمانی لـە رژێمـەوە وەرگرتـبوو، کە رێزی شێخ نەگرێ و هاوڕێیەکانی بڵاوبکاتەوە و دەست بەسەریان بکا.

((ئینجا لەبەر ئەو هۆیە بێ ئەوەی شیخ سەعید، ئارەزوو بکا: تفەنگ تەقی، لە (١٩٢٥/٢/٨) ز دا، عەبدولـڕەحیم-ی برای شێخ سەعید لەگەڵ سەرکردەی پۆلیس و پۆلیسـەکان، هـەر هـەموویان لـە ناوەڕاسـتی گونـدی پـیران کـوژران)) ولاشەیان کەوتە گۆڕێ.

---

[1] وادیـارە رژێمی تورکی، نیازی دەست بەسەرکردنی ئەو شۆڕشگێڕانەبووە کە لەو رێپێوانەدا لەگەڵ شێخی-دا بووینە- وەرگێڕ

چونکه هێشتا شێخ ڕێکخراوی پێشمەرگە و دەزگایەکی شۆڕشی دانەمەزراندبوو، بە پێویستی زانی، کارەساتەکە هەر لە جێگای خۆی بە جێ بێڵێ و پەرەی پێ نەدا. لەبەر ئەم هۆیە بڕیاری دا دێی پیران بە جێ بێڵێ و دووبارە بە ڕێگای **هانی**-دا بگەڕێتەوە، ناوچەکانی **گەنج و دەراهینی.**

بەلاّم کوردی **هانی** لەگەڵ بیستنی ڕووداوەکە و پێشی گەیشتنی (شێخ سەعید)، ئالاّی شۆڕشیان بەرز کردەوە و پۆلیس و فەرمانبەرانیان بە دیل گرت. ئینجا کار لە کار ترازا، شێخ سەعید-یش کە ئەوهای دیت گوتبووی: قەدەر ئەوها بووە. بەو شێوەیە بە ناچاری سەرپەرشتیی شۆڕشێکی زگماکی خستبووە سەر شانی خۆی و دەستی بە چالاکی و کۆکردنەوەی لەشکر کرد.

لە (١٩٢٥/٢/١٤) ز، شاری دەراهینی داگیرکراو پارێزگار و فەرمانبەرانی تورك بە دیل گیران و سەرۆکی خێڵی مودان: فەقی حەسەن کرابووە پارێزگاری دەراهینی و بە پەلە یاسایەك بلاّوکرایەوە، بە پێی ئەو یاسایە شاری دەراهینی کرابووە ناوەڕاستی ڕژێمی کاتیی کوردستان و هەر کوردێك (نیشانەی موجاهیدی) [1] وەرگرت و شێخ سەعید، بووە نوێنەری مادی و مەعنەویی گشت هێزێك و ناسناوی (ئەمیر ئەل موجاهدین و نەقشبەندی)[2] ی بۆی دیاری کرابوو.

بە پێی ئەو (یاسایە)، هەموو (باج) و لەگەڵ سەربازە تورکەکان کە گیرابوون و ئەوانەی دەست بە سەر دەکرێن لە داهاتوودا، ڕەوانەی (دەراهین) دەکرێن. یاسایەکەش شێخ سەعید بە خۆی مۆری لەسەر کردبوو.

سەرەتای گۆڕەپانی جەنگ ئەو جێگایانە بوون:

خێڵەکانی (زازا) ی مستان و بۆتان ناوەڕاستی ناوچەی لیجەیان داگیر کرد و تابوورەکانی سەربازی تورکیا لە **(گەلی هینی)** دەست بەسەر کران، هەروەها هێزەکانی شێخ عەبدولڕەحیم- ی لە (١٩٢٥/٢/٢٩) ز دا ناوچەکانی:

ئەرغینی مەعدەنی و سیوەرەکیان داگیر کرد و هەندێ لە هێزەکانی کورد گەمارۆی شاری دیاربەکریان دابوو.

---

[1] شۆڕشگێڕ-وەرگێڕ

[2] سەرکردەی شۆڕشگێڕان و نەقشبەندی- وەرگێڕ

ئـەو هێـزانەی کـورد کـە گـەمارۆی دیاربەکـریان دابـوو داوایـان لـەکازم پاشـا، لێکۆڵـەرەوە و لـە مورسـەل پاشـای سـەرکردەی گشـتیی لەشـکر دەکرد کە شاری دیاربەکـر بـە بـێ مـەرج و پـەیمان بدەنـە دەسـت کـوردان و لـە پـاش پێـنج ڕۆژ گـەمارۆدان: لـە (١٩٢٥/٣/٢) زاییـندا: هێرشـێکی گـەورە دەسـتی پـێ کرد بۆسەر شـارەکە. ئیـدی شۆرشـگێڕانی کـورد لـە شەڕەکانی دەورەی شار بە سەرکەوتن و لەگەڵ لەشکری تورکیا پێکدادانێکی خوێناوی دەستی پێ کرد.

هـەر لـەو کاتەدا لەشکرێکی گەورەی تورکیا هێرشی بردە سەر شاری ماردین و ناوچـەی سیوەرەك، لە پاش شەڕێکی دژوار، لە (١٩٢٥/٣/٢٧) ز دا لەشکری کورد بە ناچاری گەڕانەوە دواوە.

II

شـێخەکانی چـام، (موسـتەفا و ئیـبراهیم) لـە (١٩٢٥/٢/١٧) ز دا ناوچـەی **(چـام)یـان** داگـیر کـردو شـێخ حەسـەن کـرایە قایمقامی ناوچەی چام و هەر ئەوان هێزان دەستیان لە سەر **ڤارتۆ** داناو دەوروبەری دەستەڵاتی خۆیان فراوان کرد.

لەبـەر ئـەوەی لەشکری ٨ی تورکیا هێرشی بردە سەر کوردان، بەڵام جێگایەکە زۆر سەخت و دژوار بوو، لەشکری تورکیا تووشی مەکۆی کوردان بۆوە، لەو کاتەدا خێـڵەکانی: **هورمـەك و لۆلانـی** کـورد، لـە ناوچەکانی: **کاریر و ڤارتۆ** لە پشتەوە ڕا هێرشیان بردبووە سەر هێزەکانی کورد و هاوکاریی دوژمنیان کردبوو، بەو شێوەیە لەشکری تورکیا لە بۆسەکە ڕزگاری ببوو.

III

هێـزەکانی خـالید بـەگی هەسەنانی، ناوچەکانی: **سولهان، ڤارتۆ، مەلەزگەرت و دەوروبـەری شـاری موشـیان** بـە تـەواوی داگـیر کـردو بـەرەو شـاری ئـەرزڕۆم دەڕۆیشـتن، لـە لایـەکی دیکەشەوە هێرشیان بردبووە سەر ئاگری و بتلیس، بە بێ ڕاوەسـتان لـە (١٩٢٥/٢/١٩) ز دا لە چیای **شەرەفەددین** ئاودیو بوون و لە دەشتی بەفرین دابەزی بوون.

ئینجا خالید بەگ لەگەڵ ئەو هێزە گەورەیەی کۆی کردبۆوە لە (١٩٢٥/٣/١٩) ز دا هەڵمەتی بردە سەر شاری موش و هەر لەو کاتەشدا زانی بوویان کە خالید بەگی جەبرانی لەگەڵ یوسوف زیا لە بتلیس لە سێدارە درابوون.

لەو کاتەدا کوردان ئەو هەواڵە ناخۆشەیان پێ گەیشتبوو لە (١٩٢٥/٣/٢٣) ز دا، لە شەڕێکی دژواردا بوون لەگەڵ هێزەکانی (٩ و ١٢) ی تورکیا لە کەندی جوی. لە ئەنجامدا هێزەکانی تورکیا هەندێکیان لە ناوچوون و هەندێکشیان بە دیل گیرابوون، بەڵام سەرکردەی لەشکری هەشتەم، عوسمان پاشا بە هاوکاریی سەرۆکی خێڵی هورمەکی روو رەش دووبارە هێرشی کردبووە سەر کوردان و سەرکەوتنێکی بە دەستهێنابوو.

لە (١٩٢٥/٤/٨) ز دا لەشکری هەشتەمی تورکیا لە ئەرزرۆمەوە بە ڕێ کەوتبوو، بۆ گۆڕەپانی جەنگ و سەرۆکی خێڵەکانی کورد لە دەورووبەری بتلیس لەگەڵ خێڵەکانی هۆرمەك و لۆلان لە ناوچەی ڤارتۆ لە پشتەوەڕا لە شۆڕشگێڕانی کوردیان دەداو هاوکارییان لەگەڵ هێزەکانی دوژمن دەکرد، لەبەر ئەم هۆیە شۆڕشگێڕانی کورد بە ناچاری کشابوونەوە و ئیدی ناوی خێڵەکانی هورمەك و لۆلان لە مێژووی کورد دا، بە روو رەشی کەوتە سەر زارو پێی ناودێر بوون. چونکە بە ناوی دوژمنداری لە پشتەوە لە خێڵەکانی جەبران و هەسەنیانیان دا و هاوکاریی دوژمنیان کرد و بوونە هۆی شکستێکی گەورەی هاوڕەگەکانی خۆیان.

عوسمان پاشا: بە پێشڕەوی خێڵی هورمەك، لیوای (٣٤)ی بە سەرۆکایەتی تەلعەت رەوانەی مەلەزگەرت کردبوو، خێڵە خۆفرۆشەکانی ناوچەی شێروان و خێڵی لۆلان و خێڵی موتکانی بتلیسی، هەموویان لێکڕا چوونە هاواری دوژمن و هاوکارییان لەگەڵدا کردبوون، لەبەر هەندێ شەڕێکی زۆر سەخت لە نێوان هەردوو لایاندا بەرپابوو، لەئاکامدا هێزەکانی خالید بەگی هەسەنانی و عەلی رەزا بەرەو رۆژهەڵات کشابوونەوە.

راست لەوکاتەدا، هێزەکانی تورکیا کە لە کەرەکۆسە بوون، بە یاریدەی خێڵەکانی حەیدەران و ئەدیمانی کورد و بە هاوکاری، بە تایبەتی یوسف خۆ فرۆشی دانیشتووی مورادیە، شەڕێکی خوێناوییان دامەزراند، ئینجا خالید بەگی

هەسـەنانی لەگـەڵ هاوڕێیـەكانی بـە ناچـاری كشـانەوە ئێـران و بـە پەناهـەندەیی چووبوونە ناوچەی ماكۆ.

ڕژێمـی ئێـران پێی خۆش نەبوو، بە هێزێكی گەورەوە، پێشی لێ گرتن و لەگەڵ پەناهـەندە كوردەكـان لێـك دانێكـی خوێـناویی بـەرپا كردو لە ئەنجامیدا قایمقامی ناوچـەی مـاكۆ و شەمسـەدین – ی كـوڕی خـالید بـەگ و عەباسەدینی كوڕی شێخ سـەعید و كـەرەم –ی سـەرۆكی خێڵی زەرگان و لەگەڵ هاوڕێیەكی زۆریان و چەند سەربازێكی ئێرانی لەو شەڕەدا كوژرا بوون.

ئینجا خالید بەگ و عەلی ڕەزا، لە پاش شەڕەكەی ماكۆ بەناچاری پەنایان بردە بەر سمكۆ[1] كە سەركردەیەكی كورد بوو.

لـە سـەرەتای بـەهاری (١٩٢٦) ز دا خالید بەگ گەڕابۆوە مەلەزگەرت بە نیازی ئـەوەی دووبـارە دەست بكاتەوە بە شۆڕش و چەند شەڕێكی سەركەوتووی لەگەڵ توركـان كـردبوو، بـەلاَم شـەوێكی لـە كـاتی سانەوەی لە گوندی شێخ شێروان، لە شـكری توركیـا بـەهاوكاری و ڕێبەریی چەند سەرۆك خێڵێكی كورد، گەمارۆی شێخ شـێروانی داو خـالید بـەگ دەسـت بەسـەر كـراو لـە (١٩٢٦/٧/٣١) ز دا لەشـاری دیاربەكـر لە سەری درا. چونكە لە مێژووی شۆڕشی ئازادیی كورد دا ماكێكی ڕوون و پڕشـنگی بـە خوێـن بەخشـین و كۆچـی دوایـی بەجێ هێشت. لە پێش یادی ئەو كوردە سەر بەرزە بەڕێزەوە دەچەمێینەوە.

IV

شـێخ شـەریفی گۆكـدەری لەگـەڵ هێـزەكانی یـادۆی، دەسـتی بەسـەر ناوچەی پـالودا گـرت و بـەهاوكاریی خێـڵەكانی دیكە لە (١٩٢٥/٣/٥) ز دا شاری ئەلازیزیان داگـیر كـردو دانیشـتوانی شـاری ئەلازیـز هـەر هەموویان لەگەڵ شۆڕشگێڕانی كورد (موجـاهیدی كـوردی) كەوتـبوون و شـێخ شـەریف سـەركردەی لەشكری كورد، لە گونـدی حوسـەینیك–دا لـە مـاڵی حەسـەن خەیـری دەرسیمی میوان بوو لە (٣/٦/ ١٩٢٥) ز دا چـووبووە ناوەڕاسـتی شـاری ئەلازیـز و موفـتی محەمـەد ئەفـەندی بە

[1] بە (سمكۆی شكاك) ناودێرە و هەردەم لەگەڵ ڕژێمی ئێران ناتەبا بوو و سەری بۆیان دانەدەهێنا–وەرگێڕ

پارێزگاری ئەلازیز دیاری کرد و ئەو بروسکەی خوارێی بۆ دەرسیم رەوانە کرد:

بە هۆی محەمەد ئەفەندی جەلال زادەوە، لە هۆزاتەوە بۆ گشت سەرۆك خێڵەکانی دەرسیم.

ئاسایش بپارێزن، لەو نزیکانە لەگەڵ دەستەك دێین بۆ دەرسیم، بەهیوای سەرکەوتن.

| | |
|---|---|
| ئەلازیز (٦/مارت/١٩٢٥) زایینی | نوێنەری پێشووی دەرسیم |
| سەرۆکی هێڵی جەنگی – ئەلازیز | حەسەن خەیری |
| شێخ شەریف | |

Hozatta Celal zade Mehmet efendi Vasıtasıyla[1]

Bilumum Dersim aşiretleri resasına

skneti muhafaza ediniz, yakında bir heyetle dersime gelacegiz, muvaffakiytler.

Elaziz-6/mart/1925

Elaziz Cephesi Kumandani

ŞEYH ŞERİF

Dersim mebus Sabıkı

HASAN HAYRİ

لەو کاتەدا لە کۆگەی چەك و فیشەکی دێی حوسەینیکدا گرمەیەکی گەورە ڕوویدا، لەبەرئەوە زۆر کەس لە دانیشتوانی گوندەکە کوژران، ئینجا ئەو ڕووداوە، بووە هۆی ناکۆکی لە نێوان سەرۆکی هێزەکانی کورددا، شێخ شەریف و یادۆ هەر چەندە هەوڵیان دا، لەناوەخۆیاندا چارەی ئەو گیروگرفتەیان پێ نەکرا.

کازم پاشا سوودی لەو هەلە وەرگرت و لەگەڵ هێزەکانی تورکیا لە مەلاٌتیاوە هێرشی کردە سەر ئەلازیز و دەستی بەسەر ڕێگای دیاربەکر–دا گرت. ئیدی هێزەکانی شێخ شەریف بەرەو پالو پاشەکشەیان کرد و پیاوماقوولاٌنی ئەلازیز، لە

---

[1] دەقی بروسکەکەم بە تورکی نووسیوەتەوە، چونکە بەڵگەیەکی مێژوویيە– وەرگێڕ

پێشدا، هاوکاریی هێزەکانی کوردیان دەکرد و ئێستاکەش یاریدەی لەشکری دوژمن دەدەن.

لە دەشتی پالو شەڕێکی سەخت کراو لە گەلی مەندو لە (٣/نیسانی/١٩٢٥) ز دا شۆڕشگێڕانی کورد لەشکری کازم پاشایان گەمارۆ دا. بەڵام چەند هێزێکی تورکیا گەیشتبوونە هاواریان و لەبەرئەوە لە (١٩٢٥/٤/٨) ز دا هێزەکانی کورد گەڕابوونەوە بەرەو چەباکچور و لێرەدا بەڕێبەری چەند کوردێکی خۆفرۆش، شێخ شەریف دەست بەسەر کرا.

هێزەکانی یادۆی زازا چوارچێوەی گەمارۆدانی لەشکری تورکیان شکاند و خۆیان گەیاندبووە چیایەکانی چەباکچور و لە بەرگری کردن بەردەوام بوون و تاوەکو سەرەتای ساڵی (١٩٢٧) ز و پاشان پەنایان بردە بەر سوریا.

هەرچەندە دانیشتوانی شاری ئەلازیز بەم دواییە یاریدەی لەشکری دوژمنیان دابوو، بەڵام کە لەشکری کورد شکا، بەبیانووی یاریدەدانی کوردان، گەورە پیاوانی ئەلازیز درانە دادگا و رۆشنبیرەکانیش بۆ شارەکانی رۆژئاوای تورکیا ئاوارە کران.

تورکەکان بەیارمەتیی عەلی سائب و هەڤاڵەکانی و مەزهەر موفید و سورەییا لە خەرپوت چوارسەد لاوی کوردی پابۆ و چەباکچوریان بە سێدارەوە هەڵواسی. ئەو کارەساتە یەك بوو لە هەزاران تاوانی رژێمی تورکیای مەدەنی..!! بەم شێوەیە خەرپوت بووە کانگەی گۆڕستانی قوربانییەکانی کوردستان.

V

هێزەکانی شێخ سەعید و شێخ عەبدوڵای مەلکانی، لە دەڤەرەکانی سولهان لە (١٩٢٥/٤/٣) ز دا لەگەڵ لەشکری هەشتی تورکیا شەڕێکی سەختیان دەکرد.

شەڕەکە بەرەو گۆڕەپانی کەران[1] دەچووە پێش، سەرکردەی لیوای (٣٥) لە فرقەی (١٢)، لە لەگەڵ هێزی خێڵەکانی هورمەك و لۆلانی خۆفرۆش،

---

[1] جێگایەکە لەو ناوچەدا لە کوردستان پێی دەڵێن تەرجان (Tercan)یان مەیدانی کەران (Eşek Meydanı)– وەرگێڕ

بەسەرۆکایەتیی قایمقام گالیب لە گەرمەی شەڕدا بوون.

لەگەڵ هێزەکانی کوردان لە نێو شاخەکانی شەڕەفەدین و هێزەکانی فرقەی (١٢) دوازدە لە پشتەوە گەمارۆی ڕێبازی بۆغالآن یان دابوو. هەروەها لەشکرەکانی تورکیا لە باشوورەوە ڕا هاتنە پێش لە (١٩٢٥/٤/٦) ز دا گەمارۆی شاری دەراهینیان دا.

هێزەکانی شێخ سەعیدی پیران، لە ڕێبازی بۆغالآن، لەشکری دوژمنیان شکاند و لە (١٩٢٥/٤/٢٤) ز دا گەیشتبوونە پردی موراد لە دەشتی موش و شەڕێکی خوێناوییان لەگەڵ لیوای (٣٤) ی تورکیا کردبوو لە ڕاست بە راستی ڤارتۆ و پاشان کشابوونەوە دواوە.

شێخ سەعیدی پیران نیازی وابوو، لە ناوچەی دیریك– را بچێتە ڤارتۆ و لە پردی عەبدولڕەحمان بپەڕێتەوە و بە بولآنك–دا بڕوا بۆ ئێران. بەلآم ئەفسەرێکی کورد، قاسم جەبرانی خۆفرۆش هەر چەندە لەگەڵ شێخ بوو بە سانایی بە گرتنی دا، چونکە لەبنەوە هاوکاری دوژمن بوو، بەسەر مەکۆی تورکاندا چووبوون و قاسم جەبرانی تاوانبار هەرچەندە خۆی سەرکردەی پاسەوانەکان بوو دەستی هەڵنەهێنابوو، لە پێش هەمووان چەکی فرێدابوو. بەو شێوەیە شێخ سەعیدی پیران و هاوڕێکانی:

شێخ سەعیدی پیران، شێخ ئیسماعیل، شێخ عەبدولآ مەلکانی، ئیبراهیم، حوسین، حاجی خالید بوغلآنی، محەمەد هونتۆ جەبرانی، ڕەشید. لە ئەنجامی تاوانی قاسم جەبرانی–دا، لەسەر پردی عەبدولڕەحمان پاشا لە ناوچەی ڤارتۆ لە لایەن لەشکری دوژمنەوە دەست بەسەر کران.

لەو سەردەمەدا هەر چەند هێزەکانی شێخ سەعید شەڕێکی مەردانەیان دەکرد، بەلآم لەبەر لەشکری زۆرو زەوەندی دوژمن و دروستی کەرستەی سەربازی دەستە بە دەستە هەر بەشەڕکردن خۆیان گەیاندبووە ناو شاخە بەرزەکان و لە (٤/٢٧/ ١٩٢٥) ز دا، لە جێگایە سەختەکاندا سەنگەری بەرگرییان دامەزراند بوو.

لێرەشدا دەڵێن گیراوە شۆڕشگێڕەکانی کورد کە هێنابوویانە ناوچەی ڤارتۆ، عوسمان پاشا بە هۆی یەك فرقەی سەربازییەوە، ڕەوانەی کردن بۆ چەباکچور و

لەوێشەوە بۆ دیاربەکر ڕەوانە کرابوون و درابوونە دادگای سەربازی.

لەو کاتەدا خێڵەکانی:

**فەنجیناران، ڕەشی کوتان لە گەرزاندا**، لە دژی ڕژێمی تورکیا هەڵسابوونەوە و لە سەر پردی باتمان دوو لیوا سەربازیان بە تەواوی لە ناو بردبوو. لەبەر هەندێ فرقەی دووەم بە سەرکردایەتیی کازم پاشا و فرقەی ١٢ و ٤٨، بە سەرکردایەتیی جەمیل جاهید هاتبوونە گۆڕەپانی جەنگ. لەبەر ئەوەی شۆڕشگێڕانی کورد، یاریدەیان لە هیچ لایەکەوە بۆ نەدەهات، بە ناچاری کشانەوە ناو شاخەکان و زۆریان پەنایان بردە بەر سوریا و هەندێکیش ئاودیوی عێراق بوون.

لەم سۆنگەیەوە هەموو کوردێ بەرانبەر بە تاوانی ڕژێمی تورکیا دڵپڕبوون، چونکە لە ئەنەدۆڵ– ڕا لەشکری ڕەوانەی کوردستان دەکرد بۆ لەناو بردنی نەتەوەی کورد و شەڕی خوێناوی، شەڕی مان و نەمانی، لەگەڵ کوردان دەکرد، ئینجا هەر کوردێك خۆی ناسی بێ و لە شۆڕشی ڕزگاریی نەتەوەی کورددا، هاوکاریی لەگەڵ داخوازییەکانی نیشتمانیدا کردبێ، ئەوا قەردی شەرەفە لەسەری و بەجێی هێناوە. ئەگەر چی تاقمێ سەرۆکی تاوانبار لەگەڵ چەند شێخێك بە نیازی سوودێکی کاتی و بە چاوشۆڕی هاوکارییان لەگەڵ دوژمندا کردبوو، لە هەر لایەکەوە شۆڕشی شێخ سەعیدی نەمری کوردیان تووشی نسکۆ کردبوو.

تورکەکان لە درۆ و دەلەسە کردن زۆر ئازان، هەستی مرۆڤایەتی هەموو جیهانیان شێواند و شۆڕشی ئازادیی کوردیان بە جووڵانەوەیەکی چەتەگەری و ڕێگری بە جیهان ڕادەگەیاند.

پێویستە بزانین کە نەتەوەکانی رووس لە راست مافی نەتەوایەتیی کورددا خۆیان نەبان کرد و هیچ هاوکارییەکی کوردیان نەکردو دەستی یارمەتییان بۆ درێژ نەکرد.

ئەو وڵاتانەی ناوی شارستانییان لە خۆیان نابوو بە چاوێکی سەیر، تەماشای دابەش کردن و لە ناو بردنی کوردی بێکەسیان دەکرد.

لە لایەکی دیکەشەوە وڵاتە شارستانییەکان هیچ درێغییان نەدەکرد، لە یاریدەدانی ئەو بە کۆمەڵ کوشتنەی کوردو بە هەر جۆرە کەرستەیەکی سەربازی.

کەچی خۆشیان بەبێ لایەن پیشان دەدا!!

رژێمی تورکیا بەهۆی هێڵی ئاسنیی فرنسییەوە، کەرەستە و سەربازی بەناو خاکی سوریادا بۆ دامرکاندنەوەی ئاگری شۆڕشی کورد رەوانەی کوردستان دەکرد، تورکەکان بەو شێوەیە دیاربەکریان لە دەست شۆڕشگێڕان دەرهێناو دادگای سەربازییان تێدا دامەزراند.

بە بیانووی شۆڕشی شێخ سەعیدی نەمرەوە، رژێمی تورکیا ئەو کوردانەی لە خوارێ ناویان نووسراوە دەست بەسەر کرد و رەوانەی دادگای سەربازی کردن:

**سەید عەبدولقادر: سەرۆکی پێشووی کۆمەڵەی تەعالی–ی کوردستان لە ئەستەنبۆڵ و سەرۆکی ئەنجومەنی شوورای تورکیا، سەید محەمەد کوڕی سەید عەبدولقادر، سەعدی پالوی، کەمال فەوزی پارێزەر لە بتلیس و دکتۆر فوئاد دیار بەکری.**

چەندی کوردێکی دیکەی پاك درابوونە دادگا لە دیاربەکر و هەر هەموویان بە سێدارەوە هەڵواسران و خوێنی پاکیان بە خاکی کوردستان بەخشی.

هەر لەو سەردەمەدا شێخ سەعیدی نەمر لەگەڵ (٤٧) چل و حەفت سەرۆك خێڵی تێکۆشەر لە (٤/ئەیلول/ ١٩٢٥) زدا لە دیاربەکر لە سێدارە دران و ئەوانیش گیانی پاکیان بە خاکی کوردستان سپارد، تەنها قاسم جەبرانی نەبێ، چونکە لە بنەڕەتەوە دەستی لەگەڵ دوژمن تێکەڵاو کردبوو، پارچەیەك زەوییان لە ئەنەدۆڵ بەرانبەر بەو هاوکارییەی کە لەگەڵ تورکانی کردبوو پێ بەخشی. هەر بەهۆی ئەم شۆڕشەوە، کوڕانی جەمیل پاشای دیاربەکری، دەست بەسەر کران:

**قەدری، ئەکرەم، مەمدوح، محیەدین، ئەحمەد و چەندان رۆشنبیری دیکەی کورد بەناوی تاوانبارییەوە درانە دادگا و لەوانە هەندێکیان بارتەقای سەنگایی خۆیان زێڕیان دا، ئینجا بەر دران، تەنها ئەکرەم نەبێ کە (١٥) پازدە ساڵ** فەرمانی بەندیخانەی بۆ بڕایەوە و رەوانەی زیندانی **کەستەمون** کرا.

لێرەشدا پێویستە بڵێین، کە دادگای سەربازی لەشاری خنس بە سەدان لاوی کوردی لە سێدارەدا.

VI

چەند مانگێ دوای لە سێدارەدانی خوالێخۆشبوو شێخ سەعید، ئینجا کڕی سەرۆکەکانی دیکەی کورد هات، بە تایبەتی ئەوانەی، هاریکاریی شێخیان کردبوو، لە دژی لەشکری تورکیا، لە پێشدا بۆ ئەنەدۆڵ و پاشان بۆ شارەکانی رۆژئاوای تورکیایان، رەوانە کردن.

لە هەر لایەکی کوردستاندا فەرمانی بە کۆمەڵ کوشتنی کوردان دەدرا، رژێمی کۆماری تورکیا بە بەرچاوی جیهانی شارستانی (مەدەنی)یەوە..! کوردی بێکەسی لە خاکی خۆیدا لە ناو دەبرد و کوردستانی چۆڵ دەکرد، لە جێگایاندا تورکی تێدا جێنشین دەکرد.

هێشتا لاوی چەك بە دەستی کورد، لە شاخەکان زۆر مابوون هەروەکو:

**نوح ــ ی برای حاجی موسا** کە سەرۆك خێڵێ بوو لە چیایەکانی موش، ئۆمەر ماهی سەرۆکی خێڵی مستان لە چیایەکانی چەباکچور، محەمەد عەلی یونس لە چیایەکانی ساسۆن، بەرخۆ لە سەرۆکەکانی خێڵی جەلالی لە چیای ئاگری. ئەوانە هێشتا هەر لە ژێر ئالآی شۆرشی کوردستان و لە شاخەکاندا شەڕیان لەگەڵ دوژمندا دەکرد.

VII

لە سەردەمی ئەو شۆڕشە گەورەیەی کوردستاندا، باری دەرسیم چۆن بوو؟

حەسەن خەیری ئەندامی پارتی تەرەقیپەروەری کۆماری تورکیا و نوێنەری دەرسیم، لە دژی موستەفا کەمال لە ساڵی (١٩٢٤) ز دا، پەنای بردبووە بەر سەید رەزای دەرسیمی، هەروەکو لە پێشدا ئاماژەمان پێدا، ئەو پیاوە لە ساڵی (١٩٢٥) ز دا بە هۆی سەرکردەی لەشکری تورکیاوە لە ئەلازیز جێنشین بوو، کە هێزەکانی کورد گەیشتنە ئەلازیز، حەسەن خەیری هاوکاریی لەگەڵدا کردبوون، هەر چەندە رژێم دەست بەسەری کردبوو، بەڵام لەبەر رێز لێنانی دەرسیمییان زوو بەری دابوو و لە سەر بەڵێنی سەرۆکی لەشکر، نورەدین پاشا هەر لە ئەلازیز مایەوەو نەگەڕایەوە دەرسیم، هەرچەندە سەید رەزاش داوای لێ کرد کە بگەڕێتەوە

دەرسیم، هەردەم هەوڵی دەدا کەوا بکا دەرسیمی ئاسایش بپارێزن.

حەسەن خەیری لەخێزانی **گانگۆ** و لە دەمڕاست و سەرۆکەکانی خێڵی کەرەبال بوو، تاڕادەیەك قسەی لەناو خێڵەکانی دیکەشدا دەڕۆیشت، لەو کاتە حەسەن خەیری لەگەڵ شێخ شەریف پێکەوە بروسکەیان بۆ دەرسیم ڕەوانە کرد، تورکەکان خۆیان لە هێڵی شەڕی ئەرزینجان–ئەلازیز بەرانبەر بە دەرسیم ئامادەکردبوو.

سەید ڕەزا بەتەمابوو هێزەکانی شێخ شەریف کە ئەلازیزیان داگیر کردبوو، هێرش بکەنە سەر مەلاتیا و خۆشی نیازی وابوو لەگەڵ هێزەکانی ئەرزینجان و کۆچکیریدا هێرش ببەنە سەر سیواس، ئینجا ورد بوونەوەی کوردان لێرەدا ڕاوەستێ:

لە سنوری جەنگی مەلاتیا– سیوەرەك، لەشکری پێنجەم بەرەو ئەلازیز دەخشێ و پەلاماری کوردان دەدا. گەورە پیاوانی ئەلازیز بە درۆی کازم پاشای سەر لەشکری دوژمن لە خشتە چووبوون، هەروەها هێزەکانی ئوهیلی نەجیب ئاغای، سەرۆکی خێڵی شادان، بە هاندانی حوسێن دۆغان دەدەیی[1] کە ئەوکاتە لە ئەلازیز بووە لەگەڵ خێڵەکانی ڕۆژ هەڵاتی دەرسیم کە لەگەڵ ناوچەی پالو هاوسنوورن وەکو:

خێڵەکانی هیران، لۆلان، ئیزۆڵان و سۆران. ئەوانە لە لای پشتەوە، بە توندی پەلاماری هێزەکانی شێخ شەریفیان دەدا و هاوکارییان لەگەڵ هێزەکانی دوژمندا دەکرد.

هەر لەبەر ئەوە، هێزەکانی کورد لە (١/٤/١٩٢٥) ز دا بە ناچاری بەرەو پالو گەڕانەوە.

لەوکاتە ڕژێمی تورکیا پڕی نەدەدایە دەرسیم چونکە لەو دەمەدا تەنها مەبەست و نیازی ئەوەبوو دەرسیم ڕازی بکا و لەناوبردنی دەرسیمی بۆ چەل و هەلێکی دیکە هەڵگرتبوو، خێڵەکانی دەرسیم ئاگاداری ئەو ڕێ و شوێنەی تورکان نەبوون، تەنها سەربەستیی ناوەخۆیان بە کارێکی باش دەزانی.

---

[1] لە ڕووی ئایینەوە بە ڕەهبەری خێڵەکانی ناسرابوو–وەرگێڕ

بەداخـەوە، سوپاکانی دوژمن سەلەبەری کوردستانیان داگیرکردبوو، دەرسیمی بەسـەیرەوە سـەرنجیان دابـووە، ڕاونـان و دەرکـردن و کوشـتن و بڕیـنی کـوردان، نەشیان دەزانی کە رۆژی ئاوارەبوونی خۆشیان لە دەست دوژمن نزیك بۆتەوە.

ئـەو نەخشـەیەی کـە دوژمن، دای مەزراندبوو، بۆ لەناو بردنی نەتەوەی کورد و کوردستان، دژوارترین ڕێگاو شوێن بوو لە دژی نەتەوەی کورد بەکار دەهێنا.

لـە دوای ئـەوەی کـە ئـەو نەخشـەیەی لەسـەرەوە باسمـان لێ کـرد، لەهـەموو ناوچـەکانی کوردسـتاندا جـێ بـەجێ کـرا، لـە دەرسـیم نـەبێ، موستەفا کەمال بە فـەرمانێك حەسـەن خەیـری و جـەلال محەمـەدی بـرازای دەسـت بەسـەر کـرد و دەمودەست لە ئەلازیز لە سێدارە دران. هەر ئەو رۆژە لەشکری تورکیا لە سنووری دەرسـیم تەگبیری پاراسـتنی خـۆی کردبوو، بەلاّم دەرسیمییەکان لە سێدارەدانی ئەو کوردانەی بە خوێنێکی ساردەوە وەرگرت.

لـە کـاتی دادگـایی کـردنی ئـەو دوو ڕۆشـنبیرە کـوردەدا! سـەرۆکی دادگـای سـەربازی، عـەلی سـائب لـە حەسـەن خەیـری–ی پرسـی بـوو **((ئایا ئەو کاتەی بە بـەرگی کوردییـەوە چـووبوویە ئەنجومـەنی ئەنقەرە، کوردایەتیت دەکرد یان نا؟))** حەسـەن خەیـری وەلاّمـی دابـۆوە: ((بـە فـەرمانی موسـتەفا کـەمال پاشا، بەرگی کوردیـم لەبـەر کـردبوو و بروسـکەی بـۆ کۆنفرانسی لۆزان کردبوو کە کوردەکان لە تورکیا جودا نابنەوە)) .

بـەم شـێوەیە حەسەن خەیری داکۆکیی لە خۆی کردبوو، بەلاّم بێ هوودە بوو، چـونکە بـە کـوردی لـە دایك بـبوو، لەبەرئەمـە پێشـوەخت بـڕیاری لەسێدارەدانی درابوو.

## گفتوگۆیەکی مێژوویی

لـە کـاتی خۆیـدا، لـە نێـوان مـن و خوالێخۆشـبوو حەسـەن خەیـری وتووێژێـك روویـدا. ئێسـتاکە لەبـەر گـرنگیی مێژوویـی و بـەو مەبەسـتەی ببێـتە پـەند بـۆ هاوڕەگەکانی خۆم وا لە خوارێ دەیگێڕمەوە!

لەسـاڵی (١٩٢٤) ز دا خوالێخۆشـبوو حەسـەن خەیـری لـە دەرسیم لەلای سەید

رەزا پەناهەندە بوو، هەروەكو لە لاپەڕەكانی پێشوودا باسم كردووە. لەو كاتەدا سەرۆك خێڵەكانی دەرسیم و من و حەسەن خەیری لەماڵی جەمشیدی سەرۆكی خێڵی فەرهادان لە هۆزات كۆببووینەوە، حەسەن خەیری دەستی بە قسە كردو گوتی: ((لە كۆنفرانسی مەسەلەتی لۆزان لە كاتی باس كردنی پەیمانی سیڤەردا، پرسیارێكیان بە بیرهاتبۆوە، كە ئایا كوردەكان دەیانەوێ لە توركان جودا ببنەوە یان نا)) ..؟

ئینجا ئەو لایانە لە بابەت ئەو پرسیارە، بروسكەیان بۆ ئەنجومەنی گەورەی نەتەوەیی لە ئەنقەرە كرد بوو كە ئەو كێشەیە روون بكاتەوە. لەبەرئەمە موستەفا كەمال كۆبوونەوەیەكی نەهێنیی لەگەڵ نوێنەرانی كورد كردو لەو بارەوە داوای وەلامی لێ كردبوون، ئینجا من (واتە حەسەن خەیری) دەستم بە قسە كرد و گوتم: بە هیچ جۆرێ كورد نایەوێ لە توركان جودا بێتەوە، هەروەها هەولێشم دا ئەو قسانەم لە لایەن حەزرەتی موعاوییە بە ژمارەی رووداوەكان لەمێژوودا بە ڕاست بخەم و باوەڕی پێ بێنم.

موستەفا كەمال[1] ئەو قسانەی منی زۆر پێ خۆش بوو و لەخۆشییان پێی لە زەمین دەدا و چەپڵەی بۆ لێدەدام و رۆژی پاشتر تكای لە من كرد، كە بە بەرگی كوردییەوە بچمە ئەنجومەن، لەبەرهەندێ من و هاوڕێكانم بە بەرگی كوردییەوە چووینە ئەنجومەن و بروسكەمان بۆ كۆنفرانسی لۆزان كرد. بەم شێوەیە بۆمان روون كردنەوە كە كوردان لە توركەكان جودا نابنەوە. ئینجا لە پاش ئەو قسانە بە شێوەیەكی سەیر سەرنجی منی دا و گوتی:

((دكتۆر نوری–ی برادەرم، چەند ساڵە خەریكی داواكردنی سەربەخۆیی كوردستانە، ئەو، داخوازییەكانی دەرسیم لەناو دەبا، دكتۆر نوری ــ م زۆر خۆش دەوێ، بەلام لە دژی هەڵوێستی ئەوم. ئێمە هاوكاری لەگەڵ توركاندا بكەین باشە، نەتەوەكەمان فێر بكەین و ئازادی و سەربەخۆیی دێت..هتد)) چەند قسەیەكی بەو شێوەیە كرد. منیش لە وەلامی ئەودا گوتم:

---

[1] موستەفا كەمال ئەو قسانەی حەسەن خەیری زۆر پێ خۆش بووە چونكە دەیزانی چۆن بە دوو وشە وازی لەهەموو مافی نیشتمانی خۆی هێنابوو، ئەگەر چی هەستی پێ نەكردبوو، بەلام گرانترین گورزی لە پشتەوە لە نەتەوەی خۆی وەشاندبوو

((بەڕێز خەیری بەگ، ئێستاکە تۆ نوێنەرێکی کوردی و لە تورکان دابڕاوی، چونکە ئەندامێکی پارتی تەرەقیپەروەری موستەفا کەمال لەتۆ پەست و دڵگیرە، هەر بەو ئومێدەشی، جارێکی دیکە ببیەوە نوێنەری پارتی تەرەقیپەروەر، بەڵام سەهوی، رۆژێ دێ کە ناتوانی ناوی کورد بێنی. ئێستاکە رژێمی تورکیا گلۆڵەی کەوتۆتە لێژی و لە نزمی داوە و بەڕووت پێدەکەنێ، چونکە خۆت کوردی و بەرگی کوردیشت پێ لەبەر دەکا. بەڵام کاتی خۆی دێ لەبەرکردنی بەرگی کوردی، بۆت بە تاوان دادەندرێ)) .

هەروەها گوتم: ((ئێمە پێویستە سوود لەو هەلە وەربگرین کە بە دەستمان کەوتووە، چیدیکە هاموشۆی تورکان نەکەین، بەڵکو بەو بروسکەیەی بۆ کۆنفرانسی مەسەڵەتی لۆزانت رەوانە کردووە، گۆڕی خۆت پێ هەڵکەندووە.. هتد!))

**چاو ترسان لە مەزەندە:**

لە دادگای سەربازیدا، یەکێ لەو پرسیارانەی کە لە خوالێخۆشبوو حەسەن خەیری–یان پرسی بوو ئەوە بوو:

((بۆچی لە ئەنجومەنی گەورەی نەتەوەیی لە ئەنقەرە بەرگی کوردیت لەبەر کردبوو..؟))

ئینجا ئەوەتە مێژوو گاڵتەی وەها سەیری هەیە، بە داخەوە حەسەن خەیری: خۆی تورکی نەناسی بوو، بەڵکو لە پاش بڕیاری لە سێدارەدانی، تورکانی ناسی، ئینجا مافی دابووە ئەو کەسانەی لە پێناوی نیشتماندا خوێنی خۆیان بەخشی بوو. چونکە لە پێش سێپای خنکاندن هاواری کردبوو ((بژی نەتەوەی کورد، ئەی خوێنبەخشانی کوردستان، ئەوا حەسەن خەیریش بەئێوەوە شاد دەبێ))

ئەی لاوی کورد، ئەوا رووێکی گرژ و بەترسی مێژووم بە تۆ پێشان دا، فێر بەو بزانە، کە لە جیهاندا بێ نرخترین شت، بەڵێن دانی شەرەفە لەلای تورکان.

## تورکەکان چۆن خۆیان بۆ لەناو بردنی دەرسیم

### سازو ئامادەکردبوو؟

**(١٩٢٦) زاینی**

هەموو کردەوەکانی رژێمی تورکیا وایان پێشان دەدا، کە رژێم ساڵی (١٩٢٦) ز دا خـۆی، بـۆ هێـرش کـردنە سـەر دەرسـیم کۆدەکاتـەوە، چـونکە بـە هەنجـەتی شۆڕشـی شـێخ سـەعید فـەرمانی لەسـەردانی کوردێکـی زۆری دابوو، لەبەر هەندێ سـەید رەزا گـەلێ تکـای کرد لە رژێمی ئەنقەرە کە فەرمانی لە سێدارەدانی کوردان رابگـرێ، بـەڵام ئـەو هەوڵدانە هیچ سوودێکی نەبوو، بەڵکو چین بە چین کوردانیان لەناو دەبردو بەردەوامیش بوون لەم کارەدا.

عـەلی جـەمال–ی والی–ی دیـار بەکـر بـۆ ئـەوەی گفتوگۆ لەگەڵ سەید رەزا بکا هاتـە دەرسـیم و کۆبوونەوەیـەکی لـە دێـی کەرەجە سازداو، دیتمان لە سەرەوەی مێـزی شـەراب خواردنـەوە[١] دانیشـتبوو، کۆمـەڵێ سـەید و دەروێشـی لە دەورەی خۆی کۆ کردبۆوە و دەستی بە قسە کردن کرد:

لێرەدا خۆی بە عەلەوی[٢] دانا، رێزی دەرسیمییانی زۆر گرت و بە قسەی خۆش هیچـی تێـدا نەهێشـتەوە. بەڵێـنی دا کە ئەو زەوی و زارەی لە پاش ئەرمەنییەکان بـەجێ مـابوون لـە ئەرزینجان و ئەلازیز بداتە دەرسیمییان و قوتابخانە لە دەرسیم بکاتـەوە، بـە مـەرجێ، جـۆری خوێـندن لەگـەڵ رەوشـتی دەرسـیمییاندا بگونجێ، لێرەدا گوتی کە لێبوردنی گشتی سەبارەت بە کۆچکێریان بەم زوانە دەردەچێ.

رۆژی پاشـتر عزەدین –ی لێکۆڵەرەوەی گشتی لە دیاربەکر و رەزای پارێزگاری ئەلازیـز پێکـەوە هاتـنە هـۆزات. عـەلی جـەمال بەو نیازە بوو ئێمە لەگەڵ عیزەدین پاشـا یـەکدی ببیـنین و گفـتوگۆ بکـەین. بـەڵام سـەید رەزا گومانی لە هاتنی وا لە هیکەوەی عزەدین پاشا بۆ دەرسیم هەبوو. لەبەر هەندێ لە دیدەنییەکە بە ئەنگەر بوو. ئینجا عەلی جەمال دەمانچەی لە باخەڵی خۆی دەرهێناو گوتی:

((ئـەو دەمانچـە لـە مـن وەربگرە و لە دووام برۆ، هەر کەسێ بە چاوێکی خراپ

[١] عەلی جەمال نیازی وابووە هەستی دەروونیان بریندار بکا، لەبەر ئەوە مێزی شەرابی دانابوو–وەرگێڕ

[٢] عـەلی جـەمال دەیزانی کە لەو کاتە تەریقەتی عەلەوی لەناو دەرسیمییان زۆر لە باودا بووە، لەبەر ئەوە خۆی بە عەلەوی دانابوو–وەرگێڕ

تەماشای کردی، بەو دەمانچەیە من بکوژە و بەڵێنی شەرەفت پێ دەدەم و شەرمەزارم مەکە)) .

ئینجا لەگەڵ سەید رەزا بەڵێنمان دا کە بۆ دیتنی عزەدین پاشا بچینە هۆزات، والی جەمال لەگەڵ ئێمەدا بوو کە گەیشتینە هۆزات، دەستەیەك سەرباز پێشوازی رەسمییان لە ئێمە کرد و راستەوخۆ ئێمەیان بردە لای عزەدین پاشا.

ئێمە بە بەرگی کوردی چووبووین و عزەدین پاشا پێی سەیربوو و گوتی ((ئێوە سەید رەزا و بەیتار نوری – ن)) ..؟ من ڕاست وەڵامم داوە، بەڵام سەید رەزا گوتی: ((من رەزای دەرسیمیمە، لە دەرسیم لە ژێر هەر دار چرۆیەکدا و لەسەر هەر لوتکەی شاخێکدا گەلی رەزا هەن. لەبەر ئەوەی لە کامە سەید رەزا دەپرسی، نازانم؟)) ئینجا عزەدین پاشا گوتی:

((ئەو سەید رەزایەی لە گوندی ئاغدات جێنشینە ئێوەن)). ئینجا بە درێژی دەستی بە ئاخافتن کرد لەگەڵ ئێمە و لە پاشان گوتی: عەلی جەمال دەبێتە والی– ی ئەلازیز و هەر پێویستییەکی دەرسیمی هەیانبێ بۆیان جێ بەجێ دەکاو ئیتر لە جیاتی موستەفا کەمال ڕایگەیاند کە هەواڵی گشت خێڵەکان دەپرسێ و لە پاش ئەو قسە خۆشانە، گوتی دەبێ من لەبەر پێویستی ئاسایی لە دەرسیم دەربچم و بچمە ئەلازیز دابنیشم و بەڵێنی دا کە هیچ پرسیار و وەڵامی بۆ من تێدا نییەو لەو زوانە بڕیارێکی تایبەتیش دەردەچێ.

سەید رەزا و عەلی شێر و من وتووێژ و تەگبیری خۆمان کرد، سەبارەت بە داوای دەرچوونی من لە دەرسیم، گەیشتینە ئەو ئەنجامەی کە سەید رەزا بەهیچ جۆرێ لە دەرسیم دەرناچێ و هەر لە دەرسیم دەمێنێتەوە و ناچێتە ئەلازیز.

بەڵام بڕیارمان دا کە من بچمە ئەلازیز، چونکە گەیشتینە ئەو بڕوایەی کە لە ئەلازیز زەرەر بە ژیانی من ناگا. ئینجا (٢٠) بیست ڕۆژ لە پاش ئەو بڕیارە، خێزانم لە دەرسیم بە جێ هێشت و بە تەنها چوومە ئەلازیز و میوانی والیی عەلی رەزا بووم.

لە پاش سێ رۆژان عەلی جەمال هاتە ئەلازیز و عەلی رەزاش بووە والی دیاربەکر. بەم شێوەیە جێ گۆڕکێیان پێ کرا.

**ئیبیش زەکی** پیاوێکی خەڵکی دەرسیمی ڕۆژهەلأت بوو، بۆ ئەوەی دۆست و برادەری خۆی بە والی بناسێنێ، چەند سەرۆك خێڵێکی هێنابووە دیدەنیی والی عەلیجەمال.

عەلی جەمال لە پێش هەموو شتێکدا، سەرۆك خێڵە گەورەکانی دەرسیمی ڕۆژهەلأتی هەڵبژاردبوو، بە ئەندامی ئەنجومەنی ئێکجاری شاری ئەلازیز و یەك لەوان **ئیبش زەکی** بوو. ئەمنیش ڕۆژ بە ڕۆژ ئەو کردەوانەم بە سەید ڕەزا ڕادەگەیاند و ئاگادارم دەکردەوە.

بە پێی یاسای جێنشین کردن نزیکەی دوو هەزار خێزانی دەرسیمی زەوییان لە دەشتی ئەلازیز پێ بەخشین. هەروەها بە ناوی ڕێزلێنان لە من، دێی **هولڤانك مانەستری** – یشیان بە من بەخشی، لێرەدا عەلی جەمال هەموو دەمێ هەوڵی دەدا، سەید ڕەزا بەهەر شێوەك بێ ڕابکێشینە ئەلازیز و لەلای خۆمەوە پێم ڕاگەیاند کە ناتوانێ بێتە ئەلازیز.

دەرسیمی ڕۆژهەلأت بە ڕاستی باوەڕیان کردبوو کە عەلی جەمال، عەلەوییەو لەپارەی نهێنیی ویلایەت، زۆرێکی بەدەرسیمییان دەبەخشی، بەو نیازە کە بۆ لای خۆی ڕایان بکێشێ و بە قسەی بکەن. جار وابوو دەیگوت ئەگەر ((ڕژێم بۆ داکاسانی دەرسیم، چەند لەشکر بنێرێ و چەند ملیۆن پارەی لە پێناودا بدۆڕینێ، ئەوا بە نیوەی ئەو پارەیە، داکاسانی ئاسایی چارەی دەکرێ و دەرسیم ڕزگار دەکەم و خۆشم دەپارێزم)) .

لەو کاتەدا سەید ڕەزا داوای دەکرد ، بۆ پێگەیاندنی مامۆستای زمانی کوردی قوتابخانە لە دەرسیم بکرێتەوە هەروەها چەند گەنجێکی کورد، لەسەر ئەرکی ڕژێم بۆ خوێندن ڕەوانەی ئەنقەرە، ئەستەنبۆل و ئەوروپا بکرێن. هەروەها پردی چاك لەسەر ڕووبارەکان دروست بکرێن و ڕێگا خۆش بکەن و چاودێریی کشتوکاڵ بکرێ. بەلأم هیوای عەلی جەمال لە بەدیهێنانی ئەو داوایانە گەلێ دوور بوو.

تاکە هیوای پارێزگاری ئەلازیز ئەوەبوو، دەرسیم سەرکوت بکاتەوە و نەهێڵی لە خەو هەڵبستێ، بەهەر جۆرێ بێ سەید ڕەزا و چەند گەورە پیاوی کورد لە دەرسیم بهێنێتە دەرەوە و لە پێشدا بۆ ئەلازیز و لە دوایشدا بۆ شارەکانی

رۆژئاوای تورکیا رەوانەیان بکا. بەو جۆرە سەرۆکەکان لە دەرسیم بە دوور بخاتەوە.

پارێزگار عەلی جەمال خۆپیشاندەرانیشی لە بیر نەکردبوو، بە تەمابوو کۆمەڵێ لە پیاوە گەورەکانی دەرسیم کۆ بکاتەوەو بیاننێرێتە ئەنقەرە بۆ سەردانی موستەفا کەمال بەناوی دەستەی رێز گرتن (هەیئەتی عەرزی تەعزیمات)، لەبەر ئەوە منی بانگ کردە دیوانی پارێزگا و تکای لێ کردم، کە بەیەکەوە بچینە دەرسیم. لەبەر ئەوە، منیش بەو هەنجەتە دەمتوانی برادەرانی دەرسیم ببینم، پێم خۆش بوو، ئیتر پێکەوە بۆ هۆزات بەڕێ کەوتین.

لەوێوە ئەمنی رەوانەکرد، بۆ دێی ئاغدات لە دوای سەید رەزا. خۆی نەیتوانی بێ و ئەمنی تێگەیاند کە لەبەرچی نایێ و پێشی خۆشبوو کەمن لەگەڵ دەستەی رێز گرتندا بچم، چونکە من بە بێ ئاگاداری رژێم نەمدەتوانی بچمە دەرسیم، لەو هەڵەدا لەگەڵ سەید رەزا لە بارەی هەموو داخوازییە نیشتمانییەکان لەگەڵ یەك وتووێژمان کردو ئینجا لە ئاغدات بە رێ کەوتم و گەڕامەوە.

لێرەشدا دەڵێین رەهبەری برازای سەید رەزا لەسەر دێیەك لەگەڵ سەید رەزای مامی ناخۆشییان هەبوو، ئیتر لەبەر ئەوە هەر هەلێکی بە دەست بکەوتبایە لە دژی مامی دەجوولاوە. کەزانی مامی لەگەڵ دەستەی ڕێز گرتن بۆ ئەنقەرە نایێ بە یارمەتیی ئیبش زەکی لەگەڵ سەرۆکی خێڵی بەختیاری یوسف و کەکۆ ئاغا لە باتی سەرۆکەکانی خێڵی ئەرسلانان و مەکسوودان هاتبوونە هۆزات، بەلاّم خێڵەکانی دیکەش وەلاّمی نەهاتنیان بۆ پارێزگار عەلی جەمال رەوانە کردبۆوە.

شەوێك لە شەوان پارێزگار مێزی خواردنەوەی رازاندبۆوە. خۆی کەمان و منیش باغلەمە لەسەر نزمی تەڕاوانێمان لێدەدا و(هوو، عالەم، هوو) نووزەنووزی دەکردو پێکەوە کاتی خواردنەوەمان ڕادەبوارد، لە هیکەوە هەروەکو پارێزگار شتێکی نەهێنی بە من بڵێ، چووە سەر باسی سەید رەزا و پرسی داخۆ لەبەرچی نەهات. ئینجا گوتی: لە سنوورەکانی باشوورەوە سیخوڕی کوردیی، فەرەنسی و ئەرمەنی چوونەتەلای سەید رەزا، هەروەها لەو دوایییەدا ئەکرەم جەمیل پاشا زادە بەرگی خۆی گۆڕیوەو هاتۆتە لای، ئەو لەمنی پرسی ئایا من لەو بابەتەوە چ

ئاگادارییـەکم هەیە یا نا..؟ لێرەدا کە سەرنجم دایێ ((دوو جامباز لە سەر یەك داو دەسـتمان بـە یـاری کـردووە)) . تێگەیشتبووم کە لە من پەست و دڵگیرە، چونکە پێـم گوتـبوو کە دەستی رەهبەری برازای سەید رەزا دەگرێ و ئەو قسانەش لە بن سەری ئەون.

ڕۆژی پاشـتر بـەرەو شاری ئەلازیز بەڕێ کەوتین بۆ ڕێزگرتن لە مستەفا کەمال. شـارەوانی ئەلازیـز، بەزمێکی بۆ ئێمە سازداو لەم بەزمەدا موستەفا حەیدەر– یش سەرلەشـکری ئەلازیـز بەشـداربوو. لـەم بەزمـەدا هەڵـپەڕین و سـەمای تایـبەت بـە ئاییـنی عەلـەوی دەکـراو هـەر لەبـەر هـەندێ دیاب ئاغا و مەچۆ ئاغاش بە چەپڵە لێـدان، خۆیـان هاویشـتە نـاوەندی بەزمەکـەوە، (شـاە، شـاە) هاواریـان دەکـردو دەلـەزرین و وەکـو پەروانـە دەسـووڕانەوە، بە کورتی باوڕیان کردبوو کە سەرۆکی تورکیا موستەفا کەمالیش عەلەوییە.

بـەهۆی ئیـبش زەکییەوە دەستەی ڕێز گرتن بەزۆری لە دەرسیمی ڕۆژهەڵاتەوە هاتـبوون. ئەمـنیش لەسـەر داوای پارێـزگار، عـەلی جـەمال بەگـەڵ کەوتـبووم. دەستەکە لەوانە پێکهاتبوو:

محەمـەد عـەلی کانگوی سەرۆکی خێڵی کەرەباڵ، کۆچ موستەفا، مەچۆی سەرۆکی خێـڵی ئەباسـان لەگـەڵ کوڕەکـانی بـەکۆ و حوسـێن، جەمشـیدی سـەرۆکی خێـڵی فـەرهادان، دیـاب ئاغـا لەگــەڵ وەلی–ی کـوڕی، سـولەیمانی سـەرۆکی خێـڵی پیـلڤەنگان، لەگـەڵ خـدر ئاغـای سـەرۆکی خێـڵی کـرگان، یوسفی، سەرۆکی خێڵی بەخـتیار، ڕەهـبەری بـرازای سـەید ڕەزا، کـەکۆی سـەرۆکی خێـڵی ئەرسـەڵان و مەکسـودان، قەنـبەری سـەرۆکی خێـڵی یوسـوفان، وەلی حـەقی سـەرۆکی خێـڵی شـادان، محەمـەد بـەناوی خێڵی کیغی، سولەیمان، خەلیل ئامیر لیوای خانەنیشین سـەرۆکی شـارەوانیی ئەلازیـز، سـەبری سـەرۆکی سەرپەرشتیی ئیدارەی تایبەتی، ئیبش زەکی ئەندامی ئەنجومەنی ئەلازیز، عەلی جەمالی پارێزگاری ئەلازیز.

دەسـتەی ڕێزگرتن لە موستەفا کەمال لەوانە کە ئاماژەیان بۆکرا پێکهاتبوو، بە ڕێگـای دیاربەکـردا بـەرەو ئەنقەرە بەڕێ کەوتین و هەستم پێ کردبوو کە ئەو ڕێیە دووروودرێژەیان دابووە بەرخۆیان بۆ ئەوەی سەرنجی کوردان رابکێشن.

لێرەشـدا پێویسـتە بـڵێم کە عزەدین پاشا، سەرلەشکری دیاربەکر و پارێزگاری ئورفە فوئاد پاوتری، هەر یەکە بەزمێکیان بۆ ساز داین.

کـە بە ناوچەکانی گازی ئەنتاب و مەراش تێپەڕین دەستەیەك سەربازیان لەگەڵ ئێمـە دا، کە پرسیمان سەربازمان بۆ چییە، گوتیان لەو ناوەدا کۆمەڵەی خۆیبوون چـالاکی دەکـەن و هەن، نەوەك پڕکێشمان بکەن، لێرەدا پارێزگار عەلی جەمال کە گەیشـتینە شـاری ئەدەنە لە من نزیك بۆوە و پرسی ئایا دەرسیمییەکان لێی رازین یـان نا؟ ئینجا بەم جۆرە مشت و مڕێك لەنێوان هەردووکمان دەستی پێ کردو پێم گوت:

بـەگ ئەفەندی: بۆ ئەوەی دەرسیمی بە ڕاستی ڕازی بکرێن، قسەیەکمان هەیە: تکـای سەید ڕەزاش لەو بارەیەوە هەر ئەوە بووە کە: ((ئەو کوردانەی لە ئەنجامی کارەسـاتی شـێخ سـەعید دا رەوانـەی رۆژئـاوا کراون، بگەڕێنەوە جێگای خۆیان و لێیـان ببوردرێ، منیش بۆ هەر جێگایەکی پێویست دێم و فەرمانی رژێمیش بە جێ دەهێـنم)) . ئـەو سەرۆکانەی لەگەڵمانن هەر هەمان داوایان هەیەو خەڵکی دەرسیم بەگشـتی ئـارەزووی ئەوە دەکەن، جا ئەگەر ئەو ئارەزووانەی دانیشتوانی دەرسیم بگەنـە جـێ و کوردەکـانی لە رۆژئاوان بگەڕێنەوە جێگای خۆیان، ئەوا نرخ و رێزی تۆش زۆر بەرز دەبێ.

ئیـنجا گوتـی دەرسـیمی، عەلەویـنە، داخـوا لەگـەڵ کوردەکـانی دیکـە چ تێکەڵاوییەکیان هەیە..؟

مـنیش گـوتم لـە رەوشـتی دیـنی و ئایینی پتر، بە پیشەی نەتەوە و ڕەگەزەوە بەسـتراوینەتەوە، لەبـەر ئەوەیـە، پەسـت و دڵگـیرن بـە رەوانـە کـردنی خەڵکی بۆ رۆژئـاوا و لـە نێـوان ئـەو ئاوارانـەی کـە بـۆ رۆژئـاوا رەوانـە کـراون، نەجیب ئاغای سەرۆکی خێڵی شادان و گەورە پیاوانی ناوچەی چارسەنجاقیان تێدایە.

ئیـنجا وەڵامـی دامـەوەو گوتـی: بـاوەڕم وایە کە ئوهیلی نەجیب ئاغا هاوکاریی کۆمەڵەی خۆیبوون دەکا، بەڵام، هەوڵدەدەم لە ئەنقەرە نیازی تۆ بخەمە بەرچاو.

کە گەیشتینە قۆنیە، هەندێ لە گەورە پیاوانی ناوچەی چارسەنجاقی دەرسیمم دیـتن، وەکـو یومـنی و پاشـای بـرای لەگـەڵ حـاجی قایـەی خـەرپوتی و پێکـەوە

چووینە لای پارێزگاری ئەلازیز، عەلی جەمال لە ئوتێل بەغداد و بەڵێنم لێ وەرگرت کە لە ئەنقەرە هەوڵیان بۆ بدا، لە بابەت گەڕانەوەیان بۆ جێگای خۆیان.

لە ئەنقەرە لە جیاتی موستەفا کەمال، کازم پاشا و ئەندامانی ئەنجومەنی گەورەی نەتەوەییمان دیت، ئینجا پارێزگار عەلی جەمال ئێمەی بە سەرۆکی ئەنجومەن کازم پاشا ناساند و یەك بە یەك ناوی ئێمەی هەڵدەدا، لێرەدا کازم پاشا گوتی:

((دەتوانم بەیتار نوری بناسم..؟)) : دووبارە پارێزگار منی بە پاشا ناساند. ئینجا رووی لە دەستەرێزگرتن کردو گوتی:

گازی[1] موستەفا کەمال و خۆی زۆر بەسەردانەکەی ئێمە دڵخۆش بوون، بە پێچەوانەوە دلگیر بوون لە نەهاتنی سەید رەزا و سەرۆك خێڵەکانی دیکە، ئینجا گوتی بەم زووانە دەرسیم دەبێتە خاوەن قوتابخانە و کەرستەی دروست کردن و لەسەر خواستی پارێزگار، بەو زووانە نەخشەی یاسایی لێبوردن دەردەچێ لە بابەت گەڕانەوەی کوردە دەربەدەرکراوەکان، کە بگەڕێنەوە جێگای خۆیان و باخچەو زەوی بەسەر دەرسیمیاندا دابەش دەکرێ لە شارەکانی: ئەلازیز، ئەزربیجان و مەلاتیا. موستەفا کەمال – یش لەو بارەوە بڕیاری داوە، بە فرمانی ئەو، ئەو قسانە لەگەڵ ئێمە دەکا، ئینجا هیوادارە کە دەرسیمی یاسا و ئاسایش بپارێزن، ئەوەشی خستە سەر کە موستەفا کەمال نەیتوانی ئێمە ببینێ، چونکە خەریکی نووسینی وتارێکی مێژووییە.

لە دیتنی عسمەت پاشا – ش ئەو جۆرە قسانەمان گوێ لێبۆوە.

پارێزگار عەلی جەمال، وەزیری ناوەخۆی دیتبوو، بەڵێنی راستی لێ وەرگرتبوو سەبارەت گەڕانەوەی ئاوارەکان بۆ جێگای خۆیان و ئاگاداری دەستەی نوێنەرانی ئێمەشی کردەوە.

ئینجا دەستەی نوێنەرانی ئێمە گەڕایەوە دەرسیم، من و عەلی جەمال و هەندێ لە هاوڕێیەکان چووینە ئەستەنبۆڵ.

لەو کاتەدا قەدری جەمیل پاشاش لە ئیزمیر ئاوارەبوو و هاتبووە ئەستەنبۆڵ

---

[1] لەناو تورکاندا مستەفا کەمال بە غازی (گازی) ناودێر بووە.

بە کاری تایبەتی، لە ئوتێلی ڕەشادییە بە نهێنی دیتم و نیازی هاتن وچوونی دەرسیمییان بە سیاسەت لەگەڵ ڕژێمی ئەنقەرە بۆ روون کردەوە. ئینجا پەیماننامەیەکم بە ناوی دەرسیمییان نووسی و مۆر کرد، کە هەتا هەتایە تێدەکۆشین بۆ وەرگرتنی مافی نیشتمانیمان و دامە دەستە خۆی کە بە ناوەڕاستی گشتی کۆمەڵەی رابگەینێ.

لە دوای گەڕانەوەم لە ئەستەنبۆڵەوە بۆ ئەلازیز، یاسای لێ بوردن لە ئاوارەکان، بڵاوکرایەوەو ئەو دەربەدەرکراوانەی کورد کە لە شارەکانی رۆژئاوا بوون گەڕانەوە جێگای خۆیان، هەر لەو سەردەمەدا ئەو کوردانەی لە زیندانەکانی: دەرسیم، ئەرزینجان و ئەلازیزدا بوون، هەر هەموویان سزاکانیان ڕاگیرا و سەربەست کران.

هەر چەندە رژێم ئەو ڕەوشتە نەرمەی، بەرانبەر بە دەرسیمییان پیشان دا. هێشتا سەید رەزا ئاگاداری خۆی بوو و باوەڕی پێ نەدەکردن. چونکە بە درێژایی مێژووی رژێمی تورکیا هەر فێڵی لە نەتەوەی کورد کردووە. هەر هەلێکی بە دەست کەوتبێ، کارەساتی سەختی بەسەر هێناوە.

لێرەدا دەتوانین بڵێین کە پێشڕەوی گەورەی کورد سەید رەزا لەو کەسانەیە کە چاکترین هەڵسەنگاندن بۆ ئەو راستییە دەکەن و هەمیشە داوای کردووە لە رژێمی تورکیا داخوازیو مافی نیشتمانیی کورد چییە، روون بکاتەوە. ئەو داخوازییانەی لە سەرەوە باسمان کردن، لەلای تورکەکان بە نهێنی دادەندرا و سەرەتای هەموویان کردنەوەی قوتابخانەی کوردی بوو لە دەرسیم و خێڵی کوچانی دەرسیمی رۆژئاواش هاوبەشی دەکرد لەو داخوازییانە، بەڵام پارێزگار عەلی جەمال، لەو داوایانە پەست و دلگیر بوو دەیگوت: ((دەرسیمی لە بنەڕەتەوە تورکی چیایی بووینە)) و هەموو تورکیش، عەلەوی بووینە لە پاشدا چوونەتە سەر ئاینی سوننی! ئیتر بەو جۆرە کوردان لە خشتە دەبەن.

هەرچەندە عەلی جەمال هەوڵی دا کە سەید رەزا ببینێ، بەڵام تێگەیشتبوو کە سەید رەزا ناخەڵەتێ و لەبەر ئەوە باوەڕی بە منیش نەدەکرد. چونکە وتووێژ کردنی لەگەڵ من تەنها بۆ ناو بوو و ئەویش دەیزانی کە من ئارەزووەکانی سەید

ڕەزا بڵاودەکەمەوە.

عـەلی جـەمال بـۆ ئەوەی سەید ڕەزا چاو ترسێن بکا و ئەگەر بکرێ لەناوی ببا، هـەوڵی دەدا ئـاژاوە لـەناو دەرسـیمییان پـەیدا بکـا. ئیـنجا هـەروەکو لـە سەرەوە باسمـان کـردبوو ئیـبش زکـی ئامـادەبوو، بـۆ بـە دیهێـنانی کارێکی خراپی وا و بە پێشـڕەویی ئـەو بـێ ڕەوشـتە، هـەندێ لـە سـەرۆک خێڵەکانی دەرسیمی ڕۆژهەڵات لەگـەڵ هـەندێ لـە سـەرۆک خێـڵەکانی دەرسـیمی ڕۆژئـاوا، هاتـبوونە هـۆزات و کۆبوونەوەیـەکیان بـە سـەرۆکایەتیی عـەلی جـەمال کـردبوو. ئیـنجا لــە دوای لێکۆڵیـنەوە بـڕیاریان دابـوو کە خێڵی کۆچانی دەرسیم هۆی هەموو ئاژاوەکانە کە لە دژی حکومەت ڕوویان داوە، لەبەر ئەوە پێویستە لەناو ببردرێ[1].

عـەلی جـەمال بەو بڕیارە کە لە دژی خێڵی کۆچان بەجێی هێنا، سەرکەوتنێکی گـەورەی بـە دەسـت دەکـەوێ. چـونکە خێـڵی کۆچان پشتیوانێکی گەورەی سەید ڕەزا بوو، ئەگەر لە ناو بچێ، نۆرەی سەید ڕەزاش دێ.

## شۆڕشەکانی خێڵی کۆچان

### ۱۹۲۷ زایین

ئـەو کۆبوونەوەیـەی لـە پێشـدا باسمـان لێ کـرد، زۆربـەی خێـڵەکانی دەرسـیم بەشـدارییان تێدا نەکردبوو و ئەو خێڵانەی بەشدارییان لە کۆبوونەوەکەدا کرد بوو، لە بارەی هێرش بردنە سەر خێڵی کۆچان ئاگادار کرابوون.

عـەلی جـەمال نیـازی وابـوو، بەیارمـەتیی، خێـڵەکانی ئۆڤـاجك و کـاڵان کـە بەشـدارییان نەکـردبوو لـە کۆبونەوەکـە، بیانخاتـە ژێـر فەرمانی خۆی. لەبەر ئەوە داوای مـنی کـرد کـە پێکـەوە سـەر لـە ناوچـەی خێـڵەکانی ئۆڤـاجك بدەیـن و لەسەروچـاوەی ئـاوی مونـزور سـەرۆك خێـڵەکان کۆبکەمـەوە و شـتەکیان پـێ ڕادەگەیەنێ.

لەبـەر هـەندێ پێکـەوە بـۆ ناوچـەی ئۆڤـاجك و خێـڵەکان بەڕێ کەوتین، کە لە

---

[1] لێرەدا بەدەرکەوتووە کە ڕژێمی تورکیا هەوڵیدەدا چین بە چین خێڵەکانی کورد لە کۆڵە خۆی بکاتەوە و لە ناویان ببا، هـەر لەبـەر هـەندێ بـە هـۆی چـەند خێـڵێکی کـوردەوە، فـەرمانی لەناوبـردنی خێـڵی کۆچانی دیاری کرد و بە نیازی ئەوەی دوژمنداری لە نێوانیاندا بڵاوبکاتەوە–وەرگێڕ

**گوندی زیارەت کۆببوونەوەو تەنها چواریان نەبێ ئەوانیش:**

**خێلی ئەرسلاڵن، خێلی بەیتان، خێلی پەزگەوران و خێڵی مەکسوودان.**

**لەسەروچاوەی رووباری مونزور کۆببوونەوە .**

**لێرەدا پارێزگار عەلی جەمال، داوای لە خەڵکەکە کرد، هەر کەسە بە پێی داب و پیشەی خۆی گۆڵمەك ئاو لەسەروچاوەی مونزور بخواتەوە و بەڵێن بدا کە بۆ سەرۆکی هۆزەکەی ملکەچ دەبێ. ئینجا هەرکەسە چووە سەرچاوەی رووباری مونزور و مستێ ئاوی لێ خواردەوە. واتە بەڵێنی دا هەرگیز لەگەڵ سەرۆکی هۆزەکەی راست دەبێ.**

**((سوێند خواردن بەو شێوەیە سەرنجی پیاو رادەکێشێ، چونکە چیای مونزور بە پێی میثولوجی کوردی، چیایەکی پیرۆزە و ئەناهید خوداوەندی ئاو، دایکی هەموو نەتەوەکانی ئاری–یە، ئینجا ئاو خواردنەوە بەو شێوەیە، وا دەگەینێ کە شیری ئەو دایکە دەخورێتەوە، ئینجا بەپێی داب و دەستوور رەوشتەکانی ئایینی زەردەشت، ئاو خواردنەوە بە گۆلم واتە بەڵێن دەدەم بە شتێ ئەگەر بە پێچەوانەی ئەوە بجووڵێمەوە، شیری دایکە (خوداوەند ئەناهید)م لێ حەرام بێ)).**

**چونکە پارێزگار عەلی جەمال ئەو ئاکارو پیشەیەی کوردانی دەزانی، هەر لەبەر ئەوە بوو هەوڵی دەدا بەو جۆرە کۆیان بکاتەوە و سوێندیان پێ بخوا. ئینجا عەلی جەمال چووە خوارێ و رووی لە خەڵکەکە کرد و گوتی:**

**((ئاغاکان[1] بە برادەرانە قسەتان لەگەڵ دەکەم و بەبرایەتیمان سوێند دەخۆم، بە خواردنەوەی بادەیەك لەو ئاوە پیرۆزەی سەروچاوەی رووباری مونزور)) .**

**ئەوهای گوت و بادەیەکی لە بەڕکی دەرهێناو لە سەروچاوەی ئاوی مونزور بادەیەك ئاوی خواردەوە و گوتی:**

**ئاغاکانم گازی پاشا، موستەفا کەمال بە تایبەتی لێتان دەپرسێ و هەر ئەویش، منی ناردۆتە لای ئێوە، بەو ئاوەی خواردوومەتەوە سوێند دەخۆم، کە**

---

[1] عەلی جەمال پیاوەکی مەکرۆ بووە، بەنەرمی گفتوگۆی دەکرد لەگەڵ سەرۆك خێڵەکانی نەچووبوون بۆ دیدەنیی (موستەفا کەمال). بەو شێوەیە ئاوی مونزوری پێ خواردنەوە، واتە گشتیانی سووند دا کە هاوکاری رژێمی بکەن لە دژی هاوڕەگی خۆیان، ئەگەر شۆڕشی کوردی بەرپا ببێ.

ئـەو خـۆی عەلەوییـە و مـنیش هەر عەلەویمە و هەموو عەلەویی دونیا دژییێنێتەوە. ئیتر بە ناوی ئەوەوە بەڵێن ـ تان پێ دەدەم:

کـە پـردو ڕێگاتـان بـۆ دروسـت دەکـەین، قوتابخانـە دەکەیـنەوە، هـەر کەسێ زەویـی نـەبێ، لـە دەشـتەکانی ئەرزینجان و ئەلازیز زەویی پێ دەبەخشرێ. تەنها مـن یاریدەیەکم لە ئێوە دەوێ، ئەویش منداڵەکانی هۆزی کۆچ، ناوی دەرسیمییان لەکـەدار کـردووە، لـەو نـزیکانە هێـزەکانی ڕژێـم دێـن کـەمێ تەمبێ و سەرکوتیان دەکـا، ئێـوەش لـە ئێسـتاکەوە بـەڵێن بـدەن لەگـەڵ هـەموو خێڵەکانتان هاوکاری لەگـەڵ جووڵانـەوەی سـەربازیدا بکـەن. لە پاش ڕاستەڕێ بوونی خێڵی کۆچان بەو جـۆرە هـەموو شـتێ بـۆ دەرسیم جێ بە جێ دەکرێ و ڕژێمیش لە دەرسیمییەکان دڵنیا دەبێ)) .

لێـرەدا مونـزور قاسـم ئاغـا گوتـی: سـەرۆک خێـڵەکان، لـە نێـوان خۆیـاندا کۆبوونەوەیـەک دەکـەن، ئیـنجا ڕۆژی پاشـتر وەڵام دەدەنـەوە، بـەو جـۆرە کۆبوونەوەی سەروچاوەی ڕووباری مونزور کۆتایی پێ هات.

عـەلی جـەمال ڕێگـای نـەدەدا کـە مـن، لێـی جـودا بـبمەوە و مـنیش لێیجـودا نەدەبوومەوە، چونکە لە یەکدی دەترساین و گومانمان لە یەک هەبوو.

سـەرۆکەکانی کـورد تێگەیشـت بـوون، ئەگـەر خێـڵی کۆچـان لـەناو بچـێ، ئەوا خێڵەکانی دیکەش هەر یەکە بە هەنجەتێك و یەك لە دوای یەك سەریان بە ئەنجامی خێڵی کۆچان دەگا و ئەو (٢٤) بیست و چوار کاتژمێرەی داوایان کردبوو، بۆ وەڵام دانـەوە نـەبوو، بـەڵکو بە نیازی ئەوە بوون کە خێڵی کۆچان هەر شتێکی پێویست بـێ، بـۆی ئامـادە بکـەن و لـە پاش جێبەجێکردنی پێویستییەکانی خێڵی کۆچان، ئاگاداری عەلی جەمالیان کردەوە کە هاوکاریی لەگەڵ دەکەن بە چەند مەرجێ:

١- هێـزی خێـڵەکانی ئۆڤـاجك لـە هـەر سـنوورێکی جـەنگدا بن، لەشکری تورکیـا نـابێ بچـێتە ئـەو جێگایـە، چـونکە نـزیکە شـتێکی نـاڕێك لـە نێـوان هەردوولایان ڕوو بدا.

٢- سەرۆکایەتیی هێزی جەنگی ئۆڤاجك بدرێ بە من و دەبێ هەموو تفاق و پێویسـتییەك تـەرخان بکـرێ، وەك چـەك، تەرەقـە و خـواردن لەلایـەن

رژێمەوە.
هـەروەکو دەزانین عەلی جەمال پیاوێکی مەکرۆ بوو، بەڵام ئەو جار کلکی بە تەڵەی دەرسیمییانەوە ببوو، کە بۆیان دانابۆوە.
هـەموو خێـڵەکانی کـالأن سەربە عەلی ئاغای خەزوورم بوون، بڕیاریان دابوو کە هاوکاری لەگەڵ هیچ جووڵانەوەیەکی سەربازیدا نەکەن لە دژی خێڵی کۆچان.
پارێـزگار عـەلی جـەمال چـووبووە ئەلازیـز، یـەك فرقە سەربازی ڕێك و کەرستە دروسـت، بەسـەرۆکایەتیی حـەیدەر پاشـا لـە ئەلازیـزەوە بـەڕێ کـردبوو، بـۆ: ناوچەکانی چیمیشکەزەك و هۆزات و خێڵەکانی ئەو دەوروبەریش لەگەڵ کەوتبوون و دەوری خێڵی کۆچانیان گرتبوو و گەمارۆیان دابوو.
خێـڵی کۆچـان لەگـەڵ خێـڵی رەسیك و خێڵی شەمکان لەیەکدی جودا نابنەوە، لەبـەر ئـەوە حەیدەر پاشا بەیاننامەی بۆ دەرکردبوون بە بێ مەرج و پەیمان چەك دابـنێن و لـە ناوچـەی ئەلازیـز دایـان دەمەزرێـنێ، بە پێچەوانەوە دەست لەسەر و ماڵیان ناپارێزێ.
خێـڵەکانی ئۆڤـاجك لەگـەڵ خێـڵەکانی کۆچـان زۆر دۆسـت بـوون و هاموشـۆی یـەکدییان دەکـرد، ئـەو چـەك و تەرەقـەی بە دەستمان دەکەوت، ڕەوانە دەکرا بۆ سـەیدخانی ئاغـای سـەرۆکی خێـڵی کۆچـان، چـونکە کۆچـانییەکان دەیـان گـوت: ((ئەگەر تەرەقەمان هەبێ هەموو لەشکری تورکیامان بێتە سەر، هیچ شتەکیان پێ ناکـرێ)) . هـەروەها خێزان و منداڵ و جوامێرەکانی خێڵی کۆچان لەناو خێڵەکانی ئۆڤاجك وەکو خێڵی **پێژگار** و **خێڵی مەکسوودان** جێنشین کرابوون.
عـەلی جـەمال لەگـەڵ ئەفسەرێکی ناو فائق، باری سەدو پەنجا هێستری چەك و فیشـەك ڕەوانـە کـردبوو، بـۆ هێـڵی جـەنگی ئۆڤـاجك و فـائقی ناوبـراو بـە نـاوی دابەشـکردنی تەرەقـەوە هـەموو دەمـێ لەسـنووری شـەڕ دەمـاوە و بـەوجۆرە چاودێریی جووڵانەوەی ئێمەی دەکرد.
شـێرەکوڕانی خێـڵی کۆچـان شـەوێك پـەلاماری هێـزێکی سـەربازییان دا، لـە جێگایـەکدا پێـی دەڵێـن **ئـەموتکا** و سـەربازەکان لـە نـاو چووبوون و چ کەرستەی سـەربازیش هـەبوو، هـەر هەموو بووە دەستکەوتی کوردان. لێرەدا دەڵێم کە فائق

زۆر لـە سنووری شەڕ لەناو لەشکرەکانی ئێمەدا دەمایەوە، خەریك بوو گێروگرفتی لـە نـاو هێـزەکانی ئێمـەدا پـەیدا دەکرد، لەبەرهەندێ نووسراوێکم بۆ عەلی جەمالی نووسی لەو بارەوە و بە سانایی لە سنووری شەڕی لای ئێمە لای برد.

ئاگری شـەڕ بـاش هەلگیرسـابوو، حـەیدەر پاشـا خـۆی لەسـنووری شەڕدا بوو بەرانـبەر بـەو جـەنگاوەرە کوردانـە سـەری سـڕما مابوو و گوتبووی: ((ئەگەر یەك فرقە سەربازی کەرستە دروستم لە جەنگاوەرەکانی ئەو خێڵانە هەبووایە، بە خودا جیهانم داگیردەکرد.)) و پاشا بەڕێزەوە لە کن سەرۆکی خێڵەکانی هۆزات کەلە لای بوون، ئەو قسانەی کردبوو.

حـەیدەر پاشـا بەڕاسـتی درکـاندبووی کـە بـاوەڕ بـەو خێـڵە کوردانـە ناکـا لـە سـنووری شـەڕدان، هـەر لەبـەر ئـەوە بـوو حـەیدەر پاشـا: سێ لیوای پیادەی، لە ئەرزینـجان ڕا هێـنابووە ئۆڤـاجك و فەرمانیشـی دابـوو کـە لەشـکری خێـڵەکان لـە گۆڕەپـانی جـەنگ بکشـێنەوە. بـەلاّم ئـەو کـارەش بـۆ خۆیـان خـراپ بوو، چونکە لەشـکری ئـەو خێلاّنـەی کشـابوونەوە جێگـای خۆیان، شەوان لە راست و لە چەپ پەلاماری هێزەکانی تورکیان دەدا.

لەشـکری تورکیـا لـە ڕێگـای سـەخت و بەئەنگـەر و دوور هاتـبوون و مـاندوو و برسـی بـوون، زۆر بـێ هـەوەس و پەرێشـان بـوون، چـونکەخواردنیان پـێ نەدەگەیشت. ئەو کۆمەڵە مرۆڤانە لە برسان تێك دەسووڕان، شەڕیان پێ نەدەکرا، تاکـە هیوایـان پەیدا کردنی خۆراکی خۆیان بوو، چەك و تەرەقەیان بە بەرخ و مەڕ و ئـارد دەگۆڕییـەوە و لەگـەڵ خێـڵەکاندا تێکەولێکـەیان پـێ دەکـرد، لـە لایـەکی دیکـەوە، جێگـای هەلگرتـنی چـەك و فیشـەکی لەشـکرەکە، شـەوانە، کوردەکـان دەستیان بەسەردا دەگرت و بۆ خێڵی کۆچان رەوانە دەکرا.

پەرێشـان بوونـی هێـزەکانی تورکیـا بـەو شـێوەیە بووە هۆی ناکۆکی لە نێوان پارێزگار عەلی جەمال و سەر لەشکر حەیدەر پاشا و هەر یەکە نارەزایی و دڵگیریی خـۆی لـە دژی ئەویدیکـە بۆ وەزارەتی ناوەخۆ و وەزارەتی جەنگ روون کردبۆوە. هـەر لەبـەر ئـەوە عـەلی جـەمال سـنووری شـەڕی بە جێ هێشت و گەڕابۆوە شاری ئەلازیز.

ئینجا زۆری پێنەچوو لە سزای شکستەکەیان، حەیدەر پاشا لە ئەلازیز لابردراو عیزەدین پاشا لە دیاربەکر رەوانەی شاری ئەلازیز کرا.

بەم شێوەیە شەڕەکانیکۆچان لە دەرسیم بەشکستی هێزەکانی تورکیا دواییان پێ هات و هێرشی تورکان بۆ سەر دەرسیم هیچ سوودێکی بۆ رژێمی تورکیا نەبوو.

لەبەرئەوە سەید رەزا، هاوکاریی لەگەڵ عەلی جەمال نەدەکرد، خێڵەکانی دیکەی دەرسیم، خۆیان لە رژێمی تورکیا بە دوور دەگرت.

لێرەشدا پێویستە بڵێین کە عەلی جەمال سەد هەزار لیرەی بە قسەی ئیبش زەکی لە بانکی کشتوکاڵ بەسەر خێڵەکانی دەرسیمی رۆژهەڵاتدا بەش کردبوو. ئینجا هەرکە کاتی وەرگرتنەوەی پارەکە هات، دەستەبەرەکان یەك لە دوای یەك پارەکەیان پێ نەدەدراوە، هەوڵی دەدا دوو بارە بۆ ساڵێکی دیکە بە دوای بێخێ. هەر لەبەر ئەوە کۆسپێکی گەورەی کەتبووە پێش.

لە پاش تێکچوونی یەکەمین پیلان و نەخشە، کە بۆ لە ناوبردنی دەرسیم دامەزرابوو، ئەمجارەش رژێمی تورکیا خەریکی دامەزراندنی پلان و نەخشەیەکی دیکەبوو بۆ لەناو بردنی کوردستان بەگشتی و زۆر بە زانایی رێکخراوێکی سەرپەرشتییان دامەزراند بەناوی:

لێکۆڵێنەرایەتیی ناوچەی گشتی. بۆ ئەو مەبەستە سێ (لێکۆڵێنەرایەتیی ناوچەیی گشتی) لە نوژەن دامەزران:

١) یەکەمین لێکۆڵێنەرایەتیی ناوچەی گشتی.. بنکەکەی لە دیاربەکر بوو.
٢) دووەمین لێکۆڵێنەرایەتیی ناوچەی گشتی.. بنکەکەی لە تراکیا بوو.
٣) سێیەمین لێکۆڵێنەرایەتیی ناوچەی گشتی.. بنکەکەی لە ئەرزڕۆم بوو.

هەر بەم شێوەیە چوارەمین لێکۆڵێنەرایەتیی ناوچەی گشتی دامەزرا ئەویش بنکەکەی لە ئەلازیز بوو.

## ناوەرۆکی لێکۆڵینەوەو پشکنینی گشتی و کارو کردەوەکانی لە دەرسیمدا چییە؟

**(١٩٢٨) زایینی**

پێش ئەوەی باسی ناوەرۆکی دەستەی لێکۆڵینەوە بکەین، نەختێ لەمەڕ بوونی سیاسیی رژێمی تورکیا بدوێین سوودێکی دەبێ. کۆماری تورکیا لەوەتەی هاتبووە کایەوە لەناو چوارچێوەی پێویستی هۆیەکانی سیاسیدا، هیچ پێش کەوتن و گۆڕانێکی کۆمەڵایەتیی تێدا روو نەدابوو، بەرگی دەرەوەی سیمایەکی نوێ و پێش کەوتووی تێدا نەبوو.

سوڵتانەکانی عوسمانی، بە هەموو دارو دەستەکەیانەوە، لەگەڵ رەوشتی کۆمەڵایەتییەوە، گۆیا دەزگایەکی شارستانییان لەدوای خۆیانەوە بەجێ هێشتبوو ئەویش رژێمی کۆماری تورکیای کەمالی بوو. خەلیفەی سەر رووی زەمین و سێبەری خوا لە سەر زەمین بە جێ مابوو. بە نیشانی دروستکەر، دەربازکەر لە نەبوون، پەیداکەر دەیان پەرست، ئەویش موستەفا کەمال بوو. لەجیاتی دینی ئیسلامی، دینی تورکایەتیی دامەزراندبوو، تۆرانیی هێنابووە کایەوە.

پاشایەکانی عوسمانی نەیان توانی بە ناوی ئیسلامەتییەوە کەماتییە نەتەوەییەکان بکەنە تورك یاخود لە ناویان ببەن، بەڵام تاکە هیوای رژێمی نوێی تورکیا ئەوەیە بەرگێکی تازە لەبەر نەتەوەکان بکا یان بیانکاتە تورك یاخود لە ناویان ببا.

ئینجا لە پێناوی ئەو ئامانجانەدا، لەشارەکانی رۆژهەڵاتی تورکیا و لە پاش کارەساتەکانی شێخ سەعیدی نەمر و دەرسیمدا، ئەو هەیئەتانەی بەناوی لێکۆڵینەوەی گشتی دامەزران، بۆ ئەنجامدانی ئەو ئارەزووە ترسناکە بوو کە لە مێشکیاندا بوو.

لەساڵی (١٩٢٨) زاییندا بنکەی یەکەم دەستەی لێکۆڵینەوەی گشتی لە دیاربەکر دامەزرا، هەروەکو تۆڕێك وا بوو، تەنها بۆ لەناو بردنی نەتەوەی کورد دامەزرابوو. ئیبراهیم تالی بۆ سەرۆکایەتیی ئەو بنکەیە نیشان کرا، چونکەجێگای ڕەزامەندیی موستەفا کەمال بوو، هەر چەندە خۆشی عەرەب بوو، بەڵام بۆ ڕووەت

و جێگای خۆی هەموو کارێکی ناڕێکی دەکرد.

وەزیفەی ئیبراهم تالی، لە ناو بردنی خەڵکی شارەکانی ڕۆژهەلآت بوو، ئەگەر نا ئاوارەی شارەکانی ڕۆژئاوای تورکیایان بکات.

ئەو کەسانەی ڕەوانەی ڕۆژئاوای تورکیا دەکران، بەشی زۆریان منداڵ و ئەویدیکەش ئافرەت بوون، چونکە وایان دەزانی منداڵ زووتر دەبێتە تورك و ئەو کەسانەی لە جێگای خۆشیان لە ناو دەبردران، بەشی زۆریان ڕۆشنبیر و سەرۆك خێڵەکان بوون، ئینجا هەندێکیان دادگای سەربازی تاوانباری دەکردن ئەوانی دیش لە پەناوە بە دزی دەکوژران.

بەچکە بێ گوناهەکانی کوردیان لە ناوچەکانی ڤان و بتلیس و دیاربەکر بۆ ڕۆژئاوا ڕەوانە دەکرد، چین بە چین و کاروان بە کاروان بە ئەلازیز دا رادەبوردن. لە ڕێگادا لە برسان و لە سەرمان و لە ماندۆیتیدا، زۆریان دەمردن، ڕێگایان بە دانیشتوانی گوندەکان نیشان نەدەدا، هەر لە دەم ڕێیەکان لە بن خۆڵیان دەنان و کەلەشیان بزر دەکردن و هەموو شتێ هەر بە نەهێنی دەکرا.

شاری ئەرزەرۆمی لێ بێتە دەرێ، هەموو شارەکانی دیکەی کوردستانی ڕۆژهەلآت هەروەکو: دیاربەکر، ئەلازیز، ڤان، بتلیس، موش، هەککاری، ماردین و سیرت، هەر هەموویان لە ژێر چاودێریی یەکەمین دەستەی لێکۆڵینەوەدا بوون.

ئیبراهیم تالی و ئەو دەستە دڕندەیەی لەگەڵیدا بوون، زۆر لە رابوون و هەڵسانەوەی دەرسیم دەترسان. لەبەر ئەوە ئەو کاروانەی دەرکراوەکانی دەرسیمی تێدا بووایە بە ڕێگایەکی دوور ڕەوانەی لای ڕۆژئاوا دەکران.

لێرەدا لە مەڕ کارەساتی ئاوارەکردن و بۆ ڕاگەیاندنی دڕندایەتیی ڕژێمی تورکیا، ئەو وێنەیە لە کردەوەکانیان پێشکەش بە خوێندەوارە بەڕێزەکانم دەکەم:

لە دێهاتەکانی ڤاندا، (١٤٠٠) خێزانی کورد دەرکران، بە پێ خاوسی و بەسەر کۆتی و ماندوو و برسی لە ئەرزەرۆمەوە بۆ **بایبورت** و **ترابزون** و لەوێشەوە بە ڕێگای دەریاییدا بۆ **تراکیا** ڕەوانە کرابوون، ئیتر لەو ڕێگایە دووروردرێژ و سەختەدا هەزار خێزانی دەربەدەرکراوی کوردی بێ کەس، بەورد و درشتەوە لە ناو چوون و

شوێن بزر بوون. ئەوەی مابوونەوە زۆر بە شپرزەیی گەیشتبوونە تراکیا.

سەدان کارەساتی وا بێ ئەندازە و ترسناك، ئەوانەش بۆ چاوترساندن، پێشکەش بە خوێنەران دەکەم:

لە کۆتایی مایسی (١٩٢٨) ز دا، (١٧) لاوی کوردی بێ تاوان لە ناوچەکانی **هەرزۆ و ساسۆن** دەست بەسەر کران و ڕەوانەی زیندانی ئەلازیز کران، لەو لاوانە یەکێکیان ڕۆشنبیر بووە. لەبەر ئەوەی دابوویانە دەست سەردەستەیەکی پۆلیس کە ناوی زەکەریا بوو ئەو جەندرمەیە خەڵکی مەزگەرت و بە پیاوێکی خراپ ناو دێر بوو. ئەو ڕۆشنبیرە ڕەوانەی جێگایەکی کەس پێ نەزان کرا، بەڵام لە گوندێکی ناو **باخچەی** سەر بە شارۆچکەی **سارینی** دیترابوون. ئینجا خەڵکی گوندەکە لە زەکەریای پۆلیس دەپرسن. ((ئەوە کێیە! بەو ئێوارە درەنگە بۆ کوێی دەبەی..؟)) بەچکە کوردی بێچارە وەڵام دەداتەوە: ((نازانن لە کوێ بمکوژن، لەبەر هەندێ دەمگێڕن، خۆ من بشمرم نەتەوەی کورد نامرێ..!)) بە سەرێکی بەرزەوە تەماشای ڕووی زەکەریای کردو بەدەستی بە کەلەپچەوە قومی لە جگەرە دا و ڕۆیشتن، زەکەریاش بە دانیشتوانی دێی باخچەی گوتبوو کەوا دەیباتە ناوچەی **پەرتەك** و بە دادگای دەسپێرێ.

بەڵام ڕۆژی پاشتر، ئەو بەچکە کوردەی لە سەرەوە باسمان کرد، لە کەناری زێی فورات، شوان لاشەکەیان دۆزیبۆوە و بە نەهێنی گواستبوویانەوە و لەنزیك دێی **هۆزیك** بە ڕێزەوە ناشتبوویان.

لەبەر هەندێ خۆم چوومە دیدەنیی گۆڕی ئەو نەمرە بێ تاوانە و لەسەر گۆڕەکەشی گریام و هەزاران خوێنبەخشی بێناوی وەك ئەو هەن و سوێندیشم خواردووە هەر بۆ تۆڵە سانەوەیان هەوڵبدەم.

ئیبراهم تالی لێکۆڵەرەوە هاتبووە ناوڕاستی دەرسیم و ڕێگا و شوێنی بە سەرۆك خێڵەکان پێشان دەدا سەبارەت بە پاراستنی ئاسایش و بە جێهێنانی فەرمانی ڕژێم و ڕاگرتنی پەلاماری جەنگاوەران، بۆسەر بنکەکانی سەربازی ڕژێمی تورکیا. پاشان گەڕابۆوە دیاربەکر و لە کردەوە خراپەکانی سەبارەت بە نەتەوەی کورد هەر بەردەوام بوو. لەبەر هەندێ دەرسیمیش بەردەوام بوون، لە پەلاماردانی

بنکە سەربازییەکانی تورکیا.

نزیکەی دوو مانگ پەلاماردانەکە درێژەی پێ درا، ئینجا پارێزگار عەلی جەمال هاتە دەرسیم، بۆلای سەید رەزا بۆ ئەوەی ئەو کارانەی پەیوەندیی بە دەرسیمەوە هەیە بە شێوەیەکی دۆستانە چارەسەری بکەن.

بۆ ئەوە چێشتی بۆ سەید رەزا کرد لەلای ئیبراهیم تالی لە دیاربەکر و سەید رەزاش ئەوەی بە راستزانی بەو شێوەیە پەلاماری جەنگاوەری کورد بۆ سەر بنکەی سەربازی راگیرا.

بە پێی داواو ئارەزووی سەید رەزا، منیش دەست نیشان کرام و لەگەڵ سەید رەزا چووینە دیاربەکر و ئیبراهیم تالیمان دیت، بە نیوە رازی کردن گوتی: کە نیاز وابووە جوولانەوەی سەربازی بۆ سەر دەرسیم بکرێ، خۆی رایگرتووە و لەبەر ئەوەیە بە پێویست دەزانێ ئاسایش بپارێزین.

ئێمەش گەڕاینەوە بە بێ دەستکەوتنی ئامانجەکانمان و سەید رەزا بە دەرسیمدا چووبۆوە. لەبەر ئەوە قسە و قسەلۆك دەستی پێ کردبۆوە و لەو کاتەشدا عەلی جەمال و ئیبراهیم تالی نێوانیان ئاڵۆز ببوو، هەرکەسە لە ئەنقەرە نارەزایی و دڵگیریی خۆی لە راست ئەویدیکە نیشان دابوو.

عەلی جەمال دیسان، هەتا دەرسیم هاتبوو، تکای لە سەید رەزا دەکرد تا ئەو پێشمەرگانەی موراد پاشایان کوشتبوو، بداتە دەست رژێم. بەڵام بەنا ئومێدی و لەبەر بێ دەستەڵاتیی خۆی و ناکۆکیی لەگەڵ ئیبراهیم تالیدا، کە گوایا لە بارەی دەرسیمەوە، رژێمی بەهەڵە داوە، لە ئەلازیز لایان برد.

عەلی جەمال پێش ئەوەی بۆ چۆروم بڕوا داوای کردبوو کە بمبینێ، کە پێکەوە بە تەنها ماینەوە. گوتی: من زۆر دۆستی دەرسیمیانم و دەرچوونی من لێرە کارەساتێکی گەورەی بۆ دەرسیمییان تێدایە، هەروەها لە کارەساتی گەورەش دەربازم کردوون و زۆر جاریش تەگبیر کراوە بۆ لە ناو بردنی سەید رەزا و رێگام پێ نەداون، بەڵام دەرسیم رێزی ئەو کردەوانەیان نەگرتووەو شەرمەزاریان کردم. رۆژێك دێ و پەشیمان دەبنەوە، ئەوەشی خستە سەر وتەکانی.

گۆڕینی پارێزگار، عەلی جەمالی هیچ سوودێکی، بۆ رژێمی تورکیا، نەبوو

ئیبراهیم تالی گەف و گوڕی لە دەرسیم دەکرد لە پێناوی دابین کردنی ئاسایش، هەر بەو نیازەوە، داوای کردبووم، کە بچمە دیاربەکر. ڕۆژێکی لە سەرەتای تەموزی (١٩٢٩) زاینیدا لەبەر کارێکی تایبەتی خۆم لە هەیوانی پارێزگاریەتی پیاسەم دەکرد. خوالێخۆشبوو نورەدین ـ ی پۆستەچیم تووش بوو، ئەویش وەك من لە ژێر چاودێریی پۆلیسدا بوو، ژمارەی تاوانباریی بۆ دیاری کرابوو، بەڵام چونکە برادەرم بوو، لێم نزیك بۆوە و گوتی: ((بەیتار نوری تۆیان لە دیاربەکرێ، دەوێ، پیلانێکی دژوار هەیە، ئاگاداری خۆت بە، من دەچمە لای جێگری پارێزگار، تۆشیان دەوێ)) . ئینجا چووە ژووری مەتحەتی جێگری پارێزگار و لە دوای نەختێ منیشیان بانگ کردە ژووری و پێیان راگەیاندم کە هەر ئەوکاتە بۆ دیاربەکر بەڕێ بکەوم. منیش گوتم لە ئیدارەی تایبەتی (٥٧٠) لیرەم هەیە، تاوەکو ئەو پارەیە وەرنەگرمەوە، ناتوانم بەڕێ بکەوم، لەبەر ئەمە مەتحەتی جێگری پارێزگار، سەبری–ی کارگێڕی سەرپەرشتی–ی بە تەلەفۆن بانگ کردە لای خۆی و چەکێکی(٥٧٠) لیرەی پێ ڕێکخست و دایانە دەستە من.

ئینجا وردبوومەوە، هاووڵاتیی من بۆ شتەکی کەمیش بێ چەند ڕۆژ لە هەیوانەکانی ڕژێمدا پێیان لە دوای خۆیان دەخشێنن و بۆ کوردێکی وەك من وا بە ئاسانی پارەیەکی باش و وەها بە پەلە دەدرێ، دەبێ چی نەهێنییەکی تێدا هەبێ..؟

ئینجا بەڕێ کەوتم و لە دیاربەکر کرامە میوانی ئیبراهیم تالی و لە بارەی کردەوەکانی عەلی جەمال ـ ی پارێزگاری ئەلازیز لە منی پرسی: لە پاشدا گوتی خۆی مەزهەبی سوننەیەو سیاسەتێکی باشی لە راست دەرسیمییان هەبووە. ڕێگای باشی پێ نیشان داون. چەتە کوردەکان، نووسراویان بۆ رەوانە کردووە، هەتا سنووریش بۆ لایان چووە و لەگەڵ سەرکردەی چەتەکاندا وتووێژی کردووە. لە پاشدا، ئەوانی بە جێ هێشتووەو گەڕابۆوە ئەلازیز.

لە دوای (١٥) ڕۆژان، چووبووە شارەکانی ڤان و موش بە ناوی لێکۆڵینەوە لە ناوچەکە و چەتەکانی باشووری دیتوون، هەتاکو ئەو جێگایانە هاتبوون بۆ لای و پەنایان هێنابووە بەر ئەو. دیسان ئەوانی بەردابوون، ئیتر لەو کارانە وا

بەدەردەکەویٚ، دیارە بەزەیی بە کوردان–دا هاتۆتەوە، لەبەر ئەوە عەلی جەمال دکتۆر بووە، نەخۆشیی کوردانی بە ناوی مرۆڤایەتییەوە لە سنووری شەڕ چارە کردووە.

ئینجا گوتی: هەرچەندە عەلی جەمال گووتبووی من عەلەویمە، بەلاْم درۆی کردووە. هەروەها گەڕاوە و گوتی کچەکەی لەگەلْ کوردان رەوانە کردبوو، بۆ کۆکردنەوەی خەلاْت بێجگە لە ئەوەش کە دەستەی ڕێزگرتنی (هەیئەتی تەعزیم)ی بردبووە ئەنقەرە بە ناوی خەرجی ڕێگاوە (٧٥٠٠٠) هەزار لیرەی، لە ژمێریاری تایبەتی ئەلازیز وەرگرتبوو و هاویشتبوویە ناو باخەلْی خۆیەوە.

ئینجا ئیبراهیم تالی کەوتە دوای شکست و مەکرۆیی سیاسیی عەلی جەمال و گوتی: هەر بەخۆی، هۆی ئەو هێرشانە بووە کە کرانە سەر کۆچان، کارەساتێکی گەورە و ناخۆشی بەسەر ناوچەکەدا هێنا و تاوانی ئەویش بووە کە کوردەکانی کردە دوژمنی رژێم، لە پاشدا لە چاوەیەکی گەورەی مێزەکەدا دۆسیەیەکی گەورەی دەرهێنا و پەڕە کاغەزێکی لە دۆسیەکە هێنا دەریٚ و دایە دەستە من و گوتی وەری بگرەو بیخوێنەوە:

ناوەرۆکی نووسراوەکە بە پیتی لاتینی و بە زمانی تورکی نووسرابوو و راست دەقەکەی لەخواریٚ دەنووسمەوە!

**بنکەی نەهێنیی لێکۆلْینەوەی گشتیی یەکەم**.

١– ئەکرەم جەمیل پاشا زادە، بەرگی ژنە ئینگلیزانی لەبەرە خۆی کردووەو شەویٚ لەگەلْ چەتەکانی **یادۆ** چووە و بەیتار نوری یاریدەری سەید رەزای دیتوە.

٢– نووسراوی کوڕی سولْتان حەمید هاتووە لەمەڕ پاشایەتی و لە مەلاتیا گیراوە.

٣– ئەو نووسراوەی لە رۆژئاواوە هاتبوو لەلایەن **فیراری عەزیزەوە**، بۆ دەرسیم، لە هۆزات دەستگیر کراوە.

٤– بەیاننامەکانی کۆمەلْەی خۆیبوون کە بۆ عەلی شێری کۆچکیری رەوانە کرابوون، لە دەرسیم بلاْوی کردوونەتەوە.

٥-  شێخ حەسەنی کوڕی سەید رەزا، لەناو خێڵەکانی دەرسیمی رۆژئاوادا گەڕاوە.

٦-  خێڵی گەڤ چەکی هەڵگرتووە.

٧-  دەرسیمی بۆ وەرگرتنی مافی نەتەوایەتیی کوردستان، پارەیان کۆکردۆتەوە و عەلی شێر بە نوێنەر رەوانەی دەرەوە دەکەن بە نیازی هاوکاری وەرگرتن لە رژێمە رۆژئاواییەکان.

٨-  نووسراوێك لە باشوورەوە هاتبوو لە لایەن دکتۆر جەعفەر سادق، لە هۆزات کەوتە دەست.

ئەوەش دەقی ئەو نووسراوەی سەرەوەیە بە تورکی:

Birinci Umumi Mfettişlik İstihbarat Dairesi

1- Cemil Paşa Zade (Ekremin (ingliz kadini kiyafetiyle (yado) etesiyle teşrik mesai ederek Dersimli (Baytar Nuri) Vasitasiyle (Seit Riza) ile grüşmesi.

2- Sultan Hamitin oğlunun padişahliğina dair gelen mektubun, Malatyada yakalandığı.

3- Garptan (Firari Azizden) Dersime gelan mektubun (Hozatta) yakalandığı.

4- Hoybun Cemiyetinden gnderilen beyannamenin kokinili (Alişer) tarafından Derşim asiretlerine neşir ve ilanı.

5- (Seit Rizanin) oğlun (Şeyh Hasanin) garbi Dersim mıntıkasında aşiretler arasında dolaştığı.

6- Gev aşiretinin Silahlandığı.

7- Dersimlilerin Muhtariyet İdaresinin temini için Avrupa hkümetleri nezdinde teşebbūsatta bulunmak üzre (Alişerin) Murehhas olarak gönderlimesi için para toplanmakta olduğu.

8- Canuptan gelen

Tarafından yakalandğI.

دوای خوێندنەوەی نووسراوەکەی سەرەوە، ئیبراهیم تالی بە قسان هات:

((دەبینن خۆ هەواڵەکان زۆر گرنگن، بەڵام رژێم لە بارەی دەرسیمییانەوە، بڕوایان پێ ناکا، ئەگەربێو باوەڕی بکردبایە دەرسیمی کوێر دەکردەوە، ئێوە یەکێکن لە رۆشنبیرەکانی دەرسیم، بڕۆ ئەوێ و گفتوگۆ لەگەڵ دانیشتوانی دەرسیم بکەو بزانە هەڵوێست و نیازی ئەوان چییە و پێمی رابگەینە و بە ناوی پاراستنی وڵاتی خۆتان چاوەڕێ دەکەم.))

بەو داخوازییەی ئیبراهیم تالی رازی بووم و لێی جودا بوومەوەو بەبێ وەستان چوومە لای سەید رەزا و کێشەکەم بۆ روون کردەوە، ئینجا پێکەوە چووینە ماڵی جەمشید ئاغای سەرۆکی خێڵی کەرەباڵان، محەمەد عەلی کانگوزادە لەگەڵ سەرۆکی خێڵەکانی دیکەش، هەموومان کۆکردنەوە، لە پاش لێکۆڵینەوە لە کێشەکە، تێگەیشتین کە ئیبراهیم تالی بە هۆی دۆزینەوەی کۆمەڵێ بیانووەوە، بە تەمایە بۆ لەناو بردنی ئێمە لەشکر بنێرێتە سەر **هۆزات**، لەبەر ئەوە ئەو بڕیارانەی خوارێمان پەسند کرد:

١- دەستەك نوێنەر دەست نیشان بکەین و بە ناوی خێڵەکانیدەرسیمەوە، بچێتە دەستەی لێکۆڵینەوە بۆ بەدرۆ خستنەوەی ئەو بوختانانەی دەرهەق بە ئێمە کراون.

٢- تەگبیر کردنی خۆ پاراستن لە دژی هەر جووڵانەوەیەکی سەربازی بۆ سەر دەرسیم، ئەگەر بێتو رژێمی تورکیا بیکات.

٣- بۆ ئەوەی رژێم هیچ بیانوویەکی بەدەستەوە نەبێ بۆ هێرش هێنانە سەر دەرسیم، پێویستە لەسەر هەموو خێڵەکان ئاسایش بە شێوەیەکی کاتی بپارێزن.

٤- ئەگەر شەڕ لە هەموو لایەکەوە دەستی پێ کرد: عەلی شێر لەگەڵ هەڤاڵەکانی خۆی، لە نێوان خێڵەکانی دەرسیمدا بگەڕێن و هەوڵبدەن خێڵەکان هەموویان دەستی یەکدی بگرن و بەرانبەر بە دوژمن دەست بە چالاکی بکەن.

٥- ئەو چالاکییانە هەمیشە لە ژێر چاودێریی بابە ئیبراهیمی کوڕی سەید رەزا دەبێ و هەر جۆرە ناکۆکییەك ڕوو بدا، سەید رەزا ئاگادار دەکرێتەوە. هەروەها

بڕیاریش درا کە چەك و تەرەقە لەناوچەکانی ئەرزینجان و ئەلازیز تەرخان بکرێ.
لە پاشدا، ئەو بروسکەیەی کە لە خوارێ نووسراوە، بۆ دیار بەکر رەوانە کرا:

بۆ بەڕێز (ئیبراهیم تالی) : یەکەمین لێکۆڵەرەوەی گشتی – دیاربەکر

بۆ بەدرۆ خستنەوەی ئەو بوختانانەی سەبارەت دەرسیم هەڵبەستراون، دەستەیەك نوێنەر لە نێوان خێڵەکانی دەرسیم هەڵبژێردراوەو ئامادەیە بەڕێ بکەوێ بۆ لای جەنابتان بۆ پاکانە کردن.

(٦/ مایس/١٩٢٩)ز هۆزات     بەیتار نوری

ئەوەش دەقی بروسکەکەیە بە تورکی:

Dersim hakkında vakı ihbaratın red ve tekzibi maksadıyla teşekklüeden Heyet huzur devletinize mütehi hareket bulunduğunu Dersim aşiretleri namına arz eylerim efendim.

6/ Mais/ 1929 Hozat     Baytar Nuri

دەستەی نوێنەران کەبۆ دیاربەکر چوو بوون لەو پیاوانە، پێك هاتبوو:

١– شێخ حەسەنی کوڕە گەورەی سەید رەزا.
٢– محەمەد عەلی کانگۆی سەرۆکی خێڵی کەرەبالان.
٣– جەمشیدی سەرۆکی خێڵی فەرهادان.
٤– ئەحمەد زەینۆی سەرۆکی خێڵی عەباسانی ژێری.

لەگەڵ ئەوانە بە ناوی دەستەی نوێنەرانەوە چووینە لای ئیبراهیم تالی، لە دیاربەکر. شێخ حەسەن بە زمانێکی لووس، دەستی بە قسە کردو گوتی: ((ئەو بوختانانەی، بەناوی دەرسیمەوە کراون، هەرهەموویان درۆن، چونکە ئێمە کوڕی عەبدول حەمید ناناسین و خۆشی کورد نییە و تورکە، بێ گومان دەرسیمییەکان نایانەوێ تێکەڵی کێشەی پاشایەتیی تورکیا ببن)) .

ئینجا گوتی ((ئەگەر رژێم بە نیازی ئەوە بێ بەو بیانووانە لە دەرسیم بداو کوێری بکاتەوە ئەوا هیچ قسەکمان نییە هەتاکو بیکەین)) .

لێرەدا ئیبراهیم تالی گوتی: ((بۆچی سەید رەزای باوکت نەهات..؟)) وەڵامی دراوە، کە لەبەر پیری نەیتوانی بکەوێتە رێگا.

هەر ئەو رۆژە بۆ هێوارە، بۆ ئەوەی ئیبراهیم تالی بە تەنها من ببینێ، هەناردیە دوام. منیش چوومە لای و بە پەلە دەستی بە قسەکردن کرد، سەید رەزا گوتوویەتی: ((کەرگا[1] نابێتە بولبول)) ئایا نیازی لەو قسەیە چییە..؟ منیش پێم گوت: سەید رەزا نیازی لەو قسەیە ئەوەیە ((کۆمەڵێ نەزان هاتوونەتە سەر دەستەی حوکم)).

رۆژی پاشتر چووینە لای ئیبراهیم تالی و بە بۆنەی گەڕانەوەمان هەریەکە هەزار لیرەی پێداین و دوو هەزار لیرەش لەگەڵ سندووقێ کە خەڵاتی تێدا بوو دایە من کە لەگەڵە خۆم بۆ سەید رەزای ببەم. ئەو خەڵاتانەی بۆ سەید رەزا رەوانە کرابوون: شەکەرلەمە لەگەڵ پارچە قوماشێکی ئاوریشم بوو. ئەگەر چی لەناو خێڵەکاندا بڵاوکرابۆوە، کە تەنەکەیەکی پڕ زێڕ بووە! هەتاکو گەیشتینەوە لای سەید رەزا، چارەی رێکخستنی ئاسایش کرابوو.

ئەگەر چی فەرمانبەرەکان بە فەرمانی نهێنی، زاوای سەید رەزا ئیبراهیم ئاغایان کوشتبوو. ئەویش یەکێ بوو لە سەرۆك خێڵەکانی عەباسانی ژێری، ئەو رووداوە بە تەگبیری قایمقامی هۆزات کرابوو. هەزار لیرەی دابووە، حوسێن مەچۆ ئاغا و ئەو کارەی پێ کردبوو، بێ گومان سەید رەزا زۆر پێی نارەحەت ببوو. لەبەر هەندێ بە بێ تەقەکردن چووبووە دێی بکوژەکە و دەستی بەسەر ماڵەکەدا گرتبوو.

هەر لەو کاتەدا، جەنگاوەرانی کورد دەستیان کرد بە پەلاماردانی بنکە سەربازییەکانی رژێم، لەو کاتیشدا فەخری لە هەکارییەوە جێ گۆڕکێی پێ کرا و بەناوی پارێزگار هاتە ئەلازیز.

ئیبراهیم تالی فەرمانێکی نهێنی بۆ فەخری شێت دەرکرد ((هەربەو ناوە ناو دێربوو)).. پارێزگاری ئەلازیز کە بەهەرجۆرێ بێ، هەوڵبدا، یەك بەیەك کاربەدەستانی دەرسیم لەناوببا.

ئەو فەرمانە نهێنییانەی رژێم، فەرمانبەرە کوردەکان بە نهێنی بۆ ئێمەیان دەهێنا و ئاگاداری ئێمەیان دەکردەوە، هەڵوێستی رژێمیان سەبارەت بە ئێمە پێ

---

[1] کەرگا: باڵندەیە (قەل یان قەلە رەشکە)یە، دەنگی ناسازە و وەکو ئاوازی بولبول خۆش نییە–وەرگێڕ

رادەگەیاندین. لەبەر ئەوە لەو مێژووەی دەرسیمدا بەرێزەوە، باسیان دەکەم، چونکە هەموو جۆرە بەڵاو کارەساتێکیان لەبەر چاو بوو، کەیاریدەی ئێمەیان دەدا لەو رۆژە تەنگ و تاریکەدا.

لەسایەی خۆبەختکارانی کورددا، هەروەکو لەپێشدا یادی چالاکییەکانی ئەوانم بەسوپاسەوە کرد، چونکە رۆژ بەرۆژ وتووێژی نەهێنیی نێوان: "لێکۆڵەرەوەی گشتیی ئاسایش و وەزارەتی ناوخۆ و شارەکان" یان بۆ ئێمە دەهێنا و ئێمەش بە پێی ئەو ئاگادارییانەی کە بۆمان دەهات، تەگبیری رێگاوچارەی خۆمان دەکرد.

ئیمپراتۆریای عوسمانی، شەش سەدە درێژەی بە هەبوونی خۆی دا، لەسەر سیاسەتێکی نامرۆڤانە و جیاوازخوازی نەتەوەکانی رۆژهەڵاتی تێکبەردابوو، کە بەخۆشی رووخا و تێکچوو، ئەو پارچەیەی لەژێر دەسەڵاتی تورکان مایەوە، هەروەکو خۆی بەردەوام بوو، خەڵکەکە لەو پارچەدا کرانە دووبەش و ناویان لێنا رۆژهەڵاتی و رۆژئاوایی، لێرەدا نیازی تورکان لە رۆژهەڵاتی بەسووک نیشاندانی کوردان بوو، بەڵام سوودیان لەو ناوەی کە بۆ کوردیان دیاری کردبوو وەرنەگرت، چونکە گەنجی کورد کەدیتی بە چاوی زڕ—مندالْ تەماشا دەکرێ، پتر رۆژهەڵاتی بوونی خۆی پاراست و پێیەوەنووسا.

# جێبەجێکردنی پیلانەکانی هەیئەتی لێکۆڵینەوەی گشتی لەلایەن فەخری شێتەوە

**(١٩٢٩ زایینی)**

فەخری شێت–ی پارێزگاری ئەلازیز بۆ لە ناو بردنی کوردان، سەبارەت بە هەر فەرمانێکی نهێنی، رێگا و شوێنی پێویستی دانابوو. بە هەموو تواناوە بۆ دژایەتیی نەتەوەی کورد گڕی گرتبوو، هەروەها سەودای ناوونیشانی داگیر کەری دەرسیم لە سەری دابوو.

لە (٩/مایس/١٩٣٠) ز دا، سەر لەشکر، حوسێن حوسنی پاشا لەگەڵ پیاو ماقوولانی وڵات، کۆبۆوە، لەو کۆبوونەوەیەدا میدحەتی جێگری پارێزگاری ئەلازیز دەستی بە قسان کردو گوتی: ناوەڕاستی رۆژهەڵات و دەرسیم هەموویان تورکن، لە کاتی رژێمی پاشایەتیدا لە بیر کرابوون و ئێستاکە بەرێگای چاکە و قانوونی و لە چار چێوەی کۆماری تورکیادا ژیانێکی خۆش دەبەنە سەر. لێرەدا حوسێن حوسنی پاشای سەر لەشکرو، ئەحمەدی کارگێڕی ژووری بازرگانی و خەلیل– ی کارگێڕی شارەوانیی ئەلازیز، هەر هەمان نیاز و مەبەستی میدحەتیان هەبوو.

بەڵام فەخری شێت، بە گڕژی چووە سەر تریبۆن و ددانی دەقرساند و گوتی: دەرسیمی، تورك نەبووینە و هیچ پیشەیەکیان بە پیشەی دێهاتی تورکان ناچێ و ناوچەی دەرسیم خزمەتی بێگانان دەکا. هەروەها خزمەتی ئازات و هیوای ((کۆمەڵی خۆیبوونی کورد))دەکا. لەگەڵ ئەوەشدا زۆر بەبێ شەرمی گوتی: هەرچەند بکرێ، کاتێ زووتر لەناو بچن باشترە.ئەو پیاوە هەڵتووەی تیمارخانە رووی لە دانیشتوان کردو، دەستی پێکرد لە بابەت قانوون بدوێ و دەستی بە پەرتاوان کرد : ((قانوون، قانوون، قانوون.. تف لە قانوون دەکەم)) . چونکە هەر وشەیەك لە نێوان لێوەکانم دەرچوون ئەوە قانوونە. نەتەوەی تورك چاوەڕێی هیچ خزمەتێکی مادی و مەعنەوی لە دەرسیمییان ناکا و کردەوەکانیان لایەنگری ئەو بڕوایەی تورکان دەکەن. لەپاشان گوتی: "پێنج ساڵ دەبێ دەرسیم، هاوکاریی چەتە جەنگاوەرەکانی کورد دەکا، چەتەکانی کۆچکیری بەخێو دەکەن و نایان دەنە دەست رژێم. هەرچەندە ئاگاداریش کراونەتەوە، داخوازیی رژێمیان خستۆتە

پشت گوێیان. هەروەها بەردەوامیش بووینە لە یاریدەدانی چەتەکانی ناومان هێنان ((وەکو سەگی هار لە پێش دانیشتوانی کۆمەڵەکە دەڕۆی و لە جێگای قسە کردن هاتە خوارێ و کۆبوونەوەکە لە کەش و هەوایەکی پڕ بێزاری کۆتایی پێ هات)).

لە بەهاری ساڵی (١٩٣١)ز دا فەخری شێت هەڕەشەی دەکرد، خەریك بوو بەراستی دەست بەکار بکا.. رۆژێك پۆلیس لە جێگای خۆم منیان بردە پێش فەخری کە سەردەمێ نەخۆشی دەروونیی هەبوو و لە تیمارخانەدا چارەی دەکرا، لەبەر ئەوە ناوی لێندرابوو فەخری شێت. چونکە لە هەموو جوولاْنەوەیەکی دەزاندرا کە پیاوێکی خوێنمژو رەوشت خراپە.

ئەو پیاوە دەمێکی خۆش منی بە پێوە راگرت، لەپاشاندا وەك شێتان، لەجێگای خۆی هەڵستا و بەچاوێکی خراپ تەماشای ناو چاوی منی کرد، ددانی قرساند و بۆم هات و لە پێشم چەقی، بە توندی یەك داوە مووی لە سەری خۆی دەرهێنا، وەکو درندە گوتی:

ئەوە چییە؟

- جەناب داوە موویێکی سەری خۆتە. وەلاْمم داوە.
- نەتزانی، نەتزانی. لە ژوورەکە سووڕاوە و دیسان هاتەوە و وەك درندە لەپێشم چەقییەوە. بەشێوەی جاران داوێ مووی لەسەری خۆی دەرکێشا و گوتی:
- ئەوە چییە.؟
- جەناب وابزانم داوە موویێکی سەری خۆتە، ئینجا لە قاقای پێکەنینی داو بە تووڕەییەوە گوتی:
- نەتزانی، نەتزانی و لە سەر ئەسکەملییەك دانیشت و پێی لەسەر رۆخی دانا و دەیهەژاند و دەیگوت: ((نەتزانی، نەتزانی)) لە پاش ئەو بەزمە. دیسان داوێکی دیکەی دەرهێنا و بۆچاومی درێژ کرد و گوتی:
- ئەوە چییە؟ چاوت دەردێنم ئەوە چییە؟
- جەنابی پارێزگار کەوایە ناسینی ئەو شتە لە زانینی مندا نییە.

_ کـردەوە خـراپەکان بـە گشـتی دەزانـی، ئـەدی بـۆچ ئـەوە نـازانی..؟ هیـچ پشـوویەکی نـەداو داوێکـی دیکـەی لـە سـەری خـۆی دەرکێشاو بە منی پیشاندا و گوتی:

_ ئیـدی ئـەوە دەرسـیمە، دەرسـیم. بـەو چـاوانەت سـەری مـن دەبینی، ئەوەش کۆماری تورکیایە. ئەو داوەم لە سەرم دەرهێنا، هیچ پێیەوە ماندوو نەبووم..؟

_ دەمویسـت بـڵێم هیـچ نـەبێ سـەرت جـوولا، بـەڵام هەسـتی خۆم راگرت، لە بێ دەنگی، زۆر بێزار بووم ئینجا:

_ توانیم بڵێم: نەخێر جەناب، ئەویش هەر قسەی خۆی دەکرد.

_ ئـەو داوە مـووەم لـە سـەرم دەرهێـنا، ئایـا سـەرم هیچـی لێ هـات..؟ کـەم و کورتێکی لێ روودا..؟

گـوتم: نەخێـر جـەناب، کەوایـە، ئێسـتاکە بـڕۆ، هەروەکو فەرمانت پێ دەکەم، نووسـراوێ بـۆ سـەید رەزا بنووسـە، بیـبە نـاو کەڵـەی سـەریان، مـن وەکـو پارێزگارەکانی دیکە نیم، هەروەکو لەشەڕی ناوخۆ، یاخیبووەکان، کوڕانی **چەپانم** لـەناو بـرد و ئاسـەوارم بڕینەوە و هـەوارم کوێـر کـردنەوە، مـن فەخـری شێتم پی دەڵێـن، فەخـری. ئەگـەر فـەرمانی مـن بـە جـێ نەهێـنی هـەروەکو کوڕانی چەپان ئـەوانیش سـەراوپێ بـەدارەوە دەکـەم و کندڕیان لە مل دەکەم، هەر ئەوهایان پێ بـڵێ: پێشـمەرگەکانی کۆچـکەری کـە لـەلای ئـەوان خۆیـان شـاردووەتەوە، لەگەڵ بکوژانـی سـەرۆکی دەسـتەی مەفرەزەی پۆلیس مونیر بەگ بدەنەوە دەست رژێم، بە پێچەوانەوە لەدوایی بۆیان خراپ دەبێ و باش تێیان بگەینە.

لـەکاتی ئـەو مشـت و مـڕە دا، دەرگەیـەك بـۆ لای ژوورەکـەی پارێـزگار کراوەو پیاوێکی کورتە باڵای قۆز، میدحەت بەگی جێگری پارێزگاری هاتە ژوورەوە، چەند کاغەزێکی بەدەستەوە بوو، بەرێزەوە راوەستا و گوێی دایە بینە و بەردەی ئێمە.

ئینجا وەڵامی پارێزگارم داوە و گوتم:

- بفـەرموون ئەو فەرمانانە بە هۆی قایمقامەوە بنێرن بۆ سەید رەزا. چونکە من هیچ هاموشۆم لەگەڵ ئەودا نەماوە.

- ئینجا گوتی: فەرمان بەتۆ دەکەم و دەینووسی.

بەگ لێم ببووه.

– لەگەڵ ئەوەی پێت دەڵێم بنووسە، هێشتا تۆ ڕکە دەکەی ئایی[1].. (ayı)

بـەگ: بـبوورە، من هیچ جێیەکم بە.. ئایی. ناچیٚ. من پیاوێکی گچکەڵەمە. ئەوجا کە وام وت فەخری شێت هەر وەك دڕندەی کێوی شالاٚوی بۆ هێنام.

- لێرەدا جێگری پارێزگار، میدحەت هاتە نێوانمان.

- مـنیش گـوتم ئێستاکە دەچمە لای داواکاری گشتی نا تەبایی سەبارەت بە ئێـوە دیـاری دەکـەم و قسـەکانیش وەکـو خـۆی، هــەر هــەمووی بـۆ ئێـوە دەنێرمەوەو چوومە دەرەوە.

لـەو کـاتی لەبن هەیوانی پارێزگادا، گەلێ لە فەرمانبەران راوەستابوون، هەستی خۆیـان، لـە ئێمـە راگرتـبوو، مـنیش بـە بۆڵە –بۆڵ لە نێوانیاندا تێپەڕیم و چوومە ژووری داواکـاری گشـتی. لەگەڵ داواکاری گشتی چونکە لەگەڵ ئەودا برادەرایەتیی بادەمـان هـەبوو، کـە دیـتی مـن بە تووڕەیی و پشێوییەوە خۆم لە ژوورەکەی ئەو کوتا.

- دکـتور دیسـان چـی هەیـە، بێـزار و پـڕ کـەدەر دیـاری، پێـم بـڵێ ئـازارت هەیە..؟

– دڵگـیرم لـە فەخـری بـەگی پارێـزگار و دەچـمە دادگـا شـکایەت دەکـەم. ئەوجا فـەرمان بکە، دەرکەوانەکە پوول و کاغەزێکم بۆ بێنیٚ. مەزبەتەکە بە دەستی خۆم دەدەمـە دەسـت جەنابتان. جا تکا دەکەم لێکۆڵینەوەی یاسایی لەگەڵ پارێزگاردا بکەن، مشت و مڕەکە لە نێوانماندا چۆن ڕوویدا بوو هەر ئەوهام بۆ گێڕایەوە.

داواکاری _ گشتی دەمیٚ کڕبوو، هەستی خۆی ڕاگرت بەو قەڵەمەی لە دەستی بوو شـتێکی لـە سـەر پارچـە کاغـەزێك رەشکردەوە، لە پاشدا بە پەرۆشەوە تەماشای

[1] جۆرە دڕندەیەکی کێویە پێی دەڵێن (کەمتیار) وەرگێڕ.

رووی منی کردو بانگی دەرکەوانەکەی کرد. فەرمانی پێدا دوو قاوەمان بۆ بێنێ، ئەوجا دەستی بە قسان کردو گوتی:

دکتۆر: لە تورکیا، قسە، قەڵەم– سەر بە خۆیی و کەسایەتی.. نازانن و لە مێژە نەماوە.

– تۆ پیاوێکی دونیا–دیتەی–داخوا نازانی دکتاتۆری چییە.؟

- سیاسەتی لە ناوبردنی رۆژهەلآت تێنەگەیشتی..؟

- ئاگادار نیت لەو بەلآو کارەساتانەی بەسەر جێگا و هەڵوێستی کەسایەتیدا دێن..؟

– نابینی هەزاران بێ گوناه هێلانەیان لێ تێکدراوە و ئاگردانیان لێ کوژاوەتەوە..؟ وا ئێمە لەو رۆژە دەژین بە خوێنی لێقەوماوان دەستیان لە خەنە دەنێن. لە سەر مێزی سەفاهەت و بێ شەرمی دڵخۆش دەبن. دوورە نوری– دوورە، هەیهات، نوری هەیهات، پەلە دەکەی، لەبەر ئەوەیە لەکەدار بووی! لەو قسەیەم ببوورە، لەکەدار نەبووی بەلآم چاودێریت دەکەن، ئیتر هەر لەبەر ئەوەیە هەر رووداوێکی بچووك سەبارەت بە تۆ، وەك مردن و ژینە و لە راست تۆ، لێکوڵینەوە بەدرێژی دەکرێ. ئەوجا دەستی درێژ کرد بۆ چەکمەجەی مێزەکەی و کۆمەڵێ کاغەزی دەرهێنا:

((داخوا نازانی لە نێوان ئەو دۆسیانەدا چەند کاغەزی نهێنی، سەبارەت بەتۆ هەن..؟ ئایا لەبیرت چۆوە تۆ رۆژهەلآتی و بەتایبەتی دەرسیمیی. ئێستاکەش پەنات بردۆتەبەر یاسا و لە یاسا دەپێچییەوە و یاسا جێ بە جێ دەکەی و باسی دلگیری دەکەی..؟

- تۆ نازانی لە رۆژ هەلآت یاسایەکی جودا هەیە و رژێم بە ئارەزووی خۆی دەجووڵێتەوەو هەر کەسێك بۆ شتێك هەوڵ دەدا..؟

((دەروونم بێزارە لەو جۆرە ژیانە بەلآم دوورە، چونکە چارەی ژیانی ناوەنجیم

نییە بۆ خێزانم، ئەگەر ئەوەم هەبووایە، هەر لە ئێستاکەوە دەکشامەوە، وازم لە فەرمانبەرایەتیی کۆماری تورکیا دەهێنا و ئەوەی خاوەن ناموس بێ هەر ئەوهای دەکرد. چونکە فەرمانبەرانی خاوەن ناموس لەو کارەی دەیکەن و لەسەر ئەو مێزەی دادەنیشن و لەو مووچەیەی وەری دەگرن هەمیشە بە گازاندەن. بڕوا بکە ئێوە ئاگاتان لە تێکەو لێکەی سەربەخۆیی نییە.

یاسا، شەرەف و ناموس، لە گۆڕێ نەماوە، ئەگەر رژێم یاسایەك دەرکا، لە لایەن وەزارەتی ناوخۆوە هەڵدەگیرێ، چونکە لەدژی یەکدینە، ئەوجا تەمای چیت بەو یاسایە دەبێ..؟ لەبەر ئەوە لە بێدەنگی زێتر هیچ چارەم نییە، هەروەکو تێبگەم، چونکە ئەو جۆرە یاسایە وەکو منداڵی زکماك وایە هەر لەگەڵ بوونیدا مردووە.))

لێرەدا گفتوگۆی ئێمە کۆتایی پێ هات.

هەر لەو کاتەدا فەرمانبەرێکی دادگا هاتە ژوورەوە، دیاربوو گوێی لە مشت و مڕی ئێمە بوو، لەبەر هەندێ رووی لە من کرد و لێمی پرسی:

-((چی هەیە دکتۆر دیسان لە یاسا و بەدی هێنانی یاسا دەپرسی، ئەو کەسانەی یاسا دادەنێن، لە نێوان ئەو کەسانەی دەڵێن وڵات بەرەو پێشکەوتن دەبەن، بۆ جێ گرتنی خۆیان، خێزانیشیان بەلاگێڕی دەکەن، هەتاکو بەخۆیان رادەگا.))

دکتاتۆر لە نێوان کۆمەڵە دوو زمان و درۆزن خۆی کردۆتە خوا و چوار چێوەیەکی بۆ خۆی دامەزراندووە. هەموو شتێکی لەو چوارچێوەدا بەلاگێر دەکەن. تەنها ئەو کەسەی ناوەرۆکی کارەکەی بزانێ، لە پێشە خۆیدا پێی لە تاوانی خۆی بنێ.

هەر چەندە لە دەوری موستەفا کەمال، تەکیە و مزگەوت پێوەدران، هەر جۆرە ئایین و دیندارییەك قەدەغەکران و لە جیاتی هەموو ئەوە، ئایینی کەمالی

بەدەرکەوت. ئەوجا هیچ سەیر نییە ! بە نموونەیەك ئەمە روون دەکەینەوە:

سەردەمیٚ لە ئەنقەرە بووم یەکیٚ لە ناسراوەکانم پایەیەکی بەرزی هەبوو لە رژێمی ئەنقەرەدا، رۆژێکی داوای لە من کرد بچمە ناو ئایینی کەمالییەوە . چونکە لە بۆ من سوودی زۆر دەبیٚ:

لەبەر هەندیٚ لێم پرسی ئایا ! دامەزرێنەری ئەو ئایینە کێنە..؟ وەلاٚمی دامەوە:

– دەزانی نایلێیٚ.. دەبلٚیٚ نازانی. برۆ ناوی بیبینە !...

– لە بابەت شەرەف و نامووسەوە، راستییەکەی بەمن بلێن!

– لەسەر ئەو قسەیەم دەستی بە پێکەنین کرد و گوتی!

– لە تۆ ناوەشێتەوە بێیە ناو ئەو ئایینەوە، چونکە لە مێشك و بڕوای کۆن دای. مەبەستت چییە لە نامووس، نازانم!

نامووس، نامووس دەلێی بۆ نموونە:

ئەگەر ژنێك لەگەلٚ پیاوێکی دیکەدا ئارەزووی خۆی دابین بکا بە بیٚ نامووسی دادەنێت..؟ و پیاوەکەش ئەوە ببینیٚ و دەنگ نەکا بە بیٚ شەرەف لە قەلٚەم دەدریٚ..؟

گازی موستەفا کەمال کە ئێمە دەیپەرستین، لە بابەت نامووسەوە بڕیاری داوە دەلٚیٚ لە ناوك بەسەرەوە نا، بەلاٚم لە ناوکی بەرەو خواریٚ، بە هەوەستە.. نەتبیستووە..؟ کەوای گوت منیش زۆر تووڕە بووم و بە پێشی کەوتم و گوتم:

کابرا خوای خۆت خۆشبویٚ..، ئەگەر ئەمن بلێم ڕێگای ئایینی بلٚیٚ.. تۆ چی دەلێی؟

- من گازی دەپەرستم، ئەگەر ناوی خودا بێنیٚ، دەلێم لەگەلٚ گازیتە، وەلاٚمی منی داوە.

- لە ئایینی خۆتان ئەوەندە راستی..؟ لێم پرسی:

- راستی چییە؟ گوتی: ئەوە شتێکی سەیرە، لەبەر ئەوەی من باوکم کوردە و دایکم تورکە، لەپێشدا بۆ کوردایەتی تێم دەکۆشی، کە تێگەیشتم ئەگەر راست بڕۆم لەناو دەچم، راستییەکەم خستە پەناو چوومە ناو ئایینی کەمالییەوە . هەر چەندە تەنها قۆناغی سەرەتاییم تەواو کردووە، ئێستاکەش بوومەتە فەرمانبەر لە دادگای ناوەڕاستی ئەنقەرە،

هێشتا برادەرەکەمان، کەلێنی نەداوەتە قسەکانی خۆی:

- لە دەرکەوانی بۆ پارێزگاری، لەمەزەندەلێدەر بۆ لێکۆڵینەر، هەروەها لە تەنەکەچیاتییەوە بۆ وەزیری و لە دەرۆزەکردنەوە بۆ دەولەمەندی (ملیۆنێر)ی. ئیتر نەتزانیوە، زۆر کەسی کەمالی بەم شێوەیە بەرز بوونەتەوە..؟

حەقی ناشیت: نوێنەری (کووتاهیە) یەکێکە لە ئەندامانی ئایینی کەمالی و لەراست دەرسیم دەنووسێ و دەڵێ: (( لەناو ئەو شاخانەدا ئایینێ هەیە لە باوەڕەوە دوورە)) هەر دەم لەناو گەنجەکانی تورکدا دەڵێ" گازی دەپەرستێن و هیواشمان کردەوەکانیەتی".

وتەکانی دووبارە دەکاتەوە، بەم شێوەیە، پێشڕەوی گەنجایەتی دەکا و دەیانخاتە کۆیرەوەرییەوە.

لیرەدا من رووم کردەوە داواکاری گشتی و لێم پرسی:

– چی دەڵێی؟ لە دژی پارێزگار، رێگای یاسایی بگرم یان نا: قسەی دواییت چییە پێم بڵێ ؟

- ئەویش گوتی لێیگەڕێ خزمە، مەزبەتە دەکەی و دەگەڕێیەوە گوندی، لەپاش دوو رۆژان، دوو پۆلیسی سوارە دێن و بەهەنجەتی ئەوەی بتبەن بۆ پارێزگا، لە رێگا لە کۆڵت دەکەنەوە، لەپاشدا دێن و دەڵێن: "هەڵهات و لێمان دا". مەزبەتەیەك دەنووسی، کردەوەکەش بەوشێوەیە دادەپۆشرێ. واش

دەردەکەویٚ کە هێشتا نازانی مافی ژیان بۆ کوردان نەماوە..؟

لە یاسادا هەر کەسیٚ، لە تورکیا هاتبێتە دونیا، پێی نالێین تورك..؟ ئەدی خۆت نایزانی..؟

دکتۆر ئەمن بێزار دەکەی، دیسان دەستت پێکرد لە یاسا بدوێی، ئەگەر سەیری دامەزراندنی یاسای ئەساسی، ئەرمەنییەکیش هەر تورکە لەناو کۆماری تورکیدا. لە سەرەوە وا پیشان دەدا، ئەگەر چی هەر کارێك بەپێی نیشانەیٚ نهێنی لە دژی ئەرمەنییان جیٚ بەجیٚ دەکریٚ. هەروەها تۆش بە پێی رووی دەرەوەی یاسا تورکیا لە راستیدا لەگەلٚ بێگانەك هیچ جیاوازیت نییە. تاوەکو ئێستاکە چییان داوەتە تۆ..؟

گشت مافی مرۆڤایەتی لە راستی تۆدا چاوی لیٚ قووچێندراوە، هەرگیز لە ژێر ترسی مردندایت. چونکە کوردی، خاوەنی (٢٠) بیست سالٚ خوێندنی، مافی ژیانی چی دراوەتە تۆ، پێم نالێی..؟

هەتاکو ئێستا یاسا هیچی بۆ تۆ نەپاراستووە، چۆن راوەستای باسی یاسا دەکەی..؟

پێویستە ئەوەش بزانی هەر کەسیٚ لە بچووکترین فەرمانبەرەوە کە دادەمەزریٚ لە بنکەی ئاسایش لێی دەپرسن:

تورکە یان کوردە و لێی دەکۆلٚنەوە.

– کەوایە ئێمەی کورد، رۆژێك زووتر لە کۆلٚمان بکەنەوە یان دەربەدەرمان بکەن باشترە بۆمان.

– پەلە مەکە خەتەکانی شەمەندەفەر کە لە رۆژهەلاٚت دەکرێن بە نیازێکی سەربازی ئەنجام دەدرێن. ئەو خەتانە بۆ لەناوبردنی کوردەکانی رۆژهەلاٚتن هەر تەواو کران، هاوڕەگی تۆ لە ناو دەبردرێن یان دەر بەدەر دەکرێن. ئەوجا بە چاوی

خۆت دەبینی..!

– ئایا خەڵکی ئەلازیزیش لەگەڵ ئەو کێشەیە دان..؟

ئـەمن پرسـیم، چـونکە لـەو کاتــە گـەنجێکی ڕۆشـنبیری ئەلازیـزی لــە لامــان ڕاوەسـتابوو و تەماشـای ئـەوم کـردو گـوتم..! هــەر چـەندە دانیشـتوانی ئەلازیـز بەرەگەز کوردن، بەڵام ڕژێم باوەڕی وایە کە بوونەتە تورك:

- نەخێر: چونکە گازی لە بەر ئەو سێ شتە لە دانیشتوانی ئەلازیز دڵگیر بووە:

١– لـە سـەردەمی نـاکۆکی کـاتێ پارێـزگاری کۆنـی ئەنقـەرە عـەبدول قـادر هەڵواسرا.

٢– شۆڕشی شێخ سەعید تاوەکو ئەلازیز بڵاوبۆوە و هاوکارییان لەگەڵ شێخ کردبوو.

٣– بەسـەدان کچ و ئافرەتیان لە ئەرمەنییان داخوازی کردووە و خوێنی ئەرمەنی لەگەڵ خوێنی کورد تێکەڵ بووە.

ئـەوجا لێـرە کۆتایـیمان بـە وتووێژەکـە هێـناو ناچـار بووین لاپەڕەکە وەربگێڕین، چـونکە خـاوەن ئیـش و کـار هاتـنە ژوورەکـەوە. بـەم شـێوەیە بـە نـائومێدی و دڵشکاوییەوە گەڕامەوە دێیەکەم و زۆریش پەست بووم.

## ئەو ڕێگا چارەیەی

### سەبارەت بە ناسکیی کێشەکەوە دامنابوو

هـەروەکو لەپێشـدا باسم کرد لەبەر ناسکیی کێشەکە بەناچاری لە زۆر شت ورد بوومەوە.

١– لە وڵات بچمە دەرێ و پەراگەندەی یەك لە وڵاتەکانی ئەوروپی ببم.

٢– لـەناو وڵاتـی خۆمـدا بمێـنمەوە و بـۆ بەدیهێنانی مافی نەتەوایەتی تێ بکۆشـم و بـۆ کـاتی پێویسـتی، هـەروەکو هـەزاران هـاوڕەگی خۆم، لەمەیدانی جەنگدا بەسەر بەرزی بمرم.

ئـەوجا لـەدەروونی خۆمـدا سوێندم خواردو پەیمانم دا کە لەسەر بڕیاری دواییم بمێـنمەوە. بـۆ ئـەوەی گـەڕانی خۆم بەرانبەر بە یاسا داپۆشم. بەچاکم زانی بچمە سـیواس. ڕەخـنە لـە بـڕیاری پاشمـلەی لـە سـێدارەدانی خـۆم بگرم، بەو شێوەیە دەشـتوانم بـەناو خێـڵەکاندا تێـپەڕم و سـەرۆکەکان ببینم، لەبەر ئەوە سەید ڕەزام

لەو تەگبیرە ئاگادار کردەوەو بەسواری ئەسپ بەناو هۆزەکاندا بۆ سیواس کەوتمە ڕێگا.

بەپێی دژایەتی کردنی ڕژێمی تورکیاو تێکۆشین بۆ مافی نیشتمانی، منیش وەکو زۆر کەسی دیکە لە ئاسایش ژمارەی تاوانباریم بۆ داندرابوو. ژمارەشم (٢٣) بوو لە ئاسایشی تورکی و بە توندی لەژێر چاودێریی پۆلیسدا بووم.

هەرچەندە دەمزانی ئەگەر لەهیکەوە بچمە ناو خێڵەکان، ئەوا چالاکیم دەزاندرێ لەلای ڕژێم، لەبەر ئەوە کەس نەزان، ئاگاداری هیچ فەرمانبەرێکم نەکردەوەو تاکە سوارێکم بەگەڵ خۆم دابوو لە ئەلازیز دەرچووم و بەرەو سیواس بەڕێ کەوتم.

ڕۆژی یەکەم لەگوندی دەنیزلی **سەربە مەعدەنی – گەبەن** لەماڵی خێزانێکی کوردی وڵاتپەروەر میوان بووم. ڕۆژی پاشتر چوومە گوندی **شۆتیك** لەدامێنی شاخەکانی **پەما** و لە ناوەڕاستی خێڵەکانی **ئاتمە**، لێرەدا یەك لەسەرۆك خێڵەکان، **خلوسی بەگم** دیت و هەروەها خۆم گەیاندە خێڵەکانی **پەرچیکان** لەسەر شاخەکانی زەرد. لەپاش سەردانی کردنی ئەو خێڵانەی لەدامێنی چیایەکانی **دیڤریگی و دومورجە** دەژین، پێنج ڕۆژ لەناوچەی **چام شەیخی** مامەوەو ڕێگاو شوێن و پڕوپاگەندەی پێویستم کردو بەرێگای **کۆچ هیسار** دا چوومەوە سیواس.

چوار ڕۆژ لەپاش دەرچوونم لە ئەلازیز پێشمەرگەکانی دەرسیم، دەستیان کردبوو بەچالاکی لەدژی ڕژێم، سەید ڕەزا چەند گەفێکی ڕەوانە کردبوو بۆ فەخری شێت و سەخڵەتی کردبوو، لەپێش هەموو شتێ، ناردبوویە دوای من، کەزانیبووی چوومەتە سیواس**!** ئەو بروسکەیەی بەنهێنی لەبۆ پارێزگاری مەلاتیا و سیواس ناردبوو:

**بۆ پارێزگاریەتیی مەلاتیا وێنەیەك بۆ پارێزگاریەتیی سیواس**

"دیارە کە بەیتار نوری دەرسیمی، هۆی ڕووداوەکانی کۆچکیری بووە، لەهیکەوە خۆی لەبەرچاو و پارێزگاری ئێمە بزر کردووەو بەپێی لێکۆڵینەوەی خۆمان زانیومانە بۆ ناوچەی سیواس تێپەڕیوە، خەریکە لەنێوان خێڵەکانی ئەلازیز– مەلاتیا و سیواس لەدژی ڕژێم پڕۆپاگەندە دەکا. جا لەبەر هەندێ تکایە چاودێری و لێکۆڵینەوەی لەگەڵدا بکەن

و بەزووترین کات ئاگادارمان بکەنەوە ".

ئەلازیز                    پارێزگاری ئەلازیز

١/ئەیلول /١٩٣١              فەخری

ئەوەش دەقی بروسکەکەیە بە تورکی کە پارێزگار فەخری ناردووە:

[1]Malatya vilayetine – Suretİ sivas vilayetine: Dersimli Baytar Nuri esasen koçkiri hadisesinin amili olduğu malmdur, mumaileh ani Suertte Vilayetimizden gaybubet etmiştir. Tahkikatımıza gre sivas mıntıkasına geçtiği anlaşılmıştır .Alaziz malatya ve sivas aşiretleriyle temasta bulunarak memleket aleyhinde propaganda yapmak tasavvurunda bulunan mumeileh hakkInda tarassudat ve incelemenin Yaptırılmasİyle neticeden acilen malümat itasI mercudur .

Elaziz 1 Eylul 1931        Elaziz valisi

FAHRI

لەناوەڕاستی شاری سیواس چەند برادەرێکم دیت و جاریٚ ناویان ناهێنم، لەو کاتەدا رەخنەم لەبڕیاری پاشملەی دادگای پێشوو گرت، لەبابەت لەسێدارەدانی من. داوام کرد کە دووبارە بدرێمەوە دادگا و لە پێشملە و بەرەو ڕوو بڕیارم بۆ دەربکاتەوە، چونکە لەو سەر دەمەدا زۆر فەرمانی لێبوردن دەرچوو بوو، ماوەکی زۆر بەسەر بڕیارەکەدا تێپەڕی بوو، لەبەر هەندیٚ پێویست نەبوو بەپێی یاسا دووبارە بدرێمەوە دادگا و بەوشێوە وێنەیەکم لە بڕیاری لێبوردنم لەدادگا وەرگرت.

لەسیواس لەئوتێل پالاس دابەزیبووم و لە ژوورەکەی خۆم بووم، کاتێکی لەدەرکەیان دا، بەتەمابووم بڵێم وەرنە ژووریٚ، دەرگا کرایەوە، منداڵێکی (١٢) دوازدە ساڵی بەژووریٚ کەوت و رەنگ و رووی بە منداڵە کوردان دەچوو، بەشەرمەوە داوای شتێکی کرد کە بیدەمیٚ ئەوجا ئەو وتووێژەی خواریٚ لەنێوانماندا دەستی پیٚ کرد:

لێم پرسی: کوڕم خەڵکی کوێی؟

---

(١) لێرەدا دەقی بروسکەی پارێزگاری ئەلازیز (فەخری شێت) بە تورکی نووسرایەتەوە لەبەر نرخی مێژوویی.

گوتی: خەڵکی ئەرزرۆمم، گەورەم.

- چ نەتەوەیەکی..؟

- بەگم (هەستی بڕا، لەگەڵ ئەو پرسیارە منداڵەکە رەنگی زەرد بوو، داما).

- مەبەستم لەکامە نەتەوەی؟ تورکی، کوردی، چی. .؟

- بەگم من کوردم لەبەرچی ببمە تورك. .؟ وەڵامێکی هیشك و لەسەرخۆی دامەوە.

- بەڵێ، بەرخم من نەمگوتووە تورکی، بەس پرسیم. .!

بەچکە کورد چاوی پڕ فرمێسك بوو، ملی شۆڕ کردو پەنجەکانی بە تووڕەیی دەجووڵاندەوە، هەروەکو شتێکی لە دڵی خۆی شاردبێتەوەو بەدەری نەیێخی یان هەستی بە ناخۆشییەك کردبێ و پێم نەڵێ، وا دەهاتە بەر چاوم و تێگەیشتم کە لە دەروونی خۆی وتووێژێ لەگەڵ هەستی پیرۆزی ڕەگەزی خۆی دەکا، ئەو منداڵە بێ شەنسە.

- پرسیم: دایکت، باوکت هەیە؟ هەناسەی گیرا هەروەکو شتێکی گرانی لەسەر سینگ بێت، بەدەنگێکی کەرخ! گوتی:

- دایکم هەیە، باوکیشم تورکەکان کوشتیان.

- کورم کەینێ باوکتیان کوشت. .؟

- ئاخ بەگم، باوکم بەبیر مەینەوە، برینم مەکولێنەوە، مەم گرییێنە.

- ژیانی خۆتان، واتە خواردن و جێگا چۆن دابین دەکەن؟

- من کار دەکەم و دایکم لەماڵان جلك و تەختە دەشوا.

- کرێی خانو دەدەن؟

- نەخێر! لەژووری دراوسێیەکی کورد دادەنیشین.

- کوردی دەزانی. .؟ (گفتوگۆمان تا ئێستا بەتورکییە)

- زوبانی دایکم نەزانم.؟ پشووی هەڵمابوو.

- بۆچی کەم تورکی دەزانی؟ لەبەرچی فێری نابی. .؟ بەکوردی لێم پرسی! ئەویش هەر بە کوردی وەڵامی منی دایەوە.

- بەگم ئەو زوبانە پەیوەندیی بەمنەوە نییە. زوبانی دایکم کوردییە.
- دەخوێنی. .؟
- نەخێر
- لەبەرچی ناخوێنی. .؟
- من کەسم نییە و دەستم کورتە و پارەم نییە پێی بخوێنم.
- هەتیوخانە نییە. .؟
- دایکم زۆر پاڕاوەو تکای لێ کردن، ئەمنیان وەرنەگرت، چونکە کوردم ، یەك دوو ڕۆژیش چوومە قوتابخانەو کەوتنە دوام بەچکە کورد، بەچکە کورد، ئەمنیان دەرکرد.
- ئەتو دلگیر بووی لەو کردەوەیان. .؟ لەبەر ئەو ڕووداوە گریای؟
- لەبەرچی بگریم، لەپاش مردنی باوکم من چۆن دەبمە تورك. .؟
- بەرخم تۆ دەزانی نەتەوەی من چییە.؟ وا بەسەربەستی لەگەڵم دەدوێی. .؟
- تۆ کوردی. .!
- بەچی دەیزانی. .؟
- چونکە کوردی دەزانی. .
- لێرەدا میوانێکی ولاتپەروەر هاتە ژوورێ، چاوی پڕشنگی بەچکە کوردی زیرەکم ماچ کردو، خەرجییەکم پێی داو بەڕێم کرد.
- ئەو شەوە لەگەڵ برادەرەکە بەقسەکردن ڕامان بوارد، ڕۆژی پاشتر لەژوورەکەی خۆم دانیشتبووم، بەچکە کوردی جاران لە کەلێنی دەرگاوە تەماشای ژوورێی دەکردو تێی گەیاندم کە دەیەوێ شتێکم پێ بڵێ. هێنامە ژوورێ و لێم پرسی لەبەرچی وا پەشۆکاوی. .؟
- خێرە، بەگم هاتوم لەبابەت کردەوەیەك ئاگادارت بکەمەوە، چونکە قەرزێکی کوردایەتییە لەسەر شانم.
- چییە کوڕم؟ ئەو کارەی تۆ دەیکەی لەراستە من دەبێ زۆر گرنگ بێ، چونکە تۆ هەستێکی بەرزت هەیەو ڕۆڵەی نەتەوەیەکی سەربەرزی، هەر بەو

بۆنەشەوە دوێنێکە نەشم پرسی ناوت چییە.؟ لەبیرم کردبوو.

- ناوم شێرۆیە.

- کورِم بەڕاستی تۆ شێری بڵێ بزانم چییە؟.

- بەگم، من چەند ڕۆژ لەمەوبەر تۆم لەبازێڕی دەدیت و لەسەر شەقامەکان پیاسەت دەکرد، چونکە خوێنم بۆ تۆ دەبزوێ، چاودێریی تۆم دەکرد، هەموو ڕۆژێ دەم دیت سیخوڕ و پۆلیسی نهێنی بەدوای تۆوەن، دوێنێکە نەمدەویست پێت بڵێم، بەڵام کە بۆ دایکم گێڕاوە، فەرمانی پێ کردم ئێستاکە بێم هۆشیارت بکەمەوە، ئیتر وا فەرمانی دایکم بەجێ دەهێنم.

- کورِم سیخوڕ چییە؟ بۆچی چاودێری من دەکا. .؟

- سیخوڕ چاودێریی کوردان دەکا و حەیدەر بەگی کوڕی مستەفا پاشای کۆچکێری لێرەیە، هەردەم لە دەوری ئەویش پۆلیس دەسووڕێن. خۆم دەیان بینم، ئێستاکە لەقاوەخانەکەی خوارێ دانیشتون.

- پیشانم دەدەی. .؟

- بەڵێ پیشانت دەدەم.؟

هەر ئەو دەمە پێکەوە هاتینە دەرێ، بەرەو شەقامەکە چووین، دوو کەسی دیکە لە ئوتێلەکە دەرچوون و چاودێریی ئێمەیان دەکرد، من لەلای جغارە فرۆشێ ڕاوەستام و بەچکە کوردیش چووە ناو قاوەخانەکە و هاتەوە دەرێ، بەچاو قووچان، منی تێ گەیاند کە ئەوانەی بەلای مندا تێدەپەڕن، سیخوڕن.

ئەو بەچکە کوردەی خاکی بەرزی ئەرزڕوم، خزمەتێکی گەورەی کردم، چونکە بە نهێنی لە دوای شوێنی منەوەن، ئیتر بەپێی ئەوە دەجووڵامەوەو بەپێویستم زانی کە بگەڕێمەوە ئەلازیز.

سەردانەکەم بۆ سیواس بیست و یەك ڕۆژی خایاند، ڕاست بەڕاستی ڕۆژئاوای کێوەکانی **کەرەبال**، لە شارۆچکەی **یەللیجە** و ناوچەی **کانگالی**، بە گەلی **چەپووتلودا** تێپەڕیم، لەوناوە زۆر پیاوی گرنگ هەبوون و ئەوانیشم دیتن، هەر بۆیەکە ئەو ڕێگایەم گرتبوو کە پێیدا بچمە شاری مەلاتیا. لە وێوە بەرەو گەلی **یالنزسوغوت** دەڕۆیشتم، لەو کاتەدا، مەفرەزەکانی پۆلیسی ناوچەکانی زارا،

دیڤریگی و کانگال لەگەڵ کارگێڕی شارۆچکەی کۆچ هیسار – جەلالی لە دوای شوونی من بوون و هیچ ئاگاشم لێ نەبوون.

کاتێ لە ڕێچکەی تەسکی گەلی یالنزسوغوت تێدەپەڕین، ئەو پیاوەی لەگەڵمدا بوو گوتی:

بەگم مەفرەزەیەکی پۆلیس بە دوامانەوەیە، تەماشای پشتە خۆمان کردو نەختێکی دیکەش ڕۆیشتین دەستەیەکی دیکەش پێشی لێ گرتین، سەرۆکی دەستەی پۆلیس ئەفسەرێ بوو، کڵاوێکی چەرکەسی لەسەرە خۆی نابوو لەپێش هەموو شتێك پرسی:

- تۆ کێی. .؟
- بەیتار نوری. .!
- بەیتار نوری بەگ دەرسیمی تۆی. .؟
- بەڵێ منم
- کەواتە بفەرموون، ڕێگای بە من پیشان داو گوتییە ئەو دەستە پۆلیسەی کەلەدواوە دەهات بەڵێ بەڵێ خۆیەتی، ئەوجا سەرۆکی هەردوو مەفرەزەکە کشانەوەو (١٠) دە چرکەیەك لەگەڵ یەك قسەیان کردو لەپاشدا سەرۆکی پۆلیسی دیڤریگی لەگەڵ هاوڕێیەکانی گەڕانەوە دواوە. لەگەڵ سەرۆکی پۆلیس کە لەپێشدا باسم کرد چەند هەنگاوێ چووینە پێش و گوتی: ڕاوەستە لێرەدا کارێکمان پێت هەیە، کە گوتی ئێمەش هەڵوەستەمان کرد، پۆلیسەکان سێ سێ و پێنچ پێنچ دەوری ئێمەیان دا، هەروەکو هێرش کردن لوولەی تفەنگیان لە من و پیاوەکەم کردو چاوەڕێی فەرمان بوون، هەروەکو یەکێ بدەنە بەر رستەی تفەنگان وا خۆیان سازدا، سەرکردەی پۆلیس فەرمانی دانێ و دەم بە دەم و بەبێ هەستی بەیەکدییان دەگوت، تاوەکو یەك بەیەك تێگەیشتن و ئەوجا هاتە لای من.

لێم پرسی: جەنابی سەرکردە، لێرەدا چمان لێدەکەن. .؟ ئەگەر فەرمانێ بەجێ دەگەیەنی هیچ نەبێ: لەشارێك، ناوچەیەك، شارۆچکەیەك یان لە ناوەڕاستی دێیەك دەمەوێ بەجێ بهێنرێت. خۆ ئەگەر لەو ڕێگایەدا لەناو دارستان و شاخان

تەگبیری جیّبەجیّ کردنی سزامان بکریّ، ئەوا زۆر پێی سەربەرزم.

- نـوری بـەگ سـەهووی، تکـا دەکـەم خـۆت تێـك مـەدە، بـەناوی سـەرکردەیەکی پۆلیسـی تورکـەوە بەدیهێنانی ئەو کارە بەمن ڕاسپاردراوە کە من تۆ دەست بەسەر بکەم و لەکویّ تۆشم گرت بتپشکنم، ئەوجا ئێستاکە ئەو فەرمانەم لەدەستەو جیّبەجێی دەکەم، لەیاسای کۆماری تورکیا مەترسە.

- هـەر پارچە کاغەزێك هەر چەندە بچووك بیّ، لەلات هەبیّ نەکەی بیدڕێنی و فـڕەیان بـدەی، لەبەرئەوە فەرمانم داوە بە پۆلیسەکان زۆر ئاگادار بن، ئیتر ئومێـدەوارم کـە شـتی وات لـەلا نـەبیّ، تاکە پارچە کاغەزێکی وات لەلا هەبیّ، فـڕێدان و لـەناو بـردنی لـە ڕەوشـتی ناسـکی ئێـوە ناوەشـێتەوە، خـۆ ئەگـەر کاغـەزی وا نهێـنی لـەلاتان بدۆزرێـتەوە، واچاکە باوەڕیتان بە یاسای کۆماری هەبیّ.

- پێم گوت کەوایە دەتوانی بمپشکنی. .!

- پرسی چەند پارەتان هەیە. .؟

- (١٠٠) سەد لیرەم لەلا ماوە، چونکە لەسیواسەوە ڕا دێم. ئەویش گوتی: پارێـزگار سـولەیمان سـامی بـەگ، بەتەلەفۆن رایگەیاندووەو دەڵێن کوردەکان پـازدە هـەزار لیرەیان بۆ تۆ کۆکردۆتەوە، منیش سەرم سوڕما، سەد لیرەکەی پێم بوو لەگەڵ (١٧٣) پارچە کاغەز کە لەلام بوو هەمووم دایە دەستی، ئەوجا لـە تـەوقی سەرمانەوە تاوەکو بنی پێمان، من و ئەحمەدیان پشکنی و کەمیّ خـۆڵ (گـل) لـە دەسماڵێکدابوو لەکن ئەحمەد دۆزراوە. لێیان پرسی ئەو خۆڵە چـییە؟ " هەرچـەندی بۆیـانی روون کـردەوە کـە بـە فـەرمانی هاوسـەری مـن لەسـەر گـۆڕی خـەزوورم هێـناویەتی و بۆ تفەڕك بۆ هاوسەری خۆی دەباتەوە، بـەڵام خۆڵەکـەش لەگـەڵ پارەکە و کاغەزەکان چووە ناو دۆسیەکە" هەروەها دەمانچەکانی لامان بوون ئەوانیشیان لیّ وەرگرتین.

- ئـەو شەوە لەزیندانی شارۆچکەی **یەللیجە** مامەوە، ڕۆژی پاشتر ڕەوانەی ناوچـەی **کانگـال** کـرام و خـرامە زیـندان و هـاتن و چـوونم لیّ قەدەغـە کـراو لـەهۆڵێکی سـارد، شـەوم بـردە سـەرو سـەر لەبـەیانی ئەمـنیان بـردە ژووری

داواکاری گشتی.

لێرەدا دەستەیەك بۆ لێکۆڵینەوە دامەزرابوو کە لەوانە پێك هاتبوون:

سەرنووسەر، لێپرسراوی ناوچە (قایمقام) و کارگێڕی پۆلیس ئەوانە دانیشتبوون و چاوەڕێی ئێمەی دەست بەسەریان دەکرد بۆ لێکۆڵینەوە، هەر لەو دەمە دەستیان پێ کرد، کاغەزەکانی منیان دەپشکنی، کەدیتم لەپارچە کاغەزێ ورد ببوونەوە، لێم پرسین ئەوە چیە؟

- گوتیان ئەمانەن:

١) کەرگا نابێتە بولبول

٢) گوفتەکانی سەید رەزا

٣) خۆڵەکەی ناو دەسترەکە لە چیەوە هاتووە.

٤) سەر لەنوێ دەست پێ کردنەوەی چالاکییەکانی چەتەکانی دەرسیم.

٥) تۆپە هاوێژراوەکانی دەرسیمی: ناوی پارچە شیعرێکە گوتیان. ئەمنیشیان وا تێگەیاند ئەگەر ئەو بوختانەی سەرەوە روون بکەمەوە بۆ پارێزگار، سولەیمان سامی بەگ، کەوا لەسەر تەلەفۆن دانیشتووە، بێگومان سەربەستم دەکاو ئەوهاش ئەمنیان تێگەیاند.

ئەو شەوە سەرمام ببوو و نەخۆش کەوتم و دیسان ئەمنیان بردەوە زیندانەکە، هەندە سارد بوو دارو بەردی بەستابوو، ئەو شەویش لەسەر بەردی ساردو رەق رامبوارد. بە هەر جۆرێ بێ ڕۆژم کردەوە، بەڵام لە دەروونمەوە هەستێکی زۆر سەیر دایگرتم، چونکە ئەو ئەزیەتەی ئەو شەوە دیتبووم، تێمی گەیاند کە هاوبەشی ئازاری کوردایەتیم بەگیانی خۆم کردووە.

ڕۆژی پاشتر دەست بە زنجیرو کەلەبچەوە سواری پشتی ئەسپی خۆم کرام و بۆ ڕێگای سیواس بەڕێ کرام و پازدە پۆلیس بۆ پاسەوانی بەگەڵم کەوتن، لەڕێگاشدا زریانی بەفر هەڵیکرد، ئەسپەکەم نەیدەتوانی بڕواو پێی دەخزی و منیش کۆت و بازنەم لەدەستی کرابوو خۆم لەسەر پشتی ئەسپ پێ ڕانەدەگیراو یادی بەربوونەوەی ئەو کاتەم لەسەر بەفر تاکو ئەوڕۆکەش هەر لەبیر نەکردووە.

بەهەر شێوەیەك بێ گەیشتینە ئولاش و کوردە ئاوارەبووەکانی ئەوێ،

دەورەیـان لێدایـن، دەردی دڵـی خۆیـان هەڵڕێشت و گەڵێ دڵی ئەوانم داوه هەر لەو هەلەش ئەوەی لەلام بوو لە دژی ڕژێم بۆیانم هەڵڕێشت.

بـەو شـێوەیە لـە سـیواس نـزیك بووینـەوە، سـەرکردەی دەستەی پۆلیسەکان، هـەروەکو دیـلێکی لـە سـنووری شـەڕدا گرتـبێ بـە هەراو هۆریا ئێمەی دەبردە ناو شـارەکەوە، چـونکە زۆر هەوەسـتی بـە خۆی دەهات. خەڵکەکە هاتبوونە دەرێ و دیسان کوردێکی قوربانی هات. . بەخۆم گوێم لێ بوو، وایان دەگوت.

ئێمـەیان بـردە پێش سەرکردەی پۆلیس کە بەسەرو سیما بە عەرەبان دەچوو، نـاوی سـدقی بەگ بوو، بە ناسکی ئەمنی وەرگرتەوەو گوتی: دەرچوونم لە ئەلازیز بەبێ ئاگاداری ڕژێم ڕاست نەبووە، جێگای بەمن پیشان دا کە دابنیشم و فەرمووی قاوەیـەکم بـۆ بێـنن، تێگەیشـتم کـە دەیـەوێ بمـپارێزێ و بـەرم بـدا، بـەڵام پێشی نەدەکـرا. زۆر بـاش دەمـزانی و سوپاسـم کـرد لەبابـەت چـاکەی مـرۆڤایەتی کە لە ڕاستەمنی کرد، لەگەڵ کاغەزەکانم، ڕەوانەی لای داواکاری گشتی کرام.

جێگـری داواکـاری گشـتی فـەرمانی دابـوو کـەمن لـەژوورێکی بەتـەنها دابنێن و کـەس نەیەتـە لام، تـاوەکو قسـەکانم لێ وەردەگـرن. ناویشـی گەنی بەگ بوو. ئەو پیـاوە هـەوڵی دەدا نەختـێ دڵـم خۆش بکا، لەپێش هەموو شتێ لە نوێنەری کۆنی دەرسـیم، حەسـەن خەیـری پرسـی، لەسـەر وتـەکانی سـەید ڕەزا کـەرگا نابێـتە بولـبول* زۆر ڕاوەسـتان و پرسـیارو وەڵام زۆری خایـاند. ئاگـادار بووم ئەو شەوە کۆتا نابێ، لەبەر هەندێ دووبارە ڕەوانەی زیندانەکە کرامەوە. ڕۆژی پاشتر دیسان بـانگی مـنیان کـردەوە بۆ پریسارو وەڵام و لە ژووری کارگێڕی پۆلیس ئەو پیاوانە ئامادە بوون:

١) گەنی بەگ: داواکاری گشتی

٢) سەرنووسەر

٣) کارگێڕی پۆلیس

لێـرەدا گـەنی بـەگ بـە کارگێـڕی پۆلیسـی گـوت: چیدیکە پێویست ناکا، خۆی ئامادە بێ و ڕۆیشت، لەو قسانەی تێگەیشتم کە باوەڕ بە گەنی بەگ ناکەن چونکە خـۆی کـوردە، وا دیـار بـوو پارێـزگار سـولەیمان سـامی، دەسـتی خسـتبووە سەر

لێکۆڵینەوەکە. کارگێڕی پۆلیس دیسان پرسی: " کارگا نابێتە بولبول" نیشانەی چییە و وەڵامم دایەوە.

کارگێرەکە هێشتا رستەی قسەکانی نەپسابۆوە:

تکا دەکەم نوری بەگ هەندە خۆت ناسك پیشان مەدە، تۆ پارتیزانی لە ساڵی (١٩٢٠)ی زاییـنی لەشـاری سـیواس رۆژنامەیـەك دەردەچـوو تێیـدا بڵاوکـرابۆوە "بەیـتار نـوری دەرسـیمی بـەناوی چـەتەی جیهـانگیر رێکخـراوێکی دامـەزراندووە لـەنێوان خێڵەکاندا، بـەپێی ئـەو لێکۆڵینـەوەیەی کردوومانە لەبابەت چالاکیی ئەو کـاتە، بەڕاستی پیشان دەدا. منیش پێم گوت: ناتوانم ئەو باوەڕەتان بگۆڕم، چی دەتانـەوێ سـەبارەت بـەمن، بیکـەن، ئەگـەر شـتەك هـەبێ بـڵێم نەخێـر، ئـەویش ئەوەیە" خۆتان بە دوور دەخەن لەو نیازەی مەبەستتانە لەبەر ئەوەیە دڵگیرم.

گوتـی: نامەوێ دڵگیر بی، لەبەر ئەوەی دەرسیمی پەیوەندییان زۆرە بە ڕەگەز و خێـزان و پیـاوەتی، وا دیـارە لـەدژی رژێمـی کۆمـاریـن، لەبـەر ئـەوەش پەیوەندییان بە خانەدانەکانی پاشایەتییەوە هەیەو دەیانەوێ زیندوو ببنەوە.

دەرسـیمییان هیـچ خۆشەویسـتییەکیان لەراسـت خانـەدانانی پاشـایەتی نییـە، چـونکە لەسـایەی خـراپیی رێـڕەوی ئـەو خانەدانانـەدا، دەرسـیم زۆر کارەسـاتی ناڕەوای بەسەردا هاتووە.

لـەجێگای دانیشـتنی خـۆت، سـرووذێکی دەسـت خـەتی خـۆت لەسەر دەرسیم هەڵبەستراوەو داوتە بە گەنجێکی تورك؟

بـەڵێ خـۆی کـورد بـوو، کوردیـی نـەدەزانی، یـەکێ بـوو لـەدێی شـاهین لەسەر داخوازیـی خـۆی سرووذی دەرسیمم بۆ نووسییەوەو دامە دەستی، ئەو سرووذە لە بنەڕەتەوە کوردییەو سەبارەت بەو کەسانە کراوەتە تورکی، چونکە خۆیان کوردن و کوردییـان لـەبیر کـردووە، یـان هیـچ نـازانن. لـە دەوروبەری شارەکانی ئەلازیز و مـەلاَتیا کـەس نییـە ئـەو سـرووذەی نەبیسـتبێ، لەبـەر ئـەوەش بـەنیازێکی پـاك نووسیومەو داومەتە ئەو گەنجە.

پرسیار کردن چیدیکە درێژەی پێ نەدراو گەڕاندمیانەوە بەندیخانە.

کـاتیش هـاتووە، سـرووذی دەرسـیمی، وا بەگـرنگی لێیـان دەکۆڵییـەوە، لـە

تورکییەوە بکەمە کوردی کە لە خوارێ نووسراوە:

**(تۆپەکانی دەرسیمی هاوێشتراو)**

هەستی دەروون: با بگەڕێین چیای دەرسیمی
چەند ولأتێکی خۆشە هەواری دەرسیمی
تێر سەیران بکەین لەسولتان دەرسیمی
چەند خۆشە بۆنی کولیك و گولی دەرسیمی
گەلێك پاشایان هاتنە جیهانە
بۆ داگیر کردن کەوتنە گومانە
هەر یەکە بە جۆرێك کەوتنە لایانە
پێیان دانەمرکا ئاگری دەرسیمی
ولأتی شێرانە و ڕێوی ناچیتێ
نەهێن و ڕاستە خراپی ناچیتێ
باخچەی کوردستان زۆردار ناچیتێ
شوێنی خۆیانە ڕێگای دەرسیمێ
ولأتی کوردان کێ هەیە بیگاتێ؟
دەچیتە هاواری ڕۆلەی دەیگاتێ
بروسك ئاسایی هەلمەت دەباتێ
پیسی لادەبا لافاوی دەرسیمێ
پیاوی ئازاد و شیری هەڵدەگرن
بۆ هەموو کوردستان یاریدە بەرن
حەفت دەولەت لە ترسان خۆ پارێزەرن
پەنای بەخودایە بەچکەی دەرسیمێ

خێڵەکان مەردن لە ڕێگای مافی
چیاکەی مونزور وەك قیبلەگاهی
دەڵێن (توژیکە[1]) پادشای ئەوێ
تۆپان ئاگرەدەن لەڕێبازی دەرسیمێ
ئەحمەدی کوردی باپیرەی تاقی
یادی شێخ حەسەن بو داواکاری
سوپاسی بوە ڕاست داخوازییەکانی
لەهەموان بەرزترە وڵاتی دەرسیمێ

عەلی شێر

گیانێکم لە گیراوەکانی زیندانەکە بوو، چونکە بەشی زۆریان کورد بوون و بە دەرکەوانەکاندا یاریدەیان بۆ دەناردم. لەو کاتەدا داواکاری گشتی گەنی بەگ منی بانگ کرد، بۆ پرسیار لێکردن. بەو شەوە کەلەپچەیان لەدەستم کردەوە کارگێڕی بەندیخانە، فەهمی-یش لەگەڵم هات و بۆ لێپرسین چووم، تەنها بۆ دواندنی ئەو پیاوە گوتم: "ئەوشۆکە هەوا زۆر ساردە" سەبارەت بەو وردە قسانەم فەهمی لێم بەقسەهات و گوتی: " ئێ، ئێ، بڕۆ، بڕۆ " ئیتر هیچ شتەکت بەجێ نەهێشت، دەستت پێکرد تێکەڵی کاری خواش ببی"!.

کەچووم پێش گەنی بەگ بۆ دڵ دانەوەی من بە کارگێڕی زیندانەکەی گوت، لەمەوپاش بەبێ کەلەپچە بیهێننە لای من، لەپاشان فەهمی و پۆلیسەکانی ڕەوانەی دەرەوە کردو منیش هەستم پێکرد کە وتووێژێکی تایبەتیم لەگەڵدا دەکا.

گەنی بەگ بەزمانێکی لووس، منی ئاگادار کرەوە کە لە ئەلازیزیش ماڵەکەم پشکنراوەو چەند پارچە چەك و کۆمەڵێ کوتە کاغەزیان دەست کەوتووە، هەروەها گوتی: هەر کاتێ لێکۆڵینەوەی کاغەزەکان کۆتایی پێ بێ، ئەوجا دەمنێرێتەوە ئەلازیز و هەروەها چاوەڕێی چەند شتێکی تایبەتییە، لەلایەن

(١) تاوەکو ساڵی (١٩٣٨)ز تاکە سەربازێکی تورك پێی لەسەر خاکی چیای توژیك (تیژك) دانەنابوو، هەروەکو لە پێشدا دیاری کراوە.

وەزارەتی ناوخۆوە بۆی ڕوون بکرێتەوە، ئیتر بەم جۆرە منی ئاگادار کردەوە.

منیان رەوانەی ئەلازیز کردەوە، لەژووری داواکاری گشتی و بەئامادەبوونی یاریدەدەری پارێزگار، دیسان دەستیان پیێ کردەوە، هەر لەو کاتیش ماڵەکەمیان لەئەلازیز دیسان پشکنی بوو و چەند پەڕە کاغەزێکیان بەدەست کەوتبوو، هەندێکیان زۆر کۆن بوون" نووسراوی باوکم بوون کە بۆ منی ڕەوانە کردبوو، لەو کاتەی کە لە ئەستەنبوڵ قوتابی بووم و دەمخوێندو سەبارەت بەئەندامانی کۆمەڵەی خۆیبوون و **نەجیب ئاغای هیلی** کەوتمە بەر ئەندازەی زۆر پرسیاران.

هەر زانیارییەکی بەدەستیان کەوتبوو لەئەنجامی لێکۆڵینەوەکە، دابوویانە وەزارەتی ناوخۆو وێنەکیش بۆ دەستەی لێکۆڵەرەوەی گشتیی ئاسایش رەوانە کرابوو.

لەبەر ئەوەی سەید رەزا زۆر پێگیری لەسەر بەردانم دەکرد دەستەی لێکۆڵینەوەی گشتی بە فەرمانێکی نهێنی، داواکاری گشتیی ئاگادار کردبۆوە، کە بەڕێگایەکی ئاسایی تایبەتی، بەرگێکی یاسایی لەبەر بکاو بەناوی بێ تاوان سەربەستم بکاو دەرسیمیش ئاگادار بکرێ.

ئەوجا وێنەی ئەو بڕیارەی لەڕاستە من درابوو بۆ بەردانم وا لەخوارێ دەنووسمەوە.

(گومان لێکراو، بەیتار نوری درەسیمی، گوایا لەگەڵ خێڵەکانی نێوان: ئەلازیز، سیواس و کانگال کۆبوونەوەی کردووە بە نیازی تیخ – تیخە دانیان لەدژی رژێم، لەکۆتایی لێکۆڵینەوەدا لەبابەت گوناهبارییەوە هیچ شتێ نەکەوتە دەست، لەبەر هەندێ بڕیار درا جێگای تاوانی تێدا نییە).

٣٠/کانونی١/١٩٣١ز داواکاری گشتی

ئەلازیز

دەقی بڕیاری بەردانی بەیتار نوری بە تورکی:[١]

(Elaziz Sivas- Kangal arasında aşirtlerle tamas ederek memleket aleyhinde propaganda yapmak keyfiyetinden maznun Dersimli Baylar

---

[١] دەقی بڕیارەکە لەسەرەوە نووسراوەتەوە بە تورکی لەبەر سەنگایی مێژوویی.

Nuri hakkında yapılam Tlehkikat neticesinde bir gna delail elde edilemiyerek takibata mahel olmadığına karar verildi).

30 / knuni evvel / 1931 Elaziz Muddei Umumisi

## ئەو گیروگرفتانەی تووشم بوون

**یەکەم**

چووبوومەوە لە گوندەکەی خۆم دانیشتبووم، ماڵەکەمیان زۆر پشکنی بوو، هاوسەرەکەم لەترسان نەخۆش کەوتبوو، هەردەم لەژێر چاودێریی پۆلیس و ئاسایشدا بووین و نزیکترین برادەرم لێ کشابۆوەو نەدەهاتنە ئەلازیز و هەر لەو سەردەمەدا، پیاوێك کە ناوی ئیبیش زەکی بوو کەلە پێشدا ناوم هێناوە، پێشمەرگە لەئەلازیز کوشتبوویان.

پارێزگاری ئەلازیز، فەخری شێت، بڕیاری دابوو بەخۆی و هێزەکانی دیکەی رژێمەوە، هێرش بکاتە سەر دەرسیم، لەبەر ئەوە وەکو شێتان هەمیشە گرژو ئامادە بوو، بۆ پەلاماردانی دەرسیم، ئەو شێتە خوێنمژە، وابێزاری کردبووم، دیسان ئارەزووی چوونەوەی بۆ دەرسیم دەکرد.

لەو دەمە ئیبراهیم تالی کە لەپێشدا ناوم هێناوە هاتبووە ئەلازیز و لەماڵی حورئەمین زاوای سەرۆکی شارەوانی ئەلازیزی مێوان بوو، ڕایسپاردبوو کە دەیەوێ بمبینێ، لەبەر ئەوە منیش چوومە لای، لەپێشدا کە یاریدەری لێکۆڵێنەری گشتی، قەدری پاشا کەوتە بەرانبەرم و بەخێرهاتنێکی گەرمی لێ کردم و گوتی: با پیاسەیەکی بکەین، چونکە ئیبراهیم تالی هێشتا خەوتووەو هەتا هەڵدەستی، بابچینە لای ئامیر لیوای کۆنی خانەنشین قایمقام خدر بەگی دەرسیمی ئەوجا بەوردە قسە، دەستمان بە ڕۆیشتن کرد، ئەنجامی قسان هاتەوە سەرەخۆم و گوتی پارێزگار نیازی لەڕاستەمن خراپە، گوایا تەگبیرکەر و تێکدەری دەرسیم منم، پێویستە ئەو درۆیانەی لەڕاستە من هەڵبەستراون، بۆیان روون بکەمەوە نەکو بۆمن زۆر ئاڵۆز دەبێ، هەوڵ بدەم بەهەر جۆرێ بێ سەید رەزا بدەمە دەست

رژێـم، لەو قسانەدا بووین قەدری پاشا ئاخێکی درێژی هەڵکێشاو گوتی زۆر بێزارم، وا چاکە لەفەرمانبەرایەتی دەربچم و بچمە ئەورووپا بەڵکو نەختێ دەحەسێمەوە.

لـەو گفتوگۆیەدا بووین، گەیشتینە نووسینگەی خدر بەگی دەرسیمی و لەپاش چاك و خۆشی کردن قسە هاتەوە سەر دەرسیم، خدر بەگ بۆ ئەوەی خۆی بەباش نیشان بدا، هەر دەمی کردەوە گوتی: " دەرسیمی لە ڕەچەڵەکیانەوە تورکن، لەو کاتە ڕۆشنبیرێکی پالویی لە نووسینگەکە بوو هەر بەخۆی وەڵامی داوەو گوتی:

دەرسـیمیی کـوردی بـێ گـەرد بوویـنەو نیشانم ئەوەیە ساڵەها لەمەوبەر لەژێر دەسـتەڵاتی ڕژێمـی تـورك بوویـنە، هیـچ تێکەڵاویـەکیان لەگـەڵ تورکـان پـەیدا نەکـردووە، ئەوجا لەدوای ئەو مشت و مڕە ناخۆشە گەڕاینەوە لای ئیبراهیم تالّی و پارێزگار، فەخری شێت– یش لەوێ دانیشت بوو.

فەخـری بەپەلـە دەسـتی کـرد بەقسـە و گوتی: ئەو کەسەی پشێوی لەدەرسیم پـەیدا دەکـاو بوویـتە هـۆی گێروگـرفت و هانیـان دەدا لـە دژی رژێـم و چـالاکی بۆ بـەردەوام بوونی هەستی کوردایەتی دەکا، بێ شەرمانە بەملی منی داهێنا، لەپاش ئەو هەموو بوختانانە گوتی: بۆ ئەوەی ئاسایش لەناوچەکە بەردەوام بێ، پێویستە مـن لەئەلازیـزی شاربەدەر بکرێم و ئیبراهیم تالّی تاکو ئەو دەمەش هەر بێ دەنگ بـوو، مـن زۆر لەسـەرخۆ بـووم و بـە هێـوری خـۆم لێ دەپاراست، هیچ مشت و مڕم لەگەڵدا نەکرد، ئەوجا فەخری بەگرژی هەڵساو دەرچوو ڕۆیشت.

بەتـەنها مامەوە لەگەڵ ئیبراهیم تالّی، زۆر لەخۆم بێزار ببووم، چونکە حەفتەی جـارێ ماڵەکـەمیان دەکۆڵییـەوەو ژیـانم لێ تاڵ ببوو، تکام لەناو براو کرد کە لەلای رژێـم هـەوڵ بـدات لـەجیاتی گوندەکـەی خـۆم دێیـەکی دیکـەم بداتـێ لەشارەکانی ڕۆژئـاوای تورکیـا، یـاخود بـەپێی کـاری خـۆم لەشـارێکی ڕۆژئـاوایی بەفەرمانـبەر دابمـەزرێم بـەڵکو لـەو جـۆرە ناخۆشـییانە دەردەچـم، ئـەوجا ئیبراهیم تالی گوتی: لەبـەر ئـەوەی بـڕیاری لـە پاشملـەی لـە سەردانت هەڵگیراوە دەتوانی داوای مافی ژیانیخۆت بکەی و بەخۆشی لەگەڵ پارێزگار فەخری رابوێری، بۆی بەیان کردم کە ئێسـتاکە هیـچ یاسایەك نییە لە بابەت گۆڕینەوەی زەوییەکانت لەگەڵ زەویی دیکە لــە ڕۆژئــاوای وڵات، بــەڵام بەڵێــنی دامــێ کــە هــەوڵ بــدا بــۆ دامــەزراندنم بــە

فەرمانبەرایەتی لە شارەکانی رۆژئاوای وڵات.

**دووەم**

لەناوەڕاستی ساڵی (١٩٣٢) ی زاینیدا دیسان دەرسیم جۆشی گرتەوەو لەبەر هەر جۆرە شتێکی بەپێویستم دەزانی بچمە ئەنقەرەو داوام لە وەزارەتی کشت وکاڵ کرد بەپێیکاری خۆم بە دکتۆر لە فەرمانبەرایەتی دابمەزرێم، وێنەی هەڵگیرانی بڕیاری لەسەردانم، بەگەڵ مەزبەتەکە دابوو، هەر بەو شێوەیەش لە ئەنجومەنی شورای دەولەت داوام کردبوو.

لەو کاتەدا چەند گەنجێکی ئەلازیز بەهاندانی پارێزگار، فەخری شێت ئەو مەزبەتەیەیان، لە دژی من بۆ عیسمەت پاشا رەوانە کردبوو:

بۆ بەڕیز عیسمەت پاشا (ئەنقەرە):

١- راستە محەمەد نوری دەرسیمی بۆ بەرزکردنەوەی کوردو کوردایەتی تێدەکۆشێ و چالاکی دەکا، بۆ بلاوکردنەوەی نیازە بۆگەنییەکانی کورد کە خۆی یەکێکە لەکوردە تێکدەرەکان و لەگەڵ دامەزراندنی هێزەکانی نەتەوەییماندا بەرگی رەسمیی تورکی فڕێداو هەستی کوردایەتی، کەلە دەروونی خۆی شاردبۆوە، بە دەرخست، دانیشتوانی کۆچکێری هان دەدا چەتەیی بکەن لەپاشدا خۆی بووە سەرۆك، جا ئەو کاتە، خۆی چی کردووە لەدژی تورکان، بەرێزتان دەیزانن.

کەهێزی نەتەوییمان خۆی بەجیهان ناساند، بەیتار نوری هیچ هیوای نەماو توانی هەڵبێ و خۆی لەدەرسیم بزر بکا، بەلاّم لە دەروونیەوە وازی لەهاندانی کوردان لەدژی تورکان نەهێناوە.

٢- لەجەنگی یەکەمی جیهانیدا، لەناوچەکانی دەوروبەری سیواسەوە، لەو کاتەی بەیتاری ئەو جێگایانە بووە، بەنیازی تۆڵە کردنەوە لە تورکان زۆر ولآخی بەبێ نەخۆشی لەناو بردووە، لەبەر ئەوە دادگای سەزا فەرمانی پێنچ ساڵ زیندان کردنی بۆ بڕیبۆوە، بەلاّم لەجێ بەجێ کردنی ئەو فەرمانە، بە هەر جۆرێ بێ خۆی دەرباز کرد.

٣- هەروەکو لەسەرەوە دیاریمان کردووە، لەبەر دژایەتی کردنی وڵات، بەیەکجاری

لەفەرمانبەرایەتی رژێم دەرکرا، و بڕیاری لەسێدارەدانی درا، بەڵام سوودی لە چاکەی پڕژاوی کۆمارە گەنجەکەمان وەرگرت و بەر لێبوردن کەوت، لە وەش زیاتر لە دێی هۆلڤەنك لە شاری ئەلازیز جێنیش کرا.

بەشێوەیەکی رەسمی، خراپەی زۆر کردووە لە راست تورکان و خاوەنی چەند تاوانێکی گەورەیە، سەرباری ئەوەش هەوڵ دەدا بۆ دامەزراندنی بە فەرمانبەرایەتی بە ناوی بەیتارییەوە هەر لەبەر ئەوە هەفتەیەك لەمەوبەر، بەرەو ئەنقەرە هاتووە. ئەوجا لەبەر ئەوەی هیچ سوودی بە تورکان نەبەخشیوەو بێ لە تاوانەکانی، ئێمەشی خۆش ناوێ، تکا لە بەرێزتان دەکەین، لە فەرمانبەرایەتیی دەوڵەتە گەنجەکەمان داینەمەزرێنن. !

ئەلازیز

بەناوی گەنجەکانی تورك

نافیع و عەونی

(١٩٣٢/٧/١)ز

ئەوجا عیسمەت پاشا: ئەو دوو زمانییەی بە ڕێگای وەزارەتی کشت و کاڵەوە رەوانەی ئەنجومەنی شورای دەوڵەت کردبوو. ئەویش هەروەکو لە خوارێ نووسراوە، فەرمانی لەسەر دابوو:

جـ. ت. (کۆماری تورکی)

شورای دەوڵەت– دەعاوی[1]

ژمارە:٣٢–٥٠٤

ك. ٨٧٢

بە ناوی نەتەوەی تورکەوە:

پێویستی بە هەڵسەنگاندن بوو لە لایەن دائیرەی داوای شورای دەوڵەتی تایبەت بە گیروگرفت و لە پاش پشکنین:

بۆ دادگا: روون بۆتەوە کە بڕیاری لە پاشملەی لە سێدارەدانی، کاتێکی زۆری بەسەردا تێپەڕیوەو بێ ئەوەی ئاگادار بکرێ خۆی رەخنەی لە بڕیاری پێشوو گرت

[1] ناو ونیشانەی ئەو بڕیارە بە تورکی نووسراوە چونکە سەنگایی مێژوویی خۆی هەیە.

کە لەراست ئەو دراوەو داوایکرد دووبارە بدرێتەوە دادگاو لە پێشملە بڕیاری لەسەر بدرێتەوە، لەبەر هەندێ، بڕیاری لە پاشملەی کۆن کە لە راست ئەو درابوو رەش دەبێتەوە، هەروەها مافی یاسای گشتی لەبەر تێپەڕبوونی ئەو کاتە درێژە ئەویشی لە سەر لادەکەوێ، دووبارە نادرێتەوە دادگا.

بەلاّم لە بابەت دامەزراندنی بە فەرمانبەر ئەوا لە دەستەلاّتی وەزارەتی کشت وکالّ دایە و لەپاش لێکۆڵینەوە لە چوار چێوەی یاسادا: ئایا هیچ تاوانێکی دیکەی لەسەر هەیە یانە نا. بە تێکڕایی لە (١٩٣٢/٧/٢٦)ز بڕیاری لە سەردرا.

**مۆری تایبەتی شورای دەوڵەت**

ئیتر بەناچاری گەڕامەوە ئەلازیز چونکە تێگەیشتم کە بەهیچ شێوەیەك بە فەرمانبەر دانامەزرێم.

ئیبراهیم تالی کە هاتە ئەلازیز هەموو شتێکم، تێگەیاند، ئەویش بە شێوەیەکی نیوە هەڕەشە پێی گوتم کە ئەلازیز بەجێ بێڵم و بچمە یەك لە شارەکانی رۆژئاوای تورکیاو لەوێ دابنیشم. لەو داخوازییەی ئەو وا تێگەیشتم کەدەیەوێ من بەخۆم بڕۆم! نەك دەربەدەرم بکەن. چونکە لەوانەیە ئەگەر بێتو رژێم دەرم بکا! دەرسیم تووڕە دەبێ. هەرچۆنێ بێ بڕیارم دا کەلە جێگای خۆم بمینێمەوە. چونکە ئەگەر من بەخۆم بڕۆم ئەوە ئەنجامێکی خراپی لەسەر هەستی نەتەوایەتیی دەرسیمییان دەبێ. خۆشم باش لێڕاهاتبووم چونکە بە کەمی مانگێ جارێکی ماڵەکەمیان دەپشکنی، لەگەڵ ئەوەش هەرچۆنی بێ چارەی دیتنی دەرسیمییانم دەکرد. هەر لەبەر هەندێ مانەوەم لە ئەلازیز سوودی زۆردەبوو.

## سەرئەنجامی ترسناکی فەخرییە شێتی پارێزگار

سەردەمێ شێخ حەسەنی کوڕی سەید رزا خڵچاندبوو هێنابوویە ئەلازیز، ئەوجا خستبوویە زیندان و لەپاشدا رەوانەی کردبووە دیاربەکر. بەلاّم سەید رەزا هیچ هەوڵی بۆ بەردانی نەدا و رژێم کە زانی سوود لە گرتنی شێخ حەسەن، وەرناگرێ سەربەستی کردو بەری دا.

فەخـری شـێتی پارێـزگار، شـارو ناوچـەکانی، بەزەبـری هێـزەکانی جەندرمـە بـەتوندی دەپاراست. داواشـی لـە دەرسـیمییان دەکـرد فـەرمانی رژێـم جێ بەجێ بکـەن و چـەك دابنێن، هـەروەها ئـەو چـەکانەی پێشـمەرگەکانی کۆچـکێری لەلای خۆیـان شارد بوویانەوە، بدەنەوە دەست رژێم، خۆ ئەگەر ئەو فەرمانە لەو نزیکانە بـەجێ نەهێـنن ئـەوە دەرسیم کوێـردەکاتەوە، بـەو شـێوەیە هەڕەشـەی دەکـردو لەهەیوانـەکانی شـارەوانی هەروەکو شێت دەماری جووت ببوو بەگڕژی هاتوچووی دەکـردو گـەف و گـوڕی دەکـردو چـەند پیاو خراپیش چەپڵەیان بۆ لێدەداو پفیان دەدا. ئەگـەر چـی خـەڵکی دەرسـیم بەئاسایی دانیشتبوون و گوێیان نەدایە ئەو لە هـەوراز لێ کـردنە و هەسـتی خۆیـان راگرتـبوو. ئـەو خوێن ساردییەی دەرسیمییان فەخـری شـێتی بەیـەك جـاری هارکـردو بـەخۆی چـووبووە ناوەڕاسـتی ناوچـەی چیمیشـکەزەك و هوزات و مەزگرت. یەکە یەکەی سەرۆکی خێڵەکانی بانگ کردبوو، هەرچـەندە گـەفی لێ کردبوون، هیچ سوودێکی نەبوو، بێجگە لەئەوەش پێشمەرگە کوردەکـان، لە پێشان پتر پەلاماری بنکەی جەندرمە و ناوەڕاستی شارۆچکەکان و دەسـتگای رژێمیـان دەداو کۆێـریان دەکـردەوە. سـەید رەزاش لـەو دەمـەیدا بروسـکەی بەسـەر ئەنقـەرە –دا دەبـاراندو هـۆی ئەو هەموو کارەساتەی دەخستە ئەستۆی فەخری شێتەوە.

کێشەکە ترسناك بوو، عیسمەت پاشا بەخۆی هاتبووە ئەلازیز و پیاو ماقووڵانی ئەلازیـز و چیمیشـکەزەکی لەپارێـزگا کۆکـردبوونەوە. بێـزاری و دڵگیریـی خـۆی لەکـردەوەکانی فەخـری و ئیـبراهیم تـالی، بـۆ دەربڕیـبوون، ئـەوجا گـەڕابۆوە ئەنقـەرەو زانیـبووی کـە حوسـێن حوسـنی سەرکردەی لەشکری ئەلازیز لە فەخری توورەیـە. لێرەشـدا حوسـێن حوسـنی بـەهۆی سـەرکردەی بـنکەی ئەلازیـز، عەبدولڕحمان–ی ناردبووە لای من کە دڵگیریی خۆم بەیان بکەم لەراست فەخری و بەڵێـنی دامـێ کەخۆشی پشتیوانیم بکا. فەخری بەراستی شێوابوو چونکە رۆژێکی لەسـەر شـەقامێك تووشـم بـوو، پیاومـاقووڵانی شـاری لەگـەڵدا بـوون. لەپێش ئەو پیاوانـە وەکـو مـنداڵـی کۆڵانـان پەلاماری دام و چ جوێنی پیس بوو، پێی دام، کە مـنداڵ شـەرم لـەخۆی دەکا ئەو جوێنانە بدا. ئەو رووداوە کارێکی ناشرینی هەبوو

بەسەر دانیشتوانی شارەکەو منیش خەریك بووم سوود لەناکۆکیی نێوان حوسەین حوسنی و فەخری-یە شێت وەربگرم. فەخری شێت بنکەی سەربازی ناوەڕاستی شاری بەجێ هێشتبوو گواستبوویەوە ناوچەی مەزگەرت، لەوێ کاروباری سەربازیی خۆی سەبارەت بە دەرسیم هەڵدەسووڕاند. هێزێکی(١٢٠) پۆلیسی سوارەی بۆ گرتنی قەنبەر ئاغای سەرۆکی خێڵی یوسفان رەوانە کرد کە بیهێنێتە ناوەڕاستی ناوچەی مەزگەرت. بەڵام دەستەکەی پۆلیس هەر بەبێ تەقە گەمارۆ درابوون و لەلایەن چەکدارانی خێڵی یوسوفانەوە چەك کرابوون. لەگەڵ سەرکردەی پۆلیسەکان بەگاڵتە چاك و خۆشییان بۆ رەوانەکردبوو. ئەو هەڵاتووی تیمارخانەبوو، لەبەر ئەو کارەساتە بەیەك جاری هاربوو بوو، هەرهەندەی مابوو بەدەشتێ بکەوێ. لەبەر ئەوەش لەپێش پیاوماقووڵانێکی میوانی ببوون جوێنی دەداو سووندی دەخوارد کە قەنبەرئاغا بگرێ و بەدەمانچە بەدەستی خۆی بیکوژێ یان خۆی بکوژێ هەرلەودەمدا هێزەکانی پۆلیس-ی لە ئەلازیز بەبروسکە هێنابووە ناوچەی مەزگەرت. فەخری لەگەڵ هێزەکانی پۆلیس بەرێ دەکەوێ و دەچێتە دەم رووباری پاە کە دەبینێ چەکدارانی خێڵی یوسوفان لەوێ کۆبوونەتەوەو لە مەکۆدان تێدەگا کە کردەوەکەی بەرەواژە. بە ناچاری داوای گفتوگۆ کردن لەگەڵ سەرکردەکانی خێڵی یوسوفان قەنبەر ئاغا و یوسوف ئاغا دەکا، چونکە هاتووە بەخۆشی لە گەڵیان پێك بێ. سەرکردەکانی خێڵەکانی یوسوفان، وەڵامی ئەو شێتەیان داوە کە بەبێ مەرج و پەیمان خۆی و هەموو هێزەکانی چەك و کەرستەی سەربازی دابنێن، ئەوجا دەتوانێ وتووێژیان لەگەڵ بکا بەپێچەوانەوە خۆی و سەربازەکانی لە ناو دەبردرێن و ئەو هەواڵانەی لەگەڵ ڕابەرێکی کوردی بۆ رەوانەکرا، کەوای زانیبوو زۆر دڵگیربوو. هەر لەو دەم لەرکان دەمارێ لەمێشکی تەقیبوو خوێنی تێدا وەستابوو، نیوەمردوو دەستێك و پێیەکی مردو بەوشێوەیە رەوانەی مەزگەرت کرابۆوە. ئەوجا لیوا پۆلیسییەکە بەبێ سەر لەشکر کشابۆوە. بەسەرهاتی فەخری، بە بروسکە ئاگاداری پارێزگای ئەلازیز کراوە و دەستەیەك لە فەرمانبەرانی ئەلازیز بەرێکەوتن بۆ مەزگەرت کە لەو پیاوانە پێك هاتبوو:

میدحــەت – جێگــری پارێــزگار، نــوری – سەرنووســەری پارێــزگا، دەســتەی دکتۆری – (رێکخراوی دختۆری).

بەلاَم بەزیندویی بەسەری رانەگەیشتن. ئیدی بەوشێوەیە فەخری لەگەڵ بەڵێنی خـۆی راسـت بـوو کـە گوتبووی (بەمردن نەبێ ناگەڕێمەوە ئەلازین)، ئەوجا لاشەی فەخـری بـردراوە ئەنقـەرەو لەوێشـەوە بـۆ ئەسـتەمبوڵ رەوانـە کـرابوو. جێگـای سـوپاس و شـایانی باسـە کەلاشـەی دوژمـنێکی وا نـزم وەك فەخـری رێك نەکەوت بشـرێتەوە لـەخاکی پـیرۆزی کوردسـتان و پیسـی نەکـرد. ئیـتر خـوا کەی دادگای کـردەوەی واسـەیری هەیـە جێگـای فەخـری چـۆڵ بوو، جێگری پارێزگار میدحەت چـووبووە جێگـای و سـەرکردەی لەشـکری حوسـەین حوسـنی–یـش رەوانـەی جێگایەکی دیکەکرا.

## سەرئەنجامی ئیبراهیم تالی

### لێکۆڵەرەوەی ئاسایش

ئیـبراهیم تـالی. لـەرۆژانی سـەرەتای دامەزراندنی تورکیای کەمالیدا، لەژێر باری مەرجـە سەختەکان لەگەڵ مستەفا کەمال هاوکاریی دەکرد، لەبەر هەندێ بەراستی جێگـای بـاوەڕی ئـەو بوو. بەلاَم ئیبراهیم تالی لەدوای دۆڕاندنی لە دەرسیم نەختێ لەبەرچـاوکەوت، چونکە لە لێکۆڵێنەرایەتیی گشتی کشاوەو وازی لێهێناو گەڕایەوە ئەنقـەرە بـەناوی نوێـنەر. لـەپاش شکانی لەشکری رژێمی تورکیا لەکارەساتەکانی دەرسیم، کاربەدەستانی تورك باوەڕیان کرد کە رووداوەکانی دەرسیم زۆر گرینگن و لەشـێوەی شـەڕی ئـازادیی نـاوەخۆدان. لەبـەر هـەندێ چەند کەسێکی سەربازی دیکـەیان هێـنا بـۆ (یەکـەم لێکۆڵیـنەرایەتی گشـتیی ئاسـایش) ئـەوانیش هیچـیان پێـنەکرا. ئەوجا کۆنە پارێزگاری سیواس وەهبی–یان هێنا بۆ ئەو جێگایە، چونکە زۆر بەئاگاداری ناسرابوو لەلایەن کاربەدەستانی ئەنقەرەوە ئەو پیاوە کە چووبووە دیاربەکـر لـە رێگـا لای دابـووە ئەلازیز و سەردانی ئاورەکانی رومی کردبوو لە دێی هۆلڤـەنك لێیـانی پرسـی بـوو دراوسـێتان کێـن؟ ناوی منیان دابوو ئەویش گوتبوی (نـوری دوژمـنی تورکـە و بـۆ دەرکـردنی پیـاو خـراپی وەك ئـەو لـەولاَتدا ئێوەیان

هێناوەتە ئێرە. پیاوی وەکو نوری هیچ تێکەڵی لەگەڵ وڵات نییەو ئەو وڵاتە ئی ئێوەیەو زۆریش پەرۆشم کە تاکو ئێستاکە ژیاوە) ئەوهای گوتبوو لە گوندەکەی مـن و پیاوی سادەی لە من هان دابوو، تیختیخەی دابوون کە بە گژمدا بێن و گیرو گرفتم بۆ دروست بکەن. ئەو تەگبیرانەی وەهبی کردبوونی سەبارەت بە رۆشنبیریی کوردی، لە دەرسیم و دەنگی دابۆوە زۆریش دڵگیر ببوون. بەو جۆرەی تەگبیرەکانی میدحەت و وەهبی هەرهەموو تێك چوون و بەئاوێداچوون لە بارەی چەك کردنی دەرسیم بەفێڵ.

## سەرەتای نەخشەی دوا هێرش لە دژی دەرسیم

**(١٩٣٥) زاینی**

ئەنقەرە گەیشتبووە ئەو بڕوایەی کە ناتوانێ بە فێڵبازی و مەکرۆیی دەرسیم لەناوببا. ئیدی مستەفا کەمال داوای کرد گیروگرفتەکانی دەرسیم بە چەند خاڵێ بخرێتە پێش ئەنجومەنی گەورەی نەتەوەیی بۆ بەسەرکردنەوە پشکنین، هەروەها رۆژنامەکانی تورکیا بڕیارەکانیان بە هەڵسەنگاندنی نەهێنی و ئاشکراوە بڵاو دەکردەوە، کوردەکانیش بەوردی دەیانخوێندەوە. کێشەی دەرسیم زۆر گرینگ بوو، لەبەر هەندێ مستەفا کەمال بەشداری لەهەموو کۆبوونەوەیەکدا دەکرد کە لەبارەی دەرسیم پشکنینی تێدا دەکرا. لەپاشدا رۆژنامەکانی تورکیا ئاماژەیان پێداوە کە لەبابەت دەرسیم پشکنین کۆتایی پێهاتووەو لەبەر هەندێ: (سزای لە سێدارەدران سووك دەکرێ و سزای دیکەش رادەگیرێن بۆ بەدیهێنانی بڕیارەکانی ئەنجومەنی گەورەی نەتەوەیی تورکیا لە دەرسیم، بەیانی دامەزراندنی سەرکردەیەکی پایەبەرز و خاوەن دەستەڵاتێکی زۆر کرا، ئەو بەیاننامە رەسمییە رووی ئاشکرای کێشەکە بوو، ئەگەرچی ناوەرۆکی بە نەهێنی راگیرابوو، ئەو ناوەرۆکە نەهێنییەش دانان و دامەزراندنی نەخشەی هەڵمەت بردنە سەر دەرسیم بوو. هەروەکو لە پێشدا باسمان کرد، سەرکردەی پایەبەرز عەبدوڵا ئەڵپ دۆغان لە سەرکردایەتیی تایبەتی دامەزرا. چونکە پیادە مەکرۆیە پەلاماردەرە کۆنەکان نەمابوون، ئیتر بێگومان زانیبوومان کەوا خەریکی رێگای دیکەنە بۆ لەناو بردنی

دەرسیم. پێش ئەوەی باسی کارەساتی دەرسیم بکەین. ئەو دەرگایە دادەخەین و لەبابەت مێژوو بەچاکی دەزانم، لە کاتی ڕووداوەکانی ئاگری لەساڵی (١٩٣٠) زاینی نەختێ لە ڕاست چالاکییەکانی دەرسیم بدوێم.

## شۆڕشەکانی ئاگری[1]

ڕژێمی تورکیا لەساڵی (١٩٢٥) زاینیدا بە زەبری هێزە زۆرو زەبەلاحەکانییەوە، دەستی بەسەر شۆڕشی شێخ سەعیددا گرت. لەپاش لە سێدارەدانی سەرکردەکانی کوردو ڕۆشنبیرەکان، نیشتمانپەروەران هەڵەتەی ڕۆژئاوای تورکیا کران. ئەوجا لەترسی دەربەدەری، خێڵەکانی:

جەلالی، حەسەنان، جەبران و حەیدەران

لەشاخەکانی ئاگری بنکەی بەسەرۆکایەتی: بەرخۆی جەلالی شۆڕشگێڕیان دامەزراند، و لە ساڵی (١٩٢٦) زاینیدا سەرلە نوێ دەستیان بە شۆڕش کردەوە. لێرەشدا دیاری دەکەین کە نیشتمانپەروەری گەورەی کورد ئیحسان نوری بەرگی خۆی گۆڕیبوو، بەنەهێنی بەسنووری عێراق –دا سووڕابۆوەو خۆی گەیاندبووە بنکەی ئەو شۆڕشە و بەم شێوەیە بەشداری لە شۆڕشی ئاگری کرد بوو، ئیحسان نوری نوێنەری پایەبەرزی سەربازیی کۆمەڵەی خۆیبوونی کورد بوو. هێزەکانی ئیبراهیم پاشای سەرۆکی خێڵی جەلالی ناسراو بە ئیبراهیم هەسیکە تیللەی ڕێك دەخست و دایدەمەزراندن و هەر هەفتەی جارێك ڕۆژنامەی ئاگری کوردی بلاّودەکردەوە. بەم شێوەیە بناغەیەکی پتەوی بۆ دەوڵەتی کورد دامەزراند و هێزەکانی کورد بەرێگاوشوێنێکی ڕێك و پێك هەڵمەتیان دەبردە سەر ناوچەکانی تورکیا و ناوچەی دەستەڵاتی خۆیان فراوان دەکرد. ڕژێمی تورکیا کە چاوی بەسەرکەوتنەکانی کورد کەوت، هەروەکو جاران، پەنای بردە بەر چارەو ڕێگای فێڵبازانەو داوای لە ئیحسان نوری کرد کە بە خۆشی لەگەڵ ڕژێمی تورکیا پێك بێ.

ئیحسان نوری شارەزای فەندوفێڵ و مەکرۆیی ڕژێمی تورکیا بوو و هەوڵی دەدا

---

[1] ئاگر بە تورکی پێی دەڵێن (ئاتەش)، ئاگری: بە تورکی پێی دەڵێن (ئاتەشلی). بۆیە بەو کێوانەیان گووتوە ئاگری چونکە لە کۆنەوە دووکەڵی لەسەر بلّند بووە.(نووسەر)

دەست کـەوتێکی لـە تورکـان بەدەست بکەوێ. هەر لەبەر هەندێ مەرجی یەکەمی ئـەوەبوو: هـەموو ئاوارەکـانی کـورد کـە دەرکـرابوون بـۆ ئەنـەدۆڵـێ، بگەڕێنـنەوە جێگـای خۆیـان و مـاڵ و زەوییـەکانیان بدەنـەوەو سـەرو سامانیان بپارێزرێ. لەو داخوازییـەدا: خێڵەکانی کورد: دەرسیم، ساسۆن و چەپاکچوریش پشت گیرییان لێ دەکـرد. هـەر لەبـەر هـەندێ ڕژێمـی تورکیـا بەپەلـە یاسـایەکی دەرکـردو ئـەو داخوازییانەی لەسەرەوە باسکران، بەجێ هێنا.

لـەپاش کێشـەی سیاسـی و شـەڕ ڕاگـرتن زاندرابـوو کـە ڕژێمی تورکیا خۆی بۆ وەشـاندنی دوا گـورزی بکـوژی خـۆی لـە شۆڕشـی ئازادی کورد ئامادە دەکا. هەر لەبـەر ئـەوەش بـوو کۆمەڵەی خۆیبوونی کورد بە پێویستی دەزانی چالاکیی خۆی ڕێـك و پـتەوتر بکـاو کـوردە ڕۆشـنبیرەکان لــە شــارەکانی ڕۆژئــاوای تورکیــا گەڕابوونەوە، وەك کوڕانی جەمیل پاشای دیاربەکری:

قـەدری جـەمیل پاشـا، ئەکـرەم جـەمیل پاشا، محەمەد جەمیل پاشا و بەدریی جەمیل پاشا

لـە (٢٩ /مـارت/١٩٢٩) زایـنیدا و دکـتۆر ئەحمـەد نافیز و نورەدین زازای برای خـەلـکی ئەرگیـنی مـەعدەنی لەگـەڵ عـارف عەباسـی دکـتۆری کشت وکاڵ و چەند ڕۆشـنبیرێکی دیکـەی کورد هەموویان چوونە ناو سنووری سوریا و خۆیان گەیاندە کۆمەڵەی خۆیبوونی کورد.

ڕژێمـی تورکیـا هەرچـەندە هـەوڵی دا بـەڵام نەیـتوانی دەسـت بەسـەر بـنکەی شۆڕشـگێڕانی کـورد دابگـرێ لـە شـاخەکانی ئاگـری. لەبـەر ئـەوە پەنای بردە بەر ڕژێمـی ئـێران کـە سـەر لـەنوێ سـنوورەکانی نێـوان هـەردوولا نـوێ بکەنـەوە بـە مـەرجێك: تورکیـا زەوی و زارێکـی زۆر بـۆ ئێـران بـەجێ بێـڵێ و ئێـرانیش باکوورو ڕۆژهـەلاتی شاخەکانی ئاگری بداتە دەست ڕژێمی تورکیا. بەم جۆرە تورکیا توانی گەمارۆی کوردان بدا.

لـەباری سـەربازییەوە، ڕژێمـی تورکیـا، لـەو تێکـە و لێکەیەدا دەست کەوتێکی باشـی بـەدی هێـنا، لـە ڕووی سیاسیشـەوە دەوڵـەتـەکانی هـاو سنووری خۆی لە خشـتە بـرد کـە گوایـا: شۆڕشـی ئاگـری بـە پەنجـەی ئینگـلیز هەڵدەسـووڕێ. بەم

شێوەیە کوردەکانی لە کۆمەك و یارمەتییەکانی ولاّتانی بێگانە بێ بەشکرد. لەساڵی (١٩٣٠) زاینیدا: هێزەکانی ڕژێمی تورکیا سازو تەیار کرابوون بە نوێترین کەرەستەی جەنگی و لە هەر لایەکەوە شالأویان بردە سەر بنکەی جەنگاوەرەکانی ناوچەی ئاگری. لێرەدا ڕێکخراوەکانی کۆمەڵەی خۆیبوونی کورد بەدرێژایی سنووری تورکیا و سوریا شەڕێکی مەردانەیان دەکرد: بەشێ لەهێزەکان پەڕیبوونەوە ناو سنووری تورکیاو لە شاخەکانی ماردین و میدیاتدا شەڕیان لەگەڵ دوژمن دەکرد. بەشێکی دیکەش لە دەشتی سوروچدا بەرانگژی لەشکری دوژمن ببوونەوە. بەداخەوە لەبەر کەمیی چەك و کەرستەی سەربازی و نەبوونی کەرستەی گواستنەوە هیچیان پێ نەکرا. هەروەها لەشکری دوژمن، بە ژمارە لە هێزی کوردان زۆرتربوون، نەبوونی کەرستەی گواستنەوە کۆسپێکی زۆر گەورە بوو لە بەردەم کوردان و دوژمنیش نوێترین کەرستەی جەنگیی بەدەستەوە بوو. لەشکری کورد لەسەر ئەو هەموو کەم و کورتییەی بە بەرۆکیانەوە نووسابوو، خوێنی خۆیان لەمەیدانی جەنگدا دەبەخشی بەرانبەر بەو دوژمنە دڕندەیە و ئەگەرچی بەناچاریش ولاّتی ئەو بەچکەشێرانە کەوتە ژێر دەست دوژمنی خوێنڕێژ. ئەو بەچکە شێرانەی لە هێزەکانی کورد مابوونەوە پەنایان بردە بەر دەوڵەتە دراوسێیەکان، بەلاّم لە کەمترین مافی مرۆڤاتی (مافی پەناهەندەیی) بێبەش کران و بۆیان بەزۆر دەزانین و تووشی کارەساتی واهاتبوون کە لە شەڕی جیهانیدا کەم کارەساتی وا رووی دابوو. ئیدی بەو شێوەیە پەردەی رەشی ئەو کارەساتەی بەسەریەك لە لاپەڕەی پرشنگی شۆڕشی ئازادیی کورد-دا هاتە خوارێ و داپۆشت.

## کۆمەڵەی خۆیبوونی کورد

کوردە ولاّتپەروەرە ئاوارەبووەکانی دەست رژێمی تورکی دڕندە لە سووریا، میسر و عیراق لە ساڵی (١٩٢٧)زاینیدا، بە ناوی کۆمەڵەی خۆیبوونی کوردەوە کۆمەڵەیەکیان دامەزراند. ئەو کۆمەڵەیە یەکەمین کۆنگرەی لە (ئاب-ی ١٩٢٧ )زاینی لە مەرکەزی بحەمدون - لوبنان بەست و لەو کۆنگرەیە دا سەرۆکی

کۆمەڵەی تاشناکی ئەرمەن **واهات پەپازیانی ڤانی** بەشداری کردبوو.

مەبەست و نیازی کۆمەڵەی خۆیبوون ئەوە بوو: ئەو پارچە خاکەی کوردستان کە لە ژێر چەپۆکی تورکاندا مابوو، رزگار بکا. بەڵام هەندێ گیروگرفتیان لە پێش هەبوو، هەروەکو ناکۆکیی نێوان کورد و ئەرمەن، ئەویش رژێمی تورکیا پەیدای کردبوو. بۆ لە ناوبردنی ئەو ناکۆکییە بەچاکیان زانی هاوکاری لەگەڵ کۆمەڵەی تاشناکی ئەرمەنیدا بکەن. ئەگەرچی ئەو پەیمانە پێویستە، لەلایەن رژێمی رووسەوە بە بەرەواژی لە قەڵەم درابوو، چونکە پارتی تاشناکی ئەرمەنی لە دژی رژێمی سۆڤیەت بوو، چەندین سەرکردەی ئەو کۆمەڵەیە لە ئەریڤان دەرکرابوون، چونکە سەر بە دەوڵەتانی رۆژئاوا بوون. ئیتر لەبەر ئەوەی کۆمەڵەی خۆیبوونی کورد لەگەڵ پارتی تاشناکی ئەرمەنی یەکدیگربوون و هەر رووداوێ لە کوردستان دەبوو، رژێمی تورکیا بڵاوی دەکردەوە کە دەستی ئینگلیزی تێدایە و بەملی کوردانی دادەبڕی و رژێمی سۆڤیەتیش باوەڕی پێ دەکرد و چاوی خۆی لەراست ئەو تاوانانەی لە لایەن رژێمی تورکیەوە لە کوردستان دەکران دەنووقاند.

بەراستی لەوکاتیش رژێمی سۆڤیات لەگەڵ رژێمی تورکیادا پەیمانیان لەگەڵ یەکدی بەستبوو، ئیتر بۆ ئەوەی تورکیا لە ئیمپریالیزمی رۆژئاوا، بەدووربکەوێتەوە، سۆڤیاتەکان زۆر هاوکاریی ڕژێمی تورکیان دەکرد لە دژی شۆڕشەکانی کورد و لە ساڵی (١٩٢٨)زدا کۆمەڵەی تاشناکی ئەرمەن بەنیازی یارمەتیدانی شۆڕشی کوردی ئاگری، نوێنەری خۆی لە تەبریزەوە، ناردواش ئەلاشگەری ڕەوانە کردبوو لە ئاگری لە لایەن سەرکردەی سەربازی رووسی بەفێڵی پێدانی کەرستەی سەربازی دەست بەسەرکراو رەوانەی ئەریڤان کراو لەوێشەوە بۆ تفلیس و شوێن بزرکرا. هەرچی ئینگلیزو فەرەنسییەکان بوون، ئەوانەش لە لایەک نەوتی مووسڵ و لە لای دیکەوە ، کۆمەڵەی خۆیبوونی کوردیان کردبۆوە هۆیەك بۆ سوود وەرگرتن لە کێشەکانی نێوان خۆیان و ڕژێمی تورکیا. هەرلەبەر ئەوەش بوو بە هیچ جۆرێك یاریدەی نەتەوەی کوردیان نەدەدا.

لە دوای کۆتایی هاتنی کێشەکانیان لەگەڵ تورکیا ، بە یەکجاری چالاکییەکانی کۆمەڵەی خۆیبوونی کوردیان قەدەغە کردو بەم شێوەیە تاکو (١٩٣٩)ز بەردەوام

بوو، ڕژێمی تورکیا لە چالاکیی خۆی و تاوانەکانی لە دژی نەتەوەیکوردی دەکرد، بە ڕێگای چەند گۆڤار و ڕۆژنامە بە جیهانی رادەگەیاند، لە پاشدا بە ناچاری چالاکییەکانی خۆی ڕاگرت و تاکو لەگەڵ سیاسەتی جیهانی بگونجێ.

## دەرسیم لە شۆڕشەکانی ئاگریدا

(١٩٣٠)

لە ساڵی (١٩٢٥ – ١٩٢٦)زاینیدا بەچکەشێرەکانی کورد لە شاخەکانی ئاگری کۆبووبوونەوە ، هەروەکو لە پێشدا باسمان کرد، دەست بەکار بوون لە چالاکیی خۆیان و پتریش جۆشیان گرتبوو تاوەکوو سەرەتای ساڵی (١٩٣٠)ز. لەبەر ئەوە پێدەچوو بە شێوەکی وا پەرەی گرتبێ کە هەموو کوردستان بگرێتەوە. لێرەدا سەید رەزام ئاگادار کردەوە ، کە ئەو شۆڕشە پێویستە پشتگیری و هاریکاریی لەگەڵدا بکرێ ، ئەوجا سەید رەزا لەگەڵ هۆزەکانی کەچەلآن لە سەرەتای بەهاری ساڵی (١٩٣٠)ز دا، دەستیان بە چالاکی کرد و لە هەموو ناوچەکانی شاری ئەرزروم و ئەرزینجان هەڵمەتیان بردە سەر دوژمن لەو ناوچانەی سەید رەزا دەستی بە چالاکی کرد، ڕۆژ لە ڕۆژ پتر گۆڕەپانی دەستەلآتی خۆی فراوانتر دەکرد، لەبەر هەندێ بە ناچاری رژێم موشیر فەوزی پاشای بۆ ئەو ناوچانە ڕەوانە کرد و بەراستی هۆی رەوانە کردنی هێزەکانی سەربازی بۆ ئەو ناوچانە، بە نهێنی راگیرابوو، ئەگەر چی رووی سەرەوەی ئەوانە بوون کەلە خوارێ نووسراوە: دێیەکانی دەنزیغ، ئەشکیرەك و هەرسی باج و سەربازیان نەداوەو خەڵکی ئەو دەوروبەریش ناچاربکات بەپێی یاسای رژێم بجووڵێنەوەو سەرکوتیان بکاتەوە، ئەگەر چی ئەو هەنجەتانە هیچ راستییەکیان تێدانەبوو. گرنگترین نیشان ئەوەیە: لەشکری سێیەم بەسەرکردایەتیی جەنڕاڵ روشدی فەرمانی جووڵانەوەی سەربازی و هەڵمەت بردنی لە دژی کوردان وەرگرتبوو، لە شکرەکەش لەوانە پێك هاتبوو:

(١٠) دە تابوور سەربازی پیادە، (١٥) پازدە تۆپ، (٥–١٠) (پێنچ تا دە) فرۆکەی سەربازی، هەموو هێزەکانی پۆلیسی شارەکانی نزیکی ئەو ناوچەیە، بەشدایی هێزەکانی سەربازییان کرد و بێجگە لە ئەوەش چەند تابوورێکی بە

کـرێگیراویان لــە کوردەکـانی ئەرزیـنجان و ئــەرزروم بــەپارە دامــەزراندبوو، کــە هاوکاریی لەشکر بکەن لە هەڵمەت بردنە سەر دەرسیم.

لـە (١٩٣٠/١٠/٢٠)دا چـەند فرۆکەیەك هێرشیان کردبووە سەر هەورازەکانی رۆژ هــەڵاتی دەرسـیم، لــە کـاتی تەقەکـردنی خـۆ پاراسـتن لــە لایـەن شۆرشـگێڕانی کوردەوە، فـڕۆکەیەك پێکراو کەوتـە خـوارێ، ئـەوانی دیکەش بە شەرمەزارییەوە هەڵاتـبوون. سـەید رەزا لـە دەرسـیمی ڕۆژئـاواوە یاریدەیەکی چاکی رەوانەکرد بۆ خێـڵەکانی پـلومەر و هــەروەها خێـڵەکانی: بـریمان و حــەیدەران و دیمــنانیش، چـووبوونە هاوکارییـان. هێـزەکانی کرێگـرتەی کـورد ئەوانـەی هاوکاریی دوژمنیان دەکـرد بـە تـەواوی شـکابوون، لـە ئـەنجامدا تورکـەکان زۆر شـپرزەببوون و نەیان توانیـبوو بگەنــە دەرسـیم. ئــەوجا هێـزەکانی کـوردان هێرشـیان کـردبووە ســەر ئەرزیـنجان و یەك تابووری سەربازیان گەمارۆ دا و لەناو بردو ئەو گوندە تورکانەی کـە هاوکارییـان کـردبوو لەگـەڵ دوژمن، چەکیان کردبوون و کەرستەی سەربازی و ماڵاتیـان بـە تـالآن بـردبوو. لـە پـاش ئـەو سـەرکەوتنانە خێڵەکانی بەلان، لۆلان و کەرســان هێرشــیان بــردبووە ســـەر ئەرزیــنجان و هەڕەشـــەیان لێ دەکـــرد. دەرسـیمییەکان لـە پـاش ئـەوەی خۆیـان بـاش لـە جێگایـەکی پێی دەڵێن مەرە— گیدگـی دامـەزراند بـە رێگـای قایمقـامی پـلومەر بـەدیل گـیراو، ئاگـاداری لەشـکر دەکەنەوە کە چەکەکانیان دابنێن، بەڵام روشدی سەرۆك لەشکر هێزی یاریدەدەری بـۆ هاتبوو، هێرشی کردبووە سەر گوندەکانی خێڵی عەباسان لە نزیك ئەرزینجان و هـەر هـەموویان سـووتاندبوون لـە (١٩٣٠/١٠/٢٧)دا هێزەکانی دەرسیم هەڵمەتیان بـردبووە سـەر هێـزەکانی تـورك، بـێ ئەوەی یەك تاکە کەسیان لێ بکوژرێ، بەشی زۆری سـەربازی دوژمـنیان لـە نـاو بـردبوو. لـەو شـەڕانە سرری سەرۆك لەشکری تـابووری یـازدەم بـە هـەموو کەرەسـتەوە بـە دیل گیرابوو بەڵام زەعیم روشدی بە ناچـاری پاشەکشـەی کردبوو،چـونکە ئومێدی سەرکەوتنی نەمابوو و سەرلەشکری فـرقەی سـێیەم، ئۆمــەر خــالیس پاشـا لــە (١٩٣٠/١١/٧) لەشــەڕەکانی ئاگــری دەکشـێتەوە پـاش و لـە ئەلازیـز هێـزەکانی خۆی لەگەڵ هێزەکانی روشدی تێکەڵ دەکا. هێرشێکی دیکەی کردبووە سەر دەرسیم، بەڵام ئەویش سوودی نەبوو لەبەر

ئەوەش کۆتاییان بە شەڕەکە هێنابوو. زستان هات و بەفرو سەرما دەستی پێ کرد. دەرسیمییەکان خۆیان لە جێگای سەخت دامەزراند، لەشکری خالیس پاشا لە شەڕ بەبن کەوتبوو، پاشەکشەی دەکرد بەو نیازە بەهاری داهاتوو خۆی بۆ شەڕ کردن کۆ بکاتەوە. لە دوای کارەساتە دڵتەزێنەکەی ئاگری، دەرسیم بەرگرییەکی بێ هاوتای پیشاندا، لە راست هێزەکانی تورکی و توانی هەبوونی نەتەوەی کورد لەو سەردەمەدا بپارێزێ.

## دوا خۆسازدانی لەشکری تورك

### بۆ لەناو بردنی دەرسیم (١٩٣٦)j

جیهان بەگشتی گەیشتبووە ئەو بڕوایەی کە جەنگی دووەمی جیهانی دەست پێ دەکا. بێگومان یەکەمین گیروگرفتی ناوەوەی تورکیا، کێشەی کوردستان بوو، چونکە ساڵەها لەمەوبەر ئۆپەراسیۆن و جووڵانەوەی سەربازیی سەخت و دژوار، لە ناوچەکانی کوردستاندا دەکران. ئەگەرچی ئەو ناوچەیە بۆ کاتێکی کەم بێدەنگ دەبوو، بەڵام دەرسیم بە هیچ جۆرێ ملی بۆ هێزەکانی تورکیا کەچ نەکردووە لەبەر پاراستنی زۆرینەی سەرژمێریی خۆی لە ناوچەی خۆیدا، خستبوویانە بەر چاو، کە بتوانێ کارێکی گەورە بکا ئەگەر بێتو شەڕی دووەمی جیهانی رووبدا، ئەوجا ئەگەر شەڕی گەورەی دووەم دەست پێ بکا ئەوە دەرسیم لەبەر زۆریی جەنگاوەری خۆی داوای ئازادیی کوردستان دەکا، یان دەبێتە بنکەی پارتە کوردەکانی لە رێگەی نیشتمان دامەزراون و لە پێناوی سەربەخۆیی کوردستان—دا تێدەکۆشن و بەو شێوەیە دەبێتە دارێك بەدەست بێگانانەوە. هەرلەبەر ئەو هۆیانەش بوو، لەساڵی(١٩٣٦)زدا مستەفا کەمال کە یەکەم جار پەرلەمانی تورکیا کرایەوە، وتەیەکی درێژی لە پەرلەمان خوێندەوەو لە لاپەڕەی یەکەمی هەموو رۆژنامەکانی تورکیا دا بلاْوکرایەوە. ئەوەش نیشانەیەکی راستە بۆ داوایەکانی ئێمە هەروەکو گوتبووی: ((ئەگەر گرنگترین کێشەمان هەبێ، لە نێوان نیشتماندا ئەویش کێشەی دەرسیمە. ئەو برینە لە دەروونمان هەیە و دەبێ ئەو کولکە ترسناکە پاك بکرێتەوەو لە رەگەوە دەربهێندرێ، کێشەی برینی لە رەگەزەوە

بەهەر نرخێ بێ، بابێ. زۆر بەپەلە بڕیار بدرێ لەو بارەوە و پێویستە دەستەلاَتێکی فراوان بدرێتە رژێم)) بێجگە لە ئەو بەیاننامەیە کە بە رەسمی و بەئاشکرا بلاَوکرایەوە، ئەوجا بە هەڕەشەکردنی نهێنی، نوێنەرەکانی کورد کە ناڕازیبوون لە پەرلەمان ئەوانیشیان ترساندبوو رازییان کردبوون، لەبەر هەندێ ئەو نەخشە یاساییەی مستەفا کەمال داوای کردبوو لە پەرلەمان بە زۆر ترین دەنگ پەسندکرا. ((بەپێی ئەو یاسایەی کە لە مێژووی نەتەواندا کەم راست هاتووە. رێکخراوێك دادەمەزرێ بەناوی پارێزگاریەتی دەرسیم: پیاوێ دەکرێتە سەرۆکی ئەو رێکخراوە دەستەلاَتی دکتاتۆری دەدرێتێ و لەشکر بە هەوەسی خۆی هەلَدەسووڕێنێ و بڕیاری دادگاش بە دلَی خۆی رێك دەخات، دەیگۆڕێ یان دوای دەخات، بەکورتی: هەموو دەستەلاَتێکی دراوەتێ لە بابەت سەرو مالَی دەرسیمییان)) ئەو پیاوەی باسمان کرد کە دەستەلاَتێکی وافراوانی دراوەتێ، ئەوە جەنڕاڵ عەبدوللاَ ئەلَپ دۆغانە و کراوەتە سەرکردەی لەشکرو پارێزگاری دەرسیم. ئەو پیاوە زاوای نوورەدین پاشای دوژمنی کورد بوو، کە دەستی بە خوێنی کورد سوور کردبوو. بۆ تەرخان کردنی هێرشەکەی بەڕادانیان دابوو، نەوەك بەپێی پێویستی نەتوانێ لە پێشدا هیچ بنکەیەك لەدەرسیمی دابنێن، لە ناوەڕاستی ئەلازیز بەناوی پارێزگاریەتی دەرسیم تۆڕێکی رێکخراوەی بنکەی ئاسایش دامەزرا. هەروەها لە مەزراودا زۆر خانوویان بە کرێ گرتبوو بۆ جێنیشبوونی ئەندامانی تۆڕەکەی رێکخراو و لقەکانی رێکخراوەکە ئەمانە بوون:

١- یاریدەری سەربازی
٢- بنکەی سەرکردایەتیی تایبەتی
٣- نووسینگە
٤- دادگای سەربازی لە سەرۆك و دوو ئەندام پێك هاتبوو
٥- یاریدەری دادوەری (موشاویری عەدلی)
٦- یاریدەری دارایی
٧- سەرۆکایەتیی ئاسایش

جەنڕاڵ عەبدوللاَ ئەلَپ دۆغان، دەستەلاَتێکی دیکەی پێ درابوو ئەویش

سـێیەمین لێکۆڵینـەرایەتیی ئاسایشـی گشـتی بـوو، و ناوچـەی دەسـتەڵاتی، ئـەو جێگایانەبوو:

پارێزگای ئەلازیز، پارێزگای دەرسیم و پارێزگای بینگۆل (چەبەکچور)

لێرەدا بەدەر دەکەوی (ئەڵپ دۆغان) سێ فەرمانی گرنگی لە دەستدا بووە:

١- لێکۆڵەرەوەی ئاسایشی گشتی.

٢- سەرکردەی لەشکری گشتی.

٣- پارێزگاری گشتی دەرسیم

((بۆمـان ڕوون بۆتـەوە، کـە ئـەو یاسـایەی لـە ڕاسـت دەرسـیمییان جێبـەجێ دەکـرێ: بـە دەسـتی ڕژێـم و بـە هاوکـاریی ڕژێـم دەکـرێ و بەکۆمـەڵ کوشـتنێکی ڕەسمییـە و هەڵوەسـتە و گومـانیش هەڵناگرێ. لە کاتی پێویستی هەرسێ پارێزگا لێکـدران. بـۆ ئـەوەی بە ئاسانی تێیدا جموجووڵ بکەن. چونکە بەشی هەرە زۆری ئەو سێ پارێزگایانە کوردی بێ گەردن)).

## گیروگرفت لەگەڵ بکوژی دەرسیم

### جەنراڵ عەبدوڵڵا ئەڵپ دۆغاندا

ئـەڵپ دۆغـان کەیەکەم جار هاتە ئەلازیز، منیش لەگەڵ ئەو کەسانەدا بووم کە بـۆ پێشـوازی کـردنی چووبووینە بنکەی هێڵی شەمەندەفەر کەلە واگۆنەکە دابەزی لەگـەڵ هاوڕێیەکـەیدا بـەرگی سـەربازی لەبـەر بـوو، ڕووێکـی خۆشـیی نەدایـە ئەو خەڵکەی چەپڵەیان بۆ لێدەدا، هیچ ئاوڕی لێ نەدانەوە، بەگرژی خۆی هاویشتە ناو ئوتومبیـلەکەیەوە. هـەروەکو وڵاتـی دوژمنی داگیر کردبێ ئەوها لموز بڵندو تووڕە بـوو. سـێیەمین ڕۆژ بـوو ئەڵپ دۆغان هاتبووە ئەلازیز لەبۆ بەسەر کردنەوە، بانگی عـەلی ئاغـای خـەڵکی دێـی پـەهامم کرد! بردمە نووسینگەی مەزبەتە نووسێکی ناو بەحـری تورگـوت عەزیـز دەرسـیمی، مەزبەتەیـەکم پێی نووسی بۆ ئەڵپ دۆغان لە نووسـراوەکەدا پێـم نووسـیبوو کـە زەوییـەکانی خـۆی لـە دەرسـیم، بـۆ ڕژێـم بەجێدەهێـڵێ و لـە شـارەکانی ڕۆژئـاوا، دێیـەکی دیکـەی بدەنێ لەباتی دێیەکەی خـۆی و زۆر تکـاش دەکـا چـونکە بـە ڕەزای خـۆی بـەخاوو خێـزانەوە لە دەرسیم

دەچێتەدەرێ و بەو شێوەیە نیازم وابوو شارەزای ڕێگاو شوێنی ئەڵپ دۆغان ببم کەدەیەوێ لە دەرسیم چی بکا ئەوجا عەلی ئاغا مەزبەتەکەی بردەپێش ئەڵپ دۆغان و ئەویش سەیری پێ هاتبوو لە پاش خوێندنەوە و پشکنینی لە عەلی ئاغای پرسی بوو:

– خەڵکی کوێی..؟ تورکی دەزانی.؟
– دەرسیمیمە و لە گوندی (پەهامی)جێ نیشینم و کەمێ تورکی دەزانم.
– خوێندن و نووسینت هەیە.؟
– نەخێر: هیچی لێ نازانم.
– ئەو مەزبەتەیە کێ بۆتی نووسیوە.. .؟

بەحری تورگوت بۆی نووسیوم. لێرەدا کەناوی ئەویان پێ گوتبوو. بەڕێی کردبوو. عەلی ئاغا گەڕاوە لای من و چیرۆکەکەی بۆ من گێڕاوە. ئەوجا ڕۆژی پاشی ئەڵپ دۆغان پۆلیسی هەناردبوو بەحری تورگوتی بردبووە لای خۆی و لێی پرسی بوو. ئایا کێ ئەو نامیلکە مەزبەتەیەی پێ نووسیووە. ئەویش گوتبوی:

بەیتار نوری بەگ، عەلی ئاغای هێنابووە لام و هەروەکو ئەو گوتی! نامیلکەکەم بۆ ڕێکخست، ئەڵپ دۆغان ئەفسەرێکی ناو شەوکەتی ناردبووە دووی من و پێمی ڕاگەیاند کە ئەمنی دەوێ. ئیدی چوومە جێگای (لێکۆڵێنەرایەتی) و یاریدەدەری ئەڵپ دۆغانم ئاگادار کردەوە، کەوا من لەسەر داوای ئەڵپ دۆغان. چوویمە بۆ لای، ئەوجا دەم و دەست ئەمنیان بردە ژوورەکەی و لەو کاتیدا! لەلای ئەڵپ دۆغان ئەو پیاوانە دانیشتبوون:

یاریدەری سەربازی، یاریدەری یاسایی و یاریدەری گشتی خۆم پێشکەش کردو گوتم (بەیتار نوری دەرسیمی). پێش ئەوەی بۆ دانیشتن جێگام پیشان بدا پرسیی:

– دانیشتووی کوێی.؟
– دانیشتووی دەرسیمم. وەڵامم داوە.
– ئێستاکە لە کوێ و چکارەی. .؟
– لە شاری ئەلازیز لە دێیەکەی خۆم خەریکی کشت و کاڵم.

- پێشتر لە کویێ بووی..؟
- لە دەرسیم بووم.
- چکارە بووی.. .؟
- لەلای دایکم و باوکم بووم. .
- لەپێشتر لە کویێ بووی..؟
- لە ناوچەی سیواس بووم.
- لە سیواس چکارە بووی ..؟

لە سیواس، سەردەمێ فەرمانبەر بووم. لە پاشدا لەگەڵ کشت وکاڵی دەخولامەوە. ئەڵپ دۆغان نەیهێشت قسەکانم تەواو بکەم و بە توندی و قەشمەری پێ کردنەوە گوتی بڵێ نوری بڵێ. بۆ خۆت لە من دەشێرییەوە بۆ راستییەکەی ناڵێی. وادەزانی من تۆ ناناسم..؟ لە سیواسی! لەکاتێکدا بە شداریت دەکرد لە رووداوەکانی کۆچکیریدا من سەرۆك لە شکرەکانی نوورەدین پاشا بووم. رێگاو شوێنت بۆیان داناو لە پاشدا راتکردە دەرسیم. من بە هەموو. شەیتانیت دەزانم، ئێستاش هەر بەدووای ئەو هیواو نیازە کەوتووی. رێگا بەمو بەو پیشان دەدەی و خۆت دەکێشییەوە، هەرهاتمە ئەلازیز زانیم تۆ لێرەی. یەکەم رۆژی گەیشتمە سەرۆکایەتیی فەرمانبەرایەتی، مەزبەتەیەکم بۆهات و تۆش رێکتخستبوو، زانی بووم کە بە هاندانی تۆیە، باوەڕیشم هەیە کە ئێستاکەش وازت لە هیواو ئامانجی خۆت نەهێناوە. هێشتا رێگای منی نەدا بوو قسەیەك بکەم. رووی کردە یاریدەرەکانی، کە لەلای دانیشت بوون و گوتی: لە نێوان عێراق و عەجەمستاندا. دوو هۆز هەبوون:

١- لوڕەکان

٢- پارتەکان

ئەوانە خۆیان بەکورد دادەناو، هەمیشە لە نێوان خۆیاندا ناکۆکییان هەبوو، لوڕەکان ئەوەندە سەر گەرم بوون سەرۆکەکانیان هەموو لەشی خۆیان لە خوێن وەردەدا، ئەوجا لە شەڕ دەگەڕانەوە ناو هۆزەکانی خۆیان. دەشیانگوت لەگەڵ خوا شەڕمان کردووەو نەدۆڕاوین. بەو جۆرە بڵاویان دەکردەوە. لە دواییدا ئەو

دوو هـۆزە لـەناو چـوون و سـەرنخونبوون و هیچ شتیان لیّ بەجیّ نەما. چەند سەد ساڵەك لەمـەوپێش لـەكاتی پشـكنیندا مامۆسـتایەكی رووس (٧٠٠) وشەی كوردی دۆزیـبۆوە. لـەو دواییـەش بـە دەركـەوت كـە ئـەو وشـانە هەندێكیان توركی بوون، ئـەوی دیكـەش عەجـەمی بـوون و كـەمێكیش ئەرمـەنی. ئـەوجا مـنی پیشـاندان و گوتـی: ((ئەوەتـە پیـاوی زانـا))! خـۆی لەپێـناوی نەتەوەیـەك داناوە (ڕەگەزو – ڕەچـەڵەكی) دیارنییـە. دەستی بە توندی لە مێزەكە دەدا لە نێوان گەورە پیاوانی رژێمـی تـورك و لـە نێـوان دۆسـییەكانی– دەوڵـەت، بەیتار نوری دەرسیمی كوردەو كوردایـەتی دەكـاو لەكـەی لەسەرە! ئەوجا بەرووێكی ساردو گرژ بەری لەمن كردو لێی پرسیم. لە كامەخێڵی دەرسیمی.. .؟

وەڵامـم داوە: لـە هـۆزی كـالانم. دیسـان بـەراوێژكارەكانی خۆی گوت: بەرەزان ئەوانـە بـاب و باپیریـان چـەند سـاڵ لەمەوبەر لە توركستان دەرچووینەو هاتبوونە چیاكانی دەرسـیم ، كـە دیتـبوویان جێگایـەكی خۆشـەو پـاوانی زۆرە، بەچـاكیان زانیـبوو بـەخۆ و ماڵاتەكانیانـەوە هەر لەویّ جێنشین بن، لەبەر هەندیّ گوتبوویان لێـرانە بمێـنن ئـەوجا لەوێـندەریّ مابوونـەوە. لەبەر ئەوەش پێیان دەڵێن: كالان. ئیـتر دەبیـنن چەند ناوێكی توركی: شیرین و خۆشە: لێرەدا یاریدەرەكانی بە یەك –زار – بـاوە گۆیـان داوە! بـەڵیّ جـەنابی –پاشـا – ئەمـنیش چیدیكە خـۆم پیّ ڕانەگیراو بە قسە هاتم!

–بەڵیّ جەنابی پاشا ئێمەی دەرسیمی كە دەڵێین! توركین. نەخێر، ئێوە تـورك نـین كـە دەڵێـن كوردیـن بەڵیّ ئێمەی دەرسیمی كوردین، دیسان دەڵێن ئێـوە كوردنـین و لـە جیهـاندا كـورد نییـە. چاوتان دەردێنین جارێكی دیكە وا بـڵێن. لەبەرئەوەیـە ئێمـەش لێمان شێواوە. خۆشمان نازانین ئێمە چین، ئێوە بـەمێژوو بـەدەرتان خسـتووە كـە دەرسـیمی توركـن ، كەواتـە ئـەو خۆشەویسـتییەی لـە بابەت پێشكەوتن و زانستی بە توركان پیشان دەدەن بە ئێمـەش پیشـان بـدەن. ئێمـەش بـەو ڕێگایـەیدا دەڕۆیـن كـە بـڕیاری لەسـەر دەفـەرموون. ئەوجاكـە گـوتم، ئـەوە دەسـتەڵات لەدەست ئێوەدایە، هەروەكو دەمانـەویّ بـڕیاری باشی پیّ جیّبەجیّ بكریّ ئەوجا ئەلب دۆغان سەری خۆی

شۆڕ کردو بەکزی دەستی بڵند کرد: ئیتر ئەو کوردایەتییە لەکەیەکی پیسە بۆ تۆ: لە پاش هێوربوونەوەی ئەو مشت و مڕە ، دەمویست بچمە دەرێ بەڵام جەنراڵ نەیهێشت بڕۆم و تەماشای نەخشەیەکی کرد کە لەسەر مێزەکەی پێشی بوو: پرسی دێیەکەتان ناوی چییە؟ گوتم هولڤەنگ مەنەستری دێیەکەی تۆ لەگەڵ گوندی چۆرچۆە نێوانیان چەند کات دەبێ..؟ بە پرگالی لە دەستی بوو، لەسەر نەخشەکە جێگایەکی دەپێواو چاوەڕێی وەڵامی منیش بوو، گۆتم نێوانیان دووکات ژمێر دەبێ، جەنراڵ دیسان زۆر بە توندی گوتی– تاشناکەکان و پارتی خۆییبوون: پارتیزانێکی ئەرمەنییان لە سووریا ڕا ناردووە بە ناوی موڤیس پوتو گلیان بۆ دەرسیم، ئەو ئەرمەنییە کە لە دەرسیم گەڕابۆوە، بچێتەوە سووریا لە ڕێگادا گیرابوو، لە زینداندا بە هەر جۆرێ قاپووتێکی پۆلیسێکی بەدەست دەکەوێ و رادەکا، بەڵام دووبارە لەماڵی خزمێکی خۆی گیرابۆوە، لە دێی چۆر چۆە و پێشی ئەوەی قسەی لێوەربگرن لەکۆڵیان کردبۆوە. ئەوجا هەروەکو دەڵێن ئەو ئەرمەنییە بەمیوانی لە لای تریش مابۆوە پێویستە بزانن کەمن جووڵانەوەو کردەوەی هەرکەسێك و ئەو ڕێگە و شوێنەی لە دڵیشی دەیشێرێتەوە کەتەماشای نەخشەی نێوچاوانی دەکەم تێی دەگەم. گوتم: لە کانگەی دەروونتانەوە چۆن فەرمانبدەن وابکەن زۆریش ماندوو بووم و بەکزی چوومەدەرێ. چوومە ژووری هاوکارم، کارگێڕی سامان دروستیی ئاژەڵ، کێشەی خۆم و نێوان جەنراڵم بۆ دەگێڕاوە، لەو کاتە برادەرێکم نوێنەری کۆنی ئەلازیز بەیتار حاجی ئوسمانی خەڵکی ئەگین هاتە ژوورێ، ئەویش گوێی لە گفت و گۆی ئێمە بوو لە پاشدا بەقسەکەوت و گوتی: دوو ڕۆژ لەمەوبەر لەگەڵ کۆمەڵەی تایبەتی هاتبووین بۆسەردانی پاشا. دیسان ناوی تۆی هێنا، ئێوە بەهاندەری دەرسیمییان دەزانێ و نیازێکی زۆرخراپی لە راستی ئێوە هەیە، هەرچەند هەوڵم دا بۆتان، بەڵام دڵنیام سەرت سوڕ نامێنێ کە دەڵێم ئەڵپ دۆغان ئاگاداری هەرشتێکە، لەگەڵ ئەو دوو هاوکارانەم کەئەوانیش دژی تورکیای کەمال–ین. وتووێژێکی زۆرمان کرد ئەوجا گەیشتمە ئەو بڕوایەی کەتاکە چارەم ئەوەیە نیشتمان بەجێ بێڵم و بچمە دەرەوەی

ولآت و خۆم دەربازکەم.

## دەسپێکی جوولآنەوەی سەربازی تورك

### بۆ لەناوبردنی دەرسیم (١٩٣٦)ز

جەنراڵ ئەلپ دۆغان بەیاننامەیەکی بلآوکردەوە، کەتێیدا دەڵێ دەڤەرەکانی شاری دەرسیم، ئەلازیز و بینگۆل ناوچەی گەمارۆ دراون، و تێیدا هەڕەشەی ترسناکی لە هەموو دانیشتوانی ئەو دەڤەرانە دەکرد و لە پاشدا ئاگاداری خەڵکەکەیان کردەوە لە پاش پشکنین. ناویان لە دەرسیم ناوە! تونج ئێلی. لەبەیاننامەی دووەمیدا! دیاری کرد کەلە هەر یەك لە ناوەڕاستی ئەو ناوچانەی خوارێ بالآخانەی بنکەی سەربازی تێدا دروست دەکرێ:

لەناوەڕاستی ئەموتکەی سەربە چیمشکەزەك. لە بورناك و پولور سەربە ئۆڤاجك. لە کەرەئوگلان سەربە هوزات. لە مەمیکان سەربە ناوچەی مەزگەرت و بنکەی سەربازی دیکەش لەسەر ڕێگاوبانی نێوان ئەو ناوچانە، دروست دەکرێ بۆ ئەوەی وەکو زنجیرە لەگەڵ یەکدی ببەسترێنەوە. لێرەدا، دەرسیمییەکان تێگەیشتن کە نیازی رژێم لەو چالاکییانەدا چییەو دەشیانزانی کە سێپایە بۆ لە سێدارەدانی دەرسیم دادەمەزرێنن. بەداخەوە خدر دەرسیمی قایمقام و ئەفسەری خانەنیش لەگەڵ عەبدولڕەحمان پابۆیی بەڵێندەری دروست کردنی ئەو بنکانەی سەربازی بوون و لەبەر ئەوەی ئەو دوو پیاوە کورد بوون، خێڵەکانی ئەو دەورو بەرانە ڕێگایان لێیان نەدەگرت و بەسەر بەستی بالآخانەی بنکە سەربازییەکانیان دروست دەکرد لە ناوچەی ئۆڤاجك. ڕۆژێکی تاریك و ترسناك لە دوورەوە دیار بوو، بەرەو پیری دەرسیم دەهات. سەرکردەکانی دەرسیم لە نێوان خۆیان کۆدەبوونەوەو گفتوگۆیان دەکرد. چونکە تێگەیشتبون کە کێشەکە زۆر ناسکە. بەداخەوە هەرچەندە لە نێوان خۆیان وتووێژیان دەکرد، نەیانتوانی بگەنە یەك و لەسەر ڕێگایەك برۆن و بەهاوکاریی هەموو لایەك چالاکییەکانیان دەست پێ بکەن. دوژمنداری و ناکۆکیی نێوان هۆزەکان، هۆی سەرەتای پێك نەهاتنیان بوو. هەر لەبەر ئەوەش بوو، تەنها ئەو هۆزانەی لەگەڵ یەکدی دۆست بوون چین بە چین

یاخود ناوچە بە ناوچە پێك دەهاتن و پێكەوە چالاكییان دەكردو هاریكاریی یەكدییان دەكرد.

(أ) لەپێشدا سەید رەزا و ئەو خێڵانەی خوارەوە، لە نێوان خۆیان پەیمانێكی پتەویان بەست كە ئەمانەن:

١– عەباسان ژوورو

٢– فەرهادان

٣– كەرەبالان

٤– بەختیار

٥– یوسوفان

٦–دیمنان

٧– حەیدەران

٨– كالان (بەشێكی لەگەڵ و)

ئەو هۆزانە پەیمانێكی پتەویان لە نێوان خۆیان و بە تایبەتی لەگەڵ سەید رەزا بەستا، بۆ بەرەنگاربوونەوەی دوژمن و دەست وەكەری كردن لەكاتی پێویستیدا.

(ب) بەڵام هۆز و خێڵی ناوچەكانی دیكە:

١– ئۆڤاجك

٢– كۆچان

٣– شەمكان

٤– مەزگەرت (مەزگەرد)

٥– پلومەر

٦– نەزمیە

خێڵ و هۆزەكانی ئەو ناوچانەی لە سەرەوە ئاماژەیان بۆ كراوە. لەگەڵ یەك پەیمانیان بەست كە تەنها بەرپەرچی دوژمن بدەنەوە و تێكەڵی شەڕەكان نەبن.

(ج) خێڵەكانی ناوچەی هوزات بڕیاریان دابوو خۆیان باوێنە باوەشی رژێمەوە، لەبەر هەندێ، سەرۆكەكانیان پەنایان بردە بەر ئەڵپ دۆغان لە ئەلازیز و ئەویش بەڵێنی دابوونێ كە هەر داخوازییەكیان هەبێ بۆیان جێ بەجێ بكا. ئەگەر چی

ئەلْپ دۆغان لەو پیاوە دووڕووانە گەیشتبوو، هیچ رووشی نەدابوونێ و پێشیانی راگەیاندبوو کە تاکە هیوای ئەو بەس هاتنی سەید رەزایە بۆ ئەلازیز. جەنڕاڵ: لەلایەکەوە کاری دروستکردنی بنکەکانی سەربازی بە خدری کوردی سپاردو لەلایەکی دیکەشەوە فەرمانی پێ دابوو کە هەوڵ بدا سەید رەزا لە خشتەبباو بیهێنیتە ئەلازیز. خدری فێلباز بەڵێنی دابووە سەید رەزا و دڵنیای کردبۆوە، کە بێتە ئەلازیز هیچی بۆ نابێ و تەنها سوودی بۆ خۆی دەبێ. ئیدی بۆ ئەوەی پلەی بەرزتر ببێ لەلای ئەلْپ دۆغان بەدڵ و بەگیان هەوڵی دەدا سەید رەزا بهێنێتە ئەلازیز جارێ خدر فێلبازم دیت و لێم پرسی، ئایا چی تێدەگا لەبابەت دەرسیم وەڵامی ئەوەبوو! بۆ ئێمە تاکە چارە ئەوەیە، بەبێ بگرە و بەردە یانی بێ مەرج و پەیمان چەك دابنێین و بۆ هەر فەرمانێکی رژێم مل کەچ بن. کەگوتم رژێمی تورکیا نیازی ئەوەیە لە ناومان بباو دەربەدەرمان بکا. گوتی دەرکردن باشترە بۆ ئێمە، چونکە بەر هەڵستی بکەین هیچ گومانێکی تێدا نییە، هەر هەموومان بەجارێکی تێدا دەچین! خدر دیسان چووبۆوە دەرسیم و سەید رەزای دڵنیاکردبوو ئەگەر بچێتە ئەلازیز بۆ لای جەنڕاڵ هیچی بۆ نابێ و بەو جۆرە لە خشتەی بردبوو. ئەمنیش هەلێکم بە دەست کەوت و توانیم سەید رەزا ببینم و بەمنی گوت: بەراستی تێگەیشتبوو کە نیازی جەنڕاڵ زۆر خراپە لەبەر ئەو هۆیە لەبەرگری زیاتر هیچی تێدا نەماوەتەوە. هەرچەندە لەشکری تورك دەستەڵاتی دەرسیمییانی نییە بەڵام لەبەر هەرنسکۆیەك بەباشی دەزانێ کە من پێیەك لە پێشتر لە سنووری تورکیا بچمە دەرێ و کێشەی خۆمان بە دەوڵەتە گەورەو راستەکان رابگەینم باشترەو چۆن گفتوگۆی کردبوو لەگەڵ ئەلْپ دۆغان هەروەکو خۆی بەسەرۆك خێڵەکانی دەرسیمی راگەیاند. کەسەید هاتبووە ئەلازیز بەتەنها بوو، هیچ سەرۆکێکی کوردی دیکەی لەگەڵ نەبوو بەتەنها گفتوگۆیان کردبوو، بەس نزیکەی (٢٤)کات ژمێر لە ئەلازیز مابۆوە و لەو چەند کاتەدا بە تەواوی لەنیازی جەنڕاڵ گەیشتبوو. لەپاش دەمێکی کەم ئەلْپ دۆغان شەوکەتی کارگێڕی ئاسایشی سەربازی، بەناوی سەردانی خێڵەکان رەوانە کرد لەپێشدا چووبووە—هۆزات— و لەپاشدا چووبووە—ئۆڤاجك، لێرەدا یەك دوو سەرۆکی خێڵی، بەگەڵ خۆی دابوو

کـه بچێته لای سەید ڕەزا. بەڵام سەید ڕەزا پێشوازی لە شەوکەت نەکردبوو لەبەر ئـەوە شـەوکەت چـووبووە میوانی ڕەهبەری برازای سەید ڕەزا لە گوندی هەچیلی، چـونکە دەیـزانی لەگـەڵ سـەید ڕەزای مـامی نێوانیان باش نییە. لێرەدا عەلی شێر نەختێ زووتـر هەسـتی کـردبوو کـە شـەوکەت! دەچێتەلای ڕەهبەر، لەبەر هەندێ بەپەلـە چووبۆوە گوندی هەچیلی. بە ڕەهبەری گوتبوو کە خانەخوێیاتی شەوکەت نـەکا، چونکە مامی پتر لێی دڵگیر دەبێ. شەوکەت شەوێك لەلای ڕەهبەر مابۆوە و ڕۆژی پاشـتر پێکەوە گەڕابوونەوە ئەلازیز، بەو جۆرە وتووێژی لەگەڵ ئەڵپ دۆغان کـردبوو و پارەیـەکی زۆری دابـووە ڕەهـبەر. بـەکورتی! توانی لە دژی مامی خۆی سـنوورێکی دوژمـنداری مسـۆگەر بکـا. لێـرەدا ئـەڵپ دۆغـان داروودەسـتەیەکی سـەربازیی خـۆی دروست کرد ئەوجا! بەیاننامەیەکی بۆ دەرسیمییان دەرهێنا، کە بەهـەموو خێـڵەکان و هۆزەکـانی دەرسـیم، دەبـێ (٢٠٠) دوو سـەد هـەزار تفـەنگی مـارتین بدەنـەوە دەسـت ڕژێـم. بەمـەرجێ بـە پێـی سەرژمێری خێڵەکان بەشداری بکـەن لـە دانـەوەی تفەنگـەکان. هەروەها شەوکەتی کارگێڕی ئاسایش هەمیشە لە نێـوان خێـڵەکان دەسووڕاوە و هەوڵی دەدا نێوانیان تێك بدا، واشی ڕاگەیاندبوو کە ڕژێـم تـەنها دەیـەوێ دانیشـتووانی ناوچـەی دەرسـیم دابمەزرێـنێ. سـەرەتا ئـەو کەسـانە سـەرکوت دەکـرێن: سـەید ڕەزا و ئـەو هۆزانـەی لەگـەڵیدان. بـەڵام ئـەو هۆزانـەی چـەك دادەنێـن بەسەربەسـتی لـەجێگای خۆیـان دەمێـنـنەوە. لێـرەدا ڕەهـبەری ڕوو ڕەش، بەهـەر جـۆرێ هاوکـاریی دەکـرد لەگـەڵ شـەوکەتدا. لـەلای دیکەشـەوە خـۆی بـەپیاو چاك نیشان دەدا لە لای مامی. گوایا فێڵ لە ڕژێم دەکاو هاوکـاری لەگـەڵ مـامی و نەتـەوەی خـۆی دەکا ئیتر بەو شێوەیە سیاسەتی دوو-ڕوویی بـەکار دەهێنا. ئەگەر چی لە قاوەخانەکانی ئەلازیز و هۆزات باسی ڕەهبەر دەکرا کەهـەر جارێ شـەوکەت پێـنج هـەزار لـیرەی دەداتـێ. بـەو جـۆرە پاتاخی بەدەرکـەوت. لـەو سـەردەمەیدا شۆڕشـگێڕەکان هەڵمەتیان دەبردە سەر ئەو بنکە سـەربازییانەی کـە تـازە، لە نووژەن دروست دەکران و هێشتان تەواو نەکرابوون و پاسەوانەکانیان چەك کردبوون و خانووەکانیش تێکدرابوون.

سـەید ڕەزاش هـەردەم داوای لـە ئـەڵپ دۆغـان دەکـرد، ئـەو یاسـایەی لە دژی

دەرسیم دانـدراوە! هەڵبگرێ و ڕێکخراوێکی باش دابندرێ بۆ دەرسیم، بە مەرجێ مـافی نەتەوایـەتیی بـۆ دابین بکا. بەرامبەر بەو داخوازییانە ئەڵپ دۆغان! لیوایەك پۆلیس و فـرقەیەك سـەربازی بردبووە سەر سنووری دەرسیم و هەموو ڕۆژێ (١٠) دە فـڕۆکە لـە دیاربەکر دەهـات و لە سەر دەرسیم دەسووڕانەوە. ئیدی کار لەکار تـرازاو لێکدان و پێـك دادان لە هەرلایەکەوە دەستی پێ کرد. هەر چەندە دەرسیم چـوار دەورەی گیرابـوو، گـەمارۆ درابـوو شـەڕ زۆر گـەرم بـوو، بـەڵام زۆر درێـژەی نـەدایێ. ساردو سـەرما دەسـتی پێکـردو زستان هات و پەردەیەکی سپیی بەسەر شاخەکانی دەرسیمدا هەڵکێشا و شەڕەکەی ڕاگرت.

## شەڕی دەرسیم

## j(١٩٣٧)

لە سەرەتای بەهاری ساڵی (١٩٣٧)ز لە هەموو لایەکەوە تورکەکان هەڵمەتیان دەبـردە سـەر دەرسـیمییان و دانیشـتووانی نـزیکی شـارەکانیان، کۆ دەکردنەوەو ڕەوانـەی جێگـای تـریان دەکردن. دەستیان کـردەوە بـە دروسـت کردنی بنکەی سـەربازی لـە ناوەڕاستی ناوچـەکان و لـە سـەر ڕێگاوبانـە گـرنگەکان، فڕۆکەکانی سەربازی ناوچە بێ چەکەکانیان بۆمباباران دەکرد.

دەستە سـەربازێك، ڕەوانـە کـرابوون! بەناوی خڕکردنەوەی چەك و تەرەقە بۆ سـەر هـۆزی یوسـوفان و هـەندێ لـە سـەربازەکان، پڕیان دابووە کچێکی بێکەس. ئیـدی! کـوڕی سـەرۆك هـۆزی یوسـوفان، نـاو فـندق کـە ئەو ڕووداوەی بیستبوو! هەڵمەتی بردبووە سەر دەستە سەربازەکەو رایماڵی بوون و کردبوونییە دەرەوەی ئاقـاری هۆزیخۆیـان. لەبەرهـەندێ لێکدان لەگـەڵ لەشـکری دوژمن لە ناوچەکانی مەزگـەرت دەستی پێ کرد. لەو سەردەمەدا کوڕی سەید ڕەزا، برا ئبراهیم هاتبووە هـۆزات و دارو دەسـتەی ئـەڵپ دۆغـانی دیتـبوون و بە ناوی باوکیەوە گفتوگۆی لە گـەڵ کـردبوون بـۆ ئـەوەی جووڵانەوەی سەربازی بە شێوەیەکی ڕاست بەرپاببێ و نـەبادا هێـرش ببـەنە سـەر دانیشـتووانی دەرسـیم. لەگەڕانـەوەیدا لە دێیەك میوان بـبوو بـەناوی دەشت لەناو هۆزی کرگان– دا، بەپێی تەگبیرو نەخشەی، شەوکەتی

کارگێڕی ئاسایش شەویٚ لە خەوێدا برا ئبراهیم دەکوژن. لەبەر ئەوەی سەید رەزا زۆر دلگیربوو لەناوەڕاستی هۆزی کرگان گەمارۆی گوندی سینی دابوو ، داوای بکوژەکانی دەکردەوە. ئەلّپ دۆغان لەباتی بکوژەکان بداتەوە دەست سەید رەزا و بۆ ئەوەی کێشەکە گەورە نەبیٚ بە پێچەوانەوە خەلاّتی کردبوون و بە هاوکاریی شەوکەت دەیپاراستن. لەو سەردەمەدا فەسیحی کوڕی محەمەد ئەمینی سەرۆکی خێلّی حەسەنان لە سووریا ئاوارە بوو لەگەلّ دەستەیەك پێشمەرگەی کورد هاتبۆوە. دوازدە کیلۆمەتر لە نزیك دیاربەکر لەلای پردی رەش پەلاماری بنکەکانی پۆلیسی تورکیا دەدا. ڕژێمی تورکیا، ئەو رووداوەی خستبووە سەر شانی دەرسیمییان و وەزیری ناوخۆی ڕەوانەکردبووە دیاربەکرو وای کردبوو کە لەشکر هێرش بکاتە سەر خێلّی یوسوفان، لەلایەکی دیکەشەوە سەرکردەی لەشکری ئەلازیز ئیسماعیل حەقی هەلّمەتی بردبووە سەر ناوچەکانی سەید رەزا، هەر لەو سەردەمدا ئەلّپ دۆغان هۆزی کرگانی لە خشتە بردبوو و هاوکارییان لەگەلّ کردبوو لە دژی لەشکری کورد. ئەو خێلاّنەی لە خواریٚ ناویان نووسراوە، لەگەلّ سەید رەزای بەشدارییان کردبوو لە شەڕی دژی تورکان و هەر دەم لەگەرمەی شەڕیدا بوون:

أ- لەناوچەی هۆزات: خێلّی (بەختیار)، خێلّی ئەباسان-ی ژووروو، خێلّی کەرەبال و خێلّی فەرهادان

ب- لەناوچەی نەزمیە: خێلّی حەیدەران

ج- لەناوچەی مەزگەرت: خێلّی دیمنان، خێلی یوسوفان

ئەو حەفت خێلاّنەی، لە سەرەوە ناویان نووسراوە لەکانگەی شەڕ دابوون بەرامبەر بە نوێترین کەرستەی جەنگیی دوژمنی بیٚ شەرم. زۆر هۆزی دیکەش مابوون و بەشدارییان لە شەڕ نەکردبوو و بیٚ لایەن بوون. جەنگاوەری کورد هێرشیان دەکردە سەر دوژمن و لەشکری ئیسماعیل حەقییان بەرەو هۆزات هەلّبڕی. بەپێی ئەو کێشەیە لەشکرانی ئەرزرۆم و ئەزینجانیش بەجوولّەکەوتن و قەرارگای فرۆکە، لە دیاربەکر گوازراوە ئەلازیز. لەو سەردەمەدا ڕژێمی تورکیا دەستی کردبوو بە بۆردمان کردنی ناوچەکانی دەرسیم بە بۆمبای گازی ژهراوی و

خنکێنەر. لەو کاتەدا دەرسیمییەکان زرێپۆشێکی تورکیان شکاند. ئەوجا ڕژێمی تورکیا لە شارەکانی ڕۆژ ئاوا فەرمانی ڕەشبگیریی[1] دەرکردو لە دایك بووی سالّی (٢٦-٢٧-٩٢٨)ی داوا دەکرد بۆ چەك هەلّگرتن. سەید ڕەزا دوو بارە ڕای سپاردبووە لای ئەلّپ دۆغان کەڕێز لە مافی کورد بگرێ و بکوژانی برائبراهیم کوڕی بدرێنە دادگاو خۆشی سەربازە بەدیلگیراوەکان لەگەلّ کەرستەی سەربازی هەر هەموو دەداتەوە دەست ڕژێم. هەر لەو کاتەش جەنراڵ عسمەت ئەنونو هاتبووە دەرسیم بۆ پشکنینی ئۆردووی لەشکرەکانی تورك. ئەلّپ دۆغان، بەرامبەر بەو داخوازییەی سەید ڕەزا ڕای گەیاند کە (٨٠) هەزار چەکداری ماوزەڕ هەلّگر بەبێ مەرج و پەیمان دەبێ چەك دابنێن. نەوەك هیچ چارەی دیکەیان نییە. کوورەی جەنگی گڕی گرتبوو، هەموو لایەك زەرەری زۆر بوو، تورکەکان دانیشتووانی بێ چارەو بێ چەکیان، دەگرت و لە کۆلّیان دەکردنەوە. لەو سەردەمانە ڕەهبەر برازای سەید ڕەزا لە گوندی پەهامی نزیکی هوزات، هەر چەندە خۆی وا نیشان دەدا کە بێ لایەنە، بەلاّم بەدزی هاموشۆی تورکەکانی دەکرد.

ڕژێمی تورکیا بۆ ئەوەی هەستی کورد بشێوێنێ، بەیاننامەیەکی دەرکرد کەوا ڕەهبەر هەلاّتووەو چۆتەوە ناو کوردان، لە دژی ڕژێم هاوکاری لەگەلّ چەتەکان دەکا. ڕەهبەر لە پێشدا خۆی و چەکدارەکانی، هاوکارییان لەگەلّ بەختیار کرد بەلاّم خۆی سیخوڕێکی تورکی بوو بەئاگاداریی ڕژێمی هاتبووە ناو کوردان و هەر شتێکی بزانیبایە. یان بەدەستی بکەوتبایە سەبارەت هێزەکانی کوردەوە بە هەر جۆرێ بایە بەدزی دەیگەیاندە ڕژێم. لەو دەمەدا ڕەهبەر مامی خۆی ئاگادار کردبۆوە کە دەستی مامی ماچ دەکاو تکای لێ دەکا کە بیبوورێ و لە نەخشەکانی ڕژێمی تورکیا گەیشتووەو چیدیکە هاوکارییان ناکا، وەلاّمی سەید ڕەزاش ئەوە بوو کە بە قسەکانی باوەڕ ناکا. بەلاّم هەر چەندە سەید ڕەزا بەسەرۆك خێلّەکانی گوتبوو بەقسەی ڕەهبەری مەکرۆ باوەڕ نەکەن، بەداخەوە پێیان باوەڕ کرد بوو. ڕێگایان پێ دابوو کەلە سنووری جەنگی ڕۆژئاوا شەڕبکاو بەو شێوەیە ڕەهبەر خۆی دانووساند بوو.

---

[1] ڕەشبگیر: بە تورکی (سەفەر بەرلك)ی پێ دەلّێن

رەهبەر! بەپێی ئەو پیلانەی دایمەزراندبوو، ئەفەندی ڤانکی لە خشتە بردبوو، ئەویش یەکێ بوو لە نەوەی مستۆ سوورەی خزمی خۆی، ئەو پیاوەی هێنا بووە لای، خۆی چونکە رەهبەر خۆی بەبێ دەستەڵات ناسرابوو. سەنگایی جەنگی لەسەر شانی سەید رەزا و رێگاو شوێنی عەلی شێر هەڵی دەسووڕاند، لەبەر هەندێ تاکە هیوای ئەڵپ دۆغان، ئەوەبوو عەلی شێر لەناو ببا، هەر لەبەر ئەو هۆیە بوو، ڕەهبەری مەکرۆ پازدە ڕۆژان بەشداریی لەشەڕ کرد باوەڕی بەهەموو سەرۆکەکانی کورد هێنابوو، تەنها سەید رەزای مامی نەبێ هیچ کاتێ پێی باوەڕ نەدەکرد. بنکەی سەرکردایەتیی سەید رەزا لە هالڤوری ڤانك بوو. بنکەی عەلی شێریش لە ئاغدات بوو، هەروەها لە ئەشکەفتێکی دامەنی چیای توژیك جێگایەکی خێزانی تایبەتی هەبوو، رەهبەر هەردەم هات و چووی عەلی شێری دەکرد، لەبەر هەندێ شارەزای هەموو رێوشوێن و تەگبیرەکانی سەید رەزا ببوو. لەگەڵ هەموو رێگاو شوێنەکانی دایان دەمەزراند. سەید رەزا! بۆ ئەوەی زیاتر خوێن نەڕژێ. نیازی وابوو عەلی شێر پەراگەندە ببێ بۆ ئیران یان عێراق و داوای ناوبژی بکا لە رژێمی فەرەنسی یان ئنگلیزی) کە هەوڵ بدەن هەر دوو لایەنی چەنگاوەر پێك بێنن و مەسلەتیان پێ بکەن.

ڕەهبەر: ئاگاداری هەبوو لە بڕیارەکانی لە پێشداباسمان لێ کردن، لەبەر ئەوە نیازی وابوو ڕۆژێ زووتر عەلی شێر لە کۆڵ بکاتەوە! هەر لەبەر هەندێ لەگەڵ هەشت چەکداری خۆی چووە میوانیی عەلی شێر لێی دەپرسێ. لەوکاتە ناهەمووارە. نیازی لەو سەردانە چییە؟ گوتبووی ماندووەو برسیمە. پشووێك دەداو دەسێتەوە. ئەوجا عەلی شێری دڵپاك خەریکی دروست کردنی خواردن دەبێ بۆ میوانەکانی، لەو کاتدا ڕەهبەری نامەرد دابوویە بەر تفەنگان. بەو شێوەیە یەکێك لە سەرکردە بێ هەوتاکانی شۆڕشی کورد هەر لەجێگای خۆی کەوتە خوارێ و خوێنی پاکی بەخاکی کوردستان بەخشی. ئەوجا زەریفەی هاوسەری دەپەشۆکێ، خۆی داوێتە سەر لاشەی مێردەکەی و هاواری کردبوو! ئەمان هەڤالێ من مەکوژن ئەمان لە برادەرێ من مەدەن. بەڵام کە دیتبووی کار لە کار ترازاوە، دەمانچەی هەڵکێشابوو لە ڕەهبەری نامەردی ئاگردابوو، بەڵام بەسەری ئەفەندی ڤانگی

کەوتبوو کەلەشی بەردابۆوە. ئەوجا ڕەهبەری نامەرد لوولەی تفەنگ لە زەریفە دەکاو ئەویشی بەردابۆوە سەر لاشەی پیاوەکەی. بەو جۆرە هەردوو بەچکە شێری بێ هاوتا، خوێنی خۆیان بەخاکی کوردستان بەخشی. ڕەهبەری نامەرد لە کوردایەتی و مرۆڤایەتی لە مێژووی کوردیدا هەتا هەتایێ ناوی هەر بە ڕووڕەشی دەهێندرێ، سەری ئەو جووتە بەچکەشێرەی، کە ئاواتی رۆژهەلآتنی ئازادی و ڕزگاریی کوردیان تێدابوو، بڕیبوو لەناو جۆڕکێکی دانابوون و بۆ ناوچەکانی ژێر دەستەلآتی دوژمن بە ڕێگای نەهێنیدا هەلآتبوو، لەوێوەش بۆ ئەلازیز و جۆڕکی لەپێش سەرکردەی تورکان، تاوانبار عەبدوللا ئەلپ دۆغان دانابوو. لێرەدا شایانی باسە کە بلێین دانیشتووانی تورك لە شاری ئەلازیز لەو کردەوەیەی، ڕەهبەری ڕووڕەش زۆر دلگیر ببوون. سەید رەزا و هۆزەکانی دەرسیم، هەربەگشتی زۆر دلگیرببوون بە کوشتنی عەلی شێر و زەریفەی خێزانی. بەم شێوەیە ڕەهبەریڕ ڕەش، پەردەی لەسەرچاوی خۆی لاداو بە بەئاشکرا لە ژێر فەرمانی ئاسایشی تورکی کاری دەکرد. لێرەدا با کەلێنێ بدەینە چیرۆکەکەمان و بەچاکی دەزانم نەختێ لەبارەی سەربردەی عەلی شێر بدوێم.

## رۆشنبیری کورد، عەلی شێر

عەلی شێر رۆلەیەکی هۆزی شێخ حەسەنان– ی دەرسیم–ە، لە دێهاتێکی شارۆچکەی عومرانییەی سەر بە ناوچەی کۆچکیری هاتۆتە دونیا. خوێندنی لە شاری سیواس(Sivas) تەواو کردووە و زۆر زیرەك و قسەزان و زمان پاراو بووە، هەروەها شاعیرێکی بەناوبانگی کورد بووە.

لەسەردەمی سولڵتان حەمیددا، میر رزای مستەفا بەگ بوو، کە یەکێ بووە لە سەرۆك هۆزەکانی کۆچکیری. هەروەها مستەفا بەگ لە هۆزی ئیبۆیان بووە کە خێڵەکانی کۆچکیری لێ بە پاش کەوتوون، جوانێکی بێ هاوتا و ئەندام رێك و پێك بووە. بەهەمان ئەندازەش زیرەك بووە. لە عەلی شەن بەگی باپیری، گەورایەتیی بۆ بەجێ مابوو، ماڵباتی خۆیان و هەموو هۆزەکە لە ژێر فەرمانی ئەودا بوون. سولڵتان حەمید لەکاتی خۆی نازناوی پاشایەتیی پێ دابوو، لەبەر ئەوە لەو

سەردەمەدا مستەفا پاشا عەلی شەن، بەگ زادە بووە و لە میرە هەرە بەدەسەلاتەکانی کورد بووە. بەهۆی ئەوەی کە سوڵتان حەمید پێی خۆش نەبووە، دەستەڵاتی زۆر بێ، رەشید پاشای کۆنە سەرۆك وەزیر (سەدری ئەعزەم) کە لەو کاتە سەرعەسکەری رۆژهەلات و پارێزگاری سیواس بووە، لە ساڵی (١٢٤٨ ) کۆچی، (١٨٣٢) زایینی، بەنهێنی هان دابوو کە مستەفا پاشا لەناو ببا. بۆ ئەمە رەشید پاشا داوای لە مستەفا پاشا کردبوو بێتە لای لە سیواس، لە رێگاش ژەهری پێ دراو بەم جۆرە کوژرا. ئەوجا لە جێگای مستەفا پاشا، هەردوو کوڕەکەی: عەلی شەن و حەیدەر دانیشتبوون و ببوونە سەرۆکی هۆزەکەی خۆیان. لەپاش کۆچ کردنی مستەفا پاشا، عەلی شێر کرایە سەر وەسیەتی کوڕە گەورەکەی مستەفا پاشا، عەلی شەن بەگ، لەبەر هەندێ بووە خاوەن دەستەلاتێکی زۆر لەناو هۆزەکەدا. لێرەدا عەلی شێر ئەو دەستەلاتەی بەهەموو دڵەوەلە رێگای مافی نیشتمانی و ئازادیی کوردستاندا بەکاردەهێنا. بەهۆی ئەوەوە توانی یەکگرتنێکی پتەو لە نێوان خێڵەکانی دەرسیمدا پەیدا بکا. عەلی شێر ژنێکی ناو زەریفەی، لە خزمەکانی خۆی هێنابوو، زەریفەش هەروەکو مێردەکەی هەمیشە لە مەڕ داواکردنی مافی نیشتمانی دەدواو لە ژیانیشدا سەلماند بووی کە کچە کوردێکی بێ هاوتایە، زەریفە هەردەم ئافرەتانی کوردی هان دەدا بۆ داواکردنی مافی نیشتمانی و هەوڵی دەدا بیرو هەست و زەینی ئافرەتی کورد هوشیار بکاتەوە.

زەریفە: دەستە راستی عەلی شێر و هاوکاری رێگەی نیشتمانی بوو، هەردەم بە وشەی هەڤاڵ عەلی شێری دەدواند. بەداخەوە هەر چەندە هەست و نیازی ئەو خێزانە یەك بوو، بەلام یەزدان منداڵی پێ نەبەخشی بوون. زەریفە، بەژن درێژ و ناوقەد باریك، ئازاو رەشیدایەتیی پیاوی بە سیماوە دیاربوو، کیژە کوردێکی بێ وێنە بوو، هەموو ساڵێ دەهاتە دەرسیم و لەبارەی مافی نیشتمانییەوە دەدا. هەر ناکۆکییەك لە نێوان خێڵەکاندا هەبووایە، ئەو ژنە ناوبژیی دەکرد و وەکو دادوەرێکی راست پێکی دەهێنانەوە و مەسلەتی پێدەکردن. عەلی شێر بە تەواوی ئاگاداری لە زمانی کوردیدا هەبوو و لێی دەکۆڵییەوە، زۆر شیعری نیشتمانیی دانا

بوو، زۆریش زانا بوو لە ساز لێدان و بە ساز لێدانەوە هەڵبەستەکانی ، بۆ خەڵکەکە دەخوێندەوەو هەستی نیشتمانیی دەهێنایە جۆش، هەستی بەرزی نیشتمانی کوردی لەگەڵ دەنگ و ئاوازی خۆی و سازەکەی دەهەژاندەوە، هەروەها لەبەر ئێش و ئازاری هەستی دەروونی، لەگەڵ دەنگ و ئاوازی خۆی و سازەکەی لە کۆڕی گریانی دەدا. عەلی شێر لە ساڵی (١٩١٤)دا پەنای بردبووە بەر لەشکری رووس، بە مەبەستی دابین کردنی ئازادیی کوردستان و تا بەنوێنەرایەتیی کورد لە ناوچەکانی: کۆچکیری، سیواس، مەلاتیا و دەرسیم رێکخراوێکی کوردیی ئازاد لەژێر چاودێریی رووسیا دابمەزرێنێ. لەو کاتە لەشکری رووس، ئەرزینجانی داگیر کردبوو، عەلی شێر لەگەڵ دەستەیەك سەرباز چووبووە ئۆڤاجك و فەرمانبەرانی تورکیای لێ دەرکرد بوو، بەو شێوەیە دەستەلاتی خۆی لە ناوچەکانی دەرسیم چەسپاند و لەشکری رووسیش بنکەی هاتن و چوونی لەگەڵ دەرسیم دابین کردو کوردیش لەو کاتە ئازادیی خۆیان لە دەرسیم چەسپاند بوو. کاتێکی لەشکری رووس لە ئەرزینجان کشایەوە، بەداخەوە عەلی شێر بە ناچاری گەڕایەوە دەرسیم و لەوێ مایەوە. بەڵام لەبەر گرنگیی کێشەی سیاسیی دەرسیم، سەر لەشکری تورکیا، وەهیب پاشا هەوڵی دابوو، لێبوردن بۆ عەلی شێرو هاوڕێکانی دەربکرێ، ئەگەرچی عەلی شێر، بەهیچ رووخۆشییەکی دوژمن نەخەڵەتا، چونکە بە دڵێکی پاکەوە لە رێگای مافی نیشتمانیدا تێدەکۆشاو وازی لێ نەدەهێنا. لە ساڵی (١٣٣٥ ) کۆچی، ١٩١٦ زاییندا، نامەیەکی بۆ (کۆمەڵەی تەعالی کوردستان) لە ئەستەنبوڵ رەوانە کرد و تێیدا روونی کردبۆوە کە کوردی کۆچگیری و دەرسیمی بەراستی هاوکاری لەگەڵ کۆمەڵەی ناوبراودا دەکەن. هەر لەو کاتەدا لە ناوچەکانی کۆچگیری و دەرسیم لقی کۆمەڵە دەکاتەوە و دەست بە چالاکی دەکا. لە بەهاری ساڵی (١٣٣٦) کۆچی، (١٩١٧) زاییندا، گەڕایەوە دەرسیم. چەند بروسکەیەکی بۆ رژێمی ئەنقەرە لێدا سەبارەت دانان بە ئازادیی کوردستان. لەمەش زیاتر، کۆبوونەوەو کۆنفرانسی بەدانیشتووانی دەرسیم دەکرد و هانی دەدان لە پێناو مافی نیشتمانیدا هاوکاریی لەگەڵ کۆمەڵەدا بکەن، هەر بەم شێوەیە بەپێی پەیمانی سیڤەر (Sever) داوای مافی نیشتمانی کوردی دەکرد و لەهەمان

کاتیشدا، خەریکی ڕێکخستنی لەشکری جەنگاوەری کورد بوو. لە شۆڕشی کۆچگیری بەراستی بەشداری کردبوو، لەبەر ئەو هۆیە فەرمانی لە سێدارەدانی بۆ دەرچوو بوو. هەر بۆیەش لەناوچەی ئۆڤاجکدا جێنیشین بوو، چەند ساڵێك لە دەرسیم مایەوە لەگەڵ ئەو هەموو دژایەتی و بەرهەڵستییەی ڕژێمی تورکیا، لاوی کوردی هوشیار دەکردەوەو لە کاری دامەزراندنی ڕێکخراوەی جەنگاوەریی کوردیدا بەردەوام بوو. لە ساڵی (١٩٣٧) دا لە شۆڕشی دەرسیمدا بە زمان و بەقەڵەم، بەکردەوە هاوکاریی لەگەڵ سەید ڕەزادا دەکرد، عەلی شێر لە تەمەنی (٧٥) ساڵیدا بوو هێشتا پشتی نەچەما بۆوە، هەست و نیازی کوردانەی خۆی زۆر خۆش دەویست و هەر بۆ نەتەوە –تەنها– بۆ نەتەوەکەی تێدەکۆشی. لەو تەمەنەدا نەیدەزانیماندوو بوون چییە و سەری بڕاوی خوێناوی (خۆی و زەریفە)ی خێزانی کە لەپێش دوژمن داندرا، بێ گومان بە نرخترین قوربانییە کە نەتەوەی کورد بە خوای ڕزگاریی کوردو کورستانی سپارد.

## ئازایی ژنانی کورد

**"شێر شێرە چ مێیە چ نێرە"**

لەسۆنگەی کوژرانی زەریفەی خێزانی عەلی شێرەوە کە دەمودەست تۆڵەی خوێنی مێردەکەی، بەدەستی خۆی کردبۆوەو لەمەڕ ئازایی ئافرەتانی کورد ئەو دوو ڕووداوە زیندووە دەخەمە بەرچاوی خوێنەری بەرێزم:

١– لە پێشدا باسمان کرد کە پارێزەر، کەمال فەوزی بەدلیسی لە دیاربەکر لە سێدارە درابوو. بەڵام بڕیاری لە سێدارەدانی ئەو پیاوەیان بە فێڵی مافی ڕەخنە گرتنەوە (داواکاری گشتی) سێ ڕۆژان بەدوا خستبوو، هەر بۆ ئەوەی لەو سێ ڕۆژەدا کات لە کات زیاتر ئازاری کەمال فەوزی بدەن. لەو سێ ڕۆژەدا خوشکەکەی چوو بووە سەردانی براکەی لە زینداندا. ئەو ژنە کوردە بە جەرگە، لەگەڵ دڵکولی خۆی، دڵی برایەکەی دابۆوە و گوتبووی: (بەرخی نێر[1] بونە کەر) ( Berkhe nere bone ker) بەم شێوەیە ماڵئاوایی لە پارێزەر کەمال فەوزی برای خواستبوو.

---

[1] بەرخی نێر بۆ سەر بڕین باشە (قسەیەکی کۆنی کوردە).

٢- لە ساڵی (١٩٢٧) دا نوح و عیزەت بەگ و هەندێك لە خزمەکانیان لە شەڕدا بوون لە دژی لەشکری تورکیا، لەبەر هەندێ گوڵناز خاتون ـ ی خوشکی نوح بەگ دەستبەسەرکراو رەوانەی موش کرابوو، لەو کاتەیدا بەهۆی پێکدادانێکی سەخت لەگەڵ لەشکری دوژمندا، عیزەت بەگ و خوارزایەکەی، سدیق بەگ بەلاگێڕی کوردستان دەبن، ئەوجا تورکەکان هەروەکو پیشەی خۆیان سەری هەردوو بەچکەشێران دەبڕن و دەیان نێرنە موش. بەڵام لەم دووانە کامەیان سەری عیزەت بەگ و کامەیان سەری سدیق بەگ بوو، نەدەزانرا لەبەر ئەو هۆیە گوڵناز خاتوونیان لە زیندان دەرهێنابوو، هەردوو سەری براوی خوێناوییان لە پێش دانابوو، داوایان لێ کرد بوو کە بۆیان روون بکاتەوە، کامەیان سەری کامەیانە.
گوڵناز خاتوون بۆ یەکەم جار لەپێش سەری براوی براکەیدا: عیزەت بەگ چەمایەوەو بەدەنگێکی بەرز باسی چالاکیی براکەی کردبوو لە کوردستاندا. لە پاشدا دەستی درێژ کردبوو بۆ سەرە براوەکەی سدیق بەگی کوڕی، چاوی خوراند و گوتی (ئەوەش گۆلکە نێری منە، من بۆ ئەو رۆژە شیری خۆم پێ داوە، ئەگەر لە پێناو مافی کوردستاندا، بەو شێوەیە مردنی ئەوم نەدیتبایە، شیری خۆم لێ حەرام دەکرد). ئیتر بەو جۆرە هەزاران کارەساتی وا دڵ تەزێن رووی داوەو ئافرەتی کورد هەستی بەرزی خۆی و بە جەرگیی تێدا پیشان داوە، بەڵام من لێرەدا تەنها (شێر شێرە چ مێیە چ نێرە) دووبارە دەکەمەوە، چونکە قسەی پێشینانە.

## درێژەپێدانی جەنگی دەرسیم
(١٩٣٧)

شەڕ بە هەموو توندییەکەوە تاوی سەند بوو. بەزۆری قورسایی شەڕ لەسەر شانی خێڵی بەختیاری بوو، سەید رەزا خۆی لەناو کانگەی شەڕدا بوو. هێزەکانی لەشکری تورکیا ئاگریان لە هەموو دارو دارستانی دەرسیم بەردەدا و گڕی ئاگر لە گشت ناوچەکاندا بەرز دەبۆوە، پیاو سەری لە وێنەی ترسناکی ئەو شاخانە سوڕدەما کە دەسووتان و بڵێسەی ئاگریان تێدا بەرز دەبۆوە. خێڵی کورەیشان هەر بە راکە راکە هات و خۆی هاوێشتە ناو کوورەی شەڕەوە و سەرۆکی خێڵی

بەختیاری، شاهین سەرپەرشتی جەنگەکەی دەکرد. رەهبەری رووڕەش لەو کاتەدا، خۆی لە پەنای خێڵی بەختیاری نابوو و خدری کوڕی پرچوی لە خشتە بردبوو، بەراستی زۆری پێ نەچوو، کەزاندرا چووبۆوە ڕیزی دوژمنان. شاهین ئاغا زۆر ماندوو بوو، چەند حەفتەیەك لە سنووری جەنگدا بوو، پێویستی بە نوستن و حەسانەوە هەبوو، لەبەر هەندێ بە خدری گوتبوو کە چاودێریی بکا تاکو هوشیار دەبێتەوە. ئیدی شاهین دەبۆرژێ و نابۆرژێ، خدر گوللەیەکی بەسەری شاهینەوە نابوو، هەر لە جێگای خۆی کوشتبووی و، رەهبەر ئاسا ئەویش سەری شاهین ئاغای بڕی بوو، لە تاریکی شەودا، سەری خوێناویی شاهین ئاغای لەگەڵ خۆی بردبووە هۆزات و لەپێش سەرلەشکری تورکیا دانا بوو، داوای لێبوردنی لە دوژمن کردبوو. لێرەدا برای شاهین ئاغا و ئامۆزاکانی لەبۆسەو مەکۆ دانیشتبوون کە خدر و تاوانبارەکان، بۆ هۆزات گەڕانەوە بەسەر بۆسەدا کەوتبوون، بەم جۆرە لێدران و هەر هەموویان لەناو چوون و کوژران. خێڵی بەختیاری، سەرۆکە هێژاکەی، شاهین ئاغا، لە دەست چوو، هەر چەندە سەردەمێ خۆی بەرامبەر شالاوو زۆری لەشکری دوژمن راگرت، بەلام لە دواییدا زۆر پەرێشان بوون و کشانەوەو لەگەڵ لەشکری سەید رەزادا تێکەڵ بوون و ناوچەکانیان کەوتنە ژێر دەستی دوژمن. لەو سەردەمەدا کوڕە گچکەکەی سەید رەزا، حوسێن رەسیك بەفرۆکە بریندار بوو. شەوکەتی سەرۆکی سیخوڕی لەشکری دوژمن کە بەو رووداوەی زانی بوو، ناردبوویە لای ژنە گەورەی سەید رەزا، ئەگەر ڕێگابدا، شەوکەت دەیەوێ ببینێ و دەچێتە لای. بەم جۆرە شەوکەت چووبووە لای ئەلیف خاتونی ژنە گەورەی سەید رەزا و ئەو پیرێژنە دڵپاکەی لە خشتە بردو کوڕەکەی، حوسێنی بەبرینداری لەگەڵ خۆی بە ناوی تیمارکردنەوە بردبووە ئەلازیز. لەوێ زۆر ئازاری دەدەن، بە نیازی ئەوەی، سەبارەت چالاکیی باوکی، زانیاریی لێ وەرگرن. لە پاش ئەوەی، کە باوەڕیان هاتبوو، هیچ سوودێك لەو بەچکەشێرە وەرناگرن، ئەو مێردمنداڵەیان کە شەوکەتی سیخور بە ئەمانەت لە (ئەلیف خاتون)ی وەرگرتبوو، لە سێدارەدا. لەم دەمەدا ئەلازیز پڕی سەرباز ببوو، وەکو ڕۆژی حەشری لێ هاتبوو، شەو و ڕۆژ، سەربازی دوژمن بەکەرستەوە لەگەڵ زرێپۆش ڕێچکەیان دەبەستا بۆ دەرسیم.

سەید ڕەزاش ناوچەکانی خۆی بەجێ هێشت و چوو بووە ناو هۆزە بێ لایەنە کوردەکان، بەنیازی فراوان کردنی گۆڕەپانی جەنگ. لەشکری تورك دامێنی چیای تۆژیکیان داگیر کردو ئەو کەسانەی کەوتبوونە دەست، هەر هەموو، گەورەو گچکە و نێرو مێ، بە جارێك کوشت، هەروەها ئەو ژن و منداڵانەی خۆیان لە ئەشکەفتەکانی گەلی ئیکسوری دامێنی چیای تۆژیك شاردبۆوە، تورك دەرگەیان بە چیمەنتۆ لەسەر سواخ دابوون و ژمارەی (١-٢-٣) کە لەسەر نەخشە دیاری کراوە، جێگای ئەو ئەشکەفتانە پیشان دەدا و لە دۆسیەکانی بنکەی سەربازیی گشتیی تورکیادا هەڵگیراوە و ماوە، بەم جۆرە ڕووی ڕەشی مێژووی سەربازی تورك بەدەردەکەوێ کە لە پێش دەرگەی زۆر لە ئەشکەفتەکاندا، ئاگریان هەڵکردو دوو کەڵیان بەر دەدا ژووری، ئەوەی خنکا، خنکاو ئەوەی لەبەر دووکەڵ هاتبووە دەرێ، بەقەمە زگیان هەڵدڕی بوون. ئەو کارەساتانە هەم بە فەرمان و هەم لە ژێر چاودێریی سەرکردایەتی جێ بەجێ کران، بێجگە لە ئەوەش ژن و کیژی هۆزەکانی بەختیاری و کورەیشان خۆیان لە شاخە بەرزەکانی تۆژیك و دۆڵی ئیکسوری فڕێدابووە خوارێ و هەندێکیش، خۆیان هاوێشتبووە ناو قووڵایی ڕووبارەکانی مونزور و پەچیك، نەبادا بکەونە دەست دوژمن و سەر بەرزیی نەتەوەی کوردیان بەم شێوەیە پاراستبوو، شایانی باسە، پێویستە بڵێین کە ئافرەتی کورد لەو سەردەمەدا چاکترین ڕێگای بۆ مردن هەڵبژاردووە کە لەسەربەرزیی نەتەوەکەی بوەشێتەوە. یەك لە ڕووداوە پرشنگدارەکانی مێژوو ئەوەیە: ئەو کەسەی ناپاکی لەگەڵ نەتەوەی خۆیدا بکا و هاوکاریی دوژمنی نیشتمانی خۆی بکا، هەر بەدەستی ئەو دوژمنە سزا دەدرێ، نموونەی ئەو ڕووداوەش ئەنجامی خێڵی کرگانە(Kirgan).

پێویستە لە یادمان بێ کە هۆزی کرگان بەقسەی تورکان خافڵابوون و برا ئیبراهیمی کوڕی سەید ڕەزایان بە نامەردی لە خەوێدا کوشت بوو. لەوکاتەی لەشکری سەید ڕەزا و هۆزی بەختیاری کشانەوە، هۆزی کرگان لە جێگای خۆیدا مایەوە، چونکە لە پێشدا هاوکاریی تورکانیان دەکرد، لەبەر ئەوە لە خۆیان نەدەترسان. بەڵام کە هێزەکانی تورکیا دەستیان بەسەر ناوچەکەدا گرت، هەر

هـەموویان، بە گەورەو گچکە و ژن و پیاوەوە، لەناو بردن و، سەرۆکی خێڵەکەش، سەلمان شات و خەدیجەی خێزانیان، پاش ئازاردانێکی زۆر، دابووە بەر تفەنگان و ئـەو ژن و مـندالّەی مابوونـەوە، لە کادێنانیان کردبوون و ئاگریان تێبەردابوون، ئا ئەوەیە ئەنجامی ئەو کەسەی هاوکاری لەگەڵ دوژمنی نەتەوەی خۆیدا دەکا.

لێـرەدا کـە تورکـەکان ناوچـەکانی هـۆزی کـرگانیان کردبووە بنکەی سەربازیی خۆیـان و ماڵیـان بـە تـالآن بـردن و مـەڕو مالآتیشـیان دابـووە لەشـکر. لەم جۆرە تاوانانـەدا تـورك بـێ هاوتـان و شـەرمیان لـەلا نییـە. لـەو کاتەدا هێزەکانی تورکیا دەیانـزانی کـە سەید ڕەزا کشاوەتەوە ناو هۆزی کوچان و لەناو لێڕو دارستانەکانی دار مـازووە بـەرزەکان خـۆی حەشـارداوە، لەبەر ئەوە لەپێش هەموو شتێکەوە بە فـڕۆکەی سـەربازی هـەموو دارسـتانەکەیان بۆمـبااران کـردو لـە پاشـدا بـە تـۆپ چـیایەکانیان کوتـا، ئـەمجار هێرشـێکی دژواریـان کرد و ناوچەکەیان گەمارۆدا. کە سـەید ڕەزا زانیـبووی کارەکـە زۆر ترسـناکە، بـە هەڵمەتێکی شێرانە، چوارچێوەی گەمارۆکـەی شـکاند و کشـاوە ناوچـەکانی ئۆڤـاجك. بـەلأم ئـەو سـەرکەوتنە زۆر بەگـرانی لەسـەر خـۆی و هێزەکانی وەستا بوو، چونکە لەو شەڕەدا کە پێی دەڵێن شـەڕی کۆزلوجـە: ژنـە گچـکەکەی بەسـی، لەگـەڵ کوڕەکـەی، شێخ حەسەن وسێ کـوڕەزاو نـزیکەی هـەزار جـەنگاوەر بوونـە بەلاگێـڕەوەی ڕێگـای سەربەسـتی. لەسـەرینی ئەمـەوە هێزەکانی کورد زۆر شەپرزە ببوون. لەو سەروبەندەدا سەرماو بەفـری زسـتان دەسـتی پـێ کـرد و هێـزەکانی تورکیـا نـەیان دەتوانـی درێـژە بـە شـەڕەکە بـدەن، لەبـەر ئـەوە سەرلەشـکری تـورك دەیزانی فێڵ و تەڵەکە، لەکاتی ئاگـر بەستدا، سوودێکی زۆری دەبێ بۆیان، ئیدی بەهۆی پارێزگاری ئەرزینجانەوە هەناردبوویـە لای سـەید ڕەزا کـە لـە شـاخەکانی مونزور لە سەنگەران– دا بوون و بەڵێـنی پێدابـوو کـە هەموو داخوازییەکانی دەرسیمییان جێ بەجێ دەکا و هەر لە ئێسـتاکەوە فەرمانی ئاگربەسی داوە و چەند هۆزێکی دەرسیمی نەبێ ئەوا هێرشی سەربازی بۆ سەر ئەوانی دیکە نەکردووە و پێشی ناوێ بیکاو ڕژێم ئامادەیە تۆڵەی هـەموو ئەو کردەوانەی لە دژی خەڵکەکە کردوویەتی، بداتەوە. بەم شێوەیە ڕژێمی تورکیـا، توانـی سەید ڕەزا لەگەڵ هاوڕێیەکانی لە (٥/ئەیلول/١٩٣٧)دا بباتە شاری

ئەرزینجان و لەوێش دەست بەسەر کران. کاتێکی سەید ڕەزایان بەدەست بەسەری لە دیوانی پارێزگاری ئەرزینجانەوە بردبووە دەرێ، تەنها ئەوەندەی گوتبوو: (ڕژێمی درۆزنی بێ شەرەف)و هیچی دیکەی بەسەر زمانیدا نەهاتبوو. لەوێشەوە ڕەوانەی ئەلازیز کراو درابووە دادگای سەربازیی جەنگ و لە لێکۆڵینەوە و پرسیاردا گوتبووی: لە پێناوی مافی نیشتمانیدا تێکۆشاوەو هەر کارێکی کردبێ ڕێککەوتووە لەگەڵ دەنگدانەوەی هەستی دەروونی خۆی بۆ بەدیهێنانی ئامانجە بەرزەکانی نەتەوایەتی و سەربەخۆیی وڵات و بەدەرلەمە هیچ هیوایەکی دیکەشی نەبووە. زۆر بەسەر بەرزیی دەزانیێ، لە پاش تەمەنی حەفتا ساڵی لە ڕێگای ئازادیی نیشتماندا خوێنی خۆی ببەخشێ و زۆر لەسەرەخۆ و بەبێ تێکچوون ئەو قسانەی کردبوو. یەك لە پرسیارەکانی سەرۆکی (دادگای سەربازی) کە لە سەید ڕەزای کردبوو ئەوەبووە: گوایا ئەفسەری سەربازیی ڕووسی لەلا بووینە و چەك و تفاقیان لە ڕووسیا بۆ هێناوە، هەروەها تورکەکان چەند درۆی دیکەشیان هەڵبەستابوو کە گوایا ئەفسەری ئینگلیزی و فەرەنسی لەناو هۆزی کۆچاندا هەبووینە بۆ هاوکارییان. بەڵام ئەو درۆیانە هەموو بۆ ئەوە بوون کە تورکەکان خۆیان بەراست دەرخەن لە بەرانبەر نەتەوەکانی جیهاندا، سەبارەت ئەو کارەساتە نا مرۆڤایەتییەی لە دژی کوردی بێ دەستەڵات و بێ کەس دەیانکرد. پرسیار و وەڵام لە دادگای سەربازی زۆر درێژەی پێ نەدراو هەر لەو کاتەی بڕیاری دادگا بە سەید ڕەزا ڕاگەیاندرا بوو، زۆر بە هێوری و بەسەر بەرزییەوە گوێی لێ ڕاگرتبوو و تێك نەچوونی لەسەر و سیمایدا دیار بوو.

هەروەکو لە پێشدا باسمان کرد کوڕە گچکەی سەید ڕەزا، ڕەسیك حوسێن هەر ئەو شەوە بە برینداری لە تیمارخانە دەریان هێناو، لەگەڵ باوکی و ئامۆزایەکانی، هەموویان پێکەوە لە سێدارە دران. بێجگە لە ئەوانەش قەنبەر ئاغای سەرۆکی هۆزی یوسوفان و سەید حوسێن سەرۆکی هۆزی کورەیشان لەگەڵ عەلی ئاغا و سێ کەسی دیکەش بە سێپاوە هەڵواسران و لە سێدارە دران لە پێناوی مافی نیشتمانی و سەربەخۆیی کوردستان و ئازادیی نەتەوەی کورددا. ئەو یازدە پاڵەوانە کوردە لە (١٠/تەشرینی ٢/ ١٩٣٧) دا بڕیاری لەسەردانیان لە دادگای

سەربازی تورکیا درا و لە (١٨/تەشرینی ١٩٣٧/٢) دا لەگەڵ تاریك و روونی بەیانی لە گۆڕەپانی گەنم لە شاری ئەلازیز ئەو فەرمانە جێ بەجێ کرا. سەید رەزا لە پێش سێپایەکەی، بەدەنگێکی بەرز و بەشێوەی زازایی گوتبووی (لە تەمەنی حەفتاو پێنج ساڵیم خوێنم دەبەخشم و بەخوێنبەخشەکانی کورد شاد دەبم. دەرسیم دۆڕاندی، بەڵام کوردایەتی و کوردستان هەر دەژین و بەچکەی کورد تۆڵەی ئەو تاوانانە دەکاتەوە. بمرن درۆزن و نامەردان). قسەکانی بەشێوە زمانی زازایی کردبوو، زۆر بەساردی بەرەو پیری مەرگەوە چووبوو، لەگەڵ ئەوەشدا حوسێنی کوڕی هەروەکو بەچکەشێرێ بە دەنگ هاتبوو گوتبووی (بابە نەتەوەی کورد خۆشبێ). ئەوجا لاشە پیرۆزەکانی ئەو یازدە خوێنبەخشانەیان لە سێ پایان هێنابووە خوارێ و لە کۆڵانەکانی ئەلازیز گێڕابوویان و تاوەکو گۆڕیان دیار نەبێ سووتاندبوویان، بەو بۆنەیەوە، بە قەردێکی پیرۆزی دەزانم سەربردەی سەید رەزا لە خوارەوە روون بکەمەوە:

## قارەمانی گەورەی کورد سەید رەزا

سەید رەزا لە دەرسیم چاوی کردۆتەوەو کوڕی سەید ئیبراهیمی پێشڕەوی دەرسیمییە. بۆ ئەوەی سەید رەزا بناسین لە پێشدا، دەبێ بزانین سەید ئیبراهیم کێ بووە. سەید ئیبراهیم، رۆڵەی گەورەترین وەجاخ و ئاگردانی سەرۆکایەتیی هۆزی شێخ حەسەنانی دەرسیمی بووە، لە ئایین و تەریقەتدا گەیشتبووە بەرزترین پلەی رەهبەری، هەر لەبەر هەندێ نیشانەی سەیداتی وەرگرتبوو. سەید ئیبراهیم لە دێی (دەری– ئاری) (Deri Ari) دادەنیشت و کردبوویە بارەگای خۆی. ئەو گوندە، دەکەوێتە ناوچەی کەلمەنسوور و لیرتیك. ئەو جێگایانە بەناوی باپیرەی دەرسیمییان هەڵدەدرێن، دەکەونە باکووری رۆژهەڵاتی ناوچەی دەرسیمەوە. سەید ئیبراهیم چوار کوڕی هەبوو، کوڕە گچکەکەی، رەزا بوو. لەبەر ئەوەی جێ چاوی تێدابوو، زۆری خۆش دەویست و لەکاتی کۆچی دواییدا سەرۆکایەتیی خێڵەکەی بەرەزا سپارد بوو. دەرسیمی: لەباتی وشەی بابە بە سەید ئیبراهیمیان دەگوت، بابۆ. چونکە لە کاتی ئەودا، تورکەکان بەهیچ

شێوەیەك نەیان دەتوانی، دەست لە كاروباری دەرسیمییان وەربدەن و بەراستی سەربەخۆ بوون. خوالێخۆشبوو، ئیبراهیم، لەلای باپیرە گەورەم، محەمەد عەلی جولیك زادە خوێندبووی. محەمەد عەلی ئەفەندی، زانایەكی كوردی بێ هاوتابوو و هەستی كوردایەتیی فێرە سەید ئیبراهیم كردبوو، ئەویش لەلای خۆیەوە رەزای كوڕی بەو شێوەیە پێ گەیاندبوو، كە دەرسیمی گفت و گۆیان لەگەڵ رەزا دەكرد پێیان دەگوت ریزۆ (Rizo) و رەیبەر (Rayber) یان دەیانگوت كوڕی بابی خۆیەتی، بە شێوەی زازایی دەڵێن (لاجی بابۆیی= Lace baboy) بەو ناوانە دەئاخافتن و قسەیان دەكرد. لێرەدا پێویستە بڵێین لەسەر و سیمایدا هەموو رەوشت و پیشەی مرۆڤایەتی و جوانمەردیی كوردانەی لێ بەدەر كەوتبوو. لەپاش مەرگی باوكی، گوندی (دەردی– ئاری) و ناوچەكانی: كەلەمەنسوور و لیرتیك بەجێ دێڵێ و دەچێتە دێی ئاغدات لە دامەنی چیای توژیك و لەوێ جێنیش دەبێ. سەید رەزا پیاوێكی بەهەوەس و گفت و لفت خۆش بوو، دڵخۆش دەبوو ئەگەر گەمەو گاڵتەی لەگەڵ یەكێك لە خێڵەكەی بكردبایە، یان لەگەڵ گچكەترین كەس قسەی بكردبایە. ئەو كەسەی دەهاتە سەردانی– جا هەر كەسێك بایە– زۆر رێزی دەگرت و چی لە دەست هاتبایە، چاكەی لەگەڵی دەكرد، بەخۆشی هەردەم موحتاج و پێویست بوو (( هەردەم دەیگوت، من ریزۆیەكی بێ دەسەلاتم))، زۆر رێزی پیاوی بەتەمەنی دەگرت و گچكەتریشی بە برای خۆی دادەنا. هەردەم داوای دەكرد هەموو كوردان یەكدی بگرن. سەید رەزا كوردێكی پاك و هەستێكی مرۆڤایەتیی بەرزی هەبوو، لەگەڵ پیاوەكانی هۆزەكەی هیچ جیاوازیی نەبوو هەروەكو ئەوان: دەیخواردو لەبەری دەكرد. هەوڵی دەدا شێوەی ژیانی دانیشتووانی هۆزەكەی، ماددی و مەعنەوی، وەكو یەك راگرێ. لە كۆبوونەوەی خۆیاندا دەیگوت نەتەوەی كورد لە یەك خێزان و ئاگردان بەپاش كەوتوون. لە چاكەو خراپە هاوبەش و بەیەك داوەوە لەگەڵ یەكدی بەستراونەتەوەو رزگاركردنی كوردستان لە دیلایەتی ئەركی سەرشانی هەر كوردێكە و ئەگەر بە مردنیش بێ دارە بازەی بەلاگێڕانی خۆی هەڵدەگرت و بەشداریی ئازادیی هەموو كەسێك بوو. ئەمە تەنیا قسەیەكی رووت نییە چونكە بە دەهەزاران پەناهەندەی ئەرمەنی

لەکاتی خۆی لە دەرسیم پاراست، کە لە ترسی تورکان هەڵاتبوون و گوزەران و ژیانی بۆ دابین کردبوون. لەکار هەڵسووڕاندندا گفت و گۆ و تەگبیری لەگەڵ هەندێ زانایانی هۆزەکەی خۆیدا دەکرد. لەبەر ئەوەش بە پێویست دەزانم کردەوەیەکی بۆ خوێندەوارانی بەڕێز روون بکەمەوە. لە پێشدا نووسیبووم: سەید رەزا لەگەڵ نوێنەری تورکان، عەلی رەزای پارێزگاری ئەرزینجان و حاجی فەوزی و قومیسەر و موفتی ئەرزینجان لەسەر کانییە ئاوێك دانیشتبوون و خزمەتكارێكی گەنجی سەید رەزاش لەو کاتە، لەسەر بنەدار تووێك لەسەر رۆخی کانییەکە دانیشتبوو و تووی دەخوارد کە ناوی کومۆ بوو، گوێی خۆی دابووە گفت و گۆی نوێنەری تورکان لەگەڵ سەید رەزا و قسەیان دەکرد. ئەو گەنجە لە هیکەوە دێتە ناو قسان و بەشێوەی زازایی بە سەید رەزا دەڵێ (رێبەر ریزۆ: هەڵوێستی تۆ راست نییە)، بەو شێوەیە لۆمەی پێشەوای خۆی کرد بوو کە سەید رەزا سەری بڵند کرد کومۆ لەسەر دارەکە بوو، ئەوجا بەشێوەی زازایی وت و وێژێکی دوورو درێژی لەگەڵ کردو لەپاشدا پێی گوتبوو (کوڕم قسەو بۆچوونی تۆ رێکترە) و هەر لەو دەمەدا بەئارەزووی کومۆ قسەی لەگەڵ نوێنەرانی تورکان کردبوو و دانیشتووانی هۆزەکەشی زۆر زۆر دڵ خۆش ببوون بەو کردەوەیە. ئەمە بەجوانترین نموونەی دیموکراسی لە جیهان دادەندرێ. ئەو تاکە نموونەیە پێشانمان دەدا کە چۆن لەلای خەڵکی و هۆزەکەی رێزی لێگیراوە. سەید رەزا زۆر باوەڕی بە دانیشتووانی ئەرزینجان دەکرد، ئەگەر لە دانیشتووانی هۆزات یان ئەلازیز دڵگیر ببووایە، دەچووە مەرکەزی ئەرزینجان. هەر لەبەر ئەو بڕوایەش، چووبووە ئەرزینجان و باوەڕی بە نوێنەرانی تورك کردبوو، سەریشی بەو ئەنجامە سەختە گەیشت. سەید رەزا هەر چەندە بەناوسالْ کەوتبوو، بەلاّم هێشتا چاپوك و تێکچەقیو بوو، خوێندنی تایبەتی لەلای باوکم، ئیبراهیم ئەفەندی تەواو کردبوو. بەزیرەکایەتیی خۆی، پەرەی بەزانستی خۆی دابوو و ژیانی لە پێناوی نیشتماندا داناو پاڵەوانێکی کوردی بێ هاوتا بوو، خودا لێی خۆش بێ. بژی نەتەوەی کورد کە بەچکە کوردی وەك سەید رەزا و کوڕانی بابی خۆیان (Lace baboyi) پەیداو پەروەردە کردووە.

## لەناوچوونی ڕەهبەری ڕووڕەش

لەپاش لە سێدارەدانی سەید ڕەزا، مستەفا کەمال و عیسمەت ئینونو بەناوی پشکنینی سەربازییەوە هاتبوونە شاری ئەلازیز و پلان و نەخشەکانی عەبدوڵلا ئەلپ دۆغانیش، کۆتاییان پێ هات و ریز گەیشتبۆوە ڕەهبەری ڕوو ڕەش کە هەردەم لە خزمەت لەشکری تورک–دا بوو، ببووە هۆی لەناوچوونی سەید ڕەزای مامی و گشت دەرسیمییان، ئەوجا لەباتی خەڵات کردن، بەفەرمانی سەرۆکی لەشکری گشتیی تورکیا خۆی و کوڕەکەی لە جێگایەك کەپێی دەڵێن تەشتاك، درابوونە بەر لوولەی تفەنگان. لەپاشدا دەستیان بەسەر ماڵەکەیدا گرت کە لە دێی پەهامی بوو. ڕژێم دەستی بەسەر ئەو چەند ملیۆن لیرەیەیدا گرتبوو لەباتی خوێنی نەتەوەکەی، ڕەهبەر لەبنکەی سیخوڕی لەشکری تورکیا وەریگرتبوو و زەفتی کرد. هەروەها ژنەکەشی لەپاش ئازار دانێکی زۆر، دەربەدەری ڕۆژئاوای تورکیا کرا. لەناو هەر ڕەگەزو نەتەوەیەکدا، ڕوو ڕەشی و خۆفرۆشی وەك ڕەهبەر دەردەکەوێ، بەڵام هەر نەتەوەیەك هەبوون و شەرەفی خۆی ڕەچاو بکا، پێویستە ناوی ئەو جۆرە ڕوو ڕەشە کە لە جەرگی خۆی بووە لە بیر بکا و هیچ یادی نەکاتەوە و ناوی نەهێنێ. بۆیە پێویستە نەوەی داهاتوو ناوی ئەو جۆرە ڕوو ڕەشە لە هیچ کوڕێکی خۆی نەنێ، تا لە بیر دەکرێ و ناوی هەتا هەتایە شوێن بزر دەبێ.

## گوێ بگرە ئەی باوکی کورد

پێویستە نەتەوەی کورد ناوی ڕەهبەر لەبیربکا و هەرگیز یادی نەکاتەوە. نەکەن لەمەو پاش ئەو ناوە لە هیچ کۆرپەیەکتان بنێن. پێویستە لە نێوان ناوونیشانی کورداندا ڕەش بکرێتەوە: سزای نەتەوەی کورد بۆ ڕەهبەری ڕووڕەش ئەوەیە (لەمەو پاش ئەو ناوە بووەتە هاوکاری ڕووڕەشی).

## هاواری کورد

ئـەو کارەسـاتانەی بەسـەر نەتەوەکـەماندا هـاتوون، پێویسـتە بـۆ هـەموو نەتـەوەکانی جیهـان روون بکرێـنەوە. لـە سۆنگەی ئەمەوە بە قەردێکم زانیوە ئەو ئەرکـە بخەمـە سەرشـانی خـۆم و لـە (١١/ئەیـلوولی/ ١٩٣٧) دا لە سنووری تورکیا دەرچـووم. سـەبارەت ئـەو تاوانانـەی کـە رژێمـی تورکیـا لـە دژی نەتـەوەی مـن کـردوونیەتی، نـاڕەزایی نامـە (Protesto)ی خـۆم دایـە دەوڵەتـەکانی: ئینگلتەرە، فەرەنسـا و ولاّتـە یەکگـرتووەکانی ئەمەریکا، وەرگێڕاوی ئەو مەزبەتەیە لە خوارێ نووسـراوەتەوە، کـە بـەهۆی کۆنسـلەکانەوە رەوانـەی وەزارەتی دەرەوەی هەموو دەوڵەتەکانم کرد:

ئینگلتەرە، ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، فەرەنسا،

و وەزارەتی دەرەوەی هەموو دەوڵەتانی دیکەش

چـەند سـەدە لەمەوبـەر نەتـەوەی کـورد زمـان و رەوشـت و پیشـەی خـۆی پاراسـتووە و لـەو ناوچـە و پارێـزگایانەی خـوارەوەدا ژیـاون کە لەژێر دەستەلاّتی رژێمی تورکیا– دان:

بیـنگۆل، ئاگـری، بـەدلیس، دیاربەکـر، هەکاری، دەرسیم، ئەلازیز، ئەرزینجان، ئـەرزەروم، گـازی ئەنـتاب، مـەلاتیا، مـەراش، مـاردین، مـوش، سـێرت، ئورفـە، ئەرتیڤین، قارس، ڤان.

ژمـارەی کـورد بـەپێی سـەرژمێریی رژێمـی تورکیـا لـە سـاڵی (١٩٣٧) دا، لـەو ناوچـەو پارێـزگایانەدا (٤,٣٢٦,٤٤٧) کـەس بـووە، هـەروەها لـە پارێـزگاکانی رۆژئـاوای تورکیـاش: (١,٤٦٢,٠٧٦) کـەس بە ئاوارەیی دەژین. کەواتە ئەو خاك و زەمینـەی رژێمـی تورکیـا زەفتی کردووە لێمان (٥,٣٨٨,٥٢٣) ملیۆن کوردی تێدا دەژی، هـەروەها لـە سـاڵی (١٩٢٢)ەوە تـاکو ئێسـتا بـە هـەزاران کـوردی نیشـتمانپەروەر لـە ژێـر دەسـتەلاّتی رژێمی تورکیای ناپاك خۆیان رزگار کردووە و چوونەتە ولاّتی بێگانەو لە هەندەران دەژین، ئیتر ئێمەی کوردی دەرسیمی، لەگەڵ ئـەو کۆمەڵەیە لەسەر خاکی کوردستان دەژین بەتایبەتی لە نێوان هەردوو رووباری فـرات و مـرادا کـە لـە نێـوان باخچـەکانی بیـنگۆل و زنجـیرە شاخەکانی ئەرارات، هەڵدەقوڵێن و دێنە دەرێ.

ئـەو وێـنەیەی لـە خـوارێ نووسـراوەتەوە لە سویسرا پێشکەشی سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی نێو نەتەوەکان کراوە بە فەرەنسی، ئەمەش دەقی مەزبەتەکەیە:

## بۆ نووسینگەی گشتیی کۆمەڵەی نەتەوەکان

رژێمـی تورکیـا (١٥) پازدەسـاڵ دەبـێ لـە هـەموو کوردسـتاندا سیاسـەتی لەناوبردنی نەتەوەی کورد جێ بەجێ دەکا بەتایبەتی دوو ساڵێکە لە دژی ناوچەی ئێمـە کـە دەرسیمی پێ دەڵێن زۆر بەتوندی دەستی پێکردووە. هەروەکو لەپێشدا بۆمـان روون کـردنەوە ئێسـتاکەش بەناچاری پێتان رادەگەیەنین، چونکە لەبارەی مـرۆڤایەتی و شارسـتانییەتەوە کۆمەڵـەی ئێـوە بەرزتـرین دادگایە. کورد لەرووی: زمـان، ئـاین، رەگـەز، مێـژوو، زانسـت و شارسـتانییەوە، جیـاوازیی زۆری لەگـەڵ تورکـاندا هەیـە و چـەند چـەرخ لـەپێش تورکـان لـە نیشتمانی خۆیدا (کوردستان) ژیاوە. ئێستا تورکەکان دەیانەوێ لەناویان ببەن، یان لە کوردستان دەریان بکەن. رژێمـی تورکیـا، ئـەو تاوانـەی کـە تـا ئێستا لە مێژووی نەتەوەکانی جیهاندا تۆمار نەکـراوە، لەبـەر چـاوی نەتـەوە یەکگـرتووەکاندا بـەناوی شارسـتانییەوە کردووە. نەتـەوەی کـورد لەسـەر خـاکی وڵاتـی خـۆی ژیـاوە و زمان و ژیان و پیشەی خۆی پاراسـتووە، لەبەدیهێـنانی ئـەرکی مێژوویـی سەرشـانی خـۆی نەبێ، هیچ نیازێکی دیکـەی نـەبووە. لەگـەڵ ئەوەشـدا ژن و پیـاو، جـاحێل و پـیر، کـوڕ و کچـی بۆتـە قوربـانیی سیاسەتی تورکان. چەندین چەرخە، ئەو رژێمە دەیەوێ نەتەوەی کورد لـە بن بێنێ و لەسەر زەمینی خۆی رەشی بکاتەوە. هەر لەبەر هەندێش، خێزان بە خێـزان، چـین بەچـین، دێ بـە دێ دەربـەدەریان دەکـەن: بـە تـۆپ و مەتـرەلۆز دایاندەگـرن و بەفـڕۆکە بۆمـبارانیان دەکـەن و غـازی خنکێـنەریان بەسـەردا دەڕشێنن، بەکورتی هیچ جۆرە چەکێ نەماوە لە دژی ئەو نەتەوە بێکەسە بەکاری نەهێـنن. ئـەو تاوانانـە هـەر هـەموو لەبـەر چاوی نەتەوە یەکگرتووەکان و بەناوی شارسـتانێتییەوە (Temdin) دەکـرێن. لێـرەدا رژێمـی تورکیـا چـەند جـۆرە کۆمەڵکوژییەکی لەراست کوردان بەکار هێناوە کە بۆ ئێوەی روون دەکەمەوە:

١- قوتابخانـەی کوردی نییە. خوێندن و نووسین و گفت و گۆکردن بە زمانی

کوردی بەتەواوی قەدەغەیە.
٢- منداڵی کورد، بە زمانی تورکیش بیٚ ڕێگای پێنادریٚ لەسەرەتایی بەسەرەوە زیاتر بخوێنن.
٣- یاسای تایبەتی داندراوە بۆ ئەوەی نەهێڵن ئەفسەری کورد لەناو لەشکری تورکیا پیٚ بگا.
٤- یاسای وا ڕێکخراوە کە هیچ فەرمانبەرێکی کورد لەناوچەکانی کوردستاندا دانەمەزرێن، هەتا ئەگەر بێتو فەرمانبەری هاکەزاییش بیٚ.
٥- لابردن و دەرهێنانی وشەی (کورد و کوردستان) لە نووسراوە زانستی و جوگرافی و مێژووییەکاندا.
٦- بەزەبری قامچی کار، بە هەندێك کچ و ئافرەتی کورد بۆ دروست کردنی بنکەی سەربازی، دەکەن. بێجگە لە ئەوەش ماڵ و سامانیان لە کوردان زەفت کردووە و پێنج- پێنج و دە- دە، چین بە چین ڕەوانەیان دەکەنە ناو تورکان، بەمەرجێك نابیٚ کورد لە (٥٪) زیاتری دانیشتووانی تورکیا لەهەر جێگایەکدا پێکبهێنن. هەروەها چەندین کچ و ئافرەتی گەنجی کوردیان، لە خێزانی خۆیان جودا کردۆتەوە و بەشێوەی ژنی (نارەسمی) لە ماڵە تورکان داندراون. هەندێکی دیکەش لە کوردان بە تۆبزی کراونەتە تورك، یان بە ڕێگای جۆراو جۆر لەناویان بردوون. ئیتر ئەو هەموو تاوانەی لە دژی کوردان کراون، ناوی شارستانێتیی بەسەردابڕاوە.
هەر چەندە نەتەوەی کورد خۆی رابگریٚ و هاوار نەباتە بەر نەتەوەکانی جیهان، ئەوەندە پتر لە دەستی تورکیای تاوانبار گیرۆدەی لەناوچوون دەبیٚ. لەنێوان (٥) پێنج ملیۆن کوردی کوردستانی تورکیا دۆزەخ داخراوە کە ڕۆژ بە ڕۆژ خراپتر دەبیٚ لە تورکیا دا: لە نزمترینەوە تا بەرزترین فەرمانبەر لەژێر دەستەڵاتی سەربازیدان. لە دادگاکاندا بەبیٚ لێکۆڵینەوە، ئیستیئناف یان تەمییز، لە لایەن ئەفسەرانەوە بڕیار دەردەکریٚ. ئەو دادگایانە بەمێگەل کوردان رادەپێچن و بڕیاری لە سێدارەدانیان بۆ دەردەکەن و هیچ لایەکی دیکەش لێی ناکۆڵێتەوە و ئیمزای لەسەر ناکا. خۆ ئەگەر کەسێکی کەم، لەو دادگایانە دەربازیان ببیٚ ئەوانیش، پارێزگار دەیانگریٚ و بەهەر جۆرێك بیٚ لەناویان دەبا، کەواتە ئەو کوردانەی

ڕەوانەی دادگای سەربازی دەکرێن بەتاوان و بێ تاوان مۆری مردنیان لە نێوچەوان دراوە و ئـەو ئەنجامـەش بـێ یەك و دوو مسۆگەرە بۆ ڕۆشنبیری کورد. سەردەمێك ڕژێمـی تورکیـا بەیانـنامەی لێبوردنی گشتی بلاو کردەوە، لەسەرینی ئەمەوە (٥٥) جـەنگاوەری کـورد بـەپێی ئەو بڕیارەی چەکیان دانابوو، بەلام ڕژێمی تورکیا، هەر لـەو کاتـە پـازدە کەسـیانی لێ بـە سێدارەوە کردن ئەوانی دیکەش سزای گرانی بۆ دیـاری کـردن. لـە ناوچـەکانی ئێمـەدا کوردێکـی زۆر، بـێ ئـەوەی ڕەوانـەی دادگـا بکـرێن، شـەوێ لـە مـاڵی خۆیان دەریان دەهێنن و شوێن بزریان دەکەن. یان پیاو بکـوژ بـەپارە بەکـرێ دەگـرن و لەناکاو لە کوردان دەدەن و لە کۆڵیان دەکەنەوە. هـەروەها ڕێکخـراوی لێکۆڵیـنەوەی گشتی تەنها بۆ کوردستان دامەزراوە. تاکو ئەو یاسـایانەی ڕژێمـی تورکیـا، بەنهێـنی بـڕیاری لەسـەرداون بـە ئاگـرو ئاسن و خوێن ڕێژتـن بەسـەر کوردانـدا بچەسـپێنێ. ڕەگـەزو هـەبوونی سیاسـیی نەتەوەی کورد، زۆرجـار لـە کۆنفراسـی سیاسـیی نێوان نەتەوەکان باسی لێکراوە و ناسراوە. بەلام ڕژێمی تورکیا هیچ کاتێك، دانی بەمافی نەتەوایەتیی کورد نەناوە. هیوامان وایە کە ڕێکخـراوی ئێـوە هیـچ کـاتێك خـۆی بـە بێگانـە نیشـان نـەدا، سـەبارەت بـەمافی مـرۆڤایەتی و سیاسـیی نەتـەوەی کـورد. بۆ ئەوەی کۆمەڵەی نەتەوەکان بەراستی ئاگـاداری تاوانـەکانی ڕژێمـی تورکیا بێ، پێویستە لە ئاست نەتەوەی کورد ڕێگا و چـارەیەك بدۆزێتەوە، بۆ ڕاگرتنی تاوانەکانی تورکیا و لە ناوبردنی نەتەوەی کورد: ئەوجا دەمانەوێ دەستەیەك دابمەزرێ و بۆ لێکۆڵینەوە ڕەوانەی کوردستان بکرێ، سـەبارەت ئەو کارەساتەی تورکیا بەسەر ئێمەی هێناوە. هەر لەبەر هەندێ ئێمەی دەرسـیمی، داوا لـە کۆمەڵـەی نێـو نەتـەوەکان دەکـەین دەسـتەیەك ڕەوانە بکا بۆ خـاکی ئێمە، بۆ چەسپاندنی مافی نەتەوایەتیمان و لە بە کۆمەڵ کوشتن بەدەستی ڕژێمی تورکیا بمانپارێزی.

٢٠/تەشرینی دووەم/ ١٩٣٧

بەناوی خێڵەکانی دەرسیم

ئیمزاکان

سـاڵی(١٩٣٧) کـە زستان داهات و سەرما دەستی پێ کردەوە، شەڕی دەرسیم

راگیرا و عیسمەت ئینۆنۆش لە کۆتایی ئەو ساڵە دا، بەیاننامەیەکی لە ئەنجومەنی نەتەوەیی تورکیا خوێندەوە و بە رەسمی رایگەیاند کە کێشەی دەرسیم کۆتایی پێ هاتووە. هەوڵیشی دابوو کە ئەنجومەن پێی باوەڕ بکا، چونکە ئەو بە کۆمەڵ کوشتنەی، رژێم سازی دابوو سەر لەنوێ دەستی پێ دەکردەوە.

کاریکاتۆری سەر لەدوونان و بە کۆمەڵ کوشتنی دەرسیمییان: لە لایەن فڕۆکەی تورکیا و بۆمباران کردنی گازی ژەهراوی لە ژمارەی (١٠٨٣)ی رۆژنامەی کۆر– ئۆغلو (Kr Oğlu)دا، لە (١٣/ئەیلول/ ١٩٣٨) دا، لە ئەستەنبوڵ بڵاوکراوەتەوە و ئەو جۆرە هەڕەشە و گەفانەشی کرد بوو:

چاوت بکەوە: لەشکری پۆڵایینی تورکیا، وەکو سنگ چەقیوەو چۆن چاوی هەموو جیهانی کردەوە، هەر ئەوهاش، چاوی ئەو کەسانە دەکاتەوە، کە پازدە ساڵە لە وڵاتی ئێمەدا رۆژی شارستانییەتی شەوق دەداتەوە، هۆشیار نابێتەوە. چاوت بکەوە، چاوت دەکەینەوە.

## کۆمەڵکوژیی دەرسیم (١٩٣٨)

لە بەهاری (١٩٣٨) دا لەشکری تورکیا دەستی بە چالاکی کردەوەو یەك لە دوای یەك تۆپی خۆئاوێژو لوولە گەورەو زرێپۆش و فڕۆکە و بەلەمی لە رووبارەکان پەڕاندەوەو کەرەستەی دروست کردنی بارەگا و پردان، بەگشتی لە دەورەی دەرسیم کۆکرانەوە. بەڵام دەرسیمی: تاکە هیوایان مردنێکی بە شەرەف و بڕوایان بە ئایین و ئەنجامی خۆیان هەبوو، دەست واڵی و بێچارە بوون. لەبەر ئەوە نەتەوەی کورد هانای بردە بەر هەموو دەوڵەتانی جیهان بە گەورە و گچکەیانەوە کە هیچ سوودێکی نەبوو، ئەو هەبوونە دڵڕەقەی پێی دەڵێن مرۆڤایەتی بەچاوێکی سەیر تەماشای کارەساتی خوێناویی دەرسیمی دەکرد. کۆماری تورکیا لە کۆنفرانسی ئاشتبوونەوەی جنێف و لۆزاندا بەڵێنی دابوو کە رێز لە مافی کەمایەتییەکان دەگرێ، هەروەها تێ گەیەندرابوو کە لەگەڵ بەڵێنەکانی خۆی راست بێ. ئەگەرچی بەپێچەوانە دەجووڵاوە و هەموو دەوڵەتەکانیش لە رێگای نوێنەری خۆیانەوە لە تورکیا ئاگاداری تاوانەکانی تورکیا بوون، ئەوەتا رادیۆی

لەندەن دەڵێ (کوردی دەرسیمی لە پێناو مافی نیشتمانی و ئازادی لە تورکیادا شەڕ دەکەن) لەگەڵ ئەوەشدا (کۆمەڵەی نەتەوەکان لە جنێف (genue) خۆی دانوساندووەو هەروەکو ئاگاداری هیچ شتێك نەبێ، هەستی خۆی راگرتووە، ئەگەرچی بەڵێنی داوە کە مافی کەمایەتییەکان بپارێزێ لە تورکیا کەچی سەرۆك وەزیرانی تورکیا چەند جارێ لە پەرلەمان قسەی لەسەر رێگا و شوێنی لەناوبردنی دەرسیم کردووەو روونیشی کردۆتەوە، تەنانەت رۆژنامەی کۆماری تورکیا، کە نوێنەرێکی تورکیا (یونس نادی) دەری دەکا، لە ژمارە ٥٠٠٠ی رۆژی (٣٠ /حوزەیران/١٩٣٨) دا لە ئاخاوتنی سەرۆك وەزیران جەلال بەیار دەکۆڵێتەوە و لەژێر ئەو ناونیشانەی خوارەوە دەنووسێ:

**لە دەرسیم جووڵانەوەی سەربازی دەکەین.** ئەمساڵ رژێمی تورکیا کێشەی دەرسیم دەگرێتە دەست و لەو ناوچەدا بنکەی سەربازی دەکەینەوە، پردان دروست دەکەین و قوتابخانان دەکەینەوە و ئومێدیش وایە جووڵانەوەی سەربازی رانەوەستێ و بەردەوام بێ. ساڵی رابردوو هێزە گەورەکانمان لەو ناوچەدا کۆکردەوە و لە چەند جێگایەك لەگەڵ چەتەکاندا لێکدان رووی دا، ئەمساڵەش هەر لەو جێگایە جووڵانەوەی سەربازی درێژەی پێ دەدرێ و روو بەروو بەو شێوەیە (لەشکرەکانمان بەم نزیکانە لەناوچەکانی دەرسیمدا، دەست بە مەشق دەکەن و لە پاشدا دانیشتووانی ئەو ناوچانە بەگشتی هەڵدەگێڕێن و ئەو کێشەیە لە بناغەوە هەڵدەکەنرێ). ئەوجا گوتبووی ئەمە ناوەرۆکی قسەی سەرۆك وەزیران بوو لە پەرلەماندا. ئەگەرچی سەرۆك وەزیرانی پێشوو (عیسمەت ئینۆنۆ) لە ساڵی (١٩٣٧ ) دا بەبۆنەی لە سێدارەدانی سەید رەزاوە، لە پەرلەماندا گوتبووی (کێشەی دەرسیممان لە گۆڕێ هەڵگرت و کۆتاییمان پێهێناو لە کارەساتی دەرسیم رزگار بووین و بەهەموو جۆرە جووڵانەوەی سەربازی خاوێن کرایەوە). ئا بەم شێوەیە رای گشتیی جیهانی شێواندبوو، چاویانی نووساندبوو. کەواتە: روون کردنەوەی سەرۆك وەزیران جەلال بەیار لە ساڵی (١٩٣٨) دا سەبارەت بە خۆڕێکخستنی لەشکرەکانی تورکیا بۆ هەڵمەت بردنە سەر دەرسیم، قسەی سەرۆك وەزیرانی پێشووی عیسمەت ئینۆنۆی لە پەرلەمان لە ساڵی (١٩٣٧) دا، بەدرۆ دەخاتەوە،

چونکە دەرسیم هێشتا بەردەوامە لەبەرگریی نەتەوایەتی و میللی سەری بۆ لەشکری رژێمی تورکیا کەچ نەکردووە. ئەوەش جوانترین نیشانەیە بۆ ئەو درۆیانەی کردیان. جەلال بەیار لە لایەك لەمەڕ ئاوەدانکردنەوەی دەرسیم دەدوا و باسی خۆش کردنی رێگاو دروست کردنی پردی لەسەر رووبارەکان دەکرد و لەلایەکی دیکەشەوە باسی جوولانەوەی سەربازی دەکا بۆ سەر دەرسیم. ئیتر لێرەدا لە قسەکانی وا بەدەردەکەوێ کە ئەوە فێڵێکە بۆ شێواندنی رای گشتیی نەتەوەکانی جیهان و وایان تێگەیاندبوون کە چاو لە تاوانەکانی رژێمی تورکیا سەبارەت بە کوردی بێکەس بپۆشن و بۆ ئەوەی رێکخراوەکانی بە کۆمەڵ بکوژی تورکیا بە پەردەی رەشی شارستانی (Temdin) دابپۆشن. ئەو پیلانەی سەرۆك وەزیرانی تورکیا، جەلال بەیار زۆر کاربەدەستی بێگانەی هەڵخەڵەتاند، هەتا رۆژنامەی (الاخبار) کە لە شام دەردەچێ لە ژمارەی (٤١٩)ی رۆژی (١٣/تەموزی/ ١٩٣٨)ی دا، ئەو ئاگادارییەی لە لەندەن وەرگرتووە کە لە خوارەوە نووسراوە، بلاو کردبۆوە لەژێر ناونیشانی: (**لە تورکیا شۆڕشی کورد پەرەی گرتووە و کوردەکان هێرشیان بردۆتە سەر یەکەکانی لەشکری تورکیا و هەڵیان بڕیون**) بەم جۆرەی نوسیبوو: لەندەن (London) رۆژنامەکانی دوێنێ، بەپێی زانیاری کە لە زۆر جێگایان وەرگرتووە، دەنووسن کە لە ناوچەی دەرسیم لە تورکیا، شۆڕشێکی گەورە بەرپابووە و شۆڕشگێڕان هەڵمەتیان بردۆتە سەر لەشکرەکانی تورکیا و راویان ناون و بریندار و کوشتارێکی زۆریان لێکراوە و بەبۆچوونی هەندێ باوەڕ پێکراوان (**ئەو شۆڕشە بە پارە و چەکی رووس بەرێوە دەچێ**) و بۆ لەناوبردنی ئەو شۆڕشە رژێمی تورکیا (**هێزێکی سەربازیی گەورەی رەوانە کردووە**) گوایا بەیاننامە بلاودەکرێتەوە کە کوردەکان بگرن و لە ریزی لەشکری تورکیا شەڕ بکەن بۆ ئەوەی خۆیان بپارێزن و رزگار بکەن. هەڵبەت ئەو جۆرە هەواڵانە هیچ دۆستایەتییان لەگەڵ راستیدا نییە، چونکە لە ساڵی (١٩٣٦) ەوە دەرسیم هەر چوار دەورەی لەلایەن لەشکری تورکیاوە گیراوەو گەمارۆ دراوە، بەهیچ شێوەیەك نەدەتوانێ، دەست بۆ رووسیا درێژبکا و نە رووسیاش یارمەتیی دەرسیم دەدا. لە هەڵمەت بردنە سەر دەرسیم، رژێمی تورکیا گومانی لە هەموو کەسێك دەکرد

نـەوەك لێـی بـدا. لەبـەر هـەندێ فەرمانێکی لێبوردنی بۆ پەناهەندەکانی تورکیا لە ولاّتـانی بێگانـە دەرکـرد کـە بەپەلە بگەڕێنەوە تورکیا. ئەوەش وا رادەگەیەنێ کە تورکیـا: کێشەی دەرسیم و کوردستانی زۆر لەلا گرنگ و ترسناك بووە. بەپێی ئەو لێبوردنە لە کۆتایی تەمووزی ساڵی (١٩٣٨) دا لەو پەناهەندانەی لە سووریا بوون، وەکـو رەفیـق خـالید و عـەلی عیـلمی و هـەندێك لـە هـاوڕێ و بـرادەرەکانیان کـە ئـەوانیش هـەندێکیان کـورد بـوون، توانییـان بگەڕێـنەوە تورکیـا. رژێمـی تورکیـا دانیشـتووانی ناوچەکانی دەرسیمی بە چەتە لە قەڵەم دابوو، تاوانەکانی خۆشی بە بەرگـری رەنـگ کـردبوو. هـەروەها راگەیاندنی بە درۆی بۆ چاپ کراوەکانی بێگانە بلاّو دەکردەوە کە لە خوارەوە چەندێکیان دەنووسینەوە:

١–رۆژنامەی (ئەلرابیتە ئەلشەرقییە) کە لە بەیرووت دەردەچێ و لە ژمارەی (٦٢٣ )ی رۆژی (٣٠/تـەمووز/١٩٣٨) و لەژێـر ئـەو پێشەکییەی خوارەوەیدا نووسیبووی: (**شـەڕێکی دژوار لـە ناوچـەی دەرسـیم**): ئەتیـنا (Atina) بـەپێی ئەوەی لە تورکیا راگەیـەندراوە (١٠) رۆژێـك دەبێ شەڕێکی دژوار لە ناوچەکانی دەرسیم بەرپابووە. خێـڵێکی زۆر بەشـدارییان لـەو جەنگەدا کردووە، رژێمی تورکیش لەشکرێکی زۆری رەوانـە کـردووە و بـە فـڕۆکە و زرێـپۆش و تۆپـی دوورهـاوێژ پشـت ئەسـتوورە. کوردەکان لە هەموو لایەکەوە هەڵمەتیان بردۆتە سەر دوژمن و هێزەکانی تورکیش نەیانتوانیوە دەرسیمییان لەناو شاخەکان گەمارۆ بدەن.

٢– زۆرجـار رژێمـی تورکیـا، شۆڕشـی دەرسـیمی بـە شـەڕێکی چەتەیی و خێڵەکی نیشـانی رۆژنامـە و چـاپخانەی بێگانـە دەدا. بـەلاّم ئەنجامەکـەی بـە پێچـەوانە دەگـەڕاوە بۆ خۆی و نموونەی ئەوەش: رۆژنامەی (ئەلف با) کە لە شام دەردەچێ لـە ژمـارەی (٥٢٥٢)ی –دا و لە رۆژی (٤/ئاب/١٩٣٨) دا لە ژێر ناوی (یاخی بوونی کـورد لـە دەرسیم): (راگەیاندنی سەرۆك وەزیرانی تورکیا! هەبوونی چەتەی کورد بەراسـت نیشـان دەدا) پاشـان لە ژێر ئەو سەردێڕە نووسیبووی: (زۆر لەمەو پێش تەلەگـراف و بـنکەکانی پـەیامی بێگانـان باسـی شۆڕشـی کوردیـان دەکـرد لـە ناوچـەکانی دەرسـیم و لـە تورکیا، وایان نیشان دەدا کە چەتەی کورد سەر لەنوێ لە دەرسیم دەستیان پێکردۆتەوە، ئەگەرچی رژێمی تورکیا بەرەسمی ئەمە بە درۆ

دەخاتــەوە، هــەروەها لــە ســاڵی رابــردوودا روونــی کــردبۆوە کــە ئاســایش هەیــە و چەتەکانی لەناو بردووە، بەڵام هەر دوێنێکەش، بەپێی بەیاننامەی سەرۆك کۆماری تورکیـا، جـەلال بـەیار کـە لـە ئەنجومـەنی نەتەوایـەتیی تورکیـا خوێـندبوویەوە و بـەرێگای رادیـۆش بڵاوکـرایەوە وەهـای راگـەیاند کـە: رژێمـی تورکیـا لـە ئەنقـەرە راسـتییەکەی لـە رای گشـتی شـاردۆتەوەو تـا ئێسـتاکەش چـەتەکانی پـێ لـەناو نەبـردراون. چـونکە سـەرۆکی رژێـم گوتـبووی لـە کوردسـتاندا مەشـقی گـەورەی سـەربازی دەکرێ، بـەو هیوایەی بۆ لەناو بردنی چەتەکانی ئەم دواییەی دەرسیم. لەبـەر هـەندێ (سـێ لەشـکری گـەورە بەزووترین کات رەوانەی دەرسیم دەکرێن و فـڕۆکە و زرێـپۆش هاوکـاریی ئـەو لەشـکرانە دەکـەن. ئەوجا ئەو بەیاننامە سەیرە راسـتییەکەی بـۆ خـەڵکی روون کـردبۆوە. هـەروەها دیـاری کـردبوو کە شۆڕش لە دەرسیم هەیە و نیشانیشی دابوو کە کێشەکە زۆر ترسناکە).

٣- رژێمـی تورکیـا لەلایـەك هـەوڵی دەدا رای گشـتیی دەوڵەتانی جیهان بشێوێنێ سـەبارەت بەکێشـەی کوردسـتان و لـە لایـەکی دیکەشـەوە بـەهۆی نوێـنەرە سیاسـییەکانی خۆیـەوە لـە دەرەوەی تورکیـا، تکـای لـە وەزارەتەکانی دەرەوەی بێگانـان دەکـرد کـە رۆشـنبیرە کـوردە پەناهەندەکان لە وڵاتانی دەرەوە بدەنەوە دەسـت رژێمـی تورکیـا. ئەگەرچـی ئـەو داخوازییانـە پێچـەوانە بـوون لەگەڵ مافی مـرۆڤایەتیی نێـو دەوڵەتان و هیچ یەکێکیان ئەو داخوازییەیان بۆ جێ بەجێ نەکرد و کوردەکانیش پەرەیان بە چالاکیی خۆیان دا.

٤- رژێمـی تورکیـا بـەو بیـانووەی کـە کێشـەی کـورد، گیروگـرفت بۆ هەموو دەوڵەتـەکانی سـەر سـنووری خـۆی دروسـت دەکـا، لەگـەڵ ئـەو دەوڵەتانـە پێکهاتـبوو کـە رێگـا و شـوێنی هاوبـەش لـە دژی کـوردان بـۆ لـەناو بـردنیان دابـنێن، ئیـتر لـەو بابەتەوە رۆژنامەی (ئەل- ئەمەل- ئەلقەویم) لە ژمارەی ( ٥٢)دا، لـە رۆژی (٧/ئـاب/١٩٣٨) دا بـەپێی بـۆ چـوونی پەیامـنێرەکانی لـە (ئەسـتنبوڵ، ئەتیـنا و بـەغدا) کـە رایـان دەگـەیاند گریـنگیی رووداوەکـانی خوارەوە روون دەکاتەوە:

## پەیمانە ترسناکەکان

(جەنگاوەرەکان هەڵمەتیان بردە سەر لەشکری تورکیا و هەندێکیان تێك شکاندن، لەبەر هەندێ عیراق، ئێران و تورکیا بڕیاریان داوە هاوکاریی یەکدی بکەن لە دژی کوردان).

(ئەستنبوڵ: لەبەر بەهێزبوونی شۆڕشی کورد لە دەرسیم سێ لەشکری دیکەی تورکیا، بۆ دەرسیم، بۆ سەرکوت کردنی شۆڕشەکە بەڕێ کران).

(ئەتینا: بەپێی ئەو زانیارییە بەنرخە باوەڕ پێکراوانەی پێمان گەیشتوون، کوردەکانی دەرسیم، لەشکری تورکیان لە ناو شاخەکان شکاندووە و چەك و تەقەمەنییەکی زۆریان بەدەست کەوتووە. بەبۆنەی ئەو سەرکەوتنەوە کیژ و ژن و منداڵیش، لە هۆزە بێ لایەنەکان، بەشداریی شەڕیان کردووە و ڕژێمی تورکیا هەمیشە یاریدە بۆ لەشکری خۆی دەنێرێ).

(بەغدا: بۆ کوژاندنەوەی گێچەڵی کورد، ڕژێمی عیراق چەند یەکەیەکی سەربازی، بە سەرۆکایەتیی حەمید شەبچی ڕەوانەی ناوچەکانی پشدەر کردووە و هەر سێ دەوڵەت عیراق، ئێران و تورکیا لە نێوان خۆیان تەگبیران دەکەن بۆ دامرکاندنەوەی شۆڕشی کورد لەسەر سنوورەکانیان و یاریدەی یەکدی دەدەن).

لە بڵاوکراوەکانی سەرەوە ئەوە بەدەردەکەوێ کە ئەو دەوڵەتانەی وڵاتی کوردیان، لە نێوان خۆیان دابەش کردووە، تەنها بۆ لەناوبردنی کوردان پێکەوە ڕێگا و شوێن دادەمەزرێنن. بەناوی یاخیبوون، بەفیتی بێگانە، بە کۆمەڵ کوشتنی کوردان دادەپۆشن. چونکە هەر سێ دەوڵەت لەپێشدا خۆیان دانووساندووە و کوردیش لەگەڵ وڵاتانی دەرەوە هیچ هامۆشییەکی نییە و کەسیش هاوکاریی ناکا.

ڕۆژ بە ڕۆژ لەشکری تورکیا پتر هەستی بەرەو دابەزین و نزم بوونی خۆی دەکرد، بەرانبەر بە جەنگاوەری کورد کە شەڕی مردن و ژینی دەکرد. ڕاسترین نیشانەش ئەوەیە: ڕۆژنامەی (ئەلف–با) لە ژمارەی (١٤٧٠)ی دا لە ڕۆژی (١٣/ئاب/١٩٣٨)دا لە پەیامنێری (ئەتینا)وە ئەو زانیارییەی وەرگرتبوو: **(یاخیبوونی کوردی لە دەرسیم ژیاوەتەوە) (ڕژێم بە بیانووی مەشق کردنەوە لەشکران دەنێرێ)** (ئەتینا: شەرق ئەلعەرەبی)– لەگەڵ قەدەغە کردنێکی زۆر، زانیارییەکی

بـه نـرخمان بەدەسـت کـەوتووە سـەبارەت بـە یاخیـبوونی کورد لە تورکیا، هێزی سەربازیی نوێ و گەورە، سەر لەنوێ بۆ سەر دەرسیم ڕەوانە کراوە. ڕژێمی تورکیا شڵەژاوە و هەموو ساڵێ بۆ لەناو بردنی شۆڕشی کوردان، بە ناوی مەشق کردنەوە، لەشکر بۆ سەر دەرسیم دەنێرێ و ئەو کردەوانە وا پیشان دەدا کە کاربەدەستانی ڕژێمـی تورکیـا لـە چ کـاتێکی ترسـناکدانەو شۆڕشـی کورد چەند گرنگە لە لایان و ڕژێـم پێـی لێناوە کە ئامانجی مەشق و مانۆری سەربازی ئەوە بووە کە ناوچەکانی دەرسیم لە جەنگاوەری کورد پاك بکاتەوە).

جـەنگاوەرەکان بۆ پاراستنی خۆیان و هەبوونی دەرسیم، ئەوەندە بە جەرگ و دڵ، شـەڕیان دەکـرد، چـونکە شـەڕی مـردن و ژیـن بوو بەنسبەت ئەوانەوە، لەبەر ئـەوە سـەرۆکی وەزیران هاوڕێ لەگەڵ وەزیری دەرەوە، بەپێویستیان زانی خۆیان بچن و لە نزیکەوە سەرپەرشتیی شەڕەکە بکەن، دەرسیم لە هەموو وڵاتانی جیهان دابـڕا بـوو، بەتـەنها لـە سـەری مـەیدان لەگـەڵ پـڕ چەکترین لەشکری تورك شەڕی دەکـرد، وردە وردە خوێـنی لێدەکاتـەوە و دەتـواوەو بـەرەو پیری مەرگ دەچوو، چـەند جـەنگاوەرێکی کـورد لەگـەڵ هێـزە گـەورەکانی تورکیـا شـەڕیان دەکـرد، ڕۆژنامـەکانی ئـەوروپی، بـەرووداوێکی ئاییـنییان لـە قەڵـەم دەدا و دەیان گوت بە پەنجـەی بێگانـان ئـەو شۆڕشـە هەڵدەسـووڕێ. هێزەکانی تورکیا لە هەر لایەکەوە بـەرەو دەرسـیم بەڕێ کەوتبوون بۆ کوشتنی کوردی دەرسیم و نوێترین و چاکترین کەرەسـتەی جـەنگیان درابـووە دەسـت. ئەگەرچـی دەرسـیمییەکان بە خەراپترین کەرەسـتە کـە لـە دەسـت بـەتاڵی باشتربوو، هەوڵیان دەدا خۆیان بپارێزن. ڕێگا و شـوێن بـۆ لـەناو بـردنی دەرسـیم دیـاری کـرابوو و بە پـەردەی ڕەشی مەشق کردن داپۆشـرابوو. هـەر لەبەر ئەوەش سەرۆك وەزیر و وەزیری دەرەوە بەشدارییان لەو جووڵانــەوە ســەربازییەدا دەکــرد. ڕۆژنامــەی (جمهوریــەت)ی تورکیــا، کــە لــە (ئەسـتنبوڵ) دەردەچـێ، لـە ژمـارەی (٥١٣٠) و لـە (٢٤/ئاب/١٩٣٨) دا پەیامێکی بڵاوکـردۆتەوە کـە سـەرنجی پیـاو رادەکێشـێ: (سـەرۆك وەزیر و وەزیری دەرەوە دوێـنێ بـۆ ئەلازیـز بەرێکـەوتن. جـەلال بـەیار لـە کـاتی مانۆرو مەشقی سەربازیدا ئامـادە دەبـێ و بـە بۆنەی جەژنی سەرکەوتن دەگەڕێتەوە ئەستنبوڵ..)، هەر ئەو

رۆژنامەیە لە هەمان ژمارەدا دەڵێ:

## مانۆڕو سەرمەشقەکانی دەرسیم

(هێرش و پەلاماری سەربازی، ئەمڕۆ لەگەڵ گزنگی رۆژدا دەست پێ دەکا). لەژێر ئەو ناو و نیشانە لەشکری سێیەم بەسەرکردایەتیی فەوزی چەکماك و لێکۆڵەری لەشکری سێیەم، کازم هەموو کەموکورتییەك چارەسەر کراو سێیەم مانۆری گەورەی سەربازی، ئەورۆ- سبەی بە بەشداری، یەکەکانی زرێپۆش و فڕۆکە لە دەرسیم دەست پێدەکا. هەر ئەو رۆژنامەیە لە ژمارەی (٥١٣١)ی رۆژی پاشیدا لەژێر ناوونیشانی: (دەرسیم، دوێنێ بەیانی دەستی پێ کرد و سەرۆك وەزیر لە پاش وەستانێکی کەم لە ئەنقەرەوە بەڕێ کەوت بۆ ئەلازیز). ئەو پەیامەی خوارەوەی بڵاوکردەوە: (ئەنقەرە: سەرۆك وەزیر جەلال بەیار لەگەڵ وەزیری دەرەوە، ئەمڕۆ بەیانییەکەی بە خۆش بەرۆکی ئەنەدۆڵ(ئێکسپرێس ئەنەدۆڵ) ، هاتنە شارەکەمان (ئەلازیز) و لە پاش هەڵوەستەیەکی کەم، بەردەوام بوون لە رۆیشتنداو لە بارەگای شەمەندەفەردا، سەرۆکی ئەنجومەنی گەورەی تورك، عەبدولخالق رەندە لەگەڵ وەزیرەکان و عیسمەت ئینۆنۆ و ئەندامانی پەرلەمان و سەرکردەکانی لەشکر پێشوازییان لێ کراو دواتر بەڕێ کران. لێرەدا وەزیری ناوەخۆ لەگەڵ لێپرسراوی گشتیی پارتی بوونە هاوڕێی سەرۆك وەزیران). هەر ئەو رۆژنامەیە لە جێگایەکی دیکەی ئەو ژمارەیەدا نووسیویەتی: (لە پەیامنێرمانەوە ـــ تایبەت): سەرمەشقی گەورەی سەربازی، لە پێش نیوەڕۆی ئەمڕۆ لە دەرسیم دەستی پێکرد و گۆڕەپانی مەشقەکە دەڤەرەکانی ئەلازیز، دەرسیم و پلۆ دەگرێتەوە و لەشکرە هێرشبەرەکان ئەمڕۆ لە پێش نیوەڕۆدا گەیشتنەوە یەك. هەروەها لەو هەڵمەتەدا فڕۆکە و زرێپۆش، بەشدارییان کردووە و لەو پەلامارەدا مارشال فەوزی چەکماك و وەزیری بەرگری، کازم ئۆزئەڵپ لە گۆڕەپانی جەنگ ئامادە بوون و سەرۆك وەزیرمان جەلال بەیار بەیانی ئێواریێ چاوەڕێ دەکرێ.

گرینگترین رۆژنامەی (رۆژهەڵاتی- نزیك) (لەگەڵ-ئۆریەنت) (L-orient). کە

بە فەرەنسی لە بەیرووت دەردەچێ، لە ژمارەی (٢٦)ی (٧/ ئاب/١٩٣٨) دا ئەو نووسراوەی خوارەوەی بلاّوکردۆتەوە: **شۆڕشی کورد (١٣) سالّ ژیا، سەرکردەی شۆڕش شێخ سەعید هەلّواسرا، بەلاّم شەڕ نەوەستاوە.**

(شۆڕشی کورد تەمەنی سێزدە سالّە، هێشتا نەتەوەی کورد چەکی دانەناوە. لە دەشتەکانی موش تاکو دەگاتە چیاکانی ئەرارات و شاخەکانی دەرسیم، خێلّەکانی کورد بە کۆمەلّی بچووک بچووک و چەکی سووکەوە لەگەلّ لەشکری پڕ چەکی تورکیا شەڕ دەکەن. شۆڕشی کورد تێك نەچووە، بەلاّم سەرکردایەتیی تورکیا نیازی وایە لە ناوی ببا. رۆژنامەی (هەواس) لەو بابەتە بڕیاری ئەنقەرە روون دەکاتەوە: (ئەستنبولّ: ٢/ئاب: لەگەلّ مانۆرو مەشق کردنی سەربازی لە دەڤەرەکانی دەرسیمدا جەنگاوەری کوردیش یەك لە دوای یەك پەلاماری لەشکری تورکیا دەدەن، لەسەرینی ئەمەوە وەك سەرۆك وەزیر دیاری کردووە سێ لەشکر وێڕای زرێپۆش و فڕۆکە بەشداریی شەڕەکە دەکەن).

## شۆڕشی کوردی چۆن بەرپا بووە..؟

لە سالّی (١٩٢٥) دا دەسەلاّتی کۆماری گەنجی تورکیا لە دەست فەتحی بەگدا بوو، خەریك بوو خۆی رێك دەخست، لەو کاتەدا شێخ سەعید لە دەڤەرەکانی موش و ساسون و دەوروبەریدا ئالاّی شۆڕشی کوردی بەرزکردەوە، رژێمی ئەنقەرە شلّەژا، نیازی وابوو هەر ئەو دەمە ئاگری شۆڕشی کورد دابمرکێنێتەوە. (عیسمەت پاشا ببووە سەرۆك وەزیران و فەتحی بەگ دلّگیر ببوو، بەناوی نوێنەرایەتییەوە رەوانەی لەندەن کرا. لەشکری تورکیا، بە پانایی دەشتی موش چەند مانگێك بەردەوام بوو، لە مەیدانی جەنگدا و سەربازێکی زۆری لە دەست دا و بارتەقای (٢٥) ملیۆن لیرەی لەو شەڕانەدا دۆڕاند. (نوێنەر و رۆژنامەکان وایان دەزانی کە ئاگری شۆڕش کوژاوەتەوە). (برا گەورە کوردەکان، ئاوارە کران، بۆ دەوروبەری شاری ئەزمیر. بەلاّم شێرە کوڕان، شێخ سەعیدیان لە بیرنەکردبوو، ئەگەر بەنهێنیش بێ هەر لە شۆڕشدا بوون و خوێنی شێخ سەعید داوای تۆلّەی لێ دەکردنەوە و هەموو کاتێك لەگەلّ رژێم پێکدادان هەبوو، بەلاّم ئەنقەرە خۆی

لەگێلی دەدا و خۆی بەنەزان پیشان دەدا.

## ئایا فەتحی بەگ

### دەستی لە شۆڕشی دووەمی کورددا هەبووە؟

فەتحی بەگ کە لە لەندەن گەڕاوە، ناکۆکییەکی زۆری لەگەڵ کەمالییەکاندا هەبوو و نیازی وابوو تۆڵەی خۆی بکاتەوە، بەهۆی یەکەمین پارتێکەوە لە دژی کەمالییەکان، کە ئەویش پارتی تەرەقیپەروەر بوو. ئەو کۆمەڵە نوێیە پروپاگەندەیەکی زۆری بڵاودەکردەوە: گوایا سەرکردەی گەورەی کورد، ئیحسان نوری پاشا کە ئاڵای شۆڕشی کوردی لەسەر شاخەکانی ئەرارات بەرز کردبۆوە، هاوکاری لەگەڵ فەتحی بەگ دەکا. تورکەکان چیاکانی ئەراراتیان، گەمارۆ دا و توانییان شۆڕشی کورد لەناو ببەن. رژێم زۆر کافرانە دەستی دەوەشاند و چەند جەنگاوەرێکی کوردی لە شاری ئەدەنە بەسێدارەوە هەڵواسی و زۆریش لە خێڵەکانی ئەو دەڤەرەی ئاوارەی لای رۆژئاوای تورکیا کرد.

**پەیمانی تورکیا و ئێران:** (رژێمی تورکیا بۆ ئەوەی نەتەوەی کوردی شۆڕشگێڕ لەناو ببا، پەنای بردە بەر ئێران و لەگەڵی پێك هاتەوە. بەپێی پەیمانی تورکیا–ئێران، دەبێ ئێران هەردوو زنجیرە چیای ئاراراتی گەورە و ئاراراتی گچکە، بۆ رژێمی تورکیا بەجێ بێڵێ). (تورکیا کە دەستەڵاتی ستراتیجی لە دژی کوردان دابین کرد. ئەوجا خۆی رێکخستەوە). پسپۆری کارگێڕی و سەربازی لە شارەکانی رۆژهەلاتی کورد، دامەزراند و پارێزگاری سەربازی بەناوی لێکۆڵەرەوەی گشتی بۆ رەوانە کردن. ئەو سەرکردەیەی دیاری کرابوو، بنکەی لە دیاربەکر دانا و هەوڵی دەدا پرد و رێگا دروست بکا چونکە وای دەزانی، ئەگەر ئەو کارانەی بۆ بسوورێن، هەموو شتێکی بۆ راستە رێ دەبێ. (بۆ گواستنەوەی ئاوارە ((تورکەکانی بەلقان)) فەرمان لە ئەنقەرە وەردەگرێ). کوردەکان پەرت و بڵاودەکاتەوە و یاسای نیشتەجێ کردن (قانوونی ئیسکان) بە ئەنجومەندا تێپەڕیوە و بەپێی ئەو یاسایە (رژێم توانای هەیە ئەو کەسانەی تورك نین، بنێرتە ئەو جێگایەی کە سەرژمێری تورکی تێدا زۆرترە). (بەڵام ئەم جۆرە پلان و تەگبیرە سەری نەگرت، چونکە ئەو

ئاوارانـەی کـە لـە بـەلقان هاتـبوون، نەیانتوانی لەو دەڤەرانە بژین و زەوییەکانیان بەجێ هێشت و هەڵاتن).

**شۆڕشـی سـێیەمین:** (ئەگـەر ئەنقـەرە ڕێگـا و شـوێنێکی هـەبوو بـێ، ئـەوا زۆر کەوتـبووە دواوە). دانیشـتووانی کێوەکـانی دەرسـیم لـە شۆڕش دان. (لە ساڵی (١٩٣٦) دایـن، لەشـکری تورکیـا بـۆ ئـەوەی بـتوانێ هێـرش بـباتە سـەر شۆڕشـی کـوردان، هیـچ نـەبێ ساڵێکی پێدەوێ). هێزەکانی ئاسمانی ئامادەکراون و بنکەی سـەرۆکایەتیی لەشـکر، هـەموو جـۆرە چـەکێك و تۆپـی جـەنگی لـەو دەڤـەرەدا کۆکـردۆتەوە). (ئێسـتاکە لە ساڵی (١٩٣٧)ز داین، عیسمەت پاشا ئەو بەیاننامەی خوارەوەی لە ئەنجومەنی تورکدا خوێندەوە).

**کێشـەی دەرسـیم پاك کراوەتەوە:** (بەراستی پێدەچێ کێشەکە چارە کرابێ..) (ڕێکخسـتنی کارگێـڕی دەست پێدەکا و سەرلەنوێ ناوی دەرسیم دەگۆڕێ و ناوی تونج ئێلی (Tunc Eli)ی لێدەنرێ). (پارێزگاری نوێ بۆ ئەو دەڤەرە دیاری کراوە، هەروەها لەژێر چاودێریی توندی ئیداریدایە)..

**جێگـرەوەکانی سـەید ڕەزا:** (بـۆ ئـەوەی ڕژێـم دەسـت بـە چـالاکی بکا و خۆی ڕێکـبخاتەوە نەخـتێك ئاسایشـی پێـدەوێ، لـەو کاتـەدا شۆڕشـی چـوارەمی کـورد تەقییـەوە). (جـەلال بـەیار ئەو بەیاننامەی خوارەوەی بۆ هێوربوونەوەو دامەزرانی خەڵکەکـە بڵاوکـردەوە). (ئـەی دانیشـتووانی دەرسـیم ئەگەر چەکتان فڕێ بدەن، ئـەوا باوەشمـان بـۆ کردوونەتەوە و لێبوردنمان زۆرە، دەنا تووڕەبوونمان زۆرترە. هەڵبژاردن بە دەستە خۆتانە). (ئەو بەیاننامەیە لە (٢٨) مایسی رابردوو دەرچوو بـوو) بـرازایەکانی سـەید ڕەزا: حوسـێن و حەسـەن خـەلیل ئاغـا، سـەرۆکی خێـڵی یوسـوفان، فەرتێك ئاغا کە بە سەرۆك هەڵیانبژاردبوون سوور بوون لەسەر چالاکیی خۆیـان و داوای ئازادییـان دەکـرد، بـۆ دەسـتەبەرکردنی ئەو داخوازییانەش لەسەر بەرگـری کـردن بـەردەوام بـوون). (کوردسـتان لـە جۆشـدا بـوو، پێشمەرگە لەهەر لایەکـەوە، لـە عیراق و ئێران و جەزیرە را دەهاتن و لەشکریان ڕۆژ بە ڕۆژ بەهێزتر دەبـوو). (ئایـا کوردەکـان: دەتوانـن هـەتا دوایـی بەرگـری بکـەن و بەرسـنگی هێـزەکانی جـەلال بـەیار بگـرن، کە بە ناوی مەشق کردنەوە ڕەوانەی دەڤەرەکانی

دەرسیمی کردبوون، ئەو هێزانە پێك هاتبوون:
١- هێزی ئاسمانی (فڕۆکە).
٢- هێزی خۆشبەز (سەیارە).
٣- سێ لەشکری پیادە.

شۆڕشی کورد دیسان بەروبووم نادا، بەڵام تۆوەکەی هەر دەمێنێ. سەرکردەکانی ئەمڕۆ یەك لە دوای یەك دەکەون، بەڵام سەرۆکی دیکە دێنە جێگایان و شۆڕشی کورد درێژە بەخۆی دەدا).. ڕۆژنامەی (ئەلقەبەس)ی عەرەبی، کە لەپێشدا لە بەرهەمەکەی پێشوومدا ناوم هێناوە، لەگەڵ ڕۆژنامەی (لا-ئوریەنت)ی فەرەنسی، گوتبوویان کوردەکان ورەیان بەرزە. دەبینین کاربەدەستانی ڕژێمی تورکیا لە ئەنقەرە ئەو هەموو لەشکرەیان بۆ سەر دەرسیم ڕەوانە کرد. هەروەها زاناترین ئەفسەری کردبووە فەرماندەی هێزەکانی و گەورە پیاوەکانی تورك هاتبوونە دەڤەرەکانی دەرسیم، تاوەکو لە نزیکەوە چاودێریی جەنگەکە بکەن. دەرسیمییەکان سێ ساڵان لەگەڵ ئەو هەموو هێزانەی تورکیا بەرگری و شەڕ دەکەن و یارمەتییان لە هیچ لایەکەوە بۆ نایەت. لە کۆتایی ساڵی ( ١٩٣٧) دا، شێخ عەبدوڵای برای شێخ سەعیدی نەمر لەگەڵ چەند جەنگاوەرێکی پەناهەندەی دیکەی کورد لە سووریا بۆ دەرسیم بەڕێ کەوتبوون. لە ڕێگادا لە نزیك دیاربەکر بەسەر مەکۆی تورکاندا کەوتن و هەموویان لە وێندەرێ کوژران و لەناو چوون. لە دەڤەرەکانی دەرسیم، مانۆرو مەشقەکانی سەربازیی ڕژێم بە هەموو توندییەکەوە، درێژەیان پێدراو، هۆزەکان دەست بەسەر کرابوون وەکو: کەرەبال، فەرهاد و پیلۆڤانك و بەجارێ لەناو بردرابوون و سەرۆکی هۆزەکان: محەمەد عەلی کانگوزادە و جەمشید عەلی شێر ئاغا زادە، لەسەر پردی مستەفا پاشا و لە شەقامی هۆزات درابوونە بەر ڕستەی تفەنگان. ژن و منداڵ و پیرو کاڵی ئەو خێڵانەیان لە کادێنان کردبوون و ئاگریان تێبەردا بوون. هەروەها هۆزەکانی پیلڤانك و ئەباسی ژێری کە لەبنەڕەتەوە لەگەڵ ڕژێم هاوکارییان دەکرد، بە ژن و پیاو ورد و درشتەوە بە بتوونی لە نهال و گەلییەکانی ئێن و ئینجیگا ( Inciga Inve)یان کۆ کردبوونەوە و نەفتیان پێدا کردبوون و ئاگریان تێ بەردابوون و

بـبوونە ڕەژوو، شـەوێکی تورکـەکان بـە تفـەنگی خۆهـاوێژ و تۆپـان هەڵمـەتیان بـردبووە سـەر دێـی خـەچ لـە ناوەڕاسـتی هـۆزی شـێخ محەمەدان، وردو درشتیان کوشـتبوون و کەسـێك ڕزگـاری نەبـبوو، هـەروەها کوردەکـانی ناوەڕاسـتی هـۆزات لەگـەڵ سـەیدەکانی خەڵکی کەرەجە، لە نزیکی بنکەی پۆلیسی هۆزات، هەموویان بەتێکـڕایی دابوونە بەر تفەنگان و کوشتبوویان، تا گەیشتبووە ئەو ڕادەیەی چاوی پیرەکانیـان بـە قەمـە کوێـر کـردبوو و دەرهێـنابوو. خێڵە چەکدارەکان، خۆیان لە ڕەوەزە شاخەکان نابوو تاکو خۆیان بپارێزن، بەڵام لەبەر ئاگری تۆپان و بۆمباران کـردنی فـڕۆکان پەکیان کەوتبوو هەراسان ببوون، ئەگەرچی لە ناوچەی مەزگەرتدا خێـڵی کورەیشـان چـەکیان دانـابوو، بـەڵام ورد و درشـتیان دابوونـە بـەر قەمان و زگیـان هـەڵدڕی بـوون و لـەناویان بـردبوون. هـەزاران کیـژ و ژنـی گـەنجی کـورد، لەترسـی لەشـکری تورکـی دڕنـدە خۆیـان هاویشتبووە، ناو ڕووبارەکانی (مونزور، فـرات، مـوراد)و خۆیـان لـە دەسـتی تورکـان ڕزگـار کـردبوو، ڕووسپێتیی خۆیان و نەتـەوەی کوردیـان پاراسـت بـوو، لەبەر هەندێ چەند ڕۆژان لاشە پیرۆزەکانی ئەو بەلاگێـرە گیانلەسەردەسـتانە بەسـەر ئـاوی ڕووبارەکـانی کوردسـتاندا، دەچـوونە خـوارێ و کەسـیش نـەبوو، بیانگرێتەوە و بیاننێژێ. لە لایەکی دیکەشەوە، تۆپ و بۆمـبای گـازی ژەهـراویی فـڕۆکەکان، تـەم و مژێکـی زۆریـان لـە ناوچـەکاندا پەیدا کـردبوو، بەشـێوەیەکی وەهـا، کـە هیـچ زینـدەوەرێکی لـەو جێگایانە نەهێشتبوو. سـەختترین و دڵتەزێـنترین ڕۆژ، لـە مێـژووی دەرسـیمدا مانگـەکانی: ئەیـلوول و تشرینەکان بوون لە ساڵی (١٩٣٨) دا. ئافرەت و کچە کوردی دەرسیمی بۆ ئەوەی نەکەونـە بەردەسـتی دڕندەکانی تورکان، چین بە چین خۆیان لە هەڵدێر و ڕەوەزە شـاخەکان فڕێدەدایە خوارێ، یان خۆیان بە تفەنگ دەکوشت و بەرەو پیری مەرگ دەچـوون. هـەر بەوشـێوەیە هـەزاران خوشـکە کـورد، لـە پێناوی شەرەفی کورد و کوردسـتاندا، بەڕووسپیاتی خۆیان لە ڕەوەزەکانی گەلی ئیکسور فڕێدابووە خوارێ و گیـانی پاکیـان بـە خـاکی کوردسـتان سـپاردبوو. بـەم شێوەیە فەتۆی کیژم، لە تەمـەنی چـواردە سـاڵیدا، لەگـەڵ ئـەو بەچـکە شـێرانەدا خوێـنی خـۆی بەخشـییە کوردستان.

لەناو شارو دێهاتەکاندا، بەنیوەی شەو، دڕندەکانی تورك، بەچکەی کوردیان لە ماڵان دەردەهێنا، بەشێوەی جۆراو جۆر لە کۆڵیان دەکردنەوە. هەروەها سەربازە گەنجەکانی دەرسیم کە لە ساڵی (١٩٣٧)دا لەسەربازی وەرگیرابوون و هەر لە ژێر ئالآی سەربازیدا بوون، یەك بەیەك کۆیان دەکردنەوە و دەیان دانە بەر رستەی تفەنگان. لەگەڵ ئەو کەسانەدا خدری برام، کە لە بارەگای فرۆکەی دیار بەکر نووسەر بوو بەدەست بەسەری هێنابوویانە ناوەڕاستی دەڤەری پەرتەك و لەگەڵ برایەکانی دیکەمدا: رەزا و ئیسماعیل هەرسێکیان لەجێیەکدا کەپێی دەڵێن نیسك گوللە باران کران. هەر سێ لەشکر هێرشیان بردبووە سەر دەرسیم و تاوەکو لەکاتی شەڕکردنی دەڤەرەکە گەیشتبوونەوە یەکدی، هەر کەسێکیان دەستگیر کردبوو، یان چەکی دانابوو، ژن و پیاو، نێرو مێ، هوردو درشت لە (١ تا٧٠) ساڵی، هەر هەموویان دابووە بەر رستەی تفەنگان. زیندوو مردوو هەر هەموویان بێ سەرو شوێن بوون و زیندە بەچاڵ کرابوون، رژێم دەستی بەسەر ماڵاتی دێهاتەکاندا گرت و بەسەر لەشکران دابەش کران. سەنگایی جەنگ لە دەڤەرەکانی هۆزات، چیمیشکەزەك، ئۆڤاجك و مەزگەرد بوو، ئەو دڕندایەتی و خوێنڕژتن و کارەساتەی لەو ناوچانە کران، لە مێژووی جیهاندا لە کەم جێگادا رووی داوە.
سەرکردەی لەشکری تورك لە ئەرزروم، تۆفیق پاشای ناودێر بە دەی باوکم لە گۆڕەپانی جەنگدا رەخنەی لە کردەوەی سەربازان گرتبوو و داوای لێ کردبوون کە بەپێی رەوشی مرۆڤایەتی لەگەڵ خەڵکەکە بجوولێنەوە. لەبەر ئەو هۆیە لە دەرسیمدا بەدەست بەسەری بردیانەوە ئەنقەرە و درابووە(دادگای سەربازی)، هەروەها نموونەیەکی دیکەی لەو بابەتە: یەکێ لە ئەفسەرەکانی ئەو لەشکرە، ناوی خەیری بوو، کە بە دووربین تەماشای کاروانی دەرسیمییان دەکا چۆن دەیاندەنە بەر ئاگری مەترە لۆزان، کە دیتبووی کۆرپەی ساوا لە باوەشی دایکیا گوللەی پێ دەکەوێ و دەکەوێتە خوارێ، ئەو وێنەیە کار لە مێشکی دەکا چونکە وای زانی بوو یەکێ لەو کۆرپانە، کۆرپەی خۆیەتی. لەبەر هەندێ هەر لەجێدا لەخۆ چوو بوو و بەربووەو نیشانەی (شێتایەتیی) لێ بەدیارکەوت و لە سنووری جەنگی کێشابوویانەوە. لێرەدا شێت بوونی ئەفسەرێکی تورکیا لە هێڵی جەنگدا چاکترین

نیشانەیە بۆ روون کردنەوەی درِندایەتیی لەشکری تورك ئەو تاوانانەی سەبارەت بە نەتەوەی کورد کردوویەتی. هێزەکانی تورکیا لەبەر بەفرو سەرمای زستان نەیان دەتوانی هەڵمەت ببەنە سەر خێڵەکانی: بامەسوران، هورمەکان، شەیدان، ئیزولان، هیران، بالابان، کۆزیجان و هۆز و خێلآتی دەڤەرەکانی: پلومەرِ، نەزمییە و ئەرزینجان. لەبەر ئەو هۆیە هێزەکانی تورکیا بریاریان دابوو کە پاشەکشە بکەن و تەنها لە هەر بنکەیەکدا دەستە سەربازێکی بچووك بەجێ بهێڵن. خێزانێکی زۆری کوردان، لەسەرمان و لە برسان لە شاخەکان هاتبوونە خوارێ و نزیکی شارەکان ببوونەوە، ئەوجا لەشکری تورکیا خرِی کردبوونەوە و هەموویانی بە پەت و کندرِ بەستابووەوەو دابوویانەنە بەر گوللەو هەموویان رشاندبوون و لە کۆلێیان کردبوونەوە. جەنگاوەری کورد بەنا ئومێدی و پەراگەندەیی لە ئەشکەفتان دامەزرابوون، شەرِی دوا هەناسەیان دەکرد. رۆژنامەی (ئیستقلال- ئەل- عەرەبی) لە ژمارەی (٣١٣٧)ی دا لە (٦/ئەیلول/١٩٣٨) دا ئەو پەیامەی لە شام بلآوکردۆتەوە:

(**لەکێوەکانی دەرسیمدا**)..

**تەرابلس:** ئاژانسی عەرەبی، رادەگەیەنێ: لە کێوەکانی دەرسیمدا ئاگری شۆرِش درێژەی پێ دراوەو جار وایە دەکوژێتەوە و جاریش هەیە بلێسەی بڵند دەبێتەوە. هەژدە رۆژ لەمەوبەر چەند جەنگاوەرێکی کورد، لەناو ئەشکەفتێکدا لە لایەن لەشکری تورکەوە گەمارۆ درابوون، جەنگاوەرەکان لە دەرگەی ئەشکەفتەکەدا بەنیازی چەك دانان ئالآی سپییان هەڵکردبوو، تورکەکان داوایان لێ کردبوون کە لە ئەشکەفتەکە بێنە دەرەوە ئیدی هەندێك لە جەنگاوەرەکان دەرچووبوون و سەرکردەکەیان کە تورکەکانی دیتبوو، فەرمانی پێ دابوون ئەوانی دیکەش لە ئەشکەفتەکە بێنە دەرەوە و لەگەڵ فەرمانی دووەمدا هەڵمەتیان بردبووە سەر تورکان و ئەوی کوژرا، کوژرا و ئەوانی دیکەش هەلآتبوون. بەو جۆرە خۆیان لە گەمارۆدان رزگار کرد بوو. ئەوجا ئەو رووداوە وا رادەگەیەنێ: ئەگەرچی لەشکری کورد، هێزێکی وەهای نەماوە، بەلآم جەنگاوەری کورد بە پەرت و بلآویش بێ هەر شەرِدەکا. چونکە ئەگەر بەدیل بگیرێ ئەنجامی خۆی دەزانێ.

ئەوجا لە پاش کۆتایی هاتنی جوولأنەوەی سەربازی، سەرۆکی ئەو هۆزانەی پەنایان بردبووە بەر رژێم لە دەڤەرەکانی پلومەر و کۆزیجان هەموویان رەوانەی ناوچەکانی رۆژئاوای تورکیا کران. رژێمی تورکیا بۆ ماوەی دە سالأن ناوی لەو جێگایانەی گۆڕەپانی شەڕ بوون نابوو ناوچەی قەدەغە کراو، هەروەها دەوروبەری ئەو دەڤەرانەشی ناو نابوو ناوچەی جێنشین. لێرەدا لەسەر فەرمانی عەبدولاّ پاشای ئەلّپ دێی مەمیکان کرابووە شار کە دەکەوێتە سەر خالّی تێکەلّ بوونەوەی رووباری مونزور لەگەلّ رووباری پاهی لە شارۆچکەی تروشمەك و لە ناوچەی مەزگەرد. لێرەدا زۆر بنکەی پۆلیسییان دروست کرد، ئەو گوندەش بە سەنتەری تونجەلی دانراو، ناویشی لێنرا کالان. چونکە تورکەکان وایان دەزانی وشەی کالان وشەیەکی تورکییە، بەلاّم کالان وشەیەکی کوردیی بەڕێ و جێیە چونکە (کال= واتە پیر) (ئان= بۆ کۆمەلّ دەگوترێ) کەواتە (کالان بە پیران) دەگوترێ و ئەوەش وشەیەکی کوردیی بە (دایك و باوکە) و تورکی نییە. لێرەدا بەدەردەکەوێ کە ئەلّپ دۆغان نەیزانیوە ئەو ناوەی لە دێیەکەی ناوە، هەر کوردی بووە. لە تەشرینەکانی سالّی (١٩٣٨) دا، پەردەیەکی رەش بەسەر مێژووی شۆڕشی دەرسیمدا کشێندرا و تێیدا نووسرابوو، دەرسیم دۆڕاندی، رژێمی تورکیا بەفێلّ و نامەردی، بەو هێزە گەورە و تفاق و کەرەستە دروستانەوە، شەڕێکی دڕندانەی لەگەلّ جوامێرەکانی کورد دەکرد. بۆمبای گازی ژەهراویی بەسەر ژن و مندالّی بێ دەستەلأتی دەرسیمی فڕێدەدا. ئا ئاوا رژێمی تورکیا دەستی بەسەر کەلاوەی دەرسیمی دۆڕاودا گرت بەبێ رەچاوکردنی هیچ یاسایەکی مرۆڤایەتی. رژێمی تورکیا نیازی وابوو دەرسیم بکاتە تورك، بۆ ئەمەش چەند قوتابخانەیەکی لە هەندێك جێگا کردەوە تاکو مندالّی کورد بە تورکی بخوێنن و قسەکردن بە کوردی قەدەغە کراو هەر مندالّێك بەکوردی قسەی بکردبایە، چوار رۆژ لە قوتابخانەکەی دەست بەسەر دەکرا. لەو سەردەمەدا مندالّە کوردەکانیان فێردەکرد کە بلّێن باپیرە گەورەیان تورك بووە. باوکیان بەهەلّە بوونەتە کورد و پەنجەی بێگانە فێری کوردایەتییان دەکا. خەلّکی دەڤەرە دوورەدەستەکان لە هەموو پێویستییەکی ژیان بێ بەش بوون، بەتایبەتی خواردن و جل و بەرگ و جێگا.

لەسۆنگەی ئەمەوە بە برسیەتی و لەسەرمان بەکاوەخۆ بەرەو پیری مەرگ دەچوون. رژێمی تورکیا لەسەرەڕێ و دەربازەکاندا نەبێ، لە دەڤەرەکانی دەرسیمدا پردو رێگای نەدەکردەوە. بەهیچ جۆرێك دەستی یارمەتیی بۆ پێشکەوتنی کشت و کاڵ– ئابووری درێژ نەدەکرد لە کوردستاندا. ئیتر ئەو کەسانەی بە لوولەی تفەنگ نەدەکوژران، بەبرسێتی و شپرزەیی، بێ رێ و جێ، بە بەکۆمەڵ کوشتنێکی سپی لەناوی دەبردن و کۆرپەکانیان دەکردنە تورك. لەگەڵ ئەو هەموو پیلانە نامەرد و نامرۆڤایەتییانەی تورك، هێشتا دەرسیم شێوە زمانی زازایی خۆی و پیشەی خۆی لەبیر نەچۆتەوەو رژێمی کۆماری تورکیا نیازی وابوو: نەتەوەی کورد کە چەند چەرخ لەمەوپێش لەو ولاّتەدا دەژی دەر بکا، بەڕووت و قووتی و برسیەتی و پەرێشانی لە دەرسیم شار بەدەرو ئاوارەی شارەکانی رۆژئاوای تورکیای بکا. ئەو کاروانە ئاوارانەی بەزۆری لە ژن و منداڵ پێك هاتبوون هەر لەرێگا دەتوانەوەو تاوەکو دەگەیشتنە کەنارەکانی دەریای ئیجە لە برسان وشك دەبوونەوە، ئەو ئافرەتانەی بە زیندوێتی دەمانەوە، بەکۆیلەیی بەسەر ماڵە تورکاندا بلاّو دەکرانەوە. ئەو ئاوارانەی رەوانەی رۆژئاوا کرابوون، پاش دە سالاّن، کەواتە لە ساڵی (١٩٤٨) دا هێنابوویانەوە دەرسیم، بەلاّم لەو کاتەشدا رژێم هیچ یاریدەیەکی نەدابوون. بەسەرمای زستان، بێ خواردن و جل و بەرگ، لەناو کێوەکاندا فڕێدرابوون، هەروەکو بۆ جاری دووەم ئاوارە بکرێنەوە، وابوو. لێرەدا راستترین پەیام لەبابەت کێشەی ئەو کەسانەی لە ئاوارەیی گەڕابوونەوە دەرسیم و پەرێشان بوونیان، با لەدەمی رۆژنامەنووسێکی تورك ببیستین: ئوسمان مەتە (Osman Mete)، یەکێك بوو لە نووسەرانی رۆژنامەی (کەڕەتی– دوایی) (Son Posta) کە لە ئەستەنبوڵ بە زمانی تورکی دەردەچوو، لەو لێکۆڵینەوەیەی لە ساڵی (١٩٤٨) دا لە دەرسیم کردوویەتی، نووسیویە: (چوومە تونجێلی (Tunc Eli)، ئێرە دەرسیمی کۆنە، بێ کەس، بێ هەست و خوستە، لەناو دانیشتووانەکەدا گەڕام، لە کالانە تاوەکو کێوەکانی ئەرارات، قسەم لەگەڵ دانیشتووانی ئەو دەڤەرانە کرد. تێگەیشتم کە لە (تەحسیل دار و جەندرمە) زێتر فەرمانبەری رژێمیان نەدیتبوو. دێهاتەکان گەڕام، هەر گوندێك لەسەر (٥ کم٢) زەوی بنیات

نراوە، هەرماڵێك لەسەر گردێكی گچكە دروست كراوە. نیازم وابوو لەگەڵ ئەو مرۆڤانە گفت و گۆ بكەم. بەداخەوە دەرسیم هیچ نیشانەیەكی كۆنی تێدانەماوە، چونكە تونجێلی (دەرسیمی كۆن) لە سەدەی پێنجەمیندا دەژی، ئەگەرچی لەناو سنووری توركیا –دایە، بەڵام هیچ نیشانەی سەدەی بیستەمی پێوە دیارنییە، لەبەر ئەوە زۆر دڵگیرو كزبووم و سەرم لەگەڵی سوورِا..). ناوەڕاستی تونجێلی، كالانە كە هەر پەنجا خێزانێك دەبێ و لەسەر كەناری رووباری مونزور دامەزراوە و ئەو گەرووەش هیچ جێگا و شوێنێكی پاكی تێدانییە و ساڵانە (٣) ملیۆن لیرە لە كالان بزر دەبێ. ئەوجا كە پرسیم لەبەر چ ئەو دێیە لە جێیەكی وا ناهەموار دامەزراوە..؟ وەڵامیان دامەوە: لەپاش پاكژ بوونەوەی دەرسیم لەو كارەساتەی بەسەریدا هات، نەخشەی ئاوەدان كردنەوەی ناوەڕاستی پارێزگاری دەرسیم، درایە دەست عەبدوڵا پاشا، ئەگەرچی پسپۆرەكانی ئەو كاتە پێیان گوتبوو: گەورەم لێرەدا شار دروست ناكرێ، چۆن پارەی بۆ تەرخان دەكرێ..؟ پاشا هەر لەسەر ئارەزووی خۆی پێ گیرببوو. لێرەدا خەڵكەكە مەڕو بزن بەخێو دەكا، بەتایبەتی ئافرەتان دەخولێنەوە و پیاوەكانیش بەبێ ئیش و كار روونیشتینە، زانست نەچۆتە ئەو شوێنانە، چونكە قوتابخانەیان تێدا نییە. سەرژمێرییان بۆ نەكراوە و ناوونیشان و دەفتەری نفووسیان نییە هەروەها دكتۆری تێدانییە و ناشزانن دەرمان چییە. لەنێو دێیەكاندا رێگا نییە و هەركەسێك، تەحسیلدار یان پۆلیس بە رژێم دەزانێ و لەو ناوەشدا، لەسەد هەزار كەس پتر دەژی و رژێمی خۆمان لەو نامرۆڤایەتییە بەرپرسە، چونكە ئێمە هەر شت لە دەرسیم وەردەگرین، بەڵام هیچ شتێك بە دەرسیم نابەخشین، هەروەها مافی ئێمەش نییە بەردەوام ئەو بەرپرسیار بوونە هەڵبگرین.

ئەو راستییانە بە قەڵەمی نووسەرێكی تورك بڵاوكراونەتەوە، ئەوە هەست و لێكۆڵینەوەی كوڕە توركێكە لەبارەی ئەو تاوانانەی لە لایەن كاربەدەستانی توركیاوە سەبارەت بەناوچەكانی كوردستان كراون بەو ناوەی كوردستان دەگەیەنەتە رۆژی روناكی شارستانی. ئەمەش زیندووترین نیشانەیە بۆ راوە رووت و دزی كردن و تاڵانچیاتیی توركان.

دە ساڵان لەپاش کۆتایی پێهاتنی جووڵانەوەی سەربازی لە دەرسیم رژێمی تورکیا بەیاننامەیەکی بڵاوکردەوە کە ساڵانە سێ ملیۆن لیرە تەرخان کراوە بۆ چاککردنەوەی ناوەڕاستی شاری دەرسیم، بەڵام لەو پارەیە، لیرەیەك چییە بۆ دەرسیم خەرج نەکراوە و رووی دەرێی ئیشەکەش تەنها بۆ خۆڵ لەچاوکردنە و هیچی تر نا.

## پرسیارێك لە کاربەدەستانی تورك دەکەین

### ئایا لە کارەساتی کوردستاندا کێ دۆڕاندوویەتی؟

هیچ تورکێك نییە کە نەزانێ: کوردستان سنوورێکی گرنگە بۆ تورکیا، لەهەر رووداوێکی گەورەدا، جەنگاوەری کورد بەهەموو دڵەوە چوونەتە هاوکاریی تورکان. وەك لە جەنگی (٩٣) و لەشەڕی بەلقاندا. بەو دواییەش لە شەڕی فەرەنسی- ئینگلیزی کورد هاوکاریی تورکیان بەراست و دروستی کرد. لەکاتی شەڕی ناوخۆی تورکیادا، لەپێش هەموو شتێك مستەفا کەمال هانای هێنابووە بەرهۆزە کوردەکانی ناوچەی ئەرزروم. سەرکردەکانی کورد بە هەموو دڵەوە، بەڵێنیان پێ داو هاوکارییان کرد. لەم سۆنگەیەوە مستەفا کەمال توانی بناغەی رێکخستنی لەشکری نەتەوایەتیی تورکیا دابنێ، ئەوەش راستییەکی مێژوویییە و هەموو تورکێکی شەریف دەیزانێ. بەرانبەر بە هەڵمەتی هێزەکانی یۆنانی و بۆ پاراستنی یەکێتیی خاکی تورکیا و بۆ دابین کردنی مافی نەتەوایەتی لەراست بێگانان، هەمیشە کوردەکان هاوکارییان لەگەڵ تورکاندا کردووە. هەروەها لە شەڕی مردن و ژینی تورکاندا هەمیشە رۆڵەی کورد بە هاواری تورکانەوە چوون و دەستیان گرتوون. هەروا لە مێژووی رووداوەکانی تورکیادا نووسراوە، کە چەند جار نوێنەرانی کورد پیلانی لەناو بردنی مستەفا کەمالیان، ئاشکرا کردووە و رێگایان نەداوە ئەنجومەنی ئەنقەرە پەرتە بکا و بچێتە قەیسەری یان سیواس.

لێرەدا پێویستە بڵێین هەر نوێنەرە کوردەکان بوون هەستی ئەنجومەنی

گەورەی تورکیان بەرز کردەوەو نەیانهێشت بڕووخێ هەروەکو: حوسێن عەونی نوێنەری ئەرزروم و حەسەن خەیری و ئەحمەدی دامیزی نوێنەرانی دەرسیم و شاهین بۆزان بەگ، نوێنەری هۆزی بەرازی لە ئورفە و لەگەڵ نوێنەرەکانی شارەکانی: پالۆ، ڤان، بەدلیس، دیاربەکر، مەلاتیا و بەسنی. هەر هەموویان هەوڵیان داوە لە پێناوی ئازادیی تورکیادا. لێرەشدا بۆمان روون دەبێتەوە کە: (پێویستە دان بەوە بنێین کە ئەو نوێنەرە کوردانە، مافی نەتەوایەتیی نیشتمانیی کوردیان بەلاناوە لەکاتی شەڕی مردن و ژینی تورکاندا، تەنها بۆ مافی تایبەتیی تورکان هەوڵیان داوە. لەبەر ئەوە پێویستە کۆماری تورکیا ئەو برایەتییە جوانەی کورد لەبیر نەکا، کە لە کاتی تەنگانەدا ئەو هەموو چاکەیان لەگەڵ تورکاندا کردووە. ئایا کۆماری تورکیا چۆن چاکەی نەتەوەی کورد پڕدەکاتەوە..؟ ئەو پرسیارەش بەجێ دێڵین و با مێژووی نزیك وەڵامی بداتەوە! راست و پاکیی کورد بەفێڵبازی و بە کۆمەڵ کوشتن و ئاوارەکردن وەڵام درایەوە! لەباتی گچکەترین مافی نیشتمانی بۆ کوردان دابین بکرێ و ئاگر و ئاسن و کوشتن و تێهەڵدان و دەربەدەری بۆ رەچاو کرا، داخوا کۆماری تورکیا ئەو تاوانانەی بەرانبەر بە کوردان بەرەوا دیتووە..؟ داخوا ئەو لکەدارەی تورکیا لەسەری راوەستاوە هەر بەخۆی نەیبڕییەوە..؟ ئایا براکوژی بە کۆمەڵ لەسەر خەزێنەی تورکیا بەچەند ملیۆن لیرە وەستاوە.؟ بێگومان ئەو بارە گرانە دەکەوێتە سەرشانی جووتیاری تورکیا، چونکە ئابووریی کوردی، کاریتەی پشتی ئابووریی تورکییە. رژێمی تورکیا، ساڵی بایی چەند ملیۆن پارە، مەڕ و بزن و چێل و گا و وڵاخی بۆ وڵاتانی دەرەوە لەگەڵ خوری و موو و پێستە و رۆنی بۆ یۆنان و سووریە و فەلەستین رەوانە دەکرد. هەروەها دارو رەژوو و شتی دیکەشی بۆ شارەکانی رۆژئاوای تورکیا رەوانە دەکرد. ئیتر چی بڵێم ساڵانە لە کوردستاندا: بارای (١٥٠٠) مێگەل مەڕ بەس بۆ سووریە و فەلەستین رەوانە دەکرا. ئەگەر هەر مێگەلە مەڕێك (٥٠٠) سەر مەڕ بوو بێ، دەکاتە یەك ملیۆن سەر رەوانەی دەرەوەی وڵات دەکرا، بەڵام ئێستاکە تەنها (١٠٠) مێگەل مەڕ رەوانە دەکرێ، ئەوەش زەرەرێکی گەورەیە بۆ ئابووریی وڵات.

## کێشەی کۆمەڵایەتی و مەعنەوی

ئەو تاوان و بێ ڕێزییەی لەراست نەتەوەی کورد کراوە و ئەو کارەساتەی بەسەر نیشتمانی کورددا هاتووە، برینێکی وەهای خستۆتە دەروونی هەر بەچکە کوردێکەوە، کە بە گۆترە بنی نایە و سارێژ نابێتەوە.

ئەورۆ سبەینێ یان لە داهاتوو، رۆژێك دێ رۆڵەی کوردی بە شەرەف، لەو رۆژە رەشەی بەسەر نەتەوەکەیدا چەسپاوە، بکۆڵێتەوە و تۆڵەشی وەربگرێتەوە.

نیشتمانی کوردستان سەردەمێك زۆر جوان بوو، ئێستاش بۆتە کەلاوە و هێلانەی کوندە بەبۆ. ئەوانەی تێیدا دەژین، سبەینێ، یان لە داهاتوودا، کە لێی ورد دەبنەوە، لەدەنکە خۆڵێکی خاکی باپیراندا، خوێنی باپیرە گەورانی خۆیانی تێدا دەبینن، زیڕەی کیژ و ژنی کورد، لەگوێیدا دەزرینگێتەوە، کە خۆیان لە هەڵدێران فڕێدەدا، خۆیان دەهاویشتە ناو رووبارەکان، بۆ ئەوەی خۆیان لە دەست دوژمن بپارێزن و هەستی نەتەوەی کورد بە پاك و خاوێنی رابگرن، بەو نیازە بەرەو پیری مەرگەوە دەچوون ئەگەرچی ئەوانەی پەناهەندەن لەناو بێگانان، هەموو رۆژێ تنۆك تنۆك دەتوێنەوە، بەلاَم یادی نیشتمانی خۆیان هەر دەکەنەوە و کوردایەتی نامرێ و رۆژێك لە خەوێ هەڵدەستن و وڵاتی باپیرانیان لە دەستی دوژمنی تاوانبار رزگار دەکەن و بەسەربەستی تێیدا دەژین و بە ئامانجی خۆیان دەگەن. ئەوجا لێرەدا پێویستە رژێمی تورکیا بزانێ: گەورەترین زەرەر کە ئێستاکە تورکیا دەیبینێ و لە داهاتووشدا دێتەوە بەر چاوی. لەو رۆژەدایە، کە نەتەوەیەك نایەوێ بمرێ و پرسیاری لێ دەکا و وەلاَمی لێ دەخوازێ و دەکۆڵێتەوەو یەك و دووی لەگەڵ دەژمێرێ..

## هیوادارییەك لەسەرکردایەتیی

### کۆمەڵانی خەڵکی تورکەوە

بۆ چارەکردنی ئەو ئەنجامە ترسناکەی لە پێشدا پیشانم دا، لە درێژەپێدانی ئەو رۆژە رەشەی لەپێشدایە، لەدەست پێشڕەوەکانی کۆمەڵانی خەڵکی تورکدایە.

ئەگەر نەتەوەی کوردیش، مافی نیشتیمانیی بۆ دابین بکرێ، ئەوا پەردەی لە بیرکردن بەسەر تاوانەکانی تورکیا دادەدرێ و دادەپۆشرێ، هەروەها ڕێزی

شارستانیەتی و مرۆڤایەتیی لێ دەگیرێ. ئەوە تاکە ڕێگایە بۆ خۆشی و ئازادیی هەردوو لایان.

هەر کەسێکی تورك ئەو ڕاستییە بزانێ، پێویستە ڕێز لە هەستی نیشتمانیی کورد بگرێ و ئەوەش بۆ هەردوو لایان، کورد و تورك، سوودی دەبێ. بەپێچەوانەوە، کوردستان تێدەکۆشێ و شەڕیش دەکا بۆ بەدیهێنانی ئازادی و سەربەخۆیی. چونکە کوردستان وەکو ئەو وڵاتانەی ئیمپراتۆریای عوسمانییان لێ پێکهاتبوو:

بولگاریا، یۆنان، ئەرناووت، سربیا، ڕۆمانیا، وڵاتانی عەرەبی بەچ ڕێگایەکی مێژووییدا ڕۆیشتن، تاوەکو گەیشتنە ئامانجی خۆیان، کوردستانیش هەر بەو ڕێگایەدا دەڕواو دەشگاتە ئامانجی خۆی. ئەو کاتە کوردستان دەبێتە دراوسێی نەتەوەیەکی دوژمن نەك دۆست. ئێمە ئەو ئەنجامەمان ناوێ، بەڵکو دەمانەوێ بەشێوەی کۆنفدراڵی بێ و ڕێکخراوێکی یەکگرتووی نەتەوەکانی ڕۆژهەڵاتی نزیك بێ.

ئیتر ئەوە ئارەزووی ئێمەیە کە سوودی تورکیشی تیایە، چونکە لەداهاتوودا ناکەوێتە دەستی بێگانە.

پێش ئەوەی تورکەکان، لە ئەنەدۆڵ پەرتە بکەن، لە وڵاتی کورد و ئەرمەن و عەرەبدا دەژیان و ئەو نەتەوانەش دەیانپاراستن و ئەوڕۆکەش، سەرژمێری تورکان لە ڕۆژهەڵاتی نزیکدا لەسەر ژمێری کورد و عەرەب زۆر کەمترە.

وڵاتی تورکان لە بنەڕەتەوە تورکستان بووە، چەند سەدە لەمەوپێش، هاتوونەتە ئەو ناوچانەو لە وڵاتی کوردو عەرەب و نەتەوەی دیکەدا دامەزراون و لەگەڵ ئەوانەدا ئیمپراتۆریایەکی گەورەیان، بەناوی ئیمپراتۆریای عوسمانی دامەزراند، ئەو ئیمپراتۆریەتە وردە وردە گچکە بۆوە تاوەکو سەرژمێری گەیشتە (١٦–١٨) ملیۆن، کۆماری تورکیا لە چەند نەتەوان پێکهاتووە، لەبەر ئەوەشە هەر لەژێر چاودێریی بێگانەدایە.

لە تورکیا بەناوی چالاکیی ڕەگەزی تورکەوە، ڕەگەزەکانی دیکە لەناو بردراون، بێگومان ئەگەر بەراستی لێی بکۆڵینەوە، لەو (١٨) ملیۆن کەسە، بەشێکی کەمی

لە رەگەزی تورکن، بەشە زۆرەکەی لەبارەی شێوەی فیزیۆنۆمییەوە لە رەگەزی کورد و ئەرمەنی و عەرەب و چەرکەس و لاز و رەگەزی دیکەن.

لەگەڵ ئەوەشدا کاربەدەستانی رژێمی تورکیا هیچ کاتێك رێزیان لە مافی نیشتمانیی کورد نەناوە. بەپێچەوانەوە زەفتیان کردووە، هەر کاتێك داوای مافەکانیان لێ دەکرێ بە (بیانووی پەنجەی بێگانەی تێدایە و بە پارەی بێگانان دەسووڕێ) بە ئاگرو ئاسن وەڵامی کوردان دەداتەوە. هەرچەندە هیچ کاتێك نەتەوەی کورد، یاریدەی لە هیچ دەوڵەتێك وەرنەگرتووە و نەبۆتە ماشە بەدەست هیچ بێگانەیەکەوە. ئەگەر بێت و پەڕە کاغەزە نهێنییەکان کە لە دۆسیەکانی رژێمی تورکیادا، شاردراونەتەوە و لەپێش نەتەوەکانی جیهاندا بپشکنرێن:

ئەو تاوانانەی کە تورکیا سەبارەت بە کورد کردوونیەتی دەردەکەوێ. هەر چەندە لەراست نەتەوەی کورد تاوان کراوە و خوێن رشتراوە، بەڵام دەوڵەتانی جیهان بە گەورە و گچکەوە هیچ یەکێکیان دەستی یارمەتییان بۆ کورد درێژ نەکردووە. ئێستا، کورد لە خەوی گرانی ساڵانی رابردووی هەستاوەتەوە و داوای مافی خۆی دەکا و هەمیشە تێدەکۆشێ و گیانی لەسەردەستە بۆ ئازادیی نیشتمانەکەی. هەر بەچکە کوردێك بەتایبەتی هەست بەوە دەکا کە مافی خۆیەتی، بەسەربەستی و ئازادی لە کوردستانێکی ئازاد و سەربەستدا بژی و ئەگەر ئەو مافانە بە دۆستانەو  بەرێگای راست بە کورد بدرێنەوە ئەوا قازانجی نەتەوەی تورکی تێدایە، ئەو دەمە پێویستە ئەو تاوانانەی کراون لە بیر بکرێن و پەردەی لێبوردن بەسەر رابردوودا بپۆشن.. ئەگەر بەو جۆرە ئازادیی کوردستان دابین بکرێ، ئەوا سنووری رۆژهەڵاتی تورکیا دەپارێزێ.

(لەپێش نووسینەوەی مێژووی مرۆڤایەتی، نەتەوەی کورد لە رۆژهەڵاتی ئەنەدۆڵدا جێنشین بووە. چەندان هێرشی جیهانگیری هاتن و کوردیان پێ لەناو نەچووەو لە ناویش ناچێ) ئەو نەتەوانەی پشتیان بە کورد بەستووە، هەردەم سوودیان لێوەرگرتووە. راسترین نیشانەی مێژوویی ئەوەیە کە لە مێژووی چیرۆکەکانی (یۆنان) دا چیرۆکێ نووسراوە بەناوی گرێی گورتیەن (GORTIEN)ی کورد . لەو چیرۆکەدا: دەڵێ هەر کەسێك بتوانێ گرێی گورتیەنی کورد

بکاتـەوە، هەر ئەو کەسە دەبێتە سەرکردەی جیهان، ئەمەش وا دەگەیەنێ کە هەر کەسێك بـتوانێ دۆسـتایەتیی نەتـەوەی کـورد بـۆ خـۆی دابـین بکـا، دیارە (گرێی گورتیـەنی کـورد) کـردۆتەوە. لەبـەر ئـەم هۆیـە بـووە کـە ئەسـکەندەری گـەورە گەیشتۆتە ئەنەدۆڵ دۆستایەتیی کوردی بۆ خۆی دابین کردووە، لەسەرینی ئەمەوە توانیـبووی هەتاکو هندستان پێشڕەوی بکا. هەرچی یۆنانییەکان بوون بە چاوێکی نـزم تەماشـای دۆسـتایەتیی کوردانیـان دەکـرد، لەبـەر ئـەوە جەنگاوەرانی کورد، پاشایەتیی یۆنانیان لە ئاسیای رۆژئاوا دەرکردبوو، ئێستاکەش لە مێژووی نزیکدا:

(هـەر ئێمـەی کـورد نـین، کـە بـەدرێژایی چـەندین سـەدە سـنووری رۆژهـەڵاتی پاشـایەتیی عوسمانـیمان پاراستووە..؟ بەڵام بەرانبەر ئەو هەموو خوێن بەخشینە چـیمان دیـت..؟ لەناوچـوون، زمانمـان لـە بـیر دەبەنـەوە،. هەستی نیشتیمانیمان بریـندار دەکـرێ، دیـلی و ژێـر چـەپۆکی، بـە کۆمـەڵ کـوژران، دەربـەدەری، هەتا کەینێ..؟)

چەوسـانەوەی نەتەوەکـەمان و کەمایـەتی کردن بەرانبەر بەهەست و ئارەزووی نەتەوەییمان، زێتر ئێمە هان دەدا بۆ بەدیهێنانی ژیانێکی سەربەخۆیی. لەبەر ئەوە نەتەوەی کورد پەیمانی داوە کە سەربەستانە بژی و سەربەستانەش بمرێ.

پێویسـتە نەتەوەی تورك ئەوە بزانێ کە هیچ هێزێك نییە بتوانێ نەتەوەی کورد لـە داواکـردنی مـافی ئـازادیی کوردسـتان سـڵ بکاتــەوە. ئـارەزووی گڕگـرتووی کوردایەتی بە هیچ شێوەیەك ناکوژێتەوە.

ئەگـەر حکومـەتی تورکیا خۆی بەشارستانی دەزانێ و دەیەوێ چارەی کێشەی نەتـەوەی کـورد بکا: هەروەکو وڵاتە ژێر دەستەکانی بەریتانیای گەورە و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا یان وەکو کۆمارە یەکگرتووەکانی سۆڤیەتی، ئەوا دەبێ ئیدارەیەك دابمەزرێنێ، کە بتوانێ مافی رەوای کورد دەستەبەر بکا. رژێمی تورکیا گوێـی نەداوەتـە فـەرمانی راسـت و رەوا، هـەر چـاوی لەوەیە، ئینگلیز و ئەمەریکا هاوکـاریی تاوانـەکانی بکـەن، بـەڵام رۆژێـك دەبـێ هەبوونی نەتەوایەتیی خۆی پێ ناپارێـزرێ و دەکەوێـتە ژێـر دەسـتەڵاتی بێگانـان. ئێمـەی کـورد، نەتەوەیـەکی ئاسـیایین، ئـەو سـەر ئەنجامـە بـۆ تورکـان چـاوەڕێ ناکەین. لێرەشدا ئەمەریکا و

ئینگلتەرە لەوانەیە لە هەر کاتێکدا نیشانی بدەن کە لەناو خاکی تورکیادا کێشەیەکی کوردی هەیە ئەوەش بارێکی گرانە لەسەر شانی تورکان.

بێینە لای خۆمان:

لاوی کورد، بەچکەی کورد ئەورۆ و سبەینێ، بێ وچان و بێ پشوودان تێدەکۆشێ و شەڕ دەکا بۆ ئەوەی پاشماوەی نیشتیمانی کە لە باوکانیان بۆیان ماوەتەوە و لەگەڵ مافی نەتەوایەتی بەهەر نرخێك بێ وەرگرنەوە.

بژی کوردستان، بژی بەچکەی کورد، بژی راستی، بمرێ و بڕووخێ تاوان، خۆپەرستی، ملهوڕی و نەزانین

## بانگەوازێك بۆ لاوان

ئەی رۆڵەی کورد، ئەی رۆڵەی نەتەوەی مەردی چەند سەدە خۆڕاگر لەبەرانبەر تاوانی دوژمن، گوێ بگرە لە من..! گزنگی هەتاوی مرۆڤایەتی بۆ یەکەم جار لە دەریای هیندەوە بۆ قەفقاس و کێوە بەرزەکانی رۆژهەلاتی ئاسیای بچووك و تاوەکو شاخە بەرزەکانی ئاسیای ناوەڕاست بلاو دەبێتەوە و لەنێوچاوانی ئەو نەتەوە سەر بەرزە دەدا کە تۆی لەنێوان ئەو باخچە بەرزانە هێناوە کە لەو کێوانەدان. تۆ رۆڵەی ئەو نەتەوەیەی کە چل سەدەیە تێدەکۆشێ و هێشتا ماندوو نەبووە لە جەنگاوەریدا. هەروەها ژیانی نەتەوەی کورد، پڕی ئێش و ئازارە و تێکۆشین لەسەر هەموومانە تاوەکو بزانین هۆی ئەو ئازارانە چییەو چارەی بۆ بدۆزینەوە.

هیچ نەتەوەیەك وەکو ئێمە شۆڕشی دوورو درێژ و بێ وچانی نەکردووە.

بە درێژایی مێژوو هیچ نەتەوەیەك دۆڕاندنی بە ئێمە نەسەلماندووە.

نێوچەوانی کورد هەروەکو لوتکەی شاخەکان هەر بە بەرزی ماوەتەوە و لە پێش هیچ داگیرکەرێك نەچەماوەتەوە. هەروەها کورد وازی لە شەڕی مردن و ژین نەهێناوە و ملی بۆ دۆڕاندن کەچ نەکردووە، نەتەوەیەکە دەیەوێ بژی و بۆ ژیانیش خۆی بە کوشتن دەدا.

ئەی بەچکەی کورد، ئەی کچە کورد پێویستە جیهان ئاگادار بێ لەو بڕیارەت.

– هەر هەبوونێك بیەوێ بژی، لەسەریەتی شەڕ بکا.

– هەر نەتەوەیەك بیەوێ لەسەر رووی زەمین، جێگایەکی هەبێ، دەبێ شەڕ بکا.
– بناغەی سروشت ئەوەیە و ناگۆڕێ.

هەبوونی کیمیاویی نەمامی و ئاژەڵی هەر ئەوەیە. جەنگ، شەڕکردن، بۆ پاراستنی هەبوونی خۆی لەسەر رووی زەمین، ئەو بناغەیە بۆ نەوەی مرۆڤایەتی بێ وچانی ترە: مرۆڤ بۆ مرۆڤ، رەگەز بۆ رەگەز و نەتەوە بۆ نەتەوە.

هەریەکە بۆ ئەویدیکە، دڕندەیەکە، زانست و مرۆڤایەتی هێشتا نەیتوانیوە، ئەو بناغەیە بگۆڕێ. ئەمڕۆکەش هەر شەڕ پێویستە بۆ ژیان، هەڵاتن و کوڵنەدان و مردن، ئێمەش نەتەوەیەکین مردنمان ناوێ، کورد پەیمانی داوەو بۆ ژیان دەژی.

بە درێژایی مێژوومان زۆر رەگەز و نەتەوە و دەوڵەت هەوڵی داوە کورد بکوژێ و لە مافی ژیانی بێ بەشی بکا، بەڵام سەرنەکەوتن. لە رۆژهەڵات و رۆژئاواوە، لە باکوورو باشوورەوە، هەڵمەتی داگیرکەران بۆ سەر کوردان، لە دامێنی شاخە بەرزەکانی کوردستان تێك شکاون. هێزی گەورە مێژووی جیهانی گۆڕیوە و هەبوونی زۆر نەتەوەی لەبن هێناوە و زۆر نەتەوەش لە مێژوو تێپەڕ بوون. بارگرانیش لەسەر شانی ئێمە هەبووە، بەڵام کورد وازی لە تێکۆشین نەهێناوە. بەرانبەر بە مێژوو سەری بەرز دەکاتەوەو دەڵێ: (من نەمردم و  هەر دەژیم).

مێژووی هیچ نەتەوەیەك وەکو مێژووی ئێمە خوێناوی نەبووە. وڵاتی هیچ نەتەوەیەك وەکو وڵاتی ئێمە نەکەوتۆتە بەر شەپۆلی داگیرکەران و هیچ کەسیش وەکو ئێمە درێژەی بەجەنگ نەداوە و لەهەر کات و سەردەمێکدا هەر چەندە ناهەموار بێ و هەر کاتێك دەستی چەکی گرتبێ سەری دانەهێناوە. ئەگەر هێزی گەورە مەیدانی شەڕی خواستبێ هەردەم کوردیش بە (بەڵێ) وەڵامی داوەتەوە.

ئەوجا هەموو زاناییمان و هەبوونمان نهێنیی داخوازییەکانمان لەگەڵ ئەو وشەیەدا تێکەڵ دەبێ.

ئەی بەچکەی کورد هیوای داهاتووی رەگەزەکەم:

ئەو بەرهەمە بچووکەم! پێشکەش بە تۆ دەکەم

بەچکە کوردێکی دەرسیمی! ئاوارە و دوور لە وڵاتی خۆی و لە هەندەران، برینەکەی خوێنی لێ دەتکێ، تەشەنە بووە، ئومێدی بە بازووی تۆ هەیە لە رۆژی

تۆڵەساندندا، بۆ تۆ.. تەنها بۆ تۆ.. هاواردەکا و گوێی لێبگرە..!

هەزاران کچ و بووکی کورد، بۆ ئەوەی ناموس و شەرەفی تۆ بپارێزن و لەکەداری نەکەن لە لوتکەی بەرزی شاخەکانی کوردستاندا خۆیان هاوێشتە باوەشی مەرگ و هاواریان بۆ تۆ هێنا.

من ئەمڕۆکەش هەر بۆ ئەو کوردە دەگرییێم. لەپێش دەرگای دوژمنی نامەردا هێشتا هەر بەدیلی دەژی. هەردەم نەتەوەکەی دەتوێتەوە، تنۆك تنۆك خوێنی لەبەر دەڕوا و شەرمەزار دەکرێ.

ئەو کەسانەی لە شاخەکانی کوردستان و لە باخچەکان کۆیان کردنەوە و لە خاکی ئەنەدۆڵی وشك و برینگ، لە برسان دەمرن، یان بە قەمان دەکوژرێن، تەنها لەبەر ئەوەیە چونکە کوردن، ئەو کەسانە بە ئومێدی گزنگی هەتاوی تۆن بۆ ئەوەی کوردستان ئاوەدان بکەنەوە.

ئەو کەسانە بۆ تۆ لە یەك وشەدا فەرمانێکی بێ وچان و راسپاردەیەکی گەورەیان هەیە!

## تۆڵە..![*]

– تۆڵە: بۆ پاکژ کردنەوەی ئەو ماکەی لە ناموسی کورد هەڵسوواوە.

– تۆڵە: بۆ کپ کردنەوەی بانگەوازی سەدان هەزار کۆرپەی قەمە لێدراو.

– تۆڵە: بۆ کپ کردنەوەی ناڵینی بووك و کیژەکانمان، کە لە ئاسۆی کوردستان دەنگ دەداتەوە. لەو کاتەی فڕێیان دانە ناو رووباران و دەیان سووتاندن.

– تۆڵە بۆ بەدی هێنانی ئاواتی هەزاران بەچکە کوردی خوێنبەخش، کە لەپێش سێدارە راوەستابوون و هاواریان دەکرد بژی کوردستانێکی ئازاد و سەربەخۆ.

– تۆڵە: بۆ رزگار کردنی وڵاتە وێرانکراوەکەمان (کوردستان).

(*) سۆزو کاردانەوە بەم قسانە دیارە، ئێستا سەردەم سەردەمێکی ترە دەبێت کوردو رووناکبیرانی کوردستان بە زمانێکی دیکە بدوێن، - دەزگای موکریانی.

## قسەیەك

دەرسیم، لە ناوچە هەرە گرنگەکانی کوردستانە. ئەو ناوچەیە سنووری باکووری رۆژئاوای کوردستانی پێکهێناوە. پێویستە گەنج و خورتی ئایندەی کورد لە بارەی ئەو ناوچەیە زانیاریی جوگرافیی هەبێ و سەبارەت سامانی سەر زەوی کە سروشت بەو ناوچەیەی بەخشیوە، ئاگاداربێ. بۆ زانینی چۆنیەتی ژیانی هاوڕەگەزو رەوشی نەتەوەکەی، بە چاکم زانی ئەو نهێنییە بنووسم.

دەرسیم، چەندە سەدە لەمەوپێش شەڕی لەگەڵ لەشکری پاشایەتی عوسمانیدا کردووە لە جیاتی کوردستان، تەبای میرنشینەکانی دیکەی کورد بەبێ پەروا بە ئازادی ژیاوە، مووچەخۆری تورك و ئێران بەهیچ جۆرێك نەیانتوانیوە پێبنێنە ئەو ناوچەیە.

سەربەخۆیی دەرسیم تاکو ساڵی (١٩٣٦)ز بەردەوام بووە، لەو مێژووە بەدواوە سێ ساڵ بێوچان لەگەڵ لەشکری بەهێزو توانای رژێمەکانی تورکیا، دەرسیم شەڕی بۆ پاراستنی ئازادیی خۆی کردووە.

نووسینەوەی لاپەڕەکانی شۆڕشەکانی دەرسیم و ئەو کارەساتەی بەسەریدا هاتووە بە ئەرکێکی نەتەوەیی و مرۆڤایەتیی سەرشانی خۆمم زانیوە کە بیخەمەبەر چاوی هەموو کوردێکەوە.

بە کوردی ئەو بەرهەمەم ئامادە کردووە، بەڵام وا بە تورکی بڵاودەکرێتەوە: چونکە بەچکەی کورد لێقەوماو بە زۆر زمانی خۆی لەبیر براوەتەوەو تەنها تورکی دەزانێ. ئیدی تا لاپەڕەیەکی گرنگی مێژووی نەتەوەکەی ئاگاداری بکەمەوەو ئەگەر لە نێوان رووداوەکانی مێژووی کوردستاندا، کارەساتەکانی دەسیمی بخەمە بەرچاو، ئەوکاتە

بچووکترین ئەرکی سەرشانی خۆم بەجێهێناوە.

ئـەو رێچـکەیەی کـردوومەتەوە ئەگـەر خوێـندەواری ناوچـەکانی کوردسـتان بیگـرنەبەرو هەریەکە رووداوەکانی مێژووی ناوچەی خۆی لە بەرگێك کۆبکاتەوەو بە یادگار بۆ ئەوەی داهاتووی کورد بەجێبهێڵدرێ، پێم وایە خزمەتێکی گەورەی مێژووی گشتیی کوردستانی کردووەو دەکرێ.

پزیشکی دروستی ئاژەڵ

محەمەد نوری دەرسیمی



**له دەستی چەپەوە:**

د. ئەحمەد دزەیی (وەرگێڕ)، عزەدین ئەحمەد گەرۆزەیی (ئەندازیار)، د. محەمەد ئەحمەد دزەیی (سەرسۆر)، یەکێتی قوتابییانی کورد لە تورکیا ئاهەنگی نەورۆزی لە باڵیۆزخانەی عێراقی لە ئەنقەرە گێڕا نوێنەری قوتابییانی عەرەب و چەند نوێنەری باڵیۆزخانەکانی بیانی ئامادەبوون لەو ئاهەنگەدا لە رێککەوتی شەوی ٢٠|١٩٥٩/٣/٢١ .

شایانی باسە هەرچەند لەبەر هۆی تایبتە نەدەگونجا کە (هەڤاڵانی باکوور) بەشداری تێدا بکەن... بەڵام بە شانازییەوە دەڵێم؛ کە دەستەیەک (شاڵ و شەپک)یان بۆ تەرخان کردین.




**لە دەستە راست:**

١- قەدری جەمیل پاشا ٢- د. نوری دەرسیمی ٣- د. ئەحمەد نافیز ٤- نورەدین زازا



**١- قەدری جەمیل پاشا بە بەرگی (ڕەش) ٢- هەمزەیی (لە ناوەڕاست)**
**٣- ئەکرەم جەمیل پاشا ٤- حاجۆ ئاغا (دانیشتووە).**
**شام (١٩٣٠)**
**ئەم وێنەیە لە کتێبی ئەکرەم جەمیل پاشا کورتەی ژیانم وەرگیرایە**



**لە دەستە چەپ:**
١- قەدری جەمیل پاشا (مندالّەکەی پێشی خوارزایتی ناوی فەرزۆیە) ٢- مەمدوح سەلیم ٣- د. نوری دەرسیمی ٤- قەدری جان
**شام- باب توما ای تەمووزی ١٩٣٨ . ئەم وێنەیە لە د. شیرین کچی قەدری جان وەگیرایە**

# وەرگێڕ لە چەند دێڕێکدا

- لە دایک بووی شاری هەولێرەو لە ساڵی ۱۹۳۳دا لە خانەوادەیەکی زانست پەروەرو کوردپەروەر لە دێی دووسەرە فەتاح کە دەکەوێتە (۱۸) کم -ی خوارووی هەولێر و لە ساڵی ۱۹۸۸دا لەلایەن رژێمی عیراقەوە خاپوور کرا، چاوی بە دنیا هەڵێناوە.
- لە ساڵی ۱۹۳۹دا بۆ خوێندن دەچێتە شاری هەولێر، لە ساڵی خوێندنی (۱۹٤۵-۱۹٤٦)دا خوێندنی سەرەتایی لە قوتابخانەی (هەولێری یەکەم - أربیل الأولیٰ) تەواو دەکات.
- لە ساڵی (۱۹٤۸-۱۹٤۹)دا خوێندنی ناوەندی لە دواناوەندی هەولێر تەواو دەکات و لە ساڵی (۱۹۵۲-۱۹۵۳)دا خوێندنی دواناوەندی - بەشی زانستی - لە هەمان دواناوەندی سەرکەوتووانە تەواو دەکات.
- لە ساڵی ۱۹۵٤دا لەگەڵ چەند هەڤاڵێکی بە مەبەستی خوێندن، دەچێتە تورکیاو لە شاری ئەنقەرە لە کولێجی پزیشکی مرۆیی وەردەگیرێت و لە ساڵی (۱۹۵۹-۱۹٦۰)دا بەسەرکەوتوویی و پلەیەکی زۆرباش بڕوانامەی بەکالیۆریۆس وەردەگرێت.
- وەرگێڕ لە کاتی خوێندنی لە تورکیا چالاکانەش چەند ئەرکێکی نەتەوەیی ئەنجام داوە لە وانە: لە ساڵی خوێندنی (۱۹۵٤-۱۹۵۵)دا لەگەڵ چەند هەڤاڵێکی کوردستانی باکوورو باشوور یەکێتی قوتابیانی کوردیان دامەزراندووەو چالاکانە کاریان کردووە، هەروەها ساڵانە یادی جەژنی نەورۆزیان بەنهێنی و بە ئاشکرا کردۆتەوە، دیارە نەورۆزی ساڵی ۱۹۵۹ بە ئاشکرا ئەنجام دراوە، بەڵام کوردەکانی کوردستانی باشوور وەک تەماشاکەر بەشداریان کردووەو جلوبەرگیان بۆ قوتابیانی کوردستانی باشوور دابین کردووە، هەروەک لە وێنەی ژمارە (۱)ی پاشکۆی کتێبەکە دیاردەکەوێت.
- وەرگێڕ لە ساڵی ۱۹٦۱دا بەپزیشک لە هەولێر لە نەخۆشخانەی کۆماری دادەمەزرێ و بۆماوەی زیاتر لە (۳۵) ساڵ چالاکانەو خۆنەویستانە خزمەتی نەتەوەکەی کردووە.
- لە ساڵی ۱۹۸۹دا بەهۆی نالەباری باری تەندروستی خانەنشین دەبێت و بڕیار دەدات دواکاری لە خزمەتکردن بۆ خاک و نیشتمان ئەرکێکی مێژوویی بێ. ئەویش وەرگێڕانی بابەتێکی مێژووی کوردی نەدیار و بەکەڵک کە دەکرێ بگوترێ کەلێنێکی گەورەی مێژووی کورد بەگشتی و مێژووی کوردی کوردستانی باکوور پڕدەکاتەوە، بەتایبەتی لە ساڵی ۱۹۹۹ توانی کارەکە ئەنجام بدات.
- لە ئێوارەی ۲۰ لەسەر ۲۱ی ئاداری ۲۰۰۱ کاتژمێر (۱۰،۵) ئێوارە دوا ئاگری نەورۆز تێر بە چاوی دەبینێ و ماڵئاوایی لە کورد و کوردستان دەکات.

د. بێجان ئەحمەد دزەیی
۲۰۰۱/٦/۱۲